ژمارە (١٠)ـی ئابی ٢٠٢٦

# یادی کەلار

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بەقەزابوونی کەلار

# 56


سەرپەرشتیارانی بڵاوکراوە:

ئەحمەد محەمەد قادر

مستەفا سەعید عەلی

کاروباری هونەری:

محەمەد زاری




# ناوەڕۆک


| | | |
|---|---|---|
| ٣ | عارف حاجی عادل | سەروتار |
| ٧ | مستەفا سەعید عەلی | مێژووی قوتابخانەی مەحمود قەجەر |
| ٢٣ | د. دارا حەمید محەمەد | بایۆگرافیای ئەدیبان و نووسەرانی گەرمیان |
| ٤٧ | رزگار حاجی حەمید | بنەما ژینگەیی و سروشتییەکانی شاری کەار |
| ٨٧ | د. ئیسماعیل نەجمەدین | چەسپاندنی نامەرکەزی کارگێڕی خۆجێی فراوان لە هەرێمی کوردستان |
| ١٠٣ | پ.ی. خالد مەحمود | لەنێوان دوو ئابلۆقەدا ؛ بەشێك لە یاداشتەکانم لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو |
| ١١٩ | سەباح عەلی جاف | ناوچەی کفری و کەلار لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییدا |
| ١٥٩ | هەژار نەجمەدین | ڕۆڵی شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەمڕۆی پەروەردە |
| ١٦٧ | د. کاروان عوسمان خەیات | سبروان لە شیعری شاعیرانی کورددا |
| ١٨٣ | محەمەد عەلی شوێنەوار | چەند دۆزینەوەیەکی دیکەی چاخەکانی پێش مێژوو لە گەرمیان |
| ١٩١ | محەمەد گەرمیانی | ئاواز و ژەنین و چڕینە تایبەتەکان بە شینگێڕی لە نەتەوەی کورددا |
| ٢٢١ | جەمال ئەکبەر کاکەیی | کەلار، شارێکی دڵگیر و باوانی هەموو پێکهاتە و ئاوارەیەك |
| ٢٢٩ | ئەحمەد محەمەد قادر | گەشتێك لە خۆشەویستی دوێنێدا |
| ٢٤٣ | سوارە حەسەن باجەڵان | پرۆسەی سێی ئەنفالی گەرمیان و دەرهاویشتەکانی لەسەر کەلار |
| ٢٦٥ | فەرەیدون ئیسماعیل | نەخۆشییە دەروونیەکان و نەخۆشی خەمۆکی بەنموونە |
| ٢٧٣ | سەڵاح شاکەلی | ڕووەکی سروشتی |
| ٢٨٥ | د. جەزا تۆفیق تالیب<br>سنور عەلی مەحمود | توانستە مرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە قەزای کەلار |
| ٣٢١ | عومەر تینو | با هەمووان پێکەوە فریای شانۆی گەرمیان بکەوین |
| ٣٢٩ | ئەحمەد محەمەد قادر<br>مستەفا سەعید عەلی | گوندی قولەبەرز |
| ٣٣٩ | نەبەزحەمید عەلی | بیبلۆگرافیای ژمارەکانی " یادی کەلار " |
| ٣٥٩ | ئەحمەد محەمەد قادر | یەکەم تەنکی ئاو لە کەلار |




# سەروتار

عارف عادل جاسم
قایمقامی قەزای کەلار

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**
**( کەلار شاری زیندوی کوردستان )**

لە ساڵیادێکی دیکەی شاری کەلاردا لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرشتی قایمقامیەتدا بڵاوکراوەیەکی تر بە کۆمەڵێک زانیاری و بیروڕا و پێشاندانی لایەنە جیاوازەکانی ژیان لە کەلاردا دەکەوێتە بەر دیدی خوینەران و ئەوانەی گەرەکیانە ئاشنای کەلار بن .



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئامانـــج لەم بڵاوکردنەوەیە، لە لایەک ناســـاندنی شـــارە زیندووەکەی کوردستانە، شـــاری جوانی کەلار.

لەلایەکی تـــر هەوڵێکی تـــرە بۆ پێشـــکەوتن و گەشەســـەندنە خێرا و بەردەوامەکانـــی شـــار، تاکـــوو نەوەکانـــی ئێســـتا زیاتر ئاشـــنای لایەنەکانـــی ژیـــان بـــن، وە هەوڵێکە بۆ بەشـــداری لە گەشەســـەندنە بەردەوامەکانـــی شـــار هەتا نـــەوەی داهاتوو لـــە ئایندەدا ئاشـــنا بن بەوەی شـــاری کـــەلار لـــە کوێـــوە گەشـــتووەتە کوێ ، هـــاوکات بڵاوکراوەکـــە گەرەکیەتـــی ببێتە بەشـــێک لە ســـەرچاوەی مێژوویی شـــار بۆ داهاتـــوو، بۆ ئـــەوەی دیاردە جیاوازەکانی شـــار لـــە ئەمڕۆدا بـــۆ داهاتـــوو وون نەبێت و بـــە زیندوویـــی بمێنێتەوە .

کـــەلار بـــە پێـــی هەمـــوو پێـــوەرەکان یەکێکە لـــە شـــارە خێرا گەشـــەکردووەکانی نـــەک ناوچەکـــە، بگـــرە کوردســـتانیش. خێـــرا گەشەســـەندن و فراوانبوونی شـــار وایکردووە ســـاڵانە چەندین بابەتی لـــە ســـەر بنوسرێت و ئامـــاژە بـــە لایەنـــە جیاوازەکانی ژیانـــی تێدا بکرێـــت، بە تایبەت شـــار بـــەو ڕادە زیندوویيەی بوەتە ســـەنتەرێکی گرنگـــی پێکەوەژیـــان لـــە تـــەواوی وڵاتـــدا لە پـــاڵ دانیشـــتوانە ڕەســـەنەکەی شـــار . کەلار بووەتە شـــارێکی پێکەوەژیـــان و هەموان لە گـــەڵ یەکدا بەشـــدارن لە بـــەرەو پێشـــبردنی و بووەتـــە ناوەندی کار و کەســـابەتی کەســـانی، جگە لـــە خەڵکی شـــارەکە خەڵکی تری ناوچەو نەتەوەکانـــی تر و تەنانەت کەســـانی بیانییـــش. زیندوویەتی شـــار وایکردووە شـــار ببێتە ناوەندێکی، گرنگی بازاڕ و نە خۆشـــخانە و مارکێتـــی ( ٢٤ ) کاتژمێری .

زیندوویەتـــی شـــاری کـــەلار وای لێهاتـــووە نزیـــک ببێتـــەوە لە شـــارێکی ( ٢٤ ) کاتژمێـــری لە ئاســـت شـــارە زینـــدووە گەورەکانی ناوچەکـــەدا، بێگوومان شـــەقام و جادەوبان و ئاوەدانـــی زۆر و پلانی نایابـــی ئیدارە و جێبـــە جێکردنی بێ چەندوچوونی ڕێنمایی و یاســـاکانی بەڕێوەبـــردن بە پێی یاســـاو پاک و خاوێنی شـــار و ڕێگـــری کردن لە زیادە ڕۆیی و ڕێکخســـتنی کوچە و کۆڵان و بـــازاڕەکان یارمەتیدەر و هاندەری باشـــیی دوخی گەشەســـەندوی شـــارەکەن. بۆیە لیرەدا ئاماژە بە بـــەرەو پێشـــچوونە نوییەکانی کـــەلار دراوە لە هەموو ســـێکتەرە جیاوازەکاندا.

هـــاوکات بڵاوکراوەکـــە پانتاییەکـــی فراوانی تێدا ڕەخســـێنراوە بۆ گرنگیپێـــدان بـــە هەند وەرگرتـــن و کار لـــە ســـەرکردنی هەموو ئەو تیبینـــی و ڕەخنە و ڕایانـــەی کە پێکە وە بـــە جیا جیـــا دەبنە هۆکاری گەشەســـەندن و پێشـــکەوتنی کەلار .

بۆیە هەموان پێکە وە و شـــان بە شـــانی یەک، لایەنـــە حکومییەکان و ئیـــدارەی خۆجێیـــی شـــار و فەرمانگەکان بـــە پێـــی تایبەتمەندی خۆیان ، هاووڵاتیان و دانیشـــتوانی شـــار و پیاوان و ژنـــان و گەنجان بێ جیاوازی و کەســـانی بـــە ئەزموون و چالاکوان و ڕۆژنامە نووســـان بە بیـــروڕا و تێبینـــی و ڕەخنـــە بنیاتنەرەکانیان بانگهێشـــتی هەموان دەکەیـــن پێکەوە دەســـت لە نـــاو دەســـت هەریەکە و لە ئاســـت توانا و تایبەتمەندیەکـــەی بێت بە پیـــری بانگەوازمانەوە لـــە پێناو کەلاردا و لە پێناو پێشکەشـــکردنی شـــارێکی گەشەســـەندوو و پێشـــکەوتوو بە نەوەکانی داهاتوومان و پریشـــکی خێر و خۆشـــی و ســـوود دەگاتە نێـــو ماڵی هەموو هاوشـــاریەکانمان .

هاوکات بە بەرپرسیارێتیش دەکەویتە سەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان کە زیاتر هاوکار بێت لە خزمەت و خزمەتگوزاری بۆ شارەکە، لەم ڕووەوە ئیدارەی خۆجێیی بەردەوام لە هەوڵدایە و دەستکەوتی باشیشی بە دەست هێناوە و ناوە ستێت لە کۆششەکانی لە پێناو کەلاردا .



# مێژووی قوتابخانەی گوندی مەحمود قەجەر

مستەفا سەعید عەلی

## ١٩٤٨/٩/١٦

١- بە پێی فەرمانی کارگێڕی ژمارە ( م / ش / ٣٦٤٨ ) لە ١٩٤٨/٩/١٥ زایینی بەرامبەر بە ( ١٣٦٧/١٠/١١ ) کۆچی، کە بە واژۆی بەڕێوەبەری پەروەردەی دیالی، لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی دیالی دەرچووە، بۆ یەکەمجار قوتابخانە لە گوندی مەحموود قەجەر لە ( ١٩٤٨/٩/١٦ ) کراوەتەوە بە ناوی ( مدرسة المجيدية ) کە بەناوی مەجید خانەوە ناونراوە، ( ئەوکاتە واباو بووە قوتابخانەی هەر گوندێک بە ناوی ئاغای گوندەوە ناودەنرا ) بە مانگانەی ( ٨ ) هەشت دینار. واتە دوای یەک ڕۆژ لە دەرچوونی فەرمانەکە مامۆستا ئیبراهیم خوداداد هاتۆتە گوندی مەحموود قەجەر بۆ کردنەوەی قوتابخانەکە. چۆتە ماڵی مەجید خان، مەجیدخانیش خەڵکی گوندی لەماڵی خۆیان کۆکردۆتەوە پێی وتوون:

''وا قوتابخانەمان لە گوندەکەمان کردەوە» ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویی و پرشنگدارە لە مێژووی گوندەکەمان مامۆستا ئیبراهیم زەحمەتی کێشاوە و وەك برا و مامۆستا و پەروەردەکارێك هاتووە خزمەت بە منداڵانی گوندەکەمان بکات جابۆیە دەبێت ئێمەش هەموومان وەك براو کەس و کاری خۆمان لێی بڕوانین و ئەو متمانەمان پێی هەبێت منداڵەکانمانی بدەینە دەست و نابێت هیچ لەنجییەکی لەگەڵ بکەین» بۆیە هەر لە ئەمڕۆوە داواتان لێدەکەم



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەر کەسێکتان دوو کوڕی هەیە دەبێت کوڕێکی بخاتە بەرخوێندن و کوڕەکەی تری بیات بۆخۆی کاروبارەکانی ڕۆژانەی خۆیی پێچێبەجێبکات.

بەوجۆر خەڵکیش بەدەم داواکارییەکەی مەجید خانەوە ڕۆیشتوون و منداڵەکانیان خستۆتە بەرخوێندن، بەتایبەت ئەوەی ڕۆڵی هەبووە لە بەدەمەچوونی داواکارییەکەی مەجیدخان، ئەوە بووە لەساڵی ( ١٩٣٠ ) واتە هەژدە ساڵ بەو لەوە قوتابخانەی ئایینی لەمەحموود قەجەردا هەبووە، مەلا و مزگەوت و دەرس وتنەوەی تێدا هەبووە، و خەڵکی گوندەکە منداڵەکانی خۆیانیان ناردۆتە بەر خوێندن و لەو سەردەمەدا نرخی خوێندن و خوێندەوارییان زانیوە.

خاڵێکی تر ئەوە بووە مەجیدخان پیاوێکی مونەووەر بووە و پێچەوانەی زۆربەی هەرەزۆری ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمە، کە ڕێگر بوونە لە کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکانیان ئەم خۆی هەوڵیداوە قوتابخانە لە گوندەکەیدا بکرێتەوە، بۆیە ئەم کارەی لە لایەن خەڵکی گوندەوە بەرز نرخێنراوە و زۆربەی زۆری خەڵکی گوند بە دەوڵەمەند و هەژارەوە منداڵەکانی خۆیانیان بە کوڕ و کچەوە ناردۆتە بەرخوێندن. دەتوانین بڵێین ئەگەر مەلای گەورەی کۆیە یەکەم کەس بووبێت لە کوردستاندا کچی خۆی ناردبێتە قوتابخانە، ئەوا دەتوانین بڵێین لانی کەم مەجیدخانیش یەکەم کەس بووە لە گونددا کچی خۆی ناردبێتە قوتابخانە. کە بۆ ئەو سەردەمە لە گوندێکی دوورە دەست و سەر سنووری وەك مەحموود قەجەردا شۆڕشێك بووە.

قوتابخانەکە بە قوڕ و خشتی خاو بە هەرەوەزی خەڵکی ئاوایی دروستکراوە لە بەری ڕۆژهەڵاتی گوند لەسەر چەمی ( پەلە وشکە ) بەرەو ڕووی خۆری بەیانیان و بریتی بووە لە دوو ژوور و هەیوانێك و ژوورێکیان بۆ بەڕێوەبەر و ژورێکیان پۆل بووە، مامۆستا ئیبراهیم بە تەنیا قۆڵی لێهەڵماڵیوە و دەستی بەوانە وتنەوە کردووە و قوتابیەکانی گەیاندۆتە پۆلی چوارەم، مامۆستا ئیبراهیم لەبەر ئەوەی کەسێکی وەرزشوان بووە، بۆیەکەمجار تۆپی هێناوەتە مەحموود قەجەر و بە شێوەیەکی زانستی قوتابیانی فێری وەرزشی تۆپی پێ و باسکە و باڵە و وەرزشەکانی تری ئەوسەردەمە کە پێویست بووە بۆ قوتابیان کردووە.

هەروەها یەکەم کەس بووە کامیرای وێنەگرتنی هێناوەتە گوندی مەحموود قەجەر و وێنەی لە قوتابیان و خەڵکی گوندەکە گرتووە، کارگوزاری گوندەکەش « کاکەعەلی ڕەشید عەلی خان » بووە. مامۆستا ئیبراهیم خودادادا، ماوەی ٣ ساڵ و ١ مانگ و ١٤ ڕۆژ لە قوتابخانە ی ( المجیدیە ) ماوەتەو و لەبەر تەواو کردنی ماوەی یاسایی خۆی

لــە خزمەتــی دووره شــار لــە بــەرواری ٣٠ / ١٠ / ١٩٥١ گوازراوەتــەوە بــۆ قوتابخانــەی ( عەلیــاوا ) لــە شــاری خانەقیــن، بــەڵام یــادەوەری و خزمــەت و زەحمەتەکانــی کــە بــە قوتابیــان و خەڵکــی گونــدی مەحمــوود قەجــەری کــردووە بــۆ هەتــا هەتایــە بــە زیندوویــی دەمێنێتــەوە.



قوتابیانی قوتابخانەی( المجیدیه) لە ١٩٥٠/٥/١٥ لەکاتی ڕاوەستانی بەیانیاندا
قوتابیەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ: أختر مەجیدخان، تەوفیق محمد صالح، محمد خداداد( برای مامۆستا ابراهیم خداداد)، صلاح صالح بەگ بابان، غازی صالح بەگ بابان، محمد کریم محمود پەسەند، صبریە مجیدخان، انور حسن، احمد محمد، محمد مولود، خانەمیر علی میر، عبدالله مخول، محمد مجیدخان، عبدالله محمود، عبدالله غیدان، امین عبدالکریم، رستم خسرو، علی عزیز (بە کامێرتی مامۆستا ئیبراهیم خوداداد)



ئیبراهیم خوداداد



مجیدخان قادرئاغا ئەعزەم ١٩٠٠ - ١٩٦٣



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لــە بــەرواری ٢ / ١٠ / ١٩٥٢ لەســەر داواکاری مەجیدخــان، مامۆســتا ( کەمــال یوســف عەلـی ) نـاسراو بـە ( کەمـال ئەفەنـدی ) لـەو سـەردەمەدا بـە مامۆسـتا وتوویانـە ئەفەنـدی، وەك دووەم بەڕێوەبــەر دەگوازرێتــەوە بــۆ قوتابخانــەی ( المجیدیــە )، بــەڵام لەبــەر بوونــی چـوار پـۆل بـەوەی خـۆی بەتەنیـا پێـی ڕانـاگات داوا لـە بەڕێوەبەرایەتـی پـەروەردەی دیالـی دەکات، مامۆسـتا بـۆ قوتابخانەکـە بنێـرن بـۆ یـە پـەروەردە داواکـەی قبـوڵ دەکات یەکەمجار مامۆســتا اســماعیل عاکــف ودوای ئــەوە ســێ مامۆســتای تــری بــۆ دەنێــرن بــە ناوەکانــی ( کازم – خەڵکــی هەڵەبجــە بــووە، مەســعود» خەڵکــی بەغــداد و عــەرەب بــووە، خەلیــل الکبیســی، خەڵکــی ڕەمــادی و عــەرەب بــووە ).

لە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ مامۆستا کەمال لە ڕۆژی سێشەممە ٩ / ١ / ٢٠٠٧ لێمپرسی:

چــۆن قوتابییــەکان عەرەبییــان نەدەزانــی و مامۆســتاکانیش کــوردی و لــە یەکــتر تێدەگەیشــتن؟. وتــی:

یەکـەم: خوێنـدن بـە زمانـی عەرەبـی بـوو، ئەمجـاش زیاتـر بابەتەکانـی حیسـاب ( بیـرکاری ) و وەرزش و ئینگلیزیـم بـۆ مامۆسـتا عەرەبـەکان دانابـوو.

لەســاڵی ١٩٥٢ نــاوی قوتابخانەکــە لــە ( المجیدیــە ) وە دەگۆڕێــت بــۆ ( مدرســە المأمونیــە الابتدائیــە للبنیــن ) کــە قوتابیــان دەگەنــە پۆلــی شەشــەم، دوو مامۆســتای تردەگوازنــەوە بــۆ قوتابخانــەی ( المأمونیــە ). لــە ســاڵی ١٩٥٥ بەڕێوەبــەری گشــتی پــەروەردەی دیالــی ســەردانی قوتابخانەکــە دەکات، مامۆســتا کەمــال یوســف داوای لێــدەکات بینایەکــی تــازە بــۆ قوتابخانەکــە درووســت بکرێــت، بــەڵام بەڕێوەبــەری پــەروەردەی دیالــی هیــچ بەڵێنێــك نــادات جگــە لــە گواســتنەوەی دوو مامۆســتای تــر بــۆ قوتابخانەکــە. لــە ســەردەمی مامۆســتا کەمــال دا قوتابیانــی گوندەکانــی ( عەلــی میــر و ســەرقزڵ ) دێــن لــە قوتابخانــەی گونــدی مەحمــوود قەجــەر دەخوێنــن، مامۆســتا کەمــال یوســف بــۆ مــاوەی ١٢ ســاڵ و ١١ مانــگ و ١٨ ڕۆژ وەك بەڕێوەبــەر و مامۆســتای ( المأمونیــە ) دەمێنێتــەوە و لــە بــەرواری ١٤ / ٢ / ١٩٦٣ جیابوونــەوە دەکات و دەگوازرێتــەوە بــۆ قوتابخانــەی قۆرەتــوو.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## یادەوەرییەکـی مامۆسـتا کەمـاڵ ئەفەنـدی لـە گونـدی مەحمـوود قەجـەر:

حامـدی سـەید محەممـەد عەلـی لـە فەیسـبووکی خـۆی ئـەم یادەوەرییـەی لـە مامۆسـتا کەمـاڵ ئەفەندییـەوە گێڕاوەتـەوە و دەڵێـت:

مامۆسـتا ئەحمەدی برام بۆمانی گێڕایەوە و وتی:

مامۆسـتا ( کەمـاڵ ئەفەنـدی ) میوانـی ماڵـی خوالێخۆشـبێ ( مەجیـدی حاجـی حەمیـد موختـار ) بـوو، لەگـەڵ مامۆسـتا ( سـابیر حەمیـد غەنـی )، چویـن بـۆ سـەردان و هەواڵپرسـینی و گوێگرتـن لـە باسـو خـواس و ڕووداوەکانـی ئەوکاتـە، مامۆسـتا کەمـال ئـەم بەسـەر هاتـەی خـۆی لـە شـەوێکی ئـەو سـاڵانەی ئاوایـی مەحمـوود قەجـەری بـۆ گێڕاینـەوە و وتـی:

کـە لەسـەر داوای ئاغـای ئاوایـی خوالێخۆشـبێت ( مەجیدخـان ) بـە مامۆسـتایی هاتمـە گونـدی مەحمـوود قەجـەر، مەجیـد خـان وتی: ئەفەنـدی لـە نزیکـی ماڵـی خۆمـان خانـووت بـۆ دروسـتدەکەم بۆئـەوەی ئاگامـان لـە یەکبێـت، دەڵێـت منیـش وتـم: ئاغـا حەزدەکـەم لە پـەڕی ئاوایـی نزیـك ڕووبـاری قۆرەتـو، واتـە لـە ( بـان چـەم ) خانـووم بـۆ بکـەی، دەڵێـت مەجیـد خـان وتـی: ئاخـر ئەفەنـدی بـان چـەم مەترسـیی هەیـە، چوونکـە ئێمـە لەسـەر سـنوورین و تەنهـا ئـاوی قۆرەتـوو لەئێـران جیامـان دەکاتـەوە، بۆیـە زۆرجـار شـەوان لـەو دیـووەوە خەڵکانێکـی خراپەکاربەمەبەسـتی دزیکـردن و شـەوکوتی ڕوودەکەنـە ئاواییـمان» دەترسـم شـەوێك بـدەن بەسـەر ئێـوەدا و ئەزیەتتـان بـدەن و تاڵانتـان بکـەن. ئـەوەش بـۆ مـن و خەڵکـی ئاوایـی کارێکـی ناخـۆش دەبێـت و گـران لەسـەرم دەکەوێـت. بۆیـە بـا نزیکـی ماڵـی خۆمـان بیـت سـەلامەت و ئەمینـترە.

دەڵێت وتم: بەخوا ئاغا بان چەمەکەم لەناو ئاوایی پێخۆشـترە.

دەڵێـت: خانوویـان بـۆ دروسـتکردین و نیشـتەجێ بوویـن: شـەوێکی زسـتان گوێـم لـە وره وری ( دەنگـە دەنگێکـی نـزم ) بـوو، چەنـد کەسـێك بـوون لـە دەور و بەرمـان، منیـش ویسـتم بزانـم کێـن و مەسـەلە چیـە؟!. بۆیـە دەرگام کـردەوە و چوومـە دەرەوە.. یەکسـەر لێیـان خوڕیـم وتیـان مەیـە پێشـەوە بۆکـوێ دێیـت؟!. منیـش وتـم: دەمەوێـت سـەلامێکتان لێبکـەم و خزمەتێکتـان بکـەم.

ئیتر وتیان: ئادەی بزانین چەتوای ( چیت دەوێت ؟ ) منیش وتم: کاکە بەو شەوە ساردە حەزئەکەم بێنە ماڵ ئیسراحەتێ بکەن و کولیچە و کێکێکی خۆشی خانەقینمان هەیە لەگەڵ چای گەرمدا بیخۆن!.

دەڵێت: ئەوانیش – دزەکان – هەڵوەستەیەکیان کرد و کەمێك تەماشای یەکتریان کرد و دیارە برسی بوون و خوڵك و قسەکانی منیش کاریگەریی لەسەریان هەبوو، بۆیە ڕازی بوون و هاتنە ماڵەوە.

ئێمەش کولیچەوە چایی گەرممان پێشکەشکردن و دوای کولیچە و چای خواردنەوە، سەردەستەکەیان وتی: ئاغا تۆ خەڵکی کوێی و چی دەکەیت لێرە؟.

وتم: من خەڵکی خانەقینم و لێرە مامۆستام، ئەم کولیچەش لە خانەقین هێناومانە.

دەڵێت کابرا وتی: ئاغا لەبەر ئەم پیاوەتی و خزمەتەی تۆ بە ئێمەت کرد ئەوا بڕیارماندا هەرگیز بۆ جارێکی تر بۆ دزییکردن ڕوو لەم ئاواییە نەکەین، بەوجۆرە دزەکان خواحافیزییان کرد و بە سکی تێر و دڵێکی خۆش و ئارامەوە ئاواییان بەجێهێشت و ڕۆیشتن.

ناوی هەندێك لەو قوتابیانەی لە ساڵی ١٩٥٤ – ١٩٥٥ لە پۆلی یەکەم وەرگیراون:

١- حەسەن عەلی سەفەر
٢- حەیدەر عەلی برابیچك
٣- ئەحمەد محەممەد عەلی موراد
٤- ڕەحیم خوداداد
٥- محەممەد مەحموود دارا
٦- خەمان کەریم وەیس موراد
٧- کەریم محەممەد عەبدولموحەممەد
٨- عەبدوڵڵا عەباس ئەڵماس
٩- محەممەد نەجم حەمید مەلا ساڵەح
١٠ - نیعمەت حسێن نەجار
١١ ئەحمەد عەباس
١٢ مەجید کەریم مەحموود

## حیکایەتێك

یەکێك لە قوتابیان گێڕایەوە: لە سەردەمی مامۆستا کەمال ئەفەندی قوتابی پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووین، یەکێك لە قوتابییانی پۆلەکەمان تووشی نەخۆشی پێست و برینێکی زۆر قورس هاتبوو لە سەریدا، قوتابییەکانی پۆل دەترسان لێیەوە بیگرن و تووشی نەخۆشییەکەی ببن، بۆیە دەستیان کردە یەك دەبێت ئەم قوتابییە هەرچۆن بێت لە قوتابخانە بکەنە دەرەوە، چەند ڕۆژێکی کەم دوای ئەم کەین و بەینە مامۆستا کەمال قوتابییەکەی هەستاند و پرسیاری لێکرد قوتابییەکە نەیزانی گوتی کوڕم بۆچی نەتخوێندووە؟ ئەی من پێتانم نەگوت دوای دەوام بچن بۆلای یەکتر و دوو دوو و سێ سێ پێکەوە بخوێنن بۆئەوەی بەباشی دەرسەکان ڕەوان کەن؟ قوتابییەکەش وتی مامۆستا بەخوا ڕۆیشتم بۆلای فلان و فلان قوتابی و لەگەڵیاندا خوێندم بەڵام چیبکەم هەر ئەوەندەی لێتێگەیشتم.

ئەو دوو قوتابییەی ناوی بردن، لەو قوتابییە سەرسەختانە بوون کە دەیانویست قوتابییە نەخۆشەکە بکرێتە دەرەوە، بۆیە هەردووکیان هەستان و وتیان مامۆستا درۆدەکات ئێمە چووین بەدوای ئەودا و پێمانگووت وەرە با پێکەوە دەرس بخوێنین، وتی نایەم.


گوتمان ئەی مامۆستا کەمال نەیگوت بڕۆن پێکەوە بخوێنن بۆ ئەوەی دەرسەکە بۆ یەکتر شەرح بکەن و باشتر تێبگەن.


وتی: مامۆستا کەمال کێیە لە (                    ) مامۆستا کەمال بەم.

ئیتر مامۆستا کەمال کە ئەمەی بیست زۆر تووڕە بوو و کەوتە لێدانی قوتابییەکە و جانتاکەی هێنا و کتێبەکانی لێوەرگرتەوە و وتی بڕۆ جارێکیتر نەیەیتەوە بۆ قوتابخانە، قوتابییەکەش ڕۆیشتەوە و ئیتر نەهاتەوە بۆ قوتابخانە، بەوجۆرە موئامەرەی قوتابییەکان سەری گرت و داریاندا بەڕۆحی ئەو قوتابییە داماوەدا کەهیچ گوناهێکی نەبوو، جگە لەوەی نەخۆش بوو. ئێمەی قوتابییەکانی تر هەموومان دەمانزانی ئەو دوو قوتابییە درۆدەکەن بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێمە گەورەتر بوون نەماندەوێرا بە مامۆستا بڵێین ئەو قوتابییە بێگوناهە و درۆی بۆ هەڵدەبەستن، دەترساین لەدەرەوە لێمان بدەن.

( صوره كمال افندى، ختم المدرسه، هويه نقابه كمال افندى و اسماعيل عاكف )





ادارة
مدرسة المأمونية الابتدائية للبنين
العدد /
التاريخ ١٩٦١/٥/١٦


رقم الهوية 12897
الاسم والشهرة كمال يوسف محمد
محل وتاريخ الولادة خانقين ٩٢٩
العنوان الدائم خانقين
العنوان المؤقت
اللواء والقضاء والناحية
عنوان الوظيفة مدير مدرسة المأمونية
متزوج أم أعزب متزوج
الشهادة الدراسية الثانوية
تاريخ الانتساب ١٩٥٩/١/١
-٢-
طابع
توقيع حامل الهوية
أو رئيس الفرع
-٣-



## ١٥ / ٩ / ١٩٦٣ - ١٩٦٦:

دوای گواستنەوەی مامۆستا کمال یوسف، مامۆستا عبداللە عبدالمحمد محمود لە قوتابخانەی گوندی سەرقزڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ گوندی مەحموود قەجەر و وەك سێیەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی ( المأمونيە ) لە بەرواری ١٥ / ٩ / ١٩٦٣ دەست بەکاردەبێت و تاساڵی ١٩٦٦ وەك بەڕێوەبەر و مامۆستا تیایدا دەمێنێتەوە لە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ مامۆستا ( عبداللە عبدالمحمد ) لە ١١ / ٦ / ٢٠١١ لە ماڵی خۆیان لە خانەقین دەڵێت: لە ساڵی ١٩٦٦ ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی ( المأمونيە ) لە گوندی مەحموود قەجەر ( ١٢٤ ) قوتابی بوون، لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری مامۆستا کورد و عەرەب کە مامۆستای فەلەستینیشیان تێدا بووە گواستراونەتەوە بۆ قوتابخانەی ( المأمونيە ) کە ناوی هەندێکیانمان بۆ ساغ بۆتەوە و بەداخەوە ناوی ژمارەیەکیشمان بۆ ساغ نەبۆتەوە


مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولمحەمەد

بەهـۆی ئـەوەی ژمارەیـان زۆر بـووە و ماوەیەکـی زۆر بەسـەر هاتنیانـدا ڕۆیشـتووە، یـان بـۆ ماوەیەکـی کـەم ماونەتـەوە.

سـاڵی ١٩٦٦ مامۆسـتا عبداللـه دەگوازرێتـەوە بـۆ قوتابخانـەی ناحیـەی قۆرەتـو، مامۆسـتا حەسـەن وەلـی مـوراد وەك چـوارەم بەڕێوەبـەر دێتـە شـوێنی، لەنێـوان سـاڵانی ١٩٦٧ – ١٩٧٠ لـە بـەر ئاڵـۆزی بارووداۆخەکـە قوتابخانـەی گونـدی مەحمـوود قەجـەر چەنـد جارێـك داخـراوە و کراوەتـەوە.


لـە پـاش بەیاننامـەی ١١ ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ جارێکـی تـر قوتابخانـە لـە گونـدی مەحموود قەجـەر کراوەتـەوە ومامۆسـتا جـەلال مامەخـان عەلـی بووەتـە پێنجـەم بەڕێوەبەری، لەساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٣خوێنـدن تیایـدا بـووە بـە زمانـی کـوردی، مامۆستا جـەلال تـا نیـوەی خوێنـدنی سـاڵی ١٩٧٢ وەك بەڕێوەبـەر ماوەتـەوە و دوای ئـەو مامۆسـتا سـابیر حەمیـد غەنـی، وەك حەوتـەم بەڕێوەبـەر تیایـدا دەست بـەکار بـووە و نـاوی قوتابخانەکانـی قـەزای خانەقیـن لـە ساڵی ١٩٧٢ لـە سـەر داوا و پێشـنیاری مامۆسـتا سـابیرحەمید غەنـی کاتێـك سـەردانی بەڕێوەبـەری پـەروەردەی دیالـی ( جعفر ڕۆکان ) ی کـردووە پێسـنیاری ئـەوەی بـۆ کـردووە بۆچـی نـاوی قوتابخانـەکان ناگۆڕدرێـت بـۆ کـوردی بەڕێوەبـەری پـەروەردەش کـە خـۆی کـورد و کەسـێکی کوردپـەروەر بـووە، پێشـنیارەکەی مامۆسـتا سـابیری قبوڵکـردووە و مامۆسـتا سـابیری ڕاسـپاردووە نـاوە عەرەبییەکانـی بۆبکاتـە کـوردی، ئەوەیـش ئەرکەکـەی بەجوانـی جێبەجـێ کـردووە و لـە دوای تاقیکردنەوەکانـی نیـوەی سـاڵی خوێندنـی ١٩٧٢ – ١٩٧٣ نـاوی قوتابخانـەی ( مدرسـه المأمونیـه الابتدائیـه للبنیـن) ی گۆڕیـووە بـۆ ( مدرسـه زانسـتی الابتدائیـه للبنیـن ) ، بـەڵام خوێنـدن تیایـدا تێکـەڵ بـوو. دەسـتەی کارگێـڕی قەتابخانەکـە لـە سـاڵی ١٩٧٢ بـۆ ١٩٧٥ بریتـی بـوون لـەم مامۆسـتا بەڕێزانـەی خـوارەوە:

سابیر حەمید غەنی - بەڕێوەبەر.

حەمید مەجید موراد – مامۆستا.


عەلی حوسەین باجەڵان – مامۆستا.

کەمال محەممەد ساڵەح – مامۆستا.


صابر حميد غنى


كمال محمد صالح


حميد مجيد مراد


على حسين باجەلان

## خواردنی قوتابخانە:

خواردنی قوتابخانە لە عێراقدا بەهاوکاری بەرنامەی خۆراکی نێو دەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستپێکرد و تا ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو، دوای ئەوە بەرنامەکە وەستێنراو تەنها خوێندکارانی خوێندنگە پیشەییەکان ( پیشەیی، بازرگانی، کشتوکاڵی ) نەبڕان، ئەم دۆخە تا ساڵی ١٩٧١ بەردەوام بوو، دوای ئەوە پرۆسەکە دەستپێکردەوە و خواردن دەدرایە ٥٠ هەزار قوتابی سەرەتایی لە سەرانسەری قوتابخانە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا کە قوتابخانەی گوندی مەحموود قەجەر، یەکێك بووە لەو قوتابخانانەی کە پەنجاکان و دواتریش خۆراکی تیادا دراوەتە قوتابیان، کە بریتی بووە لە ( شیری گەرم، ئاردی سفر، ماست، مرەبا، پەنیر، سێو، .... هتد)

## مەرهەمی چاو و ئۆمیگا سێ:

حەفتانە دەبوو لەلایەن مامۆستایانەوە مەرهەمی تتراسایکلین بکرایەتە چاوی قوتابیان، بەو پێیەی لادێ ژینگەیەکی تەوتۆزاویی هەبوو بۆ ئەوەی قوتابیان تووشی نەخۆشییەکانی چاو نەبن لە کاتی ڕاوەستانی قوتابیان لە دەستپێکی دەوام یان لە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە لە کاتی تەواو بوونی دەوام، مامۆستایان هەڵدەستان بە ئەنجامدانی مەرهەم کردنە چاوی قوتابیان و هیچ قوتابییەکی لێبەدەر نەدەکرا هەرچەندە بۆ ئێمەی منداڵ تا ڕادەیەك کارێکی ناخۆش بوو، بەڵام ئەنجامەکەی کە ساغ و سەلامەتی چاوی ئێمە بوو گرنگتر بوو. لە گەڵیدا حەبێکی ئۆمیگا ٣ کە لە نێو خەڵکیدا بە ( ڕۆن ماسی ) ناسراوە، یان دەدرا بە قوتابیان کە دەبوو بەبەرچاوی مامۆستاوە قوت بدرایە.

ماموستاکانمان وایان فێرکردبووین، هەرچی شتێك لە قوتابخانە بدۆزینەوە وەك ( پێنووس، پارە، دادەر، خەت کوژێن ، ... هتد ) ڕادەستی ئیدارەی بکەین، ئەوانیش بۆ بەیانییەکەی لە کاتی ڕیزبوونی قوتابیاندا شتەکانیان دەهێنایە گۆڕەپانی قوتابخانە و ناونیشانی شتەکانیان دەدا:

« لاستیکێك دۆزراوەتەوە ماموستا لە مشتی خۆیی دادەنا» کێ ناونیشانی تەواو بدات هی ئەوە.

لەپڕ قوتابییەك دەیگوت ماموستا لاستیکێکم ونکردووە بەو ناونیشانە، لە گەڵ هەر ناونیشانێکدا کە دەیدا ماموستا مشتی دەکردەوە و سەیرێکی لاستیکەکەی دەکرد، ئەگەر ناونیشانەکانی ڕاست بوایە دەیاندایەوە و ئامۆژگارییان دەکرد باشتر کەرەستەکانی قوتابخانەی بپارێزێت. جاری واهەبوو چەند لاستیکێك یان چەند کەرەستەیەکی تر دەدۆزرایەوە، بۆیە کە ماموستا دەیگوت لاستیکێك دۆزراوەتەوە کێ ناونیشانی تەواو بدات هی ئەوە، کەچی لەپڕ چەند قوتابییەك ناونیشانیا دەدا، ماموستا لاستیکێکی سورە خەتی تیایە تازە بەکار هێنراوە، نەخێر ناونیشانەکەت تەواو نیە، دوای ئەو قوتابییەکی تر دەیگوت ماموستا ناو نیشانەکەی واو وایە، بەڵێ ڕاستە ها وەرە وەریبگرە. سوپاسی ئەو قوتابییانەش دەکرا کە شتەکانیان دۆزیبووەوە و ڕادەستی ئیدارەیان کردبوو. بەو جۆرە ماموستاکانمان ئێمەیان لەسەر دەستپاکی و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی پەروەردەکرد، لە گەڵیدا زۆربەی بەیانیان ماموستاکانمان باسی گرنگی زوو خەوتن و زوو لەخەو هەستان و قاوەڵتی بەیانی و دەم و چاو شووشتن و وەرزش و خوێندنی ڕۆژانەیان بۆدەکردین.

## قوتابیانی گوندی عەلی میر:

گوندی ( عەلی میر ) گوندێکی ( ٥٣ ) ماڵی بوو، دەکەوتە پێنج کیلۆمەتری باشووری گوندی مەحموود قەجەرەوە، گوندەکە قوتابخانەی تێدا نەبوو بۆیە لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانە لە گوندی مەحموود قەجەر خەڵکی عەلی میر منداڵەکانی خۆیان بۆ خوێندن دەنێرنە قوتابخانەی مەحموود قەجەر، ڕۆژانە بە درێژایی ساڵ، بە پایسکل، ولاغ، بەپێ ئەو ڕێگایە دەبڕن ئەوەی مایەی تێڕامانبوو لەگەڵ دەستپێکی دەوامدا یان زووتر دەگەیشتن، پاش تەواو بوونی دەوام دەگەڕانەوە. لەبەر پەیوەندی برایانە و نزیکایەتی و خزمایەتی لەنێوان خەڵکی هەردوو گوند، لەبەر بوونی شیو و دۆڵ ی زۆر لە نێوان گوندی مەحموود قەجەر و عەلی میر دا لە ڕۆژانی باران و سەرما و سۆڵەدا هاتنی


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئاوی چەم و دۆڵەکان بەزۆری قوتابییە عەلی میرییەکان لە گوندی مەحموود قەجەر دەمانەوە و هەرکەسە و دەچووەنەماڵی ناسیاو و خزمی خۆیان. بەو جۆرە منداڵانی عەلی میر بە ماندو بوون و هەوڵی تێکۆشانی زۆریان هیچ کات لە خوێندن دوانەکەوتن و زۆرێکیان هاوشێوەی منداڵانی گوندی مەحموود قەجەر خوێندنیان تەواو کرد.

## هێنای کامیرای شەمسی بۆ قوتابخانەی مەحموود قەجەر:

ساڵی ۱۹۷۲ کە ژمارەی قوتابیان زۆر دەبێت و تۆمارە گشتییەکانیان پێویستی بە دانانی وێنەی هەر قوتابییەك دەبێت لەسەر لاپەڕەی تایبەتی خۆی، پێشنیار دەکرێت وێنەگرێك لە شاری خانەقینەوە بهێنرێت بۆ قوتابخانەی گوندی مەحموود قەجەر بۆ وێنەگرتنی هەموو قوتابییەکان، ئەوە بوو مامۆستا عەلی حسەین باجەڵان، کە خۆی دانیشتووی شاری خانەقین بوو، دەچێتە خانەقین و لەگەڵ وێنەگر ساڵح باجەڵان ڕێکدەکەوێت، ئەوە بوو ڕۆژێکیان وێنەگرێك و کامیرایەکی شەمسی هێنایە قوتابخانە و ڕۆژێکی هەتاوی خۆش کامیرا لە تەنیشت دیوارێکی قوتابخانە دانرا و پارچە قوماشێکی ڕەش بە دیوارەکەدا کوترا و کورسییەك لە ژێر قوماشە ڕەشەکەدا دانرا، پۆل پۆل قوتابیان دەبرانە دەرەوە و بەڕیز لەبەرامبەر وێنە گرو کامیراکە دادەنران ئەمجا یەکە یەکە بانگدەکران بۆ وێنە گرتن. کامیراکە بریتی بوو لە سندوقێکی تەختە لەسەر سێپایەك دانرابووڕووی لە قوماشە ڕەشەکەی سەر دیوارەکە بوو، لە دیوەکەی تریەوە نیو مەترێك قوماشی ڕەش شۆڕ بووەوە، قوتابییەکەیان لەسەر کورسییەکە دادەنا، ڕێك ڕاوەستە، نەجوڵێیت، سەرت بەرزکەوە، پێمەکەنە، سەیری ئەو زوومە بکە ئەمجا کاکی وێنەگر سەری دەکرد بە قوماشە ڕەشەکەدا و چرکەیەك دەهات و دویگوت تەواو با یەکێکی تر بێت، بەو جۆرە لەماوەی دوو ڕۆژێکدا وێنەی تەواوی قوتابییەکانیان گرت، بەڵام هیچکام لە قوتابییەکان ئەو وێنانەی خۆمانمان نەدیتەوە، ئەوەی ڕاست بێت من بۆخۆم یەکەمجارم بوو کامیرای وێنەگرتن ببینم.



## خوێندنی شەوان:

ساڵی ١٩٧٣ - ١٩٧٤ هەرچوار مامۆستا « سابیر حەمید غەنی و حەمید مەجید موراد و عەلی حسەین باجەڵان و کەمال محەمەد ساڵەح» هەستان بە کردنەوەی خوێندنی شەوان بۆ ئەو کەسانەی کە بەجۆرێك لە جۆرەکان نەیاندەتوانی بوو لەکاتی خۆیدا خوێندن تەواو بکەن، بۆیە ژمارەیەکی زۆری گەنجی ئاوایی چوونە بەر خوێندنی شەوان کە پێیان دەگوت « شەو لەیلی » بۆ ڕوناککردنەوەی پۆلەکانیش سوود لە چرا لۆکس وەردەگیرا.

## بۆمبارانی فڕۆکە:

کە لەساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستیپێکردەوە ئاگادارکراینەوە مەترسی هەیە حکومەتی عێراق بۆمباران بکات، مامۆستاکانمان پێیان وتین فڕۆکەکان جۆرێك لە قەڵەم، تۆپ، بوکەڵەو یاری منداڵان فڕێ دەدەن ئەگەر لە هەرکوێدا ئەوجۆر شتانەتان بینی دەستی بۆ مەبەن وهەڵیان مەگرن چونکە ئەوانە بۆمب ڕێژکراون و پێتاندا دەتەقنەوە. هەر بۆ خۆپاراستن لە بۆمبارانی فڕۆکە لەنێو گۆڕەپانی قوتابخانە مامۆستا سابیر چەند خەندەقێکی پێهەڵکەندین لە شێوەی پیتەکانی L M N ی ئینگلیزی ڕۆژانە مەشقی پێدەکردین لەسەر چۆنێتی چوونە نێو خەندەقەکان و هەر پۆلەو شوێنی خۆی بۆ دیاری کرابوو، تا لەکاتی هاتنی فڕۆکەدا بتوانین فریای خۆمان بکەوین و زیانێکمان وێ نەکەوێت، بە تایبەت لەو ماوەیەدا شارەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ وە لەلایەن فڕۆکەکانی سوپای عێراقەوە بۆردومان کرابوون و ژمارەیەك هاووڵاتی شەهید بوبوون، کاتێك وێنەکانیان بڵاوکرانەوە و گەیشتنە ئێمە ئیتر خەندەقەکانی قوتابخانەش بۆ ئێمە شوێنێکی ئارام نەبوون، بۆیە مامۆستاکانمان بۆ دەرس وتنەوە هەموو ڕۆژێك ئێمەیان بە تەختە ڕەشەکانەوە دەبردە دەرەوەی قوتابخانە و لە ( بەرقەڵوەز) تا دەوام تەواو دەبوو وانەیان پێدەوتینەوە.

## ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٧٤:

بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکوومەتی عێراق، بارەگاکانی لقی ٣ و ٥ ی پ د ك هێنرانە گوندی مەجموود قەجەرو لە گەڵیاندا ئۆرگانەکانی قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ژنانیش هاتنە مەحموود قەجەر وبەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و تەنزیمی لەشارەکانی بەغداد و خانەقین و جەلەولا و شارەبان و سەعدییە و مەندەلی لە دەستی ڕژێم هەڵهاتن و هاتنە گوندی مەحموود قەجەر، بۆیە قەرەباڵغییەکی زۆر لە گوندەکەدا درووست بوو، کە وزەیەکی مرۆیی زۆر لە


ژمارە (١٠)ی ئابی ٢٠٢٦
ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گوندەکە کۆ بووبووەوە، ئەوە بوو لە نەورۆزی ١٩٧٤ ئاهەنگێکی گەورە لە گۆڕەپانی قەتابخانەی گوندەکە ڕێکخرا تیایدا چەندین چالاکی: وتار، شانۆیەك بەناوی ( بەکێ بڵێم بابە ) کە ناوەرۆکەکەی بەمجۆرە بوو، منداڵێك پرسیار لە پێشمەرگەیەك کە لەبەرەی شەڕ گەڕابووە دەکات باوکم بۆ نەهاتۆتەوە، دووجار پرسیار لە پێشمەرگەکە دەکات بەڵام پێشمەرگەکە وەڵامی ناداتەوە، تا سێیەمجار پرسیاری لێدەکات ئەوجا پێشمەرگەکە پێی دەڵێت باوکت شەهید بووە، ئەمجا پێشمەرگەکە بە منداڵەکە دەڵێت ئەگەر باوکت شەهید بووە بەڵام هەر زیندووە چونکە ئێمە هەموومان جێگەی باوکت دەگرینەوە، ئەوەی کە ڕۆڵی منداڵەکەی دەبینی ( حیسام الدین ئاغا موراد ) بوو کە پێشمەرگەکە پێی دەڵێت باوکت شەهید بووە منداڵەکە گریانێکی بەکوڵی کرد کە هەرچی ئامادەبووانی شانۆییەکە دەستیان بە گریان کرد، لەگەڵێدا، شیعر، سروود و گۆرانی، خوێندرانەوە و پێشکەشکران. کە تیایدا پێشمەرگە و قوتابیانی قوتابخانەکە و خەڵکی گوندەکە بەشدارییان لە ئاهەنگەکەدا کرد و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندی مەحموود قەجەر و گوندەکانی دەوروبەری ( عەلی میر، سەرقزڵ، پەروێزخان، چوارکڵاو ) ئامادەی بینینی ئاهەنگە بوون کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

## ساڵی خوێندنی ١٩٧٤ – ١٩٧٥:

ساڵی خوێندنی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ ساڵێکی زۆر سەخت و قورس بوو بۆ پرۆسەی خوێندن لە گوندەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق و بە تایبەت گوندی مەحموودقەجەر، لە ١٩٧٥/٣/٦ ڕێکەوتننامەی ( الجزائر ) لە نێوان شای ئێران و صدام حسین واژووکرا کە نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی لێکەوتەوە، خەڵکی لەترسی هاتنەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچەکە ناچاربوون گوندەکەیان جێبهێڵن و ڕووبکەنە ئۆردوگانی وڵاتی ئێران بەتایبەت ئۆردوگای ( ئەنزەڵ ) لە نزیکی شاری سەرپێڵی زەهاو بەوەش کۆتایی بە هەمووشتێك هات لە گوندەکەدا، لەوانە پرۆسەی گرنگی پەروەردە و فێرکردن لە کە ٢٧ ساڵی بەردەوامی هەبوو ( ١٩٤٨ – ١٩٧٥ ) توانرا لەماوەی ئەو ٢٧ ساڵەدا دەیان قوتابی فێری خوێندەواری و ئەدەب و ئەخلاق و پاك و خاوێنی و ڕاستگۆیی و ئەمانەت پارێزی و نیشتمان پەروەری لەپێشی هەموویانەوە و هەوڵدان بۆ ئایندەیەکی گەشتر بکرێن و لەو قوتابیانە دوای تەواوکردنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەگوندەکە نێردرانە خانەقین بۆخوێندن و توانییان پەیمانگە و زانکۆش تەواوکەن.

دوای گەڕانەوەی هێزەکانی حکوومەتی عێراق تۆمار و هەرچی کەرەستەکانی قوتابخانەکەیە دەبرێنەوە بۆ شاری خانەقین یان پەروەردەی دیالی ( کەبەڕاستی لە چۆنییەتی بردنەوەی ئەو تۆمار و کەرەستانە هیچ زانیارییەك بەردەست نییە و


نازانین چۆن و بۆکوێ براونەتەوە ) نووسەری ئەم بابەتە لەدوای ڕوخانی دەسەڵاتی صدام حسین لە ٩ / ٤ / ٢٠٠٣ زۆر هەوڵیدا سۆراخێکی هەرچی نۆمارە گشتییەکانی قوتابخانەکانی ناحییەکانە قۆرەتو و مەیدان لە پەروەردەی دیالی بکات و بۆ ئەو مەبەستە چەندین کەسم ڕاسپارد سۆراخیان بکەن، بەڵام ئەنجامێکی نەبوو. هیوادراین بتوانرێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو تۆمارانە پەیدابکرێنەوە و ببنە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو. بۆ نووسینەوەی مێژووی قوتابخانەکانی هەردوو ناحییەی قۆرەتوو و مەیدان.

## ئەو مامۆستایانەی لە قوتابخانەی مەحموود قەجەرلە ١٩٤٨ – ١٩٧٥ وانەیان وتۆتەوە:


١- ئیبراهیم خوداداد کەریم.
٢- کەمال یوسف عەلی
٣- ئیسماعیل عاکف عەبدولقادر
٤- محەممەد حسەین کوردە
٥- محەممەد سەید عەبدولحەکیم خانەقینی
٦- محەممەد شەکور موختار
٧- خەلیل ئەلکوبەیسی
٨- ئیبراهیم بەنی وەیس
٩- عەبدوڵڵا عەبدولمحەمەد
١٠ - فەخری وەلی
١١ - کەریم ئەحمەد
١٢ – نەجدەت جەودەت عزەت
١٣ – عەبدولخالق ئەحمەد
١٤ – کەنعان عەبدولغەفور
١٥ – نوری عەزیز عەلی ئەلمیقدادی
١٦ – خەلیل + سەعدون + مەحموود + ئەکرەم، فەلەستینی بوونە.
١٧ کامل، خەڵکی خانقین بووە.
١٨ – جەلال عەلی مامەخان
١٩ – سابیر حەمید غەنی
٢٠ – حەمید مەجید موراد
٢١- عەلی حسێن باجەڵان
٢٢- کەمال محەممەد ساڵەح



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




فەرمانی کارگێڕی مامۆستا ئیبراهیم خودادا



مامۆستا جەلال مامەخان



حسامەدین ئاغا مراد





# بایۆگرافیی ئەدیبان و نووسەرانی کەلار

پ. د. دارا حەمید محەمەد

بایۆگرافی، سەربوردە و ژیاننامە، چەمکێکە کار لەسەر نووسینەوە و تۆمارکردن و گێڕانەوەی ژیان و بەسەرهاتی کەسەکان دەکات، واتە گێڕانەوە و تۆمارکردنی ژیان و بەرهەم و خزمەتی (شاعیران، ئەدیبان، توێژەران، زانایان، سیاسییەکان ، کەسایەتییەکان، شارەزایان،...) لە کایە جیاوازەکاندا کاری بایۆگرافییە، کەلار چ وەك سەرەتا کە گوندێك بووە، ئێستا بە (کەلاری کۆن) ناسراوە، چ وەك قەزایەك کە لە (١٩٧٠)ەوە بڕیاری لەسەر دراوە، خاوەنی سامانێکی ئەدەبی زۆر و پڕ بەهایە، ئەفسوس تا ئێستا وەك پێویست ئاوڕ بەلای ئەو سەرمایە ڕۆشنبیرییەدا نەدراوەتەوە، هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی هەوڵی ژمارەیەك لە نووسەر و توێژەران لەوبوارەدا بەپێی سەردەمە جیاوازەکانی کەلار، کە ئەوەی لە توانایاندا هەبووە کردوویانە، لە کۆکردنەوە و نووسینەوە و تۆمارکردنی بەشێکی باشی بەرهەمی کورد بەگشتی و کەلار بەتایبەتی لە دوو توێی بەرهەمەکانیاندا، کە لە پێشدا زیاتر لەشێوەی کەشکۆڵ بووە بە نموونەی کەشکۆڵی(مەحمود پاشای جاف) و(کەشکۆڵی فەتاح بەگی جاف)( کەشکۆڵی ڕەزا بەگ....تد)، یان لەشێوەی بیبلۆگرافیای بوارێك یان چەند بوارێك، کە جێی پێزانین و دەستخۆشییە، لەمسۆنگەیەوە و لە بەر بوونی کەلێنێك لە بواری کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ژیان و بەرهەم و بەسەرهاتی ئەدیبان و نووسەران و کەسایەتییە ناودارەکانی گەرمیان بە گشتی و کەلار بە تایبەتی ، پرۆژەی بایۆگرافیی گەرمیان ڕادەگەیەنین، کە هەوڵێکە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بــۆ كۆكردنــەوە و نووســینەوەی بایۆگرافیــی ئەدیبــان و نووســەران و كەســایەتییە ناودارەكانــی گەرمیــان ، ئــەوەی مەبەســتە و بــە پێویســتی دەزانیــن ڕوونــی بكەینــەوە سروشــتی بایۆگرافییەكەیــە، كــە بەمشــێوەیە:

-١ لەمقۆناغــەدا تەنهــا كار لەســەر ئەدیبــان و نووســەرانی كــەلار دەكەیــن، لــە داهاتــوودا ئەدیبــان و نووســەرانی شــارەكانی (كفــری، خانەقیــن، خورماتوو)یــش دەگرێتــەوە .

-٢ بەپێیتوانــا هەوڵدەدەیــن بایۆگرافــی تــەواوی ئەدیبــان و نووســەرانی ناوچــەی كارەكەمــان بەســەر بكەینــەوە و زانیــاری تــەواو و بەردەســتیان لەبــارەوە تۆماربكەیــن.

-٣ لــە بڵاوكردنــەوەی ســەربوردەكاندا ئەوەنــدەی بۆمــان ســاغبێتەوە بەپێــی ڕیزبەنــدی و بــە ڕەچاوكردنــی ســەردەم و تەمەنــی ئەدیبــان و نووســەران...تد دەبێــت، واتــە لــە كۆنترینــەوە دەســتپێدەكەین.

-٤ ژیــان و ســەربوردەی ئــەو ئەدیــب و نووســەرانە تۆماردەكەیــن كــە بەرهەمەكانیــان مــاوە و بەردەســتن، ئەوانــەش تەنهــا بــە زارەكــی پارێــزراون، ئــەوا ســاغكردنەوەیان پێویســتی بــە لێكۆڵینــەوەی تایبــەت دەبێــت .

-٥ بەپێویســتی دەزانیــن ئامــاژە بۆئــەوەش بكەیــن، كــە دوای قۆناغــی ئەدیبــان و نووســەران بایۆگرافیــی هونــەر و هونەرمەنــدان لــە كــەلار دەســتپێدەكەین .

-٦ هەڵبــەت پێــش ١٩٧٠ كــەلار تەنهــا لادێیــەك بــوو بــەڵام لــە ئێســتادا كــەلار خاوەنــی ســنوورێكی جوگرافــی فراوانــە و چەندیــن شــارەدێ و دەیــان گونــد لــە خۆدەگرێــت، ئــەو گوندانــە پێشــتر ســەربە قــەزای كفــری بــوون لەبەرئــەوە ئــەو شــاعیر و نووســەرانەی پێشــتر لــەو دێهاتانەبــوون و ئێســتا ســەربەكەلارن ئێمــە لەســەر كــەلار تۆماریــان ناكەیــن، بەڵكــو لــە بایۆگرافیــی گەرمیانــدا لــەڕووی كارگێڕییــەوە ســەر بــە چ شــار و شــارەدێیەك بــوون لەســەر ئــەو شــوێنانە تۆماریــان دەكەیــن. لەبەرئــەوە بەپێویســتی دەزانیــن لــە ئێســتادا تەنهــا كار لەســەر ئــەو شــاعیر و ئەدیبانــە بكەیــن كــە لــە گونــدی كــەلار ژیــاون هەتــا ١٩٧٠ لــەو ڕێكەوتــە بــەدواوە ئیتــر شــاعیران و ئەدیبانــی ســنووری نوێــی كــەلار دەنووســینەوە .

تێبینــی: ئــەو بابەتــەی لــە ئــەم ژمــارەی بڵاوكــراوەی ســاڵانەی یــادی كــەلاردا بڵاویدەكەینــەوە، هەڵبژاردەیەكــی نــاو پرۆژەكەیــە و مــەرج نییــە بــە تەواوەتــی لــەڕووی نــاوەڕۆك و زەمەنــەوە تۆماركــراوی نــاو پرۆژەكەمــان بێــت، بەڵكــو بەپێــی

سروشـــتی ئـەم بڵاوکراوەیــە دەســتکاریانکردووە.

ســەرەتای بابەتەکــە بــە بایۆگرافــی چــوار لــە نووســەرانی کــەلار دەســتپێدەکەین، کــە لــە چــوار ســەردەمی جیــاوازدا لەدایکبــوون، نیــوەی یەکەمــی ســەدەی نۆزدەهەم(مەحمودپاشــای جــاف ١٨٤٦-١٩٢١) ، نیــوەی دووەمــی ســەدەی نۆزدەهــەم( دانــش ١٨٨٦-١٩٤٢)، نیــوەی یەکەمــی ســەدەی بیســتەم (ئەحمــەد کــەلاری ١٩٣٦-٢٠٠٨)، نیــوەی دووەمــی ســەدەی بیســتەم (محەمــەد پــەژار ١٩٥٤-١٩٩١).

یەکەم: محمود پاشای جاف١٨٤٦-١٩٢١



مەحمود پاشای جاف ١٨٤٦-١٩٢١

نووســەر و شــاعیر مەحمودپاشــای جــاف، نــاوی تــەواوی مەحمــود کــوڕی حەمەپاشــا کــوڕی کەخــوسرەو بەگــی کــوڕی ســلێمان بەگــی کــوڕی زایەربەگــی کــوڕی یــار ئەحمــەد بەگــی جافــی جوانڕۆییە(عەبــدوڵا حەبیبــی،٢٠٢٢: ٤٨) مەحمــود پاشــای جــاف لــە ســاڵی ١٨٤٦- لەدایکبــووە، وەك نەریتیــی ســەردەمی خــۆی لــە حوجــرە لای (مــەلا موئمــن) خوێندوویەتــی، نــاو و پلــەی پاشــایەتی لەلایــەن ســوڵتان عەبدولحەمیــدی عوســمانییەوە پێبەخــشراوە، مەحمــود پاشــا ســەردەمێك قایمقامــی هەڵەبجــە بــووە و لەبــەر لێهاتوویــی چەندجارێــك بانگهێشــتی ئەســتەمبوڵ دەکرێــت، لەســەرداوای ســوڵتان عەبدولحەمیــد دەکرێــت بــە والی(ئورفــە) بــەڵام بەپێــی هەنــدێ ســەرچاوە بــە ئــەو پۆســتە قایــل نابێت،چونکــە دەزانێــت ئامانجێکــی خراپــی وەك دوورخســتنەوە و دابڕانــی لــە هۆزەکــەی بەدواوەیــە، لەبەرئــەوە بڕیــاری دەستبەســەرکردنی دەدرێــت

، لەبەر زیرەکی دەتوانێت لە و دەستبەسەرکردنەی سوڵتانی عوسمانی هەڵبێت و دوای سێ ساڵ گەڕان بە ڕووسیا و ئێراندا دەگاتەوە زێدی خۆی، لەمڕووەوە خوسرەوجاف لە زاری عەلی ئەکبەرییەوە دەنووسێت((مەحمودپاشا لە ئەستەمبوڵ دەسبەسەرکرابوو، بەڵام لە فرسەت سوودی وەرگرت و لەڕێی(تەفلیس)ەوە دەگاتە شاری باکۆ، لەوێرا خۆی دەگەیەنێتە ڕەشت و گێلان و بە جلوبەرگی کرێکارییەوە ئەو ڕێگا دووروو درێژە پڕ لەمەترسییە تەی دەکات و خۆی دەگەیەنێتە نێو هۆزی جاف))( خوسرەو جاف، ۲۰۱۳: ۸۳۹). لەمڕووەوە محمود پاشا لە لاپەڕەی سەرەتای کەشکۆڵەکەی و لەگەڵ دانانی وێنەیەکی خۆی ئەم وتەیە بە فارسی و بە دەستوخەتی خۆی دەنووسێت((وقتی کە از اسلامبول فرارشدم از خاک روسیە گردش و سیاحت می نمودم، از دهم شهر صفر ۱۳۰۹بە شهر باکو امدم کە تبدیل قیافت کردەبودم، بەعکسخانە رفتم این عکس خودم بیرون اوردم بماند برای یادگار، اگر وقت نمایم این سفر سیاحت، بە خاطرم بیاید، بعد از مردن خودم اولادها و احفادهایم یاخود کسی از فامیلیای بگزادە جاف نگاهش بە این عکس افتاد، بە فاتحە دعایی شادم نماید.... محمود بگ))(عەبدولای حەبیبی»۲۰۲۲ :۳۳).

بە کوردییەکەی((کاتێک لە ئەستەنبوڵ هەڵهاتم، لە خاکی ڕوسیادا گەشتم دەکرد و دەگەڕام. لە (۱۰)ی مانگی سەفەری ساڵی ۱۳۰۹دا بۆ شاری باکۆ هاتم، کە ڕواڵەتم گۆڕیبوو. چوومە ستۆدیۆی وێنە و ئەم وێنەیەم گرت، بۆ ئەوەی وەک یادگاری بمێنێتەوە.ئەگەر دەرفەتم هەبوو (ئەگەر بمێنم) ئەم سەفەرە بێتەوەیادم، دوای مردنم، منداڵ و نەوەکانم، یان کەسێک لە بنەماڵەی بەگزادە، کە ئەم وێنەیەی بینی، بە فاتیحە و دوعایەک شادم بکاتەوە..... مەحمود بەگ))




لاپەڕەی سەرەتای کەشکۆڵی مەحمود پاشای جاف

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



مەحمود پاشا سەرباری ئیش و کاری سیاسی و کاروباری هۆزی گەورەی جاف کە دوای کوژرانی باوکی پێی سپێردرابوو، ئارەزو و سەلیقەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی باشی هەبووە، زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تارادەیەکیش تورکی زانییوە، خاوەنی کەشکۆڵێکە لە دووبەرگ پێکدێت و زۆرینەی بە دەستوخەتی خۆی نووسیووە، ناو و سەربوردە و نموونەی شیعری ژمارەیەکی زۆری شاعیرانی کورد و فارسی تێدا تۆمارکردووە(حەبیبی،٢٠٢٢: ١٢٣) . هەریەك لە محەمەدئەمین زەکی بەگ، پیرەمێرد، سەجادی و چەندین نووسەری دی لەسەر مەحمودپاشا و کەشکۆڵە پڕ بەهاکەیان نووسیوە . بۆزیاتر بڕوانە (حەسەن جاف،٢٠١٤: ١١) .




بەرگی دوچاپی کەشکۆڵی مەحمود پاشای جاف

مەحمود پاشای جاف پەیوەندی لەگەڵ بەشێکی زۆری شاعیرانی سەردەمی خۆیدا زۆر باشبووە، وەك مەولەوی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، پیرەمێرد، زێوەر، هەمیشە دیوەخانەکەی شوێنی کۆبوونەوەی پیاوانی زانا و دانا و شاعیران بوون و بەخۆیشی مەحمود پاشا شانازی بەو دۆخەوە کردووە، بۆنموونە لەگەڵ مەولەویدا پەیوەندی تایبەتی هەبووە، گۆڕینەوەی نامەی شیعریی لە نێوانیاندا هەبووە، هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە مەولەوی شاعیرێکی بەتوانا و پیاوێکی ئایینی شارەزابووە، مەحمود پاشاش هەم شاعیر و هەم پیاوێکی ئایینپەروەر بووە، سەرباری ئەمانەش مەڵبەند و جێ هەواری هەریەك لە مەحمود پاشا و مەولەوی لێکنزیکبووە، ئەمانە پەیوەندی نێوان مەحمودپاشا و مەولەوی پتەو و بەهێزترکردووە، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە(خوسرەو جاف، ٢٠١٣: ٣٦٢) . هەروەها پەیوەندی زۆر پتەو و تایبەتی لەگەڵ شێخانی شاکەلیدا هەبووە .

وەك ئاماژەمـــان بۆكـــرد ســـەرباری ســـەرقاڵی مەحمـــود پاشـــا بـــە ســـەرۆكایەتی هـــۆزی گـــەورەی جافـــەوە بـــەڵام لەگـــەڵ ئەدەبیشـــدا پەیوەندییەكـــی نـــاوازەی هەبـــووە، بەڵـــێ ئـــەوە راســـتییە كـــە شـــیعرەكانی ئاســـتێكی زۆر باڵایـــان نەبـــووە، وەك خـــەسرەو جـــاف دەڵێت((گومانـــی تێـــدا نییـــە، كـــە یەكێكـــی وەك مەحمـــود پاشـــا زەوق و حـــەز و ئارەزوویەكـــی ئەوەنـــدە زۆر و بێســـنووری لـــە شـــیعردا هەبووبێـــت ، دیـــارە ئەگـــەر شـــاعیرێكی گـــەورەش نەبووبێـــت، هـــەر دەبـــێ كۆمەڵـــێ شـــیعری هەبووبێـــت)) (ســـەرچاوەی پێشـــوو: ٦٨١) . عەبـــدوڵای حەبیبیـــش لـــە ســـاغكردنەوەی كەشـــكۆڵەكەیدا ئامـــاژەی بۆكـــردووە كـــە شـــیعرەكانی لـــە ئاســـتی مـــام ناوەندیدایـــە بـــەڵام دەقـــی جـــوان و ناوازەشـــی هەیـــە، بۆنموونـــە لـــە شـــیعرێكی ٢٥ دێڕیـــدا لـــە لاواندنـــەوەی براكانیـــدا كـــە پێـــش خـــۆی كۆچـــی دواییانكـــردووە بـــە زاری گـــۆران دەڵێـــت:

وادەی خێڵەوخوار ئیلاخ بێزانەن   وادەی گەرمەسێر سەحرای شێروانەن

براكانم كەسیان نیەن دیار   وەك جاران سوارین بۆ ڕاو و شكار

هانا سێ بەور سێ نامدارم ڕۆ   سێ پڵنگ هەیبەت شێركردارم ڕۆ

تا دەگاتە:

جە زەبان لاڵ بم چەنی كارتان   مەندەن و بێ سەر دەستی سوارتان

فەلەك هانەفكر سەودای مەكر و فەن   خاك وە بێ زەنجیر شێر مەكەرۆ بەن

پیرەمێـــرد ئـــەو دەقـــەی گۆڕیـــوە بـــۆ زاری ناوەڕاســـت، ئێمـــە تەنهـــا ئـــەو چەنـــد دێـــڕەی وەك نمونـــە هێناومانـــەوە دەخەینـــەڕوو :

وادەی خێڵ و خوار ئێڵی جافانەن   دەمی گەرمەسێر دەشتی شێروانەن

لە براكانم كەسیان نییەن دیار   وەك جاران سوارین بۆ راو و شكار

هانا برایان شوێن نادیارم ڕۆ   سێ پڵنگ هەیبەت شێر شكارم ڕۆ

ئاخ لاڵ بم لە كوێن شۆڕە سوارانیان   بێ دەنگ و ئاهەنگ گەلی یارانیان

بەو خوایە فەلەك گەر برای ئەمرد   بە ناڵە دونیای هەراسان ئەكرد

مەحمـود پاشـای جـاف لەسـاڵی ١٩٢١ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە دوای خـۆی کەسـێك بـە نـاوی (محەمـەد سـاڵح) درێـژەی بـە نووسـینەوەی کەشـکۆڵەکەی داوە، بـەڵام زیاتـر تێکسـتی کـوردی تۆمارکـردووە و سـەرەتای نووسینەکانیشـی لـە لاپـەڕە ٤٤٤ دا وتەیەکـی بـۆ کۆچـی دوایـی مەحمـود پاشـا نووسـیوە.(عەبدولا حەبیبـی:٢٠٢٢: ٣٧ ) .

## ٢- ڕەزا بـەگ کـوڕی فەتـاح بـەگ کـوڕی حەمـە پاشـای جـاف، نـاسراو بـە (دانـش) ١٨٨٦- ١٩٤٢



دانـش ، نـاوی تـەواوی ڕەزابەگـی کـوڕی فەتـاح بەگـی کـوڕی حەمـە پاشـای جافـە، سـاڵی ١٨٨٦ لـە مەریـوان لەدایـك بـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٢ بـە نەخۆشـی لـە شـارەدێی قـزڕەوات کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی مزگەوتـی مەحمـود پاشـای جـاف بەخـاك سـپێردراوە . بەداخـەوە بەشـێکی زۆری شـیعرەکانی ئـەم شـاعیرە لـە ناوچـووە یـان هیـچ نەبـێ تـا ئێسـتا بەردەسـت نیـن، بەئومێـدی ئـەوەی ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بەرهەمـی شـیعری دانـش ڕووناکـی ببینێـت و ڕوحـی شـاعیریش ئاسـوودەبێت ، پەیوەسـت بـە ژیـان و بەرهەمـی ڕەزابەگـی شـاعیر پرۆفیسـۆری یـاردەدەر د. ئەحمـەد بـاوەڕ لـە کتێبـی (چەنـد لیکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی دەربـارەی کـورد و زانسـتی مێـژوو) باسـێکی تێـر و تەسـەلی زانسـتیی لەسـەر ڕەزا بـەگ بڵاوکردووەتـەوە کـە بەشـی چوارەمـی کتێبەکەیـە و لـە لاپـەڕە١٥٥ تـا ١٩٤)گرتووەتـەوە، لێـرەدا چەنـد پاراگرافێکـان لێهەڵبـژاردووە و وەك خـۆی دایدەنێیـن، د. ئەحمـەد بـاوەڕ نووسـیوویە((ئەم شـاعیرو تاڕادەیـەك ڕووناکبیـرە گومنـاوەی کـوردی ناوچـەی گەرمیـان وکـەلار، کـە بـەزۆری بەنازنـاوی شـیعریی(دانش)ەوە شـیعری نووسـیوەو لـە نـەوەی بەگزادەکانـی جافـی دەشـتی شـێروانەو شـاری کـەلارو دەبێتـە کـوڕی فەتـاح بەگـی کـوڕی حەمەپاشـای کـوڕی کـەی خەسرەوبەگـی جـاف، لەسـاڵی(١٨٨٦) داو لەسـەروبەندی کـۆچ وبـار و گەرمیـان و کوێسـتانکردنی هـۆزی جافـدا لـە شـاری (مەریـوان)ی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لەنێوەنـدی بنەماڵەیەکـی

ناسراوی شیعرو ئەدەب دۆستدا هاتۆتە دونیاوە، ڕەزابەگی جاف بەوەی لە نەوەی بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی کوردی ناوچەی گەرمیان بووە، هاوکات دایکیشی (پیرۆز خانم)، کە دەبێتە خوشکی ئەورەحمان ئاغای سەرۆکی هۆزی (بڵباس)ی بە ناوبانگ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێتە پووری حەمەی ئەورەحمان ئاغا، جا بۆیە بەمەبەستی فێربوونی زیاتر،سەرەتاکانی خوێندنی ئایینی ئەوکاتەی لەلایەن بنەماڵەو کەس وکارییەوەو لە ناوچەی گەرمیان و شێروانەوە نێردراوەتە شاری سلێمانی و لەڕێگەی ماڵی حەمەئاغای عەبدولڕەحمان ئاغای بڵباسی خاڵوانییەوە، بۆماوەیەك لەلایەن مامۆستای تایبەتەوە لەحوجرە خراوەتە بەرخوێندن و بۆماوەیەکی باش درێژەی بەخوێندن و کاروانی زانست داوە، شانبەشانی ئەوەش زۆربەباشی فێری هونەری نووسین وخۆشنووسین بووە دوابەدوای ئەوە و هەر لە شاری سلێمانی چووەتە قوتابخانەی فەرمی دەوڵەتی عوسمانییەوە و بۆماوەیەکیش لە (ڕوشدیەی سەربازی) خوێندویەتی و لێرەشەوە فێری زمانی تورکی وفارسی وعەرەبی بووە .

شانبەشانی ئەوەو بەپێی نووسراوەکانی دەزگای هەواڵگری بریتانی و بەپێی دۆسییەکی تایبەتی خۆیان و لە ساڵی (١٩٢٣) دا لەبارەی ئەم کەسایەتییەی کوردی ناوچەی گەرمیانەوە نووسیویانە :«ڕەزابەگی فەتاح بەگی جاف دەبێتە برای کەریم بەگی وەکیلی هۆزی جاف و لە ماوەی ساڵانی (١٩١٩-١٩٢١) دا ئەندامی ئەنجوومەنی ناوچەی کەرکووك بووە و لە ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٢٠) ی شاری کفریدا ڕۆڵێکی سنووورداری هەبووە، ئەوکاتەی کە ناچاربوو بچێتە پاڵ عەبدلکەریم ئاغای زەنگەنە و شێخ وەهابی تاڵەبانییەوە و هەوڵەکانی بۆ ئەوەی دەستبەسەر دەسەڵات و کاروباری هۆزی جافدا بگرێت، ئەمەو لەکاتێدا بابەتی کفری شتێکی زۆر جیاوازبووە و لەوەدەمانەشدا کە تەمەنی نزیکەی (٤٠) ساڵی و لە کەلاری سەر بەناوچەی کفریدا نیشتەجێ بووە» هەروەها پاش وازهێنانی لە خوێندن و گەڕانەوەی بۆ ناوچەی گەرمیان و کەلار لە ژیانیدا دووجار ژیانی هاوسەری پێکەوەناوە، یەکەمیان لەگەڵ فەهیمە خانمی کچی کەیخەسرەوبەگی کوڕی مەحموود پاشای جافدا لە قزڕەبات، کە ئامۆزای خۆی بووە، بەجۆرێك لەم هاوسەرەی ئەم کوڕوکچانەی هەبووە : خالید بەگ (١٩١٧-١٩٩٧)، مەحموود بەگ (١٩٢٤-١٩٧٥)، عەلی بەگ (١٩٢٨-١٩٦٩) وهەروەها کچەکانی : ئامینە، حەپسە و عەفاوخانم هەمووشیان کۆچی دواییان کردووەو لەژیاندا نەماون، پاش کۆچی دوایی هاوسەری یەکەمی بۆدووەمین جار ژیانی هاوسەری لەگەڵ مەحبووبە خانمی کچی سەلیم بەگی کوڕی یار ئەحمەدی وەڵەدبەگی جافدا پێکهێناوە، کە

ئەمیش ئەبێتە کوڕەزای یارئەحمەدبەگی جافی بەناوبانگ، کە یەکێك بووە لە سوارەکانی نێو دەستەی (دوازدە سوارەی مەریوان)ی بەناوبانگ و لەم هاوسەرەشی ئەم کوڕو کچانەی هەبووە : جەمیل بەگ کە هەر بەمناڵی کۆچی دوایکردووە، لەگەڵ قادربەگ (١٩٣٧-٢٠٠٨)، بارام بەگ (١٩٤٣) هەروەها کچەکانی : رەعنا، خەجێ، نهایەت، سورەیاو پەروین.

ڕەزابەگی جاف لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٤٢) داو لە کاتی سەردانی کردنێکیدا بۆ ماڵی عەبدوڵلا بەگی کوڕی کەیخەسرەوبەگی جاف (١٨٩٠-١٩٤٤) لە شارۆچکەی قزڕەبات ودوای چەند ڕۆژێك لە مانەوەی لەوێ ، لەتەمەنی (٥٦) ساڵیدا بە نەخۆشی (سیل)، کە ئەوکاتە یەکێك بووە لە نەخۆشی و دەردە کوشندەکانی ئەوکاتە کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی مزگەوتی مەحموود پاشای جاف و هەر لەو شارۆچکەیە نێژراوە وتەنانەت هەر بەم بۆنەیەشەوە محەمەد ئەمین بەگی کوڕی کەریم بەگی جافی برازای واتە مینەجاف (١٩١١-١٩٦٥)، کە شاعێرێکی ناسراوی قۆناغی خۆی بووە و لەگەڵ ئەوەشدا دیوانێکی شیعری سەربەخۆی هەیە بەهۆی کۆچی دوایی ڕەزابەگی مامییەوە، پارچە شیعرێکی ماتەمینی لە (٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢)دا نووسیوەو لە بارەیەوە دەڵێ :

دەنگی وا وەیلایە دیسان تێتە گوێم گریان و شین
زەلزەلەی حەشرە مەگەر ئەم خاڵە کەوتە سەرزەمین
دیارە خۆ ئەمرۆ قیامەت هەڵنەساوە ئەی ڕەفیق
وا موحەققمە (ڕەزابەگ) مردووە لێم بوو یەقین
ڕوو لە هەرلایەك ئەکەم هاوار و ئۆف و ناڵەیە
جێگەیە دەست ناکەوێ بێ باوکەڕۆ و یەخەدڕین
دەنگی باوکەڕۆیە تێت و کاکە ڕۆیەو مامەڕۆ
هەربرا ڕۆیەو لەسەر یەك تێت و ئاغا ڕوی حەزین
بامنیش شینێ بکەم ، هەروەك ئەوان ئەمما بە تین
هەر بەناو ئیسمی غەزەل بێ پڕ لە مەعناو ئاگرین
وانەزانی پاش(حەمە بەگ) کەس نیە ڕۆی بۆ بکەم
با بەتۆ تازەی کەمۆ ، ئینجا ڕەزا بەگ مامە ڕۆ
میری عالی هیممەت و کانی شەرافەت مامە ڕۆ
مەنبەعی شەرم و حەیا ڕۆحی نەجابات مامە ڕۆ

بەحری عەزم و غیرەت و دەرك و فەراسەت مامەڕۆ
ساحیبی ئیحسان و عەدل و خەیرو طاعەت مامەڕۆ
خۆت بەمونصیف دائەنا لەم کۆچە ئینصافت نەبوو
چونکە تاڕۆژی قیامەت هەربڵێم من مامە ڕۆ ......

هەر وەك دەشگێڕنەوە لە دوای خۆی کۆمەڵێك دەستنووسی بەنرخ و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی بەجێهێشتووە، کە زۆرێك لە کتێب و نووسراوەکانی ناوی لە ناوچوون، جگە لە کەشکۆڵە ناوازەکەی ئەوانی دیکەی تاوەکو ئێستاش نازانرێت چیان بەسەرهاتووە و دەستی کێ کەوتوون .

## بەرهەم و شیعری ڕەزا بەگ هەمەچەشنن

جگە لە بەرهەمی شیعریی ئەگەر لەڕووی نووسینەوەی دەستنووس و کاری وەرگێڕانەوە بڕوانینە هەنگاو و کارە دەوڵەمەندەکانی ڕەزابەگی جاف، سەرەڕای سەرقاڵی ژیان وکاروباری هۆزایەتی ودواتریش نیشتەجێبوونی لە شوێن و ناوچەیەکی دوورەدەستی وەك گەرمیان و کەلاری ئەودەمانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە گەلێك بواری ڕووناکبیریی جۆراوجۆردا کاری کردووەو ئەوەشی کە زیاتر لەم ڕووەوە هاوکاری بوویێت و بوویێتە مایەی ئەوەی کە لە بواری نووسیندا وەك ڕووناکبیرێکی ڕۆژگاری خۆی هاتبێتە بەرچاو ئەویش لایەنی شارەزایی خۆی بووە لە زمانەکانی تورکی و فارسی و هەروەها خەتخۆشییەکەشی هاوکارو هۆکارێکی تری گرنگ بووە، بۆپاڵپشتی کارەکانی بەتایبەتی لە بواری نووسینەوەی دەستنووس و کەشکۆڵی شیعریدا.

جگە لە کەشکۆڵەکەی خۆی یەکێکی دیکە لەو بەرهەم و دەستنووسانەی کە هەر بەدەستوخەتی ڕەزابەگی جاف نووسرابێتەوە و دواتریش وەك کتێبێکی سەربەخۆ چاپ و بڵاوکرابێتەوە کتێبی (تاریخی جاف)،کە لە دانراوی کەریم بەگی جاف (١٨٨٥-١٩٤٩)ی برا گەورەیەتی و هیچ بە دووریشی نازانم نەك هەر نووسینەوە پێ دەچێت ئەمیش بە تەواوی دەستی لە دانانیدا هەبوویێت، یان ڕەنگە بەدووقۆڵی لەگەڵ کەریم بەگی برایدا ئەم پرۆژە گرنگەیان لەو قۆناغەدا هێنابێتە بەرهەم کە بۆئەوڕۆژگارەو ئەوکاتەی کورد و ناوچەی گەرمیان و تەنانەت تا ئێستاش بابەتێکی پڕ لە زانیاری و دەوڵەمەندیان تۆمارکردووە .

وەك دەردەكەوێت بەزۆری شیعرو بەرهەمەكانی لە ناوچوون و تاوەكوئێستاش بەتەواوی ڕوون نییەو ناشزانرێت كە ئاخۆ بۆچی بەرهەمەكانی بەشێوازێكی زۆركەم نەبێت بەرچاو ناكەون و هیچ سەروسۆراخێكی ئەوتۆیان نییە كەچی لە هەمانكاتیشدا وەك داهێنان و ئەفراندنی شیعرو هۆنینەوەی شیعر یەكێك بووە لە داهێنەران و شاعیرە ناودارەكانی سەردەمی خۆی لەسنووری گەرمیاندا، بەجۆرێك ئەم پارچە شیعریەشی كە لێرەداو لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا بڵاوی دەكەینەوە كاتی خۆی مامۆستا مەحموود ئەحمەدمحەمەد (١٩٤٨) لە كۆتایی هەشتاكانی سەدەی بیستەمی ڕابردوداو لە ڕێگەی دەستنووس و بەیازەكانی نێوكتێبخانەی ئەوقافی ئەوكاتەی شاری سلێمانییەوە دۆزیویەتییەوە، كە ژمارەكەی لە نێوكتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی بەزنجیرەی ژمارە (١٤٠) پارێزراوەو لە سەرەتای دەستنووسەكەوەو بەپێی گێڕانەوەی مامۆستا مەحموود ئەحمەد نووسراوە: « تەخمیسی ڕەضابیگی جاف بەرشیعری طاهیربیگی جاف»، پاشان مامۆستا مەحموود لەگەڵ كورتە نووسین و بابەتێكی خۆیداو هەر لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (هاوكاری) ئەوكاتەوە زۆربەجوانی ساغیكردووەتەوە و دواتریش بڵاوی كردووەتەوە و تاڕادەیەك هەندێك زانیاریش، كە بە زۆری لەكاك عەلی بەگی حسێن بەگی حەسەن بەگی حەمە پاشای جاف (١٩٢٦)ەوە وەریگرتووە لەسەر نووسیوە، لە ڕاستیدا پارچە شیعرەكە بریتیە لە پێنج خشتەكییەكی شیعریی و لە كاتی خۆیدا ڕەزابەگی جاف لەسەرغەزەلێكی شیعریی شاعیری ناسراوی كورد و هەروەها ئامۆزای خۆی كە تاهیر بەگی كوڕی وەسمان پاشای كوڕی حەمەپاشای جاف (١٨٧٨-١٩١٨)بووە نووسیویەتییەوە، كەبەم شێوەیە دەست پێدەكات :

تیری غەمزەی چاوەكانت وا لەجەرگم كاریە

ئێستە ئەشكم وابەخوڕدێ ڕەنگەكەی گوڵناریە

لەبەرئەوەی ڕەزابەگی جاف بەخۆی وەك كەسێكی زمانزان و هاوكات وەك خوێندەوارێكی سەردەمی خۆی و خوێندنەوەی وردی بۆ زۆرێك لە ڕووداوەكان و دنیای داهێنان كردووە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەستەواژەو ناوی جۆراوجۆری وەستایانە تێهەڵكێش بە پارچە شیعرو پێنج خشتەكییەكەی خۆی كردووەو بەشێوازێكی ئەدەبی زۆرجوان و لە شوێنی گونجاوی خۆیدا جێی بۆكردوونەتەوەو واتاو مانایەكی زۆر دەوڵەمەندیشی بەشیعرەكەی داوە، بۆنموونە وەك لە یەكێك لە پێنج خشتەكیەكانیدا نووسیویەتی :

دلبەرم ئەمڕۆ بە( لەیلێ) قەت موقابیل ناگرم

خۆم لە بازاڕی موحیبەت قەت لە (قەیس) کەم ناگرم

نەقشی ئەبرۆی چوون کەمانت قەت بە (مانی) ناگرم

گوڵ ئەگەر هات خۆی مەقابیل کا بە تۆ لێی ناگرم

هەرزە گۆیە بێ وەفایە دلبەری بازاڕییە

وەك بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە لێـردا هەندێـك دەسـتەواژەو نـاوی ناودونیـای ئەدەبیـات و مێـژووی ئەدەبیاتـی جیهانـی و ڕۆژهەڵاتـی بەکاردەهێنـێ و زۆربـەوردی و لەچوارچێـوەی پارچـە شـیعرو پێنـج خشـتەکیەکەیدا جێـی بـۆ دەکاتـەوە، وەك ئـەوەی ئـەم واتـە شـاعیرێکی وەك ڕەزابـەگ یارەکـەی خـۆی زۆر بەجوانـی وێنـا دەکات و دەناسـێنێ و لەگـەڵ ئەوەشـدا بەزمانێکـی شـیعری پـاراوەوە باسـی لێـوەدەکات و هێنـدە بەعیشـقەوە لـە دڵ و دەروونیـدا ڕەنـگ ئەداتـەوەو باسـی لێـوە دەکات لـە جوانێکـی وەك (لەیـل) و بگـرە زیاتروباڵاتریـش سـەیری دەکات، کـە کەسـێکی وەك(قەیـس)ی بەناوبانـگ شـەیدای بـووەو خۆشـی ویسـتووەو بەعیشـقەوە بۆتـە وێـردی سـەرزمان و هەروەهـا سـەرزمانانی زۆرێـك لـە گـەلان و میللەتانـی دونیـا

دەقی شیعرە پێنج خشتەکییەکەی ڕەزابەگی جاف

وا لە دووری فیرقەتی یارخوێن لە جەرگم جارییە
دڵ بە عەینی بولبولەو جەرگم وەکو گوڵ زارییە
دەم بەدەم دائم ئەناڵێ و وا ئەڵێ و هاوارییە
تیری غەمزەی چاوەکانت وا لە جەرگم کارییە
ئێستە ئەشکم وا بە خوڕدێ ڕەنگەکەی گوڵنارییە

خاڵی دولبەر دانەو و زولفی ئەگەر دامت بوە
شەککەری لێوی هەموو شامی ئەگەر شامت بوە
گەروەکو شاهی (جەم)یش ئەمجار ئەگەر جامت بوە
نەفسی سەرکەش چەند ڕۆژێ گەر جیهان رامت بوە
دڵ ئەگەر خۆش کەی بە خۆت بێ عارییە بەم عارییە

دلبەرم ئەمڕۆ بە( لەیلێ ) قەت موقابیل ناگرم
خۆم لە بازاڕی موحیبەت قەت لە (قەیس) کەم ناگرم
نەقشی ئەبرۆی چوون کەمانت قەت بە (مانی) ناگرم
گوڵ ئەگەر هات خۆی مەقابیل کا بە تۆ لێی ناگرم
هەرزە گۆیە بێ وەفایە دلبەری بازارییە

وا لە کونجی میحنەتا کەوتووم ئەمێستا تەن حەریق
لێم بڕا بەستەی دەهان و ڕوومەتی میثلی عەقیق
خوێنی دڵ دائیم دەنۆشم من لە جێی شوربی ڕەحیق
لێم گەڕێ تەنها نشینی کونجی غەم بم ئەی ڕەفیق
دەردەکەی من دەردی عەشقە زۆر گرانەو سارییە

خوێنی دیدەم وا لە باڵینم وەك سەیل بەرق ئەدا
وێڵ و سەرگەردانم من دائیم لە وادی عەشقدا
هەرکەسێ یاری کە دی تەحقیقە بۆم ئینصاف ئەدا
زاهیدی خودبین کە حەیرانە لە دوای عەشقدا
ریشەکەی پان و درێژی ڕەشمەو هەوسارییە

ڕوومەتی میثلی عەقیق و چاوەکانی پڕ خومار
سەروی باڵای بێ بەرە گرتویە دوو ئەنار
لەتلەتە دڵ دلئیما یاران لە بەر ئەبرۆیی یار
تازە زانیومە لە سەر دینی مەسیحایە نیگار
پەرچەمی عەینی سەلیبەو زولفەکەی زوناریيە

ناشکێ قوربان دڵم لە بەر جەوری ڕەقیب
عادەتی ئەو دائیما هەر فیتنەیی و بەدکارییە


وا لەبەر هیجران خراب بوو بناغەی موڵکی عەیش
چاوەکانی حاکمەو تیپی موژەی کردوە بە جەیش
ئێستە وا صەرفی غەم بوو ڕۆحەکەیش و عومرەکەیش
ڕۆح و صەبرو هۆشی بردم هەر بەجارێ ئێستەکەیش
هیچ نەما کاری بەمن بێ کارە وا پەیکارییە

جارێ ناپرسی لە حاڵم بۆچ مەگەر نازانی تۆ
زارو بێزارو نزارم کاری من هەر زارییە
وا لەبەر طاقی دوو ئەبرۆ پشت و طاقەت بوو بە طاق

شیعری طاهیر بیگ دەخوێنم با دڵێکی ئیحتیراق
(دانش) ئەمڕۆ کەوتە ناو دەردو غەم و ڕەنج و مەراق
تاقەتی شیعری نەماوە هیچ لەبەر ڕەنجی فیراق
ئەم کەلامە گەر دەڵێ (طاهیر) لەبەر بێ عارییە

## ٣- ئەحمەد مەحمود عەلی محەمەد، ناسراو بە (ئەحمەد کەلاری) ١٩٣٦-٢٠٠٨

ئەحمەد کەلاری شاعیرێکی خۆشخوانی کەلار، لە ساڵی ١٩٣٦ لە کەلاری کۆن لەدایکبووە، تا پێنجی سەرەتایی لە کەلاری کۆن خوێندووە، قۆناغی شەشی سەرەتایی و دوو قۆناغی ناوەندی لە خانەقین دەخوێنێت، بەڵام لەبەرچالاکی و زرنگی و هۆشیاری نیشتمانی و نەتەوەیی، کە لە ئاکاریدا ڕەنگیدابووەوە لە قۆناغی دووەمی ناوەندیی لە ناو قوتابخانەکەیدا دەگیرێت و بۆ خوارووی عێراق دوور دەخرێتەوە. لەمڕووەوە هەڤاڵ ئەحمەد کەلاری سەبارەت بە سەربوردەی باوکی دەڵێت(( ناوی تەواوی (ئەحمەد مەحمود عەلی محەمەد)ە لە ساڵی ١٩٣٦ لە کەلاری کۆن لەدایک بوە، تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە کەلار خوێندووە، پاشان لە خانەقین پۆلی شەشەم تەواو دەکات و بەردەوام دەبێت تا دەگاتە پۆلی دووی ناوەندی هەر لە ناو پۆلەکەیدا دەگیرێت و ڕەوانەی خوارووی عێراق دەکرێت، دوای ئازادکردنی بۆ جاری دووەم دەستبەسەر دەکرێ و نەفی دەکرێ بۆ خوارووی عێراق، لە ساڵی ١٩٦٢ ئازاد دەکرێ و دەبێ بە پێشمەرگە لە قەرەداغ وەک حاکمی شۆڕش



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



دەست بەکار دەبێت، ئینجا وەکو باڵی مەکتەبی سیاسی دەست بە کاری خەباتکردن دەکات و دەبێتە ئامر بەتالیۆن لە خانەقین.

دوای بەیانی ١١ ئازار هەردوو باڵەکە یەکدەگرنەوە و بەردەوام دەبن لە خەباتکردن، لە ڕیزەکانی پارتی زۆر چالاک دەبێت و لە ئاهەنگەکانی نەورۆز و بۆنەکانی کورد بە شیعرەکانی خۆی و شاعیرەگەورەکانی کورد جەماوەر دەخروشێنێت. دوای تێکچوونی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەویش وەک پێشمەرگەیەک بەشداری لە شۆرش دەکات لەگەڵ خێزانەکەیدا ئاوارەی ئێران دەبێت . دوای نسکۆ و گەڕانەوەیان بۆ عێراق ئاوارەی خوارووی عێراق دەبێت، لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی لەلایەن دەزگا سیخوڕیەکانی ڕژێمەوە چاودێری چڕ دەکرێت. وەرگیراوە لە(هەڤاڵ ئەحمەد کەلاری،٢٠٢٥)

ئەحمەد کەلاری شاعیر هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە خولیای شیعر و ئەدەب و کاری سیاسی دەبێت یەکێك لە مامۆستاکانی مستەفا نەریمان بووە. کە ( ئەندامێکی چالاک بووە لە حیزبی هیوا هەستی قوتابییەکانی بە سروودی کوردی جۆشداوە، لەلایەکی ترەوە بەهۆی خوالێخۆشبوو (حەمەسعید بەگی جاف) ئەحمەد کەلاری ئاشنایەتی لەگەڵ گۆڤارەکانی (گەلاوێژ، هیوا، هەتاو، دەنگی گێتی تازە) پەیداکردوە ،ساڵی ١٩٥٨ پاش کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم ئازادی حیزبایەتی لە عێراق دەستپێکرد، پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەو هەل و مەرجەی قۆستەوە لە شاری خانەقی چالاکی کوردایەتی گەشەی کرد، ئەحمەد کەلاری دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقی پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئەرکی ڕێکخستی جووتیارانی ناوچەکەی پێدەسپێرن))(ساڵح هەلاج،٢٠١٣: ٢٨٣) .

لەگەڵ هەڵگیرسانی شورشی نوێ پەیوەندی دەکاتەوە و بەشداری چالاکییە سیاسییەکان دەبێت، بەلام دیسانەوە دەگیرێت و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان دوای بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان و سەرکەوتنی گەلەکەمان کۆمیتەیەک دادەمەزرێنێ بە ناوی کۆمیتەی تێکۆشەرە دێرینەکان،

پاشان ئەحمەد کەلاری دەبێتە نوێنەری بەڕێز مام جەلال تاکو ساڵی ٢٠٠٨ واتە تا کۆچی دوای بەردەوام دەبێت، زۆربەی شیعرەکانی کەلە سەرەتای لاوێتییەوە نوسیویەتی لەبەر ئاوارەیی و دەربەدەری لەناوچون، هەندێ لە شیعرەکانی ماون و پارێزراون لەکاتی گونجاودا بە چاپی دەگەیەنین .(هەڤاڵ ئەحمەد کەلاری، ٢٠٢٥) .

چەند کۆپلەیەکی هەمەچەشن لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە شیعرەکانی ئەحمەد کەلاری:

**شیعری ئەزموون و ئاوەزمەندی**

تەمەنی زۆردار چەندە درێژبێت ناگاتە تەمەن هیچ گەلی جیهان
چەندە دڕندە و خوێنڕێژ و پیس بێت ورد ورد ئەیجنی ڕەورەوەی زەمان

**شیعر بۆ نەورۆز**

نەورۆز دەمێکە لەگیرو داوین
کۆشی مەینەتین بۆیەکە ماوین
بە ڕوومەت مەبین کە هەندێ خاوین
بەڵام بە هەڵمەت هێشتا هەر لاوین

کاتێـک لـە سـاڵی ١٩٦٣ لـە دیوانییـە بەنـدی بـووە، عەریفـی خەفـەری گرتووخانـە بەنـاوی خەمیـس فحـل پێیدەڵێـت کاک ئەحمـەد شـۆڕش دامرکایـەوە و مـەلا مسـتەفاش گیـرا، ئەویـش هەرچۆنێـک بێـت قەڵەمێـک پەیـدا دەکات و لەسـەر سرفتـی چەنـد پاکەتێکـی جگـەرە شـعرێک دەنوسـێ بـە نـاوی کۆڵنـەدان:

کۆت و کەلەپچە قسەی سارد و سڕ
تۆپ و فڕۆکە گولەی گەرم و گوڕ
بەقەت تۆزقاڵێ کار ناکا لە دڵ
دڵ بولبولێکە شەیدایە بۆ گوڵ
زیندانی تاریک یان دوری وڵات
بۆ هیوای کوردم دانا بە خەڵات
ئێستا لەوساکە زیاتر بە گوڕم
زۆرتر چریکە و دەنگ هەڵدەبڕم

شـاعیر لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە خانەقیـن ئاشـنایەتی لەگـەڵ مـام جـەلال پەیـدا دەکات، ئـەو پەیوەندییـە تاکۆچـی دوایـی کـە دەکاتـە ٢٠٠٨/٣/١٠ بـەردەوام بـوو. وەرگیـراوە لـە (هەڤـاڵ ئەحمـەد کـەلاری، ٢٠٢٥)

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## ٤- محەمـەد حەسـەن حەمیـد، نـاسراو بـە (محەمـەد پـەژار) ١٩٩١-١٩٥٤



پـەژار، گەنجێکـی ڕووناکبیـر و بەهرەمەنـد و کـورد پـەروەر، شـاعیر و نووسـەر و ڕاگەیاندنـکار، نـاوی تـەواوی( محەمـەد حەسـەن حەمیـد ئەحمـەد)ە لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە کـەلاری کـۆن لـە دایکبـووە،

### من و پەژار و ڕێکەوتێکی خۆش :




تـازە هاتبووینـە کـەلار، ڕۆژێـک بـەرەو بـازاڕ دەڕۆیشـتم سـواری جێبێـک بـووم (ئەو کاتـە تەنهـا هـۆکاری گواسـتنەوەی ناوخۆیـی لەکـەلاردا جێـب بـوو) ، بینیـم گەنجێکـی ٣٠ سـاڵان بـەڵام یـەک پارچـە لـە وره ، ئیـرادە ، بوێـری ، قسـەزان ، ئـەوەی نەدەوتـرا دەیـوت (کوردایەتـی ، گیـان فیدایـی ، خەبـات ، کۆڵنـەدان ، قوربانیـدان ، دوژمنـان ....) چەنـد چەمکێکـی ئاشـنا بـە ڕۆح و بیـر و هەسـتم ، ئـەو بەردەوامبـوو ، وامدەزانـی دڵنەوایـی مـن دەکات و هەمـوو قسـەکانی بۆمنـە ، لەناخـەوە زۆر هەسـتم بـە ئاسـودەیی دەکـرد ، بـەڵام نەمدەوێـرا بیدرکێنـم و شـتێک بڵێـم ، ئاخـر ئێمـە غەریـب بوویـن حەقمانبـوو بترسـین ، بەگومـان بیـن ، بۆیـە دوای ئـەوەی بـەوردی گوێـم بـۆ وتەکانـی شـلکرد پیـرە جێبیـش وردەوردە دەجـوڵاو ناوەنـاوەش بۆماوەیەکـی بـاش دەوەسـتا تـا سەرنشـینێک لـە کۆڵانێکـەوە دەگەیشـت ، ئیـتر ئەمـەش هەلێێـک بـوو بـۆ بیسـتنی زیاتـری وتەجوانەکانـی ئـەو گەنجـە ، کـە یەکـەم جـارە بەدیـداری شـاد دەبـم . بەئەسـپایی و زۆر لەسـەرخۆ وەک ئـەوەی تەنهـا ئـەو گوێـی لێبێـت ، هاتمەگـۆو وتـم :

-کاکە قسەکانت زۆر ڕاستن ، قسەی دڵی هەموومانن

گەنجەکـە- هیـوادارم وابێـت ، ئیـتر بەسـە تـرس ، بەسـە خۆفرۆشـی ، بەسـە ملکەچـی و بەسـە و بەسـە و.... بەردەوامبـوو

-تەنها قسە مەرج نییە کردار گرنگە

گەنجەکـە – زۆر ڕاسـتە کـردار گرنگـە ، منیـش ئـەوە دەڵێـم پێویسـتمان بەکـردارە ، دوژمـن نیـازی زۆرخراپـە .

-ڕاستە ئەوەتا ئەو هەموو دێهاتەی ڕوخاند و هەموو خەڵکی لە کۆمەڵگادا کۆکردوەتەوە .

پێویستە زۆر وریابین ، دەنا خراپمان لێبەسەردێت .

گەنجەکە – بەڵێ وایە بەڵام دەبێ بڕوامان بە هێزی خۆمان هەبێت ، بە دڵنیاییەوە هەموو شتێکیشی بۆناچێتەسەر .

-بێگومان ئەم پلانە نەگریسانە چەند جارێکیتر پێش ئەمانە تاقیکراونەتەوە و سەرکەوتونەبوون .

گەیشتینە گەراج

گەنجەکە – من ناتناسم ، خەڵکی کەلاریت ؟ حەزدەکەم بتناسم .

-خۆم پێناساند بەڵام کە وتم خوێندکاری بەشی کوردیم لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر هەستم بە ئاسودەیی و گەشانەوەیەکی ئاشکرا کرد لەڕوومەتی گەنجەکەدا .

-گەنجەکە – زۆر خۆشحاڵبووم منیش محمد پەژارم شاعیرم و شیعریشم زۆر لە هاوکاری و بەیان .. بڵاوکردوەتەوە بەرنامەشم لەڕادیۆی دەنگی کوردی هەبوو .

-زۆر خۆشحاڵبووم . زیاتریش دوای ئەوەی کە زانیم شاعیرە ، ئەوە بۆخۆی دڵنیاییەکی زیاتری پێبەخشیم .

-پەژار - حەزدەکەم پەیوەندیمان هەبێت من کتێبخانەیەکم هەیە لە بەرانبەر مزگەوتی ناوبازاڕ کتێبخانەی کوردەواری .

تەواو دڵخۆشبووم چونکە شوێنی ئەو کتێبخانەیەم نەدەزانی و نەشمدەزانی جگە لە کتێبخانەکەی مام سابیر کەلار کتێبخانەی تری تێدایە .

-بێگومان سەردانیت دەکەم خواحافیز

-پەژار – خوات لەگەڵ

ئەم دیدارە کورتەی ناو جێبێک لە نێوان من و پەژاردا دەروازەیەکی بۆ خستمە سەرپشت ، هەربۆیە بۆ ڕۆژی دواتر چومە کۆڵانی مزگەوتەکە و بینیم ژمارەیەک کتێب لەسەر چەند کارتۆنێک لەبەر دەرگایەکی بچوکدا ڕیزکراون ، لەسەر دەرگاکەش

نووسراوە کتێبخانەی کوردەواری ، زۆر گەورە هاتە پێش چاوم چونکە من لە هەولێر هەرکتێبێکی باش و دەگمەنم بویستایە لەبن دیوارەکانی بن قەڵا یان لای دادگای پشت پارێزگا دەستم دەکەوت بۆیە هەمان ئومێدم بەو کتێبخانەیە و بە خاوەنەکشی پەیداکرد .

ئیتر هاوڕێیەتییەکی نوێ و پڕ بەهام بۆ بنیاتنرا ، قسەو باس بەبێترس ، زۆر جاریش باسی ئەدەبیات و زانکۆ ، سەردانی بەردەوامم بۆکتبخانەی کوردەواری زیاتر ئاشنای پەژاری کردم تا دەهات خۆشەویستی ئەو پیاوە لە ناخمدا گەشەیدەکرد ، ئەفسوس دەستی ڕەشی دوژمنان لە بەرواری ٢٥ / ٣ /١٩٩١ پەژاری شەهیدکردو دەنگێکی دلێر و پێنووسێکی بوێری میللەتەکەمانی گەیاندە کاروانی نەمران و دەیان خەونی ڕەنگاڵەی لەگەڵدا جوانەمەرگکرد .نمونەیەکی شیعری پەژار:

ورە<br>
گەر وتیان ورە<br>
بڵێ تا دارگوێزێ مابێ<br>
تاوەکو دونیا دونیابێ<br>
خۆری چیای بەرزی ورەم<br>
ئاوابێ و<br>
ئاوابێ

****** ********

ڕێ<br>
گەروتیان دڵگیرترین ڕێ<br>
بڵێ ئەو تولەڕێگەیەی<br>
یاڵەو یال پێچاو پێچ دەخزێ<br>
بۆ کەوسەری کانیاوەکەی<br>
بەهەشتی دێ

جێی ئاماژەبۆکردنە تا ئێستا سێ جار دیوانی پەژار چاپکراوە جاری یەکەم لەلایەن سەرکۆ محەمەد جافەوە لە ساڵی ٢٠٠١ دوو جار لەلایەن پ.ی.د. ئەحمەد باوەڕ لە ساڵەکانی( ٢٠٠٣ و ٢٠١٤ )ە چاپکراوە.

د. ئەحمەد باوەڕ لە چاپی دووەمی دیوانی پەژاردا نووسیوویە(( پەژار قۆناغی

خوێندنی سەرەتایی لە کەلار کۆن و قۆناغی ناوەندی لە شاری کفری و ئامادەیی پیشەسازی لە کەرکوک تەواو کردوە . هەر لە قۆناغی لاوێتیەوە خولیا و ئارەزوی خوێندن و نووسین و بەهرەی شیعریی لە ناخیدا چەکەرەی کردووە . بە جۆرێک وەک لە دەستنووسەکانی خۆیدا بەرچاودەکەوێت، یەکەم هەناسە و بەرهەمی شیعری خۆی بە ناوی (غەریبی) یەوە لە ١٧-١٢-١٩٦٩ داو لە تەمەنی ١٥ پازدە ساڵیدا کە ئەوکاتە خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بووە لە شاری کفری نووسیوە. دوابەدوای ئەمەش ناوبەناو شیعر و هۆنراوەی تری بە دوادا هاتووە. بەڵام یەکەم کۆپلەی شیعری لە ناوڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوودا لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٢٩)ی ئەیلولی ١٩٦٥. بە ناونیشانی : (ئاوارەیی ) و بە ناوی پەژار کەلاریەوە لە لاپەرە (٤٦)دا بڵاوکردوەتەوە .

لە بەرواری (٢٥-١-١٩٧٧)ەوە و بەپێی ئەو شوناسنامە( هەویە )یەی کە تا کاتی ئەم نووسینە لەبەر دەستماندایە و ژمارەکەشی ( ٩١٧) یەو تازەکراوەتەوە وەک ئەندامی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی )بووە لە شاری بەغدا و دواتریش بە ماوەیەک وەک فەرمانبەر ( تێبینەری تەکنیکی ) لە فەرمانگەی کارەبای بەغدا دادەمەزرێت . ئەم هەنگاوەش بۆخۆی گەورەترین دەروازە دەبێت کە لە ڕووی جیهانی ڕوناکبیری و ڕۆژنامەنوسییەوە بە ڕووی محمد پەژاری شەهیددا دەکرێتەوە، بەوەی کە بە تەواوی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییکانەوە نزیک دەبێتەوە کە لەو دەمانەدا لە شاری بەغدادا بڵاوکراونەتەوە لەوانە: گۆڤاری بەیان ، ڕۆشنبیری نوێ ، هەفتە نامەی پاشکۆی عێراق، ڕۆژنامەی هاوکاری و هەروەها بەشداریکردنی بەردەوامی لەو کۆڕ و کۆبوونەوە شیعری و ئەدەبیانەدا کە ناوبەناو دەبەستران. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشەوە دەبێتە ئەندامی (یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد) و لەوکاتە بە دواوە لە ئێزگە و ڕادیۆی کوردی بەغداوە بەرنامەیەکی ئەدەبی کە لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی خۆی دەبێت، بڵاودەکاتەوە بە ناوی )کاروانی شیعر و مۆسیقا).

هاوکات بەرنامەیەکی میژوویيشی پیشکەش کردووە لە هەمان ئێزگەی کوردی بەغداوە کە ئەویش لە نووسین و ئامادەکردنی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد بووە بە ناونیشانی : ( چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق) سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ئەو نووسین و شیعر و بابەتە ئەدەبی و وەرگێڕانانەی کە بە زمانی کوردی و عەرەبی لە زۆربەی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەک : بەیان , کاروان ، نووسەری کورد ، هاوکاری ، ڕەنگین بڵاوکراونەتەوە ، لە ساڵی ( ١٩٨٨) ەوە بە تەواوی گەڕایەوە شاری کەلار ، دواتر کتێبخانەیەکی بچوکی بەرامبەر مزگەوتی گەورەی کەلار کردەووە بە

ناوی ( کتێبخانەی کوردەواری )یەوە . تا ڕۆژگاری ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١.

محمد پەژاری شەهید یەکێک بوو لەوانەی لە شاری کەلار و تەوەری گەرمیاندا بەشداری ئەو پەلامار و هەڵچونە جەماوەرییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بە ڕووی داگیرکەراندا کرد و لە ڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا بشێک لە کاری ڕاگەیاندنی ئەوتەوەرەی گرتبووە ئەستۆ ، تا ئەوکاتەی سوپای داگیرکەری بەعس بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستان و ناوچەکە بە هاوکاری هێزەکانی مەسعود ڕەجەوی کە بە : ( موجاهیجی خەڵق ) ناسرابوون. لە بەرە بەیانی ٢٥-٣-١٩٩١ ەوە بە چەند تانکێکەوە هێرشیان کردە سەر شاری کەلار و ناوچەکە و لە ئەنجامی ئەوەشدا هەرچەندە هیچ یەک لە هێزەکەی داگیرکەر لە دەست جەماوەری ڕاپەڕیوو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕزگاریان نەبوو بەڵام بەهۆی ئەو دەستڕێژە بەردەوامەیانەوە بۆ سەر دانیشتوانی شار و ناوچەکە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، دەیان کەسیان شەهید و بریندار کرد . یەکێک لەوانە محمد پەژاری ئەدیب و شاعیر بوو . (ئەحمەد باوەڕ،٢٠١٤: ٢٧)

ناوەرۆکی شیعری پەژار هەمەچەشنن بەشێکی بەرهەمەکانیشی تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، بەئومێدی ئەوەی لە داهاتوودا کۆبکرێنەوە و بڵاوبکرێنەوە بۆئەوەی لە لەناوچوون بپارێزرێن و وەك سەرچاوەش خوێنەر و توێژەری کورد سوودی لێوەربگرن. و ئەوەی بڵاوکراوەتەوە لە دیوانەکەیدا شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی و وەسف و خۆشەویستی ، خەم و ئازار...تد هەن. بۆنموونە:

**١- شیعری نیشتمانی:**

پەژار زۆر لە خەمی گەل و نیشتمان و نەتەوەکەیدابووە، لەبەرئەوە دەبینین بەشی زۆری شیعرەکانی تەرخانکراوە بۆ بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئینجا هۆشیاری.

ئەی پێشمەرگەی کورد ئەی پاڵەوان
مایەی دواڕۆژی سەربەرزی کوردان
قەت ڕانەوەستیت لە تێکۆشانا
لە شەوە زەنگی ڕەشی زستانا

دیوانی شەهید محەمەد پەژار ل٤٧



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**٢- شیعری هزرو هۆشیاری**

بڕوخێ سەرمایەداریی
بروخێ چینی زۆرداری
داگیرکەران دەی بچنە دەر
دەتان هاڕین و کۆڵنەدەر
بە ئازادی ئەشنێینەوە
بۆنیشتمان ئەتوێینەوە
بە یەکگرتن و بە ئەوین
هەتاماوین هەر بۆ ئەوین

دیوانی شەهید محەمەد پەژار ل٤٨

٣- ئەبێ چ تاسە و حەسرەتێك وایکردبێت شاعیرێك لە هەرەتەی لاویدا هیوا بە مردن بخوازێت، ناهەمواری باری دەروونی هەندێ جار پەژاری تووشی بێئومێدی و یەئس کردووە ، بەڕادەیەك کە مەرگی خۆی خواستووە .

ژینم گەر وایە تاسەر تادەمرم
خوایە بمکوژی بە گەنجی بمرم
وێڵ و ئاوارە تاوێ لە شوێنێ
ئاسۆی ڕوناکم لێڵی ئەنوێنێ
ئاواتم تاسا هەموو ڕۆژ دەمرم
چەند خۆشە جارێک یەکجاری بمرم

دیوانی شەهید محەمەد پەژار ل٨٩

**٤- شیعری ئازار و نامۆیی**

غەریبی
ئاخ لە دڵەکەی من دایم پڕ غەمە
هام لە غەریبی دەرد لە لام جەمە
ئاخ لە ئەو کەسەی هالە غەریبی
دڵی غەمبارە و غەمە نسیبی
ئاخ لەو کەسانەی دوور لە وڵاتن

دڵیان پڕ غەمە و هەر کز و ماتن
دایم لە دڵیان غەم وەشێنراوە
دەڵێی بە خەنجەر جەرگیان بڕاوە
خۆزگەم بەو کەسەی نزیک وڵاتە
نزیک دۆست و کەس لای ڕۆژهەڵاتە

کفری ١٧-١٢-١٩٦٩ دیوانی شەهید محەمەد پەژار ل٦٢

**٥- شیعری ئەویندارى**

گیانەکەم گوڵی شیرین
تاقە ڕووگەکەم
ئەتپەرستم شۆشی دێرین
سەرەمەرگەکەم
خۆشەویستم
هۆش و هەستم
پێم ئەڵێن باسی تۆ نەکەم
لە خۆشی و ناخۆشیت نەگەم
سەردەمی دڵداریمان ڕۆیی

کەلار ١٩٧٥/١٢/٢٤ دیوانی شەهید محەمەد پەژار ل١٠٩

٦- گرانترین جۆری شیعر شیعری منداڵانە، هەموو شاعیرێکیش ناتوانێت شیعر بۆ منداڵان بنووسێت، چونکە پێویستی بە توانای گەڕانەوەیە بۆ تەمەنی منداڵی بە بیرکردنەوە و بەڕەفتار، بە ئاخاوتن، بەبینین....، ئینجا شاعیر دەتوانێت دەقێك بۆ منداڵ بنووسێت، پەژار لەمبوارەشدا وەك دەوترێت ئەسپی خۆی تاوداوە و شیعری بۆ منداڵان نووسیوە:

مژدە مژدە واڕۆژهەڵات
خەندە ڕووی کردە وڵات
بەهار لە نوێ گەڕایەوە
دارو درەخت گەشایەوە

دیوانی شەهید پەژارل٩٩



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## سەرچاوەکان

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- ئەحمەد باوەڕ(٢٠٢٤)چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی کورد و زانستی مێژوو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

٢- خەسرەوجاف(٢٠١٣)مێژووی هۆزی گەورەی جاف، هەولێر .

٣- دیوانی شەهید محەمەد پەژار(٢٠١٤) کۆکردنەوە و لەسەرنووسینی د. ئەحمەد باوەڕ، لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەری گەرمیان، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی .

٤- ساڵەح هەلاج(٢٠١٣) مێژووی شیعر و شاعیرانی گەرمیان، چاپخانەی گەنج، سلێمانی .

٥- مستەفا نەریمان(٢٠٠٧)ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروبەری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا .

٦- کەشکۆڵی مەحمود پاشای جاف (٢٠١٤) ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە د. حەسەن جاف ، بڵاوکردنەوەی بنکەی ژین .


٧- کەشکۆڵی مەحمود پاشای جاف (٢٠٢٢) ، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین عەبدوڵای حەبیبی انتشاراتی کوردستان، سنە، ئێران .

دیدار و پەیوەندی تەلەفۆنی:

١- پ.ی.د. ئەحمەد باوەڕ، کەلار ، ٢٠٢٥- ٢٠٢٦ .

٢- هەڤاڵ ئەحمەد کەلاری ٢٢-٢٣-٢٠٢٦/١/٢٥

٣- سەرکۆ محەمەد جاف ٢٠٢٦/١/٢٦



# بنەماژینگەیی و سروشتییەکانی شاری کەلار

**رزگار حاجی حەمید**

بە مەبەستی ئامانج گەیاندنی بابەتەکە کە شیکردنەوەی بنەما ژینگەیی و سروشتییەکانی شاری کەلارە, بریتین: لە جیۆلۆجی و بەرزونزمی و ئاووهەوا و سەرچاوەکانی ئاو و خاك و ڕووەکی سرووشتی, کە بایەخێکی زۆرییان هەیە، لەسەر لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیا بەگشتی و جوگرافیای سروشتیی بەتایبەتی, هەروەها کاریگەری ژینگەیی لەسەر هەموو پێگە و شوێنە جوگرافیاکانی شار هەیە و ڕەنگیداوەتەوە لەسەر جوگرافیای مرۆیی شارەکە, لێرەدا لەبەرئەوەی بابەتەکە تایبەتە بە گۆڤارێك ڕەنگە نەتوانرێت بە وردی ئەو تایبەتمەندییە سروشتییانە شیبکەینەوە و نەخشە و خشتەیان بۆ دابنێین, ناچار هەندێکی بە کورتی هەندێك لایەنی دیکەی باس نەکەین یان تێکەڵی بکەین لەگەڵ ڕەگەزێکیتری نزیك لە خۆیدا, بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو تایبەتمەندییانە دەخەینە ڕوو:

## شوێن و پێگەی شاری کەلار

شوێن: مەبەست لێی دەستنیشانکردنی سەنتەری شار و پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر یان ئەو هەرێمانەی کە دەورەیان داوە دەگرێتەوە, بەیەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی جوگرافیا دەژمێردرێت, بەتایبەتی لە بواری جوگرافیای شاردا, وە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی ڕۆڵی شار و ئەو ئاستەی دەیەوێت لە ئایندەدا پێی بگات, لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرنگە بڕیار لە گەشەکردن و پێشکەوتن و شێوازی



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە


درێژبوونەوە و ئاراستەی فراوانبوونی شار دەدات (١), هەروەها گرنگییەکی کاریگەر و بەرچاوی هەیە لە زانستی جوگرافیادا, چونکە دیاریکردنی شوێنی هەر ناوچەیەك یان هەرێمێك یان دەوڵەتێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، شوێن فاکتەری هێزە بۆ دەوڵەت یان هەرێم, شتێکی ئاشکرایە شوێن لەسەر گۆی زەوی بە درێژایی کات جێگیر و نەگۆڕە، بەڵام بەهای سیاسی و ستراتیجی هەموو شوێنەکان، لە گۆڕاندایە، زۆر کەس شوێنی جوگرافی بەهەند وەرناگرێت, ئەم نادیدە گرتنە تەنیا لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە نییە, بەڵکو زۆرێك لە پیاوانی دەوڵەت و ستراتیجیستە سەربازییەکانیش, دەکەونە هەمان هەڵەیەوە, بۆیە زۆرجار شوێنەواری خراپی بە جێهێشتووە لەسەر پلانە ستراتیجییەکان لە مێژوودا, لەبەرئەوەی پەیوەندی بەهێز لە نێوان شوێنی جوگرافی و گرنگی شار یان پیشەکانی یان ئەو مەبەستەی کە شاری لە پێناوی دەرکەوتووە (٢), لە ڕووی جوگرافییەوە شاری کەلار کەوتووەتە ناوچەی نیمچە شاخاوی لە هەرێمی کوردستاندا, لە ناوچەی بان و گردەکانی کەرکوك, واتە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها لە ڕووی کارگێڕییەوە هاوسنوورە لەگەڵ قەزای ڕزگاری لە بەشی ڕۆژئاوای, قەزای خانەقین لەبەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی, قەزای دەربەندیخان لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵات هەردوو قەزای چەمچەماڵ و قەرەداغیش لە بەشی باکووری, لەڕووی شوێنی فەلەکییەوە کەوتووەتە نێوان دوو بازنەی پانی ( ) پلەی باکوور و وە نێوان دوو هێڵی درێژی ( ) پلەی ڕۆژهەڵات، لە نەخشەی(١) ڕوونە لەسەر ڕووبەرێکی تەخت شارەکە بنیاتنراوە کە بەرزییەکەی لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە لە نێوان ٢٠٠ ـ ٢٨٠م دایە (٣), دەکەوێتە دو=٨٠ ٣٦- ٣٤° ـ ٢٤= ٣٩- ٣٤°ن پایتەختی عیراقەوە، کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژ١٥= ١٧- ٤٥° ـ ٥٠= ٢١- ٤٥°نەوە و لە مەرزی پەروێزخان ٣٥ کم دوورە, لە ڕووی کارگێڕییەوە هاوسنوورە لەگەڵ چوار قەزای دیکە، لە ڕۆژئاواوە هاوسنوورە لەگەڵ قەزای ڕزگاری و لە ڕۆژهەڵاتی قەزای خانەقینە، لە باکوورەوە قەزای دەربەندیخانە, ناحیەی کۆکسی سەربە قەزای کفری دەکەوێتە باشوورییەوە, کە پانتایی و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە شوێنەکەی لەبارە بۆ زیاتر گەشەکردن و فراوانبوون، لەسەر ڕووبەرێکی تەختایی بنیاتنراوە دەشتێکی پان و بەرین دەگرێتەخۆ، ڕووباری سیروان بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێت کە ئەمیش کاریگەری خۆی هەیە (٤).

پێگە: وێنەی زەوییە، کە شاری لەسەر بنیاتنراوە لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی، کە هەموو ڕووبەری شارەکەی لەسەر بنیاتنراوە، پێگە خوێندنەوەی دیاردە سرووشتییەکان دەکات، وەك تۆبۆگرافیا و پلەی لێژی زەوی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و ئاو و ئەو ناوچانەی کە مەترسی لافاو یان هەیە، یان مەترسی زەمین لەرزە، یان گڕکانەکانیان هەیە،

دواتـر کـەش و هـەوای ئـەو ناوچەیـە لەسـەر شـارەکە درووسـت دەکرێـت، پێگـەی شـار سـنووردارە کـە شـاری لەسـەر بونیاددەنرێـت لـە نـاو سـنورە ئیدارییەکەیـدا، یـان ئەوەیـە کـە ڕووبـەری بینـاکان دەگرێتـەوە، ئەگـەر سـەرنجێکی جوگرافییانـەی پێگـە شـاری کـەلار بدەیـن دەبینیـن پێگەیەکـی زۆر گرنگـی هەیـە، لەبەرئـەوەی دەکەوێتـە سـەر هێڵـی سـەرەکی ئۆتۆمبیلـی (سـلێمانی، کـەلار و بەعقوبـە) لەلایەکیتریشـەوە لـە ڕێگـەی هێڵـی لاوەکییـەوە بەسـتراوەتەوە بـە شـاری خانەقینـەوە, هەروەهـا لـە ڕێگـەی خاڵـی سـنووری پەروێزخانـەوە کـەلار بـە شـاری (قـەسری شـیرین) لـە وڵاتـی (ئێـران) دەبەسـتێت (٥), وەك لـە نەخشـەی ژمـارە (١)دا هاتـووە,

نەخشەی ژمارە (١)

شوێن و پێگەی شاری کەلار بەپێی قەزای کەلار و عیراق



سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە:

1 –حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار،بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی شاری کەلار، بڵاونەکراوە، ساڵی 2020.

2–هاشم یاسین، سەردار محمد، هۆشیار محمد، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان، چ1، چاپخانەی تێنوس، 2009.

3- بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map GIS 10.8.1).



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گرنگی شاری کەلار لەوەدا دەردەکەوێت, کە بەشی هەرە زۆری ڕووبەرەکەی دەشتاییە و شیاوە بۆ کشتوکاڵکردن بڕی ٢٩١١٩٧ دۆنم شیاوە بۆ کشتوکاڵکردن ٢٨٥٠١٨ دەیمی کاڵە ٦١٧٩ دۆنمی بەراو ٥٦٩٥١٨ دۆنمی بەردەڵانە, ڕووبەری گشتی لە ساڵی١٩٧٧دا دەکاتە ٣٦٤کم٢, چڕی دانیشتوان ٦٨ کەس\کم٢ بەڕێژەی ١٣,٤٪ لە کۆی ڕووبەری گشتی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت لە ساڵی ١٩٨٧دا ڕووبەرەکەی (٣٣٢) کم٢ بووە, دانیشتوانی ناوەندی قەزای کەلار ٨٢٠٠٤ کەسە و چڕییەکەی دەکاتە ٢٤٧ کەس, ڕووبەراکم٢, لە ٢٠١٢دا ڕووبەری گەیشتووەتە ١٧٥٠،٧٥ کم٢بە ڕێژەی ١٤،٨٪ لە کۆی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت و ١٤٪ ڕووبەری گشتی لە ئیدارەی گەرمیان، ئێستاش کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە (٦), پێگە بەشێکە لە پێکهاتەی شوێن, وە شوێنیش پێکدێت لە کۆمەڵێك پێگە, کە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە لە چوارچێوەی ڕووبەری ئەو شوێنەی شاری لەسەر بونیاتنراوە, واتە پێگە خاڵێکە لەسەر ناوچەیەك, لە خوارەوە لەسەر ئەو بابەتانە دەدوێن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لەسەر شاری کەلار هەیە (٧).


## بنەما سروشتییەکانی شاری کەلار

یەکەم/ پێکهاتەی جیۆلۆجی: گۆڕانکاری پێکهاتەی جیۆلۆجی عیراق, پەیوەندی بە تێپەڕبوونی مێژووی جیۆلۆجی ناوچەکە بەگشتی هەیە و ئەوەش پەیوەستە بە دیاردەی بەرەو پێشچوون و پاشەکشەکردنی ئاوی دەریای تیسش (Tethys) و ئەو جووڵە تەکتۆنیانەی کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە (٨), هەروەها لێکۆڵینەوە دەربارەی پێکهاتەی جیۆلۆجی هەر شارێك، دەبێت لە پێشدا ئەوە بزانیت جۆری خاکەکەی تا چەندە توانای دروستکردنی بینا و خانوو و ڕێگاوبان و ئاوەدانی هەیە، وە فراوانبوونی شاریش پەیوەستە بەجۆری خاك و بەرد و توانای بەرگرییەکەی بێ گومان کرداری پلاندان و دابەشکردنی کەرتی خزمەت گوزارییانەی پشت بەدامەزراوەکانی لەسەر زەوی و ژێر زەوی دەبەستێت, بۆیە پێکهاتەکانی ئەو خاکەی شاری لەسەر بونیاتنراوە کاریگەری گەورەی دەبێت لە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی ناو شار, هەندێك جار پێکهاتەی جیۆلۆجییەکەی گونجاوە و لەبارە بۆ دروستکردنی لایەنی خزمەتگوزاری و کردارەکە ئاسان دەکات (٩), لە ڕووی جیۆلۆجییەوە گەرمیان ناسراوە بە کەمی درز و شکان تێیدا بە بەراورد بە ناوچەکانیتری هەرێمی کوردستان, چونکە لە ڕووی بونیادی جیۆلۆجییەوە تا ڕادەیەك کاریگەری پێکهاتەی جووڵەی ئەلپی لەسەرە، ئەوەش بەهۆی شوێنی جوگرافی عیراق و سروشتی جیۆمۆرفۆلۆجییەکەی کە لە ماوەی جووڵەی ئەلپیدا بونیادە جیۆلۆجییەکانی هەرێم و عیراق دروستبوون, پێکهاتەی جیۆلۆجییەکانی بە زۆری دەکەونە کۆتایی سەردەمی جیۆلۆجی سێیەمەوە, کە زۆربەیان سەر بە ماوەی ژیانی تازەن, لە نێوان (مایۆسینی خواروو و هۆڵۆسین)ەوە, کە بە زۆریش لە پێکهاتەکانی ماوەی سێیەم و چوارەمن (١٠), کەواتە ناوچەکەدەکەوێتە بەشێك لە

ناوچەی چیا نزمەکان (Low folded zone) وە بە دیاریکراویش پشتێنەی چەماوە نزمەکان کە تێیدا چینە بەردەکان توشی چەمانەوەی لاری چینەکان بوون و پلەی لاری چینەکان لە سفرەوە تاوەکو نزیکەی ٧٠ پلە دەبێت و بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ١٠-٤٥ پلە دایە (١١)، هەروەها ناوچەی کەلار دەکەوێتە سەر پلێتێکی گۆڕاو بەتایبەتی دەکەوێتە چوارچێوەی ناوچە نزمەکانەوە کە پێی دەڵێن: تەپۆڵکە، لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێم، ئەم شوێنە بەوە ناسراوە زنجیرە شاخی کەمی تێدایە و شێوەی قوپاوی هەیە، بە بەراوورد لەگەڵ ناوچەکانیتری هەرێم، ناوچەی جیۆلۆجی دەکرێتە دوو بەشەوە (جیۆلۆجی چینەکان و پێکهاتەکانی جیۆلۆجی) لە چەند شوێنێکی جیاجیای کەلاردا هەندێك پێکهاتووی بەردی بەرچاو دەکەوێت، لەگەڵ چەرخی جیۆلۆجی ئایۆسین بەردەوام دەبێت تاوەکو ئێستا خۆی لەو نیشتووە تازانە دەبینێتەوە، ئەم پێکهاتانە جیاوازییان هەیە لە سیفاتی بەردیندا، لەگەڵ پلەی کارتێکردنیان بەرانبەر کارە جیۆمۆرفۆلۆجییە جیاجیاکاندا، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر پێکهاتەی سەرەکی و دیار هەیە لەم ناوچەیەدا، وەکو پێکهاتەکانی بەرزایی بەردەسوور و کەلار کە شێوەیان بە شوێنی قووڵ پێکهاتووە کە وەك یەك نییە، لە نێوان ئەم بەرزاییانە ژمارەیەکی زۆر بەرزایی دەرچووی دیار هەیە و شێوەیان وەك یەك نییە، کە لە دەشتێکی تەخت پێکدێت پڕە لە نیشتووەکانی سەردەمی سێیەم، کە درێژی ئەم گردانە دەکەوێتە نێوان ١٣٠-٢٠٠ کم، کە یەکیان گرتووە لە گەڵ لوتکەی درێژکۆڵە پێچەوانەیە (١٢)، بنوارە نەخشەی خوارەوە:

نەخشەی ژمارە (٢)

پێکهاتەی جیۆلۆجی لە شاری کەلار




GEOLOGICAL MAP OF QARADAGH – KALAR BASIN, Produced by FAO ,Northern Iraq ,Coordination Office, Scale 1 : 50000 .



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دووەم/ بەرز و نزمی:

لە ڕووی بەرزونزمییەوە هەرێمی کوردستان پۆلێن دەکرێت، بۆ دوو ناوچە (شاخاویی و نیمچە شاخاویی), سەبارەت بە تۆپۆگرافیای کەلار دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوییەکانی هەرێمەوە, بە ناوچەیەکی گواستراو لە نێوان هەرێمی چیای باکوور و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی بان و ڕێك لە باشوور, دەژمێردرێت بە ناوچەی نیمچە شاخاوی, کە, کە بریتییە لە: پێچاوپێچی قۆپاو و دەشت و شاخ و گردۆڵکەی پێچاوپێچ و چەند دیاردەیەکیترە, لێرە و لەوێ چەند دیاردەیەکیتر, ئەم ناوچەیەش بەوە دەناسرێت تا ڕادەیەك تۆپۆگرافیای جیاوازی هەیە, کە بەتەواوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕەنگی داوەتەوە (١٣), بەگشتی بەرزییەکەی لە نێوان ٢٠٠ ـ ٢٨٠م بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، ئەمەش جیاواز دەبێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، بە جۆرێك نزمترین شوێنی بەرزییەکەی لە نێوان ٢٠٠ ـ ٢١٠م دەبێت لە دەوروبەری قەڵای شێروانە و لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە و بەشەکانی ڕۆژئاوای بەرزییان لە نێوان ٢٤٠ ـ ٢٥١م دەبێت، بەڵام بەرزترین شوێن لە بەشی باکوورە کە بەرزییەکەی تا ٢٨٠م دەبێت لە بەردەسوور، بۆیە لە ڕووی بەرز و نزمییەوە ئاڵۆز نییە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری لە ناوچەکەدا کات و تێچوونی کەمی دەوێت بۆ تەواوبوون وەکو شوێنی نیشتەجێبون و ڕێگاوبان و بینا و پارك و شوێنە گشتییەکان... بە بەراورد لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکاندا پێچەوانەیە، کەواتە شاری کەلار تا ڕادەیەك ناوچەیەکی تەختاییە ئەمەش یارمەتیدەرە و ئاسانکاری دەکات لە دروست کردنی ڕێگاوبانی ناوخۆیی بە کات و تێچونی کەم، تەنیا بەشێکی کەمی باکووری شارەکە نەبێت, کە بەرزییەکەی دەگاتە ٢٨٠م لە ئاستی ڕووی دەریاوە (١٤), شێوەکانی ڕووی زەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەش دەکرێت بەم شێوەیە:

### ١. دەشتەکان. ٢. دۆڵەکان. ٣. تەپۆڵکە یان گردەکان. ٤. دۆڵی ڕووباری سیروان.

١. دەشتەکان: هەرێمی نیمچە شاخاوییەکان بە پێچەوانەی هەرێمی ناوچە شاخاوی زنجیرە چیاکان درێژ و نزمن دەشتەکان فراوان و گرد و تەپۆلکەی تێ دەکەوێت, بۆیە تا لە باشووری ڕۆژئاوا بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات بڕۆین زنجیرە چیاکان کورتتر و بەرزتر دەبنەوە و دەشتەکانیش تەسکتر و بەرزتر دەبنەوە, ئەم هەرێمە کەوتووەتە نێوان دوو هەرێمی سروشتی جیاواز, ئەوانیش هەرێمی شاخاوی لە باکوور و لە باشوور هەرێمی دەشتی نیشتوو, بۆیە ئەم هەرێمە بە هەرێمێکی گوازراوە دەژمێردرێت و خەسڵەتی هەردوو هەرێم لە خۆدەگرێت, لە بەشی باکووری خەسڵەتی هەرێمی شاخاوی وەرگرتووە, لە ڕووی ئاووهەوای و ڕووپۆشی

ڕووەکی و ڕووی زەوی بـە پێچەوانــەوە لــە بەشــی باشــووری خەســڵەتی هەرێمــی بیابـان وەردەگرێـت, بەتایبـەتی بەشـی هـەرە باشـووری هەرێمـی نیمچـە شـاخاویی (١٥), هـاوکات دەشـتی گەرمیـان دەشـتێکی پـان و بەرینـە تـا ڕادەیەکیـش تەخـت, دەکەوێتـە بەشــی هــەرە باشــووری ئــەو بەشــەی کوردســتان, لــە باکــووردا ڕێگــەی کەرکــوك و چەمچەمـاڵ و لـە باشـووری دا کـەلار و کفـری و خورماتـوو لـە ڕۆژهەڵاتـدا – چیـاکانی قـەرەداغ لـە ڕۆژئـاوادا – شـاڕێی نێـوان کەرکـوك و خورماتـوو ئاوەسـپی, ئـەو دەشـتە دەکاتــە دوو بــەش ناحیــەی قادرکەرەمیــش لــە ناوەڕاســتی ئــەو دەشــتە هەڵکەوتــووە, دەشـتی گەرمیـان گـەر بێـت و ئـاوی بـۆ دابیـن بکرێـت دەبێتـە شـوێنێکی گرنـگ بـۆ بەرهەمهێنــانی بەروبومــی کشــتوکاڵی جۆاوجــۆر, بــۆ نموونــە گەنــم و جــۆ هەروەهــا شـوێنی کۆبوونەوەیـەکی زۆر لـە دانیشـتوان و...هتـد (١٦), بـەو پێیـەی کـەلار دەکەوێتـە ناوچەیەکـی تەخـت واتـا دەشـت، ئەمـەش وای کـردووە کـە لـە چەندیـن دەشـت پێکدێـت، وەك دەشــتەکانی شــێروانە، ســەیل مــاڵ، ســەیدخەلیل، شــاکەل ... و چەندیــن دەشــتیتری لۆکاڵـی کـە لـە دەوروبـەری کـەلار نـاو و ناوبانگیـان هەیـە لـە خـوارەوە ئامـاژەی پـێ دەکەیــن:

دەشـتی شـێروانە: لـە نزیـك ڕووبـاری سـیروان دەشـتێکی لافاوکـردی بەپیـت و تاڕادەیـەك تەخـت دەرکەوتـووە, کـە بـە دیـاردەی لافـاوی ڕووبـاری سـیروان درووسـت بـووە بـە دەشـتی شـێروانە نـاسراوە, ژمارەیـەك دۆڵ و ڕێـڕەوی ئـاوی ئـەم دەشـتە دەبـڕن بەرزییەکـەی دەگاتـە ٢١ م ئەسـتووری خاکەکـەی ١ – ٢م و خاکێکـی گونجـاوە, کـە بایەخێکـی ئابـووری گــەورەی هەیــە بــۆ دانیشــتوانی ناوچەکــە, بەتایبــەت بۆبەرووبوومــی کشــتوکاڵی هاوینـە وەك سـەوزە و میـوە و کشـتوکاڵی زسـتانەی گەنـم و جـۆ (١٧), هـاوکات دەشـتی شـێروانە مێژوویـەکی زۆر دێرینـی هەیـە, لـە زۆرێـك لـە کتێـب و ڕووداوەکانـدا نـاوی هاتـووە, هەروەهـا لـە شـیعری شـاعیران و گۆرانیبێـژان و بەیـت و بالۆرەکانـدا و گۆرانییـە فۆلکلۆرییەکانـدا نـاوی هاتـووە, ئـەم دەشـتە سـنوورێکی پـان و فـراوانی هەبـووە, لـێ لـە ئێسـتادا دوابـەدوای دابەشـبوونی زەوییـەکان و گۆڕینـی سـنوورەکان, ئـەو سـنوورەی جـارانی نییـە سـەرەتای لـە دوای زەوییـەکانی باوەنـوور و بەرلـووت و بەردەسـوورەوە دەسـت پـێ دەکات, کـە درێـژ دەبێتـەوە بـە کەنـاری ڕووبـاری سـیرواندا بـەرەو کـەلار و گردەگۆزینـە و تاوەکـو گونـدی گێـژەکان دەڕوات، بـە ئاراسـتەی باشـوور و باشـووری ڕۆژهـەڵاتی شـارەکە, دەشـتێکی بەپیتـە، هـەردوو جـۆری کشـتوکاڵی ئـاوی و دەیمـی تێـدا دەکرێـت، هەرچـی کشـتوکاڵی ئاوییەکانـە پشـت دەبەسـتێت بـە ئـاوی سـیروان و بیـری ئیرتیـوازی لـەم ناوچەیـە، بـەڵام کشـتوکاڵی دەیمـی پشـت دەبەسـتێت بـە بـاران، بژوێـن و لەوەڕگایـەکی باشـە, کـە هەمیشـە جیـا لـە چەندیـن ڕووەکی خۆڕسـك لـە کەنارێـدا

وەك: (زەل، گـەز، بی، پەڵـك، تـورك و ژاڵـە) ڕواوون، کـە ئەمـەش بـە یەکێـك لـە ناوچـە گرنگـەکانی لەوەڕانـدنی ئـاژەڵ دادەنرێـت، جیـا لـەوە چەندیـن بـاخ و کشـتوکاڵ و سـەوزەی هەمەجـۆر و ... تێـدا دەکرێـت, بـە سـوود وەرگرتـن لـە ئـاوی ڕووبارەکـە خاکێـکی زۆر بەپیتـە و شـیاوە بـۆ کشـتوکاڵکردن جـۆری کشـتوکاڵی ئـاوی و دەیمـی تێـدا دەکرێـت, جیـاواز لـە دەشـتەکانیتر زۆربـەی زەوییـەکانی ئاوێـکی زۆری لـە بـەردەم دایـە, ئەمـەش بووەتـە هـۆی بەرهەمـی هەمـە چەشـن, هـاوکات کۆبوونـەوەی باڵنـدەی جـۆرا و جـۆر و ئاژەڵـی کێـوی هەمەجـۆر هـەروەك ئاسـك, دەشـتی شـێروانە و ئاسـك کـە زۆر جـار پێکـەوە ناویـان دێـت.

دەشـتی سـەیل مـاڵ: دەشـتێکی زۆر بـە پیتـە و دەتوانیـن بڵێـن بـە پیتتریـن زەوییـە لـە هەمـوو ناوچـەی گەرمیانـدا، دەکەوێتـە باشـووری ڕۆژئـاوای کـەلارەوە تاوەکـو گردەگۆزینـە دێـت لـە نێـوان (خـڕە باریـك و خـڕە شـێت)ەوە بـە شـێکیشی دەکەوێتـە نێـوان ڕێـگای کفـری و خـڕ حاجییـەوە بەناوەکەیـدا دیـارە کـە لافـاو کـردە، گەنـم و جۆیـەکی زۆر تێـدا دەکرێـت لـە سـەردەمی ساسـانیەکاندا لـە سـیروانەوە لـە ڕێگـەی جۆگـەوە ئاویـان سـەر خسـتووە بـۆ ئـەم دەشـتانە، هەروەهـا لـە سـاڵانی حەفتـاکان و هەشـتاکاندا حکومـەتی عیـراق جۆگەیـەکی گـەورەی لەسـەر سـیروان سـەر خسـتووە بـە نـاو بـازاڕی کـەلاردا لـە فولکـەی ماسـیەکەی ئێسـتادا ئاوێـکی زۆر تـێ دەپـەڕی، سیمایەکی جـوانی بەخشـیبووە بازاڕەکـە, ئـەو دەمـە کاسـبکارانیش لەنـاو بـازاڕدا سـوودیان لێدەبینـی، هەروەهـا بـۆ مەبەسـتی ئاودێـری و کشـتوکاڵکردن جووتیـارانی خـاوەن زەوییـەکانی ئـەو ناوچەیـە زۆر سـوودمەندبوون لێـی، کـە بـەشی ڕۆژهـەڵاتی زەوییەکانـی گرتووەتـەوە، هەرچەنـدە ڕەگـەزی ئـەم زەوییانـە پشـتاوە، لـێ لـە ئێسـتادا سـەدان بیـری ئیرتیـوازی هەڵکەنـدراوە و جۆرەهـا کشـتوکاڵ و سـەدان دۆنـم بـاخ و خانـووی پلاسـتیکی و کێڵگـەی پەلـەوەر و حـەوزی مـاسی تێدایـە، لـە ئێسـتادا دەیـان مـاڵ بـۆ بەخێوکـردنی ئاژەڵـی جۆراوجـۆر لـە شـار دوور کەوتوونەتـەوە و لێـرەدا نیشـتەجێبوون، زۆرێـك لـەم زەوییانـە تاپـۆی بەگـزادەکانی جافـن، چەنـد پارچـە زەوییـەکی کەوتووەتـە نـاو سـنووری شـارەوانی کـەلارەوە، جووتیـارەکان زۆر بـە کەمـی لێـرە زەوییـان بـە دەسـتەوە مـاوە.

دەشـتی سـەید خەلیـل: دەکەوێتـە باکـووری شـارەکە، کـە کشـتوکاڵ و گەنـم و جـۆی زۆری تێـدا دەکرێـت، جیـا لـە بـاران سـەرچاوەیەکی بـاشی ئـاوی تێدایـە، کـە چەندیـن جۆگـەی لـێ بووەتـەوە ئـاو دابـەش دەکات بەسـەر زەوییـە کشـتوکاڵییەکاندا و چەندیـن بـاخ و شـەتڵگە و سـەوزە و پاقلەمـەنی و گەنمـە شـامی و کونجی...هتـد تێـدا دەکرێـت، ئـەم جۆگەیـە هـەر لـە کۆنـەوە تاوەکـو سـاڵانی دوای گەیشـتووەتە

کـەلار و بـە ناوەڕاسـتی کـەلاری کۆنـدا تێپەڕبـووە، لـە باکـووری کـەلار و دوواتریـش لـە باشـووری کـەلار چەندیـن باخـی لەسـەر درووسـت کرابـوو، ئـەو دەمـە سـەرچاوەی ئـاوی خـواردن بـووە بەتایبـەت بـۆ کـەلاری کـۆن، هەرچەنـدە لـە سـاڵی پەنجاکانـدا حکومـەت بیرێـکی ئیرتیـوازی دانـا بـەڵام ئەمیـش دابـەش نەکرابـوو بەسـەر ماڵەکانـدا, دەبـوو هـەر لـەو بیـرەوە ژنـان ئـاو بهێنـن, هەروەهـا بـۆ مەبەسـتی ئاژەڵـداری و باخـداری سـوودیان لـە جۆگـەی سـەید خەلیـل دەبینـی، لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا چەندیـن ئـاشی لەسـەر درووسـتکراوە، کـە بـە ئاشـە کۆنـەکان نـاسراون، لـە ئێستاشـدا پرۆژەیـەکی ئاودێـری گـەورە لـە بـەردە سـوورەوە باکـووری ڕۆژهـەڵات بـەرە و باکـووری ڕۆژئـاوا درێـژ بووەتـەوە، کـە زەوییـەکی زۆری لەبەردەمدایـە و دەتوانرێـت سـوودی زۆری لێببینرێـت، بەتایبـەتی جووتیـارەکانی سـەید خەلیـل و کـەلاری کـۆن بـەڵام ئـەو پرۆژەیـە هـەر زوو شکسـتی هێنـا و زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو باخانـەش کـە لـەو دوایـەدا درووسـتکران بـەرەو لەناوچـوون دەچێـت و بوونەتـە پـرۆژەی نیشـتەجێبوون, بەپێـی خشـتەی ژمـارە (١) کەرتـەکانی ٩٦ – ٩٨ هـەردوو سـەید خەلیـلی خەلیفـە و دەروێـش ڕووبـەری زەوی میـری و بـەراو و پشـتاو لـە سـەید خەلیـل دەروێـش زیاتـرە، کـە ٣٦٨٦٥ دۆنمـە، زەوییـەکانی خەلیفـە تەنیـا ١٠٠٥ دۆنمـە و لـە هیـچ کامیانـدا زەوی موڵـکی نییـە، بـە هەمـان شـێوە ئـاو و ئـاوەڕۆ و باخـی میـری تێـدا نییـە، ئەوانیتریـش جگـە لـە ڕێگاوبـان ڕووبـەری زەوییـەکانی دەروێـش زیاتـرە, بـەڵام لـەو دوایـەدا لەلایـەن حکومەتـەوە کۆمەڵێـك داری زۆر نێـژران, کـە دەکەوێتـە نێـوان سـەید خەلیـل و کـەلاری کۆنـەوە, بـە درێـژی ٥ کـم و لەسـەر ڕووبـەری ٥٠ دۆنـم, ژمـارەی دارەکانی ١٠ هـەزار دار دەبێـت (١٨).

دەشـتی شـاکەل: دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژئـاوای کـەلارەوە لـە نزیـك گونـدی شـاکەل ئەمیـش خاکێـکی بـە پیتـە دەشـتێکی فـراوانی دێمـە کاڵـە سـاڵانە گەنـم و جۆییـەکی زۆری تێـدا دەکرێـت، هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا چەندیـن بیـری ئیرتیـوازی لـێ هەڵکەنـراوە، جیـا لـە گەنـم و جـۆ و سـەوزەی جـۆراو جـۆری لێدەکرێـت چەنـد باخێـکی گـەورەی تێدایـە بـە چەندیـن دۆنـم دەخەمڵێنرێـت، ئـەم دەشـتە بـە ناوبانگـە کـە ئاسـکێکی بـێ شـوماری تێـدا بـووە، خەڵـکی ناوچەکـە بـەڕان بینیوویانـە، ئـەم ئاسـکانە سـیفەت و سروشـتیی جیـاوازە لـە شـوێنەکانیتر سـاڵانە دووجـار دەزێـن، چەنـد ئاژەڵێـکی کێـوی دیکـەی تێـدا بـووە، هەربۆیـە زۆرێـك لـە سـەرۆك و وەزیـر و سـەرۆك خێڵـەکانی ناوچـە جیاجیـاکان بـۆ ڕاووشـکار هاتوونەتـە ئـەم دەشـتانەی کـەلار و جـاری وا هەبـووە بـە هەفتـە ماونەتـەوە، هـەر بۆیـە زۆرێـك لـە شـاعیرانی دەڤەرەکـەو شـاعیرانی تریـش شـیعریان لەسـەر جوانیـی سروشـت و جـۆری ئـاژەڵ و باڵنـدەکانی ناوچـەی شـێروانە و شـاکەلدا نوسـیووە، کـە لـە شیعرەکانیشـیاندا وەسـفی لـە جـوانی ناوچەکـە و ئاسـك و ڕاو و شـکاریان کـردووە، ئـەم

دەشتانە لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ دەشتەکانیتر، پێوەری بەرزایی لە ئاستی ڕووی دەریاوە, لە دەوروبەری قەڵای شێروانەوە دەست پێدەکات و تا بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆین دەشتەکان بەرز دەبنەوە بەڵام لە باکووری ڕۆژئاوای شارەکە, کە شاخی شاکەلە و بەرزییەکەی دەگاتە ٤١٥ مەتر لە ئاستی دەریاوە.

دەشتی کەلار کۆن: ئەم زەوییانە کۆنترین مێژوویان هەیە لە ناوچەکەدا، جووتیارەکانیشی بە هەمان شێوە ئەوانەن کە کەلارییان ئاوەدان کردووەتەوە و لە مێژە لەم ناوچە نیشتەجێن، هەرچەندە لە دوای ئەوەی کەلار بووەتە قەزا و زۆرێك خەڵکی دەوروبەر هاتوونەتە شارەکە و بەشێکی زۆریش بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردنەوە کۆچی زۆرەملێیان پێکراوە و لێرەدا نیشتەجێبوون، بەشێك لە زەوی جووتیارە کۆنەکان وەرگیراوەتەوە و دابەشکراوە بەسەر ئەواندا، بۆ ئەو سەردەمە بڕیارێکی گونجاو بوو، ئەوانیش بێبەشبوون لە زەوی و زاری خۆیان و سزای نەتەوەیی دران، لێ لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و پاشان دوای ڕووخاندی دەسەڵاتی بەعس, ئیدی هەندێکیان گەڕانەوە زێدی با و باپیریان ئەوانەش لێرە مانەوە لە گوندەکانی خۆیان زەوییەکانیان بەکاردەهێنا، ڕووبەری زەوی میری پشتاو ١٧٢٧٦ دۆنمە و بەراویش ٦٢ دۆنمە و ڕووبەری زەوی موڵك ٣٤١٧ دۆنمە، هەروەها تا دێت زەوی کشتوکاڵی کەمدەبێتەوە بە هۆی دابەشکردنی زەوی و ناوچەی پیشەسازی و ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ و تەنیا شوێنی گوند و خانووبەرە زۆرترین ژمارەی تۆمارکردووە, کە دەکاتە ٣٣١٠٧ دۆنم وەك لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە، لە ئێستاشدا ٧٥ ناعوور هەڵ کەندراوە و زەوی بەراویش ٢٧٥٠ دۆنمە (١٩), بەم شێوەیە دێنەسەر زەوییەکانی کەرتی ١٠٢ی کەلاری کۆن هەرچەندە ئەو ناوانەش زۆرییان لۆکاڵین دەماودەم ماونەتەوە, بۆ ئەوەی ئەم ناوانە بمێننەوە و توێژینەوەکە گشتگیرتر بێت لە خوارەوە بە کورتی ئەم دەشتانە دەخەینە ڕوو:

١. زەوی خڕ کونار: ئەم زەوییە دەکەوێتە نزیك قەزای ڕزگاری یە بەشێکی زۆری کەوتووەتە ناو شارەوانی قەزاکەوە، بەشەکەیتری خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ بەگزادەی جاف، تەنیا چەند جووتیارێکی کەمی کەلار زەوییان ماوە لەم سنوورەدا، ڕەگەزی زەوییەکە لە بنەڕەتدا کشتوکاڵی پشتاوە، لەو دوایەدا هەندێك بیری ئیرتوازی تێدا کەندراوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە پێشینەی کشتوکاڵی، وەك باسکرا ئەم زەوییانە نزیکە لە سنووری شارەوانی هەردوو قەزاکەوە, لەلایەکەوە نزیکە دەتوانرێت زیاتر سوودی لێ ببینرێت و چاودێری بکرێت، لە لایەکیترەوە جووتیاران وا بیر دەکەنەوە تا دێت سنووری شارەوانی لێیان

نزیکدەبێتـەوە، ئەگـەر حکومـەت جـۆری زەوییەکـەی لـە کشـتوکاڵییەوە گـۆڕی مۆڵـەتی بیـر و باخیـان هەبێـت قەرەبوویـان زیاتـر بەردەکەوێـت، لـە ڕوویەکیـترەوە خەڵـك بیـر لـە درووسـتکردنی بـاخ دەکەنـەوە، ئەمـەش زیاتـر بـۆ خۆشـگوزەرانی و حەوانـەوەی خۆیانـە کەمیـان بـۆ بژێـوی ژیانـە, چونکـە ڕووبەرکەیـان کەمـە, لـێ لـە هەندێـك ڕووەوە سـوودی خـۆی هەیـە, وەك سـەوزایی و ژینگـە و کەمکردنـەوەی ئـەو خـۆڵ و تـۆزەی کـە سـاڵانی ڕابـردوو زۆر زیاتـر بـوو .

٢. گا قـڕان: ئـەم نـاوە لـەوەوە هاتـووە لـە کاتی خۆیـدا گا گەلێـك بەهـۆی بـاران و لافـاوەوە لـە نـاو ئـەو زەوییـەدا لەنـاو دەچـن و ئـەو ڕەشـەوڵاخانەی لەنـاو ئـەو زەوییانـەدا بـوون, بەهـۆی لافـاوەوە هیچیـان نەمـاون، هەربۆیـە پێـی وتـراوە: گاقـڕان، ئـەم زەوییانـە دەکەونـە نێـوان خڕکونـار و سـەید سـۆنە ڕەگـەزی زەویەکـە پشـتاوە، هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا چەندیـن بـاخ و بیـری ئیرتیـوازی تێدایـە جگـە لـە کێڵگـەی پەلـەوەری و خانـووی پلاسـتیکی، ئـەم زەوییانـە بەشـێکی زەوی جووتیارەکانـە کـە گرێبەسـتی کشـتوکاڵی (عەقـد زراعـی) یـان هەیـە، بەشـێکیتری موڵـك و تاپـۆی بەگـزادەکانی جافـە.

٣. پەچـەڕەش یـان بەرسـایکە: ئـەم زەوییـە کشـتوکاڵییە بـە پیتـە بانەکـەی تەختـە لـە کاتی کۆنـدا پەچـەی مـەڕ و مـاڵات بـووە، پێشـەوەی زۆر کات سـێبەری هەیـە هـەر بۆیـە پێـی وتـراوە: (بەرسـایکە)، ئاشـکرایە پەچـەڕەش ماناکـەی ڕوونـە کـە شـوێنی مۆڵـدانی ئـاژەڵ بـووە، ئەمـەش بووەتـە پەچـە و پاشـماوەی ئاژەڵیـش ئـەو شـوێنەی ڕەشـکردووەتەوە، ئەمیـش هەمـوو زەوییـەکانی بەدەسـت جووتیارانەوەیـە، ڕەگەزەکـەی کشـتوکاڵی پشـتاوە.

٤. تەختـە نەختـە: لەبەرئـەوەی ئـەم نـاوەی لێـنراوە زۆربـەی زەوییـەکانی تەختایـی یـە دەکەوێتـە نێـوان ڕزگاری و خـڕە باریکـەوە، زەویـەکانی بەدەسـت جوتیـارەکانی کەلارەوەیـە واتـە بـەگ زادەکانی جـاف لێرە زەوییـان نییـە، ڕەگـەزی پشـتاوە هەرچەنـدە ئەمـەش گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە بەهـۆی بیـری ئیرتیوازیـەوە.

٥. خشـتەکان: هـەر بۆیـە وای پێدەوترێـت، چونکـە شـوێنی خشـت و کـەلاوەی کـۆنی تێدایـە، دەکەوێتـە باکـووری کـەلارەوە لـە نێـوان زەوییـەکانی کـەلاری کـۆن و سـنووری زەوییـەکانی سـەید خەلیلـدا، ڕەگـەزی زەوییەکـە پشـتاوە لـە کۆنـدا چەنـد پەڵەیـەکی بـەراو بـووە بەهـۆی جۆگـەی کـەلارەوە، لـە ئێستاشـدا چەندیـن بیـری ئیرتیـوازی تێـدا هەیـە.

٦. کەنـە قـووڵ: ئـەم زەوییـە لەنـاو سـنوورەکەیدا چەندیـن دۆڵـی قووڵـی تێـدا هەیـە،



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەربۆیە ئەم ناوەی لێنراوە, دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای کەلاری کۆنەوە، لە نێوان خڕە باریك و خڕی حاجی, هەموو زەوییەکانی بەدەست جووتیارانەوەیە، ڕەگەزی زەوییەکە پشتاوە، ئەمەش بەهەمان شێوە بیری ئیرتیوازی تێدا لێدراوە.

٧. کۆترە میل: دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی کەلاری کۆنەوە، ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە، لە ناو ئەم زەوییەدا میلێك هەبووە کۆتر لەسەر میلەکە نیشتووەتەوە بۆیە پێیان وتووە: (کۆترە میل) ئێستا ئەم زەویانە هەمووی کەوتوونەتە ناو شارەوانی کەلارەوە بەتایبەت گەڕەکی شەهیدان لەسەر ئەم زەوییە دروستکراوە.

٨. ئاشە کۆنەکە: ناوەکەی لەوەوە هاتووە لە کۆندا کۆمەڵێك ئاشێکی ئاردی تێدا بووە، بەهۆی جۆگە ئاوێکەوە کە سەرچاوەکەی سەید خەلیلە, کە دەکەوێتە نێوان ڕێگای سەید خەلیل و کەلاری کۆنەوە، لە پێش عوسمانییەکان و لە سەردەمی ئەمانیشدا چەندین ئاش هەبووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لەو سەردەمەوە کەلار ئاوەدان بووە ئەم ناوچەیەش گردبوونەوەی دانیشتوانی زۆر بووە، ئەگەرنا ئەو هەموو ئاشەیان بۆچی بووە، سەرجەم ئەم زەوییانە بەدەست جووتیارەکانەوەیە ڕەگەزی زەوییەکە کشتوکاڵی پشتاوە، هەرچەندە تا دێت لێرەش بە هۆی پێشینەی کشتوکاڵییەوە بیری ئیرتیوازیی زۆری لێدراوە و ڕێژەی بەراو زیادی کردووە و چەندین باخی گەورەی لەسەر دروستکراوە.

٩. تەپەی ڕەسوڵ: بریتییە لە پارچە زەوییەکی قۆقز و تەپۆلکاوی و دەکەوێتە سنووری کۆترە میلەوە لە شوێنی گەڕەکی شۆڕشی ئێستای کەلار, کاتی خۆی ڕەسوڵی عەولای قازی کە لە تیرەی نەژێوێنی هۆزی جاف بووە, ئەم پارچەی زەوییەی بە دەستەوە بووە بە مەبەستی کشتوکاڵکردن و هەر بە ناوی ئەویشەوە ناونراوە (٢٠), هەروەها ئەو جووتیارە یەکێك بووە لەوانەی کە لە سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی کەلارەوە تێیدا نیشتەجێبووە, کە لەناو زەوییەکەیدا تەپەیەکی درووستکردووە، لەبەرئەوەی زەوییەکەی زۆر بووە دەچووە سەر تەپەکە و لەوێوە چاودێری دەکرد, بۆئەوەی شوانەکان ئاژەڵ نەکەنە ناو دەغڵەکەی, بەشێکی زۆر لەم زەوییانە کەوتووەتە ناو سنووری شارەوانییەوە و بەشێکی کەمی بە دەست جووتیارەکانەوەیە, ڕەگەزی زەوییەکە کشتوکاڵی پشتاوە, هەرچەندە کۆمەڵێك باخی تێدا درووستکراوە و بەهۆی ئەو پرۆژە ئاودێرییەوە کە لە ڕووباری سیروانەوە سەر خراوە بۆ زەوییەکان بەشێك لە جووتیارەکان بۆ ماوەیەکی کەم سوودمەندبوون لەم پرۆژە و هاوکات هەندێکیان بیری ئیرتیوازیان هەیە, هەرچەندە بەشێك لە زەوییەکانی دابەشکراوە بەپێی ئەوەی جۆری زەوییەکە گۆڕاوە لە کشتوکاڵییەوە

بــۆ زەوی شــارەوانی چونکــە نزیکــە لــە ســنووری شــارەوانییەوە (٢١), ســەیری خشــتەی خــوارەوە بکــە:

خشتەی ژمارە (١)

ڕووبەری زەوییەکـــــانی ســـــنووری کـــەلار

| ژمارەی ناوی کەرت | ڕووبەری زەوی میری بە دۆنم – بەراو | ڕووبەری زەوی میری بە دۆنم – پێشتاو | ڕووبەری زەوی ملک بە دۆنم – بەراو | ڕووبەری زەوی ملک بە دۆنم – پێشتاو | ڕووبەری زەوی بەردەڵانی و لەوەڕگا | کانی ئاو بە دۆنم | شوێنی گوندو خانووبە دۆنم | ڕێگاوبان بە دۆنم | شیو بە دۆنم | ئاوو ئاوەڕۆ | شوێنەوار بە دۆنم | باخی میری بە دۆنم | تێبینی گۆرستان بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٢ کەلارکۆن | ٦٢ | ١٧٢٧٦ | – | ٢٤١٧ | ٢٨١٨٤ | ١٤١٩ | ٢٢١٠٧ | ٦٦٩١١ | ١٨٩٤١٩ | – | – | – | ٧٥ |
| ١٠١ بنگرد | – | ١٤٨٩٦ | ٢١١٨ | ٧٥٨ | ١٦٤١٥ | – | ١٠٦٠٢ | ١٩٤٤ | ٢٢٩٤ | ٢٧٩٢٤ | ٤٥١٥ | ٢٠١١٢ | ١٤ |
| ٩٦ سیدخلیل خلیفە | – | ١٠٠٥ | – | – | ٢٥١١٠ | ٠٤ | ٤٨ | ٨٠١٢ | – | – | ٢٢٢ | – | – |
| ٩٨ سیدخلیلدرویش | – | ٢٦٨٦٥ | – | – | ٤٢٨٠ | ٢٨٠ | ٧٢١ | ٦١ | – | – | ٢٣١٢ | – | ٢٣٢٤ |
| ٩٩ گردەگۆزینە | – | ٤٩٢٢١٦ | – | ٨٣٠٢ | ٢٩٤٤٢٠ | – | ١٦٤٨ | ١٣٦٤ | ٢٧٢٠ | ٤٩٢٣ | – | – | ٧٢١ |
| ١٠٠ بەردەسوور | ١٢٢ | – | – | – | ٢٢١٦ | – | ٥٧٥١٦ | ٩٦٤ | – | ٨٩٣١ | ٢٢١ | – | – |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، داتای بڵاونەکراوە ،٢٠١٠

٢. دۆڵەکــــــان (valley: بریتییــە لــە: ناوچەیــەکی نــزم کــە لــە نێــوان شــاخ یــان گــرد درووســت دەبێــت, زۆرجــار ڕووبــار یــان ئــاوەڕۆی پێــدا دەڕوات و دەبێتــە ئــاوەڕۆی ڕووبارەکــە, هەروەهــا دەتوانیــن بڵێــن: دۆڵ بریتییــە: لــەو زەوییــە بەرتەنگــە نزمانــەی کــە لــە دوو لایانــەوە بەرزایــی هەیــە بەپێــی هــەردوو فاکتــەرە (ناوەکییــەکان و دەرەکییــەکان) پەیدابــوون و درووســتبوونیان دەبنــە ســێ جــۆری ســەرەکییەوە, ئەوانیــش: (دۆڵــە تێــك ئــاڵاوەکان, دۆڵــە شــکاو یــان قڵیشــبردەکان, دۆڵەکـــــانی ڕامالیــن) (٢٢), لــەم ناوچەیــەدا چەنــد دۆڵێکــی بــەر فــراوان یــان تەســك بــەدی دەکرێــت کــە لەمێــژە درووســتبووە، بووەتــە ڕێــڕەوی ئــاوی وەرزی بەتایبــەت ئــاوی بــاران و لافــاو کــە بەهــۆی بــاران بارینــی زۆرەوە درووســتبوون, لــە گرنگتریــن ئــەم دۆڵانــەش (گۆبــان، ســەید خەلیــل، چەمــە بیســـمیلا، عیســایی، پونگڵــە، قەرەچێــل) و دیــارە ئــەم ناوانــە بــە نــاوی ئــەو گوندانــەوە ناونــراون کــە نزیکــن لــەم دۆڵانــە یــان لــە تەنیشــتی ئــەو گوندانــەن, کــە دەبێتــە هــۆی جیاکردنــەوەی گوندێــك لــە گوندێکیــتر, ئــەم دۆڵانــە کــە دەگەنــە سنووری شــاری کــەلار و دەوروبــەری بــە چەقــی شــارەکەدا دەڕوات, کــە بووەتــە ســنوورێکی سروشــتی لــە نێــوان گەڕەکەکانــی شــاردا, زۆر جــار دەبنــە هــۆی لافــاو و مەتــرسی بــۆ دانیشــتوانی شــارەکە و بەتایبــەتی ئــەو گەڕەکەکانــەی دەکەونــە ئــەو ســنوورەوە (٢٣).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٣. تەپۆڵکـە یـان گـردەکان: بـە زۆری زەوییـەکانی دەوروبـەری کـەلار لـە ڕووی ئاسـتی دەریـاوە جیـاوازە کـە لـە دەوروبـەری قـەڵای شـێروانەوە دەسـت پـێ دەکات تـا بـەرەو ڕۆژئـاوا بڕۆیـن تەپۆلکـە و گـردەکان بەرزدەبنـەوە، زەوییەکانیـش لەسـەر گـردەکان زیاتـر بەردەڵانـن بـە کەڵـکی کشـتوکاڵکردن نایـەت، هەندێـك پـرۆژەی بەخێوکـردنی پەلـەوەر لەسـەر گـردەکان درووسـتکراون، لـە بـەشی ڕۆژئـاوا و باکـووری ڕۆژهـەڵات شـاخ و بەرزایـی بـەدی دەکرێـن, دەتوانیـن بڵێـن گـردی شـاکەل کـە بەرزییەکـەی دەگاتـە ٤١٥م لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـا، بـەڵام لـە باکـووری ڕۆژهـەڵات گـردی بەردەسـوورە کـە بەرزییەکـەی دەگاتـە ٣٣٧م لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریـاوە، ئەمیـش بەهەمـان شـێوە تەپۆلکـە و گردەکانـی بەردەڵانـن بـۆ کشـتوکاڵکردن شـیاو نییـن، هەربۆیـە زیاتـر لـە سـەد دۆنمـی زانکـۆی گەرمیـانی لەسـەر بنیاتـنراوە چەندیـن کێڵگـەی پەلـەوەری لەسـەر درووسـتکراوە, هەروەهـا ناشـتنی ٣٠٠ دۆنـم وەك دارسـتانی دەسـتکرد, کـە ژمـارەی دارەکانی ٢٦٠٠٠ دارە لـە جـۆرەکانی یوکالپتـۆس و ئەلبیـزا, کنـار, زەیتـون و دەدۆنیـا, هەروەهـا لـە بـەشی خۆرئـاواوە تەرخانکـراوە بـۆ کارگـە و پیشەسـازی, جیـا لـە باشـووری شـارەکە ئەمیـش کێڵگـەی پەلـەوەری و کارگـەی بلـۆك و ... تێدایـە.

٤. دۆڵـی ڕووبـاری سـیروان: یەکێکـە لـە دۆڵـە هـەرە بـە پیتەکانـی شـاری کـەلار و لـە ڕووی ئابووریشـەوە لـە زۆربـەی بوارەکانـدا وەك (کشـتوکاڵ، پیشەسـازی، باخـداری، ئاژەڵـداری...) سـوودی لێدەبینرێـت، هەروەهـا سـەرچاوەیەکی سـەرەکی ئـاوە لـە شـاری کـەلاردا کـە ٩٠٪ مـاڵان پشـت بـە ئـاوی سـیروان دەبەسـتێت، ئەویـتر ١٠٪ ئـەم ڕێژەیـە بۆئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لەبـەر هەندێـك هـۆکار پشـت بـە بیـری دەسـتی و بیـری ئیرتیـوازی دەبەسـتن کـە لـە گەڕەکەکانـدا هەڵکەنـدراوان، لـە ڕووی ئابـووری و پیشەسـازییەوە چەندیـن کارگـەی بلـۆك و چـەو و لمـی لەسـەر بنیاتـنراوە، بـە درێژایـی مێژوویـش لـە ڕووی سـەربازییەوە زیاتـر لـە سـەدەیەك سـنووری نێـوان هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی عوسـمانی و سـەفەوی بـووە، هەروەهـا بـۆ بازرگانیکردنیـش بەکارهێـنراوە، بەتایبـەت لـە بـواری قاچاخـدا و گواسـتنەوەی شـتوومەك لـە نێـوان عیـراق و ئێرانـدا و زۆر بژوێـن و چڕبـووە بـۆ حەشـاردانی کـەل و پەلـەکان شـاردنەوەیان لـە کاتی پێویسـتدا، کەڵەکیـان بەکارهێنـاوە بـۆ گواسـتنەوەی شـتومەکەکانیان, دۆڵێـکی زۆر بەپیتـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە سـوودی لێدەبینرێـت، درێـژ دەبێتـەوە لەوەرگایـەکی زۆربـاشی هەیـە، باخـە کۆنـەکانی کـەلار لـەم دۆڵـەدان، شـوێنەواری ئاودێـری کـۆن لەنـاو دۆڵەکـەدا هەیـە، جگـە لـەوەی لـە سـەر دۆڵـەکان و بەرانبـەر ڕووبـاری سـیروان چەندیـن شـوێنەوار و قـەڵاو قوللـە و شـوێنی حەوانـەوەی پادشـا و دەسـەڵاتداران ئامادەیـی هەیـە، پـرۆژەی ئـاوی مەشروعـە بـۆ زەوییـە کشـتوکاڵییەکانی کـەرتی بنگـرد و کـەلار و هەروەهـا جۆگـەی گاورەکـە کـە

لەســەردەمی ساســانییەکاندا درووســتکراوە پرۆژەیــەکی ئاودێــری ســەرداپۆشراوە, ئــاوی لــە ڕووبــاری ســیروانەوە بــۆ زەوییــە کشــتوکاڵییەکانی کــەرتی ١٠١ ی بنگــردی ئێســتا بــردووە, لەوێشــەوە بــە درێژایــی چەنــد کیلۆمەترێــك تــا دەگاتــە ســنووری زەنگابــاد, لــە ئێستاشــدا لــە نــاو خــڕی پونگڵــەدا بــە جــوانی دەردەکەوێــت.

**سێیەم/ ئاووهەوا:**

تێکــڕای بــاری کەشــە لــە شــوێنێك یــان هەرێمێــك دا لــە مــاوەی وەرزەکانی ســاڵدا، ئاووهــەوا کاریگەریــی هێڵــەکانی پــانی لەســەرە و وە شــوێن بەگوێــرەی کیشــوەرەکان و زەریــاکان وە ســیفەتی ئاووهــەوای ناوچەیــی، بــە شــێوەی گشــتی ناوچــەکانی ڕۆژهــەڵاتی کیشــوەرە گــەورەکان و هەرێمــە ناوخۆییــەکان و تایبەتمەنــدە بــە ئاوهــەوای ناوخۆیــی، واتــا بــارانی کەمــە و جیــاوازی زۆرە لــە نێــوان مــەودای گەرمــی ڕۆژانــە و وەرزی ســاڵانە، بــەڵام دورگــەی نــاو زەریــاکان و بەشــەکانی ڕۆژئــاوای کیشــوەرەکان تایبەتمەنــدن بــە ئــاو و هــەوای بارانــاوی و لێزمــە و ڕێژەیــەکی بــەرز لــە شــێ, وە گەرمییەکەشــیان نەگۆڕتــرە (٢٤), گرنگتریــن ئــەو فاکتەرانــەی کــە کار دەکاتــە ســەر ئــاو و هــەوای ناوچــەی لێکۆڵینــەوە بریتییــە لــە شــوێن بــە گوێــرەی بازنەکانــی پانــی کــە کاردەکاتــە ســەر تایبەتمەندییــە ڕەگــەزە ئــاو و هەواییەکانــی ئــەم ناوچەیــە, ئــەم کاریگەرییــەش خــۆی لەبــڕی تیشــکی خــۆری گەیشــت و بەســەر زەوی ناوچەکــە و دواتــر گۆڕانــکاری بــڕی تیشــکەکە لــە وەرزێکــەوە بــۆ وەرزێکیــتر و لــە شــوێنێکەوە بــۆ شــوێنێکیتر، پاشــانیش جیــاوازی لــە مــەودای ســاڵانەی پلــەی گەرمــا، تۆپۆگرافیــاش کاریگەریــی هەیــە لەســەر جــۆری ئــاو و هــەوای ناوچەکــە, چونکــە ڕوون و ئاشــکرایە تاوەکــو لــە بەشــەکانی باشــووری کــەلارەوە بــەرەو باکــوور بڕۆیــن ڕووی زەوی بــەرەو بەرزبوونــەوە دەچێــت ئــەو بەرزبونەوەیــش بەشــێوەیەکی ڕێژەیــی گۆڕانێــك لــە بــڕی باریــن و نزمبوونــەوە لــە پلــەی گەرمــادا بــەدی دێنێــت، بەرزبوونــەوەی هەرێمەکانــی چــوار دەوری ناوچــەی لێکۆڵینەوەیــش دیســان ڕۆڵــی گرنــگ دەبینێــت, لــە دەستنیشــانکردنی جــۆری ئــاو و هەواکــەی کــە ئەبێتــە فاکتەرێکــی بنەڕەتــی بــۆ دیاریکردنــی ئاراســتەکانیان، کــە پەســتانی بــەرز و نــزم درووســت دەکات لــە ناوچەکــەدا بەگشــتی ناوچــەی لێکۆڵینەوەیش دەکەوێتــە ناوچــەی نیمچــە شــاخاوییەوە (٢٥), ڕەگــەزەکانی ئاووهــەوا لــە باشــووری کوردســتاندا، وەکــو هــەر شــوێنێکی دیکــەی ســەرڕووی ئــەو زەمینــە بریتیــن لــە: گەرمــا و بــاران و گوشــار- بــا و بەفــر و شــەختە و هــەور و تــەم و شــێداری ڕێژەیــی، خەســڵەتەکانی ئاووهــەوای باشــووری کوردســتان کــە

بریتیـن لـە جیاوازیـەکی زۆری پلـەی گەرمـی لـە نێـوان وەرزەکانی سـاڵدا، هەروەهـا مانگـەکانی سـاڵ و شـەو و ڕۆژ، زۆری بـاران باریـن لـە زسـتان و کەمـی لـە پایـز و بەهـار و نەبـوونی بـاران لـە وەرزی هاوینـدا، ئەمـە و جگـە لـە جیاوازیـەکی بەرچـاو لـە ڕەگـەزەکانی دیکـەی ئاووهـەوا وەکـو هـەور و بەفـر و... لـە کاتێکـەوە بـۆ کاتێکیـتر (٢٦), ئاووهـەوای شـاری کـەلار تایبەتـە بـە هەرێمـی گەرمەسـێر و ناوچەیـەکی گوێزەرەوەیـە لـە نێـوان ئاووهـەوای دەریـای ناوەڕاسـت لـە باکـوور و باکـووری ڕۆژهـەڵاتی هەرێـم و ئاووهـەوای بیابـانی لـە باشـوور و ناوەڕاسـتی عیـراق, هاوینـی وشـك و گەرمـە و زسـتانی سـارد و بـە بارانـە و سـاڵانە کەمـتر لـە (٥٠٠) ملـم بارانـی لـێ دەبارێـت, بەپێـی پۆلێنـەکانی (کۆبـن) ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بـە زۆری دەکەوێتـە بەشـی باشـووری نیمچـە شـاخاوی و دەشـت و گـردەکان, ئـەم هەرێمـە لـە هاوینـدا پلـەی گەرمـای زۆر بـەرزە و زسـتانەکەی زۆر سـارد نییـە و مـام ناوەنـدە, کـەم جـار هەیـە بەفـری لـێ ببارێـت (٢٧), لـە خـوارەوە بەشـێك لـە ڕەگـەزەکانی ئاووهـەوا دەخەینـەڕوو:

**١. پلـەی گەرمی/ (درجه الحراره ) :Temperature**

پلـەی گەرمـا یەکێکـە لـە ڕەگـەزە گرنگـەکانی ئاووهـەوا، ئـەم ڕەگـەزەش کاریگـەری زۆر گرنگـی لەسـەر دیـاردەکانی ژیـان لەسـەر زەویـدا هەیـە و کاردەکاتـە سـەر ڕەگەزەکانیـتری ئاووهـەوا، دەرکەوتنـی جیـاوازی دیـاردەی ئاووهـەوا بـەر ئەنجامـی جیـاوازی پلـەی گەرمایـە شانبەشـانی ڕەگەزەکانیـتر، جیـاوازی پلـەی گەرمـا لـە هەرێمـی کوردسـتانی عیـراق لـە ناوچەیـەك بـۆ ناوچەیەکیـتر و لـە وەرزێکـەوە بـۆ وەرزێکیـتر, هەروەهـا جیـاوازی تێکـرای پلـەی گەرمـی لـە ناوچـە شـاخاوی و نیمچـە شـاخاوییەکاندا لـە وەرزی زسـتان و هاویـن دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵێـك هـۆکار کـە بریتیـن لـە هەڵکەوتـەی جوگرافیـا و بەرزونزمـی و ئەتمۆسـفیرە نزمـەکان و بارسـتە هـەواکان (٢٨), هەروەهـا بـەرزی پلـەی گەرمـی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ڕووەك بڕێـکی زۆر زیاتـر ئـاو هەڵدەمژێـت لـە خاکـدا, بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو ئـاوەی کـە بـە کـرداری ئـاوەردان لـە دەسـتی داوە, چونکـە گەرمـی پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوانەی لەگـەڵ بەهەڵمبـوون و ئـاوەردانی ڕووەك هەیـە, بـە شـێوەیەکی گشـتی تێکـراکانی پلـەی گەرمـی بەتایبـەت تێکـرای سـاڵانە و وەرزی هاویـن تێکڕایـەکی بـەرزە و یارمەتیـدەرە لـە بەرزبوونـەوەی کـرداری بەهەڵمبـوون/ ئـاوەردانی شـیاو و کەمکردنـەوەی بەهـای بـارانی چـالاك, کـە سـەرئەنجام دەبێتـە هـۆی کورتهێنـانی ئاویـی ئاووهـەوا

لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوەدا (٢٩), هەروەهـا بەگشـتی ئاووهەواکـەی کیشـوەرییە, کـە جیاوازییـەکی دیـار لـە مـەودای گەرمـی مانگانـە و سـاڵانەیدا هەیـە, خشـتەی خـوارەوە ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە لـە وێسـتگەی کـەلار تێکـڕای پلـەی گەرمـی سـاڵانە دەکاتـە (٢٢,٩ ٥س), ئەمـەش لـە وەرزێکـەوە بـۆ وەرزێکیـتر دەگۆڕێـت, هەروەهـا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە بەرزتریـن پلـەی گەرمـی دەکەوێتـە وەرزی هاوینـەوە، لـە مانگـەکانی حوزەیـران، تەمـوز و ئابـدا، کـە تێکـڕای پلـەی گەرمـی لـە وێسـتگەی کـەلار دەگاتـە (٣٥ ٥س), بەهـۆی بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمـا لـە هاویـندا بەهـۆی سـتوونی تیشـکی خـۆر و درێـژی ڕۆژ و سـاماڵی ئاسـمانی ناوچەکـە, لـە هەمـان کاتـدا نزمتریـن پلـەی گەرمـا دەکەوێتـە وەرزی زسـتان، کـە لـە مانگـی (کانـونی یەکـەم، کانـونی دووەم، شـوبات)دا تێکـڕای پلـەی گەرمـی لـە وێسـتگەی کـەلار دەکاتـە (١٠,٧ ٥س), بەهـۆی لاری کەوتنـی تیشـکی خـۆر و بـوونی هـەور و کـورتی مـاوەی خـۆر و کەوتنـی ڕاسـتەقینە، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی کەمـی گەیشـتنی تیشـکی خـۆر بـۆ سـەرزەوی ناوچەکـە، جگـە لـەوەی ناوچەکـە لـەم وەرزەدا ڕووبەڕووی بارسـتە هـەوای جەمسـەری کیشـوەری (CP) دەبێتـەوە، کـە بارسـتەیەکی سـارد و وشـکە و دەبێتەهـۆی دابەزینـی پلـەی گەرمـی, هەروەهـا پلـەی گەرمـی هـەردوو وەرزی (بەهـار و هاویـن) مـام ناوەنـدە بـە بـەراورد لەگـەڵا زسـتان و هاویـن، بـە جۆرێـك لـە وێسـتگەی کـەلار تێکـڕای پلـەی گەرمـی وەرزی بەهـار دەکاتـە (٢١,٥ ٥س) و تێکـڕای پلـەی گەرمـی وەرزی پایـز دەکاتـە (٢٤,٣ ٥س), یەکێـك لـە تایبەتمەندییـەکانی پلـەی گەرمـی ناوچـەی توێژینـەوە بـەرزی مـەودای گەرمـی مانگانـە و سـاڵانەیە, وەك لـە خشـتەکەدا دەردەکەوێـت  تێکـڕای بەرزتریـن پلـەی گەرمـی لـە مـاوەی (٢٠١٠ – ٢٠٢٠) لـە وەرزی هاویـن لـە مانگـی تەمـوز تۆمارکـراوە کـە دەکاتـە (٣٦,٢ ٥س) و تێکـڕای نزمتریـن پلـەی گەرمـی لـە هەمـان مـاوەدا پلـەی گەرمـا دەکەوێتـە لـە وەرزی زسـتاندا لـە مانگـی کانـونی دووەم تۆمارکـراوە کـە دەکاتـە (٩,٣ ٥س), بەمـەش مـەودای گەرمـی سـاڵانە لـە هەمـان مـاوە و هەمـان وێسـتگەدا دەکاتـە (٣٦,٩ ٥س) (٣٠), دواتریـش وەرزی بەهـار دێـت و پایـز و هاویـن یـەك لـە دوای یـەك دێـت ئەگـەر پۆلێـن بکرێـت تێکـڕای پلـەی گەرمـی وەرزی بەهـار نزمـترە لـە تێکـڕای پلـەی گەرمـی وەرزی پایـز, وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە:

**خشتەی ژمارە (٢)**

**تێکڕای مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی پلەی گەرمی لە وێستگەی کەشناسی کەلار لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٠- ٢٠٢٠)**

| ساڵ/مانگەکان | ك١ | ك٢ | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حوزیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ت/ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ٦,٥ | ٧,٣ | ١٢,٨ | ١٦,٣ | ٢٥,٩ | ٢١,٩ | ٣٠,٤ | ٣٤,٤ | ٣٤,٣ | ٢٩,٤ | ٢٤,٦ | ٢١,٣ | ٢٢,١ |
| ٢٠١١ | ١٠ | ٨ | ١٤,٣ | ١٧,٣ | ٢٧ | ٢٧ | ٣٠,٤ | ٣٤,٨ | ٣٥,٦ | ٣٠,٨ | ٢٥,٢ | ١٩,٦ | ٢٢,٩ |
| ٢٠١٢ | ١١,٥ | ٨,٢ | ١٣,٨ | ١٦,٣ | ٢٨ | ٢٨ | ٣١,٤ | ٣٤,٥ | ٣٥,٥ | ٣٣,٥ | ٢٦,٢ | ٢٠,١ | ٢٣,٥ |
| ٢٠١٣ | ١٠,٧ | ٩,٧ | ١٢ | ١٥,٧ | ٢٦,٣ | ٢٦,٣ | ٣٣,٢ | ٣٥,٨ | ٣٤ | ٣٠,٦ | ٢٤,٣ | ١٥,٣ | ٢٣,٤ |
| ٢٠١٤ | ١١,١ | ١٠,٦ | ١٤,٤ | ١٥,٨ | ٢٧,١ | ٢٧,١ | ٣٤,١ | ٣٦,٣ | ٣٥,٦ | ٢٩,٤ | ٢٣,٥ | ١٥,٣ | ٢٣,٢ |
| ٢٠١٥ | ١١,١ | ١٠,٢ | ١٢,٣ | ١٦,٩ | ٢٨,٣ | ٢٨,٣ | ٣٣,٦ | ٣٨,٥ | ٣٦,١ | ٣٠,٢ | ٢٦,٦ | ١٦ | ٢٣,٥ |
| ٢٠١٦ | ٩,٤ | ٩,٧ | ١١,٩ | ١٦,٦ | ٢٧,٢ | ٢٧,٣ | ٣٤,١ | ٣٩,٦ | ٣٩,٤ | ٣٤,٤ | ٢٥,١ | ١٦,٥ | ٢٣,٧ |
| ٢٠١٧ | ١١,٨ | ٨,٦ | ١٠,٤ | ١٥ | ٣١,٨ | ٣١,٨ | ٣٨,١ | ٣٦,٣ | ٣٧,١ | ٣١,٤ | ٢٤,٣ | ١٧,٩ | ٢٣,٧ |
| ٢٠١٨ | ١٠,٣ | ١٠,٣ | ١٣,٣ | ١٦,٩ | ٢٥,٢ | ٢٥,٢ | ٣٣,٧ | ٣٥,٨ | ٣٥,٦ | ٢٩,٤ | ٢٤,٩ | ١٥,٤ | ٢٣,٧ |
| ٢٠١٩ | ١٠,٢ | ٩,٥ | ١١,٢ | ١٠,٢ | ٢٦,٣ | ٢٦,٣ | ٣٠,٦ | ٣٥,٧ | ٣٥,٦ | ٣٠,٣ | ٢٥,٧ | ١٥,٧ | ٢١,٦ |
| ٢٠٢٠ | ٩,٨ | ٩,٩ | ١٢,٣ | ١٥,٥ | ٢٥,٧ | ٢٥,٧ | ٣٢,١ | ٣٦,٥ | ٣٦,١ | ٢٩,٥ | ٢٣,٢ | ١٦,١ | ٢٢,٣ |
| تێکڕای گشتی مانگانە | ١٠,٢ | ٩,٣ | ١٢,٦ | ٢١,٤ | ٢٧,٢ | ٢٧,٢ | ٣٢,٩ | ٣٦,٢ | ٣٥,٩ | ٣٠,٨ | ٢٤,٩ | ١٧,٢ | ٢٢,٩ |
| وەرز | زستان | | | بەهار | | | هاوین | | | پایز | | | |
| تێکڕای وەرزی | ١٠,٧ | | | ٢١,٥ | | | ٣٥ | | | ٢٤,٣ | | | |
| مەودای گەرمی مانگانە بەپێی وەرزەکان | ٣,٣ | | | ١١,٤ | | | ٣,٣ | | | ١٣,٦ | | | |

سەرچاوە: کاری توێژینەوە پشت بەستن بە : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، هۆبەی کەش ناسی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢١/١٢/١٩.

**٢. داباارین / (التساقگ precipitation):**

مەبەست لە دابارین هەموو ئەو جۆرە ئاوانەیە کە بەشێوەی جیا جیا لە هەورەوە دێنە خوارەوە, کە بەگشتی دابەش دەبێت بۆسێ جۆر باران بەفر و تەرزە, ئەم سێ جۆرە لە شاری کەلار دەبارێت, بەڵام بە ڕێژەی جیاواز, بۆ نموونە تاوەکو ئێستا لە مێژووی هاوچەرخی شاری کەلاردا دووجار بە ڕادەیەك باریووە کە زەوی داپۆشێت, ئەویش لە ساڵەکانی ١٩٨٤ و ٢٠٠٨ دا بوو, بەڵام بەهۆی بەرزی پلەی گەرماوە, بەفرەکەی زوو دەتوێتەوە (٣١), هەروەها باران بە گرنگترین ڕەگەزی ئاوهەوای دادەنرێت, کە کاریگەری لەسەر بنچینەییەکانیتری ئاوهەوا و ئاوی سەر

زەوی و ژێر زەوی دادەنێت, بڕی باران بارینی لە ناوچەکەدا جیاوازە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکیتر هەروەك لە وەرزێك بۆ وەرزێکیتریش دەگۆڕێت, ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەیەکە و سروشتی بەرزونزمییەکەی و تێپەڕبوونی جۆر و قووڵی و ژمارەی نەوراییەکانی کەش و هەوا بە ناوچەکەدا (٣٢), دواتر لە سەرچاوەکانی ئاودا زیاتر لەسەری دەدوێین, بۆیە لێرەدا ئەم خاڵانە دەخەینە ڕوو:

١. زۆرترین ڕێژەی داباربن دەکەوێتە مانگی کانونی دووەمەوە لە هەمان کاتدا ساردترین مانگە و ناوەڕاستی وەرزی زستانە.

٢. بارانی کەلار لە مانگی تشرینی یەکەمەوە دەست پێ دەکات, بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم و لە مانگی نیساندا کۆتایی پێدێت و هەندێك ساڵ لە مانگی مایسیشدا بارانێکی کەم دەبارێت, واتە شەش مانگی بێ باران و شەش مانگی بە بارانە.

٣. جیاوازی زۆر گەورە هەیە لە ڕێژەی بارانی مانگێکدا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر، ساڵی ئەوتۆ هەیە چوار ئەوەندە یان زیاتر باران دەبارێت لە مانگێکدا, بەبەراورد لەگەڵ بارانی هەمان مانگ لە ساڵێکی پێشتردا, واتە هەڵبەز و دابەزێکی زۆری هەیە لە بڕی داباربن بەپێی مانگ و وەرزەکان (٣٣), بە شێوەیەکی گشتی تێکڕای باران بارین لە شاری کەلار ٤٢٩,٩ ملم و تێکڕای باران بارین لە نێوان ٢٠٠ تاوەکو ٥٥٠ ملیمەترە, ئەم ناوچەیە ئاووهەواکەی لە جۆری نیمچە وشك (گەرمەسێر)ە هاوینی وشك و زستانی بە بارانە, بەڵام باران بارینی کەمترە لە ٦٠٠ ملم و بەرزی پلەی گەرما لە هاویندا و زستانەکەی لە ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست، کەمتر ساردە, کەم جار هەیە بەفری لێ ببارێت, بەڵام تەرزە دائەبارێت و بە شێوەی مەیوو بە نیوەی زیاتر لە ٥ ملم و ئەویش بەهۆی تواندنەوە و بەستنی دوا بەدوای یەکتر پەیدا دەبێت, بەتایبەتی ئەگەر با شێواو بێت بۆ خوارەوە و سەرەوە, هەندێك جار قورسی لە ٥٠٠ غرام زیاتر دەبێت (٣٤), هاوکات وەستانی باران بارین لە وەرزی هاویندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. گۆڕان لە ئاراستەی هەڵکردنی بای پێچەوانە بەرەو باکووری ناوچەکانی, بەمەش نەوراییە هەواییەکانی دەریای ناوەڕاست کاریگەری خۆی لەسەر ناوچەکە لە دەست دەدات.

٢. ناوچەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەستان بەرزی نیمچە خولگەی لە چینە بەرزەکانی هەوا, کە بە هۆیەوە هەوا دادەبەزێت و ئەمەش نابێتە هۆی ڕوودانی پرۆسەی خەستبوونەوە.

٣. بەرزبوونەوەی ئاستی خەستبوونەوە و پلەی گەرمی و دابەزینی تێکڕای شێی ڕێژەیی.


٤. ناوچەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەوای کیشوەری خولگەی کە بەرزی پلەی گەرمی و وشکی و ناجێگیر بوونی دەناسرێتەوە (٣٥).

**چوارەم/ خاك:**

بریتیە لە چینێکی تەنکی هەڵوەشاوە کە تاوێرەکانی بەردینی داپۆشیووە و ئەستووریەکەی لە نێوان چەند سانتیمەترێك یان چەند مەترێك دایە خاك لە ماوەی چەندساڵێکی کورتدا درووست نابێت بەڵکو چەندین سەدەی پێویستە، بۆ نموونە درووستبوونی ٥,٢ سم لە خاك پێویستی بە ٣٠٠ بۆ ٩٠٠ ساڵ هەیە ( ٣٦), بەپێی ئەو پۆلینەی کە زانای هۆڵەندی (بیورنگ) بۆ خاکی عیراقی کردووە ناوچەی کەلار لە جۆری خاکی قاوەیی ئەسمەرە, کە خاکێکی بە پیتە بۆ کشتوکاڵ، بەتایبەتی کشتوکاڵی دانەوێڵە, چونکە ڕێژەی مەوادی ئۆرگانی تێدا دەگاتە نێوان (١ – ٢٪), بەڵام چینێك لە کلس کۆبووە لە قووڵایی (٢٥ – ٣٠) سانتیمەتردا هەیە, ئەمە جگە لە جۆرێکیتری خاکی نیشتەنی کە لە کەنار ڕووباری سیرواندا, بە ڕووبەرێکی کەمتر هەیە و بۆ چاندنی سەوزە و بەرهەمی میوە سوودی باشی لێ دەبینرێت (٣٧), هەروەها خاك بە یەکێك لە گرنگترین لە دەرامەتە سروشتییەکان دادەنرێت، چونکە ڕۆڵێکی کاریگەری دەبینێت لە بە دەستهێنانی ئاسایشی خۆراك، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەوە هەیە بە ڕەگەزێکی گرنگ دانەنرێت لە پێدانی هێز و دابینکردنی خۆراك لە سەر ئەو لێپرساویەتییەوە دێت کە وڵات دەیگرێتە ئەستۆ، بەرانبەر گەلەکەی لە کاتی شەڕ و ئاشتیدا، بۆ بەدەستهێنانی خاکی فراوان و بەرهەمهێن لەگەڵ بوونی دەرامەتی ئاو لە گرنگترین سامانی سروشتین بۆ دەوڵەت، چونکە مرۆڤ ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ پشت دەبەستێت، بە جۆرێکی خۆراك جا ڕووەکی بێت یان ئاژەڵی (٣٨), لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر هەموو پێدوانەکان لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجی و فیزیایی و کیمیاییەوە، ئەنجامەکان کاریگەری گەورەی کەش و هەوای دەرخست لە سەر گەشەکردنی خاکەکانی ناوچەی کەلار و جۆری ئاسۆکان و ئەستووری خاکەکەی، جۆری ئاسۆ نیشانەکانی کە بریتییە لە ئاسۆکانی سەرەوە (epipedons) وە ئاسۆکانی ژێرەوە (endo pedons ), هەروەها ئەنجامەکان کاریگەریی کەش و هەوایان دەرخست لەسەر بڕ و دابەشبوونی زۆرێك لە پێکهاتەکانی خاك، خاکی ناوچەی کەلار لەم ڕیزبەندییەی هەبوو: لیتە، لم، گڵ، بە تێکڕای (١,٢٣٥,٣٥٧,٣,٤٠٧) کم/ کگم خاك بەدوای یەکدا (٣٩), سەیری نەخشەی ژ (٣) بکە:

نەخشەی ژمارە (٣)

پێکهاتەکانی خاك، خاکی ناوچەی کەلار




سەرچاوە:- کاری توێژەر پشت بەست بە:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار،بەشی GIS ، بڵاونەکراوە، ساڵی 2021.

2- فایلی (Mt30 DEM) بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map GIS 10.8.1).

3-Burring, Soil And Soil Condition In Iraq, Exploratory Soil Map Of Iraq, Baghdad, 1960.

هەروەها خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناو پشتێنەی ڕێڕەوی ناجێگیر (anstable shelf) بۆ ڕوونکردنەوە بە دیاریکراوی لە پشتێنەی شوێنە کەم نزمەکان (low foldedzone) کە ناوچەی گرد لەخۆ دەگرێت هەروەك دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی عیراق کە بە ناوبانگە بە کەمی ژمارە و بەشەکانی لە جۆری تیژ و کەمبوونەوەی چەماوەکان, هەروەها کەمی جیاوازیەکان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانیتری هەرێم وە درێژ بوونەوەیەکیتری سەرەکی لە خۆدەگرێت، لە باشووری ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژهەڵات ئەمەش بە پشتێنەی زاگرۆس دەناسرێت کە لە ژێر کاریگەریی جووڵە ئالییەکان بۆ چیاکان کە دەکاتە ئەو بەری لە سەردەمی مایۆسینی گەڕاو بۆ کاتی جیۆلۆجی سێیەم (٤٠), بە شێوەیەکی گشتی زۆر لە کۆنەوە گەورەترین شارستانییەتی لە جیهاندا لەسەر بناغەی پاراستنی ئاو و خاك

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەڵدەسـەنگێردرا و ئـەو میللەتانـەی نەیـان توانییـووە خـاك و ئـاوی خـۆی بپارێزێـت نەدەچـووە ڕیـزی وڵاتـە پێشـکەوتووەکانەوە ئـاو و خـاك وەك دووانـە وان و هەریەکەیـان زیـانی پـێ دەگات ئـەوا ئەویتریشـیان دەگرێتـەوە, چونکـە هـەر ئـاو دەبێتـە هـۆی داماڵینـی خـاك, ئەگـەر بەربەسـتی بـۆ درووسـت نەکرێـت, هەروەهـا ئاویـش بـە هیـچ جۆرێـك سـوودی لـێ ناگیرێـت بـۆ کشـتوکاڵ ئەگـەر خـاك نەبێـت, لـە سـەردەمی ئێسـتادا لـە هەمـوو کاتێـك زیاتـر دەخوازێـت جووتیـار خـاك و ئـاوی خـۆی بپارێزێـت, چونکـە ژمـارەی دانیشـتوان زیـادی کـردووە و زیاتـر پێویسـتی بـە خـۆراك هەیـە, ئەگەرچـی ئێسـتا زەوی پـاك دەکرێتـەوە و گژوگیـای سروشـتی لـێ لادەبرێـت, بـەڵام لابـردنی ڕووەك هۆیـەکی گەورەیـە بـۆ زیادبـوونی ڕاماڵینـی ئـاو, کـە ڕاماڵینـی خـاك چەنـد ئەنجامێـکی خراپیتریـشی بـە دواوەیـە وەك:

١. پڕکردنــەوەی جۆگەلــەکان کــە پرۆســەی پاککردنەوەیــان توانــا و پارەیــەکی زۆری دەوێــت.

٢. دەبێتە هۆی لافاو (flood).

٣. ڕاماڵینی خاك دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە (پیسبوونی ئاووهەوا) (٤١).

ڕووەکـی سروشـتی: ئـەو ڕووەکەیـە لـە زەوییـەوە دەردەچێـت بەبـێ ئـەوەی مـرۆڤ دەسـت لـە پرۆسـەکەی وەربـدات, ئەگـەر مـرۆڤ دەسـتی لـە پرۆسـەکە وەردا وەك چانـدنی دار و وەشـاندنی تـۆو و ئـاودانی خاکەکـە و شـتیتر ئـەو کاتـە پێـی ناوترێـت: ڕووەکی سروشـتی, بەڵکـو پێـی دەووترێـت: ڕووەکی چێـنراو, بـە مانایەکیـتر بەرهەمـی بارودۆخـی سروشـتییە بـە تەنیـا و کشـتوکاڵیش بەرهەمـی هەوڵـی مرۆڤـە لـە بەکارهێنـانی بارودۆخـی سروشـتییدا, ئـەو فاکتەرانـەی بارودۆخـی سروشـتی کـە ڕووەکی لێـوە بەرهـەم دێـت زۆرن, بـەڵام گرنگترینیـان خـاك و ئاووهەوایـە, بەپێـی جیـاوازی بارودۆخـی خـاك و ئاووهـەواش لەسـەر ڕووی زەوی وێنـە و شـێوەی ڕووەکی سروشـتی دەگۆڕێـت (٤٢), هەروەهـا تێبینـی ئـەوە دەکرێـت، ناوچەکانی ڕووەکی سروشـتی لـە هەرێمـدا بـە پلـەی یەکـەم لەگـەڵ ناوچـەکانی ئـاو و هـەوادا ڕێکهاتـوون، دارسـتان و لێـرەواری ناوچـە شـاخاوییەکان دەکەونـە ناوچـەی ئاووهـەوای دەریـای ناوەڕاسـتەوە، زۆربـەی ڕووەکـەکانی گەرمەسـێریش دەکەونـە ناوچـەی ئاووهـەوای گەرمەسـێرەوە، بـەم جـۆرە هەرێـم دابـەش دەبێتـە سـەر دوو پشـتێنەی سـەرەکی ڕووەك، ئەوانیـش پشـتێنەی دارسـتانەکان و پشـتێنەی گـژ و گیـای کـورت (گەرمەسـێر)ن، هەروەهـا ڕووەکی سروشـتیتریش هـەن کـە هەرکاتێـك ئـاوی ڕووبـارەکان و پانتایـی ئـاوی لـە بارییـان بـۆ

ڕەخسا شین دەبن، بەڵام لەم ڕووەکانە پەیوەندییان بەڕێسا گشتییەکەی دابارینەوە نییە, کەواتە دەتوانرێت ناوچەکانی ڕووەکی خۆڕسك لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دوو ناوچەی سەرەکی دابەش بکرێت:

١. ناوچەی دارستان و گژوگیا ٢. ناوچەی ڕووەکی گەرمەسێر (ستێپس) (٤٣).

ڕووەکی سروشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە چوارچێوەی گیای ستێپسی شێدارەوە، کە بارانی ساڵانەی لە نێوان (٣٠٠ - ٥٠٠) ملم دایە، گرنگترین ڕووەکەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لە ڕووەکی کورتە باڵا و تەمەندارەکان وەك (تەروو, عاگوڵ, شەپەڵاح و کنار), هەروەها ڕووەکە وەرزییەکانی وەك: (جۆکێویلە, کنگر, تۆڵەکە و بەیبوون), گیا و دڕکی جۆراوجۆری لێ دەڕوێت, ئەمە جگە لەوەی لە کەناری ڕووباری سیرواندا چەندین جۆر داری وەکو (بی, پەڵك, تورك و ژاڵە) دەڕوێت, ڕووەکی سروشتی ناوچەی کەلار بە یەکێك لە ناوچە گرنگەکانی لەوەڕاندنی ئاژەڵا دادەنرێت بەتایبەت لەو ساڵانەی کە باران لە (٣٠٠ملم) زیاتر دەبارێت و بەڕێکی بەسەر مانگەکاندا دابەش دەبێت, هاوکات هەندێك لەو ڕووەکانەی کە باسکران بەرهەمەکانیان بۆ خواردنی مرۆڤ بەکاردێن (٤٤), ئەمانە و ڕووەکی ڕووبەرە ئاوییەکان لە کەنار ڕووباری سیروان و چەم و جۆگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدی دەکرێت بە شێوەیەکی چڕ بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی بەردەوام, کە پانتاییەکی زۆری گرتووەتەوە, بەهۆی دەستێوەردانی مرۆییەوە چ کاتی سەیران و هەروەها بەکارهێنانی وەك لەوەڕگا و زۆرجاریش بڕینی ئەم ڕووەکانە بۆ سووتەمەنی کارتێکردنی لەسەر ئەم ڕووەکانە هەیە.

**پێنجەم/ سەرچاوەکانی ئاو:**

لە سەرەتای جێگیربوونی مرۆڤەوە، ئاو سەرەکیترین هۆکاری پەیدابوونی ناوەندی دانیشتوان بووە، بەردی کە ئەم بناغەی سەرەتایی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە پاڵ سەرچاوەکانی ئاودا بووە، بەجۆرێك ئەم بنکانە سەرەتا لە کەنار دەریا و دەریاچەکان شێوەی گرتووە و تا ئەمڕۆ بەردەوام بووە, لەبەرئەوە تێبینی دەکەین کە بەردی بناغەی شارستانێتییەکان لە کەنارەکانی دەریاکان و ڕووبارەکاندا شێوەی گرتووە (٤٥), بوونی دەرامەتی ئاوی لە هەرێم دەرئەنجامی ئەو دابارینەیە کە لەسەر خاکەکەی دەبارێت و هەروەها ئەو ڕووبارانەی کە لە سنوورەکانی دەرەوە, واتە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان, دێتە ناوچەکەیەوە، سەرچاوەی دەرامەتی ئاوی هەرێم لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بایەخی زۆری هەیە, چونکە ئاوەکەی بۆ هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤ دەست دەدات، هەرێمی کوردستان

ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو، بەڵام سوود وەرگرتن لەم سامانە لە چوارچێوەیەکی تەسکدایە و بەشی زۆری دەرامەتی ئاوی بە فیڕۆ دەڕوات بێ ئەوەی سوودێکی ئەوتۆی لێوەربگیرێت، بەتایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵدا (٤٦), مەبەست لە دەرامەتی ئاو هەموو جۆرەکانی ئاوە کە لە ناوچەکەدا هەیە بە چاوپۆشی لە سەرچاوەی پەیدابوونی یان درووستبوونی، کە دەرامەتی ئاو دەکرێتە سێ بەشەوە:

١. داباران.   ٢. ئاوی سەرزەوی.   ٣. ئاوی ژێر زەوی.

١. داباریـن: بریتییە لە: هاتنە خوارەوەی ئەو ئاوەی کە هەندێك هەور هەڵی گرتووە لە شێوەی دڵۆپە ئاو یان کریستاڵە بەفر یان سەهۆڵ (تەرزە) ئەویش پاش ئەوەی هەورەکە توانای هەڵی گرتنی نامێنێت, بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو دڵۆپە ئاو و کریستاڵانە لە سەرەتادا زۆر بچووکن و هەورەکە توانای هەڵی گرتنی هەبووە, دەبێت لە نێوان خەستبوونەوە و داباریندا کردارێك یان چەند کردارێك ڕوویدابێت, کە دەبێتەهۆی گەورەبوونی کێشیان بە ئەندازەیەك هەورەکە توانای هەڵی گرتنی نەمابێت, شێوە سەرەکییەکانی دابارین بریتییە لە باران, بەفر و تەرزە, لێ باران لە بڵاوترین شێوەکانی دابارینی ناوچەکەیە, چونکە تێکڕای پلەی گەرمی لە چینەکانی خوارەوەی ناوچەکە لە سفری سەدی زیاترە (٤٧).

## باران/ (المطر) (Rainfall):

باران بەهۆی دابەزینی پلەی گەرمای هەوای تێربوو لە هەڵم تا ئاستی نزمتر لە خاڵی شەونم دەبارێت، چونکە ئەم دابەزینی پلەی گەرمایە دەبێتە هۆی خەستبوونەوەی هەڵم بە شێوەی گەردیلەی وردی ئاو، باران لە گرنگترین شێوەکانی خەستبوونەوەی هەڵمی ئاوە لە هەوادا و پاشان دابەزینی بە شێوەی دڵۆپە، هۆی ئەم گرنگییە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان باران و جۆرەها شێوەی ژیان لەسەر گۆی زەوی (٤٨), لە ناوچەی نیمچە شاخاوییەکان باران لە چەشنی بۆرانە باران دەبێت و لەوێدا نە هیچ بارانێك لە چەشنی بەرز و نزمە باران هەیە و نەلە چەشنی بارانی بەرزەڕۆ, ئەم دوو چەشنە بارانە لەوێدا مەگەر زۆر بەدەگمەن ببارێت, ئەویش تەنیا لە مانگەکانی ئازار و نیساندا, لەبەرئەم هۆیانە ڕۆژانی بەباران لە وێستگەی ناوچە شاخاوییەکاندا لەوەی ناوچەی نیمچە شاخاوییەکان زۆرتر دەبێت, جیاوازی ژمارەی ڕۆژانی بە باران تەنیا پەیوەندی بە جیاوازی نێوەنجی ساڵانەوە نییە, بەڵکو پەیوەندی بە نێوەنجی مانگانەشەوە هەیە و ئەم

جیاوازییـە لـە مانگـەکانی سـەرەتا و کۆتایـی وەرزی بـاران باریـن (واتـە مانگـەکانی تشرینـی یەکـەم و مایـس) پـەرە دەسـتێنێت و زیاتـر دەبێـت, سـەبارەت بـە پەیوەنـدی نێـوان ژمـارەی ڕۆژانی بەبـاران و بـڕی بـاران, دەتوانیـن بڵێیـن: کـە ئـەم دوو لایەنـە پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوانەیان لـە نێواندایـە, بـەڵام مـەرج نییـە ژمـارەی ڕۆژانی بەبـاران هاوتەریـب و ئاوێنـەی بـڕی بـاران بێـت (٤٩), بۆیـە لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوەدا بـاران باریـن بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە جۆرەکانی داباریـندا ئـەو بارانـەی لـە کـەلار دەبارێـت زیاتـر لـە وەرزەکانی زسـتان و بەهاردایـە و وەرزی هاوینـی وشـکە، هەروەهـا دەکەوێتـە هەرێمـی نیمچـە شـاخاوییەوە, کـە ڕێـژەی بـاران باریـن بـە نـا مسـۆگەر دادەنرێـت, بـەڵام تایبەتمەنـدی دیـاری بـاران ئەوەیـە کـە ڕێژەکـەی لـە مانگێکـەوە بـۆ مانگێکیـتر گـۆڕانـی بەسـەردا دێـت و لـە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکیتر بەهەمـان شـێوە جیـاوازە, هەروەهـا نێوەنـدی بـارانی سـاڵانە لـە شـاری کـەلار و دەوروبـەری دەگاتـە نزیکـەی (٣٣٧)ملـم، بـەم پێیـە ئـەم ناوچەیـە دەکەوێتـە ناوچـەی بـاران نامسـۆگەرەوە، چونکـە بـڕی بارانەکـەی بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی کشـتوکاڵی دەیمـی بـە تـەواوی پشـتی پێببەسـتێت (٥٠), ئەگـەر سـەیری خشـتەکە بکەیـن بۆمـان دەردەکەوێـت کـە تێکـڕای گشـتی بـڕی بـاران بارینـی سـاڵانە لـە وێسـتگەی کەشناسـی کـەلار دەکاتـە (٢٩٥,١٩ملـم)، ڕوونکردنـەوەی زیاترمـان دەداتـێ و زۆرتریـن بـڕی بـاران لـە وێسـتگەکە دەکەوێتـە مانگەکانـی وەرزی زسـتانەوە (کانونـی یەکـەم و کانونـی دووەم و شـوبات) واتـە مانگـەکانی (١٢, ١, ٢) کـە تێکـڕای هـەر مانگێـك دەکاتـە (٤٨,٠٢، ٥١ ، ٤٦,١٣ ملـم) وە لەنێـو ئـەم سـێ مانگـەی وەرزی زسـتاندا بەرزتریـن تێکـڕای بـاران بارینـی مانگانـە لـە مانگـی یەکدایـە کـە دەکاتـە (٥١ملـم)، وە کـۆی وەرزی زسـتان لـە مـاوەی سـاڵانی (٢٠٠٠ -٢٠٢٤) دەکاتـە (١٤٥,١٤ملـم) بەمـەش تێکـڕای وەرزی زسـتان دەکاتـە (٤٨,٤ملـم) ئەمـەش بەرزتریـن ڕێژەیـە بـە بـەراورد بـە وەرزەکانیـتر، بەهـۆی قووڵـی و کارایـی نزمـە پەسـتانەکان و زیادبوونیـان لـەم وەرزەدا، ئەمـە سـەرەڕای دابەزینـی پلـەی گەرمـی لـەم وەرزەدا کـە یارمەتیـدەرە لـە گەیشـتنی دڵۆپـە بارانـەکان، هەروەهـا لـە وەرزی بەهـاردا (ئـازار, نیسـان و مایـس) لـە وێسـتگەی کـەلار تێکـڕای هـەر مانگێـك دەکاتـە (٤٣,٢١، ٢٤,٨٦، ١٠,٨٩ملـم) واتـە کـۆی بارانـی بەهـار گەیشـتە (٧٨,٩٦ملـم) تێکـڕای ئـەم وەرزە دەکاتـە (٢٦,٣٢ملـم) لـە کاتێکـدا لـە پایـزدا (ئەیلـول و تشرینـی یەکـەم و تشرینـی دووەم) تێکـڕای هەرمانگێـك دەگاتـە (٠,٥، ٣٥,٥، ٦١,٢ ملـم) کـۆی بـڕی بارانـی باریـوو لـە وەرزی پایـزدا دەگاتـە (٩٧,٢ملـم) بەمـەش تێکـڕای ئـەم وەرزە دەکاتـە (٣٢,٤ ملـم) تێکـڕای بـاران بارینـی وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا هاتـووە:

## خشتەی ژمارە (٣)

## باران بارین لە سنووری کەلار لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠ - ٢٠٢٤)

| وەرز | پاییز | | | زستان | | | بەهار | | | هاوین | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | مانگ ٩ | مانگ ١٠ | مانگ ١١ | مانگ ١٢ | مانگ ١ | مانگ ٢ | مانگ ٣ | مانگ ٤ | مانگ ٥ | مانگ ٦ | مانگ ٧ | مانگ ٨ | کۆی گشتی |
| ٢٠٠٠ - ٢٠٠١ | --- | --- | ٢٩,٨ | ١١٦,٥ | ٥٦,٢ | ٤٠,٣ | ٦٤,٨ | ٥,٥ | --- | --- | --- | --- | ٣١٣,١ |
| ٢٠٠١ - ٢٠٠٢ | --- | ٢ | ١٢,٥ | ٩٩,٣ | ١٣٠ | ٣٠,٢ | ٥٦,٨ | ٦٤,٢ | --- | --- | --- | --- | ٣٩٥,٥ |
| ٢٠٠٢ - ٢٠٠٣ | --- | --- | ٤٩,١ | ٩٤,٢ | ٦٣ | ٧٩,٩ | ٣٧ | ٢٢,٣ | --- | --- | --- | --- | ٣٠٥,٥ |
| ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ | --- | ١,٧ | ٤٨,٣ | ٤٠,٩ | ١١٢,٥ | ٤٢,٣ | ٤,٥ | ١٧,٢ | ٧,٥ | --- | --- | --- | ٢٧٤,٤ |
| ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ | --- | ١,٥ | ٦٣,٧ | ٤١,٨ | ٦٩,٢ | ٣٦,٩ | ١٠٢,٤ | ٢٨,٥ | ٤ | --- | --- | --- | ٣٤٨ |
| ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ | --- | --- | ٢٨ | ٤٢ | ٦٩ | ٩٩ | ١٧,٥ | ٦٢,٥ | ٢ | --- | --- | --- | ٣٢١ |
| ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧ | --- | ٢٥,٥ | ١٦,٥ | ٢ | ٨٥,٥ | ٦٢,٥ | ٦,٥ | ٦١,٥ | ٢,٥ | --- | --- | --- | ٣٢٠ |
| ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨ | --- | --- | --- | ١٠ | ٦٤ | ٢٢,٥ | ٣ | --- | ٢ | --- | --- | --- | ١٠٦,٥ |
| ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩ | ٠,٥ | ٢٣,٥ | ٢٨ | ٣ | ٢٢,٥ | ٢٤ | ٢٦,٣ | ٣٥,٢ | ٠,٥ | --- | --- | --- | ٢١٤ |
| ٢٠٠٩ - ٢٠١٠ | --- | ٣٥,٥ | ٦٦,٨ | ٥٤,٨ | ٣٠,٦ | ٤٨,٦ | ٦١,٥ | ٣٦,١ | ٥١,٩ | --- | --- | --- | ٣٨٥,٨ |
| ٢٠١٠ - ٢٠١١ | --- | ١,٥ | ٣,٢ | ٦٢,٨ | ٩٢,٢ | ٩,٢ | ٢,٦ | ٤١,٤ | ١٧,٤ | --- | --- | --- | ٢٤٥,٨ |
| ٢٠١١ - ٢٠١٢ | --- | ٣,٥ | ٢,٥ | ٥,٤ | ٢١,٢ | ٥٣,٥ | ٢٢,٣ | ١١ | ٥,٣ | --- | --- | --- | ١٢٤,٢ |
| ٢٠١٢ - ٢٠١٣ | --- | ١٤,٦ | ٢٢٩,٤ | ٢٢,٢ | ٩٣,١ | ١٠,٢ | ١,٩ | ٢,٨ | ٢٠,١ | --- | --- | --- | ٣٩٤,٨ |
| ٢٠١٣ - ٢٠١٤ | --- | --- | ١٤٥,٥ | ٢٤,٥ | ٤٢,٨ | ٣,٤ | ٦٣,٢ | ٥,٥ | ٥,٤ | --- | --- | --- | ٣٤٠,٣ |
| ٢٠١٤ - ٢٠١٥ | --- | ٤١,٨ | ٢٨,٢ | ٣٢,٨ | ٢٢,٣ | ٥٨,٨ | ٤٣,٤ | ٠,٥ | ٤,٢ | | --- | --- | ٢٩٢ |
| ٢٠١٥ - ٢٠١٦ | --- | ١١٧,٣ | ٩٠,٣ | ٢٢,٩ | ٣٧,٥ | ٤٩,٤ | ١١٢,٤ | ٥٩,٢ | ١٤,٩ | --- | --- | --- | ٥٥٨,٩ |
| ٢٠١٦ - ٢٠١٧ | --- | --- | ٢١ | ٥١,٦ | ٢٥,٤ | ٤٢,٤ | ١٢٢,٨ | ٦,٣ | ١,٨ | --- | --- | --- | ٢٧١,٣ |
| ٢٠١٧ - ٢٠١٨ | --- | --- | ١٥,٢ | --- | ٢٣,٢ | ١٦٢,٤ | --- | ٨٥ | ٨ | --- | --- | --- | ٣٩٩,٣ |
| ٢٠١٨ - ٢٠١٩ | --- | ٢٥,٩ | ٩٣,٨ | ٢١٣ | ٥٩,٢ | ٦٣,٩ | ١٥٢,٢ | ٢٣,٨ | ١,٥ | --- | --- | --- | ٦٨٨,٨ |
| ٢٠١٩ - ٢٠٢٠ | --- | ٣٩,٦ | ٦ | ١٣١ | ٢٠,٢ | ٤٥,٩ | ٢٠,٤ | ٣,٥ | --- | --- | --- | --- | ٣٦٧,١ |
| ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ | --- | - | ٤٢,٤ | ١٥,٥ | ٢٢,٩ | ٢٦,٥ | ٥,٢ | - | --- | --- | --- | --- | ١١٢,٥ |
| ٢٠٢١ - ٢٠٢٢ | --- | - | ٥ | ٦,٤ | ٦٣,٥ | ٢٥,٢ | ٣,٤ | ٨ | --- | --- | --- | --- | ١١٢ |
| ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ | --- | --- | ٦٣,٣ | ٣١,٣ | ٥٦ | ١٣,٤ | ٢٦,٢ | ٤٤,٦ | ٢٠ | --- | --- | --- | ٣٠٤,٨ |
| ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ | --- | --- | ٥٤,٢ | ٢٢,٤ | ١٩,٥ | ١٦٦,٢ | ٩٣,٥ | ٤٨,٥ | ٣٥,٢ | --- | --- | --- | ٤٤٠ |
| ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥ | --- | --- | ١١١,٣ | ١٢,٨ | ٠,٨ | ٦١,١ | ٢٩,٢ | ٨,٥ | ٥,٨ | --- | --- | --- | ٢٣٠ |
| تێکڕا | ٠,٥ | ٣٥,٥ | ٦١,٢ | ٤٨,٠٢ | ٥١ | ٤٦,١٣ | ٤٣,٢١ | ٢٤,٨٦ | ١٠,٨٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٩٥,١٩ |
| تێکڕای وەرز | ٣٢,٤ | | | ٤٨,٤ | | | ٢٦,٣٢ | | | ٠ | | | |
| کۆی وەرز | ٩٧,٢ | | | ١٤٥,١٥ | | | ٧٨,٩٦ | | | ٠ | | | |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان, بەشی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی/ هۆبەی کەشناسی ٢٠٢٥.

بەڵام بەگشتی مانگەکانی وەرزی هاوین بەپێی خشتەکە بارانی لێ نابارێت و باران بارین تێیدا سفرە، کرداری داباریان لەم ناوچەیە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت تاوەکو مانگی مایس، بە تێڕوانین لە خشتەکە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە زۆرترین بڕی باران بارین لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠- ٢٠٢٤) دەکەوێتە ساڵی بارانی (٢٠١٨- ٢٠١٩) کە کۆی باران باریوو لەو ساڵەدا گەیشتووەتە

(٦٨٨,٨ملم) وە بە پێچەوانەوە کەمترین بڕی باران باریوو کەوتووەتە ساڵی بارانی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢) کە کۆی بارانی باریووە لەو ساڵەدا گەیشتووەتە (١١٢ملم) ئەمەش پێمان دەڵێت: کە ڕاڕاییەکی زۆر هەیە لە بارانی ناوچەکە, بەگشتی ناوچەکە دەکەوێتە چوارچێوەی سیستمی ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست (زستانی ناوەند و شێدارە و تاڕادەیەك باراناوی و هاوینی گەرم و وشکە)، بەگشتی زۆرترین بڕی باران دەکەوێتە وەرزی زستانەوە، وە ئەم بڕە بارانەش هەمیشە لە گۆڕاندایە و جێگیر نییە و کەم و زیاد دەکات لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر، بەپێی مانگەکانیش وەك یەك نییە، کەم و زیاد دەکات تەنانەت کاتی باران بارین و باران بڕانیش وەك یەك نییە و پێش و پاش دەکەوێت ئەمەش بە دیاردەی (ڕاڕای باران) ناودەبرێت (٥١), بە پێویستی دەزانم تیشکێك بخەمە سەر هۆکارەکانی دروستبوونی لافاو و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی:

**لافاو: (flood).**

کاتێك دروست دەبێت باران زیاتر بێت لەوەی کە خاك بتوانێت هەڵیبمژێت, دیاردەیەکی سروشتییە و بەهۆی بارودۆخی بەرگەهەوا و ژینگەی ناوچەکەوە لە ئەنجامی بارانی زۆر یان تواندنەوەی خێرای بەفر و سەهۆڵەوە دروست دەبێت, کە جوگرافیا هۆکارێکە بۆ دروستبوون و بەهێزیی لافاو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر, بە جۆرێك ناوچەکانی نزیك ڕووبارەکان و لەو شارانەی لەسەر زەوییەکی تەخت دروستکراون یاخود نزیکن لە چەم و دۆڵەکانەوە مەترسی لافاوێکی خێرایان لەسەرە لافاو دەتوانێت مەترسیدار بێت بۆ کۆمەڵگاکان, بەپێی بەهێزییەکەی و ماوەکەی, بە جۆرێك ڕۆژێك یان هەفتەیەك تەنانەت هەندێك جاریش زیاتر بخایەنێت, دەبێتەهۆی کاولکاری و زیانی مرۆیی و ماددی بە دوای خۆییدا دێنێت (٥٢), ئەوەی ئاشکرایە لافاو لە وەرزی زستان و بە ڕادەیەکی زۆر لە وەرزی بەهار ڕوودەدات, کەواتە لەم دوو وەرزدا ئاستی ئاوی ڕووبارەکان بەرزە بە پێچەوانەوە لە وەرزی هاوین و پایزدا نزم دەبێتەوە, ئەو لافاوانەی لە عیراق لە ماوەی ساڵانی (١٨٠٢ – ١٩٤٦)دا ڕوویداوە دەگاتە ٦٢ لافاو, بەڵام لە دوای ئەم بەرواره چەند ساڵێك هەن بە ساڵی لافاو دەناسرێن وەکو (١٩٥٤ و ١٩٦٩) ڕووداوی لافاو کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر زەوی کشتوکاڵی و ڕێگاوبان و شارەکان, جگە لەوەی لە باشووری عیراق ئەم دیاردەیە زوو زوو دووبارە دەبێتەوە و دەبێتەهۆی زیادکردنی ڕێژەی بە هەڵمبوون و زیادبوونی ڕادەی خوێ (٥٣), هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری کەلار بەتایبەت لە بەردەم کێشەیەکی گەورەدایە ئەویش گۆڕانی ئاووهەوایە, بەتایبەتی لەم دوو دەیەی پێشوودا بووەتە هۆی کەمبوون و



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وشــکبوونی ســەرچاوە ئاوییــەکان و خراپبوونــی جۆرەکــەی و بارانــی زۆر بەشــێوەیەکی کتوپــڕ و لەنــاکاو لــە کاتێکــی کەمــدا، بۆیــە ئــەم لافــاوەی کــە لــە شــاری کــەلاردا ڕوویــدا هۆکارەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ بارینــی بارانێکــی چــڕ و بەخــوڕ لــە ماوەیەکــی کورتــدا، بەڵگەیــش لەســەر ئــەوە لــە وێســتگەی کــەلار لــە ماوەیــی ٢٤ کاتژمێــر لــە ڕێکــەوتی ٨ - ٢٠٢٥/١٢/٩ بــڕی ١٢٧,٢ ملم بارییــە ئەمــەش بەپێــی پێوانــە زانســتییەکان بــە ســنووری لێزمەبــاران دەژمێردرێــت و بــە بارانــی وێرانکــەر دادەنرێــت، ســەرەڕای ئــەوەی ڕووپۆشــی زەوی شــاری کــەلار توشــی گۆڕانکارییەکــی زۆر بــووە بەهــۆی فراوانبوونــی شــارەکە و بنیادنانــی ســیتییە تــازەکان زۆربەیــان دەکەونــە بەرزاییەکانــی باکــووری شــارەکەوە, کــە ســەرچاوەی ســەرەکی ئاوپێــدەری ڕووبــاری ســیروانە لــە ســنوورەکەیدا, هۆکارێکــە بــۆ تێکچوونــی هاوســەنگی دۆخــی هایدرۆلۆجــی لقــە ئاوییــەکان کــە لــە باکــوور و باکــووری خۆرئــاواوە دەڕژێنــە شــارەکە، بۆیــە لــە ئێســتادا لــە کاتــی بارانبارینــی بەخــوڕ ئــاو دەهێنێتــە شــارەکە دەرچــەی دەرچوونیــان کەمــە و پەنگدەخۆنــەوە و ئاوەکــە لــە لایەکیتــر ڕێــڕەوی خــۆی دەکاتــەوە لــە ئاســتێکی نزمــتردا, ئەمیــش دەبێتــە هــۆی کۆبوونــەوەی بــڕی ئــاوی زیاتــر دەگاتــە ئاســتێك ئــەو ئاوەڕۆیانــەی کــە دیزاینکــراوە بــۆی لــە قەبــارەی خــۆی زیاتــر ئــاوی بــۆ دێــت و ناتوانێــت وەری بگرێــت لــە کۆتاییــدا دەبێتــە هــۆکاری درووســتبوونی لافــاو، لەبەرئــەوە دابەزینــی چــڕی ئــاو دەرکــردن ئاماژەیــە بــۆ کەمــی لــق و کەناڵــە ئاوییــەکان بــۆ خاڵیکردنــەوەی ئــاوی بــاران، بۆیــە ئەگــەری ڕوودانــی لافــاو بــەرز دەبێتــەوە (٥٤), ئــەو ئەگــەر و هــۆکارە ژینگــەی و مرۆییانــەی بــە شــێوەیەکی گشــتی دەبنــە هــۆی درووســتبوونی لافــاو لەوانــە:

١. بــاران بارینێــکی زۆر و بەخــوڕ لــە ماوەیــەکی کورتــدا و توانــەوەی بەفــر و ســەهۆڵ, کــە دەبنەهــۆی بەرزبوونــەوەی ئاســتی ئــاو.

٢. شــکانی بەنــداو یــان بەربەســتەکان کــە بوونەتــە هــۆی گلدانــەوەی ڕێژەیــەکی زۆری ئــاو لــە پشــتیانەوە بــە تێکشــکاندنی ئــەم بەنــداو و بەربەســتانە ناوچــەکانی بەردەمیــان بەدرێژایــی چەندیــن کیلۆمەتــر دووچــاری مەترســی و ڕاماڵیــن و کاولــکاری دەبنــەوە.

٣. دیزاینــی شــارەکان و فراوانبــوونی ڕووبــەرە قیرتاوکــراوەکانی وەك ڕێگاوبانــەکان و شــوێنی وەســانی ئۆتۆمبێــل و درووســت کــردنی خانــوو, کــە ڕێگــری دەکــەن لــەوەی زەوی بــاران هەڵبمژێــت و دەبێتەهــۆی کۆبوونــەوەی باراناوێــکی زۆر لەســەر زەوی, بــە جۆرێــك سیســتمی ئــاوەڕۆ و مەنهۆڵــەکانی شــار نەتوانــن ئــەو ئــاوە زیادەیــە لــە خۆبگــرن و بیگوازنــەوە بــۆدەرەوەی شــار, بۆیــە لــە ماوەیــەکی کەمــدا ئاوەکــە بەرزدەبێتــەوە و دەبێــت بــە لافــاو .

٤. کەڵەکەبوونی خۆڵ و خاشاك پڕکردنەوەی ڕێڕەوە ئاوییەکان و تەسکردنەوەی چەم و دۆڵەکان, کە دەبنە هۆی گۆڕینی ئاراستەی ئاو و بڕینەوەی دارستانە سروشتییەکان و خراپی فڕێدانی زبڵ و خاشاك, هۆکارن بۆ زیادکردنی مەترسییەکانی لافاو (٥٥).

سەبارەت بە هۆکاری درووستبوونی لافاو لە ناوچەکەدا, لە وەرزی زستان و بەهاردا دەگەڕێتەوە بۆ:

١. تۆپۆگرافی هەردوو قەزاکە بە شێوەیەکە دەکەوێتە تەختایی و ڕێژەی لێژی زۆر کەمە.

٢. هەموو ئەو ئاوەی لافاوە کە ڕوو دەکاتە ناو شار, ئاوی سەرووی شارەکەیە ئەمە بە زمانی عەرەبی پێی دەوترێت: (حوچ التغزيه, یان بە شێوەی زانستی و ئەندازەیی پێی دەوترێت:catchment Area , واتا هەموو ئەو ڕووبەر زەوییانە کە دەکەونە باکووری شار و هەمووی ئاستی لیڤڵی لەناو شار زۆر بەرزترە و هەموو ئەو ئاوانە لەناو چەمە بچووکەکان کۆ دەبێتەوە و پاش مەودایەك چەن چەمێکی بچووك دەڕژێنە ناو دۆڵێکی گەورەتر و دێتە ناو شار و دەبێتە هۆکاری لافاو.

٣. زۆربەی بارانی ئەم ناوچەیە لەو جۆرەیە کە لە کاتێکی کورتدا ڕێژەیەکەی زۆر دەبارێت بۆیە پێش ئەوەی زەوی ئەو ئاوە هەڵمژێت ئاوەکە بە خێرای زیاد دەکات و بە ڕێ دەکەوێت و بەم ڕێژە زۆرە بە زمانی زانستی پێی دەوترێت: intensity

٤. نەبوونی هیچ شێوە بوندی بچووك یان بەربەست لەبەردەم ئەو چەمانە کە بتوانێت بەشێك لەو ئاوە گل بداتەوە.

٥. بەشێك لەو ئاوبارە (قنگرە) کە درووست کراوە زۆر بچووکە و توانای ڕاکێشانی هەموو ئەو ئاوەی نییە لە کاتێکی کەمدا, بۆیە وەکو گەرویەکی لێدێت و ڕێڕەوی ئاوەکە دەخنکێنێت.

٦. بەشێك لە ڕێڕەوی ئەو لافاوە لەناو شاردا بە تێپەڕبوونی کات پڕ کراوەتەوە و تەخت کراوە.

چۆنێتی چارەسەرکردن یان کەمکردنەوەی لافاو لە شاری کەلار:

دەبێت بەربەستی تەواو درووست بکرێت لە سەرەوەی شار بە شێوەی چین چین بکوترێتەوە و بە گڵی گونجاو بکرێت, هەروەها دیووی باکووری بەربەستەکان زۆر چاڵ و پان بکرێت, بە جۆرێك توانای ڕاکێشانی هەموو ئەو ئاوەی هەبێت کە ڕووی

تــێ دەکات, هەروەهــا  پێویســتە ســاڵانە پاکبکرێتــەوە پێــش هاتنــی وەرزی لافــاو (٥٦), بــە کــورتی بــاران ســەرچاوەی ســەرەکی ئــاوی ســەرزەوی و ژێــر زەوییــە لــە شــارەکەدا، بۆیــە دەبێــت هــەر بڕێــك بــاران بباریــت بیــر لــە (حصــاد المیــاه) بکرێتــەوە, کــە پرۆســەی کۆکردنــەوە و هەڵگرتنــی ئــاوی بــاران و ســەرزەوی بــۆ بەکارهێنــانی دواتــر لــە ئــاودانی بەرهەمــەکان و دابینکــردنی ئــاوی خورادنــەوە و پاڵپشــیکردنی ئــاژەڵ و کەمکردنــەوەی لافــاو و پڕکردنــەوەی ئــاوی ژێــرزەوی کــە ڕێگایــەکی بــەردەوام و کاریگــەرە, بەتایبــەتی لــە ناوچــە وشــکەکاندا و لــە ڕێگــەی تەکنیکــە سادەکانی بەنــداو و چاڵــە بچووکــەکان, مەبەســت لەمــەش ســوود وەرگرتنــە لــەو ســەرچاوە ئاوییــە نــەك بێتــە مایــەی زەرەر و زیــانی مــاددی و ئابــووری، باشــترین ڕێــگا بــۆ چارەســەرکردنی لافــاو لــە شــاری کــەلار بریتیــە لــە: دروێنــەی لافــاو و ئــاو کەناڵــەکان لــەو شــوێنانەی کــە ئــاوی بــاران زیاتــر کۆبووەتــەوە، جــا چ بەشــێوەی لافــاو بووبێــت یاخــود زیادبوونــی ئاســتی کەناڵــە ئاوییــەکان بێــت، لــە ڕێگــەی درووســتکردنی بەســت و بەنــداو و جۆگــە و کەناڵــی گواســتنەوە و درووســتکردنی ئەســتێل و پۆنــد و بەنــداوی ژێــر زەوی (٥٧).

٢. ئــاوی ســەر زەوی: هەرێمــی کوردســتان ناوچەیــەکی دەوڵەمەنــدە بــە بــوونی دەرامــەتی ئــاو، بــڕی ئــاوی ســەرزەوی هەرێــم لــە ســاتێکەوە بــۆ ســاتێکیتر جیــاوازە، ئەویــش بەپێــی بــڕی بــاران و بەفــری ســاڵەکە، دەرامــەتی ئــاوی ســەرزەوی هەرێمــی کوردســتان خــۆی لــە ڕووبــار و دەریاچەکانــدا دەبینێتــەوە، کــە نزیکــەی ٣,٤٧ ملیــار م٣یــە، ئەمــەش لــە ســاڵێکەوە بــۆ ســاڵێکیتر جیــاوازە بــۆ نموونــە لــە ســاڵی ١٩٦٩ بەرزتریــن ئاســتی تۆمارکــردووە، کــە گەیشــتووەتە ١٠٦ملیــار م٣، بــەڵام لــە ســاڵی ١٩٣٠ بەهــۆی بــێ بارانییــەوە نزمتریــن ئاســتی تۆمــار کــردووە و دابەزیــوە بــۆ (١٩ملیــار)م٣, کــە بــە ســامانێکی پــڕ بایــەخ و گــەورە دادەنرێــت لــە ئێســتا و داهاتــوودا, کــە دەبێتــە یەدەکێــکی گرنــگ لــە ناوچەکــەدا (٥٨), مەبەســت لــە ئــاوی ســەرزەوی یــان ئــاوی ڕەوان، گشــت ئــەو ئاوانــەی کــە بــە درێژایــی ســاڵ دەڕۆن، واتــە ئــاوی هەمیشــەیی، هەروەهــا ئەوانــەی دوای بــاران باریــن و بەفــر توانــەوە بــۆ ماوەیــەك پەیدادەبــن، واتــا ئــاوی وەرزی یــان وەرزە ئــاو, هەرێمــی کوردســتان ناوچەیــەکی دەوڵەمەنــدە بەبــوونی دەرامــەتی ئــاو، بــڕی ئــاوی ســەرزەوی هەرێــم لــە ســاڵێکەوە بــۆ ســاڵێکیتر جیــاوازە، ئەویــش بەپێــی بــڕی بــاران و بەفــری ســاڵەکە دەرامــەتی ئــاوی ســەرزەوی لــە هەرێمــی کوردســتاندا خــۆی لــە ڕووبــار و دەریاچەکانــدا دەبینێتــەوە (٥٩), ســەبارەت بــە ئــاوی ســەر زەوی لــە کــەلار، ئــەو ڕووبــار و چەمانــە دەگرێتــەوە کــە بــە ناوچەکــەدا تێدەپەڕێــت، کــە هەندێکیــان چەمــی وەرزییــە و لــە کاتــی بــاران بارینــدا پەیــدا دەبێــت و هەندێکیتریــان بــە بەردەوامــی ئــاوی هەیــە وەکــو ڕووبــاری ســیروان کــە ســەرەکیترین ئــاوی ســەر زەوی ناوچەکەیــە کــە بــە ڕۆژهــەڵاتی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



شارەکەدا تێ دەپەڕێت، ئاوی ڕووباری سیروان بۆ کشتوکاڵ و خواردنەوە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ مەبەستی خواردنەوە پرۆژەی کەلار لە ساڵی ١٩٧٩ دەستکراوە بە درووستکردنی و لە ساڵی ١٩٨١دا تەواو بووە تەنیا گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، شێروانە و سیروان) سوودیان لێبینیوە، پرۆژەی ئاوی کەلار - ڕزگاری پرۆژەیەکی نوێیە لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ یەکەمین جار دەستکراوە بە کارکردن تێیدا لە ساڵی ٢٠١٠ سوودی لێبینراوە ئاو دابەش دەکات بەسەر گەڕەکەکانی (سیروان، سەرکەوتن، شێروانە، بنگرد، شۆڕش، ڕاپەڕین، فەرمانبەران و شەهیدان...)دا (٦٠) .

١. ڕووباری سیروان: ئەم ڕووبارە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان, لە سێ لقی سەرەکی پێکدێت, بۆیە پێی دەوترێت: (سێ ڕوان) واتە سێ ڕووبار, یەکێکیان لە ڕۆژئاوای چیای ئەڵوەند لە هەمەدان, کە بە گارود دەناسرێت و ئەویتریان لە ناوچەی لوڕستان و سێیەمیان لە باکووری ناوچەی سنە بە دووری (٤٥) کم سەرچاوە دەگرێت, ئاوی کێوی پیر مەحمود و کێوەکانی دەوروبەری لە چەند جۆگەیەکدا کۆدەبنەوە و لە دوایدا لە باشووری گوندی (سیاسوانی خواروو تێکەڵاو دەبنەوە, پاشان بە ناوی ڕووباری قشلاقەوە دەناسرێت, بەرەو بەنداوی قشلاق دەڕوات, لە دوایدا بەرەو ڕۆژئاوا ڕێ دەکات, تاوەکو گوندی بزلادە دەبێتەوە و هەر لەوێشەوە ناوەکەی دەگۆڕدرێت و دەبێتە ئاوی سیروان و چەندین چەمی تێکەڵ دەبێت, پاشان لە ناو شاخی هەورامان و کێوی شوند دێتە ناو پارێزگای سلێمانی لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵات لە نزیك گوندی لاوەران, هەردوو ئاوی زەڵم و تانجەرۆ دەڕژێتە ناوییەوە (٦١), دۆڵی ڕووبارەکە تەسك دەبێتەوە و هەر لەو شوێنە بەنداوی دەربەندیخان درووست کراوە، دوای تێپەڕبوونی دەگاتە ناوچەی کەلار، لە ڕۆژهەڵاتدا سنووری ناوچەکە پێکدەهێنێت و لە قەزای خانەقینی جیادەکاتەوە, ئەم ئاوە لە دەورو بەری کەلار شیاوە بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ و پێداویستیە جۆراو جۆرەکان جێبەجێ دەکات، ڕووبەری حەوزی ڕووباری سیروان دەگاتە ٣١٨٩٦کم٢ کە نزیکەی (٣٦٦٠کم٢)ی دەکەوێتە عیراقەوە، درێژی ڕووبارەکە ٣٨٤کم تێکڕای لە بەر ڕۆیشتنی، ١٧٠م٣ /چرکە و تێکڕای داهاتی ساڵانەی ٣٦، ٥ ملیارم٣ و بە ڕێژەی ١٣,٥٧٪ لە ئاوی ڕووباری دیجلە پێکدەهێنن, ڕووبارەکە لە ناوچەی کەلار درێژییەکەی نزیکەی ٢٩ کم دەبێت، واتە ٧,٥٪ درێژی ڕووبارەکە بەر کەلار دەکەوێت (٦٢), ئەو ڕووبار و چەمانەیە کە بە ناوچەکەدا تێدەپەڕێت، دیارترین و سەرەکیترین ئەو ڕووبارانەش ڕووباری (سیروان) کە بۆ خواردنەوە و گەشتیاری سوودی لێ وەردەگیرێت، جگە لەم ڕووبارە سیروان چەند خڕێك لە باکوور و باکووری ڕۆژئاواوەوە بەرەو ڕووباری سیروان دەڕوات و دەڕژێنە ناوییەوە، بەڵام تەنیا لە کاتی دابارین ئاوی پێدا دەڕوات

و دوای نامێنێـت لەوانـە (خـڕی بەردەسـور، خـڕ سـەیدخەلیل، خـڕ قەرەچێـل، خڕکونـار، خڕحاجـی، خـڕە باریـك، خـڕە وشـك، بونگڵـە و خڕەشـێت).

٢. چەمـەکان : دادەنرێـت بـە لقـی بچـووك ئـاو کۆدەکەنـەوە بـۆ ڕووبـارەکان، چەمـەکان لـە ڕووی قەبـارە و قووڵـی بـڕی ئـاوەوە بچووکـترن و کەمـترن بـە بـەراورد بـە ڕووبـارەکان، قەبـارەی چەمـەکان ئـاوی سـاڵانە و وەرزانەیـان دەگۆڕێـت بەپێـی بـڕی بـاران بارینـی سـاڵانە و وەرزانـە (٦٣)، ناوچـەی کـەلار چەنـد چەمێکـی لێیـە، هەندێـکی هەمیشـەییە و هەندێکـی لۆکاڵـە و ئـەو لۆکاڵانـە پشـت بـە بـاران و بـڕی بـاران دەبەسـتن و هەندێکـی تریشـیان پشـت بـە ئـاوی کانیـاوەکان دەبەسـتن، بەتایبەتـی کـە کانیـاو تـا وەرزی وشـکی هاویـن ئـاوی دەبێـت دواتـر ئاوەکـەی دەیـدا لـە کـزی، بـە شـێوەیەکی گشـتی چەمـەکان لـە سـەرەتایی پایزانـدا ئاویـان تێـدا دەڕوات، کاتێـك وردە وردە بـاران دەبارێـت و لەگـەڵ کۆتایهاتنـی وەرزی بەهـاردا و دەسـت پێکردنـی وەرزی هاوینـدا ئەوانیـش کۆتاییـان دێـت و وشـك دەبـن، بۆیـە ئـەم چەمانـە بەتـەواوەتی پشـت ئەسـتوورن بـە ئـاوی بـاران، ئەمـەش لـە وەرزێکـەوە بـۆ وەرزێکیـتر و لـە سـاڵێك بـۆ سـاڵێکیتر جیـاوازی هەیـە، گرنگتریـن چەمـەکانی ناوچەکـەش ئەمانـەن: (بەرلـوت، کانی چایلـە، سـەید خـدر، سـەید خەلیـل، سـەعدوڵلا بـەگ، سـاڵحە جـۆلا، گۆبـان، قەرەچێـل، گردەگۆزینـە، بەردەسـوور، ڕەمـەزان ئاغـا، دارخورمـا، کەواچەرمـوو، سـەید حەیـدەر و ڕەزا کـوژراو) (٦٤)، ئـاوی ئـەم چەمانـە لـە کۆنـدا زیاتـر بـە کاردەهێـنرا جیـا لـەوەی بـۆ خواردنـەوەی ئـاژەڵ، سـوودی لـێ دەبیـنرا بـۆ شـشـتنی کەلوپـەل و ڕاخـەر و کەرەسـتەکانی ناومـاڵ و کەلوپـەلی نووسـتن و دەفـری نانخـواردن و تەنانـەت هەندێـك جاریـش بـۆ خواردنـەوە و چـا و چێشـت لێنانیـش، دەیـان هێنـا و دایـان دەنـا تـا بنـی دەنایـەوە و دواجـار بـە کەتانێـك یـان پەڕۆیـەکی تەنـك ئـاوە لێڵەکەیـان دەپـاڵاوت پاشـان بـە کاریـان دەهێنـا، لـە ئێستاشـدا لـە زۆر شـوێن ناعـوور یـان لەسـەر هەڵکەنـدووە کـە بـۆ زۆر مەبەسـت بەکاردەهێنرێـت، یـان لـە هەندێـك شـوێن لـە ڕێگـەی ماتـۆڕی (کارەبـا، گاز و بەنزیـن)ەوە گەنـم و جـۆ ئـاودەدەن یـان کشـتوکاڵی لەبەردەکـەن، بـۆ مەبەسـتیتریش دەسـت دەدات و بەشـێك لـە پێداویسـتییە جۆراوجـۆرەکان جێبەجـێ دەکات، لێـرەدا خـڕ و چەمـەکانی ناوچەکـە دەخەینـە ڕوو:

١.خـڕ پونگڵـە: سـەرچاوەکەی لـە سـەرووی ناحیـەی تیلەکـۆ و قەڵاڕێویلـەوە دەسـت پـێ دەکات، لـە هـەر شـوێنێکدا بەپێـی نـاوی ناوچەکـە ناوبـراوە وەك لـە تیلەکـۆ بـەرەو خـوار پـێ دەوترێـت: خـڕی تـوران، لـەوێ بـە دوای پـێ دەوترێـت: خـڕی کەواچەرمـوو، پاشـان بـە خـڕی شـاکەل و لێـرە بـە دواوە بـە خـڕی پونگڵـە ناودەبرێـت تـا دەگاتـە خـڕی گردەگۆزینـە لـە باشـووری کـەلارەوە لەوێشـەوە ئـەو ئـاو و لافـاوەی کـە لـە وەرزی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku







زستاندا لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت و دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوە و تێکەڵ بەیەکتر دەبن (٦٥)، ناوەکەشی لەوەوە هاتووە پونگڵەیەکی زۆری تێدا ڕواوە، لە کاتی خۆیدا وەرزی هاوینیش ئاوی ماوە.

٢. خرکونار یان خڕی پاشا: ئەم خڕە بۆیە بەم ناوەوە ناو نراوە لە نزیکیدا چەند دارکونارێکی گەورە هەیە، کە دەکەوێتە نێوان خڕی پونگڵە و خڕی باریکە: لە ڕۆژئاوای کەلاری کۆن لە دەشتی کارێزەوە دێت، ئەمیش وەرزییە لە کاتی بارانی زۆردا لافاوی پێدا دێت بەناو دەشتەکانی کەلاری کۆندا دەڕوات هەتا دەگاتە گردەگۆزینە و بەهەمان شێوە دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوە.

٣. خڕە باریك: ئەم خڕە ناوەکەی لەوەوە هاتووە، کە بەری تەسك و قووڵە دەکەوێتە نێوان هەردوو خڕی کونار و خڕی حاجییەوە سەرچاوەکەی گوندی گۆبان و قەرەچەمە بەناو دەشتی سەیل ماڵدا تێدەپەڕێت لەناو خڕی گردەگۆزینەوە لەژێر پردەکەوە دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوە.

٤. خڕی حاجی: لە کۆندا بۆ یەکەم جار ماڵی حاجی ئەڵماس لە تەنیشت ئەم خڕەدا خانوو و کەپر و پەرژینی دروستکردووە بۆ مەڕ و ماڵات لەمەوە ناونراوە خڕ حاجی، بە تەنیشت کەلاری کۆندا تێدەپەڕێت، لە ئێستادا کەلاری نوێ کەوتووەتە ئەمبەر و ئەوبەریەوە لەو دیوو پردی خڕی حاجی چەندین دەزگای حکومی وەك ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و ڕێگاوبان و ئاوەدان کردنەوە و گرتووخانە... کەوتووەتە ئەوبەریەوە بەناو دەشتی سەیل ماڵدا تێدەپەڕێت لە کۆتاییدا دەبێتە دوو پەلەوە، پەلێکیان دەڕژێتە خڕی گردەگۆزینەوە و ئەو پەلەکەیتری دەڕژێتە چەمی بنگرد لە ژێر پردەکەی قەڵای شێروانەوە دەڕژێتە ڕووباری سیروانەوە، تاوەکو ئێستا هەرساڵێك بارانی زۆر بووایە لافاوی خڕی حاجی چەندین زیانی لە کەلاری کۆن و گەڕەکی شۆڕش و بنگرد دەدا.

٥.خڕە وشك: ئەمە بە ناوەکەیەوە دیارە وشکە و بەرد و چەوی زۆرە و بەری فراوانە و ئاوی زۆری تێدا نامێنێتەوە سەرچاوەکەی لە گۆبان و قەرەچەمە وەدێت بە ناو دەشتی سەید خەلیل و کەلاری کۆندا دەڕوات و لە خڕی گردەگۆزینەوە دەڕێتە ڕووباری سیروانەوە.

٦. چەمی سەید خلیل: ناوەکەی لە وەوە هاتووە لە گوندی سەید خەلیلەوە دەکەوێتە باکووری کەلارەوە لە نێوان بەردەسوور و کەلاردا، ئاوێکی زۆری پێدا دەڕوات بەرەو ئاراستەی خۆرهەلات لە ژێر پردەکەی عەلەومحەوە دەڕژێتە ڕووباری

سـيروانەوە.

٧. خـڕی بەردەسـوور: لـە هـەردوو هەڵەتـەکانی سـەرووی بەردەسـوورەوە لـە ئاوڕێـژی گونـدی قاسـم ئاغـاوە کـە کەوتووەتـە باکـووری کـەلارەوە دەشـتێکە هـاو سـنووری بەردەسـوورە و بـە دوو ئاوەکـە نـاوزەد دەکرێـت لێـرەوە دەڕژێتـە ڕووبـاری سـیروانەوە .

٨. ناوتـاق: تەختاییەکـە دەکەوێتـە نێـوان جەوەڵـە گـەورە و جەوەڵـە بچووکـەوە، لـە ڕۆژئـاوای شـارەدێیی گردەگۆزینـە لـە خڕەشـێتەوە دەسـتپێدەکات تـا دەگاتـە کۆتایـی جەوەڵـی بچـووك لـە ڕۆژئـاوای گونـدی گێـژەکان (٦٦) .

٩. خـڕە شـێت: دەکەوێتـە ڕۆژئـاوی کـەلارەوە بـە ترسـناکترین خـڕی ناوچەکـە دادەنرێـت لـە وەرزی زسـتاندا, بەهـۆی ئـەو لافـاوە تونـدەی لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنێـت, سنوورەکەیشـی وەك خـڕە شـێت لـە گونـدی حاجـی عـەوادەوە دەسـت پـێ دەکات, خـڕ پونگڵـە دەبـن بەیـەك و لەوێشـەوە دەڕژێنـەوە ڕووبـاری سـیروانەوە.

خـڕی سـاڵح جـۆلا: چـەم و خڕێکـی بچووکـە، لـە خـوار گونـدی دێینـەوە هەڵکەوتـووە لـە بەهـار و زسـتاندا ئـاوی بارانـی ئـەو شـیوو و هەڵەتـە لـە بەرانبـەر گونـدی گێژەکانـەوە دەگاتـە سـیروانەوە (٦٧).

٣. ئـاوی ژێـر زەوی: ئـاوی ژێـر زەوی بریتییـە ئـەو ئـاوەی کـە لـە ژێرزەوییـدا پەنگـی خواردووەتـەوە و سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ کارلێکـە گڕکانییـەکان و تواندنـەوەی مـاددەکانی نـاو جەرگـەی زەمیـن، ئـەو ئـاوەی لـە ڕێگـەی بـاران و تواندنـەوەی بەفـرەوە بەهـۆی کونیلـەی بەردەکانـەوە دادەچۆڕێتـە نـاو زەوییـەوە، بـوونی ئـاوی ژێـر زەوی بایەخێـکی گـەورەی هەیـە لـە پڕکردنـەوەی پێداویسـتی ئاویـی بـۆ دانیشـتوان، بەتایبـەت لـەو ناوچانـەی کـە ڕادەی دابارینـی لـە ئاسـتی پێویسـتدا نییـە، لـە وەرزەکانی وشـکە ساڵیدا دەتوانرێـت تاڕادەییـەکی بـاش سـوود لـە ئـاوی ژێـر زەوی وەربگیرێـت (٦٨), بەفـر و بـاران کـە دوو سـەرچاوەی ئـاوی ژێـرزەوی پێکدەهێنـن دوو لەسـەر سـێی دەبێتـە هەڵـم و بەرزدەبێتـەوە بـۆ ئاسـمان، بەشـەکەی دیکـەشی هەندێـکی لەسـەر زەوی دەڕوات و لـە دواییـدا لـە ڕێگـەی ڕووبارەکانـەوە دەڕژێتـە نێـو دەریاکانـەوە، هەندێکیتریـشی زەوی هەڵیـان دەمژێـت و ئـاوی ژێـر زەوی پێکدەهێنـن، لـە دوایشـدا لـە شـێوەی کانی و سـەرچاوەدا لـە بنـاری چیاکانـەوە یـان دەشـتەکانەوە جارێکیـتر دەگەڕێتـەوە سـەر زەوی، یاخـود بـە شـێوەیەکی میکانیـکی واتـە بـە لێدانی ناعـوور و بیـر ئاوەکـە لەلایـەن

خەڵکــەوە دەردەهێنرێــت و بەکاردەهێنرێــت (٦٩), ســەبارەت بــە ڕووخســارەکانی جووڵــەی ئــاوی ژێــرزەوی لــە ناوچــەی کــەلار دەرکەوتــووە, کــە لێژایــی گشــتی ئاســتی ئــاوی ژێــرزەوی لــە باکــوور و باکــووری ڕۆژهەڵاتەوەیــە بــەرەو باشــوور و باشــووری ڕۆژئــاوا، جووڵــەی ئــاوی ژێرزەویــش لــە ناوچــەکانی باشووریشــەوە لــە باکــووری ڕۆژهەڵاتــەوە بــەرەو باشــووری ڕۆژئاواییــەوە و لــە ناوچــەکانی ڕۆژهەڵاتــدا لــە باکــووری ڕۆژئــاوا و باشــووری ڕۆژهەڵاتەوەیــە, هەروەهــا ئاســتی ئــاوی ژێــرزەوی لــە ناوچــەکانی کــەلار وەك یــەك نییــە و کەوتووەتــە نێــوان ١٥٠م لــە باشــووردا و زێدەتــر لــە ٥٠٠م لــە باکــووردا, لــە کاتێکــدا ئاســتی ئــاوی ژێــرزەوی لــە ناوچــەکانی باکــووردا مســۆگەر نییــە, چونکــە لــەوێ بیرێــکی کــەم لێــدراوە, ڕووبــاری ســیروان بــە ناوچــەی ســاغکردنەوەی ئــاوی ژێــرزەوی دادەنرێــت هەرچــی ئــاوی ژێــرزەوی ناوچەکەیــە پشــت ئەســتوورە بــە بارانــاوی ناوچەکــە و دراوســێکانی لــە باکــووری ڕۆژهــەڵات, هەمــوو ئــەم ناوچانــە لــە وەرزی بارانــدا ئــاو بــۆ ژێــر زەوی دابیــن دەکــەن (٧٠) .

أ. کانیــاو: بەشــێوەیەکی سروشــتی لەســەر ڕووی زەوی دەردەکەوێــت، بەبــێ هیــچ دەســت تێوەردانێــکی مــرۆڤ، هەلومەرجــی جیلۆجــی و جیمۆرفۆلۆجــی، خــۆی لــە سروشــتی پێکهاتــەی کەڤــرەکان و بــوونی چینــی کەڤــری بــێ کــوون دەبینێتــەوە، وێــڕای بــوونی قڵیــش و کــون و لێکــترازان وشــکانەوە (الفوالــق الانکســاریە) ڕێــگا بــە بەرزبوونــەوەو دەرچــوونی ئــاوی ژێــرزەوی دەدەن، بەپێــی بــڕی بــاران بارینــی ســاڵانە و وەرزانــە کەمــی و زۆریــی ڕادەی دابارینــ، کاریگەریــی زۆری لەســەر کەمــی و زۆری بــڕی ئــاوی ئــەم کانییاوانــە هەیــە, زۆری و کەمــی ئــاوی ژێــر زەوی بەنــدە بــە زۆری و کەمــی بەفــر و بــاران و لێــژی و پلــەی لێــژی و پلــەی کونیلــەداری کەڤــرەکان, هــۆکاری ڕاماڵینــی چینــی ســەرەوەی بــۆ کــۆگاکانی ئــاوی ژێــر زەوی دواتــر بەشــێوەی ســەرچاوە یــان کانی بــەدەر دەکــەون (٧١), لــە ناوچــەی کــەلار جێگیــر نییــە و برەکــەی لــە گۆڕاندایــە، بــڕی ئــەم ئــاوە لــە وەرزی بــاران باریــن و لــە ســاڵە شــێدارەکاندا زۆرتــر دەبێــت و لــە کاتــی وشــکانیدا دەبێتــە ســەرچاوەی ئــاوی ســەر زەوی بــۆ دانیشــتوانی گونــدەکان لەوانــە گوندەکانــی (ســەرناوە, زەردی حەمــەی مەحمــود, زەڕیــن, زەردی حەمــە, دوو میلانــی ســەروو, حاجــی حســێن و گەرمــك حاجــی علــی ...) ئەویــش لــە ئاکامــی وشــکانی و کەمــی ئــاوی چەمــە وەرزییــەکان ئــەم ئــاوە بــە ســەرچاوەیەك بــۆ گەشــەپێدانی ئــاوی هەندێــك لــە چەمــەکان دادەنرێــت, وەك لــە کانــی چایلــە و چەمــی ســەراو و گۆبــان و چەمــی ســەید خەلیلــدا دەبینرێــت (٧٢).

ب. بیــر: بــە کۆنتریــن ڕێــگای دەرهێنــانی ئــاوی ژێــرزەوی دادەنرێــت، مــرۆڤ لــە ڕێــگای

هەڵکەندنی زەوییەوە ئاوی دەستکەتووە پێداویستییەکانی خۆی لێ دابینکردووە، واتا بۆ دابینکردنی پێویستییە هەمە جۆرەکانی دانیشتوان لێدەدرێت، لە ڕێگەی هۆییەکانی بەرزکردنەوەی ئاوی یان هەڵکشان لە ڕێگەی پەستانی هایدرۆلیکی یان ڕێگەی هێزی گازەکە ئاوی ژێرزەوی بۆ دەرەوە پاڵدەدات، ئاو لە بیرەکان هەڵدەکێشرێت, هەروەها جیاوازی نێوان ژمارەی بیرە لێدراوەکانی هەرێم و بەشەکانیتری عیراق دەردەکەوێت, ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوەڕاست و باشووری عیراق پشت بە ئاوی سەر زەوی دەبەستن, لە کاتێکدا هەرێم پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت بۆ دابینکردنی پێداویستییە ئاوییەکانی, بەڵام ژمارەی بیرەکان لە ئێستادا زۆر زیادیکردووە, ئەویش بەهۆی ئاسانی هەڵکەندنی بیر بە ئامێری تایبەتی, بەهۆی گۆڕانکاری ئاووهەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و دووباربوونەوەی وشکە ساڵی (٧٣), بیر برتییە لە هەڵکەندنی چاڵێك لە زەویدا کە لە مەترێك کەمتر نییە لە سەر زەوییەوە دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتە ئاستی ژێر زەوی ئەو بیرە ئیرتیوازیانەی کە بە قووڵی هەڵکەندراون, هەمیشەیی دەبێت و دەگاتە ئاستی ئاوی ژێر زەوی دەشێت ئەمە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر جیاواز بێت هەندێك جار بیر تا ٣٠ مەتر لێ دەدرێت تا دەگاتە ئاستی داواکراو و هەندێك جاریش دەگاتە زیاتر لە ١٣٠مەتر، ژمارەی بیرە ئیرتیوازییە قووڵە هەڵکەندراوەکانی ناوچەی کەلار خۆی لە ١٧٤ بیری مۆڵەت پێدراو دەدات، بەڵام زۆربەی بیرەکان کەوتوونەتە زەوییەکانی بنگرد و گردەگۆزینە و کەلارکۆنەوە, ئەویش لەبەر پشتبەستنی جووتیارەکان بە ئاوی بیرەکان بۆ ئاودێری سەرباری بە کارهێنانیان لە ڕووی پیشەسازییەوە, لەلایەن کارگەکانەوە دروستکراون لە ناوچەکەدا (٧٤), ژمارەی بیرەکانی ناوەندی شار ٩٦ بیرە کە قووڵاییەکەی ٨٠ – ١٢٠ مەترە بەسەر گەڕەکەکاندا دابەشبوون، لە ئێستادا ٦٣ بیری ئیش دەکات و ٣٣ی داخراوە, لەبەرئەوەی ئاوی پاڵاوگەیان بەسەردا دابەش دەکرێت, بیرەکان ڕۆژانە ٨ = ١٢ کاتژمێر کاردەکەن, کە (٨٠٠٠٠ – ٩٠٠٠٠)م٣ ئاو دابەش دەکەن, کە پەمپی ٦٠ مەتری لەسەرە لە کاتژمێرێکدا ٦٠ م٣ ئاو دەدات دوو پاڵاوگەمان هەیە یەکێکیان لە کاتژمێرێکدا ٢٥٠٠ م٣ ئاو دەپاڵێوێت و ئەوی دیکەیان ٨٠٠ – ١٠٠٠م٣ ئاو دەپاڵێوێت, هەروەها پاڵاوگەی سێیەم ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی و پلاندانی لەسەر دراوە بڕیارە جێبەجێ بکرێت, کە بودجەکەی ١٥٠ ملیار دینارە, بە دروستکردنی تا سەرووی ٥٠ساڵیتر گرفتی ئاو لە شاری کەلار نامێنێت و بیرە ئیرتیوازییەکان دادەخرێت و سوود لە ئاوی سەر زەوی وەردەگیرێت لەلایەن ئەو پاڵاوگانەوە (٧٥).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## سەرچاوەکان:

١. بێستوون ئەحمەد حسێن, شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری قەڵادزێ, لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان, سلێمانی – ٢٠١٥, ل١١.

٢. هاوڕێ یاسین محەممەد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٨.

٣. بنار حسن محمد عبدالرحمن, کاریگەریی جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆیی (ئۆتۆمێل) لە بونیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار, لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار, نامەی ماستەر، بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی گەرمیان, ٢٠١٧, ل١٢.

٤. رزگار حاجی حەمید، کەلار مێژویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو، چاپخانەی چوارچرا,چ٢, سلێمانی ٢٠١٩, ل٣١.

٥. بنار حسن محمد عبدالرحمن, سەرچاوەی پێشوو, ل١٢.

٦. رزگار حاجی حەمید، سەرچاوەی پێشوو, ل٣١ -٣٤.

٧. مقداد شاکەلی, شاری کەلار لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، چاپخانەی گەنج, چ١, سلێمانی - ٢٠١٦، ل١٨.

٨. کامەران تاهیر سەعید، جوگرافیای عیراق, نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, چ١, ٢٠١٤, ل٢٥.

٩. مقداد شاکەلی، سەرچاوەی پێشوو, ل٢٠.

١٠. پ. د عیزەدین جمعە دەرویش و م ئارام حسن محمد, ئینسایکلۆپیدیای گەرمیان, بەرگی ١, جوگرافیای گەرمیان, بەشی ١, کۆکردنەوە و سەرپەرشتیکردنی پ. د. دارا حەمید محەمەد, ل٣٤.

١١. عوسمان محمدعلی، قەزای کەلار لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمیدا، نامەی ماستەر، بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٤، ل١٠.

١٢. نخشان محمد روستم خان البالانی، جیمورفولوجیە منگقە کلار, رسالە ماجستر غیر منشورە، کلیە العلوم الانسانیە , جامعە السلیمانیە , ٢٠١٠, ص٩ – ١٦.

١٣. عوسمان محمد علی، سەرچاوەی پێشوو, ل١٦.

١٤. بنار حسن محمد عبدالرحمن, سەرچاوەی پێشوو, ل١٤.

١٥. کامەران تاهیر سەعید، سەرچاوەی پێشوو, ل٤٥.

١٦. د ٠عەبدوڵلا غەفوور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، چ٢، سلێمانی-

٢٠٠٨، ل٤٢.

١٧. پ. د عیزەدین جمعە دەرویش و م ئارام حسن محمد, سەرچاوەی پێشوو, ل٥٨.

١٨. چاوپێکەوتن : ڕەشید بەکر ڕەشید, بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان, ٧/ ١/ ٢٠٢٦.

١٩. بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، زانیاری بڵاونەکراوە ، ١٧/ ١٠/ ٢٠١٥.

٢٠. ئەحمەد باوەڕ, گۆڤاری کەرکوك ژ (٢) ساڵی سێیەم پایزی ٢٠٠١, ل١١٤.

٢١. چاوپێکەوتن: جیهاد کەریم حەمید, نیسانی ٢٠١٨ .

٢٢. د. حسام جاد الرب, جوگرافیای ئاسان, و/ محمد چیا, چ١, چاپخانەی چوارچرا, سلێمانی، ٢٠١٢, ل١١٥.

٢٣. رزگار حاجی حەمید، سەرچاوەی پێشوو, ل١٨١.

٢٤. هاوڕێ مەلا ڕەئوف، دەریای زانیاری جوگرافیای گشتی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی - ٢٠١٢، ل٨٨ .

٢٥. د.لیپ محمود الز نگنە، أپرالحراره والامگار علی التصحرفی القڤو کلار، مجلە الجمعیە الجغرافیە، العدد٢٠١٣،٧٠.

٢٦. د. عەبدوڵڵا غەفوور, سەرچاوەی پێشوو, ل٤٥.

٢٧. مقداد شاکەلی, سەرچاوەی پێشوو, ل٣٩. .

٢٨. هاوڕێ یاسین محەممەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو, ل٨٣.

٢٩. ئەحمەد عەزیز عبداللە, هاوسەنگی ئاووهەوا لە ئیدارەی گەرمیان, لێکۆڵینەوەیەکە لە ئاووهەوای بڕی, نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە, بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٥, ل٦٨.

٣٠. کاروان محمد حسن, کاریگەری ئاووهەوا لەسەر بەرهەمهێنانی گەنم لە قەزای کەلار, نامەیەکە لەجوگرافیای ئاووهەوادا, نامەی ماستەر، بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، ل٦٠.

٣١. د. دەرباز محمد, ئینسایکلۆپیدیای گەرمیان, بەرگی ١, جوگرافیای گەرمیان, بەشی ٢, کۆکردنەوە و سەرپەریشیکردنی پ. د. دارا حەمید محەمەد, ل١٦٨.

٣٢. پ. د عیزەدین جمعە دەرویش و م ئارام حسن محمد, سەرچاوەی پێشوو, ل٦٧.

٣٣. د. دەرباز محمد, ئینسایکلۆپیدیای گەرمیان, سەرچاوەی پێشوو, ل١٦٩.

٣٤. ناهیدە جەمال تاڵەبانی, گۆڤاری کەرکوك, ژ٣ی ساڵی چوارەم, زستانی ٢٠٠٣, ل١٦.

٣٥. شۆخان محەمەد ئەحمەد, وێستگەی کەشناسیی سلێمانی لێکۆڵینەوەیەك لە ئاو و هەوای ورد, نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە, زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - ٢٠١١, ل١٣٢.

٣٦. علی حسن الشلش, جغرافیه التربه, مگبعه جامعه بغداد - ١٩٨١, ص١٣ .

٣٧. دەرباز محەمەد عەلی, کەلار لە لادێوە بۆ شار، چ٢، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٩.

٣٨. ساکار محەمەد حەسەن گەردی, ڕۆڵی دانەوێڵە لە دەستبەرکردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان, سلێمانی – ٢٠١٠, ل٦٦.

٣٩. سالم نعیمەت, کاریگەری ئاووهەوا لەسەر جۆرە جیاوازەکانی خاك لەنێوان ساڵح ئاغا و پێنجوێندا, سلێمانی - ٢٠٠٦، ل٢.

٤٠. نخشان محمد روستم البالانی، مصدر سابق، ص٩.

٤١. ناهیدە جەمال تاڵەبانی, سەرچاوەی پێشوو, ل١١٧.

٤٢. د.یوسف عبدالمجید فاید, جوگرافیای ئاووهەوا و ڕووەك, و/ گۆران ئیبامی, چاپخانەی کارۆ, چ١, ٢٠١٢, ل٣٢١.

٤٣. جەزا تۆفیق تاڵب، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ٢، ساڵی ١٩٩٩، ل١٠٧ .

٤٤ . دەرباز محەمەد عەلی, کەلار لە لادێوە بۆ شار، سەرچاوەی پێشوو, ل٦٠.

٤٥. د. محمد رڤا اصغری مقدم و دکتۆر ازیتا رجبی، جوگرافیای سروشتی شار شارەکانی ناوچە ووشکەکان، و/ عیماد جلال حبیب اللە، چاپخانەی چوار چرا، ٢٠١١، ل١٤١.

٤٦. هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو, ل١٥٥.

٤٧. شۆخان محەمەد ئەحمەد, سەرچاوەی پێشوو, ل١٢٧.

٤٨. سلام هاتف احمد الجبوری, جغرافیه المناخ, گ١, دار الرایه للنشر والتوزیع, عمان – الاردن, ٢٠١٦, ص٢٥٩.

٤٩. دکتۆر سلێمان عەبدوڵلا ئیسماعیل, تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا, لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان, سلێمانی – ٢٠٠٦, ل١٠٠.

٥٠. دەرباز محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

٥١. کاروان محمد حسن, سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

٥٢. سەرکاو فەیروز, هۆکارە ژینگەیی و مرۆییەکانی لافاو, ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٩٥٦٣, ٢٠٢٥/١٢/١٦ , ل١٠.

٥٣. کامەران تاهیر سەعید، سەرچاوەی پێشوو, ل٢٦٩.

٥٤. چاوپێکەوتن: پ. د. عیزەدین جمعە دەرویش , ٥/ ١/ ٢٠٢٦.

٥٥. سەرکاو فەیروز, سەرچاوەی پێشوو, ل١٠ .

٥٦. چاوپێکەوتن: ئەندازیار ئەرسەلان ئەحمەد, سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری, ٤/ ١/ ٢٠٢٦.

٥٧. چاوپێکەوتن: پ. د. عیزەدین جمعە دەرویش , ٥/ ١/ ٢٠٢٦.

٥٨. هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل١٧٤.

٥٩. د. عەبدوڵڵا غەفوور, سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

٦٠. بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار ، زانیاری بڵاونە کراوە ، ٢٠١٧/٤/٨

٦١. هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل١٨٢.

٦٢. نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ ٢, ئابی ٢٠١١, ل٢٠٦.

٦٣. احمد عزیز عبدالله, سەرچاوەی پێشوو, ل٥٧.

٦٤. نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی, سەرچاوەی پێشوو, ل٢٠٨.

٦٥. ئەحمەد باوەڕ, گۆڤاری کەرکوك, ژ ٣, ساڵی سێیەم, پایزی ٢٠٠١, ل١١٤.

٦٦. چاوپێکەوتن: جیهاد کەریم حەمید, نیسانی ٢٠١٨ .

٦٧. ئەحمەد باوەڕ, سەرچاوەی پێشوو, ل١١٤.

٦٨. هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو, ل١٥٧.

٦٩. د. عەبدوڵڵا غەفوور, سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

٧٠. نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی، سەرچاوەی پێشوو, ل٢١٢.

٧١. کامەران تاهیر سەعید، سەرچاوەی پێشوو, ل٢٠٨.

٧٢. نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی، سەرچاوەی پێشوو, ل٢٠٩.

٧٣. کامەران تاهیر سەعید، سەرچاوەی پێشوو, ل٢٠٨.

٧٤. نەخشان محەمەد ڕۆستەم خان پاڵانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩-٢١٠.

٧٥. چاوپێکەوتن: سامان ڕەحیم مەجید, بەڕێوەبەری ئاوی کەلار, ٢٠٢٦/١/٤ .




# چەسپاندنی نامەرکەزی کارگێڕی خۆجێیی فراوان لە هەرێمی کوردستاندا

## وەك هەنگاوێك بۆ وەرگۆڕانی یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکان بۆ ناوەندێکی بڕیاردەر و بەرپرسیار - قەزای کەلار بەنموونە -

د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە
پسپۆڕی یاسای گشتی

### دەستپێك :

نامەرکـەزی کارگێـڕی یەکێکـە لـە بنەماکانـی سـەرەکی دیموکراسـیەت و حوکمڕانـی بـاش، کـە ڕێگـە بـە دابەشـکردنی دەسـەڵات دەدات لـە نێـوان ئاسـتە جیاوازەکانـی حکومڕانیـدا. لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، پرسـی نامەرکـەزی کارگێـڕی گرنگییەکـی تایبەتـی هەیـە بەهـۆی تایبەتمەندییـە سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەکانـی هەرێـم. ئـەم پەیپـەرە تیشـک دەخاتـە سـەر چۆنێتـی دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومەتـی ناوەنـد و ئەنجومەنە خۆجێیەکانـدا، بـە تایبەتـی ئەنجومەنـی پارێـزگا و پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان و ئەنجومـەنی قـەزا و قـەزا و ناحیـەکان.

شـایانی باسـکردنە ئـەم بابەتـە لەبۆنـەی بەقەزابـونی کـەلاردا ئامادەکـراوە و نـوسراوە، وەك دەروازیـەك بـۆ بەدەسـەڵاتدارکردنی یەکـە کارگێڕییـە خۆجێیـەکان، بێگومـان قـەزای کەلاریـش وەك قەزایـەکی گـەورەی هەرێـم و ناوەنـدی پێکهاتەیـەکی کارگێـڕی گرنـگ و جێـگای مشـتومڕ لـەڕوی یاسـایی و ڕێکخسـتنی کارگێڕییـەوە[1]، کەئەویـش ( ئیـدارەی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گەرمیـــان)ە، بێبــەش نابێــت لەپێــدراوەکانی هاتــوو لــەم پــرۆژە و ئــەو پێشــنیازانەی لەپەیپەرەکەماندا هاتــووە . لەگــەڵ ئەوەشــدا وەك دەســتپێکی بابەتەکــە هــەوڵ ئەدەیــن ســەرەتا پێشــینەیەك دەربــارەی قــەزای کــەلار وەك یەکەیــەکی کارگێڕیــی خۆجێــی لەهەرێمــدا بخەینــەڕوو :

## یەکــەم: پەرەســەندنی مێژوویــی، جوگرافــی و ئابــووری قــەزای کــەلار:

### ١. گەشەسەندنی مێژوویی و دیمۆگرافی:

کــەلار لــە گوندێکــی بچووکــەوە لــە چوارچێــوەی ســەدەی بیســتدا، بەهــۆی هــۆکارە بابەتیــی و کۆمەڵایەتییەکانــەوە بــوە ناوەندێکــی نیشــتەجێبوونی گــەورە. تــــــــا لــە ســاڵی ١٩٧٠ بــە مەرســومێکی کۆمــاری کرایــە قــەزا. دوای ڕاپەڕینــی ١٩٩١ و دواتریــش پرۆســەی ئــازادی عێــراق لــە ٢٠٠٣، کــەلار وەک پەناگەیــەک بــۆ دانیشــتوانی ناوچــە جێناکۆکــەکان (خانەقیــن، جەلــەولا، ســەعدیە) لەگــەڵ دانیشــتوانی گونــدەکانی کــەلار و دەوروبــەری ڕۆڵــی بینــی، ئەمــەش وایکــرد ژمــارەی دانیشــتوانی بــە شــێوەیەکی بەرچــاو و خێــرا و لەشــێوەی تەقینــەوەی دانیشــتوان زیــاد بــکات و بگاتــە زیاتــر لــە ٢٢٥ هــەزار کــەس.

### ٢. پێگەی جوگرافی و ستراتیژی:

شــاری کــەلار خاڵــی بەیەکگەیشــتنی ســێ پارێــزگای گرنگــە (ســلێمانی، دیالــە، کەرکوک). ئــەم هەڵکەوتەیــە وایکــردووە بێتــە «دەروازە و چەقــی گەرمیــان». ڕووبــاری ســیروان وەک شــا دەمــاری ژیانــی ناوچەکــە، نــەک تەنهــا لــە ڕووی کشــتوکاڵییەوە، بەڵکــو لــە ڕووی گەشــتیاری و دابینکردنــی ئاویشــەوە گرنگییەکــی بێوێنــەی بــەم شــارە بەخشــیوە.

٣. ژێرخانــی ئابــووری و بازرگانــی: گرنگــی ئابــووری کــەلار لــە چەنــد خاڵێکــدا کۆدەبێتــەوە:

- مــەرزی نێودەوڵەتــی پەروێزخــان: کــەلار دەروازەی ســەرەکی ترانزێتــی کەلوپەلــە لــە نێــوان ئێــران و عێــراق.

- ساماني سروشــتی: بوونــی کێڵگــە نەوتییەکانــی گەرمیــان ، پێگــەی گەرمیــان و شــارەکانی لەســەر نەخشــەی وزەی هەرێــم بەهێــز کــردووە.

- کــەرتی کشــتوکاڵ : ڕووبەرێــکی زۆری زەوی کشــتوکاڵی لەگونــد و ناحیــەکانی کــەلاردا

هـەن، وایکـردووە تاڕادەیـەك سـەبەتەی خـۆراکی ئـەم شـارە دەوڵەمەنـد کـردوە، و لەچەنـد بەرهـەم و بەروبومێـکی کشتوکاڵیشـدا وەك هەناردەکارێـك دەردەکەوێـت بـۆ شـارەکانی دیکـەی هەرێـم و ناوچـە جێناکۆکەکانیـش ...

• کەرتـی وەبەرهێنـان: بەهـۆی هەبـوونی ڕووبـەری پێویسـت لـەزەوی و گەشـەی دانیشـتوان، کـەلار بووەتـە جەمسـەرێکی ڕاکێشـەری سـەرمایە لـە کەرتـی خانووبـەرەدا.

• کـەرتی پیشەسـازی ، ئـەم کەرتـە ئەگەرچـی ڕوبـەڕوی ئاڵنـگاری زۆر ئەبێتـەوە، بـەڵام هەسـت بەجوڵـەی ئـەم سـێکتەرە دەکرێـت و چەنـد کارخانەیـەکی جیـاوازی پیشەسـازی لەسـنورەکەیدا هـەن و چەندیـن هـەلی کاری ڕەخسـاندوە.

## دووەم: چەمکی نامەرکەزی کارگێڕی خۆجێی فراوان:

نامەرکـەزی کارگێـڕی خۆجێـی فـراوان ئـەو سیسـتەمەیە کـە تێیـدا دەسـەڵاتە سـەرەکییەکان دەگوێزرێتـەوە بـۆ ئاسـتی خۆجێیـی، لەکاتێکـدا حکومەتـی ناوەنـد تەنها ئـەو دەسـەڵاتانەی دەپارێزێـت کـە پێویسـتە لـە ئاسـتی نیشـتمانیدا بڕیاریـان لەسـەر بدرێـت. ئـەم شـێوازە جیـاوازە لـە نامەرکـەزی کارگێـڕی سنووردار کـە تێیـدا حکومەتـی ناوەنـد زۆرینـەی دەسـەڵاتەکانی لادەبێـت و تەنهـا چەنـد ئەرکێـك دەگوێزێتـەوە بـۆ یەکـە خۆجێییـەکان[٢]. و ئـەم سیسـتەمە کارگێڕییـە بـە جێبەجێکـردنی دیموکـراسی خۆجێـی پەسـن دەکرێـت، بـەو پێیـەی گـەل بـۆ خـۆی لەڕێگـەی نوێنەرەکانییـەوە کاروبـارە خۆجێیـەکان بەڕێوەدەبـات[٣].

بەشـێوەیەکی گشـتی نامەرکـەزی کارگێـڕی خۆجێـی بەهاوڕایـی شـارەزایانی بـواری یاسـای کارگێـڕی لەسـەر سـێ کۆڵەکـە ڕادەوەسـتێ، ئەوانیـش: بـونی بەرژەوەنـدی خۆجێـی کەجێگـەی گرنگیپێـدانی دانیشـتوانی یەکـە خۆجێیەکانـە جیـاواز لـەو بەرژەوەندییانـەی جێگـەی گرنگیپێـدانی تـەواوی دانیشـتوانی وڵاتەکەیـە، و بـونی ئەنجومەنـە خۆجێیـە هەڵبژێـردراوەکان هەمویـان یـان زۆرینەیـان، کـە کاروبـاری کارگێـڕی یەکـە خۆجێیـەکان بەڕێوەدەبـەن، و پایـەی سـێیەمیش دەبێـت جۆرێـك لـە چاودێـری دەسـەڵاتی کارگێـڕی خۆجێـی بەسـەریانەوە هەبێـت[٤].

لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، نامەرکـەزی کارگێـڕی فـراوان، واتـە ئەنجومەنـە خۆجێییـەکان و یەکـە کارگێڕییـەکان بینـە دەسـەڵاتی سـەرەکی لـە بڕیـاردان و جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکان لـە ناوچەکانیانـدا، لەکاتێکـدا حکومەتـی هەرێـم ڕۆڵێکـی هـاوکاری و هەماهەنـکار ببینێـت لەگـەڵ بەرپرسـیارێتی دیاریکـراو لـە بـوارە سـتراتیژیەکاندا. ڕەنگبـێ بۆچونەکـە هـەر لەسـەرەتاوە ڕوبـەڕوی ڕەخنـەی ئـەوە بێتـەوە، هەرێمـی

کوردستان بۆ خۆی یەکەیەکی نامەرکەزی سیاسییە لەچوارچێوەی عێراقدا، واتە بەشی زۆری دەسەڵاتەکانی لای حکومەتی فیدراڵییە، ئیتر چۆن دەتوانێت بەشی زۆری ئەو دەسەڵاتە کەمانەی پاراستونی دابەشی بکات بەسەر ئەنجومەن و یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکاندا؟ ئەگەرچی ئەو پرسیارە جیددیە و گرنگە، بەڵام لێرەدا دەتوانین چەند نمونەیەکی جێبەجێبەجێکردنی نامەرکەزی کارگێڕی فراوان لەهەرێمە فیدراڵییەکاندا بخەینەڕو :

## سێیەم : نموونەی جیهانی لە نامەرکەزی کارگێڕی ناو هەرێمە فیدراڵییەکان

١. **باڤاریا لە ئەڵمانیا :** باڤاریا گەورەترین ویلایەتی ئەڵمانیایە و سیستەمێکی نامەرکەزی کارگێڕی بەهێزی ناوخۆیی هەیە. لە ناو باڤاریادا، دەسەڵات دابەشکراوە لە نێوان:

* حکومەتی ویلایەتی باڤاریا (لە میونشن): ئەم دەسەڵاتانەی هەیە: ( سیاسەتی گشتی پەروەردە و تەندروستی، ڕێکخستنی پۆلیسی ویلایەت، پلاندانانی گشتی بۆ ویلایەت، سیاسەتی ئابووری و وەبەرهێنانی ویلایەت) .

* ناوچە کارگێڕییەکان (٧ ناوچە) : (هەماهەنگی نێوان حکومەتی ویلایەت و شارەوانییەکان، چاودێری جێبەجێکردنی یاساکان، پلاندانانی ناوچەیی..) .

* شارەوانییەکان و شارستانییەتەکان (٢٠٥٦ شارەوانی)((بەڕێوەبردنی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان، ئاو و ئاوەڕۆ و پاککردنەوە، پلاندانانی شارستانیەت و مۆڵەت بۆ بینا، پارک و شوێنە گشتییەکان، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، ئاگرکوژێنەوە و فریاگوزاری ، کۆکردنەوەی باجی خۆجێیی (باجی موڵک، باجی بازرگانی)).

* ( دەڤەرەکان ٧١ ناوچە): ( بەڕێوەبردنی قوتابخانە تایبەتی و بەرزتر، نەخۆشخانە و خزمەتگوزاری تەندروستی، گواستنەوەی گشتی، بەڕێوەبردنی پاشماوە، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (یارمەتی کۆمەڵایەتی، چاودێری منداڵان)، پاراستنی ژینگە..) .

تایبەتمەندی باڤاریا ئەوەیە کە شارەوانییەکان دەسەڵاتی زۆر بەهێزیان هەیە لە بڕیاردانی خۆجێییدا و دەتوانن باجی خۆیان دیاری بکەن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





**٢. كاليفۆرنيا لە ئەمريكا:**

ويلايەتــەكانى ئەمريــكا وەك زانــراوە بەهەرەمەنــدن لەسيســتەمێكى نامەركــەزى ســياسى و كارگێــڕى خۆجێــى پێكهاتــوە ، لەناواخنــى ويلايەتەكانيشــدا جۆرێــك لەنامەركــەزى كارگێــڕى خۆجێيــى پەيــڕەوى لێدەكرێــت، بەجۆرێــك پێكدێــت لــە ويلايــەت+ ناوچــەكان+ شــارەوانييەكان[٥]، هەرچــى كاليفۆرنيــا وەک ويلايەتێکــى گــەورە، سيســتەمێكى نامەركــەزى كارگێــڕى بەهێــزى ناوخۆيــى هەيــە:

* حكومەتــى ويلايەتــى كاليفۆرنيــا (لــە ســاكرامێنتۆ): ( سياســەتى گشــتى پــەروەردە و ســتانداردەكان ، پۆليســى ويلايــەت و زيندانــەكان ، رێــگا و پردە ســەرەكييەكان ، سياســەتى ژينگــە و ئــاو) .

* (شــارەوانييەكان - ٥٨ شــارەوانى) : ( سيســتەمى تەندروســتى گشــتى، خزمەتگــوزارى كۆمەڵايەتــى و يارمەتــى، كتێبخانــە و پاركــە ناوچەييــەكان، پۆليســى شــارەوانى ، دادگا و سيســتەمى دادوەرى خۆجێيــى، دەســەڵاتى باجــى موڵــک و باجــى فرۆشــتن).

* شــارەكان ٤٨٢ شــار: ( پۆليســى شــار و ئاگركوژێنــەوە، پلاندانانــى شارســتانيەت و دەركردنــى مۆڵــەت، ئــاو و ئــاوەڕۆ و كارەبــا (لە زۆر شــاردا)، پــارک و رێگا و گواســتنەوەی ناوخۆيــى، كتێبخانــەی شــار، دەســەڵاتى باجــى فرۆشــتن و باجــى خۆجێيــى.

* ناوچــە تايبەتــەكان: ناوچــەی قوتابخانــە کــە بــە ســەربەخۆيى قوتابخانــەكان بەڕێــوە دەبــەن ، ناوچــەی ئــاو ، ناوچــەی گواســتنەوە.

نموونــەی شــارى لــۆس ئەنجلــس: ئــەم شــارە خــۆى وەک دامەزراوەيەكــى تەواو ســەربەخۆ كاردەكات، بودجــەی ســاڵانەی لــە ١١ مليــار دۆلار زياتــرە، ئەپارتمانــى پۆليســى خــۆى هەيــە، سيســتەمى ئــاو و كارەبــاى خــۆى، و شــارەوانێكى هەڵبژێــردراو كــە دەســەڵاتى بەهێــزى هەيــە.

٣. كيوبێــک لــە كەنــەدا: كيوبێــک وەک ناوچەيــەكى گــەورە لــە كەنــەدا، سيســتەمێكى نامەركــەزى ناوخۆيــى گەشەســەندوى هەيــە:

* حكومەتــى كيوبێــک (لــە كيبێک ســيتى): ( پــەروەردە و سيســتەمى زانكۆ، تەندروســتى و بيمــە، كۆچبــەرى و پەناگەريــن (دەســەڵاتى تايبــەت) ، زمــان و كولتــوور ، ســەرچاوە سروشــتييەكان)

* ناوچـە کارگێڕییـەکان ١٧ ناوچـە: ( هەماهەنگـی پـڕۆژە ناوچەییـەکان، گەشـەپێدانی ئابـووری ناوچەیـی ، بەڕێوەبردنـی سـەرچاوە سروشـتییەکان) .

* شـارەوانییە ناوچەییـەکان ٨٧ شـارەوانی: ( پلاندانانـی بەکارهێنانـی زەوی ، بەڕێوەبردنـی پاشـماوە و ئـاوەڕۆ ، گەشـەپێدانی ئابـووری خۆجێیـی ، خزمەتگـوزاری هاوبـەش

* شارسـتانییەت و گونـدەکان (١١٠٠ شارسـتانیەت): ( ئـاو و ئـاوەڕۆ ، پلاندانانـی شارسـتانیەت ، پۆلیـس و ئاگرکوژێنـەوە ، ڕێـگا و گواسـتنەوە ، پـارک و چالاکییـە کۆمەڵایەتییـەکان ، باجـی موڵـک و باجـی خۆجێیـی) .

* نموونـەی شـاری مۆنتریـال: ئـەم شـارە خـۆی بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ بەڕێوە دەبـات، لە ناوەوەشـدا دابەشـکراوە بـۆ ١٩ ناوچـە (arrondissement) کـە هەریەکەیـان ئەنجومەنـی هەڵبژێـردراو و دەسـەڵاتی خۆیـان هەیـە لـە بوارەکانـی خزمەتگـوزاری خۆجێیـی، کولتـوور، و ڕێـگا و پارکـەکان.

٤. بادن-ڤورتمبێـرگ لـە ئەڵمانیـا : ئـەم ویلایەتـە نموونەیەکـی زۆر باشـە لـە نامەرکـەزی کارگێـڕی سـێ ئاسـتی:

* حکومەتـی ویلایـەت (لـە شـتوتگارت): ئـەم وەزیفانـەی دەبێـت : ( سیاسـەتی پـەروەردە و زانکـۆ ، پۆلیسـی ویلایـەت، سیاسـەتی ژینگـە، پلاندانانـی گشـتی).

* ناوچـە کارگێڕییـەکان ٤ ناوچـە: (جێبەجێکردنـی سیاسـەتی ویلایـەت لـە ئاسـتی ناوچەیـی، چاودێـری قوتابخانـەکان، مۆڵەتـی بینـا و پیشەسـازی).

* ناوچـە دەڤەرییـەکان ٣٥ ناوچـە: ( بەڕێوەبردنـی نەخۆشـخانەکان ، گواسـتنەوەی گشـتی، قوتابخانـە تایبەتـی، خزمەتگـوزاری کۆمەڵایەتـی، بەڕێوەبردنـی پاشـماوە) .

* شارسـتانییەتەکان (١١٠١ شارسـتانیەت) : ( قوتابخانـەی سـەرەتایی، ئـاو و ئـاوەڕۆ ، پلاندانانـی شارسـتانیەت، پۆلیسـی شارسـتانیەت، کتێبخانـە و مۆزەخانـە، پـارک و ڕێـگا).

تایبەتمەنـدی ئـەم ویلایەتـە ئەوەیـە کـە شارسـتانییەتەکان دەسـەڵاتی زۆریـان هەیـە لـە بڕیاردانـی دارایـی و دەتوانـن قـەرز وەربگـرن بـۆ پڕۆژەکانیـان.

٥. کاتالۆنیـا لـە ئیسـپانیا: کاتالۆنیـا وەک هەرێمێکـی خۆموختـار، لـە ناوەوەشـدا سیسـتەمێکی نامەرکـەزی کارگێـڕی هەیـە:[٦]

* حکومەتـی کاتالۆنیـا: ئـەم ئەرکانـەی دەبێـت : ( پـەروەردە (بـە زمانـی کاتالانـی)، تەندروسـتی، پۆلیسـی هەرێـم، کولتـوور و زمـان... ).

* ناوچە کارگێڕییـەکان ٤٢ ناوچە:(هەماهەنگـی خزمەتگـوزاری ناوچەیـی، گەشـەپێدانی ئابـووری خۆجێیـی، کولتـوور و شـوێنەوار)

* شارسـتانییەتەکان (٩٤٧ شارسـتانیەت): شارسـتانیەتی بارسـلۆنا خـۆی دابەشـکراوە بـۆ ١٠ ناوچـەی شارسـتانیەت؛ ( خزمەتگـوزاری گشـتی (ئـاو، پاککردنـەوە)، پلاندانانـی شارسـتانیەت، پۆلیسـی شارسـتانیەت، خزمەتگـوزاری کۆمەڵایەتـی، کولتـوور و بۆنـەکان).

## چوارەم : خوێندنەوەی ئەم نموونانە بۆ هەرێمی کوردستان

لـەو نموونانـەوە دەردەکەوێـت، کەدابەشـکردنی سـێ ئاسـتیی پەیـڕەو کـراوە : بەجۆرێـك زۆرێـک لـە هەرێمـە فیدراڵییـەکان خۆیـان دابەشـکراون بـۆ حکومەتـی هەرێـم، ناوچـە ناوەندییـەکان، و شارسـتانییەتەکان. بەجۆرێـك ئـەو یەکانـە بەهرەمەنـدن لـە :

• دەسـەڵاتی دارایـی: شارسـتانییەت و ناوچـەکان دەسـەڵاتیان هەیـە بـۆ کۆکردنـەوەی باجـی خۆیـان

• سـەربەخۆیی بڕیـاردان: لـە بوارەکانـی خزمەتگـوزاری ڕۆژانـە، دەسـەڵاتی ناوخۆیـی تـەواو سـەربەخۆن

• هەماهەنگی: سیسـتەمی ڕوون هەیە بۆ هەماهەنگی لە نێوان ئاسـتەکاندا

• نزیکی بە هاوڵاتی: هەرچی بچینە خوارەوە، دەسـەڵات نزیکتر دەبێتەوە لە خەڵک.

## پێنجەم: بنەماکانی دابەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی

دابەشـکردنی دەسـەڵاتە کارگێڕیـی و خزمەتگوزارییـەکان لەسـەر چەنـد بنەمایـەك ڕادەوەسـتێت[٧]، ئەوانیـش :

### ١: پرەنسیپی نزیکبونەوە :

بەپێـی ئـەم پرەنسـیپە، بڕیـارەکان دەبێـت لـە نزیکتریـن ئاسـتی کارگێـڕی بـۆ هاوڵاتیـان بدرێـن. ئەمـە واتـە ئەگـەر پرسـێک بتوانرێـت لـە ئاسـتی شـارەدێ یـان قـەزادا چارەسـەر بکرێـت، پێویسـت نـاکات بگوێزرێتـەوە بـۆ ئاسـتی پارێـزگا یـان هەرێـم. ئـەم بنەماکـە دڵنیایـی دەدات کـە خزمەتگـوزاری کارگێـڕی نزیکـتر دەبێتـەوە لـە خەڵـک و گونجاوتـر دەبێـت لەگـەڵ پێداویسـتییە خۆجێیـەکان.

**٢: پرەنسیپی خۆبەڕێوەبردن:**

ئەنجومەنـی پارێـزگا و پارێـزگاران دەبێـت دەسـەڵاتی تەواویـان هەبێـت لـە بڕیـاردان سـەبارەت بـە ئـەو بابەتانـەی کـە راسـتەوخۆ کاریگەرییـان هەیـە لەسـەر ژیانـی هاوڵاتیانـی ناوچەکەیـان. ئەمـە بریتییـە لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان لـە بـوارە خۆجێیەکانـدا، دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن، و دەسـەڵاتی دارایـی بـۆ دابینکردنـی سـەرچاوەکانی داهـات و خەرجکردنـی.

**٣: پرەنسیپی هاوکاری و هەماهەنگی:**

سـەرەڕای دابەشـکردنی دەسـەڵات، پێویسـتە سیسـتەمێکی کارا هەبێـت بـۆ هـاوکاری و هەماهەنگـی لـە نێـوان ئاسـتە جیاوازەکانـی حکومڕانیـدا. ئەمـە بـە تایبەتـی گرنگـە لـەو بوارانـەی کـە کاریگەرییـان لـە چەنـد پارێزگایـەک دەبێـت یـان پێویسـتیان بـە هەماهەنگـی نیشـتمانی هەیـە.

## شەشـەم : دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەند (هەرێم):

لەسیسـتەمێکی نامەرکـەزی خۆجێیـدا، دو ڕێگـەی هەیـە بـۆ دابەشـکردنی تایبەتکارییـەکان، ڕێگەیـەك دەسـەڵاتەکانی کارگێڕییـە خۆجێیـەکان سـنودار دەکات لەچەنـد تایبەتکارییـەکی دیاریکـراو[٨]، و ڕێـگای دوەم بەپێچەوانـەوە دەسـەڵاتەکانی کارگێڕییـە خۆجێیـەکان بەهەمـان دەسـەڵاتی حکومـەتی ناوەنـدی دادەنێـت، جگـە لەچەنـد بوارێـکی دیاریکـراو[٩]، نامەرکـەزی کارگێـڕی فـراوان لەهەرێمـدا وادەخوازێـت دەسـەڵاتی خـۆی سـنووردار بـکات لـە چەنـد بوارێکـی سـتراتیژی و نیشـتمانیدا:

١. سیاسـەتی دەرەوە و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان: حکومەتـی هەرێـم بەرپرسـیارە لـە نوێنەرایەتیکردنـی هەمـوو هەرێمـی کوردسـتان لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا، و هەماهەنگـی لەگـەڵ حکومەتـی فیدراڵـی عێـراق لـە بـوارە دەرەکییەکانـدا. ئـەم دەسـەڵاتە ناگوێزرێتـەوە بـۆ ئاسـتی پارێـزگا چونکـە پێویسـتی بـە یەکگرتوویـی و دەنگێکـی یەکگرتـووە لـەو ئاسـتەدا.

٢. بەرگـری و ئاسـایش: پێکهێنانـی سیاسـەتی گشـتی ئاسـایش، سەرپەرشـتیکردنی هێـزە ئەمنییـەکان لـە ئاسـتی بـەرزدا، و هەماهەنگـی ئەمنـی لـە نێـوان پارێزگاکانـدا لـە ئەسـتۆی حکومەتـی هەرێمـدا بێـت. بـەڵام دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی پلانـە ئەمنییـەکان و بەڕێوەبردنـی پۆلیسـی خۆجێیـی بگوێزرێتـەوە بـۆ پارێـزگاکان.

٣. سیاسـەتی دارایـی و ئابـووری گشـتی: دانانـی سـتراتیژی ئابـووری گشـتی بـۆ هەمـوو هەرێـم، بەڕێوەبردنـی سیاسـەتی دارایـی گشـتی، ڕێکخسـتنی بازرگانـی نێـوان پارێزگایـی


56
بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بەقەزابوونی کەلار

و نێودەوڵەتی، و دابینکردنی هێڵە گشتییەکان و چوارچێوەی یاساییی بۆ وەبەرهێنان. بەڵام جێبەجێکردنی پڕۆژە ئابوورییەکان و دەستەبەرکردنی سەرچاوە خۆجێییەکان لە دەسەڵاتی پارێزگاکاندایە.

٤. دارشتنی سیاسەتی گشتی پەروەردە و تەندروستی : دیاریکردنی ستانداردی نیشتمانی بۆ سیستەمی پەروەردە و تەندروستی، دانانی بڕوانامە و پسپۆڕی، و دڵنیایی لە کوالیتی. بەڵام بەڕێوەبردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان، دامەزراندن و چاودێریکردنیان ببێتە ئەرکی ئەنجومەنی پارێزگا.

٥. هەماهەنگی و پلاندانان: دانانی پلانە ستراتیژیەکانی گەشەپێدان، هەماهەنگی لە نێوان پارێزگاکاندا بۆ ئەو پڕۆژانەی کە کاریگەرییان لە چەند پارێزگایەک دەبێت، و دابەشکردنی دادپەروەرانەی بودجە لە نێوان پارێزگاکاندا بەپێی پێداویستی و دانیشتوان.

## حەوتەم: دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاران:

لە سیستەمێکی نامەرکەزی فراوانی خۆجێیدا، ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاران زۆرترین دەسەڵات و بەرپرسیارێتییان دەبێت:

١. یاسادانانی خۆجێیی: ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا و ڕێساکانی خۆجێیی هەیە لە هەموو ئەو بوارانەی کە لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندەوە نییە. ئەمە بریتییە لە یاسای شارستانیەت، بەڕێوەبردنی زەوی و سەرچاوە سروشتییەکان لە ئاستی خۆجێیدا، ڕێکخستنی بازاڕە خۆجێیەکان، و یاسای ژینگە لە ناوچەی پارێزگادا.

٢. پلاندانان و گەشەپێدانی خۆجێیی: دانانی پلانی گەشەپێدانی پارێزگا، دیاریکردنی پێشینەکانی لە پڕۆژە وەبەرهێنانی و خزمەتگوزاریدا، پلاندانانی شارستانیەت و بەکارهێنانی زەوی، و گەشەپێدانی ناوچە و لادێیەکان. پارێزگاکان باشترین شوێنن بۆ دیاریکردنی پێداویستییەکانی تایبەتی ناوچەکانیان.

٣. بەڕێوەبردنی دارایی: ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی دانان و کۆکردنەوەی باجی خۆجێیی هەبێت، بەڕێوەبردنی بودجەی پارێزگا کە بریتییە لە بەشێک لە بودجەی هەرێم بەپێی شێوازی دیاریکراو و داهاتی خۆجێیی، بڕیاردان سەبارەت بە خەرجکردنی بودجە بەپێی پێشینەکانی خۆجێیی، و هەڵسەنگاندن و بەرپرسیارێتی لەبەردەم ئەنجومەنی هەڵبژێردراو.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٤. خزمەتگوزاری گشتی: بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان لە ئاستی سەرەتایی و ناوەندی، نەخۆشخانە و سەنتەرە تەندروستییەکان، ئاو و ئاوەڕۆ، پاککردنەوە و بەڕێوەبردنی پاشماوە، ڕێگا و گواستنەوەی ناوخۆیی، پارک و شوێنە گشتییەکان، و پشتیوانی لە کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. وەبەرهێنان و ئابووریی خۆجێیی: هاندانی وەبەرهێنانی خۆجێیی، پشتگیری لە پیشەسازی و بازرگانی بچووک و مامناوەند، گەشەپێدانی کشتوکاڵ و ئامادەکردنی خواردن، گەشتیاری خۆجێیی، و دامەزراندنی ژێرخانی ئابووری لە پارێزگادا.

٦. دادپەروەری و چارەسەرکردنی ناکۆکی: دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی دادگا و ئەنجومەنی خۆجێیی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە خۆجێییەکان، چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دانیشتووان و دامەزراوە خۆجێییەکان، و دەستەبەرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە ئاستی خۆجێییدا.

٧. ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان: پاراستنی ژینگەی خۆجێیی، بەڕێوەبردنی ئاو و دارستانەکانی پارێزگا، بەرەنگاربوونەوەی پیسبوون، و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وزەی نوێبووەوە لە ئاستی خۆجێییدا.

٨. کولتوور و شوێنەوار:

پاراستن و نوێکردنەوەی شوێنە مێژووییەکان لە پارێزگادا، پشتگیری لە هونەر و کولتووری خۆجێیی، بەڕێوەبردنی مۆزەخانە و کتێبخانە خۆجێییەکان، و ڕێکخستنی بۆنە کولتووری و هونەرییەکان.

## هەشتەم: کاریگەری جێبەجێکردنی نامەرکەزی فراوان لەسەر یاسا و ڕۆڵی وەزارەتەکان:

جێبەجێکردنی نامەرکەزی کارگێڕی فراوان گۆڕانکاری بنەڕەتی دەهێنێت لە پێکهاتە و ڕۆڵی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم. لێرەدا باس لە کاریگەرییەکەی دەکەین لەسەر چەند وەزارەتێک:

### ١. وەزارەتی پەروەردە:

پێش نامەرکەزی: ( بەڕێوەبردنی هەموو قوتابخانەکان لە هەموو پارێزگاکان، دامەزراندن و داخستنی قوتابخانەکان، دیاریکردنی خوێندکاران و مامۆستایان بۆ قوتابخانەکان ، بەڕێوەبردنی بودجەی هەموو قوتابخانەکان، چاودێری و هەڵسەنگاندنی

قوتابخانـــەکان..) .

دوای نامەرکـەزی فـراوان، چاوەڕواندەکرێت ڕۆڵی نوێی وەزارەت بریتی بێت لە :

(( دانانـی سیاسـەتی گشـتی پـەروەردە و ئامانجـە سـتراتیژیەکان، دیاریکردنـی سـتاندارەدە نیشـتمانییەکان بـۆ پـەروەردە

دانانـی بڕوانامـە و پسـپۆڕی مامۆسـتایان، ئامادەکردنـی بەرنامـەی خوێندنـی بنەڕەتـی (بـە ڕێگەپێـدان بـە پارێـزگاکان بـۆ گونجاندنـی)، هەڵسـەنگاندنی کوالیتـی و دڵنیایـی لـە سـتانداردەکان، پێشکەشـکردنی ڕاهێنـان و پشـتگیری تەکنیکـی بـۆ پارێـزگاکان، هەماهەنگـی لـە نێـوان پارێزگاکانـدا.. )).

و دەسـەڵاتە گوێزراوەکانی بۆ پارێزگاکان بریتی بێت لە :

( بەڕێوەبردنـی ڕۆژانـەی قوتابخانـەکان ، دامەزرانـدن و داخسـتنی قوتابخانـەکان لـە پارێـزگا، دەستنیشـانکردنی مامۆسـتایان بـۆ قوتابخانـەکان، بەڕێوەبردنـی بودجـەی قوتابخانەکانـی پارێـزگا، پێداویسـتییە تایبەتەکانـی پـەروەردە لـە پارێـزگادا، دەرکردنـی مۆڵـەت بـۆ قوتابخانـە تایبەتـەکان.. ) .

گۆڕانکارییە یاساییە پێویستەکان:

یاسـاکانی پەیوەنـدار بەپـەروەردە فێرکـردن و وەزارەتی پـەروەردە پێویسـتە بگۆڕدرێـت بـۆ ڕوونکردنـەوەی دەسـەڵاتی وەزارەت و پارێـزگاکان، دامەزراندنـی «ئەنجومەنـی پـەروەردەی پارێـزگا» لـە هـەر پارێزگایەکـدا ، ڕێکارەکانـی گوێزاندنـەوەی بودجـە و کارمەنـدان بـۆ پارێـزگاکان..

## ٢. وەزارەتی تەندروستی:

پێـش نامەرکـەزی: ( بەڕێوەبردنـی هەمـوو نەخۆشـخانە و سـەنتەرە تەندروسـتییەکان ، دابینکردنـی دەرمـان و کەلوپەلـی پزیشـکی ، دەستنیشـانکردنی پزیشـک و پەرسـتار بـۆ نەخۆشـخانەکان، بەڕێوەبردنـی هەمـوو بودجـەی تەندروسـتی..).

دوای نامەرکـەزی: ڕۆڵـی نوێـی وەزارەت: ( دانانـی سیاسـەتی تەندروسـتی گشـتی ، دیاریکردنـی سـتاندارەدە پزیشـکییەکان، بەڕێوەبردنـی نەخۆشـخانە پسـپۆڕییە بـەرزەکان (وەک نەخۆشـخانەی شـێرپەنجە، دڵ، مێشـک)، هەماهەنگـی پرۆگرامـە نیشـتمانییەکانی تەندروسـتی (وەک کوتـان، نەخۆشـی گواسـتراوەکان)، دڵنیایـی لـە کوالیتـی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خزمەتگوزاری، بەڕێوەبردنی کاروباری دەرمانسازی و کۆنترۆڵی دەرمان..) .

دەسەڵاتە گوێزراوەکان بۆ پارێزگاکان: ( بەڕێوەبردنی نەخۆشخانە گشتییەکان ، سەنتەرە تەندروستییەکان و کلینیکەکان، خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی، دەستنیشانکردنی پزیشک و کارمەندی تەندروستی، بەڕێوەبردنی بودجەی تەندروستی لە پارێزگا، پڕۆگرامە پێشگیرییە تەندروستییەکان لە پارێزگا..) .

گۆڕانکارییە یاساییەکان: یاسای وەزارەتی تەندروستی و یاسای تەندروستی گشتی پێویستە هەمواربکرێنەوە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاکان لە سێکتەری تەندروستیدا و جیاکردنەوەی لەدەسەڵاتی وەزارەت، دامەزراندنی «دەستەی تەندروستی پارێزگا" بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو سێکتەرە گرنگە ..).

### ٣. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان:

پێش نامەرکەزی: ( بەڕێوەبردنی هەموو بوارەکانی کشتوکاڵ ، دابەشکردنی زەوی و ئاو ، پشتگیری جوتیاران لە هەموو پارێزگاکاندا ، کۆنترۆڵی نرخ و بازاڕی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان..) .

دوای نامەرکەزی: ڕۆڵی نوێی وەزارەت: ( دانانی سیاسەتی گشتی کشتوکاڵ ، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوی نێوان پارێزگایی (ڕووبارە سەرەکییەکان) ، تێکۆشان لە دژی نەخۆشی و ئامێرە کشتوکاڵییەکان لە ئاستی نیشتمانیدا ، توێژینەوە و گەشەپێدانی کشتوکاڵ ، ستانداردی بەرهەم و ناردنەدەرەوە..) .

دەسەڵاتە گوێزراوەکان بۆ پارێزگاکان: ( پشتگیری ڕاستەوخۆی جوتیاران ، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاویی خۆجێیی

دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی ، گەشەپێدانی بازاڕی خۆجێیی بەرهەمەکان ، پشتگیری پڕۆژە کشتوکاڵییە بچووکەکان ، بەڕێوەبردنی دارستان و لەوەڕگا..) .

گۆڕانکارییە یاساییەکان:

یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و یاساکانی پەیوەست بەسێکتەری کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەڕێوەبردنی زەویوزار..

ڕونە ئەم گۆڕانکارییانە لەئەرکی دامەزراوە ناوەندییەکان بەتەنها لەو

وەزارەتانــە قەتیــس نابێــت، بەڵکــو پێویســتە ئــەو پرۆســەی گۆڕانکارییــە هەمــو دامــەزراوە خزمەتگوزاریــی و کارگێڕییــەکان بگرێتــەوە لەنمونــەی ( وەزارەتی ناوخــۆ ، وەزارەتی کار و کاروبــاری کۆمەڵایەتیــی ، وەزارەتی ئاوادانکردنــەوە ، وەزراەتی ڕۆشــنبیری ، دەســتەی ژینگــە ..تــد). ئەمــەش بەواتــای ئــەوە دێــت دامەزرانــدنی نامەرکــەزی فــراوان لەهەرێمــدا پێویســت بەگۆڕانــکاری زۆر دەکات لەیاســا کارپێکــراوەکان، بەتەنهــا لەڕێگــەی زیادکــردنی چەنــد وەزیفەیــەك بــۆ ئەنجومــەنی پارێــزگا و یەکــە کارگێڕییــەکان لەچوارچێــوەی یاســای پارێــزگاکان ژمــارە ٣ی ســاڵی ٢٠٠٩ ەوە بەدەســتنایەت.

## نۆیەم : سیستەمی دارایی و بودجە:

بـۆ جێبەجێکردنـی نامەرکـەزی کارگێـڕی فـراوان، پێویسـتە سیسـتەمێکی دارایـی هەبێـت کـە دڵنیایـی لـە سـەربەخۆیی دارایـی ئەنجومەنـی پارێـزگاکان بـکات:

• دابەشـکردنی داهـات: بودجـەی هەرێـم دابەشـبکرێت بەپێـی پێوەرگەلێـکی دیاریکـراو: ژمــارەی دانیشــتوان، ڕووبــەری جوگرافــی، ئاســتی گەشــەپێدان، و پێداویســتییە تایبەتــەکان.

• داهاتـی خۆجێیـی: ئەنجومەنـی پارێـزگا دەسـەڵاتی دانـان و کۆکردنـەوەی باجـی تایبەتـی هەیـە وەک باجـی موڵـک، باجـی بازرگانـی خۆجێیـی، باجـی خزمەتگـوزاری، و کرێـی سـەرچاوە سروشـتییە خۆجێیـەکان. بەرەچاوکـردنی ڕێکخسـتنە دەسـتوریی و یاساییەکانی ئاسـتی حکومـڕانی فیـدرالی.

• شــەفافیەت و بەرپرســیارێتی: ئەنجومەنــی پارێــزگا پێویســتە ڕاپۆرتــی دارایــی ســاڵانە بڵاوبکاتــەوە، وردەکاری بودجــە و خەرجــی بخاتــە بەردەســتی هاوڵاتیــان، و بەرپرســیار بێــت لەبــەردەم ئەنجومەنــی هەڵبژێــردراو.

## دەیەم : هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئاستەکان:

ســەرکەوتنی نامەرکــەزی کارگێــڕی پشــت بــە سیســتەمی کاراکردنــی هــاوکاری و هەماهەنگــی دەبەســتێت. ئەمــەش حــۆی لەمانــەدا دەبینێتــەوە:

- ئەنجومەنـی هەماهەنگـی: دامەزراندنـی ئەنجومەنێـک لـە نوێنەرانـی حکومەتـی هەرێـم و پارێـزگارەکان بـۆ باسـکردنی پرسـە هاوبەشـەکان.

- کۆبوونــەوەی بەردەوامیــی پارێــزگار وسەرپەرشــتیاری ئیــدارەکان: بــەردەوام بــوون لــە کۆبوونــەوەی ئامانجــدار بــۆ گۆڕینــەوەی ئەزمــوون و هەماهەنگکردنــی کار.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

- سیستەمی زانیاری هاوبەش: دامەزراندنی سیستەمی زانیاری کە ڕێگە بە هاوبەشکردنی داتاکان بە باشترین شێواز دەدات.

- چارەسەرکردنی ناکۆکی: دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی حکومڕانیدا.

## یانزەیەم: ئاستەنگ و چارەسەرەکان:

جێبەجێکردنی نامەرکەزی کارگێڕی فراوان ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک دەبێتەوە [١٠]، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین کە نامەرکەزی کارگێڕی خۆجێی لەهەرێمدا گرنگە هاوشێوەی نمونەی بەریتانیای بێت، بەجۆرێك مەرج نییە هەمو یەکە خۆجێیەکان کە لەناونیشاندا هاوتابن هەمان دەسەڵات و ڕێکخستنیان هەبێت، بەڵکو پێویستە یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکان بەشێوەیەکی جیاواز ( جیاکاری ئەرێنیی) مامەڵە بکرێن، بۆ نمونە قەزایەکی گەورەی وەك کەلار سەرباری ئەوەی ناوەندی ئیدارەیەکە لەئاستی پارێزگا بۆ خۆشی لەڕوی ژمارەی دانیشتوان و پێگەی جوگرافیی و توانای ئابورییەوە ناگونجێت هەمان مامەڵەی قەزایەکی بچوکی لەگەڵدا بکرێت [١١]:

- کەمی توانای کارگێڕی: زۆرێک لە پارێزگاکان کەمی توانا و ئەزموونیان هەیە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە نوێیەکان. چارەسەر: پرۆگرامی ڕاهێنان و گەشەپێدانی توانای کارمەندانی خۆجێیە.

- جیاوازی ئابووری: جیاوازی لە سامان و سەرچاوەکانی نێوان پارێزگاکان. چارەسەر: سیستەمی دابەشکردنی دادپەروەرانەی بودجە و پشتگیری تایبەت بۆ پارێزگا کەمتر گەشەسەندوەکان.

- کولتووری مەرکەزگەرایی: بەردەوامبوونی ڕەفتار و سیستەمە مەرکەزگەرەکان. چارەسەر: هەوڵی هەموولایەنە بۆ گۆڕینی کولتووری کارگێڕی و بەهێزکردنی بیروباوەڕ بە خۆبەڕێوەبردن.

## دوانزەیەم و کۆتایی : ئەنجام

١. نامەرکەزی کارگێڕی خۆجێی فراوان لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕێگەیەکی کاریگەر بێت بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری، زیادکردنی بەشداری هاوڵاتیان لە بڕیاردان، و گەشەپێدانی دادپەروەرانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. نموونەکانی جیهانی پیشانمان دەدەن کە سیستەمی نامەرکەزی کارگێڕی دەتوانێت بە سەرکەوتوویی

جێبەجێ بکرێت لە هەرێمە فیدراڵییەکاندا بە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی هەرێم، پارێزگا، و ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە کارگێڕییەکانی دیکەدا.

٢. بەڵام سەرکەوتنی ئەم سیستەمە پێویستی بە دیاریکردنی ڕوون و وردی دەسەڵاتەکان هەیە، دڵنیایی لە سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەهێزکردنی توانای کارگێڕی لە ئاستی خۆجێیدا، و دامەزراندنی سیستەمێکی کاراکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێو ئاستەکاندا. گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ڕۆڵ و پەیکەربەندیی وەزارەتەکان پێویستە، بە شێوەیەک کە وەزارەتەکان بگۆڕدرێن لە دامەزراوەی جێبەجێکەر بۆ دامەزراوەی سیاسەتدانەر، ستانداردگێڕ، و هاوکار.

٣. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە بەردەوامی هەبێت لە هەڵسەنگاندن و باشترکردنی سیستەمەکە بەپێی ئەزموونی جێبەجێکردن و گۆڕانکارییەکانی بارودۆخ. بەم شێوەیە، نامەرکەزی کارگێڕی دەبێتە بنەمایەک بۆ بەهێزکردنی دیموکراسیەت و حوکمڕانی باش لە هەموو هەرێمی کوردستان، و دەبێتە مۆدێلێک کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە هەموو عێراق بۆ باشترکردنی حوکمڕانی و نزیککردنەوەی حکومڕانی لە هاوڵاتیان.

٤. سەبارەت بە قەزای کەلار وەك قەزایەکی گەورە و خاوەن چڕی دانیشتوانی زۆر، و لەبەر هەبوونی پایە و کۆڵەکەی پێویست لەڕوی ئابوری ( بەزۆرینەی سێکتەرەکانییەوە) و مرۆیی و ئەزمونی کارگێڕییەوە، دەتوانێت ببێتە ناوەندێکی کارگێڕی خۆجێی کارا شانبەشانی زۆرینەی یەکە کارگێڕییەکانی دیکە، هەرکات ئەزمونی نامەرکەزی کارگێڕی فراوان لەخۆ بگیرێت و جێبەجێ بکرێت لەهەرێمدا. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانرا ئەزمونی ڕێکخستنێکی یاسایی وڵاتی ئێران پەیڕەوی لێبکرێت، کەتێیدا ( شهرستان ویژه) ی ناساندوە ، ئەمەش ئەو شارە گەورانەیە لەبەر هەبونی چەند مەرجێك مامەڵەیەکی سەروتریان لەگەڵدا دەکرێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ قەزا ئاساییەکاندا [١٢]. بەڵام لەبەرئەوەی قەزاکە ئێستا ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە و بەکردەیی بەشی زۆری پێکهاتەی قەزای ویژەی تێدایە، دەگونجێ ئەو نمونەیە بۆ ئەم قەزایە پێویست نەبێت، لەوە باشتر لەئێستادا ناساندنی یاسایی ئیدارەی گەرمیانە، و مامەڵەکردنی شارەکەیە وەك هەر قەزایەکی دیکەی ناوەندی پارێزگاکان لەگەڵ مەرجی بەهرەمەندبون بە نامەرکەزییەکی کارگێڕی فراوانەوە.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پەراوێزەکان

١. ئیدارە سەربەخۆکان لەهەرێمی کوردستاندا، کەبە ئیدارەی گەرمیان دەستیپێکرد و بەئیدارەکانی (سۆران و زاخۆ ) ڕاوەستاوە ، یەکەیەکی کارگێڕییە لە ئاستی پارێزگاکان، لەڕوی نزیکردنەوەی خزمەتگوزارییەوە گرنگ و بەبایەخە ، بەڵام لەڕوی یاسایی و ڕێکخستنی کارگێڕییەوە چەندین کێشەی هەیە . بۆ زانین و تێگەیشتنی زیاتر لەبارەی ئەو کێشە و ئاریشانەوە بڕوانە : د.اسماعیل نجم الدین زەنگنە ، الاشكاليات القانونية المتعلقة بالادارات المستقلة في اقليم كوردستان ، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەیە لەگۆڤاری زانستی ( گۆڤارا ئەکادیمی یا زانکۆیا نەورۆز)_ دهۆك ، پ١، ژ١ ، ٢٠٢٣ ، لا ١٣-٢٤.

٢ - بڕوانە: د. محمد رفعت عبدالوهاب ، و د.حسين عثمان محمد عثمان، مبادىء القانون الاداري، دار المطبوعات الجامعية ، ٢٠٠١، ص١٦٠.

٣ - بڕوانە: د. هاني علي الطهراوي ، قانون الادارة المحلية – الحكم المحلي في الاردن وبريطانيا ، ط١، دار الثقافة للنشر و التوزيع ، ٢٠٠٤، ص٣٠.

٤ - د.محمد علي الخلايلة ، الادارة المحلية و تطبيقاتها في كل من الاردن و بريطانيا و فرنسا و مصر ، ط١، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٩، ص٤٥.

٥ - بۆ زیاتر بڕوانە : د.احمد صقر عاشور ، الادارة العامة مدخل بيئي مقارن ، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ص ٥٠٤-٥٠٩.

٦_ ئەو دەسەڵاتە خۆجێیانە بەپێی یاسای بنەڕەتیی کاتالۆنیا جێگیرکراوان و دەسەڵاتییان بۆ دیاریکراوە . بڕوانە ماددەکانی (٨٣ بۆ ٩٤) لەیاسای بنەڕەتیی ساڵی ٢٠٠٦. وەرگێڕانی محمد کاکەیی، لەچاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

٦

٧ - بۆ زیاتر دەربارەی ئەو بنەمایانە بڕوانە : عوسمان عەبدوڵا ئەحمەد، ئاڵنگارییەکانی پەیڕەوکردنی لامەرکەزیەتی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان ، ناوەندی کاروباری یاسایی (ی.ن.ك) ، ٢٠٢٢، لا ٤١- ٤٣

٨ - نمونەی باوی ئەمجۆرە وڵاتانە بەریتانیایە ، کە تایبەتکاری کارگێڕییە خۆجییەکانی لەچەند بوارێکدا قەتیسکردوە و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندییە، بەڵام کارگێڕییە خۆجێیەکان بەتەواوی بەهرەمەند دەبن لەدەسەڵاتی پیادەکردنی ئەو تایبەتکارییانەی بۆیان دیاریکراوە . بۆ زیاتر بڕوانە : د. سامي جمال الدين، اصول القانون الاداري ، دار الجامعة الجديدة، ٢٠١١، لا١٩١.


٩ - ئەو دو نمونە دابەشکارییەی دەسەڵات لەنێوان کارگێڕی خۆجێیەکان و حکومەتی ناوەندی ، بەنمونەی قەرەنسی و نمونەی بەریتانیایی ناوەدەبرێن. بڕوانە : د.ابراهيم موسى زاده ، حقوق اداری ، انتشارات دادگستر، تهران ، لا ١٨٣-١٨٤. و د.رضا موسازاده، حقوق اداري، چ١٦، بنياد حقوقی ميزان، ١٣٩٣، ص٨٦

١٠ - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئاستەنگە چاوەڕوانکراوەکانی بەردەم جێبەجێکردنی نامەرکەزی کارگێڕی خۆجێیی لەهەرێمی کوردستان بڕوانە : عوسمان عەبدوڵا ئەحمەد، سەرچاوەی پێشو ، لا ١٨١ بەدواوە.

١١ - کەلار لە ١٩٧٠ /٢/٢٨ بۆتە قەزا، لەئێستا لەڕوی کارگێڕییەوە پێکدێت لەناوەندی قەزاکە و ژمارەیەك گوند کەپێوەی بەستراوە ، دو ناحیەشی لەسەرە ئەوانیش ( پێباز و شێخ تەویل ن ) ، ڕوبەرێکی جوگرافی فراوان لەخۆدەگرێت و بەقەزاو ناحیەکانی ( کفری ، دەربەندیخان ، ڕزگاری، سەنگاو ، مەیدان ، و قۆرەتو ) سنوردارە .

١٢ - مۆدێلی (شهرستان ويژه) لە سیستەمی کارگێڕی ئێراندا: ئەو قەزایانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە قەزاکانی تر جیاوازن. بەپێی بڕیارنامەی «شورای عالی اداری» لە ئێران، ئەم جۆرە قەزایانە ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە: فەرماندار(قائیمقام) پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ «معاون استاندار» (جێگری پارێزگار). سەرۆکی فەرمانگەکان دەبنە «بەڕێوەبەری گشتی» و دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕییان لە ناوەندەوە بۆ شۆڕ دەکرێتەوە. ئەم مۆدێلە ڕێگرە لە «ناوەندێتی پارێزگا» و ڕێگە دەدات بە شارەکە بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەندی پارێزگا بڕیاری خێرا بدات. ئەگەرچی ئەو شهرستانانە بەبێمەرج دروست ناکرێن ، بەڵکو سێ مەرجی بۆ دیاریکراوە ، و لانی کەم دەبێت دومەرجیانی تێدابێت ، ئەوانیش ( زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ دانیشتوان ، دانیشتوانی ناوەندی شارەکە زیاتر لە ١٢٥٠٠٠ کەس بێت ، و سێیەم شارەکە لانی کەم ١٥٠ کم لەناوەندی پارێزگاکەوە دور بێت) . بڕوانە :بەیانی تایبەت بەهێنەکایەی (قەزای تایبەت) لە شەهرستانەکاندا ژمارە ٧٢٧٥٩ لە ١٣٨٦/٥/٩.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# لەنێوان دوو ئابڵۆقەدا
# بەشێک لە یاداشتەکانم لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو

پ.ی. م. خالد محمود کریم

## دەستپێك :

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، خەڵکی کوردستانی باشوور خۆیان لەنێوان دوو ئابڵۆقەی سەخت و بێوێنەدا لە مێژووی نوێ بینییەوە. ئەم تاقیکردنەوە قورسە لە ساڵی ١٩٩٠ دەستیپێکرد، کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان دوای لەشکرکێشییەکەی سوپای بەعس بۆ سەر دەوڵەتی کوێت، گەمارۆی ئابوری هەمەلایەنەی بەسەر هەموو عێراقدا سەپاند، بەمەش کۆژانەکانی تێکڕای گەلێک لەژێر قورسایی سزا نێودەوڵەتییەکاندا دەستیپێکرد. دوای ئەوەی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ ڕوویدا، کە دوای شەڕی دووەمی کەنداو بوو، گەلی کورد دژی حکومەتی بەعس ڕاپەڕی، ئەمە وایکرد هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ناوچەیەکی ئارام لە باکوری هێڵی پانی ٣٦ دابمەزرێنێت، بۆ پاراستنی دانیشتووانی کورد لە تۆڵەسەندنەوەی بەعس.

پاراستنی ئاسمانی گەرەنتی ژیانێکی شایستەی نەدەکرد. ئەوەبوو لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٢، دوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی هەڵبژێردراو، حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بە گرتنەبەری هەنگاوێکی تر وەڵامی کوردی دایەوە. کە بریتیبوو لە کشاندنەوەی ستاف و دەزگا کارگێڕییەکانی لە هەرێمی کوردستان، ئابڵوقەیەکی ئابوری خنکێنەریشی سەپاند بەسەر ناوچەکەدا

کـە خـۆی لـە بڕینـی مووچـەی فەرمانبـەرانی دەوڵـەت، ڕاگرتنـی سـووتەمەنی و کارەبـا و ڕێگریکـردن لـە هاتنـی خـۆراک و دەرمـان بـۆ ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی هەرێـم دەبینییەوە. بـەم شـێوەیە ناوچەکـە کەوتـە نێـوان دوو گەمـارۆ، گەمارۆیەکـی نێودەوڵەتـی بـۆ سـەر هەمـوو عێـراق، هەروەهـا گەمـارۆی عێـراق بـۆ سـەر کوردسـتان، کـە ئـازار و کۆژانـە مرۆییەکانـی ناوچەکـەی ئەوەنـدی تـر قورسـترکرد.

وەک بڵێـی ئـەو دوو گەمارۆیـە بـەس نەبـوو، لـە سـەرەتای ئایاری سـاڵی ١٩٩٤، شـەڕێکی ماڵوێرانکـەری ناوخـۆ لەنێـوان پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان و یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان سـەریهەڵدا، زۆری نەبـرد ناوچەکـە بـوو بـە گۆڕەپانـی شـەڕێکی خوێنـاوی و کۆژانێکـی تـر چـووە سـەر کۆژانـەکانی برسـێتی و نـەداری. لەڕاسـتیدا ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٩٢ هەتاوەکـو ئەیلـولی سـاڵی ١٩٩٨، قورسـترین سـاڵەکانی باشـوری کوردسـتان بـوو، چونکـە دوو گەمـارۆ لەگـەڵ ناکۆکییـە تاوخۆییـەکان و شـەڕی براکوژیـدا تێکـەڵ بووبـوون، بەجۆرێـک واقیعێکـی دۆزەخیـی لـە ناوچەکـە دروسـتکرد.

گەمارۆکـە بەتەنیـا بابەتێکـی ئاماریـی ساردوسـڕ نەبـوو لـە بـارەی کەمیـی خـۆراک و بەرزبوونـەوەی نـرخ یـان دارمانـی دراوو بڵاوبوونـەوەی بێـکاری، بەڵکـو ئەزموونێکـی گشـتگیر بـوو کـە سـەرجەم لایەنەکانـی بوونـی مرۆڤـی گرتـەوە. بەجۆرێـک خەڵکـی ناچاربـوون ڕێگـەی نـوێ بـۆ مانـەوە دابهێنـن، لـە دووبـارە بەکارهێنانـەوەی هەمـوو شـتێکەوە، (بـۆ نموونـە هەڵگێرانـەی پانتـۆڵ و ملیـوانی کـراس دوای ئـەوەی کاڵدەبوونـەوە) تاوەکـو دروسـتکردنی بەدیلـی ناوخۆیـی بـۆ دەرمـان و پێداویسـتییە سـەرەتاییەکانی ژیـان. لـە کاتێکـدا دینـاری عێراقـی کاتژمێـر دوای کاتژمێـر بەهـای خـۆی لەدەسـت دەدا، تاوەکـو وای لێهـات نرخـی ئـارد و گەنـم بـە جۆرێـک بەرزبوویـەوە بەشـێکی زۆری کۆمەڵگـە نەیاندەتـوانی بیکـڕن. بۆیـە خەڵکانێکـی زۆر لـە وەرزی پێگەیشـتنی دەغڵودانـدا ڕوویاندەکـردە ئـەو کێڵگانـەی کـە کاتی دروێنەکردنیـان هاتبـوو، بـۆ بریـن و کۆکردنـەوەی ئـەو گوڵـە گەنمانـەی لـە دوای دەمـی دەڕاسـەکان جـێ دەمێنـێ، لـە هەنـدێ ناوچـە بـە سـەدان مێردمنـداڵ و ژن و پیـاو دەکەوتنـە دوای دەڕاسـەکان، بـۆ ئـەوەی چەنـد ڕۆژێـک خۆیـان و ماڵومنداڵیـان، بـە گەنمـی ئـەو گولانـە بژێنـن، کـە تـا ئێـوارە کۆیاندەکـردەوە! کارەبـا بـە ڕۆژ و هەفتـە و بـە مانگیـش دەبـڕدرا، مووچـە دواکەوتـن و نەهاتنیـش ژانێکـی دووبـارە و تاڵبـوو لـە دڵـی موچەخۆرانـدا. زۆرجـار دەرمـان بـۆ سـادەترین نەخۆشـیەکان نەبـوو. بەدەیـان جـارو زۆر زیاتـر گوێمـان لـە تەقـەی تفەنـگ و دۆشـکە و قازیفـە و هـاوەن و تەنانـەت تۆپیـش دەبـوو کـە لـە نێـوان لایەنـە شـەڕکەرەکاندا ئاڵوگـۆڕ دەکـران، هەنـدێ جـار مـرۆڤ نەیـدەزانی چـۆن چـۆنی منداڵـەکانی بپارێـزێ، هـەم لـە برسـێتی و هـەم لـە تـرس! بـاوکان و دایـکان دڵنیـا نەبـوو کامیـان لەسـەر دڵ قورسـترە!

کاتێکی زۆر بە سەر ئابلۆقەکاندا تێنەپەڕین خەڵک دەستیان کرد بە فرۆشتنی پارچە بە پارچەی مۆبیلیاتەکانیان و زێڕی ژنەکانیان، تەنها بۆ ئەوەی بژین. بەنزین و نەوت بوو بوون بە کاڵایەکی دەگمەن و بە نرخێکی زۆر لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشران، هەندێ جار گەشتکردن لە نێوان شارەکاندا کە پڕ بوو بوو لە خاڵی پشکنینی لایەنەکان و بووبووە سەرەڕۆییەکی مەترسیدار. لە ڕاستیدا ئابلۆقەکان و شەڕی ناوخۆ ژیانی لە هەموو مانا ئاڵۆزەکانی دابڕێ، تەنیا یەک مانای سادە مابوویەوە، ئەویش بریتیبوو لە مانەوە!

سەرەڕای ئەو هەموو تاریکییەی کە دەوری ئێمەی دابوو لەو ڕۆژگارەدا، بەڵام جۆرێک لە هاودەنگی کۆمەڵایەتی خۆبەخۆ هەبوو، کە ئێمەی بە زیندووی هێشتەوە، زۆر جار خزم و دراوسێکان بەو کەمەی کە هەیانبوو یارمەتی یەکتریان دەدا، ئەڵبەتە پێچەوانەکەشی هەبوو، بەڵام زۆرێک لە خێزانەکان پێداویستییە خۆراکییە کەمەکانیان هاوبەش دەکرد و خەڵکی لە کوچە تاریکەکاندا هەواڵ و پشتیوانی ئەخلاقییان ئاڵوگۆڕدەکرد. ئەم بەزەییە سادەیەی مرۆڤایەتی لەو ڕۆژگارەدا تاکە قەڵغانمان بوو لە بەرامبەر دارمانی تەواوەتی.

لە نیسانی ساڵی ١٩٩٥، لەناو ئەم دۆزەخی ڕۆژانەییەدا، تیشکێکی کاڵ لە هیوا سەریهەڵدا کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان بەرنامەی «نەوت بەرامبەر خۆراک»ی وەک چارەسەرێکی مرۆیی پێشنیارکرد، بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی گەلی عێراق لە ژێر قورسایی گەمارۆکەدا. ئەم بەرنامەیە بە فەرمی بە بڕیاری ژمارە ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایش پەسەندکرا، کە ڕێگەی بە عێراق دا لەژێر چاودێری توندی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بڕێکی دیاریکراو لە نەوتەکەی هەناردەی دەرەوە بکات بۆ کڕینی خۆراک و دەرمان و پێداویستییە سەرەتاییە مرۆییەکانی دیکە. ئەم بەرنامەیە سەرەڕای سنوورداری و کێشە زۆرەکانی، بەڵام هیواو دەرفەتێک بوو بۆ ڕزگاربوون لە مردنێکی خاو کە تەواوی ناوچەکە تێیدا دەژیا.

هەرچەندە ئەم هیوایە بە خێرایی گۆڕا بۆ چاوەڕوانییەکی پڕ لە ئازار و درێژخایەن. حکومەتی عێراق سەرەتا بەرنامەکەی ڕەتکردەوە و بە پێشێلکردنی سەروەری نیشتمانیی زانی و دانوستانەکانی نێوان بەغدا و نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر وردەکاریی جێبەجێکردنی بۆ چەندین مانگ درێژەی کێشا. بەدرێژایی ئەم ماوەیە ملیۆنان عێراقی بە تایبەتی خەڵکی کوردستان، لە نێوان دوو گەمارۆدا گیریان خواردبوو، چاوەڕێی هەر فریادەڕەسێک بوون کە لەوانەیە لەم ڕێکەوتنەدا دەرکەوێت، کە وا دەردەکەوت خەونێک بێت هەرگیز بەدی نەیەت.

ئەم بەرنامەیە لە ڕاستیدا تاوەکو مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ جێبەجێ نەکرا، ئەمەش دوای واژۆکردنی یاداشتنامەی کۆتایی لێکتێگەیشتن. تەنانەت ئەو کاتەش جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە تایبەتەی کە هەیبوو، ڕووبەڕووی ئاڵۆزی زیاتر بووەوە. پرسیارەکان بێ وەڵام مانەوە: ئایا بەڕاستی هاوکارییەکانی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک دەگەن؟ ئەوی دادپەروەرانە دابەش دەکرێ؟ وە ئەم نەهامەتی و ئازارە درێژخایەنە کەی کۆتایی دێت؟

یاداشت و شایەتحاڵی کەسەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەو سەردەمە سەختەدا ژیاون، سەرچاوەیەکی مێژوویی بێوێنە و بەنرخن. ئەوانە لە ئەرشیفی فەرمی وشک و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان گرنگترن، بۆ ئاشکراکردنی ئەزموونە ئینسانییە ڕاستەقینەکان، بەهەموو وردەکارییەکانی ڕۆژانە و هەست و سۆزە ڕاستەقینەکان و خۆشییە بچووکەکان و خەمە گەورەکانییەوە. ئەوەی لە لاپەڕەکانی دواتردا دەیگێڕمەوە، نە شیکارییەکی ئەکادیمییە و نە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی، بەڵکو بەشێکن لەو یادگارییانەی کە بەشێوەیەکی کەسی وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی لەو قۆناغە سەختەدا ئەزموونم کردوون. لە یاداشتێکدا بە پێنوسی خۆم تۆمارم کردوون کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژە تاریکانەو بەدرێژایی ساڵان وەک تۆمارێکی زیندووی ڕۆژگارێک کە نابێت لەبیربکرێت پاراستوومە. ئەمە شایەتحاڵییەکی دڵسۆزانەیە بۆ واقیعێک کە هەزاران کەس تێیدا ژیاون، شایەتحاڵییەکە لەسەر توانای مرۆڤ بۆ خۆڕاگری تەنانەت لە تاریکترین بارودۆخدا، هەروەها بۆ ئەوەی کە ڕۆحی مرۆڤ توانای دۆزینەوەی ڕووناکی هەیە تەنانەت لە قووڵترین تاریکیدا. ئەمە چیرۆکی منە و چیرۆکی گەلێکە کە ئامادە نەبوو بشکێنرێت.

### ٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥

هەورێکی خۆڵەمێشی ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیوە، وشکە سەرمایەکی سارد سەر پەنجەکانی مرۆڤ دەتەزێنێ، تەنانەت ئاژەڵەکانیش ڕوویان لە ئاسمانە و چاوەڕوانی بارانن، خەڵکی ناوچەکە بەشێوەیەکی زۆر سەیر لە بێ بارانی دەترسن، ترسی نەهاتی هەمووانی داگرتووە، ئێمەی گەرمیانی ئەزموونی ناخۆشمان لەگەڵ بێ بارانیدا هەیە و جووت ئابلۆقەی ئابوری و ناکۆکی و شەڕوشۆڕی نێوان پارتی دیموکرات و یەکیتی نیشتمانی بەتەواوی خەڵکیان برسی و ماندوو و پەرێشان کردووە، ئەڵبەتە وردە پارتەکانی تریش هەریەکەو بەپێی بەرژەوەندی و شوێن و پێگەی خۆیان لایەنگیری یەکێک لەو لایەنە دەکەن، یان ئەوەتانێ ڕۆڵی بینەر دەگێڕن و هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕووداوەکان نییە.

**١٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥**

دوێنێ هەندێک خۆراک کە نازانم هی چی ڕێکخراوێک بووە و نێردراوە بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکی بێ دەرامەت و هەژاری شاردا دابەشبکرێت، بەپێی گێڕانەوەکان، بەهۆی نارێکی و نایەکسانی دابەشکردنییەوە، بەشێکی ئەو خەڵکە لێی بێبەشبوون و هێچیان بەرنەکەوتووە، ئەنجام خەڵکی لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری خۆبەخۆدا چوونەتە بەردەم قایمقامیەتی شارو ئاسایش و نارەزایەتییان دەربڕیوە، دواتریش بەنیازبوون پەلاماری ماڵی قایمقام بدەن. پاسەوانەکانی ماڵی قایمقام بۆ بڵاوەپێکردن و دوورخستنەوەیان تەقەیان بە ئاسمان و دەوروبەری خەڵکی نارازیدا کردووە، بەڵام خەڵکی برسی و تووڕە زیاتر چوونەتە پێش، بەپێی گێڕانەوەکان، لە بگرەو بەردەی نێوان خەڵک و پاسەوانەکاندا کەسێک کوژراوە و چواری تریش بریندار بووە.

**١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥**

بەڕاستی بارو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە لەم ڕۆژگارەدا لە ئەوپەڕی سنووری خراپی و نالەبارییدایە و بەرگە ناگیرێت، بازگە سنوورییەکان تا دێت فشارو چاودێری بۆ سەر ڕێگەکانی هاتووچۆ لەگەڵ بەغدا توندتر دەکەن و نایانەوێ هیچ شتومەک و سوتەمەنییەک لە خوارەوە بێتە ناو کوردستان. نرخی شتومەکەکان زۆر گرانن، ئارد یان گەنم کیلۆی لەنێوان ٧-٩ دینارە، شەکر کیلۆی لەنێوان ٢٥-٢٩ دینارەو بەرزو نزم دەکات، ڕۆن کیلۆی لەنێوان ٥٠-٥٨ دینارە، نۆک کیلۆی بە ٢٠-٣٠ دینار، فاسولیا کیلۆی بە ٤٠ دینار، نیسک کیلۆی بە ١٥-٢٠ دینار، ماست کیلۆی بە ١٠-١٢ دینار و کەرەیەک بە ١٥ دینار. میوەکانیش سێو کیلۆی بە ١٢ دینار و پرتەقاڵیش لەنێوان ١٢-١٤ و ١٦ بەرزو نزم دەکات، خورمای ئاسای کیلۆی بە ١٠-١٢ دینارە. ئەم نرخانە لەکاتێکدایە کەمی پارە و دیاردەی بێکاری ناوچەکەی گرتۆتەوە. پارە لە بازاڕدا نەماوە و بێکاری زۆر بەربڵاوە، ٦٠-٧٠٪ لە خەڵکی بژی و مەمرە دەژین و لە ئەنجامی برسێتی ڕەنگ لە ڕوخساریاندا نەماوە و ڕەق و لاواز بوون.

**٢٩ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥**

ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات بەردەوامە، هیچ هیوایەکیش نییە بۆ هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابوری سەر عێراق و ئابلۆقەی ئابوری عێراقیش بۆ سەر کوردستان تا دێت توندتر دەبێت. هەردوو ئابلۆقەش هۆکاری سەرەکین بۆ هەژاری و نەدارییەکی کوشندە لە کوردستان و بێگومان لە ناوچە عەرەبییەکانی عێراقیش هەلومەرجەکە ئینسانییەکە لەوپەڕی خراپیدایە. بێکاری باڵادەستە و وەک هەمیشە خۆراک و شتومەک گران و بەهای دیناریش تاوەکو دێت بێبەهاتر دەبێت، کەچی زۆر بە زەحمەتیش پەیدادەکرێت.

### ١٦ی کانونی دووەمی ١٩٩٦
دەنگوباسی ڕازیبوونی عێراق بە بڕیاری ژمارە ٦٨٧ی نەتەوە یەکگرتووەکان و چوونی بەشێک لە نەوتەکەی گەرموگوڕە، خەڵکی بەهیواوە دەڕواننە ئەم مەسەلەیە، بەتایبەت کە بڕیارە ١٣-١٥٪ داهاتی ئەو نەوتە تەرخان بکرێت بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.

### ٢٥ی کانونی دووم-ی ١٩٩٦
دەنگوباسی چوونی نەوتەکەی عێراق گەرم بووە، شەکرو چاو برنج و شتومەکەکانی تر ڕوو لە دابەزینە، ئەمڕۆ شەکر لە ٢٣ دینارەوە بوو بە ١٩ دینار و چا و برنج لەگەڵ ڕۆندا هەر بەو شێوەیە، هەر یەک کیلۆی چەند دینارێک دابەزیوە. بازاڕ جمەی دی لە خەڵکی، وردە فرۆش لە بازاڕدا کۆبوونەتەوە، هەر کەسەو لە ڕوانگەی خۆی و بەگوێرەی زانیارییەکانی باس لە دۆخەکە دەکات، دەنگوباسە جیهانییەکان و ئەگەری چوونی نەوتەکەی عێراق تاوتوێ دەکەن. حکومەتی عیراقی داوای لە بازرگانەکان کردووە کۆگاکان چۆڵبکەن، لە هەمان کاتدا داوای لە هاوڵاتیان کردووە، هەر خێزانەو بەگوێرەی پێداویستی ڕۆژ شتومەک بکڕن.. بەهەر حاڵ خەڵکی زۆر برسی و ماندوو پەرێشانن، بەئومێدەوە لە گۆڕانکارییەک دەڕوانن و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ڕۆیشتنی نەوتەکە دەکەن، خەڵکی ناوەڕاست و خوارووی عیراق لەگەڵ هەر هەواڵێکی نوێی ڕۆیشتنی نەوتەکەدا تەقەی خۆشی دەکەن! ناهەقیان نییە ئەوانیش لە دۆخێکی زۆر خراپدا ژیان دەگوزورێنن.

### ٢٦ی کانوونی دووەم
ئەمڕۆ شەشەم ڕۆژی ڕەمەزانە، دەنگوباسی ڕۆیشتنی ئەو بڕە نەوتەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەی پێداوە ڕەوانەی بازاڕەکانی دەرەوە بکرێت وەک بۆمبێک بازاڕی شارەکانی عێراقی هەژاندووە، نرخی شتومەک لە شارەکانی خوارووی عێراق، زیاتر دابەزیوە، وەک لە کوردستان. بەهەرحاڵ، بڕیاڕی نەتەوە یەکگرتووەکان وایە کە ڕێگە بە حکومەتی عێراق بدرێت، بڕی نزیکەی دوو بلوێن دۆلار نەوت ڕەوانەی بازاڕجیهانییەکان بکات، لەبەرامبەردا نەوت و دەرمان هاوردەبکات. ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا هەبووە. یەک بەرمیل نەوت لە ١٧ دۆلارەوە دابەزیوە بۆ ١٦,٥ دۆلار و نیو. بەپێی هەواڵەکان ئەگەر ئەم ڕێکەوتنەی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق بڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێدەچێت نەوت دوو دۆلاری تر دابەزین بەخۆوە ببینێ.

خەڵکی لە دۆخێکی زۆر خراپدا دەژی و حاڵی گشتی پەرێشانە، لە ئەمڕۆدا بازرگانەکان بەتایبەتی دۆخیان خراپە، هەموو جووڵەیەکی بازرگانی و ئابوری وەستاوە، ئەوەی لە کۆگاکاندا شتوومەکی هەیە نازانێ بیفرۆشێ یان بیهێڵێتەوە، بازاڕ زۆر بەرزو نزم دەکات، زۆرێک لە بازرگانەکان تێکشکاون. لەولاشەوە بەهای دیناری چاپی عێراقی لە بەرامبەر دینای چاپی کۆن بەرزبۆتەوە، دوای ئەوەی ١٠٠ دیناری چاپی نوێ بە ١٦ دیناری کۆن بوو کە لە بازاڕەکانی خۆماندا بەکاردەهێنرێ، لە ئیستادا هەر ١٠٠٠ دیناری چاپی نوێ بە ٤٠-٥٠ دینار چاپی کۆنەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت.

نرخی شتومەمەکان لە ئەمڕۆدا: یەک کیلۆ ڕۆن بە ٣٥ دینارە، شەکر بە ٢٠ دینار، برنج بە ١٥-١٧ دینار، فاسوڵیا بە ٢٤-٢٥ دینار، دۆشاوی تەماتە بە ٣٠ دینار، ماست بە ١٢ دینار ، یەک کیلۆ تورشی بە ١٠ دینار، هێلکە تەبەقەی ٥٠ دینار ، یەک جلیکانە بیست لیتری نەوت بە ٩٠ دینار.



## ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٩٦

نرخی شتومەک بە بەردەوامی ڕوو لە دابەزینە، بەراورد بە دوێنێ بەهای دۆلار چەند سەد دینارێک دابەزیوە، هیچ کەس لە بارودۆخەکە دڵنیا نییە و نازانێت هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی ئابوری بکات، ڕۆیشتنی نەوت تەنیا باس و خواسە و جاری جاریٚ نەچۆتە بواری جیبەجێکردنەوە، کەسیش دڵنیا نییە دەڕوات یان نا؟! چونکە تاوەکو ئیستا نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق کاتێکیان دیاری نەکردووە بۆ قسەکردن لەسەر هەناردەکردنی نەوت. زۆرێک لە بازرگانەکان لە ترسان شتومەکەکانیان هەرزانفرۆش دەکەن.

## ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٩٦

هەڵچوون و داچوونی لە بازاڕی شاردا بەردەوامە، بازاڕ ئەم بەیانییەی ئەمڕۆ بەراورد بەدوێنێ ڕوو لە بەرزبوون بوو، کەچی بۆ دوای نیوەڕۆ دابەزینی زۆری بەخۆیەوەبینی. نرخی هەموو شتومەکێک دابەزی، بۆیەکەم جار یەک کیلۆ شەکر بوو بە ١١ دینار، یەک کیلۆ برنجی باش بە ١٤ دینار، یەک کیلۆ ڕۆن بە ٢٥ دینار، یەک کیلۆ گۆشت بە ٤٠ دینار. دۆلاریش هەر یەک گەلا لە ١٨٠٠ وە بوو ١٥٠٠ دینار. هەر یەک دیناریش بەرامبەر ٢٠ تمەن مامەڵەی پێوەکرا. لەکاتێکدا دیناری چاپی نوێ بە سەعات بەرزو نزمی بەخۆیەوەدەبینێ، بۆ نموونە هەر ١٠٠٠ دینار بە ١٠ دیناری چاپی کۆنە، دوای چەند سەعاتێکی تر دەبێت بە ٣٠ یان ٤٠ یان ٤٥ دینار. بەوجۆرە بچوکترین هەواڵی ناوخۆو جیهانی کاریگەری خۆی لەسەر بازاڕ هەیە.

باس لەوە دەکری کە حکومەتی عێراقی چاپی ٢٥٠ دیناری خۆی دەکشێنێتەوە. ڕاگەیاندنەکانی عێراقیش باس لەوە دەکەن کە بەندەرەکانی ئامادەیە بۆ پێشوازی کردن لە کەشتییە نەوتهەڵگرەکان. هەرچۆن تاوەکو ئیستا کەس نازانێت حکومەتی عێراق بەنیازی چییە؟ نازانرێت بەهای دینار، هەر لە پارەی چاپی نوێ و دیناری سویسری (٥دینار و ١٠ دینار)یەوە دوای ڕۆیشتنی نەوت چی لێ دێت. و ناشزانرێت ٢٥ دیناری کە حکومەتی عێراق لە ساڵانی ڕابردوو لە بازاڕ کشاندییەوە دەگەڕێنێتەوە یان ٥ دیناری و ١٠ دیناریش بە دەردی ٢٥ دیناری دەبرێ و دەکشێنرێتەوە. بەهەرحاڵ ئەم پرسە و پرسی رۆیشتنی نەوت پرس و باسوخواسی ڕۆژن و بەسەر هەر باسێکیی تردا زاڵ، چونکە بەندن بە ژیانی خەڵکەوە.

### ٢ی شوبات-ی ١٩٩٦

ئەمڕۆ بازاڕ ئەوەندەی تر شکا، بۆ یەکەم جار لە دوای قەیرانی ئابورییەوە گۆشتی کاوڕ یەک کیلۆی بوو بە (٢٥) دینار، یەک کیلۆ برنج بوو بە ١٠ دینار و یەک کیلۆ ڕۆن ١٥ دینار، سەد دۆلاریش بە ١٠٠٠ دینار مامەڵەی پێوەکراوە.

### ٣ی شوباتی ١٩٩٦

ئەمڕۆ بەبێ هۆکارێکی ڕوون و دیاریکراو نرخی شتومەک جارێکی تر بەرزبوویەوە، پێدەچێت هۆکارەکەی گرتنی چەند بازگانێکی دراوو و بازرگان بووبێت، گوایە پڕوپاگەندەیان کردووە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای دۆلارو شتومەک، وەک چۆن لە ساڵانی پیشووتردا ئەم جۆرە کارە کراوە. بێ گومان بەهای دۆلار و نرخی شتومەک لەژێر کاریگەری کورتە هەواڵێکی بیانیشدا بەرزو نزمی بەخۆیەوەدەبینێ.

### ٦ی شوباتی ١٩٩٦

چەند سەعاتێکە دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق دەستیپێکردووە، تاوەکو ئیستا ئەنجامەکەی نادیارە، خەڵکی بەپرۆشەوە چاوەڕوانی دەکات. دیناری چاپی نوێ بەهای بەرزتر بوویەوە، ئەمڕۆ ٢٥ هەزار دیناری کۆن بە ٩٥٠ دیناری نوێ بوو، ئەوەی کە حکومەتی بەعس چای کردووە.

### ١٠ی شوباتی ١٩٩٦

هەلومەرجی گشتی و دۆخی ئابوری نزیکەی ڕۆژانی پێشوو، ئاسایی نییە! نرخی شتومەک لە هەڵچوون و داچوونی خۆی نەکەوتووە، جارێ بەرزو جارێ نزم. دانیشتنی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان دواخرا بۆ دوو شەممە ریکەوتی ١٢ی

شوبات، خەڵکی لە گوماندا دەژی، ئاخۆ نەوت دەڕوات یان ناڕوات؟! ئاخر خەڵکی ماندووە، پەرێشانە، خەڵکی بە ئومێدەوە لە دانیشتنەکان دەڕوانێت و بازاڕیشی هەژاندووە، نرخەکان بە سەعات گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئابوری بازاڕ پەکی کەوتووە، هەمووان لە چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ئەو دانیشتنەن، چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ هەناردەکردنی ئەو بڕە نەوتەی ڕێگەی پێدراوە بڕوات، نرخی خواردن و دەرمان بەنیوە دابەزن و خەڵکی هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشێت. هەر بۆخۆی باسکردن و ئەگەرەکانی ڕۆیشتنی نەوت لە ڕۆژەکانی پێشووتردا کاریگەری زۆر باشی لەسەر نرخەکان هەبووە و شەمەکە ڕۆژانەییەکانی بەنیوە دابەزاند، بۆ نموونە شەکر لە ٢٣ دینارەوە کیلۆی بۆ ١٢ دینار دابەزیوە، ڕۆن لە ٥٠ دینارەوە کیلۆی بۆ ٢٥-٣٠ دینار، فاسۆلیا لە ٣٠ بۆ ١٠-١٥ دینار گەنم لە ٧ دینارەوە کیلۆی بۆ ٢,٥ دابەزیوە، هەر سەد دۆلاریش لە ٣٨٠٠ دینارەوە بۆ ٢٣٠٠ و کەمتر جێگیربووە.

### ١٢ی سوباتی ١٩٩٦

بەهەرحاڵ، خەڵکی بەگەرمی بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەنجامی دانیشتنەکانی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق دەکەن، چونکە ڕۆژانێکی سەخت و دژوار بەڕێدەکەن. هەر ئەمڕۆ ڕاگەیاندنەکانی عێراق ڕایانگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک کەس تەقەی خۆشی نەکات، ئەوەی بیکات سزادەدرێت، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵی خۆش لە ئایندەیەکی نزیکدا لێکدەدرایەوە. تەنها هەواڵی خۆشیش کە خەڵکی بۆی مەبەستە پرسی ڕۆیشتنی نەوتەکەی عێراقە بۆ دەرەوە. بەهەر حاڵ هەموو ئەگەرەکان ئەوەیە نەوتەکە بڕوات و کەسیش دڵنیا نییە.

بەهای دیناری چاپیش ئەمڕۆ بەرزبوویەوە. نرخی شتومەکیش دابەزین. یەک کیلۆ شەکر بوو بە ١١ دینار، یەک کیلۆ برنجیش دابەزی بۆ ١٠ دینار. یەک بەرمیل نەوتیش بە ١٠٠٠ دینار. دوێنێش ڕێکخراوی ئیکیوبەر-ی فەرەنسی بڕە خۆراکی خۆی بەسەر مامۆستایاندا دابەشکرد کە بریتیبوو لە ٢٠ کیلۆ ئارد و ٢٨ کیلۆ برنج و ٤ قوتو دۆشاو تەماتە و ٣ کیلۆ نۆک و ٢ کیلۆ شەکر، بەهای ئەو خۆراکانە بە نرخی ئەمڕۆی بازاڕ بریتییە لە نزیکەی ٦٠٠ دینار ، ئەمەش بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ یارمەتییەکی باشبوو.

### ١٢ی ئازاری ١٩٩٦

گفتوگۆکانی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان درێژەیان کێشا، ئەمڕۆ بۆ جارێکی تر لە نیویۆرک کۆبوونەوە. بەڵام تاوەکو ئیستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە. پێدەچێت سبەینێ و دوو سبەی بەچاک یان خراپ شتێک ڕوونبێتەوە. نازانرێت لە پشت پەردەوە

چـی ڕووده‌دات، کاربه‌ده‌سـتانی عێـراق و سـه‌رۆکه‌که‌یان ده‌یانه‌وێـات چـی بکـه‌ن و ئـه‌و میلله‌تـه بـه‌ره‌و کـوێ ده‌بـه‌ن؟! مه‌گـه‌ر خـوا خـۆی بزانێـت.. تاکـه‌ی ئـه‌و خه‌ڵکـه بـه‌ره‌و هه‌ڵدێـر ده‌بـه‌ن؟ کاولکـردن و برسـیکردن تاکـه‌ی درێـژه‌ی هه‌یـه‌؟ نازانرێـت.. ئاخـر ئابلۆقـه‌و برسـیکردن زۆر درێـژه‌ی کیشـا.

## ١٩ی ئازاری ١٩٩٦

دوێنـی دانیشـتنی نێـوان نه‌تـه‌وه یه‌کگرتـووه‌کان و عێـراق له‌بـاره‌ی به‌رنامـه‌ی نـه‌وت بـه خـۆراک و ده‌رمـان دواخـرا بـۆ ٨ی نیسـان، واتـا بـۆ نزیکـه‌ی ١٨ ڕۆژی تـر، ئه‌مـه ئه‌مـڕۆ ناخۆشـترین هـه‌واڵ بـوو بـۆ خه‌ڵکـی، چونکـه لـه ئه‌مـڕۆدا زۆرینـه‌ی ره‌هـای خه‌ڵـک بـرسی و په‌رێشـانن و به‌ده‌ست نه‌بوونییـه‌وه ده‌ناڵێنـن. له‌ولاشـه‌وه چه‌نـد مانگێکـه بـازاڕ تێکچـووه و هیـچ جووڵه‌یه‌کـی ئابـوری نه‌مـاوه. ورده بازرگانیـش ده‌ترسـن و ناتوانـن کڕیـن و فرۆشـتن بکـه‌ن، چاوه‌ڕوانیـش ناخۆشـه! یه‌کێـک لـه خاڵه ناکۆکـه‌کان له‌نێـوان نه‌تـه‌وه یه‌کگرتووه‌کان و عێـراق، ڕێـژه‌ی ئـه‌و پاره‌یـه بـوو کـه ده‌بـوو ته‌رخانبکرێـت بـۆ هه‌رێمـی کوردسـتان لـه داهـاتی ئـه‌و نه‌وتـه‌ی کـه پێویسـته هه‌نارده‌بکرێـت، نه‌تـه‌وه یه‌کگرتـووه‌کان ١٣-١٥٪ی داهاتـه‌کانی دانابـوو بـۆ هه‌رێمـی کوردسـتان، له‌لایه‌کـی تریشـه‌وه عێـراق کێشـه‌ی هه‌بـوو له‌گـه‌ڵ ئـه‌وه‌دا کـه نه‌تـه‌وه یه‌کگرتـووه‌کان ڕاسـته‌وخۆ خـۆراک و ده‌رمـان لـه هه‌رێمـی کوردسـتان دابه‌شـبکات، ئه‌مه‌یـان وه‌ک هاندانێـک بـۆ جیابوونـه‌وه و سـه‌ربه‌خۆی داده‌نـا. به‌هـه‌ر حـاڵ دانیشـتنه‌کان زۆر لـه‌وه‌ی زیاتـر پێشـبینی ده‌کـرا درێژه‌یـان کێشـا.

## ١٣ی نیسانی ١٩٩٦

بێجگـه لـه شـه‌ڕی ناوخـۆ یه‌کێکیـتر لـه‌و مه‌سـه‌لانه‌ی کـه به‌تـه‌واوی خه‌ڵکـی بێتاقـه‌ت و سـه‌خڵه‌ت کـردووه دواکه‌وتنـی دانوسـتانی نێـوان نه‌تـه‌وه یه‌کگرتـووه‌کان و کاربه‌ده‌سـتانی عێراقـه. کـه به‌پێـی به‌رنامه‌یـه‌ک ڕێگـه بـه عێـراق ده‌درێـت به‌شـێک لـه نه‌وته‌کـه‌ی هه‌نـارده‌ی ده‌ره‌وه بـکات، بـۆ سـوودوه‌رگرتن لـه داهاته‌کـه‌ی بـه مه‌به‌سـتی کڕینـی پێداویسـتییه مرۆییـه‌کانی وه‌ک خـۆراک و ده‌رمـان. لـه ٢١ی کانـونی یه‌که‌مـی سـاڵی ١٩٩٦وه هـه‌ردوولا به‌شـێوه‌ی بچڕپچـڕ گفتوگـۆو دانیشـتنی له‌سـه‌ر ده‌کـه‌ن. به‌پێـی ڕاگه‌یاندنـه‌کانی ده‌ره‌وه(ڕادیـۆی له‌نـده‌ن) گفتوگـۆکان چڕبوونه‌تـه‌وه و دیبلۆماتـکاره‌کان به‌گه‌شـبینییه‌وه لـه‌م پرسـه ده‌ڕوانـن، ئه‌گـه‌ر هه‌یـه لـه هه‌فتـه‌ی ئاینـده هـه‌ردوولای عێراقی و نه‌تـه‌وه یه‌کگرتـووه‌کان بگه‌نـه ڕێکه‌وتـن. ته‌نهـا گرفتـی ئاشـکرا لـه ئێسـتادا پشـکی کـورده لـه داهـاتی ئـه‌و نه‌وتـه‌ی کـه بڕیـاره بـڕوات. عێـراق پێیوایـه ته‌رخانکـردنی پشـکێک بـۆ کـورد لـه‌و داهاتـه واتـا بڕیـاڕی سـه‌ربه‌خۆیی! نایانه‌وێـت بچنـه ژێـر ئـه‌و بـاره‌و ده‌یانه‌وێـت داهـاتی نـه‌وت له‌ژێـر چاودێـری خۆیانـدا دابه‌شـبکه‌ن.

**٢٣ی نیسانی ١٩٩٦**
دانوستانی نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق دواخرا بۆ سبەینێ و هیچ ئومێدێکیش بۆ ڕێککەوتن نییە. کاربەدەستانی عێراقی دەڵێن ئیلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا خاڵی نوێیان بۆ گفتوگۆکان زیادکردووە!

**٢٨ی نیسانی ١٩٩٦**
یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە، ئابڵۆقە و نەبوونی و برسێتی بەردەوامە، لە دۆخێکی وادا چەژنیش سیما و بۆنی جارانی نەماوە! ئەگەرچی دابونەریتەکانی چەژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا مۆرکە ڕەسەنەکەی خۆی پاراستووە و گەڕان و چوونە ماڵان و هاتوچۆو خزمایەتی بەردەوامە، بەڵام گرانی و نەبوونی حوکمی خۆی هەیە، هەستیپێدەکرێت چەژن شەوق و پەرۆشییەکەی جارانی لەدەستداوە و کاریگەرە بە دۆخی شەڕی برایەتی و ئابڵۆقە و نەبوونی.

**١١ی ئایاری ١٩٩٦**
هەلومەرج و میزاجی گشتی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە وەک ڕۆژ و مانگەکانی پێشوو. نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق نەگەیشتونەتە هیچ ڕێکەوتنێک. پارتی و یەکێتیش لە دۆخی نەشەڕ و نە ئاشتیدان، دۆخی ئابوری خەڵک وەک هەمیشە زۆر نالەبارو پەرێشانە و گوزەرانی خەڵک لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕوات. ئەمساڵ باران وەک پێویست نەبوو، هەورو چەخماخەیەکی زۆر و بارانێکی کەم!! بێگومان کاریگەری خراپی لەسەر بەرهەمی دەغڵودان کە تاکە هیوای خەڵکە دەبێت، ئەگەرچی پێشبینیکردنی قورسە بەڵام. پێدەچێت هاوینێکی گەرم و تاقەتپڕوکێن چاوەڕێمان بکات!

**١٨ی ئایاری ١٩٩٦**
هەواڵەکان باس لە ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنەی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق دەکەن کە پێدەچێت لەم ڕۆژانەدا بڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە، پێدەچێت عێراق قایلبووبێت لەسەر خاڵە ناکۆکەکان، بەتایبەت مەسەلەی سەرپەرشتیکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دابەشکردنی خۆراک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا.

### ٢٠ی ئایاری ١٩٩٦
ئەمڕۆ بەغدا بە ئاشکرا ڕایگەیان کە ملکەچی بڕیاڕی ٩٨٦ ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت،. کاریگەرییەکانی ئەم ڕازیبوونە هێشتا لەسەر بازاڕ بەتەواوی دەرنەکەوتووە، وا چاوەڕوان دەکرێت کاریگەری لەسەر دابەزینی نرخی زۆر شمەک هەبێت، دیناری عێراقیش پێی کاریگەرە و بڕیک لە بەهای بەرزبووەتەوە. دوای چوار پێنج ساڵ نەهامەتی و برسێتی و بڵاوبوونەوەی هەژاری، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم بڕیارە کەمێک باری قورسی گوزەرانی خەڵک سووک بکات، بەتایبەت کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆی سەرپەرشتی هێنان و دابەشکردنی خۆراک دەکات. خەڵکی چاوەڕوانە بە ڕۆیشتنی نەوتەکە هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵبکێشێ و لاپەڕەکانی پڕ لە ناسۆری و هەهامەتییەکان دابخات و لاپەڕەیەکی نویی بکاتەوە کە تێیدا شکۆی مرۆڤەکان لەو زیاتر نەشکێت.

### ٢٤ی ئایاری ١٩٩٦
دوای سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتنی عێراق نەتەوە یەکگرتووەکان هێشتا نرخی شتومەک و دۆلار نزیکەی جێگیرە و وەک ڕۆژانی پێشووە، خەڵکی نیگەرانە بەم ئەنجامە، چاوەڕوانی دابەزینی زیاتر بوون لەوەی هەیە، بەهەرحاڵ کاتی دەوێت تاوەکو شمەکەکانی داهاتی نەوت بە بەخۆراک و دەرمان و بگاتە خەڵکی. لە ئێستادا تەنها شمەکێک زۆر کاریگەر بوو بەم بڕیارە دانەوێڵەیە، بەتایبەتی گەنم و جۆ، ئەویش ڕەنگە پەیوەندی بەوە هەبێت کە لەسەروبەندی درەوکردنی دەغڵودان داین، وا کەمە کەمە گەنم و جۆ دەکەوێتە بازارەوەو مامەڵەی پێوە دەکرێت، سەرباری ئەوەی بڕو کاتی باران وەک پێویست نەبوو، بەڵام ڕێژەی گەنم لەوەی پارساڵ باشترە، خەڵکێکی زۆریش زەویوزاری خۆی کردۆتە گەنم. لە ئەمڕۆدا گەنم لە نێوان دوو بۆ سێ دینار بوو، چاوەڕوان دەکرێت لەم ماوەدا نرخەکەی لە دوو دینارو نیو بۆ دوو دینار جێگیربێت.

### ٩ی حوزەیرانی ١٩٩٦
دۆخی گشتی بەهۆی وەرزی دروێنەی دەغڵودانەوە ڕوو لە باشییە، بەتایبەتی ئەوانەی زەویوزاریان هەبووە و چاندوویانە دۆخیان باشترە، ئەوەشی نییەتی بەجۆرێک لە جۆرەکان سوودمەند دەبن لەو هەلومەرجە.

کارەباری شار لە ١ی ئایارەوە ڕوو لە باشییە، بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک تاوەکو ئەمڕۆ نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، نازانرێت کەی خۆراک و دەرمان دەگاتە

خەڵکی و چی دێت و چۆن و بەچی شێوازێک دابەش دەکرێت. نرخی شتومەکیش لە بازاڕدا نزیکەی وەک مانگەکانی پێشووە.

### ٧ی تەمموزی ١٩٩٦

دۆخی گشتی هەر وەک ڕۆژەکانی پێشووە، گۆڕانێکی ئەوتۆ نییە، ئەگەرچی نرخی شتومەکە هاوینەییەکان کەمێک دابەزیوە، بەڵام بێکاری و نەبوونی بەردەوامە و باری دارایی خەڵک بەگشتی خراپە، باسوخواسی خەڵکی و دانیشتنەکان هەموو بارگاوین بەخەم و شکایەتکردن لە بێکاری و سەختی ژیان.

### ٨ی ئابی ١٩٩٦

ڕۆژەکان تێدەپەڕن و ساتەکانی زیاتر دیوی ناشرینی خۆیان پیشاندەدەن! ڕووداوە ناخۆشەکان زۆرن و زیاتر دەروون دەگوشن و میزاج تێکدەدەن. چەندین مانگە دەهۆڵی ڕۆیشتنی نەوتەکەو هاتنی خۆراک و دەرمان لێ دەدرێ و ڕۆژو هەفتەو مانگەکان بە خەڵکی ڕادەکێشن! هیچیش نەبوو، برسێتی و نەبوونیش بەردەوامەو درێژەی هەیە. لەولاشەوە حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەر جارەو بەهۆکارێک درێژە بە دووبەرەکێکانیان دەدەن! تروسکاییەک هیوایان نەهێشتۆتەوە بۆ خەڵکی. نائارامی و نەبوونی دڵنیایی بەجۆرێک شار و ناوچەکەی بەگشتی جێهێشتووە نەبێتەوە! کۆچکردن بۆ هەندەران لە حاڵەتەوە بووە بە دیاردە، بەگوێرەی هەندێک ئامار، لەم مانگەدا لە شاری کەلار نزیکەی ٢٠٠ کەس ڕێگەی هاتونەهاتی هەندەرانیان گرتۆتەبەر. ئەوەی ئاو لە شوێن بێڵی بێت دەڕوات! خەلکێکی زۆر بۆ هەلێک دەگەڕێن، نەبوونی و هەژاری ڕێگەی لە چوونیان گرتووە ئەگینا شار لە ماوەیەکی کەمدا چۆڵ دەبێت! نابێت ئەوەش لەبیربکەین ژمارەیەکی زۆری گەنجانیش چوون بۆ ناوەندەکانی وەک بەغداو تاران و شوێنەکانی تر و کرێکاری دەکەن.

### ١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦

تاوەکو ئەمرۆ دەرگای قوتابخانەکان نەکراوەتەوە! مامۆستاش بەهۆی ئەو ڕووداوانەی دوای (٣١ی ئاب) سێ مانگە موچەیان وەرنەگرتووە، چینی مامۆستا بەتایبەتی و مووچەخۆران بەگشتی لە ژیانیکی زۆر سەخت و پر چەرمەسەریدا دەژین، بێگومان ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی لەسەر جووڵەی بازاڕیش هەبووە. بازاڕی جلوبەرگ و شتە کەمالییەکان بەتەوای نەماون و هەموو پرۆسەیەکی بازرگانی لەو شمەک و مامەڵانەدا کۆبوونەتەوە کە بەندن بە ژیان و مانەوەی مرۆڤەوە! هەمیشە دەپرسم تاکەی ئەم ڕۆژگارە تاڵە بەردەوام دەبێت؟!

**٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩٦**
هەلومەرج و دۆخی گشتی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بڕیارە چەند ڕۆژێکی تر نەوت بە خۆراک بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە! گرانی و نەبوونی بەردەوامە و یەخەی خەڵکی بەرنەداوە، ئەو خەڵکە داماوە چاوەڕوانی ڕۆیشتنی نەوتەکە دەکەن و بارودۆخ هێشت وەک خۆیەتی و پێناچێت زۆر بگۆڕێت! نازانرێت بێکاری و کۆشەگیری خەڵکی تاکەی بەردەوام دەبێت؟!

ئەمساڵیش وەکو پار باران و پەڵە دواکەوت، ئەگەرچی پار وەک کوردەواری دەڵێت ئەم کاتە گەنە پەڵەیەکی دابوو، بەڵام هێشتا تاوەکو ئەمڕۆ ئەوەش نەبووە. ئەمڕۆ و دوێنێ هەورێکی توند و تاریکی هەبوو، بەڵام بارانی لەگەڵ نەبوو، خەڵکی و بەتایبەتی جوتیار و ئاژەڵدارەکان چاویان لە ئاسمانە، بە پەرۆشەوە چاوەڕێی باران دەکەن.

**١ی حوزەیرانی ١٩٩٧**
لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک لە شاری کەلار، تاوەکو ئەمڕۆ دووجار ئارد دابەشکراوە، کەچی هێشتا بەشە خۆراکەکانی تری نەگەیشتووە، بڕیارە سبەینێ ئەوانەی تری بێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکان شەکرو چای لەگەڵدا نییە! لە ئەمڕۆدا هەموو هیوایەکی خەڵکی هەژارو نەداری شارو هەموو کوردستان لەو بەشە خۆراکەدا کۆبۆتەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی وەکیلەکانەوە سەرپەرشتی دابەشکردنی دەکەن! ئای ئابڵۆقە و شەڕی ناوخۆ چی کاولکاری و برینێکت دروستکرد! دەبێ ئاسەواری وێرانەکەت چەندێکی تر بەردەوام بێت و تاکوێ بڕوات؟!

**٢ی حوزەیرانی ١٩٩٧**
ئەمڕۆ یەکەم بەشە خۆراکی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک گەیشتە کەلار و خوانی هەژارو نەدارانی شارەکەی بووژانەوە، خۆراکەکان بریتیبوون لە برنج، ڕۆن، فاسۆلیا، نۆک، نیسک، تایت و سابون، ئەو بڕەی درا خەڵک لێی ڕازییە و زۆرێک لە خێزانەکان بەتایبەت هەژارەکان کە کەم نین لە خەمی بژێوی و نان ڕزگاردەکات. بەڵام بازاڕی فرۆشتن و کڕینی ئەو بەرهەمانەی شکاند و خەڵکێکی زۆری بێبازاڕ و بێکارکرد.

### ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٩٧

ئەمـڕۆ دووەمیـن بەشـە خۆراکـی بەرنامـەی نـەوت بەرامبـەر خۆراکـمان پێگەیشـت، ئەڵبەتـە بەنیـوەو ناچڵـی، برنـج و فاسـولیا و نـۆک و نیسـک و تایتـی لەگـەڵ نەبـوو، تەنهـا ڕۆن و سـابون و خـوێ نەبێـت، ئەوانیـتر بڕیـاڕە لـە مانگـی تەمـوزدا بێـت، هۆکارەکـەی ئەوەیـە بـڕی پێویسـتی ئـەو خۆراکانـە نەگەیشـتونەتە کـۆگاکان.

### ٤ی تەموزی ١٩٩٧

بەداخـەوە، دەنگـۆی ئـەوە هەیـە کـە کوڕێکـی ئامۆزامان لەسـەر سـنوری ئێـران کوژرابێت، ئەویـش یەکێکـی تـر لـە قوربانییـەکانی هـەژاری و نەبـوونی و کاری کۆڵبـەری، کـە بەسـەدان کـەس ناچـارن بـۆ پەیداکـردنی بژێـوی خۆیـان و مـاڵ ومنـداڵ، لـە بەرژەوەنـدی بازرگانێـک شـمەک و کاڵا بـە کـۆڵ بـۆ ئـەو دیـو سـنوورەکان بـە قاچـاغ بگوازنـەوە.

بەداخـەوە، بەدرێژایـی ئـەو چەنـد سـاڵەی دوایـی، بەهـۆی ئابلۆقـە و شـەڕی ناوخـۆ و بڵاوبوونـەوەی بێکارییـەوە، بـە دەیـان و سـەدان گەنـج و خێزانـدار لەسـەر سـنوورەکانی حکومـەتی عێـراق و سـنوورەکانی ئێـران بـوون بـە قوربـانی ئـەم جـۆرە کارە. ئـەوان ناچـارن بـۆ سـەد یـان دوو سـەد دینار ژیـانی خۆیـان بخەنـە مەترسـییەوە، بەوجـۆرە زۆرجار بـەر کەمینـی سـەربازی عێـراق یـان ئێـران دەکـەون، یاخـود دەبنـە قوربـانی لوغمـی سـەر سـنوورەکان، بەداخـەوە بەهـۆی ئـەم هەلومەرجـەوە گەنجێکـی زۆر بوونەتـە قوربـانی کۆڵبـەری هێنـان و بـردنی شـمەکەکان و کـەم شـەو هەیـە هەواڵـی مـردنی کەسـێک یـان زیاتـرت بەرگـوێ نەکەوێـت.

بەدیوێکـی تـردا دیـاردەی کـۆچ و سـەرهەڵگرتن بـۆ دەرەوە بەردەوامـە، تەنانـەت چینـی موچەخـۆر و مامۆسـتایانیشی گرتۆتـەوە، ئاخـر موچەیەکـی نـزم و پچـڕ پچـڕ جگـە لـە شـەرمەزاری چـی سـەوز دەکات؟! لـە هیـچ قۆناغێکـدا ژیـانی مامۆسـتا بـەم جـۆرە خـراپ و پـڕ تێکشـکان نەبـووە، پیشـەکەی بووەتـە مایـەی شـەرمەزاری، بەداخـەوە هەمـووان بەچـاوی بەزەییـەوە لـە دۆخـی مامۆسـتاو موچەخـۆر بەگشـتی دەڕوانـن!


GOSONIC



# ناوچەی کفری و کەلار لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییدا (١٨٧٠-١٩١٤ز)


سەباح عەلی جاف

مامۆستا لە بەشی مێژوو


## پێشەکی :

ناوچەی کفری (سەلاحیە)، کەلار (شێروانە)، وەك بەشێك لە هەرێمە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیی خاوەن پێگە و نەخشی کارگێڕیی و سیاسیی خۆیان بوون، ناوچەکە بەهۆی ئەوەی لەسەر رێگای بازرگانیی ئەستەمبوڵ-بەغداد لەلایەك، هێڵی سلێمانی- کەرکووك- بەغداد لە لایەکی ترەوە پێگەی گرنگی لەو رووەوە هەبووە، هەروەها ناوچەکە وەك سەرسنوری هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی- ئێرانیی بەردەوام جێگەی بایەخیان بووە، بە تایبەت بوونی ژمارەیەك لە هۆزەکان لە قەڵەمڕەوی هەردوو دەوڵەتدا هەبوون و زۆرجار سنوری ئەو دەوڵەتەیان بەزاندووە، ناوچەکە لای گەڕیدە و بیانییەکانیش گرنگ بووە چونکە بەشێکی زۆریان هاتوونەتە کوردستان بە کفریدا تێپەڕیوون و لێی ماونەتەووە.

بە ئامانجی خستنەڕووی پێگەی گرنگی دەڤەرەکە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانییدا، مێژووی ناوچەکە بە تایبەتی لە رووی کارگێڕیی و سیاسییەوە لەم توێژینەوەدا تیشکی خراوەتەسەر، جگە لەوەی هەندێك لایەنی تریشمان تاوتوێ کردووە، گرنگی توێژینەوەکە لە وەدایە بۆ یەکەمینجارە بە شێوازێکی وردی زانستی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کار لەسەر ڕووداوە مێژووییەکانی نێوان ساڵانی (١٨٧٠-١٩١٤ز)دا کراوە و بایەخی ناوچەکە خراوەتە بەرباس.

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی، لە دەروازە و دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، بارودۆخی مێژوویی کفری و کەلار لە سەرەتایی سەدەیی نۆزدەدا- تا ساڵی (١٨٧٠ز)، لە دەروازەدا تیشکی خراوەتەسەر بە تایبەت هاتنی ژمارەیەك گەڕیدە بۆ کوردستان و گوزەرییان بە دەڤەرەکەدا لەو سەردەمەدا، لە تەوەری یەکەمدا ناوچەی کفری (سەلاحیە)، لە نێوان ساڵانی (١٨٧٠-١٩١٤ز)دا بە تایبەت لە بواری کارگێریی و سیاسییدا کاری لەسەرکراوە، هەرچی تەوەری کۆتاییە بۆ کەلار (شێروانە) تەرخانکراوە و ڕووداوە مێژووییەکان خراونەتە بەرباس، پاشتر دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆیەك خۆی لە ناوی قائیمقامەکانی کفری لە نێوان ساڵانی (١٨٥٣-١٩١٤ز)ی لە خۆگرتووە لەگەڵ بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان.

توێژینەوەکە پەیڕەوی ڕێبازی زانستی لێکۆڵینەوەی مێژووی (وەسفی- شیکاری)، بە شێوەیەکی ورد کردووە، ئەو سەرچاوانەی بەکارهێنراون بەشێکیان ڕەسەن و بڵاونەکراوەن، ئەوەیش وایکردووە زۆر سەرەداوی مێژوویی و زانیاری نوێیان لەسەر ناوچەکە بۆ ئاشکرا بکەن و ناچارییان کردووین بە وردی شیکاری بۆ زانیاریی نێو سەرچاوەکان بکەین، بە تایبەت لە ڕێگای بەکارهێنانی بەڵگەنامە و ساڵنامە جۆربەجۆرەکانەوە، لە بەڵگە بڵاوکراوەکان، زۆر تر پشتمان بە کتێبی کفری (سەلاحیە) لە بەڵگەنامەکانی عوسمانییدا ١٨٤٧-١٩١٨، ئامادە و پێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی ڕەحمان، ب١٤، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی بەڵگەکان، بەستووە، چونکە زۆر بەڵگەنامەی پەیوەست بە کفری و دەڤەرەکەی تێدا بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بەشی زۆری توێژینەوەکە پشتی بە داتای ساڵنامەکان بە تایبەت (سالنامە دولت علیە عثمانیە، سالنامە موصل ولایتی)ی بەستووە، هەروەها زانیاری وردمان لە گەشتی گەڕیدەکانەوە وەرگرتووە.

سەرباری بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە، بەڵام بەدەرنەبووە لە کەموکوڕی بەشێوەیەك نەتوانراوە دەستمان بە سەرجەم بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیی بگات، هەروەها زۆر ناو لە داتا و زانیارییەکاندا بەرچاوکەوتوون بە تەواوەتی نەتوانراوە ساغ بکرێنەوە، چونکە بەشێکیان بە هەڵە نووسراون، ئەمەیش بووەتە مایەی گرفت و زۆر تر لێووردبوونەوە، لە کۆتایدا سوپاس بۆ خوا توانیمان کارێکی زانستیی نوێ بە ئەنجام بگەینین و زۆر زانیاری و داتای تازە لەسەر مێژووی نویی ناوچەکە بخەینەڕوو.

## دەروازە: ناوچەی کفری (سەڵاحیە) و کەلار (شێروانە) لە سەرەتای سەدەی نۆزدە- ساڵی (١٨٧٠ز)

ناوچەی کفری لەسەردەمی عوسمانییدا بە تایبەت لە بەڵگەنامە و نوسراوە فەرمییەکاندا بە ناوەکانی (کفری، زەنگئاباد، سەڵاحیە) هاتووە و تۆمارکراوە، سەبارەت بەپێگەی کفری لە رووی جوگرافییەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە (قاموس اعلام)دا لەساڵی (١٨٩٤ز)، لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە، هاتووە: "سەڵاحیە لە ولایەتی مووسڵ لە سەنجەقی شارەزووردایە، کفری ناوەندی قەزاکەیە، لە باکووری خۆرئاواوە بە قەزای کەرکووک، لە باکووری خۆرهەڵاتی بە لیوای سلێمانی، لەباشووری بە لیوای بەغدادەوە هاوسنوورە، زێی دیالە بە باشووری کفری دا ئەڕوات، لەگەڵ چەندین رووبار و جۆگەلە ئەڕژێنە هەمان زێ و لە کاری ئاودێرییش بە کارئەهێنرێن، هەروەها زەویی کفری زۆر بە پیتە و بەرهەمەکانی بریتیین لە گەنم و جۆ و لیمۆ و خورما، هەروەها قەزای کفری لە (١٥٨) گوند پێکهاتووە و دانیشتووانەکەی (١٤٠٠٠) کەسە ئەمە بێجگە لە ٨٠ جولەکە لە ناوەندی قەزاکە ژیاون" (قاموس الاعلام، دردنجی جلد، ١٣١١، ص٢٩٦٥)، قەزاکە ناوەندێکی گرنگی کەرکووک بووە، لەباشووری ڕۆژهەڵاتی سەنتەری لیوای مووسڵ لەسەر سنووری بەغدا و سلێمانییدا هەڵکەوتووە، خەڵکی قەزاکە لە کورد، تورکمان و عەرەب پێکهاتوون، ناوچەکە شوێنکی سەرەنجراکێش بۆ نیشتەجێبوونی دانیشتوان و ناوەندێکی گرنگی بازرگانیی بووە، بەو پێیەی لەسەر رێگای پۆستەی ئەستەنبوڵ- بەغدا لە لایەک و لەسەر رێگای کەرکووک- بەغدا و سلێمانیی- بەغدا لە لایەکی ترەوە هەڵکەوتووە MUSUL, ١٩٩٣, s٢٩)).

گەر گوزەرێکی خێرا بە مێژووی ژیان و ئاوەدانی سنورەکەدا بکەین، ئەبینین دیرۆکی کفری بۆ مێژووی کۆن گەڕاوەتەوە، ناوچەکە بەردەوام شەڕوشۆڕی زۆری لێکراوە، هەر ئەوەیش وایکردووە تووشی وێران بوون بێت و جێگۆڕکێی زۆر لە شوێنی نیشتەجێبونی شوێنە ئاوەدانەکانیدا رووبدات، ئەمە بۆ هەردوو ناوچەی لێکۆڵینەوەکە (کفری و کەلار) راستە، دوایین بنیادنانی کفری بۆ سەدەیی سیانزەیەمی زایینی گەڕاوەتەوە (نەریمان، ٢٠٠٧، ل١٨،٢٠؛ عزیز، ٢٠١٣، ل٢٠). سەبارەت بە هاتنی ناوی کەلار وەک بەشێک لە ناوچەکە ناوی (شێروانە) لە ساڵی (١٢٢١ك/ ١٨٠٦ز)دا لە سەرچاوە مێژوویەکاندا بەرچاو کەوتووەتەوە، ئەویش لە کاتی شەڕوکێشمەکێشی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی- قاجاریی، هۆی بەرپابوونی ئەو ئاڵۆزیانەیش بە زۆری لەسەر سنوورەکە بووە، کاتێك لە ئەنجامی جەنگی نێوان ئەو دوو لایەنە، لایەنگرانی عوسمانیی شکاون، ئەویش سلێمان کەهیەی

خوشکەزای والی بەغداد- عەلی پاشا (١٨٠٢-١٨٠٧ز) هەواڵەکەی پێگەیشتووە، سوپاکەی لە شێروانە دا بووە، پاشتر سوپاکەی لە شێروانەوە بۆ (کفری) کشاوەتەوە و خۆی گەیاندووەتەوە بەغداد (الكركوكلي, دون سنه الطبع, ص٢٣٧).

لە سەدەی نۆزدە دا ژمارەیەك گەڕیدە بە ناوچەکەدا گوزەرییان کردووە وێنای بەشێک لە سروشت و ژیانی خەڵکەکەیان کێشاوە، لە سەرەتای ئەو سەدەییەدا، ژان باپتیست جاک لێ رۆسۆی گەڕیدە و دیپلۆماتکاری فەرەنسی (١٧٣٨- ١٨٣١ز) لە ساڵی (١٨٠٩ز)دا هاتووەتە دەڤەرەکە، باسی هەریەک لە (قەرەتەپە، کفری و دووزخورماتوو)ی کردووە کەوتوونەتە سەر رێگای نێوان کەرکووک و بەغدادەوە (اوغلو، ٢٠١٩، ص٢٠٧)، هەر لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا دوو گەڕیدە و دیپلۆماتکاری ئینگلیزیی هاتوونەتە کوردستان و ناوچەی کفری و کەلار، بەگرنگییەوە و بە درێژی لەسەر زۆر لایەنی دەڤەرەکە دواون، ئەوانیش هەریەک لە (جێمس بێکنگهام و جێمس ریچ)ن، جێمس بێکنگهامی **James Silk Buckin Gham** (١٧٨٦-١٨٥٥ز)، دیبلۆماتکار لە کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هندیی کاریکردووە، دوو جار سەردانی کوردستان و ناوچەکەی کردووە، گەشتی یەکەمی لە ساڵی (١٨١٦ز) لەژێر ناونیشانی (**TRAVELS in MESOPOTAMA**- گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیا)، هاتووەتە سنوری کەرکووک، کفری و قەرەتەپە (وەلی، ٢٠٢٢، ل١٠).

جێمس بێکنگهام لەساڵی (١٨١٦ز) بە کفرییدا گوزەری کردووە و بە شارێکی ئاوەدانی گەورە وەسفی کردووە، بەو شێوەیە باسی شارەکەی کردووە «خانووەکانی لە قوڕ دروستکراون، ئاوی روونی خاوێن لە بەری رۆژهەڵاتی شارەکەدا مایەی ئاوەدانیی زیاتر بووە و رۆیشتووە، ژمارەیەك باخ شارەکەی رازاندووەتەوە و میوەی جۆربەجۆر بە تایبەت خورمای لێڕواوە، شارەکە دیواربەندی بۆ کراوە و چەند تاقێکی بۆ دانانی لوولە تۆپ هەبووە، بەڵام هیچ تۆپێک لەو تاقانەدا نەبوون، بازاڕێکی پڕ لە خۆراکی جۆربەجۆری بە تایبەت میوەکانی وەک ترێی لێبووە، چێشتخانەیەکی گونجاو بۆ خواردنی کەباب و گۆشتی برژاو و سۆسەج پێشوازی لەمیوانەکان کردووە، هەروەها قاوەخانەیەک رێبوار و گەشتیاران تێیدا پشوویان داوە هەبووە، شارەکە وەک وێستگەیەک لەسەر رێگای بەغداد هەڵکەوتووە، ئەوەیش وایکردووە گەشتیارێکی زۆر رووی لێبکەن، لە کاروانسەرایەکی **Caravanserai** مۆدێرندا ماونەتەوە و لێیحەساونەتەوە، کاروانسەراکە لەسەر تیرازی تورکی بنیادنراوە، زمانی فەرمی تورکی بووە بەو پێیەی ناوچەکە لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی عوسمانییدا بووە، سیماکی تورکی زاڵ لە زۆربەی کاروبارەکاندا هەستی پێکراوە، هەر چەندە خەڵکی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبیش دواوون» (**BUCKINGHAM**, ١٨٢٧, p.١٣٥ –١٣٩).

کلودیــوس جێمــس ریــچ (١٧٨٧- ١٨٢١)ی گەڕیــدە و دیبلۆماتــکاری ئینگلیــز، لــە ســاڵی (١٨٢٠ز) دا گەشــتێکی بــۆ ناوچەکانــی کوردســتان کــردووە، لــە(٢٤ی نیســان) گەیشــتووەتە قەرەتەپــە، لــەو رۆژەدا بەهــۆی لافــاوەوە لــە پــردی ناریــن تــووشی گرفــت بــوون، لەبــاسی کفریــدا ئــەوەی خســتووەتەڕوو، لــەوێ ژمارەیــەك جوولەکــەی بینیــوە، پاشــتر رووی لــە جێگەیەکــی شــوێنەواری کــردووە پێیــان ووتــوە (قــەرە ئۆغــڵانKara Oghlan)، ریــچ لــە گەشــتەکەیدا بــۆ ناوچەکــە زۆر تــر بــاسی لایــەنی شــوێنەواریی یادداشــت کــردووە، لــەو رووەوە نووســیویەتی "لەســەر ئــەم گــردە شــوێنەواریی خانوویــش هەیــە ... هــەر لەبەرامبــەر کفــری شــوێنەواریی خانــووی کــۆن هەبــووە"، شــوێنەواری (قیزقلعــەسی Kis Kalasi: قــەڵای کچــان) لــە بەرامبــەر دوانزەئیــمام Oniki Imam هەبــووە ئێسکوپروســکی تێیــدا دۆزراوەتــەوە، ریــچ پێیوابــووە خانــووە کۆنــەکانی ئاســکی کفــری Eski Kifri ئــەو جێگەیــە بــوون پێشــتر کفــری لەســەر بنیادنــراوە و ســەردەمەکەیشی بــۆ ســەردەمی گاوور گەڕاندووەتــەوە، لــە باخــەکانی کفرییــدا ژمارەیــەك ئــاشی ئــارد هەبــوون بــە ئــاو کاریانکــردووە، لــە نزیــک دوانزەئیــمام ســەرچاوەی نــەوت باســکراوە، ئــەو گەڕیدەیــە نزیکــەی ســێ رۆژ لــە کفریــدا ماوەتــەوە، پلــەی گەرمــای مانگــی نیســانی ناوچەکــە لــە (٢٧ی نیســان) دا لــە پــاش نیــوەڕۆ دا (٨١ پلــەی فەهرنهایــت/ ٢٧ پلــەی ســەدی)، لەشــەودا (٦٦ پلــەی فەهرنهایــت/ ١٩ پلــەی ســەدەی) تۆمارکــردووە (RICH, ١٨٣٦, P.١٢-٢٣).

جگــە لــە کفــری و قەرەتەپــە، ناوچــەکانی تــری ســنورەکە لــە گەشــتەکەی ریچــدا بــە ســەرکراونەتەوە، ئەوانیــش هەریــەک لــە (دووزخورماتــوو، ئیبراهیــم خانچیــی، دەربەندیخــان، بانــی خێــڵان، زەنگئابــاد و شــێروانە) ن، ناوچــەی زەنگئابــاد لــە ســەردەمی ســلێمان پاشــای بابــان (١٧٥٤- ١٧٦٥) دا ئــاوەدانی بەخــۆوە بینیــوە و مزگــەوت و گەرمــاوی تێیــدا دروســتکردووە، ئــەو دەمــە لــە ژێــر دەســتی بابانەکانــدا بــووە، ریــچ، زەنگئابــادی Zengabad وەک پایتەختــی ناوچەکــە ناوبــردووە، هــەر چەنــدە ئــەو ســەردەمە نیــوەی وێــران بــووە، دوو میــل لــە رۆژئــاواوە، گونــدی میحنەتــاوا (Manativa)ی پــڕ لــە دارخورمــا هەبــووە، شــێروانە (کــەلار)، وەك ناوچەیــەکی ئــاوەدان و داچێنــراوی کشــتوکاڵی لــە گەشــتەکەدا نــاوی هاتــووە، ئەویــش کاتێــک ئــەو گەڕیدەییــە لــە حــەوش کــرووە بــەرەو ناوچــەی بنکورە (بــن کوردیــە)ی حەســەن ئاغــای باجــەڵان چــووە، ســەبارەت بــە شــێروانە بــەو شــێوەیە دواوە «لای راســتمانەوە رووبــاری (دیالــە )مــان لــە دوورەوە بەدیکــرد, لــە رۆخەکەشــیدا گردێکی (دەســتکرد) تورەکەڕێژمــان بینــی, پێــی دەوتــرا شــێروانە with a high artificial mount called Shirwaneh، وەك دیــار بــوو، دەشــتەکەیش کشــتوکاڵی بــاشی تێــدا کرابــوو» (RICH, ١٨٣٦, P.٢٧٢ - ٢٧٦).

جێمـــس بیلـــی فرەیـــزەر James Baillie Fraser (١٧٨٣- ١٨٥٦ز)، گەڕیـــدەی ئینگلیزیـــی ساڵی (١٨٣٤)، گەشـتێکی بـە کوردسـتان و میسـیۆپۆتامیادا کـردووە، بەشـی یەکەمـی گەشـتەکەی لەژێـر ناونیشـانی گەشـتێك لـە کوردسـتان و میسـۆپۆتامیا TRAVELS IN KOOEDISTAN, MESOPOTAMIA لەساڵی (١٨٤٠)دا لـە لەنـدەن چاپکـردووە، لـە مـاوەی گەشـتەکەیدا فرەیـزەر هاتووەتـە سـنورەکە، پـاش دەرچوونـی لـە سـلێمانی، لە(١ی تشرینـی دووەم) دا گەیشـتووەتە گونـدی ژاڵـە، گوندێکـی کـوردی (٦-٨)خانـووی تێدا بـووە، دواتـر هاتووەتـە گونـدی ئیبراهیـم خانچیـی، گونـدی ڕۆسـتەم ئاغـای سـەرۆك هـۆزی زەنگەنـە بـووە، کەسـێکی بەهێـز بـووە و سـەر بـە سـلێمان پاشـای بابـان (١٨٢٨-١٨٣٨ز) بـووە، گوندەکـە (١٠٠)کوڵبـە huts بـووە، پێکهاتـەی کوڵبـەکان لـە گڵ و قامیـش پێکهاتـووە، بـەڵام سـەرۆکی گوندەکـە دیوەخانـی cleiuan khaneh هەبـووە، بـەڵام دیوەخانێکـی زۆر پەرپـوت، پاشـتر بـە دەشـتایەکی چۆڵـدا گەیشـتووەتە کفـری Kufri، لـەو نێوەنـدەدا هیـچ ئاوەدانییەکـی نەبینـووە، کفـری لـە دەروازەی گەروویيـەک لەنێـوان گـردە نزمەکانـدا هەڵکەوتـووە، بـەڵام رووت و بـێ بەرهـەم، وەك باسـیکردووە بەهـۆی ئاگرێکـەوە پێدەچێـت ناوچەکـە زیانـی پێگەیشـتبێت، بـەڵام شـارەکە شـورایەکی داخـراوی بـۆ دروسـتکراوە، لایەنێکـی خـۆش و سەرنجڕاکێشـی هەبـووە، لـە دەرگایەکـەوە خەڵکـی هاتوچۆیـان کـردووە، دارخورمـا لـە سـەرووی دیـواری شـوراکانەوە دیاربـووە، گۆڕانـی جلوبـەرگ و لایەنـی ژیانـی خەڵـک ئـەو راستییەی پشتڕاست کردووەتـەوە کفری لـە ژێـر دەسـتی تورکەکانـدا بـووە، قەرەتەپەیـش گوندێکـی پیـس و پۆخڵـی بـە دووری (٢٠)میـل سـەر بـە کفـری بـووە FRASER, ١٨٤٠, p.١٧٥, ١٨٣, ١٩٣- ١٩٤)).

لـە سـاڵی (١٨٣٦ز)، گەڕیـدەی ئینگلیزیـی هێـنری راوڵنسـۆن Sir Henry Rawlinson سـەردانی دەڤەرەکـەی کـردووە، لـە گەشـتەکەیدا زۆر تـر زانیـاری لەسـەر شـێروانە (کـەلار) تۆمارکـردوە، رووبـاری سـیروان (دیالـە) لـە باسـەکەیدا بـە زۆری قسـەی لەسـەرکراوە، هەروەهـا بـاسی دەشـتی سـیمیرۆمی the plain of Semirám کـردووە، ئـەو بە رووبـاری سـیروانی وتـووە (ئـاب شـیروان A)bi-Shirw⊠n)، ناوچـەی شـێروانە (کـەلار)ی بـە سـنوری جیاکـەرەوەی نێـوان سـلێمانی و کرمانشـا دانـاوە، رووبـاری سـیروان بـە درێژایـی سـاڵ ئـاوی هەبـووە، بـەڵام لـە هاویـن و پایـزدا ئاوەکـەی کەمـتر بووەتـەوە و توانـراوە لـە هـەردوو بـەری رووبارەکـەوە هاتووچـۆی لێوەبکرێـت، راوڵنسـۆن لەکۆتـای مانگـی ئایـار دا هاتووەتـە سـەر رووبـاری سـیروان لـەلای بانیخێڵانـەوە Bánah-khil⊠n، لـەو جێگەیـە دا ئـاوی رووبارەکـە کەمـتر بـووە، ئەوەیـش بـۆ هاموشـۆ ئاسـان بـووە، ئـەو گەڕیدەیـە بـاسی لەوەیشـکردووە پێشـتر شـارێک بەنـاوی (شـێروان)، لەسـەر کەنـاری رووبـاری سـیروان هەبـووە، هەروەهـا نوسـیوویەتی "گردێکـی دێرینـی سـەرنجڕاکێش بـە دیئەکرێـت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بــە نــاوی شــێروانە Shirw□nah"، لــە ســەدەیی چواردەیەمــەوە بــە بــەشی رۆژهــەڵاتی رووبارەکــە وتــراوە (شــێروان)، هــەر لــە گەشــتەکەیدا راوڵنســۆن ســەردانی ســەرتەک Sar-Tak، سەرخوشــک Sar-Khushk، بەمــۆ Bam□، هۆرێــن و شــێخانی کــردووە، بــە وردی زانیــاری لەســەر شــوێنەواری بەمــۆ تۆمارکــردووە، ناوچەکــەی بــە ســەخت هاتووتــە پێشــچاو، شــوێنەکە پــڕ لــە رەزوبــاخ بــووە و زۆرجــار لەلایــەن جافــە کۆچەرییەکانــەوە لــە بانیخێڵانــەوە پەڕیونەتــەوە و بەوهۆیــەوە رەزوباخــەکان تووشــی زیــان بــوون (Rawlinson ,١٨٣٩ ,p.٢٧ -٣٠؛ راولینســـون، ١٣٦٢، ص ١٠- ١٤).

لەســەر رێــگای کــەلار- دەربەندیخــان بــە درێژایــی رووبــاری ســیروان ژمارەیــەك (قولــە) بــەدي ئەکرێــن (خیــالی، ١٩٩٥، ص١٠)، قولەکانــی ســنوری کــەلار ژمارەییــان چــواردە (١٤)قولــەی ســەردەمی عوســمانیین، لەلایــەن بەڕێوەبەرایــەتی شــوێنەواری گەرمیانــەوە روپێویــان بۆکــراوە، ئــەو قولانــە بــە کەنــاری رووبــاری ســیرواندا بنیادنــراون (کریــم، ٢٠٢٠، ل١١٤)، هــەردوو شــوێنەوارناسی بەناوبانگــی عێــراق (تەهــا باقــر و فــواد ســەفەر)، هاتونەتــە ناوچەکــە و شــوێنەوارەکانیان تۆمارکــردووە، باســیان لــەو قولانــە کــردووە ،ئــەوان بە(المفاتیــل المدورة)ناویــان بــردوون، مەبەســت لــە دروســتکردنیان بــۆ کاروبــاری ئیشــکگری و چاودێــری بەکارهاتــوون (باقــر، ســفر، ١٩٦٦، ص٦)، قولــەکان پێدەچێــت بــە مەســتی کاروبــاری بازرگانییــش لــە ناوچەکــەدا بەکارهێنرابــن، بــەو پێیــەی ناوچەکــە لەپــاش ســاڵی (١٨٢١ز)، سنوری جیاکــەرەوەی نێــوان هــەر دوو دەوڵــەتی عوســمانیی- ئێرانیــی تــا ســەردەمی جەنگــی یەکەمــی جیهــانی بــووە، ئەوەیــش وایکــردووە بــۆ مەبەســتەکانی ســەرەوە قولــەکان بنیــاد نرابــن (خیــالی، ١٩٩٥، ص١٠؛ دەلــۆ، ٢٠١٠، ل٢٣- ٢٤).

قولــەکانی ســنوری ئێســتای کــەلار بریتیــن لــە: دوو قولــە لــە گونــدی بەرلــوت، قولــە برنجــی لــە گونــدی بانزەمــین، رازیانــە و وەلی خنــکاو لــە گونــدی تــازەدێ، قولــەی مــەلا لــە گونــدی چاڵــەڕەش، قولەســوتاو لــە گونــدی قولەســوتا و قولــەی ســەیدمەحمود لــە گونــدی ســەیدمەحمود، قولــەکانی تــر لــە ســنوری ناحیــەی پێبــاز (باوەنــور) دان, ئــەو قولانــە لەلایــەن عوســمانییەکانەوە دروســتکراوە ،ســاڵی دروســتکردنەکانیان روون نیــە, بــەڵام لەســاڵی (٢٠١٧)، لــەکاتی نۆژەنکردنــەوەی قولــەی ســەیدمەحمود دراوێــك دۆزراوەتــەوە بــۆ ســەردەمی ســوڵتان عەبدولمەجیــدی یەکــەم (١٨٣٩-١٨٦١ز) گەڕاوەتــەوە، لەســەر روویــەکی دراوەکــە نــوسراوە (١٠/١٢٥٥/ســنە/عرە نصــبرە ضرب فی قســطنطینیە)، بــە پێــی زانیارییەکانــی ســەر ئــەو دراوە بێــت، قولــەکان لــە ســاڵی ١٢٥٥ك/ ١٨٣٩ز)دا هەبــووە (کریــم، ٢٠٢٠، ل١١٤- ١١٦).

پـاش ڕێکەوتنامـەی ئەرزڕۆمـی دووەمـی (١٨٤٧ز)، کۆمیسـیۆنی دیاریکـردنی سـنور بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە هەڵپەسـێردراوەکانی نێـوان هـەردوو دەوڵـەتی عوسـمانیی و ئێرانیـی دەستنیشـانکراوە، محەمـەد خورشـید پاشـا (١٨١٣- ١٨٧٨ز)، وەک نوێنـەری دەوڵـەتی عوسـمانیی لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٤٨- ١٨٥٢ز)، سـەردانی ناوچەکەیکـردووە، لـە ڕاپۆرتەکەیـدا (رحلـة الحـدود بـين الدولـة العثمانيـة و إيـران)دا تیشـکی خسـتووەتە سـەر ناوچـە سـنورییەکانی کفـری (سـەلاحیە) و کـەلار (شـێروانە)، نـاوی زۆر جێگـەی هێنـاوە، لەوانـە: کفـری، شـێروانە، زەنگئابـاد، سـەرقەڵای مەحمـوود، کۆکـز، ...، کاتێـک قسـەی لەسـەر شـوێنەوارێکی ناوچـەی بنکـورە (بنکـدرە)ی سـنوری خانەقیـن کـردووە، چـوار ڕێـگای هەبـووە، ڕێـگای سـێیەمیی چووتـە سـەر گونـدی شـێروانە "ڕیـگای سـێیەمیش دەچێـە سـەر پـردە روخاوەکـە لەسـەر ڕووبـاری دیالـە، ئـەم شـوێنە ئەکەوێتـە بەرامبـەر گونـدی شـێروانە"، نـاوی ژمارەیـەك هـۆزی کـوردی سـنورەکەی هێنـاوە، لەوانـە: جـاف، پـاڵانی، گێـژ، هۆمەرملـی، گاخـۆر، داودە، لـەک ... (باشـا، ٢٠٠٩، ص١٩٠، ٢٧١)، بـە پێـی سـاڵنامەی دەوڵـەتی عوسـمانیی (سـالنامە دولـت عليـە عثمانيـە) لـە سـاڵی (١٢٦٣ک/ ١٨٤٧ز) هەریـەک لـە (کفـری و دووزخورماتـوو) وەک دوو ڕێـگای سـەرەکی دیاربەکـر- بەغـداد ناویـان هاتـووە (عثمانيـە، ١٢٦٣، ص١٢٦)، بـە پێـی سـاڵنامەی سـاڵی (١٢٦٦ک/ ١٨٥٠ز) نـاوی هەرییـەک لـە ئەیالـەتی شـارەزوور و بەغـداد پێکـەوە هاتـووە (بغـداد مـع شـهرزور)، هەریـەک لـە (کفـری، زەنگئابـاد، خانەقیـن، بنکـورە و دەککـە) سـەر بـە لیـوای بەغـداد بـوون، لـە ڕووی کارگێرییـەوە ناویـان لەگـەڵ یەکـە کارگێڕییـەکانی ئـەو لیواییـەدا هاتـووە (عثمانيـە، ١٢٦٦، ص٨٨).

سـەردەمی سـوڵتان عەبدولمەجیـدی یەکـەم (١٨٣٩- ١٨٦١ز)، بەسـەردەمی چاکسـازی (عهـد التنظيـمات) نـاسراوە، چاکسـازی لـە زۆرێـک لـە شـوێنەکاندا بـە تایبـەت ئەیالەتـەکانی بەغـداد و شـارەزوور و یەکـە کارگێڕییـەکانی کـراوە (النجـار، ١٩٩١، ص٢٢)، لـە دوای ئـەوەی هەیکەلـی کارگێـڕی لەسـاڵی (١٨٤٩ز) لـە دەوڵەتـی عوسـمانییدا ڕێکخراوەتـەوە و قـەزاکان ڕۆڵـی زیاتریـان پێـدراوە، لـەو چوارچێوەیـەدا سـنورەکە بـۆ سـەنجەق، قـەزا، ناحیـە و گونـد دابەشـکراوە (OSMANLI VİLAYET, ٢٠١٢, s١٥))، بـە پێـی بەڵگەیەکـی عوسـمانیی لـە(١٩ی سـەفەری ١٢٧٠ک/ ٢١ی تشرینـی دووەمـی ١٨٥٣ز)، لەبـەر بایەخـی پێگـەی ناوچەکـە و پێکەوەبەسـتنیان وەک ناوەندێکـی گرنـگ، کفـری کراوەتـە ناوەنـدی (سـەنجەقی) زەنگئابـاد لـە ئەیالەتـی شـارەزوور، هەریـەک لـە (کفـری، زەنگئابـاد، قەرەتەپـە و دووزخورماتـوو) ی لـە خۆگرتـووە، بەپێـی فەرمانەکـە ئەندامـی ئەنجوومەنـی کەرکـووك (نەفتچـی زادە عومـەر بـەگ)، بـەمووچە (٣٠٠٠)، قـوروش بـە قائیمقـام و قەڵەمـی کاتیبـی ئەیالـەت محەمـەد ئەفەنـدی بـەمووچەی (٤٥٠)، قـوروش و مەحمـوود

ئەفەنــدی بــەمووچەی (٣٥٠)، قــوروش بــە کاتیبــی دارایــی دامــەزراون (BOA, i.MVL: ١٣١٨٢/٣١٤، کفــری،٢٠٢٢، ل٢٢)، بــەڵام گــەر ســەیری ســاڵنامەی دەوڵــەتی عوســمانی بکەیــن لــەو ڕووەوە جیاوازییــەك بەدیکــراوە، بــە جۆرێــک جارێکیــتر لەســاڵی (١٢٧١ک/ ١٨٥٥ز) کفــری و خانەقیــن وەک دوو قــەزای ســەر بــە لیــوای بەغــداد ناویــان هاتــووە (عثمانیــە، ١٢٧١، ص٩١).

بە پێــی ساڵنامەی دەوڵــەتی عوسمانی (سالنامە دولت علیە عثمانیە) لــە ساڵی (١٢٧٢ک / ١٨٥٦ز)، نــاوی کفــری لــە ئەیالــەتی بەغــداد و شــارەزوور وەک لیــوا لەگــەڵ لیــواکانی تــری وەک (بەغــداد، خانەقیــن، ســلێمانی و کەرکــووک)دا هاتــووە، لیــوای کفــری لــە هەریــەک لــە (کفــری، دوزخورماتــوو، قەرەتەپــە و زەنگئابــاد) پێکهاتــووە (عثمانیــە، ١٢٧٢، ص١٠٦)، لــە پــاش گۆڕانــکاری پلــەی کارگێــڕی کفــری بــۆ لیــوا، خەرجــی بــۆ بــوارە جۆربەجــۆرەکان زیادیکــردووە، ئەوەتــا لــە(٩ی زیلحیجــەی ١٢٧٢ک/ ١١ی ئــابی ١٨٥٦ز) دا لــە بەرامبــەر جێبەجێکــردنی ئەرکەکانیــان (١٨)کــەس بــڕی (٤١٠) قروشــیان لــە قــەزای کفــری لــە ئەیالــەتی شــارەزوور بــۆ خەرجکــراوە، لــەو بەڵگەنامەیــدا دەرکەوتــووە، کفــری ســەر بەئەیالــەتی شــارەزوور بــووە، هەرچەنــدە لــە ســاڵنامەی عوســمانیدا نــاوی ئەیالــەتی بەغــداد و شــارەزوور پێکــەوە هاتــوون (کفــری، ٢٠٢٢، ل٢٥)، بــە پێــی ســاڵنامەکانی عوســمانیی، ســاڵانی (١٢٧٣ک/ ١٨٥٧ز) (عثمانیــە، ١٢٧٣، ص١١٢)، (١٢٧٤ک/ ١٨٥٨ز) (عثمانیــە، ١٢٧٤، ص١٢٠)، (١٢٧٦ک/ ١٨٦٠ز) (عثمانیــە، ١٢٧٦، ص١٥٠)، کفــری ســەر بــە ئەیالــەتی شــارەزوور بــووە و لــەو چــوار یەکــە کارگێڕییــەی ســەرەوە پێکهاتــووە، لــە (شــەعبانی ١٢٧٦ک/ ئــازاری ١٨٦٠ز)دا وەک دەرکەوتــووە کاروبــارەکان لــە لیــوای کفرییــدا زیادیکــردووە، ئەوەیــش وایکــردووە ژمــارەی ســەربازی وەرگیــراو زیادبــکات، بــاج و زەکاتی ســەرمەڕانە لــە هــۆزی جــاف بــە ئاقچــە وەربگیرێــت و کارکــراوە بــۆ کۆتــای هێنــان بــە ئاژاوەگێــڕی هــۆزی هەمەوەنــد لــە ســنورەکەدا (کفــری، ٢٠٢٢، ل٢٩).

لــە ســاڵی (١٢٨٠ک/ ١٨٦٣ز)، نــاوی لیــوای کفــری بــۆ (لیــوای زەنگئابــاد) گــۆڕاوە و یەکــە کارگێڕییــەکان هــەر وەک خۆیــان ماونەتــەوە و (قصبــة) لــە پێــش نــاوی کفــری دانــراوە (عثمانیــە، ١٢٨٠، ص١٨٧)، بــەڵام لــە بەڵگەنامەیەکــی عوســمانییدا لــە (زیلحیجــەی ١٢٧٩ک/ حوزەیــرانی ١١٨٦٣ز) دا نــاوی کفــری وەک قەزایەکــی ســەر بــە ســەنجەقی (ســنجاغی) زەنگئابــاد هاتــووە، لــە (ســەفەری ١٢٨١ک/ تەمــوزی ١٨٦٤ز)، قائیمقامــی زەنگئابــاد نــاوی (محەمــەد بەگــی کــوڕی کازم بــەگ) بــووە و لــە کفــری دانیشــتووە (کفــری، ٢٠٢٢، ل٣٩، ٤١)، لــە ســاڵنامەی دەوڵــەتی عوســمانیی ســاڵی (١٢٨٣ک/ ١٨٦٦ز)، جارێکیــتر گۆڕانــکاری لــە هەیکەلــی کارگێــڕی ڕوویداوەتــەوە، لیــوای زەنگئابــاد تەنهــا لــە هــەردوو قــەزای کفــری

(کفری قصبەسی) و زەنگئاباد (زەنکاباد قصبەسی) لەسەر لیوای شارەزوور پێکهاتووە (عثمانیە، ١٢٨٣، ص١٧٣)، لە ساڵنامەی عوسمانیی ساڵی (١٢٨٥ک /١٨٦٧ز) دا ناوی لیوا بۆ سەنجەق (سنجاغی) گۆڕاوە، پێکهاتەی کارگێڕی ناوچەکە بە ناوی (زەنگاباد سنجاغی) سەر بە شارەزوور بووە، ژمارەی خێزان و دانیشتوانی هەریەك لە کفری و دەوروبەری (خێزان: ١٠٥٧، دانیشتوان: ٣٢٠٣)، زەنگئاباد و دەووروبەری (خێزان: ٢٤٢٦، دانیشتوان: ٧٦٨٣)، تێکڕا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە (١٠٨٨٦) کەس بووە (سالنامە دولت، ١٢٨٥، ص١٩٠؛ الدار السلطانية، ٢٠٢٤، الوثائق العثمانية)، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی (١٢٨٧ک/ ١٨٦٩ز)دا لە هەیکەلی کارگێڕی دەوڵەتدا ناوی کفری و زەنگئاباد بەر چاو ناکەون، تەنها ناوی قەرەتەپە لە سەنجەقی شارەزوور سەر بە وولایەتی بەغداد هاتووە (عثمانیە، ١٢٨٧، ص٢٢٣).

## تەوەری یەکەم: ناوچەی کفری (سەلاحیە) لە نێوان ساڵانی (١٨٧٠- ١٩١٤ز)

بە پێی بەڵگەنامەکان تا پێش ساڵی (١٨٧٠ز)، ناوی کفری بۆ ناوەندی قەزاکە و لیوای زەنگئاباد بۆ ناوچەکە بەکارهاتووە، بەڵام لێرە بە دواوە ناوی قەزاکە گۆڕاوە و لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتدا کفری بە کار نەهاتووە و بووە بە (سەڵاحیە)، بەپێی بەڵگەنامەکان و ساڵنامەی عوسمانیی، لە ساڵی (١٨٧٠ز) بە دواوە، ناوی کفری بۆ سەلاحیە (صلاحیە) گۆڕاوە، بە پێی بەڵگەنامەیەک لە (٥ی موحەڕەمی ١٢٨٧ک/ ٧ی نیسانی ١٨٧٠ز) دا ناوی سەلاحیە هاتووە "نرخی کرێی تەلەگراف هاتۆتە خوارەوە بەم ڕاگەیەندراوەیش نووسینی تەلەگراف زیادی کردووە لە پلانی عێراقدا ئەم هێڵەی هەیە بەش ناکات لە حاڵی حازر لە سەلاحیە تا دیاربەکر تێلێک زیاد بکرێت" (کفری، ٢٠٢٢، ل٤٧)، لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی (١٢٨٧ك/ ١٨٧٠ز) دا لە پێکهاتەی کارگێڕی سەنجەقی شارەزووردا ناوی کفری (سەڵاحیە) بەرچاو ناکەوێت، بەڵام ناوی هەریەك لە (قەرەتەپە، داودە)، وەك دوو یەکەی کارگێڕی هاتوون (عثمانیە، ١٢٨٧، ص٢٢٣)، جارێکی تر لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی (١٢٩١ک/ ١٨٧٤ز) دا ناوی سەلاحیە بۆ (کفری) بە کارهاتووەتەوە، سەنجەقی شارەزوور لە پێنج قەزا پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە (ڕواندز، سەڵاحیە، هەولێر، ڕانیە و کۆیە) (عثمانیە، ١٢٩١، ص٢٥٤)، بەڵام هەر لەو دەمەدا لە لایەن کەسانی بیانی و گەڕیدە هاتوونەتە ناوچەکە ناوی (کفری) یان بەکارهێناوە، لە ساڵی (١٨٧٣ز) دا جۆزێف سێرنیکی Josef Cernik گەڕیدەی ئەڵمانیی سەردانی ناوچەکەی کردووە و هەر بە کفری ناوی بردووە (Cernik, ١٨٧٦, p.٣٧)، قائیمقامی قەزاکە لە (زیلحیجەی ١٢٩٠ک/ کانوونی

دووەمی ١٨٧٤ز) دا (عوسمان نوری ئەفەندی) بووە، بە پێی بەڵگەنامەیەک، ناوبراو بە کەسێکی لێهاتوو و پاک ناوی هاتووە (کفری، ٢٠٢٢، ل٥٠).

ماوەی (١٥ی کانوونی دووەمی- ٢ی شوباتی ١٨٧٣ز), گەڕیدەی ئەڵمانی جۆزێف سێرنیکی هاتووتە سنوری زەنگئاباد, قەرەتەپە و کفری، سەرەتای گەشتەکەی لە زەنگئابادەوە Der Zengabad-Dagh بە وەسفێکی جوان دەستپێکردووە، ناوچەکەی بە یەکەم زەنجیرە تەپۆڵکەی هاوتەریب لەگەڵ زنجیرە تەپۆڵکەکانی حەمرین ناو بردووە، بەڵام تەپۆڵکەکانی زەنگئاباد تارادەیەک فۆرمێکی نەرمتریان هەیە، لە دەڤەرەکەدا ڕەوە بەرازی زۆری بەتایبەت لە کێڵگەی مەرەزەکاندا دیووە، چەمی نارین Der Nahrin لە کفرییەوە سەرچاوەی گرتووە و لەباکورەوە چووەتەوە زەنگئاباد، چەمەکە بۆ ئاودێری ناوچەکە گرنگبووە، لەسەر چەمەکە پردێکی بەردینی شەش کەوانەی دوانزە مەتر لە ئاستی ئاوەکە بەرزتر هەبووە، پاسگەیەکی (مەغفەر) سی سەربازی عوسمانی بەناوی پردی نارین (Nahrin KjÖprü) لێبووە و لێرەوە ڕێگاکە بۆ سلێمانی چووە، لە دووری(٨- ٩)کم لە پردی نارینەوە گوندی قەرەتەپەی بینیووە (Cernik, ١٨٧٦, p.٣٩).

قەرەتەپە لە ڕۆژئاوای کفرییدا هەڵکەوتووە، لە ڕۆژهەڵاتیدا لەگەڵ دۆڵی نارین هاوسنوورە، شوێنێکی دڵگیری داچێنراوی شووتی، داری پرتەقاڵ و خورما بووە، دانیشتوانەکەی نزیک (٣٠٠) کەس بوون، لە نزیک کفری گوندێکی عەرەبی (١٠٠) خانوو و سەربازگەیەکی وێرانە بەناوی ئەبو عەلی AraberDorfe Abu Ali هەبووە، ناوچەی کفری گوندی وێرانی زۆری لێبووە، لەگەڵ شوێنەواری گۆڕەکان، ئەو دەمەی جۆزێف سێرنیکی هاتووەتە ناوچەکە هیچ عەرەبێکی کۆچەری بە تایبەت لە نزیک وێرانە گوندی ئەبوعەلی نەبینیووە، شارۆچکەی کفری die kleine Stadt Kifri نزیکەی (٥٠٠)کەس تێیدا ژیاون بە شێکیان تورکمان بوون، هەروەها خانووەکانیان لە گڵ و دار دروستکراون، ئاسکی کفری Eski Kifri لە خوارووی شارۆچکەکەوە وەک شوێنەواریی شارێکی دێرینی گرنگ بووە، ئەو گەڕیدەیە لە بارەی مێژووەکەییەوە نووسویەتی «زانیاری ئەوتۆ نەخراوەتەڕوو، هەر چەندە باس لە سەردەمی ساسانیەکان کراوە، بەڵام ئەو دراو و پارچانەی دۆزراونەتەوە ئەوەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە»، لەناوچەکەدا کانزاکانی وەک گۆگرد و خوێ، بە تایبەت (نەوت) لە کەناری ڕۆژهەڵات و لەدیوی چیاکەیدا هەبوون (Cernik, ١٨٧٦, p.٣٩- ٤١).

قەزای سەڵاحیە لەساڵی (١٨٧٥ز) دا لە ڕووی پێکهاتەی کارگێڕییەوە ستافێکی تەواوی هەبووە، بریتی بوون لە: محەمەد ئاغا- قائیمقام، جێگرەکەی- یەحیا ئەفەندی، بەڕێوەبەری دارایی- عەباس ئەفەندی، بەرپرسی خۆیەتیی- بەدری ئەفەندی،

ئەندامانــی هەڵبژێــردراوی ئەنجومەنــی کارگێڕیــی (مجلــس ادارة)، جگــە لەوانــەی ســەرەوە، بریتــی بــوون لە(موســا بــەگ، خەلیــل ئاغــا و ئەمیــن ئاغــا)، ئەنجومەنــی داواکاریــی و دادوەریــی پیکهاتبــوون لــە هەریــەك لــە (عومــەر بــەگ، عومــەر ئەفەنــدی و هۆجەرخانــی ئەفەنــدی)، بەڕێوەبــەری پۆســتە (صلاحیــە تلغــراف و بوســتە)- تۆفیــق ئەفەنــدی بــووە، هەریــەك لــە (حەمــدی بــەگ و ڕەفیــق فەیــزی ئەفەنــدی) فەرمانبــەری بــاج (رســومات مامــوری) بــوون، قەزاکــە لــە دوو ناحیــە پێکهاتــووە، ئەوانیش ناحیەکانــی (داوده- بەڕێوەبەرەکــەی حاجــی مەحمــوود ئەفەنــدی، قەرەتەپــە- ئەمیــن ئەفەنــدی) بــوون (بغــداد، ١٢٩٢، ص٩٢- ٩٣).

قائیمقامــی ســەڵاحیە- ئیســماعیل ئەفەنــدی لــە (موحەڕەمــی ١٢٩٣ك/ شــوباتی ١٨٧٦ز) دا وەك نوێنــەری دەوڵەتــی عوســمانیی لــە لیژنەیەکــی بــاڵای لێکۆڵینــەوەدا ســەبارەت بــە دروســتبوونی کێشــە لــە ســنورەکەدا بەشــداریکردووە، بــەڵام لەکاتــی بــە دواداچونــی کێشــەکەدا ناکۆکــی لــە نێــوان هــەردوو لایەنــی عوســمانیی و ئێرانیــی کەوتووەتــەوە، ئەوەیــش وایکــردووە لــە نزیــك گونــدی (پێــواز) ســەربازانی زەبتیــەی قەرەقوڵخانــە هێرشــیان کردووەتــە سەرئەســپەکانی ئێــران و جارێکیــتر گرفتــەکان قوڵــتر بوونەتــەوە، ناوچەکــە بــە هــۆکاری هاوســنوری نێــوان هــەردوو دەوڵەتــی عوســمانیی و قاجاریــی چەندیــن جــار ڕووبــەڕوی کێشــەوپێکدادان بووەتــەوە، پێئەچێــت ئــەو گرژیانــە وایکردبێــت کاربەدەســتانی دەوڵــەت لــە ناوچەکــە خێــرا بگۆڕدرێــن، ئەوەتــا لــە (١ی شــەعبانی ١٢٩٦ك/ ٢٢ی تەمــوزی ١٨٧٩ز)، مەجیــد بەگــی قائیمقامــی کفــری لەگــەڵ قائیمقامــی بایــزان بەنــاوی (عەبدولڕەحــمان بــەگ) گۆڕینەوەیــان پێکــراوە (کفــری، ٢٠٢٢، ل٥١، ٥٤)، قەزاکــە بــەر لــە ســاڵی (١٨٨٠ز)، جگــە لــە ناوەنــدی قەزاکــە لــە هــەردوو ناحیــەی (داوده- بەڕێوەبەرەکــەی عەبدولجەلیــل بــەگ)، (قەرەتەپــە- بەڕێوەبەرەکــەی عەبدلجەبــار بــەگ) بــوون، ئــەوە لــە کاتێکدایــە قەزاکــە لــە چــاو قەزاکانــی تــردا گــەورە تــر بــووە، ژمــارەی دانیشــتوانەکەی بــە پێــی ســەرژمێرێك لــە ســاڵی (١٨٨١- ١٨٨٢) دا بریتــی بــووە لــە (٩٧١٦) کــەس، لــە ڕووی پێکهاتــەی ئاینییــەوە، تەنهــا (١٥٧)کەســیان مەســیحی و ئەوانیــتر موســڵمان بــوون MUSUL, ١٩٩٣, ٣٥.s)؛ العبــاسي, ٢٠٠٥, ص٦١).

بــە پێــی ڕاپۆرتێکــی نهێنــی لــە ژێــر نــاوی (تێبینێکانــی گەشــتێك بــە نــاو کوردســتاندا لــە زســتانی ١٨٨١- ١٨٨٢ NOTES OF A JOURNEY THROUGH KURDISTAN IN THE WINTER Of ١٨٨١-٨٢)، لــە لایــەن ئیــم. جــی. جێــراردی ســەرهەنگی ئینگلیــزەوە نــووسراوە، لــە (کانوونــی دووەمــی ١٨٨٢ز) دا هاتووەتــە ناوچەکــە، تێیــدا کاریگەرییەکانــی جەنگــی ســاڵی (١٨٧٧- ١٨٧٨ز) ی نێــوان ڕووســیای قەیســەری و

دەوڵەتـی عوسـمانیی لەسـەر سـنورەکە خسـتووەتەڕوو، عەبدولڕەحـمان عەزیـز ئاغـای یوزباشـی، بارودۆخەکـەی بـە ناهەمـوار وەسـفکردووە، ئـەو دەمـە تەنهـا (٨٠) سـەربازیان هەبـووە بـۆ ئـەوەی ڕێـگای دەلـی عەبـاس- کفـری بەکراوەیـی بهێڵینـەوە و بـاج کۆبکەنـەوە، پێـش جەنگەکـە هـەزار کەسـیان هەبـوو ئەرکـی پاراسـتنی ناوچەکەیـان لـە ئەسـتۆدا بـووە، پیاوەکانـی بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ بـێ مووچـە بـوون، هیـچ هاندەرێـک بـۆ ئـەوەی سـەربازەکان لـە هێڵـی ئەرکـدا خۆیـان بخەنـە مەترسـییەوە نەبـووە؛ هەروەهـا هیـچ هاندەرێـک بـۆ گوندنشـینەکان بـۆ ئـەوەی داهاتـی زیاتـر لـە وەی بـۆ بـوون پێویسـتە بـە دەسـتبهێنن نەبـووە؛ هەمەوەنـدەکان دەسترۆیشـتوو بـوون و کاریگەرییـان لەسـەر ڕێگاوبانەکانـی نێـوان کفـری- سـلێمانی هەبـووە.

بـە پێـی زانیارییەکانـی ئـەو ڕاپۆرتـەی سـەرەوە لـە (٥ی کانوونـی دووەمـی ١٨٨٢ز)، نـاوی هەریـەك لـە (کفـری، سـەڵاحیە و زەنگئابـاد) بـۆ قەزاکـە نـووسراوە، لـە سـێ هـەزار خانـوو پێکهاتـووە، دیوارەکانـی بەشـێکیان وێـران بـوون، بازاڕێکـی گونجـاوی هەبـووە؛ شـارێکی خـۆش و تاڕادەیـەک پاکوخاوێنـی ناوچەکـە بـووە، قائیمقامـی قەزاکـە (عەبدولعەزیـز بـەگ)، چەنـد کاروانسـەرایەکی بـاش لەقەزاکـەدا هەبـوون، لـە شـارۆچکەکەدا پێشـوازی بـاش لـە میوانـەکان کـراوە، قـاوەی بـێ شـەکر و شـیریان پێشکەشـکراوە، بـۆ خواردنیـش شـۆربا، کەبـاب، ماسـی بـرژاو، نـۆکاو و شـەربەت لـە ژەمـی میوانـە بیانیەکانـدا پیانـدراوە، نانـی لادێـی شـێوەیەکی وورد و تەنکـی هەبـووە ئامادەکـراوە، ڕێبـواران بـە تایبـەت سـەربازانی تـورك بـۆ بـە سـەربردنی کاتەکانیـان بـە جـۆرە یاریـەك وەك تاوڵـە خۆیـان سـەرگەرمکردووە و کاتەکانییـان بەسـەربردووە (GERARD, ١٨٨٣, P.١٠- ١١).

تـا ئارامییـەکان کاریگەریـان لەسـەر دەڤەرەکـە هەبـووە، لـە (١٧ی جەمـادی یەکەمـی ١٢٩٩ك/ ٦ی نیسـانی ١٨٨٢ز) دا ڕسـوماتی مەڕوماڵاتـی قەزاکـە دزراوە، هەرچەنـدە ئەحمـەد ئەفەنـدی وەك بەرپرسـی مەڕومـاڵات لـەو ڕووەوە لێکۆڵینـەوەی دەسـتپێکردووە، بـەڵام کاروبارەکانـی دادگایکردنەکـە گوازراوەتـەوە بـۆ دەرەوەی قەزاکـە (کفـری، ٢٠٢٢، ل٥٥)، تـا جێگـری دۆخـی ناوخۆیـی و گیروگرفـت لـە سەرسـنور وایکـردووە گۆڕانـکاری خێـرا لـە هێـزی سـەربازی دەوڵەتـدا بکرێـت، بـۆ ئەوەیـش لـە (شـوالی ١٣٠٣ك/ تەمـوزی ١٨٨٦ز) دا تابـوری دووەمـی ئـاڵای (٤٥)ی سـەڵاحیە بـۆ سـلێمانی گوازراوەتـەوە، تابـوری چوارەمـی ئـاڵای (٤٦)ی چەمچەمـاڵ جێگـەی گرتووەتـەوە (کەرکـوك، ب١٢، ٢٠٢١، ل٥٨)، هـەر لـە چوارچێـوەی ئـەو بارودۆخـەدا لـە (حوزەیرانـی ١٨٨٣)، حسـێن ئاغـا- بەرپرسـی بلۆکـی شەشـەمی سـوارە لـە تابـوری قەزاکـە سـەر بەزەبتیـەی شـارەزوور

بەهۆی دەستگیرکردنی چەتەکانەوە لە پلەی پێنجەمی نیشانی مەجیدی خەڵاتکراوە (کفری، ٢٠٢٢، ل٥٧).

پەیوەست بە بارودۆخی ئەمنییەوە، ئاژاوەی نێوان هۆزەکانی سنورەکە لە نێو خۆیاندا لەلایەکەوە، شەڕیان لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت لە لایەکی ترەوە، یەکێك بووە لەو گرفتەکانی چەند جارێك دووبارەبووتەوە، ئەوەیش بووەتە هۆی ژمارەیەك شەڕوکوشتار و قوربانی گیانی و ماددی زۆری لێکەوتووەتەوە، شەڕوشۆڕی نێوان هۆزەکان وایکردووە دەوڵەت زۆرجار بە توندی ڕووبەڕووی گرژییەکان ببێتەوە و بیر لە توندوتۆڵکردنی لایەنی ئاسایشی ناوخۆ بکاتەوە و ئەوانەیشی بەو کارانە هەستاون بەچەتە ناویان براوە، لە (٥ی ئەیلولی ١٨٨٦) دا کاروانێك لە سەڵاحیەوە بۆ کەرکووك بە ڕێکەوتووە لە نزیك داقوق لەلایەن هەمەوەندەکانەوە پەلاماردراون، لە بەڵگەنامەیەکدا ئەو کارەی بە (چەتەگەری) ناوبردووە و لە ناوبردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە بە پێویست زانراوە، هەروەها هۆزی کۆچەری جاف لە سنوری قەزاکەدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە، هێرشوپەلامارەکانیان بە مەترسی زانراوە و سنوردارکردنی پەلامارەکانیان بە پێویست زانراوە (کفری، ٢٠٢٢، ل٦١، ٦٤).

فرانسیس ریچارد مانسێل **Francis Richard Maunsell** (١٨٦١- ١٩٣٦)، شوێنەوارناس و کارمەندی هەواڵگیری بەریتانیی، سەردانی ناوچەکەی کردووە و زانیاری نەبیستراو و دەگمەنی بۆ تۆمار کردووین، لە (٨ی ئایاری ١٨٨٨ز) دا هاتووەتە سنورەکە، لە ڕێگای هاتنی بۆ کفری باسی چەند جێگا و گوندێکی کردووە، لەوانە: گوندی ڕەحیم وەرەقە **Rahimurka** گوندەکە لەلایەن هێرشبەرانی هەمەوەندەوە وێران بووە و خانووەکانی ڕوخاون، بە کەمپێکی گەورەی کوردانی باجەڵان **Baghilan** لە دەشتایەکدا خەریکی کاری کشتوکاڵکردن بوون تێپەڕیوون و گەیشتوونەتە کفری، شوێنێکە شەش هەزار کەسی تێدا ژیاوە، لەگەڵ (١٢٠٠) خانوو، کەوتووتە دەمی گەروویەکی بچووکی چەمی قوشە چاپان **the Chechapan River** لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، قەزاکە بە دیوارێکی نزم لە دۆخێکی خراپدا بووە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبووە، دەور دراوە، لە دەوروبەری شارۆچکەکە ژمارەیەك باخی دارخورما و میوە هەبووە، جگە لەوانە، دەشتەکە بە تەواوی بێ درەخت بووە، هێڵی تەلەگرافی بەغداد- مووسڵ بە وێدا تێپەڕ بووە و نووسنگەی تەلەگرافیشی لێبووە، قەزاکە خاوەنی بازاڕکێکی بچوکی داپۆشراوە بووە، توانراوە بڕی گونجاو لە پێداویستییەکان، وەکو ئارد، خورما، میوەی وشککراوە .. هتد، بۆ خەڵکەکەی

دەستەبەربکات، خانووەکانی لەبەرد و قوڕ دروستکراون، سەقفیان تەختە بووە. لەلای باشوور ژمارەیەک خانووی دوو نهۆمی لە گچ دروستکراو هەبووە Maunsell, ١٨٩٠, p.٧٠) ).

کفری (سەڵاحیە)، لە (ئایاری ١٨٨٨ز) دا لەلای باکوورییەوە لە دەرەوەی شارۆچکەکە سەرایەکی بەردی تۆکمەی هەبووە، قائیمقام لە وێدا کاروبارەکانی راپەڕاندووە، تەنها (٥٠٠) سەربازی ئاسایی لە دەشتەکانی باشوور لە ئەرکدا بوون، (٣٠٠) ئەسپی باشیان هەبوو، لە (١٥)دەستەی سوارە پێکهاتبوون بۆ پاسەوانیکردنی رێگاوبانەکان، هەروەها نزیکەی (٥٠) سەربازی zaptiyahs لە ئەرکدابوون چونکە رێگاکە بەردەوام تووشی هێرش و پەلاماری هێرشبەرە هەمەوەندەکان و جەردەکان بووەتەوە، دانیشتوانی کفری زۆرینەیان کورد بوون، بەڵام لە نێویاندا ژمارەیەکی کەم عەرەب و جولەکەیش هەبوون، سەبارەت بە جلوبەرگی خەڵکی قەزاکە، پاڵتۆی سپی قۆڵ درێژی کوردی (کەواوسەڵتە)، لەگەڵ کڵاوێکی هەستیاری ئێرانی کە شێوەی کۆن بووە «کلە نامداب Kulah namdab» و پانتۆڵێکی شین لەبەر کراوە، مەودای دووری نێوان رێگای کرمانشا- کفری (٣١٤میل/ ٥٠٥کم)، بەراورد بەرێگای نێوان سلێمانی- کۆیەی سنجەق (٣٤٦میل/ ٥٥٦کم)، جگە لەوەی ئەو رێگایە سەخترە، بەڵام بەگشتی رێگای یەکەم باشتر بووە، هەروەها رێگای بەغداد بۆ سلێمانی لە رێگای کفری و دەروازەی سەگرمەوە، هێڵێکی نزیك بووە، بەڵام ئەو ریگایە بە زەحمەت بەکارهێنراوە بەهۆی تێپەڕبوونی بە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمەوەندەکان، چونکە هێرشیان بۆ سەر کاروانەکان کردووەMaunsell, ١٨٩٠, p.٧١) ).

لە کۆتای سەدەی نۆزدەدا پرسی ناکۆکی نێوان هۆزەکان بە یەکێك لە پرسە گرنگەکان دانراوە و دەوڵەتی عوسمانی پێوە خەریکبووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناکۆکی و نائارامییەکان، عوسمانییەکان رێگای جۆربەجۆریان گرتووەتە بەر بە جۆرێك لە هەندێك ناکۆکیدا ئەو پەڕی هێزی خۆیان بەکارهێناوە، لە بەشێکی تریاندا چاویان نوقاندووە (کەریم، ٢٠١٢، ل٢١٧- ٢١٨)، دەڤەرەکە ناکۆکی و شەڕوشۆڕی زۆری نێوان هۆزەکانی بەخۆیەوە بینیوە، بەهۆی کێشەی کوشتنەوە ئەگەری رووبەڕووبونەوە لەنێوان هەردوو هۆزی (تاڵەبانی و باجەڵان) وایکردووە لایەنی ئاسایش لە نێوان هەردوو قەزای سەڵاحیە و خانەقیدا لە(تشرینی دووەمی ١٨٨٨ز) دا توند بکرێتەوە و خاڵەکانی پشکنین تۆکمە بکرێن و ژمارە سوارەی سەربازی بۆ (٢٠٠) سوارە زیاد بکرێن، لە (مایسی ١٨٩٢ز) دا لە نێو تیرەکانی (ڕۆغزایی و مکایەڵی) ی هۆزی جاف لەگەڵ هۆزی داودە و زەنگەنە دا ناکۆکی دروستبووە،

ناكۆكیـەكان وایكـردووە موتەسـەریفی پێشـووی كەركـووك- عەبدولوەهـاب پاشـا لەگـەڵ ژمارەیـەك فەرمانبـەر بـۆ كۆتایهێنـان بـە نـا ئارامییـەكان سـەردانی هەریـەك لـە قـەزای سـەڵاحیە و ناحیـەی كیـل بـكات (كفـری، ٢٠٢٢، ل٦٥، ٨٩)، بـارۆن ئیـدوارد نۆڵـدە Eduard von Nolde (١٨٤٩- ١٨٩٥)، گەڕیـدەی ئەڵمانـی لـە گەشـتەكەیدا ئـەو شـەڕوناكۆكیەی باسـكردووە «لەبەشـی باكـووری قەرەتەپـە كێشـەیەكی تایبـەت پەیـدا بووبـوو، هـەردوو خێڵـی زەنگەنـە و جـاف دانیشـتووی ئـەم دەوروبـەرە لـە نێـو خۆیانـدا بەشـەڕ هاتبـوون، هـەوڵ و تەقـەلای والـی كەركـووك و نوێنـەری هـەردوو خێڵـی بـێ لایەنـی هەمەوەنـد و داوودەیـی بـۆ ئاشـت كردنەوەیـان هیـچ ئەنجامـی نەبـووە«؛ بـە وتـەی ئـەو گەڕیدەییـە توانیویەتـی ئـەو دوو هـۆزە ئاشـت بكاتـەوە و ناكۆكییـەكان بڕەوێنێتـەوە (نۆڵـدە، ب٢، ٢٠٠٤، ل١٨).

لـە سـاڵی (١٨٩٢ز) دا بـارۆن ئیـدوارد نۆڵـدەی گەڕیـدەی ئەڵمانـی سـەردانی ناوچەكەیكـردووە، لـە (٥ی ئایـار) دا بەغـدادی بـەرەو كوردسـتان بەجێهێشـتووە و لـە (٩ی ئایـار) گەیشـتووەتە قەرەتەپـە، زانیارییەكـی گرنگـی لەسـەر سـنورەكە باسـكردووە «ئـەم ناوچەیـە هیـچ گومانـی لـێ ناكـرێ كـە ناوچەیەكـی كوردییـە«، سـەرەتا لـە ڕێـگای حەمرینـەوە هاتووەتـە دەڤەرەكـە، بەرزاییەكانـی حەمریـن كەوتوونەتـە نێـوان دەلـی عەبـاس- گونـدی قەرەتەپـەوە، سـەرباری بوونـی جەدرمـەی عوسـمانی لـە ڕێگاكـەدا، بـەڵام بـۆ ڕێبـوار و كاروانـەكان سـەلامەت نەبـووە، بەرزاییەكانـی حەمریـن لـە هـەردوو شـەڕی نێـوان سـاڵانی (١٨٨٦- ١٨٨٧)، نێـوان سـاڵانی (١٨٩٠- ١٨٩١)، دەوڵەتـی عوسـمانیی و هـۆزی هەمەوەنـدا، پشـتوپەنای هەمەوەنـدەكان بـووە، زۆرجـار چەكدارانـی ئـەو هـۆزە ڕێـگای بەغـدا- مووسـڵیان گرتـووە، ئـەو گەڕیدەیـە وەك پیشـەی هەمیشـەی گەڕیدەكانـی تـر هەمەوەندەكانـی بەچەتـە و ڕێگـر ناوبـردووە، وایكـردووە خـودی دەوڵـەت لەسـەر كارەكانیـان بێتەدەنـگ، لـە سـاڵی (١٨٩٠) دا لـە نزیـك داقـوق شـەڕێكی سـەخت بـە سـەرۆكایەتی جوامێـر ئاغـا و بەبەشـداری (٢٢٠٠- ٢٤٠٠) تفەنگچـی و (٢٠) هـەزار چەكـداری دەوڵـەت ڕوویـداوە و شـەڕەكە بـۆ مـاوەی سـاڵێك درێـژەی كێشـاوە، بـەڵام شـەڕەكە لـە بەرژەوەنـدی دەوڵـەت كۆتـای هاتـووە و جوامێـر ئاغا خـۆی بەدەسـتەوە نـەداوە و چووەتـە دیـوی ئێـران (نۆڵـدە، ب٢، ٢٠٠٤، ل٩- ١٠، ١٧).

سـەبارەت بـە لایەنـی كارگێڕیـی قـەزای سـەڵاحیە، لـە سـاڵی (١٣٠٧ك/ ١٨٩٠ز)دا عەبدولعەزیـز ئەفەنـدی- قائیمقـام، ئەحمـەد ئەفەنـدی- جێگـری بـووە، نـەوەت و یـەك گونـد سـەر بەقەزاكـە بـوون (عثمانیـە، ١٣٠٧، ص٤٧٧)، بـە پێـی بەڵگەنامەیـەك قائیمقامـی قەزاكـە بەهـۆی بـە هەدەردانـی پـارەوە لـە كارەكـەی دوورخراوەتـەوە، ناوبـراو

لـەو رووەوە سـكاڵای لـە دوورخسـتنەوەكەی كـردووە، هـەر بۆیـە لـە سـاڵی (١٨٩١ز)، عەبدوڵـڵا بـەگ وەك قائیمقـام خراوەتـە جێگەكـەی، ئەحمـەد ئەفەنـدی- جێگـری، ئیسـماعیل ئەفەنـدی- موفتیـی، بەڕێوەبـەری دارایـی- عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی، نووسـەری خۆیەتیـی- خـزر ئەفەنـدی، هەروەهـا قەزاكـە ئەنجومەنێكـی هەڵبژێـردراوی هەبـووە، دادگای بەرایـی بریتـی بـوون لـە (مسـتەفا ئەفەنـدی- نووسـەری یەكـەم، عەلـی ئەفەنـدی- جێگـر، لەگـەڵ ژمارەیـەك كارمەنـد و ئەندامـی تـر، لەوانـە: خەلیـل ئاغـا، ساڵـح ئەفەنـدی، هەروەهـا ژمارەیـەك پۆسـتی تـری كارگێڕیـی هەبـوون، لەوانـە: سـاقی ئاغـا- ئەوقـاف، پۆسـتە- عیـزەت ئەفەنـدی، سـەبارەت بـە ناحیەكانـی سـەر بـە قەزاكـە تەنهـا نـاوی ناحیـەی قەرەتەپـە هاتـووە، حەسـەن تەحسـین ئەفەنـدی- بەڕێوەبـەر و سـاڵح ئەفەنـدی- نووسـەری ناحیەكـە بـوون، جگـە لەوانـە لـە سـاڵنامەی موسـڵدا ئامـاژە بـە نـاوی ژمارەیـەك گونـد و شـوێن دراوە لەوانـە: زەنگئابـاد، محنەتـاوا، بیانلـو، كەشـكۆڵ، سـەیدەلان، كۆكـز، حاجیلـەر، قەرەبـڵاخ، تڵیشـان، سـەرقەڵا، ئاسـكی كفـری، كۆشـكی زەنگـی، وێرانەشـار، قـەڵای شـێروانە (شروانـە قلعەلـری) و ئیراهیـم سـەمین ... (موصـل، ١٣٠٨، ص١٢٩- ١٣٠، ١٤٢؛ كفـری، ٢٠٢٢، ل٨١).

ڤیتـاڵ كوینێتـی Vital Cuinet فەرەنسـایی لـە سـاڵی (١٨٩١ز) دا كتێبێكـی بەنـاوی (توركیـای ئاسـیەوی: جوگرافیـای كارگێڕیـی) لـە پاریـس بـە چـوار بـەرگ بڵاوكردووەتـەوە، لـە بەرگـی دووەمـی كتێبەكـەدا باسـی ویلایەتـە كوردییەكانـی دەوڵەتـی عوسـمانیی خراوەتـەڕوو، تێیـدا باسـی قـەزای سـەڵاحیە كـراوە و زانیـاری لەسـەر ناوچەكـە تۆماركـراوە، زانیارییـەكان بـەو شـێوەیە دەسـتپێكردووە «قـەزای سـەڵاحیە یـان كفـری ئـەم قەزایـە یـەك ناحیـە و (١٥٨) ئاوایـی هەیـە، سـەر لەبـەری دانیشـتوانەكەی (١٤٠٠٠) كەسـە»، هەروەهـا ئەوەیـش خراوەتـەڕوو گەورەتریـن شـارە لـە نێـوان كەركـووك و بەغـدا دا، شـارەكە گریمانـەی زۆر هەیـە لەسـەر شـوێنێكی گرنگـی كۆنـدا دروسـتكرابێت، لـە چەنـد كیلۆمەترێـك لـە باشـوورەوە، گردێكـی خۆڵـی لێیـە بەنـاوی تـەل- چاهـان Tell- Chahan، بێگومـان بـۆ رۆژگاری كـۆن گەڕاوەتـەوە، دانیشـتوانەكەی بانگەشـەی ئەوەیـان كـردووە ئـەوە شـارێكی كـۆن بـووە، لـە ناوەنـدی قەزاكـەدا (٦٥٢٨)كـەس دانیشـتوون، لـەو ژمارەیـە (٨٠)كەسـیان جـوو بـوون و ئەوانـی تـر موسـڵمان بـوون، لـە رووی كارگێڕییـەوە قەزاكـە تەنهـا ناحیـەی قەرەتەپـەی پێـوە پەیوەسـتبووە، ژمـارەی دانیشـتوانی (٧٥٠) كـەس بـوون، بـە پێـی زانیارییەكانـی ئـەو سـەرچاوەیە دانیشـتوانی ناحیەكـە هەموویـان موسـڵمانی شـیعە بـوون و بـەكاری كشـتوكاڵەوە خەریكبـوون (Cuinet، ١٨٩١، p.٨٦٤- ٨٦٥).



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی كتێب داگیراوە hewalname.com/ku

قەزاكــە لــە ســاڵی (١٣١٠ك/ ١٨٩٢ز)، پێكهاتــەی كارگێڕیــی گۆڕانــكاری ئەوتــۆی بەســەردا نەهاتــووە، جگــە لــە مســتەفا ئەفەنــدی لــە جێــگای قائیمقــام نــاوی هاتــووە، عەبدولقــادر ئەفەندیــش وەك جێگــری، پۆســتەكانی تــر وەك پێشــتر ماونەتــەوە، بــە پێــی بەڵگەیەكــی عوســمانی، جارێكــی تــر ناحیــەی دوزخورماتــوو لــە (٢٩ی شــەعبانی ١٣٠٩ك/ ٢٩ی ئــازاری ١٨٩٢ز)، بــە قــەزای ســەلاحیەوە بەســتراوەتەوە و لــە مەركــەزی لیــوای كەركــووك لــە ســەنجەقی شــارەزوور جیاكراوەتــەوە، هــەر بۆیــە لــەو ســاڵەدا مســتەفا ئەفەنــدی- بەڕێوەبــەر، مەحمــوود ئەفەنــدی- نووســەری بــووە (موصــل، ١٣١٠، ص١٨٦، ١٨٨)، لــە ســاڵی (١٨٩٢ز) دا (١٢٠) گونــد ســەر بــە قەزاكــە بــوون، ژمــارەی دانیشــتوانی ناوەنــدی قەزاكــە (٢٥٠٠) كــەس بــوون، ژمارەیــەك بینــا هەبــوون، لەوانــە بینایــەكی حوكمــی، دوو قوتابخانــە و دوو مزگــەوت، ناوچەكــە بــە نــەوت و بــاج دەوڵەمەنــد بــووە و زۆربــەی گوندنشــینەكان لــە كــورد پێكهاتــوون (MUSUL, ١٩٩٣, s٣٢).

لــە ســاڵنامەی موســڵی ســاڵی (١٣١٢ك/ ١٨٩٤ز) دا گەلێــك زانیــاری بەبایەخــی مێــژووی لەســەر ناوچەكــە تێدایــە، لــە ڕووی پێكهاتــەی نەتەوەییــەوە هەریــەك لــە كــورد، توركــمان و عــەرەب پێكەوەژیــاون، كاربەدەســتانی دەوڵــەت بریتــی بــوون لــە: قائیمقامــی قەزاكــە- وەلیدەدیــن ئەفەنــدی، عــارف حیكمــەت ئەفەنــدی- جێگــر، ئیســماعیل ئەفەنــدی- موفتــی، بەڕێوەبــەری دارایــی- محەمــەد ئەفەنــدی، نووســەری خۆیەتــی- خــزر ئەفەنــدی، وەك دەركەتــووە لــەو ســاڵەدا چەنــد فەرمانگەیەكــی گرنگــی خزمەتگــوزاری لــە قەزاكــەدا بــۆ ڕاییكردنــی ئیشــوكاری هاوڵاتیــان دامــەزراون، لەوانــە: رەگەزنامــە فەرمانبەرێــك (نفــوس مأمــوری)، بەنــاوی مبــارك ئەفەنــدی، لەگــەڵ نووســەرێك بەنــاوی عەلــی ئەفەندیــی بــۆ دامــەزراوە، هەروەهــا فەرمانگــەی شــارەوانی (بلدیــە دائرەســی) ئیشــوكارە خزمەتگوزارییەكانــی ڕاپەڕانــدووە و ســەرۆكەكەی- ئەمیــن ئەفەنــدی بــووە، جگــە لەوەیــش هەریــەك لــە (یوزباشــی حەســەن ئاغــا، مــلازم ئەمیــن ئاغــا و مــلازم تۆفیــق ئەفەنــدی)وەك فەرمانبــەری ئیشــوكاری ناوخــۆ (ضابطــە مأمــوری) ناویــان هاتــووە، هەریــەك لــە عەلــی بــەگ- وەك بەڕێوەبــەری ناحیــەی دوزخورماتــوو، ئەحمــەد ئەفەنــدی- وەك بەڕێوەبــەری قەرەتەپــە خزمەتیانكــردووە، قەزاكــە بــە پیــادە (٢٤) كاتژمێــر لــە كەركووكــەوە دوور بــووە، لــە ڕووی پێكهاتــەی بینــا و بــازاڕەوە، لەناوەنــدی قەزاكــەدا ژمــارەی پێویســت هەبــوون، لەوانــە: بینــای حكومــی- یــەك، قشــڵە- یــەك، مزگــەوت- دوو، قوتابخانــە- دوو، تەكیــە- دوو، قوتابخانــەی روشــدیە- یــەك، قوتابخانــەی ســیپان- دوو، قاوەخانــە- نــۆ، دوكان- شــەش ســەدوحەفتاوپێنج، غومچــی- شــەش، گەرمــاو- دوو، ئــاش- ســی پێنــج، پۆســتە- یــەك دانــە بــوون، شــاكەل و شــێروانە وەك دوو ناوچــەی ســنوری لەگــەڵ ئێــران ناویــان هاتــووە (موصــل، ١٣١٢، ص١٦٩- ١٧١).

لە ساڵی (١٨٩٥ز) دا سەڵاحیە قەزایەکی ڕێکوپێکی بنیادنراوی خاوەنی ئاووهەوایەکی پاکوخاوێن بووە، بە پێی بیرەوەرییەکانی مێژوونوسی کورد- محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠- ١٩٤٨ز)، کاتێك لە سلێمانییەوە بە مەبەستی خوێندن بۆ بەغداد چووە بە ناوچکە و قەزاکەدا تێپەڕیووە، لە ڕێگای سەنگاوەوە هاتووەتە خانی ئیبراهیم خانچی لە ناوچەی زەنگەنە، ئەو خانە نزیکەی (١٠- ١١) کاتژمێر لە سەڵاحیەوە دوور بووە، ڕێگاوبانی ناوچەکە تاڕادەیەك بۆ هاتوچۆ گونجاو نەبووە، بە تایبەت ڕێگری زۆر لە گوندەکان بەدیکراوە و زۆر تر پێداوستیەکانی وەك (شەکروچای و توتن) یان لە ڕێبواران وەرگرتووە، بەهۆی بوونی پاسەوان بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕیگاوبانەکان هەندێکجار سەفەرەکان سەلامەتتر بوون، بە پێی بیرەوەرییەکانی ئەو مێژوونوسە لە قەزاکەدا ژمارەیەك بینا هەبوون، لەوانە: دووحەمام، (٤- ٥)مزگەوت، بازاڕێکی گونجاو، (٤- ٥)قاوەخانە و ژمارەیەك لە خان و ئوتێل(مسافرخانە)، جگە لەوەش دەوروبەری قەزاکە باخی زۆری تێدابووە، لای سەرەوەشی گردی(باوەشاسوار) بەتەنیشتیدا چەمی(قوشەچاپان) تێپەڕیووە و ڕژاوەتە ڕووباری دیالەوە، دانیشتوانی ناوچەکەکە موسڵمان و شانبەشانی ئەوانیش ماڵی جوولەکەی تێدابووە، خەڵکەکە بە زمانەکانی تورکی، عەرەبی و کوردی دواون (زکی بك، ٢٠٠٩، ص٢٤١- ٢٤٢)، لە ساڵی (١٨٩٨ز) دا ئێدوارد فایفەری **Eduard Pfeiffer** ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا (سەنجەقی سلێمانی **Das Sandschak Suleimania**)، قەزاکەی بە ڕێگای پێکەوە بەستراوی نێوان بەغداد و شارەزوور ناوبردووە، کاتێك گەشتیارەکان لە بەغدادەوە بە کفری گەیشتوون بە دوو ڕیگادا توانیویانە بگەنە شارەزوور، ئەویش بە ڕیگای ئیبراهیم خانچی- سەگرمە، ئەوی تریان لە ڕیگای قەرەداغەوە تا ڕادەیەك دوور تر بووە لە چاو ڕیگاکەی تردا، هەروەها قەزاکە لە ڕێگایەکی ترەوە بە کەناری گردۆڵکەکانی حەمرین بە درێژای چەمی نارین بۆ زانگئاباد توانراوە بە بەغدادەوە پەیوەست بێت (**Pfeiffer, ١٨٩٨, p.١٩**).

جۆن گۆردۆن لۆریمەر (١٨٧٠- ١٩١٤)، دیپلۆماتکار و مێژوونووسی بەریتانیی لە ساڵی (١٩١٠ز) سەردانی ناوچەکەی کردووە، پاشتر گەشتەکەی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (ڕاپۆرتی گەشتێك بۆ ناوچە عەرەبییەکانی تورکیا و کوردستان نیسان- ئایاری ١٩١٠ **REPORT ON A TOUR IN TURKISH ARABIA AND KURDISTAN APRIL-MAY** ١٩١٠), چاپکراوە، لە (١٩ی نیسانی ١٩١٠)، لە زەنگئابادەوە بەرەو کفری (سەڵاحیە) چووە، لە ڕێگادا مەزاری ئیبراهیم سەمینیان بینیووە، لێرەوە تا گەیشتوونەتە سەڵاحیە، بە ژمارەیەك گوندا گوزەرییان کردووە، ناو و ژمارەی ماڵەکانی تۆمارکردووە و ناوی هەندێك گوندی بە هەڵە ناو بردووە،

لەوانــە گوندەکانــی: تەپەعەلــی چــل ماڵــی کوردانــی زەنگەنــە، گوندێکــی سی ماڵــی عەرەبنشــین، زەرداو ســەد و بیســت ماڵــی زەنگەنــە، تلّیشــان چــل ماڵــی کوردانــی زەنگەنــە، تاینــا شــەمە **Tainashimah** شەســت بــۆ حەفتــا مــاڵ بــووە، ڕەحــم مارکــە **Rahammarkah** مەبەســت گونــدی ڕەحــم وەرەقــە ســەد ماڵــی زەنگەنــەی لــێ بــووە (**LORIMER, ١٩١٣, ٤.P**).

بــە پێــی زانیارییەکانــی نێــو ئــەو ڕاپۆرتــەی ســەرەوە، قائیمقامــی کفــری (ســەڵاحیە) لــەو دەمــەدا محەمــەد عەلــی بــرای مەحمــوود پاشــای ســەرۆکی هــۆزی جــاف بــووە، قەزاکــە لــە نزیکــەی (٨٠٠) خانــوو پێکهاتــووە؛ بازاڕێکــی باشــی نزیکــەی (٨٠) دوکانــی هەبــووە، لــە ناســاڵح (کانــی خەڵــووز **the Nasalah coal**) هەبــووە، گونــدی ناســاڵح چــل ماڵــی کــوردی جافــی تێــدا نیشــتەجێبووە، هەروەهــا لــەو ڕاپۆرتــەدا زانیــاری و داتــای ووردی لەســەر ژمــارەی ســوارەی هۆزەکانــی ســنورەکە تێیــدا خراوتــەڕوو، بــە شــێوەیەك کوردانــی هــۆزی باجــەڵان، تــا خانەقیــن، (١٥٠) ســوارە، کوردانــی زەنگئابــاد بــە (٢٧٠) ســوار دانــراون، (٢٠٠) کەســیان زەنــد بــوون، کوردانــی جافــی ســەڵاحیە، بــە گەرمیــان و کوێســتانکردنەوە خەریــك بــوون، بــە شــێکیان لــە دەوڵەتــی عوســمانیی و بەشــێکی تریــان لەووڵاتــی ئێرانــدا بــوون، ووتــراوە جەفەکانــی دەوڵەتــی عوســمانیی ژمارەیــان کەمتــر بــووە، بــەڵام هێشــتا خاوەنــی (٣٠٠٠) پیــاوی ســوار بــوون، ئەمــە ڕەنگــە زیــادەڕەوی تێــدا کرابێــت، لــە بنەماڵــەی بابــان، مەجیــد پاشــا، خــاوەن زەوی بابانــزادە، هەروەهــا ئیســماعیل حەقــی بــەگ، سیاســەتمەداری نــاودار بــووە (**LORIMER, ١٩١٣, ٤.P -٥**).

ولایەتــی موســڵ لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتدا، لــە ســاڵی (١٣٣٠ك/ ١٩١٢ز) دا پێکهاتەیەکــی کارگێڕیــی ڕێکوپێکــی هەبــووە و یەکــە کارگێڕییــەکان باشــتر دامەزراوەتــەوە، ولایەتەکــە لــە هەرســێ ســەنجەقی (موســڵ، ســلێمانی و کەرکــووك) پێکهاتــووە، ســەنجەقی (لیــوا) کەرکــووك هەریــەك لــە قەزاکانــی (کەرکــووك، ڕەوانــدوز، کۆیــە، ڕانیــە، هەولێــر و ســەڵاحیە)ی لــە خۆگرتــووە، قــەزای ســەڵاحیەیش لــە دوو ناحیــە (قەرەتەپــە، دوزخورماتــوو)، لەگــەڵ (١٥٦) گونــد پێکهاتــووە **OSMANLI, ٢٠١٢, ١٦s- ١٧, ٢٥**))، بەرپرســانی ناوچەکــە بریتیبــوون لــە هەریــەك لــە: قائیمقــام- عاســم بــەگ، جێگــر- شــێخ ســاڵح ئەفەنــدی، موفتــی- محەمــەد ســەعید ئەفەنــدی، بەڕێوەبــەری دارایــی- ســاڵح بــەگ، نووســەری خۆیەتــی- خــزر ئەفەنــدی، قەزاکــە ئەنجومەنێکــی بەڕێوەبردنــی هەبــووە بەشــێکیان هەڵبژێــردراون، هەریــەك لــە (محەمــەد نافیــع ئەفەنــدی- مامۆســتای یەکەمــی ڕوشــدیە، محەمــەد ئەفەنــدی- مامۆســتای دووەمــی ڕوشــدیە) ناویــان وەك مامۆســتایانی ڕوشــدیە هاتــووە وانەیــان بــە

(١٩) قوتابــی وتووەتــەووە، هەریــەك لــە (بەهادیــن ئەفەنــدی- مامۆســتای یەكەمــی ســەرەتای «مكتــب ابتدائــی»، خەلیــل ئەفەنــدی- مامۆســتای دووەمــی ســەرەتای) ناویــان وەك مامۆســتایانی ئیبتیدائــی هاتــووە وانەیــان بــە (١٤٦)قوتابــی وتووەتــەووە (موصــل، ١٣٣٠، ص٢٦٧، ٢٦٩).





زانیــاری و داتــاكان ســەبارەت بــە قەزاكــە لــە ســاڵنامەی مووســڵی (١٣٣٠ك/ ١٩١٢ز) دا لــە زۆر بــواردا خراوەتــەڕوو، لــە ڕووی پێگــەی كارگێڕیــی و جوگرافیاییــەوە ئــەوە هاتــووە: قــەزای ســەڵاحیە كەوتووەتــە بەشــی باشــووری ڕۆژهەڵاتــی لیواكــە و لەگــەڵ ســلێمانی و بەغــدا هاوســنوورە، شــارۆچكەی (ســەڵاحیە)ی مەڵبەنــدی قەزاكــە كەوتووەتــە دووریــی بیســتوپێنج كاتژمێــر لــە ناوەنــدی لیــوا لەدامێنــی شــاخی شاســوار، لــەلای باشــوور و ڕۆژئــاواوە دەشــتێكی فــراوان بیــنراوە. هاوینــان پلــەی گەرمیەكــەی كەمێــك زیــاد دەبێــت، هەرچەنــدە پلەكــەی دەگاتــە (٤٤) ســانتیگراد .بــەڵام هەواكــەی خۆشــە، هەروەهــا لــە ڕووی ڕێــڕەوی ئــاوی و زەویــوزارەوە، ئــەوە هاتــووە كەوتووەتــە نێــو حــەوزی ڕووبــاری (ئەدهــەم و دیالــە)، بــە گشــتی كەوتووەتــە ســەر زەویەكــی ســادە، بــەڵام لــە هەنــدێ شــوێندا چیــا و گــردی بچوكــی هەیــە و ڕێڕەوەكانــی ڕووباریــش زەویەكانــی قەزاكــە دابــەش دەكەنــە ســەر ژمارەیــەك پارچــە زەوی، هەریــەك لــە قەرەتەپــە و دووزخورماتــوو كەوتووەتــە ســەر پارچەیــەك زەوی ســەربەخۆ، تەنانــەت ئــەو زەویانەشــی ڕاســتەوخۆ بــە قەزاكــەوە نووســاون وەك: بەیــات، ئاســكی كفــری، ســەرقەڵا، شــاكەل، شــێروانە، كــهار، قەرەبوڵاقلــەر، زەنگئابــاد و میحنەتئابــاد دابــەش بوونەتەســەر چەنــد پارچەیــەك. زۆربــەی ناوچــە ناوبــراوەكان لەڕێــگای كەناڵــی دەســتكرد و سروشــتیی ئــاوی ڕووبــارەكان و هەندێكیشــیان بــە ئــاوی بیــر ئاودێــری كــراون (موصــل، ١٣٣٠، ص٢٧٠، ٢٧١).

كەرتــی كشــتوكاڵ بایەخــی زۆری لــە ســاڵنامەكەدا هەبــووە، بەگشــتی زەویەكانــی ناوچەكــە توانــای كشــتوكاڵیان هەبــووە و توانــراوە هەمــوو جــۆرە بەرهەمێــك پێبگەیەنــن، بــەڵام بەهــۆی ئــەوەی تــا ئــەو دەمــە شــێوازی كۆنــی كشــتوكاڵ پەیڕەوكــراوە، هەروەهــا بــە ئەنــدازەی پێویســتیش دانیشــتوانی نەبــووە، بۆیــە وەك پێویســت ســوود لــە پیتوبەرەكەتــی سروشــتیی ناوچەكــە وەرنەگیــراوە، قەزاكــە لــە نــاوەوە و دەرەوە بــاخ و باخچەیەكــی زۆری هەبــووە، لــە ناوچەكانــی (ســەرقەڵا، قوشــە چایــان) كانــی هەڵقــوڵاون و لــە ســەرەوەی شــارۆچكەكە لــە جۆگــەی كفــری بەیــەك گەیشــتون، كەناڵــە ئاویــەكان بــاخ و بێســتانەكانیان ئاودێــری كــردووە، لــە باخەكانــدا داری بــەرداری جۆراوجــۆر هەبــوون، بــەڵام زۆربەیــان خورمــا، لیمــۆی تــرش و شــیرین، پرتەقــاڵ و لالەنگــی بــوون، ئەمــە جگــە لــە جۆرەكانــی بەروبومــی ســەوزەی زۆر بەتــام هەبــوون، بــە گشــتی بەروبوومەكانــی

قەزاکـە بریتـی بوونـە لـە: گەنـم، جـۆ، برنـج، کونجـی، هـەرزن، تووتـن، نـۆك، نیسـك، مـاش، گەنمەشــامی، پەمــو و کەتــان، هەریــەك لــە بەروبومەکانــی (گەنــم، برنــج و پەمــۆ) کـەی هـەم زۆر و هـەم کوالێتیـان بـەرز بـووە و بـە ڕێژەیەکـی زۆر بـۆ بەغـدا نێـردراون، بەهــۆی ئــەوەی ترێــی باخەکانــی قەرەتەپــە زۆر بەتــام بــوون خواســت لەســەریان زۆر بــووە و بــەرەو بەغــدا بــراون (موصـل، ١٣٣٠، ص٢٧٠- ٢٧٣).

ســەبارەت بــە زمــان و پێکهاتــەی نەتــەوەی ناوچەکــە و قەزاکــە نــووسراوە: «دانیشــتوانی قەزاکــە بــە تــەواوی لــە عەشــیرەتەکانی عــەرەب و کــورد پێکدێــن، هەمووشــیان بــە کشــتوکاڵ و جووتیاریــەوە خەریکــن و ژمارەیــەك تورکیشــی تێدایــە، ئەندازەیــەك جوولەکەشــی لێیــە، هەرچەنــدە زمانــی ناوچەکــە تورکیــە، بــەڵام زۆربــەی خەڵکەکــە کــوردی و عەرەبیــش دەزانــن»، لــە ڕووی بازرگانیــی و پیشــەگەریی و ڕێگاوبانــەوە، بەهــۆی ئــەوەی شــارۆچکەکە لەســەر ڕێــگای پۆســتەی ئیســتەنبوڵ- بەغـدا هەڵکەوتــووە، هەروەهــا ڕێگایەکــە بــۆ گەیشــتنی کەرکــووك و ســلێمانی بەبەغــدا، بازرگانییەکــەی فراوانــە، ســەبارەت بــە پیشەســازییەکەی ســنووردار بــووە و تەنهــا ئــەو پیشــەگەرانەی تێــدا بــووە کەپێداویســتییەکانی ناوچەکەیــان دابیــن کــردووە، وەك: جــۆڵا، ئاســنگەر، دارتــاش و تەلارســاز، بــە پشــت بەســتن بــەوە هەندێــك لــە خەڵکەکــە بــە بازرگانیــی و کشــتوکاڵ و بەشــێکی کەمیشــی بــە پیشــەگەرییەوە گوزەرانیــان دابینکــردووە، هــەر لــە ســاڵنامەکەدا تیشــکخراوەتە ســەر کانزاکانــی ناوچەکــە، بــە شــێوەیەك لــە نزیــك شــارۆچکەکەدا کانــزای خەڵــوز هەبــووە و داهاتــی ســاڵانەی گەیشــتووەتە (١٠٠) هــەزار ئۆقیــە، لــە لایەنــی میرییــەوە بەڕێوەبــراوە و دەرهێــنراوە (موصـل، ١٣٣٠، ص٢٧٠- ٢٧١).

لــە ڕووی کارگێڕییــەوە ســاڵنامەکە زانیــاری و داتــای وردی تێــدا تۆمــار کــراوە، بــە شــێوەیەك قـەزای سـەڵاحیە لـە (١٥٦) گونـد پێکهاتـووە، (٩١) گونـدی سـەر بـە ناوەنـدی شــارۆچکەکە، (٥٣) گونــدی ســەر بــە ناحیــەی قەرەتەپــە بــوون، (١٢) گونــدی تریــش ســەر بــە ناحیــەی دووزخورماتــوون، لــە ڕووی کەرتــی خانووبــەرەوە، نــووسراوە: بینــاکان هەندێکجــار بــە تــەواوی و هەندێکجاریــش بــە نیــوە لــە بــەرد دروســتکراون و هەندێــك بینــای قوڕیشــی هەبــووە. بازاڕەکــەی بــە تــەواوی لــە بــەردە و پشتەکەشــی بــە تــاق داخــراوە، بینــاکان بــۆ هــەردوو جــۆری تایبــەت و حکومەتــی (گشــتی) و خێرخوازییــەکان دابەشــکراون، بــە پێــی داتــاکان لــەم ڕووە زانیارییــەکان بــەو شــێوەیە هاتــوون، دامــەزراوەی خێرخوازیــی و حکومەتــی (گشــتی) ژمارەییــان (١٥) دانــە بــوون، بریتــی بــوون لــە (مزگــەوت- ٣، تەکیــە- ٢، قوتابخانــە- ٢، حەورا)«کەنیســەی جوولەکــە»- ١، مەکتەبــی ڕوشــدی- ١، مەکتەبــی ســیپان- ٣، کۆشــکی حکومــەت- ١، قشــڵە- ١، بەڕێوەبەرایەتــی

مووڵکـی میریـی- ١)، هـەر بـە پێـی زانیارییەکاتـی نێـو سـاڵنامەکە شـوێنی تایبـەت و بازرگانیـی و هیدیکـە ژمارەیـان (١١٢٦) دانـە بـوون، بریتـی بوونـە لە(مـاڵ- ١٠٨٨، خـان- ٤، قاوەخانـە- ٩، دوکان- ٦٧٥، بۆیەخانە«خومچـی»- ٦، حەمـام- ٢، ئـاش- ٣٥، باخچـە- ٣٢، کێڵگـە- ٢٧٥) (موصـل، ١٣٣٠، ص٢٧١- ٢٧٣)، بـەر لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی واتـا لـە سـاڵی (١٩١٤ز)دا پێکهاتـەی کارگێڕیـی قـەزای سـەڵاحیە وەك یەکێـك لـە قەزاکانـی سـەنجەقی کەرکـوك لـە لیـوای مووسـڵدا بریتـی بـوون لـە: قائیمقـام- ئەمیـن بـەگ، قـازی- ئەحمـەد عزەدیـن ئەفەنـدی، موفتـی- محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی، بەڕێوەبـەری پۆسـتە- عەبدولقـادر حیشـمت (عثمانیـە، ١٣٣٣- ١٣٣٤، ص٧٠١).



## تـەوەری دووەم: ناوچـەی شـێروانە (کـەلار) لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٧٠- ١٩١٤ز)



بـە هـۆی هێڵـی بـە ڕیەککەوتنـی سـنورەکە، شەڕوشـۆڕی نێـوان هـەردوو دەوڵـەتی عوسـمانیی لـە لایـەک و شەڕوشـۆڕی نێـوان هـۆزەکانی ناوچەکـە بـە تایبـەتی لـە لایەکـی تـرەوە، ناوچـەی شـێروانە لـە ڕووی نیشـتەجێبوونەوە بـەردەوام گـۆڕانی بەسـەردا هاتـووە و تـووشی کاولـکاری و وێـرانی بـووە، هـەر بۆیـە بە پێـی یـادەوەری لۆکاڵـی خەڵکی سنورەکە و هەندێـک سـەرچاوەی هاوچەرخـی مێژوویـی، گونـدی کـەلاری کـۆن (ئێسـتا یەکێکـە لـە گەڕەکـە دێرینەکانـی قـەزای کـەلار)، جارێکیـتر ئاوەدانکردنـەوەی بـۆ نێـوان سـاڵانی (١٨٦٥- ١٨٧٠ز) بـۆ بنەماڵـەی (عەبـاس جەلیـل کولـی) لـە هـۆزی گێـژ گەڕاوەتـەوە، بـەڵام لـە هیـچ بەڵگەنامەیەکـی فەرمـی دەوڵـەت و بیـرەوەری و سـەرچاوەی کەسـانی بیانـی هاتوونەتـە ناوچەکـە نـاوی (کـەلار) بەرچـاو نەکەوتـووە و نـاوی (شـێروانە) بەکارهاتـووە، چونکـە وەک پێشـتر ئامـاژەی بۆکـراوە، نـاوی (گونـدی شـێروانە)، لـە ناوچەکـەدا بـە ڕوونی لەلایـەن محەمـەد خورشـید پاشـا وەک نوێنـەری دەوڵـەتی عوسـمانی لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٤٨- ١٨٥٢ز)دا سـەردانی ناوچەکـەی کـردووە، لـە ڕاپۆرتەکەیـدا (رحلـة الحـدود بـین الدولـة العثمانیـة و إیـران) هاتـووە (باشـا، ٢٠٠٩، ص١٩٠)، هەروەهـا لـە سـاڵنامەی ولایەتـی بەغـداد لەسـاڵی (١٨٧٥ز)دا لـە باسـی سـەرچاوەی ئـاوی و ڕووبارەکانـدا، کاتێـك باسـی ڕووبـاری دیالـەی کـردووە بـە ڕوونـی نـاوی زەوییەکانـی شـێروانە (شـیروانە اراضیلرینـی) وەك ناوچەیەکـی ئـاوەدان و کشـتوکاڵی سـەر بـە سـەڵاحیە بـردووە (بغـداد، ١٢٩٢، ص١٥١).

شـێروانە وەک گوندێکـی ئـاوەدانی سـەر بـە کفـری (سـەڵاحیە)، لێـرە بـە دواوە، ڕۆڵـی زیاتـر لەسـەر ڕووداوەکان دەرکەوتـووە، هـۆزی جـاف زۆر تـر ڕوویـان لـە ناوچەکـە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کـردووە و هەوڵـی مانەوەیـان داوە بـە جۆرێـك بتوانـن نیشـتەجێ بـبن (کەریـم، ٢٠١٢، ل١٠٣)، لـە پـاش نەمـانی دەسـەڵاتی میرنشـینی بابـان لـە لایـەن دەوڵـەتی عوسـمانییەوە چەندیـن نازنـاوی وەکـو (پاشـا و بـەگ) بـە سـەرۆکی عەشـیرەتەکان بـۆ ئـەوەی بەخۆیانـەوە پەیوەسـتیان بکـەن بەتایبـەت بـە سـەرۆکەکانی هـۆزی جـاف بەخـشراوە، لەوانەیـش حەمەبـەگ دەسـەڵاتی بەسـەر زۆرینـەی هۆزەکەیـدا لەناوچـەی شـێروانەدا ڕۆیشـتووە (نـوار، ١٩٦٨، ص١٢١)، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەدا جاف لەلایـەن سـێ کەسـەوە سـەرۆکایەتی کـراون، ئەوانیـش: محەمـەد بەگـی کەیخـسرەو بـەگ، محەمـەد بەگـی قـادر بـەگ و محەمـەد بەگـی ئەحمـەد بـەگ، محەمـەد بەگـی کەیخـسرەو بـەگ (حەمـە پاشـای جـاف) لـە هەموویـان زیاتـر دەسـەڵاتی هەبـووە (کەریـم، ٢٠١٢، ل١٠٣).

لـە سـاڵی (١٨٧٣ز) دا لـە سـەردەمی ڕەوف بـەگ- والی بەغـداد توانـراوە چەنـد هۆزێـك نیشـتەجێ بکرێـن، یـەك لەوانـە (هـۆزی جـاف) بـووە، بـە زۆری ڕوویـان لـە ناوچەکـە کـردووە، لـە سـاڵی (١٨٧٣ز) دا لـە دەوڵـەتی عوسـمانیی ژمارەیـەك کـەس لـە هـۆزی جاف و دەستڕۆیشـتی ناوچـەی شـێروانە پلەوپۆسـتیان هەبـووە، لەوانـە: حەمەپاشـا ئـەو دەمـە قائیمقامـی گوڵعەنبـەر (هەڵەبجە)بـووە، مەحمـود بەگـی حەمەپاشـا لەپـاش مـردنی بـاوکی نازنـاوی (پاشـا)ی وەرگرتـووە، هەروەهـا ژمارەیـەك کەسـایەتی تـری جـاف پلەوپۆسـتیان پێـدراوە، وەک (بـارام بـەگ، قـادر بـەگ...) (العـزاوی، ١٩٥٦، ص١٩- ٢٠)، لـە (ڕەبیعـی یەکەمـی ١٢٩٠ك/ ئایـاری ١٨٧٣ز) دا بەهـۆی هەوڵـدانی حەمەپاشـای جـاف بـۆ نیشـتەجێکردنی هۆزەکـەی پلەکـەی بوەتـە مـیری مـیران و بووەتـە ئەندامـی ئەنجومـەنی کارگێـڕی ولایـەت (سـلێمانی، ب٨، ٢٠١٩، ل٥٣)، لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٦٦- ١٨٧٤ز) دا هاتووەتـە کـەلار لـە (قـەڵای شـێروانەدا) دانیشـتووە (جـاف، ٢٠١٣، ل٨٤٧)، لـە سـەردەمی ئـەو سـەرۆکەیاندا جافـەکان بـە سـەربەخۆی ژیـاون، حەمەپاشـا جگـە لـە کاروبـاری سـیاسی، لـە ماڵەکـەی خۆیـدا لـە قـەڵای شـێروانە میوانـداری شـاعیر و ئەدیبـانی کـردووە و کـۆڕی شـیعریان بەسـتووە و لـەو مەیدانـەدا کێبەڕکیـان کـردووە (جـاف، ٢٠١٠، ل١٢٩).

لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٧٤- ١٨٧٧ز) دا مەحمودپاشـای کـوڕی حەمەپاشـا (١٨٤٦- ١٩٢١ز)، لـە (٩کـم) لـە باکـووری ڕۆژهـەڵاتی کـەلار (نزیـک گونـدی تازەدێـی ئێسـتا) هەوارێکـی بنیادنـاوە بـە هـەواری کانی چەقـەڵ (قـەڵای پاشـا) نـاسراوە و بەناوبانگـە، بـەڵام لەسـاڵی (٢٠١٠ز)دا لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی شـوێنەواری گەرمیـان بەفەرمـی بـە (کۆشـکی مەحمودپاشـای جـاف) ناسـێنراوە، کۆشـکەکە لـە ڕووی بیناسـازییەوە لـە بەشـێکی

سـەرەکی و دوو بـەشی لاوەکی پێکدێـت، زیاتـر لـە کاروانسـەرا دەچێـت بەهـۆی ئـەو تایبەتمەندیانـەی تێیدایـە، ئـەو کۆشـکە چەندیـن بەشـی لـە خۆگرتـووە، وەك (دیوەخـان، چەنـد ژوورێـک، پێشـوازی و تەویلەخانـە) (گەرمیـان، ٢٠١٤، ل١١؛ کەریـم، ٢٠١٤، ل٥٠-٥٥)، بەهـۆی زیادبـوون و پەرەسـەندی دەسـەڵاتی سـەرۆکەکانی جافـەوە، نێوانیـان لەگـەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵـەت زۆرجـار گـرژی تێکەوتـووە، لەپـاش گرژبـوونی پەیوەندییـەکانی نێـوانی حەمەپاشـای جـاف لەگـەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی عوسـمانیی، مەحمـود پاشـای کـوڕی چەنـد جارێـك هەوڵـی داوە بـاوکی بـۆ خـاکی عوسـمانی بگەڕێنێتـەوە، ئەوەیـش پـاش ئـەوەی رووی لـە ئێـران کردبـوو، لـە سـاڵی (١٨٧٧ز) دا والی بەغـداد دێتـە کانی چەقـەڵ بـە مەبەسـتی دانوسـان بـۆ گەڕانـەوەی حەمەپاشـای جـاف، مەحمـود پاشـا لـە کۆشـکە تازەکـەی پێشـوازی لـە والی کـردووە (کەریـم، ٢٠١٤، ل٥٤).





حەمەپاشـای جـاف، شـەش سـاڵ لـە قـەڵای شـێروانەدا ماوەتـەوە (نەریمـان، ١٩٨٩، ل٥)، هـۆزی جـاف لـە کاتی هـەوار گۆڕینـی هاویـن و زسـتانەدا، لـە وەرزی زسـتاندا لـە دەشـتی شـێروانە و شـاکەلدا هەواریـان خسـتووە «تـا چـاو بـڕی کـردووە رەشـماڵی جـاف بـە دەوری قـەڵای شـێروانەدا بـووە« (جـاف، ٢٠١٣، ل٨٧٣)، لـە سـاڵی (١٨٨١ز) دا حەمەپاشـای جـاف گەڕاوەتـەوە گەرمیـان لـە ناوچـەی کفریـدا لـە کاتی راوشـکاردا لـە دەشـتی برایـم سـەمین بـە دەسـتی چەنـد کەسـێکی کەریـم وەیـسی لـە (تـیرەی شـاتری) لـە هـۆزی جـاف کـوژراوە، ئەوەیـش پـاش ئـەوەی سـەرۆکەکەیان (عەزیـز شـاوەیس) لەلایـەن حەمەپاشـاوە بەندکـراوە لـە زینـدان گیانـی لەدەسـتداوە و بـە گومـانی ئـەوەی دەرمانخـوارد کـراوە (زەکی بـەگ، ٢٠٠٥، ل٢٠٦)، پـاش کـوژرانی حەمـە پاشـا، سـەید موحسـن ئاغـا- سـەرۆکی سـەیدەکانی کفـری بـە هـاوکاری سـەیدەکان، تەرمـی پاشـایان بردووەتـە گۆڕسـتانی (سـەید خەلیـل) و بـە خـاک سـپێردراوە (عـلی، ٢٠٢٢، ل١٠٢)، بـە کـوژرانی حەمەپاشـای جـاف شـەڕوئاژاوە ناوچەکـەی گرتووەتـەوە بـە تایبـەت هەڵهاتنـی شـاترییەکان بـۆ لای هەمەوەنـدەکان، پـاش چـونی شـاترییەکان، شـەڕێك لەنێـوان جـاف و هەمەوەندییـەکان لـە ناوچـەی گل لەنزیـك قـادر کـەرەم روویـداوە، لـە ناکۆکیەکانـدا عوسـمانییەکان پشـتیوانی جافیـان لـە دژی هەمەوەندییـەکان کـردووە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە والی بەغـدا تەقـی پاشـا (١٨٨٠- ١٨٨٧ز) سـوپایەکی ناردووەتـە ناوچەکـە، بـەڵام بەهـۆی چـوونی هەمەوەنـد و شـاترییەکان بـۆ ناوچـەی زەهـاو لەئێـران هێچیـان پێنەکـراوە (کەریـم،٢٠١٢، ل٢٢٠- ٢٢١).

بـە پێـی راپۆرتێکـی نهێنـی لەژێـر نـاوی (تێبینێکانـی گەشـتێك بەنـاو کوردسـتاندا لەزسـتانی ١٨٨١- ١٨٨٢ NOTES OF A JOURNEY THROUGH KURDISTAN IN THE WINTER Of ١٨٨١-٨٢)، لەلایـەن ئیـم. جـی. جێـرـاردی سـەرهەنگی

ئینگلیزەوە نووسراوە، لە(١٣ی نیسانی ١٨٨٢ز)دا هاتووەتە سنورەکە، زانیاری سەرەنجڕاکێشی تێدا تۆمارکراوە بۆ یەکەمینجارە بەزمانی کوردی بڵاوئەکرێتەوە، ئەوەی تێدا نووسراوە «لەو دیوی رووباری دیالە جافی لێنیشتەجێیە، هەواڵی کوژرانی محەمەدپاشا- سەرۆکی جاف، لەلایەن ئامۆزایەکی گەنجیەوە بەناوی عەزیز بەگ، ساڵانێک لەمەوبەر باوکی کوشتبوو بڵاوکراوەتەوە«، سەرسوڕمانی هەواڵەکە لەوەدابووە شەو لە ئۆردۆکەیدا لە (١٦) شوێن چەقۆی لێدراوە و کەلوپەلەکانیان تاڵانکردووە، کوڕەکەی محەمەدپاشا لە گوڵعەنبەر هێرشی کردووەتە سەر خاکی عەزیز بەگ و (٢٥)کەسی لێکوشتوون، لەوانیش (١٥) کەس کوژراوە، هەردوولا خۆیان بۆ شەڕی زیاتر ئامادەکردووە و فیرقەی عەزیز بەگ لەچاو ئەوانی تردا لاواز تر، بەڵام دەوڵەمە بوون .(GERARD, ١٨٨٣, ٤٧.P)

فرانسیس ریچارد مانسێل، شوێنەوارناس و کارمەندی هەواڵگیری بەریتانی، لە(٨ی ئایاری ١٨٨٨ز)، هاتووەتە سنورەکە، ئاراستەی گشتی بەرەو باکووری رۆژئاوا، لەگوندی (مەرکەز **Murkus**) ەوە بەرەو رووباری دیالە (سیروان) هاتوون، بە دووری (٧٤) میل گەیشتووەنەتە ساڵحی (**Salahi**)، گوندێکی گەورە بووە، هەر لەسەر رێگایاندا بەرەو ئاراستەی رووباری دیالە (سیروان)، ناوی ژمارەیەك گوندی تری بردووە، لەوانە: شێخ سەعید **Shaikh Said**، حەمەرلا **Hamrala**، باگیلان **Bagilan**، گوندەکان بە چەند باخێکی میوە دەورە درابوون، لە نزیکەی شەش میلەوە، ژمارەیەك تاوەری (قولە) چاودێری بەرزیان بینیووە، هەروەها هەندێک گۆڕستان و شوێنەواری گوندە وێرانبووەکانیان بینیووە، خانووی گوندەکان لە خشت دروستکرابوون، ناوچەکە بەدەست هێرشبەرانی هەمەوەند زۆر زەرەرمەند بوون، لەگوندەکاندا زۆر ماڵی وێران بوون، بۆ نموونە گوندی شێخ سەعید نیوەی وێران بووە، لەکاتی نزیکبوونەوەیان لە رووباری دیالە (سیروان)، بەکەڵەك یان بەلەم پەڕیونەتەوە، زۆر بە وردی باسی پێکهاتەی کەڵەکی کردووە: «کەلەك یان بەلەم چوارچێوەیەکی کەوانەی، (٧) پێ چوارگۆشە دەبوو، بەدە پێستی مەڕ بەیەکەوە بەسترابووەوە، دوو پیاو پاڵیان پێوە دەنا و وەك رێنیشاندەر بوون لە پشتیانەوە بەسەر ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد، شەپۆلی ئاوەکە خێرا و بەگووڕ بوو، لەهەر پەڕینەوەیەکدا کەڵەکەکە (٦٠٠) مەتری دەبڕی: ئاژەڵ و ئەسپەکان خۆیان مەلەیان دەکرد»، ئەو کەڵەکەی وەك باسی کردووە نەگونجاو و پێستەکان پێویستیان بەنۆژەنکردنەوە هەبووە **Maunsell**, ١٨٩٠, ٦٩.p) ).

لەو سەرچاوەیەدا زانیارییەکی گرنگ سەبارەت بە قەڵای شێروانە و حەمەپاشای جاف خراوەتەڕوو، فرانسیس ڕیچارد مانسێل پاش بەجێهێشتنی کەناری راست بەچوار

میـل بـە ئاراسـتەی باکـووردا، بەسـەر دەشـتێکی رووتەنـدا، گەیشـتوونەتە گونـدی (شـێخ سـەعید)، لـە ناوچەیەکـی چـاڵای بچووکـی کشـتوکاڵی، پانییەکـەی سـێ بـۆ چـوار میـل بـووە، هەندێـک کێڵگـەی بچووکـی گەنـم و جـۆ و پەچـەی ئاژەڵـی بینیـووە، دەشـتەکە بـەرەو باکـووری رۆژهەڵاتـی گوندەکـە درێـژ بووەتـەوە، دەشـتەکە شـوێنێکی دڵخـوازی هـەواری زسـتانە بـۆ کوردانـی جـاف بـووە، کـە هۆزێکـی گـەورەن، لـە هاوینـدا بـۆ سـەر زەوییـە فارسـەکان کۆچیـان کـردووە، بـە وتـەی مانسـێل نزیکـەی دوو هەفتـە پێشـتر واتـا لەکۆتـای مانگـی نیسـاندا ناوچەکەیـان بەجێهێشـتووە، پەیوەسـت بـە قـەڵای شـێروانە و حەمەپاشـا، نووسـیوویەتی « لەسـەر گردێکـی رووتـەڵ لـە کەنـاری چـەپ بینایەکـی گـەورەی بەردیـن هەیـە، شـوێنی نیشـتەجێبوونی زسـتانەی محەممـەد پاشـا بەرپرسـی جافـەکان بـووە، لـە وەرزی هاوینـدا لـە سـلێمانی ئـەژی، شـوێنەکە تاریـک دەرئەکەوێـت، لەهـەر گۆشـەیەکدا تاوەرێکـی گـۆڕاوی و پەنجـەرەی درێـژی زۆری هەیـە، محەمەدپاشـا پیاوێکـە کاریگـەری بەرچـاوی لـە سـلێمانی و ناوچەکـەدا هەیـە»، بـەڵام ئـەوەی جێـگای سـەرەنجە بـە پێـی زۆرێـك لـە سـەرچاوەکان حەمەپاشـا لـە سـاڵی (١٨٨١ز) دا لەژیانـدا نەمـاوە، ئـەوەی لێـرەدا باسـکراوە، مەحمـوود پاشـای کـوڕی بـووە و جێـگای گرتووەتـەوە (Maunsell, ١٨٩٠, p.٦٩- ٧٠).

فرانسـیس ریچـارد مانسـێل، وەك دەرکەوتـووە رۆژێـك لـە شـێخ سـەعید ماوەتـەوە (گونـدی شـێخ سـەعید، پێئەچێـت لـە جێـگای کـەلار و شـاکەلی ئێسـتادا بـوو بێـت)، بـە بەڵگـەی ئـەوەی هـەر ئـەو شوێنەوارناسـە، باسـی لـە وەکـردووە دووری نێـوان شـێخ سـەعید و کفـری (٢٦میـل/ ٤١کم)بـووە، هەروەهـا ئەوەیشـی خسـتووەتەڕوو، لـە باکـووری رۆژهەڵاتـەوە، لـە ژێـر زنجیرەیـەک گـردی نـزم وڕووتەنـدا، (٥) میـل لـەدوورەوە، هەندێـك وێرانـەی ڕەنـگ سـپییان بینـووە روویـان لەبنـارە ڕووتەکـە کـردووە، دیالـە لەناوچەکـەدا بە(ئـاب سـیروان Ab-i-Sirwan)یـش نـاسراوە، ئـەو سـاڵە پێشـبینی وەرزێکـی باشـی گەنـم کـراوە، بـەڵام جرجـەکان زیانیـان بـە بەروبومـەکان گەیاندبـوو، رۆژی (٩ی ئایـار) کەشـوهەوای ناوچەکـە ناجێگیـر و ڕەشـەبا و هـەوراوی بـووە، پلـەی گەرمـا لـە کاتژمێـر پێنجـی بەیانـی (٦٥پلـەی فەهرنهایـت / ١٨پلـەی سـەدی)، بـەڵام لـە کاتژمێـر پێنجـی ئێـوارەدا (٨٠ پلـەی فەهرنهایـت /٢٧پلـەی سـەدی) بـووە، ئـەو شوێنەوارناسـە، هەمـان ڕۆژ، گونـدی شـێخ سـەعیدییان بـە ئاراسـتەی رۆژئـاوا بەجێهێشـتووە دەسـتیان بەگەشـتەکەیان بەسـەر دەشـتێکی چۆڵـی درێـژی (٦- ٨) میلـدا کـردووە، لـە بەهـاردا ئـەو دەشـتە گژوگیـای باشـی لێـڕواوە، بـەڵام ئـەو کاتـە وشـک بووەتـەوە (Maunsell, ١٨٩٠, p.٧٠)، بـە پێـی نەخشـەیەکی بڵاونەکـراوەی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە ژێرنـاوی (خانقیـن)، لـە ئەرشـیفخانەی عوسـمانی پارێـزراوە و سـاڵی (١٣٣١ك/ ١٩١٣ز)ی لەسـەرە، نـاوی هەریـەك لـە گوندەکانـی (مرکـز، حمـرالا، صلاحـی،

شـیخ سـعید، شـیروان قلعەسـی، شـیخ سـعید) هاتـووە، لـە هـەردوو بـەری ئـاوی (اب شـیروان)، گونـدی شـێخ سـەعید هەبـووە، لـە نێـوان شـێخ سـەعید بـەرەو ئاراسـتەی کفـری نـاوی هیـچ گوندێـك یـان ئاوەدانیـەك نزیـك رووبـاری سـیروانی ئێسـتا نەهاتـووە، هـەر لـە نزیـك گونـدی شـێخ سـەعیدی سـەرووی قـەڵای شـێروانە بـەرەو ئاراسـتەی باکـوور بـە کەنـاری رووبـاری سـیرواندا (اب شـیروان)، لەسـەر نەخشـەکە، نـاوی چەنـد شـوێنێك هاتـووە، لەوانـە: چقـال خانـی خرابـە، جـاف کرمزیـر، قلعـە تبـە (خانقیـن، ١٣٣١، ژمـارە: ٠٤٤٥).

پـاش کـوژرانی حەمەپاشـا، مەحمـودی کـوڕی جێگـەی گرتوەتـەوە، بەرپرسـانی عوسـمانی لـە بەغـدادەوە هاتوونەتـە ناوچەکـە، لـە سـاڵی (١٨٩١ز) دا لـە هـەواری (کانی چەقـەڵ) ی هـەواری زسـتانەی بـە گـزادەی جـاف پێشـوازی لـە نوێنـەری والی بەغـداد بەنـاوی (سـەید عەبدولحەمیـد) بەمەبەسـتی چـوونی مەحمـود پاشـا بـۆ ئەسـتەمبوڵ کـردووە، بـەڵام ئـەو سـەردانە سـەری نەگرتـووە، ئەوەیـش بووەتـە هـۆی توڕەبـوونی کاربەدەسـتانی بەغـدا، بـەو هۆیـەوە مەحمـود پاشـا لـە شـاخی زمناکـۆ لـە نزیـك دەربەندیخـان لـە کاربەدەسـتانی عوسـمانیی بـۆ مـاوەی سـاڵێك یاخیبـووە، بەهـۆی پڕوپاگەنـدە و فتـوای مـەلاکانی ئـەو دەمـەوە کار گەیشـتووەتە ئـەوەی هەڵگەڕانـەوە لـەدژی پاشـا بەرپـا ببێـت، تەنانـەت کوڕەکـەی (کیخـسرەو بـەگ) و براکـەی (وەسـمان پاشـا)لێی هەڵگەڕاونەتـەوە (جـاف، ٢٠١٤، ل٢٠- ٢١)، لـە (زیلقعـدەی ١٣١١ك/ مـارتی ١٨٩٢ز) دا بەپێـی بەڵگەیـەکی عوسـمانیی دەرکەوتـووە نێـوانی کـوڕەکانی مەحمودپاشـا و عوسـمانی بـرای خـراپ بـووە، بۆیـە کارەکانیـان بـە دڵسـۆزی و خزمـەت بـۆ دەوڵـەتی عوسـمانیی هەژمارکـراوە (سـلێمانی، ب٨، ٢٠١٩، ل١٦١).

ئاوەدانـی دەڤەرەکـە وایکـردووە گرنگـی بەلایەنـی جۆربەجـۆری ژیـان بدرێـت، ئەوەتـا لـە شـێروانە و شـاکەل تەکیـە هەبـووە، لەلایـەن شـێخ محەمـەد سـەعید شـاکەلییەوە بەڕێـوە بـراوە، بەپێـی بەڵگەنامەیـەك لـە (جەمـادی دووەمـی ١٣١٠)ك/ کانـوونی یەکەمـی ١٨٩٢ز)، لـەوەزارەتی ناوخـۆوە بـۆ وەزارەتی ئەوقـاف دەرچـووە، ئاراسـتەی ئەنجومـەنی کارگێڕیـی ولایـەتی مووسـڵ کـراوە جێبەجـێ بکرێـت، کەسـێك بەنـاوی (شـێخ محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی) لـە ساداتی بەرزنجـە لـە هـەردوو گونـدی (شـاکەل و شـێروانە) داوایکـردووە هـاوکاری مـادی بکرێـت لەژێـر نـاوی (طعامیـة: ئـەو خواردنـە دراوەتـە هـەژاران کـە هاتونەتـە تەکیەکـە) لـە تەکێکـەدا مـەلا و شـێخی ناوچەکـە سـەردانیان کـردووە (کفـری، ٢٠٢٢، ل١٠٠). هـەر پەیوەسـت بـە بایەخـی سـنورەکە بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانیی، گەرمیـان و کوێسـتانی تیـرەکانی جـاف لـە شـێروانەدا وای خواسـتووە

لەلایەن دەوڵەتەوە چاودێری بکرێن، لەو رووەوە بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانیی لە (جەمادی یەکەمی ١٣١١ك/ تشرینی یەکەمی ١٨٩٣ز) دا فەرمانێك ئاراستەی (سر عسکریه العالي) کراوە، سەبارەت بەدابینکردنی تیمێکی سەربازی بۆ پاراستنی جافەکان لە ناوچەیەکدان بەناوی (شێروانە)، تاوەکو گەڕاونەتەوە بۆ کوێستان و شوێنەکانی خۆیان (بەڵگەی بڵاونەکراوە، ١٣١١، ژمارە ٢٣٩٧/٣١٠).

لە سالنامەی موسڵی (موصل ولایتی سالنامه)، ساڵی (١٣١٢ك/ ١٨٩٤ز)دا شێروانە و شاکەل وەك دوو ناوچەی سنوری لەگەڵ ئێراندا لەکفری (سەڵاحیە)دا ناویان هاتووە، لەگەڵیشیدا باس لە گوندەکانی سەیدخەلیل (سور خلیل)، کوڵەجۆ کراوە، هاوکات باسی گەرمیان و کوێستانی هۆزی جاف خراوەتەڕوو لە شارەزوورەوە روویان لەو ناوچەیە کردووە، ئاماژە بە ژمارەیەك تیرەکی جاف دراوە لە گوڵعەنبەر (هەڵەبجە) وە روویان لە شێروانە و سەڵاحیە لەکاتی گەرمیان و کوێستاندا کردووە، لەوانە: مکایەڵی، شاتری، رۆغزایی، گەڵاڵی، هارونی، نەورۆڵی .... لەباسی جافەکانی شێروانە و کفریدا هاتووە، هەمویان شافیعی مەزهەبن و بە شێوەزارێکی تایبەت لە زمانی کوردی دەپەیڤن (موصل، ١٣١٢، ص٣٢١، ٣٣٢).

جۆن گۆردۆن لۆریمەر (١٨٧٠- ١٩١٤)، دیپلۆماتکاری بەریتانی وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سەردانی ناوچەکەی کردووە، لە(١٨ی نیسانی ١٩١٠ز)، خانەقینی بەرەو زەنگئاباد بەجێهێشتووە, بەسەر هەریەك لەگوندەکانی (کاوازی **Kawazi**، علیئاوا **Aliyawah** سەد ماڵی کوردی تێدا بووە، محەمەد شایەر بەگ **Muhammad Shair Baig**, حوسێن **Husain** پەنجا ماڵی کوردی تێدا بووە، لە باکووری خۆرئاواوە مەزاری باوەمەحموود لەسەرگردێك کە دوو باغی دارخورمای بەدەوریدا هەبووە، ئەمانە سەر بەمستەفا پاشای باجەڵان بوون، باوەپڵاوی **Bawa Palau** سەدوپەنجا ماڵی تێدا بووە، شێخ حەسەن **Shaikh Hasan** پەنجا ماڵی عەرەبی تێدا بووە، لە باکووری رۆژئاوا بەرەو باکوور بەنزیکی (١٠)میل گردی سوری مرواری **Marwari Hill** لەنزیك دەککە **Dakkah** هەبووە (**LORIMER**, ١٩١٣, **1.P**).

هەر لەو گەشتەدا گوندەکانی تر بەسەرکراونەتەوە، لەوانە گوندێکی سەر بە ئیبراهیم بەگی جاف کە کوردن بە دووری (٢- ٣)میل لەگردی مرواری، گوندەکانی تری وەك: مەحموود رۆستەم کورد بوون، وێرانە گوندێکی سەر بە مستەفا پاشای باجەڵان لەو ناوچەیەدا هەبووە، گوندی دەککە نزیکەی (٦٠)ماڵی جافی سەر بە ئیبراهیم بەگی تێدا بووە، گوندی قەرەبولاقی سەروو **Upper Qarah Bülaq** سی ماڵی کوردانی تاڵەبانی سەر بە شێخ تەیبی تێدا بووە، هەروەها لە نزیکەی (٥)


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

میلدا گوندی قەرەبولاقی گەورە لە (٥٠- ٦٠) ماڵ پێکهاتووە، لە(١٨ی نیسانی ١٩١٠)، بەهۆی کەڵەکی بچوك لە رووبارەکە پەڕیونەتەوە، پاش بڕینی یەك میل کەڵەکەکە لە شوێنێك بەناوی کەشۆڵ Kashawul لەنگەری گرتووە بە ئاراستەی زەنگئاباد Zangabadرۆیشتووە، گوندی سەرەکی زەنگئاباد لە نزیکەی (٢٠٠) ماڵی کوردانی زەنگئاباد پێکهاتووە، ژمارەیەکی کەم جولەکە لەوێدا ژیاون، مزگەوت و باخچەیەکی شایستە لێرە هەبووە، لەو گوندەدا ئاودێری لە دوو بەشە ئاوەوە ئەنجامدراوە، ناوچەکە خاوەنی بەرهەمی نایاب لە گوڵی جۆراوجۆر بووە، هەر لەو سنورەدا ناو و ئاماری ماڵەکانی چەند گوندێکی تر تۆمارکراوە، لەوانە: گوندەکانی (بان سندوق Ban Sandiq چل ماڵی کورد، شەیتاپانە Shaitapnah بیستوپێنج ماڵی کوردی زەنگاباد، گردی تەپەقران Tappah Qran بەرزییەکی سەرەنجڕاکێش وەك تەپۆڵکەیەکی سەردەمی بابلی یان ئاشووری بووە، تازەشان Tazashan سی ماڵی زەندی، حاجیلەر Häjilär حەفتا ماڵی زەندی، گوندەکە موڵکی مەجید پاشای بابان لە سەلاحیە دانیشتووە، کۆکز Kõkaz سی ماڵی زەندی، تەپەچەرمی Tappah Charmi حەوت ماڵی زەندیان تێدا نیشتەجێ بووە، گردی شێروانە کەوتووەتە باکور و باکوری ڕۆژئاوای سەلاحییەوە (LORIMER, ١٩١٣, ٢.P -٣).

پەیوەندییەکانی هۆزی جاف و سەرۆکەکانیان لە ناوچەکە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانییدا بەردەوام رێکوتەبا نەبووە، بەپێی بەڵگەیەك لە (رەمەزانی ١٣٢٦ك/ تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ز)، جافەکان هێرشیان کردوەتە سەر دامودەزگای حوکمەت، هەر لە چوارچێوەی ئەو نا ئارامیەی ناوچەکەدا، لە ساڵی (١٩١٢ز) دا ژمارەیەك ماڵ لە تیرەکانی (هارونی، بەیداغی و ساداتی)ی هۆزی جاف هاوڵاتی عوسمانیی بوون و پێشتر چونەتە خاکی ئێران لەزەهاو، لە لایەن سەیدساڵح ڕۆژ ئەفەندی لە گوندی پێبازی سەر بە قەزای سەلاحیە نیشتەجێ بوون، داوای گەڕانەوەی ئەو ماڵانەی کردووە (سلێمانی، ب٨، ٢٠١٩، ل٣٦٥،٣٩٧)، بەو شێوەیە دەرکەوتووە، ژیانی هاوڵاتیانی سنورەکە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی و ئێرانییدا لە پەژارە و نیگەرانیدا بووە، سەرباری خراپی گوزەرانی خەڵکی، بەڵام ناوچەکە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی گرنگ بووە، ئەوەتا لەناوچەی (پێباز) باوەنور لەساڵانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی (١٩١٤ز)، دوو فیرقەی سەربازی عوسمانی لێبووە، ئەمەیش گرنگی ناوچەکەی وەک ناوچەکی سەر سنوری دەرخستووە (دەلۆ، ٢٠١٠، ل٣٧).

پاش بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە و لێوردبوونەوەی داتا و زانیاری لەسەرچاوە جۆربەجۆرەکان بە تایبەت بەڵگەنامەکان، بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتین بەشێکیان زانیاری نوێ و سەرنجڕاکێشن، لەوانە:

• کفری، لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکاندا بە تایبەت لەبەڵگەنامە فەرمیەکانی دەوڵەتی عوسمانییدا، لە ڕووی کارگێڕییەوە هەرسێ ناوی (کفری، زەنگئاباد و سەڵاحیە)ی بۆ بەکارهاتووە.

• لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا ناوی (شێروانە)، لەسەرچاوەکاندا بەکارهاتووە، گەڕیدە و بیانییەکان هاتوونەتە ناوچەکە باسی شێروانەیان کردووە بەتایبەت لەساڵی (١٨٢٠ز)، مستەر ڕیچ ناوی (گردی شێروانە)ی بردووە.

• بەپێی زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتێکی عوسمانی لەنێوان ساڵانی (١٨٤٨- ١٨٥٢ز)، گوندی شێروانە ئاوەدان بووە.

• بە هۆی گرنگی ناوچەکە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی، لە(٢١ی تشرینی دووەمی ١٨٥٣ز)، بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرمی لەناوچەکەدا سەنجەقێك بە ناوی (سەنجەقی زەنگئاباد) لە هەریەك لە (کفری، زەنگئاباد، قەرەتەپە و دووزخورماتوو) پێکهێنراوە، لەو مێژووە بەدواوە تا ساڵی (١٨٧٠ز) سنورە کارگێڕییەکە بەناوی (زەنگئاباد) ەوە بەردەوام بووە.

• خودی ناوی کفری بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی مایەی نیگەرانی بووە، هەر بۆیە لە ساڵی (١٨٧٠ز)، بەدواوە ناوی کفری بۆ (سەڵاحیە) گۆڕاوە، بەڵام لەلایەن گەڕیدە و گەشتیارانەوە هەر ناوی (کفری)ی بەکارهاتووە.

• بە پێی ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی سەڵاحیە یەکێك بووە لەپێنج قەزاکەی سەنجەقی شارەزوور، بەگرنگییەوە لە پێکهاتەی کارگێڕیی سنورەکە ڕوانراوە.

• لەو قۆناغە مێژووییەدا لە سنوری سەڵاحیە، کێشەوگرفت لەنێو هۆزەکاندا زۆر زیادیکردووە، بە تایبەت لە نێو هەردوو هۆزی (جاف و هەمەوەند) دا، ئەمەیش وایکردووە دەوڵەت زۆرجار لایەنگری بکات و ئاگری شەڕی لە نێوانیاندا خۆشکردووە.

• بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، قەزای سەڵاحیە لە(١٥٦) گوند پێکهاتووە، (٩١) گوندی سەر بە ناوەندی شارۆچکەکە، (٥٣)گوندی سەر بە ناحیەی قەرەتەپە، (١٢) گوندی سەر بە ناحیەی دووزخورماتوو بوون.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

• گونـدی کـەلاری کۆن،کۆنتریـن گەرەکـی قەزاکـە، ئاوەدانکردنـەوەی بـۆ نێـوان سـاڵانی (١٨٦٥- ١٨٧٠ز) بـۆ بنەماڵـەی عەبـاس جەلیـل کولـی گەڕاوەتـەوە، بـەڵام لەهیـچ بەڵگەنامەیەکـی فەرمـی دەوڵـەت، نـاوی (کـەلار) بەرچـاو نەکەوتـووە و (شـێروانە) بەکارهاتـووە.

• بەهـۆی هاتنـی تیرەکانـی هـۆزی جـاف بـۆ ناوچـەی شـێروانە وایکـردووە زۆر تـر سنورەکە ئـاوەدان ببێتـەوە، هـەر ئەوەیـش وایکـردووە کەسـایەتیەکانی هۆزەکـە ڕۆڵیـان هەبێـت بەتایبـەت هەریـەك لە(حەمەپاشـا، مەحموودپاشـا)ی جـاف.

• هەواڵـی کوژرانـی محەمەدپاشـا، لەلایـەن ئامۆزایەکـی گەنجیـەوە بەنـاوی عەزیـز بـەگ، لـە لایـەن گەڕیدەیەکـی بیانییـەوە کـە هاتووەتـە ناوچەکـە بـە گرنگییـەوە باسـکراوە و بڵاوکردووەتـەوە.

• لـە بەڵگەنامـە و سـاڵنامەی مووسـڵدا باسـی ناوچەکـەی زۆر تێدایـە بـە تایبـەت هـەر یـەك لە(شـێروانە، شـاکەل)، ناویـان وەك دوو گونـدی ئاوەدانـی سەرسـنوور هاتـووە بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی گرنـگ بـوون.

## لیستی سەرچاوەکان :

**یەکەم// بەڵگەنامە**

**-بڵاونەکراوە:**

**-بەزمانی تورکی عوسمانی**

١. (١٢٧٠)، مديريـة ارشـيفات رئاسـة الجمهوريـة، ارشـيفات العثمانيـة فی اسـطنبول، الوثيقة المرقمة osmanli arsivi ,i.MVL ١٣١٨٢/٠٠٣١٤.

٢. (١٣١١)، مديريـة ارشـيفات رئاسـة الجمهوريـة، ارشـيفات العثمانيـة فی اسـطنبول، الوثيقـة المرقمـة osmanli arsivi ,beo ٢٣٩٧/٣١٠.

٣. (١٣٣١)، مديريـة ارشـيفات رئاسـة الجمهوريـة، ارشـيفات العثمانيـة فی اسـطنبول، الوثيقة المرقمة osmanli arsivi HRT ٠٤٤٥.

**- بڵاوکراوە:**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



**-بەزمانی کوردی**

١. (٢٠١٩)، سلێمانی لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٧٦٧- ١٩١٧، ئامادە وپێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی رەحمان، ب٨، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی بەڵگەکان: هەولێر.

٢. (٢٠١٩)، کەرکووک لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٧٠٢- ١٩١٨، ئامادە وپێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی رەحمان، ب١٢، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی بەڵگەکان: هەولێر.

٣. (٢٠٢٢)، کفری (سەڵاحیە) لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٨٤٧- ١٩١٨، ئامادە وپێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی رەحمان، ب١٤، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی بەڵگەکان: هەولێر.

-بەزمانی عەرەبی

١. (٢٠٢٤)، إحصاء لعدد النفوس والخانات في شهرزور(كركوك) والموصل. عام (١٨٦٧م)، الدار السلطانية ومتصفح الوثائق العثمانية.

-بەزمانی تورکی نوێ (لاتینی)

١. (١٩٩٣), MUSUL – KERKÜK ⊠LE ⊠LG⊠L⊠ AR⊠⊠V BELGELER⊠ (١٥٢٥–١٩١٩), Hazırlayanlar: ⊠smet DEM⊠R, U⊠urhan DEM⊠RBA⊠, Hacı Osman YILDIRIM, T.C. BA⊠BAKANLIK, DEVLET AR⊠⊠VLER⊠ GENEL MÜDÜRLÜ⊠Ü, Osmanlı Ar⊠ivi Daire Ba⊠kanlı⊠: ANKARA.

٢. (٢٠١٢), OSMANLI V⊠LAYET SALNAMELER⊠NDE MUSUL, Editörler: Cengiz ERO⊠LU Murat BABUÇO⊠LU Orhan ÖZD⊠L, Ortado⊠u Stratejik Ara⊠tırmalar Merkezi: ANKARA.

## دووەم// بڵاوکراوەی فەرمی حکومی

**-بەزمانی کوردی**

١. (٢٠١٤)، رێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان «دليل اثار گرميان»، بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری گەرمیان: کەلار.

**-بەزمانی تورکی عوسمانی**

١. (١٢٦٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عامره‌ده باصلمشدر.

٢. (١٢٦٦)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عامره‌ده باصلمشدر.

٣. (١٢٧١)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عامره‌ده باصلمشدر.

٤. (١٢٧٢)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عامره‌ده باصلمشدر.

٥. (١٢٧٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٦. (١٢٧٤)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٧. (١٢٧٦)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٨. (١٢٨٠)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٩. (١٢٨٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
١٠. (١٢٨٥)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
١١. (١٢٩١)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
١٢. (١٢٩٢)، سالنامه (سالنامه ولايت بغداد)، مطبعه ولايت بغداد.
١٣. (١٣٠٧)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
١٤. (١٣٠٨)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتى).
١٥. (١٣١٠)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتى).
١٦. (١٣١٢)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتى).
١٧. (١٣١٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
١٨. (١٣١٦)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
١٩. (١٣١٧)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٠. (١٣١٨)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢١. (١٣١٩)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٢. (١٣٢٠)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٣. (١٣٢١)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٤. (١٣٢٢)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٥. (١٣٢٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٦. (١٣٢٤)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٧. (١٣٢٥)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٨. (١٣٢٦)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
٢٩. (١٣٣٠)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتى).
٣٠. (١٣٣٣- ١٣٣٤)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.


## سێیەم// نامەی ئەکادیمی

### -بەزمانی کوردی


١. علی، تریفە عبدالسلام محمد (٢٠٢٢)، مێژووی هۆزی جاف لەسەردەمی محەمەد پاشای کەیخسرەو بەگی جاف (١٨٢٨ – ١٨٨١)ز، نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب لەزانکۆی سەلاحەدین کراوە، وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەمێژووی نوێ وهاوچەرخ: هەولێر.
٢. وەلی، زاگرۆس ئەحمەد (٢٠٢٢)، کوردستان لەدیدی گەڕیدە ودیبلۆماتکارە بەریتانیەکان

لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، نامەیەکە پیشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب لەزانکۆی سەلاحەدین کراوە، وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەمێژووی نوێ وهاوچەرخ: هەولێر.
-بەزمانی عەرەبی
١. العباسي, مهدي صالح سعيد (٢٠٠٥), كركوك في أوخر العهد العثماني (١٨٧٦- ١٩١٤م), رسالة تقدم إلى مجلس كلية الاداب- جامعة الموصل- وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في التاريخ الحديث: الموصل.

## چوارەم// کتێب

### -بەزمانی کوردی


١. جاف، حەسەن (٢٠١٤)، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ب١، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین: بیروت.
٢. جاف، خوسەرەو (٢٠١٣)، مێژووی هۆزی جاف، چ١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی بەدرخان: هەولێر.
٣. دەلۆ، حوسێن ئیسماعیل خان (٢٠١٠)، ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی ١٩١٤– ١٩٤٥، چ١، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری وکۆمەڵایەتی کەرکوک: کەرکوک.
٤. عزیز، سهیل خورشید (٢٠١٣)، مێژووی ناوچەی کفری لەکۆنەوە تاساڵی ١٩٥٨، چ١، چاپخانەی یاد: سلێمانی.
٥. کەریم، خالد مەحمود (٢٠١٢)، دەوڵەتی عوسمانی وعەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشوور ١٨٦٩- ١٩١٤، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران: سلێمانی.
٦. کەریم، خالد مەحمود (٢٠١٩)، باشوری کوردستان لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چ١، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.
٧. نەریمان، مصطفی (١٩٩٤)، بیرەوەری یەکانی ژیانم، دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی: بەغدا.
٨. نوڵدە، بارۆن ئیدوارد (٢٠٠٤)، گەشتێك بەعەرەبستان وکوردستان وئەرمەنستاندا، و: حەمید عەزیز، ب٢، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری: هەولێر.
٩. نەریمان، مصطفی (٢٠٠٧)، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چ٢، چاپخانەی ڕۆژ، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری وکۆمەڵایەتی کەرکوک: کەرکوک.


-بەزمانی عەرەبی


١. اوغلو، نجات كوثر (٢٠١٩)، كركوک بأقلام الرحالة ١٥٣٤– ١٩٧٦، دار الحكمة: لندن.
٢. باشا، خورشيد (٢٠٠٩)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وإيران، ت: مصطفى زهران، مراجعة: الصفصافى احمد قطورى، ط١، المركز القومى للترجمة: القاهره.
٣. باقر، طه وفواد سفر (١٩٦٦)، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة الرحله السادسه بغداد- حلبجه، اصدرتها مديرية الفنون والثقافة الشعبية فى وزارة الثقافة والرشاد: بغداد.





ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٤. العـزاوی، عبـاس (١٩٥٦)، تاریـخ العـراق بـین احتلالـین، مجلـد٨، شركـة التجـارة والطباعـة المحـدوده: بغـداد.
٥. الكركـوكلي، الشـیخ رسـول (دون سـنة الطبـع)، دوحـه الـوزراء فی تاریخ وقائـع بغـداد الـزوراء، ت: مـوسی كاظـم نـورس، دار كاتـب العـربی: بـیروت، مكتبـة النهضـة: بغـداد.
٦. النجـار، جمیـل مـوسی (١٩٩١)، ولایـة بغـداد مـن عهـد الـوالی مدحـت باشـا الی نهایـة الحكـم العثـمانی ١٨٦٩– ١٩١٧م، ط١، مكتبـه مدبـولی: القاهـره.
٧. نـوار، عبدالعزیـز سـلیمان (١٩٦٨)، تاریـخ العـراق الحدیـث مـن نهایـة حكـم داود باشـا الی نهایـة حكمـه مدحـت باشـا، دار الكاتـب العـربی للطباعـة والنـشر: القاهـیرة.

-بەزمانی فارسی
١. راولینسـون، سرهـنری (١١٣٦٢)، سـفرنامه راولینسـون (گـذر از زهـاب بـه خوزسـتان)، ت: سـكندر امـان اللهـی بهارونـد، چ١، انتشـارات اگاه: تهـران.

-بەزمانی توركی عوسمانی
١. سامی، ش (١٣١١)، قاموس الاعلام، دردنجی جلد، مهران مطبعەسی: استانبول.

-بەزمانی بیانی (ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی)
REPORT ON A TOUR IN TURKISH ARABIA ,(١٩١٣) LORIMER, J. G .١ PRINTED AT THE GOVERNMENT ,١٩١٠ AND KURDISTAN APRIL-MAY .MONOTYPE PRES: SIMLA
TRAVELS in MESOPOTAMA, VOL. II, HENRY ,(١٨٢٧) .BUCKINGHAM, J. S .٢ .COLBURN, NEW BURLINGTON STREET: LONDON
TECHNISCHE STUDIEN- ,(١٨٧٦) CERNIK›S, INGENIEUR JOSEF .٣ EXPEDITION DUECH DIE GEBIETE DES EUPHRAT UND TIGRIS, JÜSTÜS .PERTHES: GOTHA
La Turquie d›Asie: géographie administrative, statistique, ,(١٨٩١) Cuinet, Vital .٤ descriptive et raisonnée de chaque province de l›Asie-Mineure, Tome Deuxieme, .ERNEST LEROUS: Paris
TRAVELS IN KOOEDISTAN, MESOPOTAMIA, ,(١٨٤٠) FRASER, J. BAILLIE .٥ .VOL. L, RICHARD BENTLEY, NEW BURLINGTON STREET: LONDON
NOTES OF A JOURNEY THROUGH KURDISTAN. ,(١٨٨٣) GERAKD, M. G .٦ PRINTED BY THE SUPEE١NTENDENT OF ,٨٢-١٨٨١ IN THE WINTER OF .GOVERNMENT PRINTING, INDIA: CALCUTTA
Reconnaissances in Mesopotamia, Kurdistan, North-West ,(١٨٩٠) Maunsell, L.F .٧ Volume I, PRINTED AT THE ,١٨٨٨ Persia, and Luristan from April to October .GOVERNMENT CENTRAL PRINTING OFFICE: SIMLA
Das Sandschak Suleimania und dessen persische ,(١٨٩٨) Pfeiffer, Eduard .٨ Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit; geographische

Untersuchungen unter besonderer Berücksichtigung militärischer Gesichtspunkte: .LEIPZIG

٩. Rawlinson (١٨٣٩), Notes on a March from Zahab at the foot of Zagros, along the mountains to Khuzzistan and from thene through the pruince of Luristan to Kirmanshah in the year ١٨٣٦, The Royal Geographical Socical Society of London Magazine, vol (٩), London.

١٠. RICH, CLAUDIUS JAMES (١٨٣٦), NARRATIVE of A RESIDENCE IN KOORDISTAN, Two Vol – Vol I, James Duncan Paternoster ROW: London.

## پێنجەم// گۆڤار ورۆژنامە وبڵاوکراوە

### -بەزمانی کوردی

١. جاف، حەسەن (٢٠١٠)، حەمەپاشای جاف ومەولەوی تاوەگۆزی ونامەیەکی بێ نوختە، رامان (گۆڤار)، ژمارە (١٦٢).

٢. كريم، محمد علی (٢٠٢٠)، قولەکانی سنوری کەلار ودەوربەری، یادی کەلار (بڵاوکراوە)، ژمارە (٤).

٣. کەریم، محەمەد عەلی «شوێنەوارناس» (٢٠١٤)، کۆشکی مەحمود پاشای جاف، سۆبارتۆ (گۆڤار)، ژمارە (٨).

٤. نەریمان، مصطفی (١٩٨٩)، گردی (شیروانە) سەیری سیروان، هاوکاری (رۆژنامە)، ژمارە (١١٢٧).

-بەزمانی عەرەبی

١. خيالي، لقمان (١٩٩٥)، آثار عثمانية على ضفاف نهر سيروان، اتحاد (جريدة)، العدد (١٩٥).

٢. زكي بك،محمد أمين (٢٠٠٩)، صفحات من دفتر ذكريات العلامة محمد أمين زكي بك، ت: خليل علي مراد، ژين (مجلة)، العدد (١).

-بەزمانی تورکی عوسمانی

١. (١٢٨٠)، حوادث داخليه، تصوير افكار، عثمانلی غزنەسی، عدد (١٧٧).



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پاشکۆ

١- ناوی قائیمقامەکانی زەنگئاباد و کفری و سەڵاحیە (١٨٥٣-١٩١٤ز)


لەڕێگای بەڵگەی دروست وفەرمییەوە بەتایبەت ساڵنامەکانی (سالنامە دولت. موصل، بغداد)، توانراوە ناوی ژمارەیەك قائیمقامی سەنجەقی زەنگاباد، قەزای سەڵاحیە (کفری)، لەنێوان ساڵانی (١٨٥٣-١٩١٤ز)دا بەو شێوەیەی خوارەوە ساغ بکەینەوە:

| ز | ساڵ | ناوی قائیمقام | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٨٥٣ | عومەر بەگ ئەفتچی | کفری ناوەندی سەنجەقی زەنگئاباد بووە |
| ٢. | ١٨٦٣ | حسێن ئەفەندی | پاشتر کراوەتە قائیمقامی ڕەواندز |
| ٣. | ١٨٦٤ | محەمەد بەگی کوڕی کازم بەگ | کفری ناوەندی سەنجەقی زەنگئاباد بووە |
| ٤. | ١٨٧٤ | عوسمان نوری ئەفەندی | قائیمقامی سەلاحیە |
| ٥. | ١٨٧٥ | محەمەد ئاغا | یەحیا ئەفەندی جێگری بووە |
| ٦. | ١٨٧٦ | ئیسماعیل ئەفەندی | |
| ٧. | ١٨٧٧ | ئەحمەد ئەفەندی | |
| ٨. | ١٨٧٩ | مەجید بەگ | |
| ٩. | ١٨٨٢ | عەزیز بەگ | |
| ١٠. | ١٨٨٨ | عەزیز ئەفەندی | |
| ١١. | ١٨٩٢ | عومەر زادە ڕەشید ئەفەندی | |
| ١٢. | ١٨٩٣ | وەلیدەدین ئەفەندی | |
| ١٣. | ١٨٩٤ | وەلیدەدین ئەفەندی | |
| ١٤. | ١٨٩٥ | وەلیدەدین ئەفەندی | |
| ١٥. | ١٨٩٦ | وەلیدەدین ئەفەندی | |
| ١٦. | ١٨٩٧ | محەمەد ئەسیری ئەفەندی | سالح ئەفەندی جێگری بووە |
| ١٧. | ١٨٩٨ | مەجید ئەفەندی | قەزای سەلاحیە لە پلە (صنف) ی دووەدا بووە |
| ١٨. | ١٨٩٩ | ڕوشدی ئەفەندی | قەزای سەلاحیە لە پلە (صنف) ی دووەدا بووە |
| ١٩. | ١٩٠٠ | ڕوشدی ئەفەندی | |
| ٢٠. | ١٩٠١ | ڕوشدی ئەفەندی | |
| ٢١. | ١٩٠٢ | ڕوشدی ئەفەندی | |
| ٢٢. | ١٩٠٣ | محەمەد عەلی ئەفەندی | |
| ٢٣. | ١٩٠٤ | ئەحمەد سائیب ئەفەندی | ناوی وەک جێگر (نائب) هاتووە، ناوی قائیمقام نەنووسراوە |
| ٢٤. | ١٩٠٥ | خورشید بەگ | |
| ٢٥. | ١٩٠٦ | خورشید بەگ | |
| ٢٦. | ١٩٠٧ | عەبدولعەزیز بەگ | |
| ٢٧. | ١٩٠٨ | محەمەد عەلی بەگ | قەزای سەلاحیە کراوەتە پلە (صنف)ی یەک |
| ٢٨. | ١٩٠٩ | محەمەد عاسم ئەفەندی | |
| ٢٩. | ١٩١٠ | محەمەد عەلی بەگ | برای مەحموود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف بووە |
| ٣٠. | ١٩١٢ | عاسم بەگ | |
| ٣١. | ١٩١٤ | ئەمین بەگ | |

## ٢- بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان



İ.MVL.00314/13/82
2

بەڵگەنامەی ژمارە (١)، فەرمانی پێکهێنانی سەنجەقی زەنگئاباد



بەڵگەی ژمارە (٢)، گەرمیان و کوێستانی هۆزی جاف لە شێروانەدا

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە




بەڵگەنامەی ژمارە (٣)، نەخشەی خانەقین



# ڕۆڵی شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەمرۆی پەروەردە

**هەژار نەجمەدین زەنگەنە**

ماستەر لە تەکنەلوجیای زانیاری

## دەروازە:

لە جیهانی هاوچەرخدا، پەروەردە بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردا دێت؛ چونکە کۆی گۆڕانکارییەکان لە سەرجەم بوارەکانی تردا زۆر خێران. یەکێک لە گرنگترین کارەکان ئەوەیە کە خوێندکار بکرێتە سەنتەر لە پەروەردەی ئەمڕۆدا، ئەمەش وادەکات خوێندکاران چالاکانە بەشداربن لە پرۆسەی فێربووندا، نەک تەنها زانیاری وەربگرن. گروپات و ئامادەکردنی پرۆژە، یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی تاک، داهێنانی نوێ، توانای پەیوەندیکردن و خستنەڕووی ڕاکانیان.

لێرەدا خوێندکاران هان دەدەین بەرپرسیارێتیی فێربوونی خۆیان لە ئەستۆ بگرن و قووڵتر لە بابەتەکان تێبگەن. ئامانجی ئەم کارەش ئەوەیە پرۆسەی فێربوون کاریگەرتر بێت؛ چونکە سەلمێنراوە شێوازە کۆنەکانی وانەوتنەوە کە مامۆستا تێیدا سەنتەر بوو، ناتوانن گۆڕانکاریی ئەوتۆ دروست بکەن و بگرە خوێندکاران لە ناوەندە پەروەردەییەکان دوور دەخەنەوە. هەروەها پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر وانەوتنەوەی هاوچەرخ. ئامرازە دیجیتاڵییەکان وەک سمارت بۆرد، ئەپە فێرکارییەکان و پلاتفۆرمە نوێیە ئۆنلاینەکان، شێوازی وانەوتنەوە و گواستنەوەی زانیارییان گۆڕیوە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەم ئامرازانە یارمەتیدەرن بۆ فێربوون بە شێوەیەکی باشتر و خوێندکاران هان دەدەن بۆ ئەوەی بەشدارییان زیاتر بێت.

شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە گرنگی بە فێربوونی تاکەکەسی دەدەن؛ چونکە ئاشکرایە توانا و ئارەزووی خوێندکاران بۆ فێربوون جیاوازە. لێرەدا ستراتیژی نوێی وانەوتنەوە بە پاڵپشتیی تەکنەلۆژیای سەردەم، وا دەکات کۆی خوێندکاران بێنە ناو پرۆسەکەوە و دواجار فێربوونی ڕاستەقینەی لێ سەوز ببێت.

شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتییان هەیە لە سیستەمی پەروەردەی هاوچەرخدا، چونکە فێربوون دەکەنە پرۆسەیەکی چالاک و پڕمانا. هەروەها ئەم شێوازانە خوێندکاران ئامادە دەکەن بۆ داواکارییەکانی جیهانی ئەمڕۆ. تەنها پێویستە بە شێوەیەکی ژیرانە و بە پلاندانانی باش جێبەجێ بکرێت، بەم جۆرە دەتوانین کوالێتیی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بکەینەوە و داهاتوویەکی باشتر و سەرکەوتووتر بۆ خوێندکاران و ڕۆڵەکانمان دروست بکەین.

## فەلسەفەی بنەڕەتی لەپشت شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە

گۆڕانی سیستەمی پەروەردە لە شێوازە تەقلیدییەکەیەوە بۆ شێوازە هاوچەرخەکان، تەنها گۆڕینی ئامرازەکان نییە، بەڵکو گۆڕینی خودی فەلسەفەی فێربوونە. لە ڕابردوودا، پەروەردە لەسەر بنەمای تیۆری مۆدێلی بانک کاریکردووە، کە تێیدا مامۆستا وەکو پاشەکەوتکار و خوێندکار وەکو حیسابێکی بانکیی بەتاڵ سەیرکراوە. لەو مۆدێلەدا، مامۆستا زانیارییەکانی دەڕژاندە مێشکی خوێندکارەوە و خوێندکاریش ئەرکی تەنها لەبەرکردن و دووبارە کردنەوەی ئەو زانیارییانە بووە. بەڵام پەروەردەی ئەمڕۆ لەسەر بنەمای تیۆری بونیادگەری دامەزراوە، کە تێیدا خوێندکار خۆی زانیاری بونیاد دەنێت و مانا بۆ شتەکان دروست دەکات لە ڕێگەی ئەزموونکردن و تێڕامانەوە.

پەروەردەی هاوچەرخ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فێربوون پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و چالاکە. کاتێک خوێندکار دەخرێتە چەق یان سەنتەری پۆلەوە، ئەو چیتر وەرگرێکی پاسیڤ نییە، بەڵکو دەبێتە لێکۆڵەر و گەڕۆک. ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بەوەیە کە مامۆستا لە ڕۆڵی وتارخوێنەوە بگۆڕێت بۆ ڕۆڵی ئاسانکار و ڕێپیشاندەر. ئەم گۆڕانکارییە لە فەلسەفەی پەروەردەییدا، کەرامەت و کەسایەتی خوێندکار دەپارێزێت و وای لێدەکات هەست بەوە بکات کە خاوەنی پرۆسەی فێربوونی خۆیەتی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک و کاریگەرییان

بـۆ ئـەوەی خوێنـدکار ببێتـە سـەنتەر، چەندیـن میتـۆد و سـتراتیژی جیـاواز هـەن کـە پێویسـتە لـە پۆلـدا پیـادە بکرێـن. یەکێـک لەوانـە فێربـوون لەسـەر بنەمـای پـڕۆژە. لـەم میتـۆدەدا، خوێنـدکاران بـۆ ماوەیەکـی درێژخایـەن لەسـەر بابەتێکـی دیاریکـراو کار دەکـەن کـە پەیوەنـدی بـە کێشـەیەکی ڕاسـتەقینەی نـاو کۆمەڵگـەوە هەیـە. ئەمـە وا دەکات خوێنـدکاران نـەک تەنهـا تیۆرییـەکان بخوێنـن، بەڵکـو فێـری ئـەوە ببن چـۆن ئـەو تیۆریانـە لـە پراکتیکـدا بەکاربهێنـن.

میتۆدێکـی تـر فێربوونـی پێکەوەیـی یـان کارکردنـە لـە گرووپـدا. ئـەم شـێوازە نـەک تەنهـا ئاسـتی زانسـتی خوێنـدکار بـەرز دەکاتـەوە، بەڵکـو زیرەکیـی سـۆزداری و کۆمەڵایەتیشـیان پـەرە پێـدەدات. خوێنـدکار فێـری گوێگرتـن لـە بەرانبـەر، گفتوگۆکردنـی ژیرانـە، و قبووڵکردنـی ڕای جیـاواز دەبێـت. لـە دنیـای کاردا، توانـای کارکـردن لـە گرووپـدا یەکێکـە لـە گرنگتریـن مەرجەکانـی سـەرکەوتن، هەربۆیـە پـەروەردەی نـوێ دەیەوێـت خوێنـدکار لـە پۆلـەوە بـۆ ئـەو ژینگەیـە ئامـادە بـکات.

جگـە لەمانـە، پۆلـی پێچەوانـە یەکێکـی تـرە لـە داهێنانـە گـەورەکان. لـەم مۆدێلـەدا، خوێنـدکار لـە ماڵـەوە سـەیری ڤیدیـۆی وانەکـە دەکات (کـە مامۆسـتا ئامـادەی کـردووە) و کاتـی نـاو پـۆل تەرخـان دەکرێـت بـۆ ئەنجامدانـی ڕاهێنـان، گفتوگـۆ و چارەسـەرکردنی ئـەو خاڵانـەی کـە لێیـان تێنەگەیشـتوون. ئەمـە یارمەتـی مامۆسـتا دەدات کـە کاتـی زیاتـری هەبێـت بـۆ گرنگیـدان بـەو خوێندکارانـەی کـە ئاسـتیان لاوازە و پێویسـتیان بـە هـاوکاری زیاتـرە.

## تەکنەلۆجیا وەک بزوێنەری پەروەردەی سەردەم

تەکنەلۆجیـا ڕەگەزێکـی دانەبـڕاوە لـە پـەروەردەی ئەمـڕۆ. بـەڵام بەکارهێنانـی تەکنەلۆجیـا تەنهـا بـە واتـای هێنانـی کۆمپیوتـەر بـۆ نـاو پـۆل نایـەت. مەبەسـت لێـرەدا تێکەڵکردنـی تەکنەلۆجیایـە لـە نـاو پرۆگرامەکـەدا. بـۆ نموونـە، سـمارت بـۆرد تەنهـا بـۆ نووسـین نییـە، بەڵکـو بـۆ نیشـاندانی تاقیکردنـەوە زیندووەکان، گەشـتی خەیاڵـی بـۆ شـوێنە مێژووییـەکان و نیشـاندانی وێنـەی سـێ ڕەهەندییـە کـە یارمەتـی خوێنـدکار دەدات بابەتـەکان بـە چـاو ببینێـت و تێیانـدا بـژی.

پلاتفۆرمـە ئۆنلاینەکانـی وەکـو (Google Classroom) یـان (Microsoft Teams) و ئاپـە فێرکارییـەکان، ژینگەیەکـی فێربوونـی بـێ سـنووریان دروسـتکردووە. خوێنـدکار دەتوانێـت لـە هـەر کات و شـوێنێک بێـت دەسـتی بـە سـەرچاوەکان بـگات. هەروەهـا زیرەکیـی دەسـتکرد (AI) ئەمـڕۆ دەتوانێـت هاوکارێکـی گـەورە بێـت لـە فێربوونـی شەخسـی. زیرەکـی دەسـتکرد دەتوانێـت خاڵـە لاوازەکانـی هـەر خوێندکارێـک دەستنیشـان بـکات و مـاددەی فێرکاریـی تایبـەت بـە ئاسـتی ئـەو پێشـنیار بـکات. ئەمـە ئـەو کێشـەیە چارەسـەر دەکات کـە هەمـوو خوێنـدکاران بـە یـەک شـێواز و یـەک خێرایـی فێربـبن، کـە لـە ڕابـردوودا دەبـووە هـۆی بێزاربوونـی خوێنـدکارە زیرەکـەکان و سەرلێشـێوانی خوێنـدکارە خـاوەکان.

## ڕۆڵـی مامۆسـتا لـە مۆدێلـی نوێـدا: زمانـی جەسـتە و زیرەکیـی سـۆزداری

مامۆسـتا لـە پـەروەردەی نوێـدا گەورەتریـن ئەرکـی لەسـەر شـانە. چیـتر پێویسـت نـاکات مامۆسـتا تەنهـا «بانکـی زانیـاری» بێـت، چونکـە زانیـاری لـە گـووگڵ و یوتیوبـدا بـە زۆری دەسـت دەکەوێـت. ئەرکـی مامۆسـتا ئێسـتا ئیلهامبەخشـین و ڕاهێنانـە. بەڕێوەبردنـی پۆلـی هاوچـەرخ پێویسـتی بەوەیـە کـە مامۆسـتا شـارەزای دەروونناسـیی بێـت.

بەکارهێنانـی زمانـی جەسـتە یەکێکـە لـەو خاڵـە جەوهەرییانـەی کـە وەزارەتـی پـەروەردە لـە خولـی ڕاهێنەرەکانـدا جەختـی لەسـەر دەکاتـەوە. جووڵـەی دەسـت، نیـگای چـاوەکان، شـێوازی وەسـتان و تۆنـی دەنگـی مامۆسـتا دەتوانێـت پەیامـی زۆر بەهێزتـر لـە قسـەکان بگەیەنێـت. مامۆسـتایەک کـە بـە زەردەخەنـە و بـە گەرمـی پێشـوازی لـە خوێندکارەکانـی دەکات، ژینگەیەکـی ئـارام دروسـت دەکات کـە تێیـدا مێشـکی خوێنـدکار کـراوە دەبێـت بـۆ وەرگرتـن. بـە پێچەوانـەوە، مامۆسـتایەکی تـووڕە و مـۆن، تـرس دەخاتـە دڵیانـەوە و ترسـیش گەورەتریـن دوژمنـی فێربوونـە.

زیرەکیـی سـۆزداری لێـرەدا دەردەکەوێـت؛ مامۆسـتا دەبێـت هەسـت بـە بـاری دەروونـی خوێندکارەکانـی بـکات. خوێندکارێـک کـە کێشـەی خێزانیـی هەیـە یـان هەسـت بـە تەنهایـی دەکات، ناتوانێـت فێـری ماتماتیـک بێـت ئەگـەر مامۆسـتاکەی ئـەو لایەنـە سـۆزدارییەی بـۆ پـڕ نەکاتـەوە. بۆیـە پـەروەردەی نـوێ گرنگییەکـی زۆر بـە پـەروەردەی سـۆزداری و کۆمەڵایەتـی دەدات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## هەڵسەنگاندنی نوێ: جێگرەوەی تاقیکردنەوە تەقلیدییەکان

یەکێک لە گۆڕانکارییە هەرە گرنگەکان لە شێوازە نوێیەکاندا، گۆڕینی شێوازی هەڵسەنگاندنە. تاقیکردنەوەی نووسینەکی لە کۆتایی وەرز یان ساڵدا، تەنها وێنەیەکی بچووکی توانای خوێندکار پیشان دەدات و زۆر کات تەنها پشت بە میمۆری (لەبەرکردن) دەبەستێت. شێوازە نوێیەکان پشت بە هەڵسەنگاندنی بەردەوام دەبەستن.

مامۆستا لە ڕێگەی تێبینی ڕۆژانە، پرۆژەی بچووک، کورتە گفتوگۆ، و بەشداری چالاکانەی خوێندکار لە پۆلدا، پلەی خوێندکار دیاری دەکات. ئەمە وا دەکات خوێندکار لە ژێر فشاری دەروونیی تاقیکردنەوە گەورەکاندا نەمێنێتەوە و فێربوون بێتە خولیای نەک تەنها بۆ نمرە. هەروەها هەڵسەنگاندنی خود و هەڵسەنگاندنی هاوڕێ یارمەتی خوێندکار دەدەن کە ڕەخنەگر بن لە کارەکانی خۆیان و فێری بنەماکانی باشترکردنی ئاستی خۆیان ببن.

## پرۆژە حەوت ساڵەییەکەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم: ئاسۆ و ئاستەنگ

ماوەی دوو ساڵە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی حەوت ساڵەی ڕاگەیاندووە. ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی بوێرانەیە بۆ ڕزگارکردنی پەروەردە لە چەقبەستوویی. مەبەستی ئەم پرۆژەیە تەنها گۆڕینی کتێبەکان نییە، بەڵکو بونیادنانی مرۆڤی نوێیە. پرۆژەی پیشاندانی تواناکان و سیمینارە بەردەوامەکان بۆ مامۆستایان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی مامۆستا چیتر تەنها وانەبێژ نەبێت، بەڵکو ببێتە ڕاهێنەرێکی کارامە. پرۆژەکە خۆی لە نیشاندانی تواناکان و گەیاندنی چەندین میتۆدی نوێ بە قوتابخانەکان دەبینێتەوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەییەوە، کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەکانەوە ڕاهێنەران دەنێرنە ناوەندەکانی خوێندن و سیمیناری بەردەوام پێشکەش بە مامۆستایان دەکەن لەسەر بوارەکانی بەڕێوەبردنی پۆل، گەیاندنی میتۆدە هاوچەرخەکان، ڕۆڵی زمانی جەستە و زۆری تر؛ چونکە ڕوونە بەڕێوەبردنی پۆلێک لە خوێندکارانی ئەمڕۆ، جیاوازە لەگەڵ پۆلێکی پێش بیست ساڵ. ئەگەر بێت و ئەم پرۆژەیە وەک خۆی پیادە و جێبەجێ بکرێت، کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لەسەر کۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

بـەڵام جێبەجێکردنـی ئـەم پڕۆژەیـە بـە بـێ کۆسـپ نییـە. ژێرخانـی ئابـووری بنەمـای هەمـوو سـەرکەوتنێکە. کاتێـک مامۆسـتایەک دڵنیایـی دارایـی نەبێـت و خەمـی بژێـوی ژیانـی هەبێـت، ناتوانێـت بـەو وزەیـەی کـە پێویسـتە بچێتـە نـاو پـۆل و داهێنـان بـکات. سـەقامگیری دارایـی مامۆسـتا مەرجێکـی سـەرەکییە بـۆ سـەرکەوتنی هـەر چاکسـازییەکی پەروەردەیـی.

لـە لایەکـی تـرەوە، کێشـەی دیجیتـاڵ دیڤایـد یـان نایەکسـانی لـە دەسـتڕاگەیاندن بـە تەکنەلۆجیـا، مەترسـییەکی گەورەیـە. ناکرێـت خوێندکارێکـی نـاو شـار سـوود لـە نوێتریـن سـمارت بـۆرد و ئینتەرنێـت وەرگرێـت، بـەڵام خوێندکارێکـی گوندێکـی دوورەدەسـت تەنانەت کارەبـای پێویسـتیشـی نەبێـت. ئـەم نایەکسـانییە دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی جیاوازییەکـی گـەورە لـە ئاسـتی مەعریفـەی نەوەکانـدا. بۆیـە پێویسـتە حکومـەت لەگـەڵ گۆڕینـی میتـۆدەکان، کار لەسـەر دابینکردنـی یەکسـانی بـۆ هەمـوو ناوچـەکان بـکات.

## ئامادەکردنی خوێندکار بۆ بازاڕی کاری داهاتوو

ئامانجـی کۆتایـی پـەروەردە ئەوەیـە کـە مرۆڤێـک بەرهـەم بهێنێـت کـە بتوانێـت لـە کۆمەڵگـەدا بـژی و کار بـکات. بـازاڕی کاری ئەمـڕۆ چیـتر پێویسـتی بـە کەسـانێک نییـە کـە تەنهـا زانیاریـی زۆریـان لەبـەر بێـت (چونکـە کۆمپیوتـەر زانیـاری زیاتـری هەیـە). ئـەوەی ئەمـڕۆ و داهاتـوو داوای دەکات، کارامەییەکانـی سـەدەی بیسـت و یەکەمـە ، کـە بریتیـن لـە:

١- بیرکردنـەوەی ڕەخنەگرانـە: خوێنـدکار دەبێـت بتوانێـت زانیارییـەکان بپاڵێوێـت و ڕاسـت و چـەوت لـە یـەک جیـا بکاتـەوە.

٢. داهێنان: توانای دۆزینەوەی چارەسەری نوێ بۆ کێشە کۆنەکان.

٣. پەیوەندیکـردن: توانـای دەربڕینـی ڕا و بۆچوونـەکان بـە شـێوەیەکی ڕوون و متمانەبەخۆبـوون.

٤. هاوکاری: توانای کارکردن لەگەڵ کەسانی تردا.

شـێوازە نوێیەکانـی وانەوتنـەوە، هـەر لـە کارکـردن لـە گرووپـەوە تـا دەگاتـە ئامادەکردنـی پـڕۆژە، هەموویـان دەبنـە هـۆی بەهێزکردنـی ئـەم چـوار بنەمایـە. خوێندکارێـک کـە لـە پۆلـدا فێـری گفتوگـۆ و ڕەخنەگرتـن بـووە، لـە داهاتـوودا دەبێتـە هاوڵاتییەکـی چـالاک و بەرهەمهێـن.

## گرنگی ڕاهێنانی مامۆستا بە شێوەی چڕ

بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی ڕۆڵێکی کلیلی دەگێڕێت. ڕاهێنانی مامۆستایان نابێت تەنها چەند ڕۆژێک بێت و تەواو، بەڵکو دەبێت پرۆسەیەکی فێربوونی بەردەوام بێت. مامۆستا دەبێت بەردەوام ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆجیا و میتۆدەکانی وانەوتنەوە بێت.

ئەو سیمینارانەی کە لە قوتابخانەکاندا ئەنجام دەدرێن، دەبێت پراکتیکی بن. مامۆستا دەبێت ببینێت چۆن پۆلێک بە شێوازی گروپات بەڕێوە دەبرێت، چۆن کێشەی نێوان خوێندکاران چارەسەر دەکرێت، و چۆن تەکنەلۆجیا دەخرێتە خزمەت وانەکەوە. مامۆستایانی ئێمە ئەزموونێکی زۆریان هەیە، بەڵام پێویستیان بەو ئامرازانەیە کە بتوانن ئەو ئەزموونە بە شێوازێکی هاوچەرخ پیادە بکەن.



## دەرئەنجام:

دەتوانین بڵێین کە شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە تەنها بژاردەیەک نین، بەڵکو زەروورەتێکی مێژوویین بۆ پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان. جیهان بە خێراییەکی بێ وێنە بەرەو پێش دەچێت و ئێمە ناتوانین بە میتۆدی کۆن نەوەیەک بۆ داهاتوویەکی نادیار ئامادە بکەین. خوێندکار-سەنتەری، تێکەڵکردنی ژیرانەی تەکنەلۆجیا، گرنگیدان بە لایەنی دەروونی و زمانی جەستەی مامۆستا، و گۆڕینی سیستەمی هەڵسەنگاندن، ئەو چوارچێوە گشتییەن کە پەروەردەی ئێمەی پێ ڕزگار دەکرێت.

ئەرکی حکومەت، وەزارەت، مامۆستایان و دایکان و باوکانە کە پێکەوە هاوکار بن بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژە نیشتمانییە. هەرچەندە کێشە دارایی و تەکنیکییەکان گەورەن، بەڵام ئیرادەی گۆڕانکاری گەورەترە. بە جێبەجێکردنی ژیرانەی ئەم میتۆدانە، دەتوانین دڵنیابین لەوەی کە ڕۆڵەکانمان نەک تەنها زانیارییان هەیە، بەڵکو خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز، داهێنەر، و مرۆڤدۆستن کە دەتوانن هەرێمەکەمان بەرەو لوتکەی شارستانییەت و پێشکەوتن بەرن. پەروەردە کلیلی هەموو دەرگاکانی سەرکەوتنە، و شێوازە نوێیەکان ڕێگایەکی ڕوونن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە باڵایە.





# سیروان لە شیعری شاعیرانی کورددا

د. کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

لەنــاو شــیعری شــاعیرانی کــورددا، هەندێــک شــاعیری تــر هــەن کــە باســی ئــاوی سیروانیان لـە شـیعرەکانیاندا کـردووە. لێـرەدا هـەوڵ دەدرێـت شـیعرەکانی ئـەو شـاعیرانە بخەینـە ڕوو. ئـەم شـیعرانە لـە شـوێن و جێگـەی خۆیانـدا گرنگـی و بەهایـان هەیـە، چونکـە دەتوانــن ســەرچاوەیەکی بــە کەڵــک بــن بــۆ توێژینــەوەی مێــژووی ئابــووری، سیاســی، کۆمەڵایەتــی و ئەدەبــی کــوردی، هــەر لــەم ڕوانگــە جیــاوازەوە. بــە پێویســتی دەزانیــن هەمــوو ئــەو شــیعرانەی کــە باســی ئــاوی ســیروانی تێــدا کــراوە، گردیــان بکەینــەوە و لــە بابەتێکــی ســەربەخۆ و جیــاوازدا بیانخەینــە ڕووو.

دەقــە ئەدەبییــەکان، بــە تایبەتــی شــیعر، تەنهــا وەک داهێنانــی جوانکاریــی زمــان و وێنەســازیی هەســت و هــۆش نەمــاون، بەڵکــو وەک ســەرچاوەیەکی گرنگــی مێژوویــی و کۆمەڵایەتـی کاریـان کـردووە. شـیعری شـاعیرانی کـورد کـە باسـی ئـاوی سـیروان دەکـەن، لـە شـوێن و جێگـەی خۆیانـدا بایەخێکـی فرەڕەهەنـدی هەیـە و دەتوانرێـت لـە ڕوانگـەی جیـاوازەوە لێیـان بڕوانرێـت.

لــە ڕوانگــەی ئابوورییــەوە، ئــاوی ســیروان لــە شــیعرەکاندا تەنهــا وەک توخمێکــی سرووشــتی نیشــان نــەدراوە، بەڵکــو وەک ســەرچاوەی ژیــان، کشــتوکاڵ، ئاوەدانــی و



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەقامگیریی ژیانی مرۆڤ لە ناوچەکانی نزیک بە ڕووبارەکەدا دەردەکەوێت. ئەم باسە لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەتوانن زانیارییە گرنگەکان بدەن دەربارەی شێوازی ژیان، پەیوەندیی مرۆڤ و سرووشت و گرنگیی ئاودانی لە دروستبوونی بنەماکانی ئابووریی کۆمەڵگا کوردییەکاندا.

لە ڕوانگەی سیاسییشەوە، ئاوی سیروان لە زۆر شیعردا وەک هێمای سنوور، دەسەڵات، ڕەمز، جوانی، چواندن، یان جێگەی ناکۆکی و ململانێی سیاسی دەرکەوتووە. ئەم ڕووبارە لە مێژووی کورددا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە دابەشبوونی ناوچەکان، گۆڕانکارییە سیاسییەکان و کاریگەرییەکانی دەوڵەت و هێزە دەسەڵاتدارەکان. لێرەدا شیعر وەک دەنگی نارەزایی، یادگاریی مێژوویی یان شێوازی ناساندنی باری سیاسی و نیشتمانیی کورد دەردەکەوێت.

لە ڕوانگەی ئەدەبییشەوە، ئاوی سیروان وەک هێمایەکی جوانکاری و وێنەسازییەکی پڕ مانا بەکار هاتووە. شاعیران لە ڕێگەی ئەم هێمایەوە توانیویانە هەستە مرۆڤییەکان، بیرۆکە نیشتمانییەکان و پەیوەندیی مرۆڤ و خاک و نیشتمان پیشان بدەن. ئەمەیش وا دەکات ئەم شیعرانە ببن بە بەشێکی گرنگ لە میراتی ئەدەبی کوردی و بەرهەمێکی بەردەوام بۆ توێژینەوەی ئەدەبی و بەراوردکارانە.

لە کۆتاییدا، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم دەقە ئەدەبییانەی باسی ئاوی سیروان دەکەن، یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنی باشتر لە مێژووی ئابووری، سیاسی و ئەدەبی کورد و ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنە گرنگەی کە سرووشت، بە تایبەتی ڕووبار، لە بیرکردنەوە و داهێنانی ئەدەبی کوردیدا گرتووە و شاعیرانی کوردیش لەم ئاوەیان چۆن ڕوانیوە و چۆن تەماشای ئەم لایەنەیان کردووە.

## عەلی عارف ئاغا

١- عەلی عارف ئاغا لە شیعری «گەشتێک لە دنیای خەیاڵ»دا باسی ئاوی سیروانی کردووە و دەڵێت لە ئاوی سیروانم ڕوانی و تووشی سەرسووڕهێنانمی کرد:

**چوومە کەناری ڕووباری «سیروان»//سەری سووڕهێنام جوانی دیمەنی**

٢- هەروەها لە شیعری «تۆ نایەی»یشدا گلەیی دەکات و دەڵێت تۆ تا بەزم و ڕەزمی سەرچنار هەبێت، بۆ لای ئاوی سیروان نایەت.

**تا بەزم و ڕەزمی سەرچنارت بێ//بۆ لای سیروان و تانجەرۆ نایەی**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## قانع

قانعی شاعیر لە سێ شیعردا باسی سیروان دەکات، لە هەر سێ شیعرەکەدا سیروان لای ئەو وەکو ئاو بە کار هاتووە، جارێک دەڵێت زەڵم و تانجەڕۆ با بێنە گریان و لافاوی فرمێسکی ئەمان بەن بۆ سیروان تاکو ئەویش بزانێت هاوخەمن، لە شیعری دووەمیشدا دەڵێت وەرە تەماشای فرمێسکی چاوی کوردستان بکە، هەر وەکو ئاوی تانجەرۆ و سیروانە... لە شیعری سێهەمیشدا دەڵێت تاجی نگیندار و عیزەتی بەربادە تانجەرۆ و سەیری فرمێسکی خوێنینی لێڵاویی سیروان بکە چۆن فوارە دەکات...

**زەڵم و تانجەڕۆ بێنە سەر گریان//لافاوی فرمێسک بەرن بۆ سیروان**

**هێندە جاری بوو لە چاوی کوردستان فرمێسکی خەم//بێ تەماشاکە هەزاران تانجەڕۆ و سیروان ئەکا**

**تاجی نگین و عزەتی بەربادە تانجەڕۆ//سیروانە ئەشکی خوێنی بە لێڵی فوارییە**

## شێرکۆ بێکەس

١- شێرکۆ بێکەس لە چەندین شیعردا ئاوی سیروان و تانجەرۆی بە چەندین شێوە بە کار هێناوە، سیروان لای شێرکۆ هەمیشە ڕەمزێکی گەورە و جوانی نێو شیعری بووە، هەر بۆیە لە شیعرێکیدا بە ناوی ڕەنگاڵە، دەڵێت:

**ئەی تانجەرۆی سەرگەردان و**
**«سیروان»ی وێڵ**
**شارێک گۆڕ و بێشەیەک کێل**
**لە کام گۆڕدا**
**تۆ ئێسقانی**
**ڕاکشاوی؟!**

یان لە جێگایەکی تری ئەم شیعرەدا دەڵێت:

**بۆ کوێ بڕۆم کوردستانم**
**هەر لەگەڵدایە**
**لێرەیش -سیروان-**
**لە هاواری**
**ناو - دانووب –دایە!**
**دانووب! هاتم لە کەنارتا**
**برین بسرەوێ**

٢- لە شیعری ئاسکیشدا وشەی سیروانی وەکو سنوور بە کار هێناوە و دەڵێت، لە شوێنێکدا وەکو ئەوەی لەوبەر ئاوی سیروانەوە وەستابم و تۆیش وەکو بووکێک بووبیت و بە سواری هاتبیت، لەوێ ڕا دامگرتیت:

**لە شوێنێ وەک لەوبەر سیروان بم ئاوەها**

**تۆ بووک بوویت بە سواری هاتیت و**

**دامگرتی**

٣- لە شیری «ئاخێک»دا شێرکۆ کەناری سیروان بەکار دەهێنێت و دەڵێت:

**مێرگی زام مێرگی هەتاو**

**بە پۆپەشمینی هەڵمێکی**
**شیتاڵ شیتاڵی گوێ سیروان!**

٤- لە شیعری «دەسکەوت»دا سیروانی بە دوو مانا هێناوە، هەم وەکو ناو و هەمیش وەکو ئاوی سیروان و تێیدا دەڵێت:

**بەر لە پێنج ساڵ**
**«گمۆ» ڕیشی نەئەتاشی.**
**«سیروان» ڕادیۆی ناشناڵی یابانی هەڵنەئەگرت.**
**ئازادیی جگەرەکێش نەبوو،**
**هەتا جگەرەی بەغدا بکێشی.**

٥- یان لە جێگەیەکی تری هەناسە ساردەکانی گەرمیاندا دەڵێت:

**بۆ ئازیزێ وەکو کلووی بەفر و پرشنگ**
**وەکو کزەی دەم سیروان و**
**بۆنی گڵی باوە شاسوار**

٦- شێرکۆ بێکەس لە کێتبی دەربەندی پەپوولەدا لە پێنج جێگەدا باسی سیروان دەکات و وشەکەی بە شێوەی جیاواز بە کار هێناوە:

**١- بە دزیی منارەی ئەمەویی شامەوە، لە دەفری**
**سۆزێکدا شەپۆلی نوورێکی یەزدانی هەڵئەگرێ و**
**ئەیبا بۆ: سیروانی مەولانە.**

**٢- تینوێتیم بێ کانی و ئاو نییە**
**تا ئەمرێ سیروانی چاوتانی بەش ئەکات.**

**٣- تۆ تەنها بە بەژنی ئازاری سیروانت**
**قوڵایی ڕووبار و دەریاچە و**
**تا زەریای جیهانیش ئەپێوێت!**

**٤- تریفەی بۆ بکەم بە فەرش و**
**لەبەر پێی سیروانیا ڕای بخەم.**

**٥- بەهارێ ئەچمەوە، کە سیروان وەکو من**
**ئارامی هەڵئەستێ. مەوسیمێ کە خونچە**

## مەولەوی

مەولەویی شاعیر لە دوو بەیتدا باسی ئاوی تانجەرۆ و سیروانی هێناوە، ئەم دوو ئاوە لەناو شیعری شاعیرانی کورددا زۆر بە کار هێنراوە و سوودی لێ وەرگیراوە، هەندێک جار وەکو ڕەمز و هەندێک جاریش وەکو ئیستعارە و سومبول لێی ڕوانراوە.

**١- تانجەرۆی ئەی چەم، سیروانی ئەو چەم//جۆشاویٚ وە هەم ئەی چەم تا ئەو چەم**

**٢- گێج مەدا سەبوون شارەزووری دڵ//سیروانی هووناو دەروونش گوڵگوڵ**

## کاکەی فەلاح

کاکەی فەلاح لە دیوانەکەیدا یەک جار وشەی سیروانی وەرگرتووە، ئەوەیش وەکو ناو بە کاری هێناوە.

**بەڵام ئاخ سیٚ دڵۆپە فرمێسکی قەتیس ماوم**

**لەچاوا بۆ «بەیان و کامەران و سیروان»ە**

## مارف ئاغایی

مارف ئاغاییی شاعیر لە دوو شیعردا وشەی ئاوی سیروانی بە کار هێناوە، جارێک لەگەڵ ئاوی تانجەرۆ و جارێکیش بە تەنیا ناوی هێناوە:

**١- من دەترسێم ڕۆژێک پیرەمەگروونەکان**
**سیروان و تانجەڕۆ بکەن بە دوو باڵ و**
**وەک سیمورغ بەجێمان بێڵن؛**

**٢- هاتووین بچینە سەر سیروان**
**تا هەر دەروێشەی دەفی خۆی لیٚ وەربگریٚ.**

## کەمالی

عەلی کەمال باپیرئاغای شاعیریش ئەم وشەیەی بە کار هێناوە، بەڵام بە سوود وەرگرتن لە شیعرێکی ئەحمەدموختار جاف، ئەم شیعرەی کەمالی بۆ شینی ئەحمەدموختار نووسراوە:

**سەیریکە ئەڵیی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە//«سیروانی سریشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا»**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku







## پیرەمێرد

پیرەمێـــرد لــە شـــیعری «دووبـــارە - تاڤگـــەی زەڵـــم»دا لەســـەر هـــەوای شـــیعرەکەی مەولـــەوی شـــیعرێکی دانـــاوە، هـــەر لـــەو شـــیعرەدا ئامـــاەی بـــە شـــیعرەکەی مەولـــەوی کـــردووە و دەڵێـــت:

(١٩٥٠-١٨٦٧)

**یەکدگیر ئەبی لەگەڵ تانجەڕۆ//بە عەشقی سیروان وێڵ و ڕەنجەڕۆ**

**لە دواواندا کە یەک ئەکەوی//وەک دوو میسرەعی فەردی مەولەوی**

**سـیروانی ئـەو چـەم تانجـەڕۆی ئـەم چەم//بـدەن وەهەمـدا ئـەم چـەم تـا ئـەو چە م**

## موفتی پێنجوێنی

لە لای موفتی پێنجوێنییش ئاوی سیروان هەر وەکو هەندێک شاعیری تر فرمێسک و ئاوی سیروان بە یەک چوێندراون، ئەم چواندنەیش هەم ڕەمزە و هەمیش ئیستعارە و سومبولی ڕەوانبێژییە، هەمیش هێز و توانایی میلەت و نیشتیمان نیشان دەدات...

**١- ئـاوی چەشـمەی چاوەکانـم وا بـە هـەوری خـەم تەقی//شـۆخی و یـاری بـە زۆری بــە ئاوەکەی ســیروان ئەکەم**

**٢- هەی لە جونبوش و خرۆشی لاوان//دێنە لات تیژتر لە ئاوی سیروان**

## حەمدی

لێـــرەدا حەمـــدی ســـیروانی وەک پێوانـــەی پاکـــی، نەرمـــی و جوانـــی بـــە کار هێنـــاوە. حەمـــدی ڕەنـــگ و ڕوخســـاری دڵـــدار بـــە ســـیروان چوانـــدووە، هەروەهـــا بـــە دیجلەیـــش بـــەراوردی کـــردووە، ئـــەم بـــەراوردەی حەمـــدی نیشـــانی دەدات کـــە ســـیروان لـــە هۆشـــیدا تەنیـــا ڕووبارێکـــی جـــوان و جوگرافـــی نییـــە، بەڵکـــو پاکـــی و ڕوونـــی و نەرمییـــە.

لـــە بەیتـــی دووەمیشـــدا دەڵێـــت: لێـــرەدا ســـیروان لەگـــەڵ (زاب)دا وەک مورســـەلی پـــاک دەردەکەوێـــت؛ واتـــە ڕووبـــارەکان وەک پەیامبـــەری پیـــرۆز ئـــاو دەهێنـــن بـــۆ خاکـــی دڵـــدار.

ئـاوی ڕووبـار: نامـە و پەیـام. ئـەم وێنایـە ڕەنگێکـی عرفانـی و نیشـتیمانیی هەیـە، چونکـە خـاک و ئـاو پەیوەندییـان بـە پیـرۆزی و ناسـنامەی کوردبوونـەوە هەیـە.

لـە بەیتـی سێهەمیشـدا حەمـدی دەڵێـت: سـیروان و تانجـەڕۆ: خوێنـی دڵـی کـورد؛ تێکەڵبوونیـان: هاوبەشـیی ئـازار و چارەنـووس، هـەر بۆیـە سـیروان لای حەمـدی هێـمای نیشـتیمانی و سیاسـییە، ڕووبارێکـە کـە مێـژوو، خوێـن، ئابـڕوو و ژیانـی کـوردی تێـدا تێکـەڵ بـوون.

**١- پۆیە سـیروان و زەرب بـۆ شـاڵی چۆغـە و ڕانکـت//وەک حەریـر دیجلـەی جەزیـرە بـا ئـەدەی بـۆ تانتـە**

**٢- تـا دیجلە بـۆ زیارەتـی خاکـی مەقامـی تۆ//سـیروان و زابـە مورسـەلی پـاک و ڕەوانمـان**

**٣- تانجـەڕۆ و سـیروانە تێکـەڵ یـەک بـوون وەک دیجلەیا//ئابـڕوو خوێنـی دڵـی کوردانـە هەردووکیـان تـکان**

**مینە جاف**

لێـرەدا سـیروان وەک شـاهیدی مێژوویـی دەردەکەوێـت؛ ڕووبارێـک کـە لـە درێژاییـی مێـژوودا لەگـەڵ قـەڵا و قـەسری پاشـا کـە شـێروانەیە ماوەتـەوە، لێـرەدا سـیروان وەکـو بەردەوامیـی ژیـان و مانـەوەی مـرۆڤ و سرووشـت نیشـان دەدات. لـە بەیتێکـی تـردا مینـە جاف دەڵێـت: سـیروان وەک سـەیرانگا و شـوێنی ژیانـی کۆمەڵایەتـی دیـاری دەکات؛ شـوێنێک بـۆ تەماشـاکردن، گەشـت و خۆشـی، شـوێنی ژیـان و یـادەوەری، ئەمـە بایەخـی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی سـیروان نیشـان دەدات.

لـە بەیتێکـی تـردا هـەر سـەبارەت بـە ئـاوی سـیروان، شـاعیر دەڵێـت: سـیروان و زاب وەک پێوانـەی تونـدی و زۆری خوێـن و خوێنـی دڵ بـە کار هاتـووە، سـیروان لێـرەدا هێـمای ئازارێکـی قـووڵ و دەسـتدرێژیی هەسـتە مرۆڤییەکانـە... هـەر لـە بەیتێکـی تـردا مینـە جافـی شـاعیر دەڵێـت: سـیروان وەک سـەرچاوە و سـنوورێکی مێژوویـی ناوچەکـە دیـاری دەکاتـت، هەروەهـا وەکـو شـوێنێک کـە بتخانـە و شـوێنە پیـرۆزەکان لـە نزیکیـدا بوویێـت و لـە ئێسـتا ئـەو جێگایانـە وێرانـە بووبـن.

**١- ئـەی قـەڵای پاشـا قـەسری سەر سـیروان//توو خـوا پێـم بڵـێ بـۆچ بوویـی وێـران**
**٢- نامم مەشهوورەن وە قەڵای پاشا//سیروان سەیرانگام پەرێی تەماشا**
**٣- یەک نیگای نازت کە ئاویشت دای لە بەندی جەرگەکەم//زامەکەی خوێناو ئەرێژێت هەر وەکو سیروان و زاب**
**٤- ئەی بتخانەکەی لای دەربەنیخان//بینایی وێرانەی سەرچەمی سیروان**

## لوتفی

لێـرەدا لوتفـی سـیروانی بـەراوردی بـە فرەوانیـی فرمێسـک و ڕەوانبوونـی بێوچـان کـردووە، گریـان و فرمێسـک وەک سـیروان نیشـانەی تونـدی خەمـە، تـا ئاسـتی ئـەوەی شـاعیر «ڕووڕەشـیی دونیـا و قیامـەت» هەسـت دەکات. سـیروان لێـرەدا وێنـەی **قیامەتـی دەروونـی** دروسـت دەکات.

لـەم بەیتـەدا دیسـانەوە سـیروان پەیوەندیـی بـە مـەرگ و ڕۆژی دواییـەوە هەیـە، سـیروانی ئەشـک: خەمێکـی فـراوان و بێکۆتایـی... لێـڵاوی: ئـاژاوە، تێکچوونـی هەسـت، ئـەو ڕۆژەی خـەم و گریانـی شـاعیر، وەک ڕۆژی مەماتـە، واتـا ڕۆژی مـەرگ و دوارۆژ نیشـان دەدات. لێـرەدا سـیروان هێمـای تێکچوونـی ژیـان و کۆتاییـی هیـوای مرۆڤەکانـە.

**١- هـەر وەکو سـیروان لە چـاوم ئـاو ئەچـۆڕێ بـێ وچـان//ڕووڕەش دونیـا و قیامـەت، دەسـتەدامانم وەرە**
**٢- سیروانی ئهشکم بە لێڵاوی هات//ڕۆژی نیشان دام وەک ڕۆژی مەمات**

## عارف عورفی

لێـرەدا گریانـی شـاعیر لـە دڵۆپـەی ئـاوی چـاو، لـە دڵۆپـە دڵۆپـەوە دەگۆڕدرێـت بـۆ نەهرێـک؛ واتـە خەمێکـی بچـووک دەبێتـە شـتێکی گـەورە و بێکۆنترۆڵـە... سـیروان لێـرەدا وەک پێوانـەی لافـاو و زۆریـی خـەم بـە کار هاتـووە. وشـەی لافـاو نیشـانەی تێکچـوون، سـەیلاب و نەیارێنییـە. ئـەم «لافـاوی سـیروانە»، واتـا خـەم و ئـازاری شـاعیر هێنـدە تونـدە، وەک سـەیلابێکی گـەورە پێویسـتی بـە سـەد و بەنـداو هەیـە.

**دڵۆپەی ئاوی چاوم ئاخری نەهرێکی تەشکیل کرد//بەڵێ موحتاجی سەددی خانە، ئەم لافاوی سیروانە**


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## شاهۆ

لێرەدا مەنتیقەی سیروان، واتا ناوچەی سیروان و سنوورەکانی، سیروان لەگەڵ **ئەڵوەند**دا، وەک شاخێکی نیشتیمانی و هێمای خاک و نیشتیمانە. سیروان وەک بابەتی ناکۆکی سیاسی و یاسایی دەکرێت نیشان بدرێت، ئەمە نیشانی دەدات کە ناوچەی سیروان شوێنێکی ناکۆکییە، کە دۆست و دوژمن هەموویان دەستی تێ دەدەن.

**با بزانن دۆست و دوژمن کورد و کوردستان هەموو//ئیددیعای ئەڵوەند و گشتی مەنتیقەی سیروان ئەکەن**

## ئەدیب

ئەدیبی شاعیر شیعرێکی پێنج خشتەکی لەسەر شیعرێکی تاهیربەگی جاف داناوە، ئەو شیعرەی تاهیر بەگ باسی فرمێسکی چاوی دەکات و سیروانی بە سریشک چواندووە.

**تا وەسڵی لە ئاوێنەیی دڵ دێ بە تەفەئول//پەروانە بە ڕووی شەمعی، نەما تابی تەئەممول**

**لەو سەیلی غەمت نابێ ئەمانم بە تەخەییول//ناحەق نییە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحەممول**

**سیروانی سریشکم کە دەکا هاژە لە سەردا**

## ئەخۆڵ

لە دەقی «خەڵتی سیروانت ئەکەم»دا، سیروان دەبێتە شوێنی پێشکەشکردن؛ قەترەی فرمێسک وەک دیاری و قوربانی دەدرێت. فرمێسک: دڵسۆزی و دڵنیایی؛ سیروان: شوێنی پاک و قەبووڵکردن هێمای بەردەوامبوون دەستنیشان کراوە. بۆیە شاعیر دەڵێت: قەترە فرمێسکێک کە لە چاوی منەوە دەچۆڕێت، پێدانی خەڵتێکە بۆ سیروان و هەستێکی پاکە دەسپێردرێت بە شتێکی پاک و بەردەوام، بۆیە لێرەدا سیروان هێمای مانەوە و نەهێڵان و بەردەوامیی ژیانە. پەیوەندیی نێوان مەحشەر و سیروانیش، هێنانی ڕۆژی مەحشەر بۆ دەق، بایەخی پیرۆزییەکەیەتی و توندتری دەکات. ئەمەیش واتای ئەوەیە کە سیروان تەنها شوێنی جوگرافی نییە، بەڵکو شوێنێکی ئەخلاقی و مەعنەویشە.

زەحمەتە تا ڕۆژی مەحشەر ناوی تۆ ون کەم لە دڵ//قەترە فرمێسکی بەجۆگەم خەڵتی سیروانت ئەکەم

## بەختیار زێوەر

لێرەدا سیروان وەک بینای چاوان دەردەکەوێت؛ واتە هەست و تێگەیشتنی شاعیر لە ژیان و دونیادا لە ڕێگەی سیروانەوەیە. قوربانیکردنی ڕۆح نیشانەی خۆبەخشینی تەواو و پەیوەندییەکی پیرۆزە. سیروان لێرەدا دەبێتە چاوەر و گواستنەوەی هەواڵ؛ ڕووبارێک کە هەواڵی یار و وڵات لە خۆیدا هەڵدەگرێت. سیروان: دەنگی کوردستان؛ ئاو: گواستنەوەی مێژوو و ڕووداو... فرمێسک لە سیروان چوێندراوە، واتە پاک و ڕوون و بێگەرد. سیروان پێوانەی پاکیی هەست و قووڵیی دوورییە. سیروان دەبێتە ئامانجێکی گەشت و ئارەزوو؛ هاوتای مانگ، کە هێمای جوانی و دوورییە. سیروان لەنێوان واقیع و خەوندا دەوڵەمەند دەبێت. سیروان لێرەدا شوێنی هەوار و هاوار و داهێنانە. نووسین لە نزیک سیروان، واتە داهێنان لە سەرچاوەی ئازار و یادەوەری. هەروەها لە بەیتێکی تریدا شاعیر دەڵێت: سیروان دۆستی کۆنی شاعیرە و قەڵاکەیش بۆ شاعیر قەسرێکی شیرین و جوانە و جێی دەسەڵاتە. کەواتە سیروان هێمای ناسنامە و مانەوە و ژیان و بەردەوامیی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە.

**١- ڕووباری سیروان، بینای چاوانم//ڕۆحم قوربانت، دەردت لە گیانم**

**٢- سیروان ئەحواڵی یار و ئەربابت//حەوادیساتی ناو کوردستانم**

**٣- لە زمناکۆ بەخوڕ فرمێسک بڕێژە ساف وەکو سیروان//بەناڵەش ئەم کەژە پڕکە لە دووریی پەرچەمی خاوی**

**٤- نامەم ئامادە بۆ شاری بەغدا//یا مانگ یا سیروان یەکێکیان ئەبیا**

**٥- هەوارم ئەمڕۆ لەسەر سیروانە//بۆ نووستن ئەچمە قەڵای شیروانە**

**٦- سیروان ئەناسم دۆستەکەی پێشین//بەڵام قەڵاکە قەسرێکە شیرین**



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## جەفایی

لێرەدا سیروان دەبێتە شوێنی دەخیلکردن و ڕازدان؛ شوێنێک کە ئەحواڵ و ڕازەکان دەخرێنە دەست ئەوەوە. سیروان لێرەدا زمانی هەیە و توانای وەرگرتنی ڕاز و ئازاری دڵی مرۆڤی هەیە. هەروەها سیروان دەبێتە سەودا و عەشقی توند. وشەکانی: سەرعی، سەودا، دێوانە و خەمباران هەموویان سیروان دەخەنە ناو بوارێکی توندی هەستەوە. هەر بۆیە سیروان بووەتە هێمای هێزی بێکۆنترۆڵی عەشق و ژیان.

**تەفسیل ئەحواڵ دەخیلەن سەر خێڵ//دا پەرسە سیروان لێوەی دەروون لێڵ**

**سیروانی سەرعی، سەودای نیگاران!//دێوانەی دەردین دیدە خەمباران!**

## ئەوڕەحمان بەگی بابان

حوکوومەتی ئێران بە بەهانەی چەک سەندنەوە لە ١ی کانوونی ساڵی ١٩٥٠دا بە هێزی هەوایی و زەمینییەوە پەلاماری عەشیرەتی جوانڕۆی دا. بەو هۆیەوە ئەم دەستە بەستە بێژراوە. بۆیە شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێت:

**مەپرسە سیروان بۆ سوورە؟ دیجلە بۆ چی لێڵاوە//بەڕاستی ئاوی ئەم نەهرانە سێسەد ساڵە خوێناوە**

**شەرقی ناوەوە دەشت و شاخانی//دیجلە و فورات و زاب و سیروانناوی تایبەتی**

**سیروان و زێی ئەڕێژنە قەبرسان و جێمەوە//بستێ زەوی نەماوە سەری لێ بنێمەوە**

لێرەدا ڕەنگی ئاوی ڕووبارەکان بە خوێن ڕێک دەخرێت. سووری سیروان: خوێنی ڕژاو؛ لێڵاوی دیجلە: تێکچوونی مێژوو و تاوان. شاعیر ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم ڕووبارانە سێسەد ساڵە چاوەری شەڕن، کوشتار و زوڵم بوون. سیروان لێرەدا بیرخەرەوەی تاوانی مێژووییە. لێرەدا سیروان لەگەڵ دیجلە، فورات و زاب ناو دەبرێت، واتە: سیروان: بەشێک لە سیستەمی ژیانی ڕۆژهەڵات و ڕووبارەکان: بنەمای مێژوو و شارستانیەتن، سیروان لێرەدا ناوێکی تاک نییە، بەڵکو بەشێکە لە ناسنامەی گشتیی ناوچەکە و سیروان دەبێتە قەبرستان و شوێنی ئەو خوێن و گیانانەی لە ناوەکەیدا ڕژاون. ئەم وێناسازییە توندترین تێکچوونی نێوان ژیان (ئاو) و مەرگ (قەبر) پیشان دەدات.

## تاهیربەگی جاف

وشەی پردی تەحەممول: واتا پردی بەردەوامبوون و توانا نیشان دەدات، کە هەر شتێک سنوورێکی هەیە. سیروان لێرەدا دەبێتە پێوانەی ئەو سنوورە: گریانی شاعیر هێندە زۆرە، وەک سیروان دەبێتە دەریا و ڕووبار و سەیلاب، ئەگەر پردی تەحەممول بشکێنرێت، نەوەستان و هاژە (تێکچوون) ڕوو دەدات. سیروانی سریشکم: واتا گریانی من خۆی گۆڕیوە بۆ سیروان. ئەمە نیشانی دەدات کە خەم لە ئاستی هەست تێپەڕیوە و گەیشتووەتە ئاستی تێکچوونی دەروونی.

**ناحەق نییە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحەممول//سیروانی سریشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا**

## دیوانی ئەحمەدموختار جاف

لێرەدا دوو هێزی دژە یەکتر (ئاگر/ئاو) تێکەڵ دەبن؛ سیروان و تانجەرۆ= ئاوی گریانی؛ گرپ و گڕ= سووتانی ناوەوە، ئەم تێکەڵبوونە توندیی هەست نیشان دەدات. لێرەدا سیروان هێزی سەیلابمانا بووە، بەڵام شاعیر بە فرمێسک دەیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. دووریی دڵدار وا دەکات گریانی شاعیر ببێتە دەریا و سیروان و تانجەرۆ پێوانەی ئەم فراوانییەیە، لێرەدا سیروان و تانجەرۆ دەبنە خوێنی گەل. سووری و لێڵاوی: خوێن و شەهیدان. سیروان هێمای شیوەنی نیشتمانییە و گریان وەک باران دەبارێت و دەبێتە ڕووبار. سیروان و تانجەرۆ هێمای تێکچوونی خەمن.

**١- گرپە و گڕەی تەنوورە بلێسەی هەناوەکەم//سیروان و تانجەڕۆیە خوڕەی ئاوی چاوەکەم**
**٢- لابە تووخوا نامەوێ دیجلە و فورات و نیلناوی تایبەتی تۆ//من بە فرمێسک ئێستەکە تەشکیلی سەد سیروان ئەکەم**
**٣- یەعنی ئاوی دیدەکانی من لە دووریی قامەتت//وا بە خوڕ دێن هەر لە نەهری تانجەڕۆ و سیروان ئەکەن**
**٤- خوێنی چاوی کوردەکانە بۆ وەتەن شیوەن ئەکەن//بۆیە وا لێڵاو و سوورن تانجەرۆ و سیروانەکەی**
**٥- بارش و بارانی هەوری چاوەکانم جارییە//زەڵمە یا خۆ تانجەڕۆیە تێکەڵی سیروان ئەکا**



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٦- ئەی نیگاری نازەنین لەو ڕۆژەوە دووری لە من//سەیلی دیدەم وا بەخوڕ دێ هەروەکو سیروانە بۆت

## هەژار موکریانی

**چ کەڵوە و چ سیروان و ئاوێژەڕۆیە//بە دیمەن هەمووی شۆخ و شەنگتر لە تۆیە**

لێرەدا شاعیر کەڵوە و سیروان و ئاوێژەڕۆیەی لە بەرامبەر یاردا بە جوانتر زانیوە...

## ئاغا عینایەت

لێرەدا شاعیر: سیروان وەک ڕووبارێکی بەناوبانگ و ناسراو دەناسێنێت، لەگەڵ ئەوەیشدا سنووری سیاسی و جوگرافیی ڕووبارەکە دەستنیشان دەکات کە لەناو خاکی ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت، واتا سیروان تەنها دیمەنێکی سرووشتی نییە، بەڵکو ڕەمزی سنوور و دەسەڵات و مێژوویشە. شاعیر ئاوی سیروان و کات و شوێنی تێکەڵ کردووە، ڕووباری سیروان وەک هەڵگری بیر و مێژوو دەرکەوتووە و دەبێتە ڕێگای گوزەر بۆ هەموو بوارەکان...

**نەو جا ویەردی ئاوی سیروانەن//مەشهوورەن مەحدوود خاکی ئێرانەن**

**ئاوی زمکان و لێڵە جەو مەکان//داخڵ بۆ نە تۆی ڕوودخانەی سیروان**

**ئەو چەمی سیروان جە دەس وەر مەدەر//کوێڵە و ماکوان وەشەن پەی گوزەر**

## کامەران موکری

کامەران موکری ئاوی سیروانی وەکو کەرەستەیەکی یان وەرگرتووە و کردوویەتی بە وێنەی سروشتێکی جیاواز (ڕەنگی ئاو، ڕووبار، سەوزایی، تیشکی ڕۆژ) نیشان داوە، سیروان وەک شوێنێک پیشان دەدات و ڕەنگی جیاواز دروست دەکات.

**لە سیروان جلی ڕەنگاوڕەنگ//ئەگەڕێ بۆ کاملی شەنگ**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## سەرچاوەکان

ئاغا، عەلی عارف (٢٠١٢)، دیوانی شاری، ئامادەکردنی: ئەحمەد حوسێن ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ئاغایی، مارف (١٣٩٤): زەوی سەخت و ئاسمان دوور، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی سەقز، سەقز.

بابان، ئەوڕەحمانبەگ (١٩٨٩)، دیوانی ئەوڕەحمانبەگی بابان، ئامادەکردنی: مەحموود ئەحمەد موحەممەد، چاپخانەی زەمان، بەغداد.

باپیر ئاغا، عەلی کەمال (٢٠٢٥)، دیوانی کەمالی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، ئینتیشاراتی کوردستان، سنە.

بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩): دیوانی شێرکۆ بێکەس «١٩٦٨-٢٠٠٨»، کۆبەرهەم، چاپی دووەم، سوید.

پیرەمێرد (٢٠٠٧)، دیوانی پیرەمێردی نەمر، کۆکردنەوە و پەراوێزنووسینی موحەممەد ڕەسوول (هاوار) چاپی یەکەم.

تووتنچی، مەلا عەبدوڵڵا (١٩٩٠)، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الشركة العراقية للطباعة الفنية المحدودة، بغداد.

جاف، تاهیربەگ (٢٠٢٣)، دیوانی تاهیربەگی جاف، کۆکردنەوە، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە: موحەممەدڕەشید ئەمینی و کاروان عوسمان خەیات و جووتیار نەریمان، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی کوردستان، سنە.

جاف، مینە (١٩٩٠)، دیوانی مینە جاف، کۆکردنەوەی موستەفا نەریمان، چاپخانەی مطبعة الجاحظ، بەغدا.

جاف، ئەحمەدموختار (٢٠٢٣)، کۆبەرهەمی ئەحمەدموختار جاف، کۆکردنەوە، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئینتیشاراتی کوردستان، سنە.

حەسەن، مەلا (١٩٧٦)، دیوانی شاهۆ، کۆکردنەوە و ڕێخستنی: موحەممەدئەمین کاردۆخی، دەفتەری یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.

زێوەر، بەختیار (٢٠٠٨)، دیوانی بەختیار زێوەر، مەحموود زێوەر کۆی کردووەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

ساحێبقڕان، ئەحمەدبەگ (١٤٠٣)، دیوانی حەمدی، کۆکردنەوە و توێژینەوەی: موحەممەدئەمین شاسەنەم، ئینتیشاراتی ڕۆژهەڵات، سنە.

شاکەلی، شێخ ئەحمەد (٢٠٠٩): دیوان و یادداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، ساخکردنەوە

و پێشەکی بۆ نووسین: هاشم عاسی کاکەیی، چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
عەبابەیلەیی، شێخ عەبدوڵڵای حەمەئەمینی (١٩٨٠)، دیوانی جەفایی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: موحەممەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغداد.
عەبدوڵڵا، ئەحمەد دەروێش (٢٠١٧)، دیوانی ئەخۆل، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: مەریوان قەفتان، چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاڵمان و کورد بۆ پێکەوە ژیان- ناوەندی کولتووری کورد، نورینبێرگ-ئاڵمان، چاپخانەی ڕێنوێ، سلێمانی.
عورفی، عارف (١٩٨٥)، دیوانی عارف عورفی، ساغکردنەوە و پێشەکی بۆ نووسینی: ئومێد کاکەڕەش، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.
عینایەت، ئاغا (١٣٧٨)، دیوانی ئاغا عینایەت، ساغکردنەوەی: سەیید باقر هاشمی، موئەسسەی فەرهەنگیی ئینتیشاراتی ئەباساڵح، کرماشان.
فەلاح، کاکەی (٢٠٠٤)، دیوانی کاکەی فەلاح، ئامادەکردنی: بنەماڵەی شاعیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
قانع (١٣٩٣)، دیوانی قانع، ئامادەکردنی بورهان قانع، چاپی هەشتەم، چاپخانەی داڵاهۆ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
گڵەزەردەیی، شێخ لەتیف شێخ ڕەزا بەرزنجی (٢٠١٣)، دیوانی لوتفی، ئامادەکردنی: شێخ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
لاجانی، مەلا ڕەسوول (٢٠١٩)، دیوانی ئەدیب، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئیرەج مورادی باقلاوایی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران، سۆران.
مەولەوی (١٣٨٤)، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی سێیەم، ئینتیشاراتی کوردستان، سنە.
موکری، کامەران (٢٠١٢)، دیوانی کامەران موکری، سەرپەرشتیکردنی چاپ: حوسێن بەفرین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
موکریانی، هەژار (٢٠٠١)، دیوانی بۆ کوردستان، سەرپەرشتی بۆ چاپ، شوکور موستەفا و بەدران حەبیب، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.



# چەند دۆزینەوەیەکی دیکەی چاخەکانی پێش مێژوو لە گەرمیان


## محەمەد عەلی شوێنەوار

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان


سنووری گشتی گەرمیان (چەمچەماڵ و کەرکوك لە باکور و باکوری ڕۆژئاوا، بۆ مەندەلی و بەدەرە لە باشوری ڕۆژئاوا) دەوڵەمەندترین ناوچەکانی باشوری کوردستانە لە ڕووی پێگەی شوێنەوارییەوە، بە پێی ئەوداتایەی لەبەردەستن تەنها لە بەشێکی سنووری شارەکانی ناوەراستی گەرمیان (کەلار، کفری و خانەقین) زیاتر لە پێنج سەد شوێنی شوێنەواری دیاریکراوە، لە کاتێکدا ڕووپێوی بۆ زیاتر لە نیوەی سنورەکانی ئەم شارانە نەکراوە.

گرنگترین ئەو ڕوپێوییانەی کە سنووری ئیداری ئێستای گەرمیانی گرتۆتەوە، بریتین لە ڕوپێویکردن شوێنەواری لە لایەن تیمی شوێنەوارناسی عێراقی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٤٢ – ١٩٧٠)، تیمی شوێنەوارناسی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان لە ساڵی (٢٠١٤ – ٢٠١٥)، هەروەها ڕووپێوی تیمە بیانیەکان بە هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لە نێوان ساڵی (٢٠١٢ – ٢٠٢٣). بەپێی فورمی ژمارە و زانیارییەکان؛ دووایین ڕوپێوی گرنگترینیانە، کە چەند زانکۆیەکی ئەورووپی و ئەمریکی بەژدارییان تێداکردووە، هەر بەپێی زانیارییەکانی ئەم ڕووپێوییە، تەنها لە هێڵی باکوری ڕۆژهەڵاتی بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی سنوری ئیداری گەرمیان، زیاتر




hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

لـه (٤٠) ناوچـەی شـوێنەواری دۆزراوەتـەوە، کـە تـەواوی ئـەم شـوێنە شـوێنەوارییانە یـان چەنـد چینێکـی دەگەڕێنـەوە بـۆ چاخەکانـی پێـش مێـژوو وەك چاخـی بەردینـی نـوێ (٨٠٠٠ – ٤٩٠٠ پ.ز)، (چەرمـۆ، حەسـوونە و سـامەڕا) و چاخـی بەردینـی کانزایـی (٤٩٠٠ – ٢٩٠٠ پ.ز)، (حەلـەف، عوبەیـد، وەرکا، جەمـدەت نـەسر و نەینـەوا٥). کەواتـە ناوچەکـە پێگەیەکـی گرنگـی ژیانـی مرۆڤایەتـی بـووە لـە چاخەکانـی پێـش مێـژوو، بـەڵام بـە داخـەوە تاوەکـوو ئێسـتا کنەوپشـکنینی شـوێنەواری تەنهـا بـۆ دوو یـان سـێ ناوچـەی وەك (گـردی ڕەحیـم، شـوێنەواری شـاخی کـوورە و کنەوپشـکنینێکی خێـرا لـە بەردەسـوور) ئەنجامـدراوە، ئەمـەش بەڕێـژە ناکاتـە (٦٪) ئـەو ژمارەیـە.

## هونەری سەربەرد Rock Art لە گەرمیان (١٥٠٠٠ – ٨٠٠٠ پ.ز)

هونـەری سـەر بـەرد (Rock Art) واتـا وێنەکێشـان یـان نەخشەکێشـان لەسـەر ڕووی بەردێـك لـە لایـەن مرۆڤەکانـی چاخـی بەردینـەوە، ئـەم نەخشـاندنە ڕەنگـە تەنهـا بـە ڕەنگکـردن یـان بـە هەڵکۆڵینـی ڕووی بەردێـك بەرهـەم بهێنرێـت، لـە هەمانکاتـدا دەکرێـت هـەردوو ڕێگاکـە، واتـە بـە هەڵکۆڵیـن و ڕەنگکـردن نەخشـەکان تەواوکرابـن، لـە کۆتاییـدا ئـەم کردارانـە دیمەنێکـمان پێشـاندەدات. کەواتـە ئەتوانیـن کـرداری وێنەکێشـان لەسـەر ڕووی بەردێـك بـە هـەر ڕێگایەکـی، وەك ڕێـگای ڕەنگڕێـژی یاخـود نەخشـکردن لـە ڕێـی هەڵکۆڵیـن و قوڵکردنـەوە، بـە هونـەری سـەر بـەردی بناسـێنین لـە کۆنـدا. ئـەم هونـەرە یەکێکـە لـە کۆنتریـن پیشـەکان کـە مـرۆڤ دەسـتی بـۆ بـردووە، لـەم ڕێگایەشـەوە توانیویەتـی پەیامەکانـی خـۆی بگەیەنێـت بـە دەوروبەرەکەیـی و ئەوانـەی لـە پـاش خـۆی دەیبینـن. مـرۆڤ پەیامگەلێکـی لـە دیمەنـی سـەر بەردەکانـەوە جێهێشـتووە، وەك پەیامـی (تـرس، ئازایەتـی، دەسـتڕەنگینی، ڕێنمایـی و ئاگادارکردنـەوە و هتـد ...). لـە پـاڵ هەمـوو پاڵنەرەکانـی دیکـەی دروسـتبوونی ئـەم هونـەرە، کـە زۆرێکیـان تـا ئێسـتا بـە شـاراوەیی ماوەتـەوە، دەکرێـت بڵێیـن؛ دەسـتڕەنگینی مرۆڤـەکان وەك خەسـڵەتێکی ئەزەلـی کـە لەگـەڵ پەیدابوونـی کەسـەکەوە بوونـی هەبـووە و گەشـەی کـردووە، یەکێکـی دیکەیـە لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی پەیدابوونـی ئـەم هونـەرە، چونکـە مرۆڤـەکان زۆرجـار چالاکـی و ئارەزووەکانیـان لـە دەوری ئـەو خەسـڵەتانە کۆکردۆتـەوە کـە شـارەزاییان تێـدا هەبـووە. ئـەم هونـەرە بـۆ ئەمـڕۆی ئێمـە هەگبەیەکـی پـڕ لـە زانیارییـە، بـە تەماشـاکردنی دیمەنـەکان و وردبوونـەوە لـە تـەواوی نەخشـە جۆراوجۆرەکانـی تایبـەت بـەم هونـەرە، کۆمەڵـێ نهێنیـی گـەورە لـە ژیانـی مرۆڤـی چاخـە بەردینـەکان ڕوون دەکاتـەوە. ئـەم هونـەرە بـە هـۆی دێرینـی و پانتایەکـەوە، دەکرێـت هـەر یەکێکـمان لـە چـاوی پسـپۆرییەکەوە دەیـان دیمەنـی دیکـەی جیـاواز لـە کـۆی هونەرەکـە هەڵبێنجێنێـن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku






هێڵکاری یەکێك لە دیمەنەکانی نەخشەکەی چەمی بەردەروەن - هۆرێن

بە شێوەیەکی بەرچاو لە کوردستان و ناوچەی گەرمیان، مرۆڤ لە چاخە کۆنەکاندا، هونەری سەر بەردی (Rock Art) لە نزیك سەرچاوە ئاوییەکان و سەرەتای دەربەندەکان بەکارهێناوە. لە باکووری رۆژهەڵاتی گەرمیان چەند نەخشێکی سەر بەرد (Rock Art) دۆزراوەتەوە، دیمەنەکانی زۆر لە یەکترەوە نزیکن، نەخشەکان دەکەونە گوندی (هۆرێن)ی سەر بە شارۆچکەی (مەیدان – خانەقین). هونەری سەر بەردی ئەم ناوچەیە لە جۆری هەڵکۆڵینە (Petroglyphs)، واتە بە رێگای هەڵکۆڵین و قوڵکردنی دیمەنەکان بەرهەمهێنراون.

نەخشی یەکەم: (نەخشەکەی چەمی بەردەروەن لە هۆرێن)، بریتییە لە دیمەنێکی گیانەوەری نزیك لە ئاژەڵی (بزنە کێوی/کەڵە کێوی). لە دیمەنەکەدا بە روونی نەخشی کەڵەکێویێك دەبینرێت، قەبارەکەی بەقەد رووبەری ناو لەپی مرۆڤێکە، بەڵام لای خوارەوە بە قەبارەیەکی بچوکتر دیمەنی کەڵەکێویەکی دیکە بە شێواوی دەبینرێت، ئەوەی روونە تەنها شاخەکانیەتی. ئەم نەخشە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (٢٠١٥ز) دۆزراوەتەوە، لە کاتی ئەنجامدانی (پرۆژەی ناوچەی سیروان) لە نێوان دوو زانکۆی بیانی و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان، خودی هونەرەکەش تایبەتە بە هەڵکۆڵینی سەربەرد لە چاخە بەردینەکان. نەخشەکە دەکەوێتە ناو چەمی سەرەکی سەرتەك کە ناسراوە بە (چەمی سەرتەك)، لە ئاستی بەردەروەن لەو شوێنەی کە بە (چەمی بەردەوەن) ناسراوە.



نەخشی دوو کەڵەکێویکەی لەسەر گابەردێك لە ناو چەمی بەردەروەن – هۆرێن،  (٢٠١٥)

نەخشی دووەم: (نەخشەکەی بەردەروەن لە هۆرێن) بریتیە لە دیمەنێکی گیانەوەری نزیك لە ئاژەڵی (بزنە کێوی/کەڵە کێوی). لە ڕووی قەبارەوە پانیەکەی دەگاتە (٣٥سم) و بەرزیەکەشی تەنها (٢٩سم)ە. نەخشەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (٢٠٢٤ز) دۆزراوەتەوە و دیۆکۆمێنتکراوە لە لایەن کێودۆست (بەهێز فاروق) و شوێنەوارناس (محەمەد عەلی). ئەم نەخشە دەکەوێتە ناو دەربەندەکەی سەرتەك (تەنگی سەرەتەك)، لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە (شاخی بەمۆ) لە قەدپاڵی خوارەوە هەڵکۆڵراوە.

## گردی شوێنەواری (شاخی کوورە) (٣٤٠٠ -٣٢٠٠ پ.ز)

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە گوندی (بانئاسیاو – کۆکس) لە ڕۆخی ڕووباری سیروان، یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگ و دەگمەنەکانی ناوچەی گەرمیان. لە ساڵی (٢٠١٨ز)ەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیانەوە، وەك شوێنەوارکی گرنگ و سامانێکی مێژوویی دیاریکراوە. لە پاشتر زانکۆی (گلاسکۆی بەریتانی) لە پرۆژەیەکی هاوبەش لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بڕیاردرا بە ئەنجامدانی کنەوپشکنین.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



دیمەنی شوێنەواری (شاخی کوورە)، لە ڕووخی ڕووباری سیروان، (**GLATZ, et al.** ٢٠٢٤)

شوێنەوارەکە نشینگەیەکی بەرفراوانە کە نزیك دەبێتەوە لە شەش هیکتار. ئەگەرچی تاوەکوو ئێستاش کاری کنەوپشکنین بەردەوامە، بەڵام دەرەئەنجامەکانی پێشووتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، گرنگترین قوناغەکانی نیشتەجێبوونی لە هەناوی شوێنەوارەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چاخی وەرکا (٣٤٠٠ – ٣٢٠٠ پ.ز). دەرئەنجامی سێ وەرز کاری کنەوپشکنین لە شوێنەواری ناوبراو، دۆزینەوەی چەندین جێماوی شوێنەواری بووە لە نموونەی (بیناسازی، گڵینەی وەك سەدان قاپی لێوار ئەستوور، سیستەمی ئاودێری، گڵینەی قوچەکی ڕازاندنەوەی دیوار **wall-cone**، پەیکەر گیانەوەری، مۆر و موورو و ...هتد). قاپە لێوار ئەستوورەکان بەشێکە لە تایبەتمەندی و پێناسەکانی چاخی وەرکا، لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و دەوروبەری. شیکارە کیمیاوییەکان لەسەر قاپە گڵینەییەکانی شاخی کوورە، دەریدەخستووە بەشێك لەقاپەکان بۆ (گۆشت و شلە و شیرەمەنی) بەکارهاتووە، ئەمەش دەرخەری بە خێوکردنی ئاژەڵە لە شاخی کوورە بۆ چەند مەبەستێکی هەمەجۆر، بەڵام تەواوی دۆزینەوەکانی دیکەی چاخی وەرکا لە ناوچەکانی دیکەی میزۆپۆتامیا، قاپەکان تەنها بۆ خۆراکی وشك بەکارهاتوون.




چەنـد نموونەیـەك لـە پارچـە دۆزراوەكانـی شـاخی كـوورە، پەیكەرێكـی بچووكـی بـەران لـە گـەڵ چەنـد گڵینەیەكـی قوچەكـی دیـوار،(GLATZ, et al. ٢٠٢٤) .

سیتســەمی ئاودیـری یەكێـك لـە قوناغەكانــی نیشــتەجیبوون لــە شــاخی كــوورە، بریتیــە لــە بوریــی لوویــی گڵینەیــی و گــۆزە كونكــراوە بەرەدەوامــەكان، ئەمانــە پێكــەوەی سیســتەمێكی ئاودیــری ڕیكخراویــان پێكهێنــاوە، كــە سیســتەمێكی ئابــووری كۆمەڵایەتیــە، ئــەم بەڵگانــە بۆچوونــی شوێنەوارناســانی گــۆڕی بــۆ گریمانــەی بوونــی شــێوازێكی حوكمڕانــی ســەرەتایی و دەســەڵاتێكی ناوەنـدی لـە ناوچەكـە.



سیستەمێكی ئاودێری گڵێنەیی، گردی شوێنەواری شاخی كووره

## سەرچاوەکان

-1 There and back again: local institutions, an Uruk expansion and the rejection of centralisation in the Sirwan/Upper Diyala region, Claudia Glatz , Francesco Del Bravo , Francesca Chelazzi , Daniel Calderbank , Synnøve Gravdal Heimvik, Robin Bendrey , Mette Marie Hald , Michael Lewis, , Aris Palyvos, Apostolos Sarris, Salah Mohammed Sameen. Published by Cambridge University Press on behalf of Antiquity Publications Ltd, ٢٠٢٤.

-2 PLACE, ENCOUNTER, AND THE MAKING OF COMMUNITIES, The Lower Sirwan/Upper Diyala River Valley from Prehistory to the Iron Age, AUTHORS: CLAUDIA GLATZ, DANIEL CALDERBANK, FRANCESCA CHELAZZI, SALAH MOHAMMED SAMEEN, NEIL ERSKINE, FRANCESCO DEL BRAVO, NAWZAD ABDULLATIF, METTE MARIE HALD, ADAM E. MIGLIO, ELSA PERRUCHINI, MOHAMMED ALI, SARWAT HAMDAN, APHRODITE SOROTOU, ERIC JENSEN, ARIS PALYVOS, SYNNØVE GRAVDAL HEIMVIK, ROBIN BENDREY, JESSICA PEARSON, JACOB LAUINGER, DANIELE MOSCONE, ANDREA SQUITIERI, EMMA BAYSAL & KATHERYN TWISS, ٢٠٢٤.

٣- (پرۆژەی ناوچەی سیروان) بە بەڕێوەبەرایەتی تۆفیق شەریف ئۆغلۆ ( زانکۆی بەتلیس ئێرن – تورکیا ) دکتۆر جێسی کاسانا – زانکۆی ئەرکەناس و کلاودیا گلاتز – زانکۆی گلاسکۆ – بەریتانیا )، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٥.

٤- ڕاپۆرت و چالاکیەکانی (پرۆژەی ناوچەی سیروان) (٢٠١٢ – ٢٠٢٣)، لە لایەن چەند تیمێکی زانکۆ بیانیەکان و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان.

٥-کلاودیا گلاتز، (ڕاپۆرتی چالاکییەکان مانگی ٥ی ٢٠٢٣)، پرۆژەی ناوچەی سیروان، پرۆژەی هاوبەشی نێوان تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی گلاسکۆ و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کەلەپووری گەرمیان.

٦- مديريه الأپار العامه، المواقع الأپريه فی العراق, بغداد ١٩٧٠.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


نەخشەی کارگێڕی ناحیەی ناوەندی قەزای کەلار
N
ناحیەی ڕزگاری
ناحیەی پێباز
ناحیەی قەرەتوو
ناحیەی سەرقەڵا
ناحیەی کۆکس
کــەلار
Scale\ 1:40000
ناحیەی ناوەندی قەزای کەلار یەکێکە لە چوار ناحیەی قەزای کەلار لە ئیدارەی گەرمیان لە
پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستان. ئەم ناحیەیە بە هاتنە کایەی قەزای کەلار
لە ساڵی ١٩٧٠دا هاتەکایەوە سەر بە پارێزگای کەرکووک بوون. لە ساڵی ١٩٧٥دا خرانە سەر
پارێزگای سلێمانی. سنووری ئەم ناحیەیە لە پێشتردا لە سنوری ناحیەی شیروانە
بوون لە قەزای کفری. ئەم ناحیەیە لە ڕووی کارگێرییەوە پێکهاتووە لە (٢٥)گوند ناوەندەکەی
شارۆچکەی کەلارە. ئەم نەخشەیە کێشراوە لەلایەن موحەممەد فائق تۆفیقەوە لە
ساڵی ٢٠٢٤دا
کلیلی نەخشە
شارەدێ
گوند
ڕێگای دوو ئاراستەی قیر
ڕێگای یەک ئاراستەی قیر
ڕێگای گڵ
چەم
سنووری ناحیە



# ئاواز و ژەنین و چڕینە تایبەتەکان بە شینگێڕی لە نەتەوەی کورددا

محمد گەرمیانی

## پێشەکی

لەنێوان چیا سەرکەشەکانی کوردستان و دەشتە بێکۆتاییەکانیدا، هەمیشە دەنگێک هەبووە کە زمانی حاڵی ئازارەکان بووە. شینگێڕی لە کولتووری کوردیدا، تەنها گوزارشت نییە لە کۆچی دوایی ئازیزان، بەڵکو مێژوویەکی نەنوسراوە کە لە گەرووی ژنانی چاوبەشۆڕ و پیاوانی شاخییەوە بە شێوەی لاوانەوە، چەمەری، مۆر و هۆرە دەهاتە دەرێ . لەم نووسینەدا، گەشتێک دەکەین بەناو هەر چوار پارچەی نیشتماندا، بۆ ئەوەی بزانین چۆن کورد توانیویەتی خەم بکاتە ئاواز و لە ڕێگەی شێوازە جیاوازەکانی شینگێڕییەوە، ناسنامەی خۆی لەناو لێشاوی مەینەتییەکاندا بپارێزێت ، ئەگەر لە ڕوانگەی فۆلکلۆرەوە سەیری بکەین ئەوا هونەری شینگێڕی و ئەو ئاوازانەی بۆ پرسە و ماتەمینی بەکار دێن، بەشێکی دانەبڕاون لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی کوردی. ئەم شێوازە لە دەربڕین، لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت؛ لە باکوور بە ( بۆژین و شیوەن ، لە ڕۆژهەڵات و باشوور بە مۆر و چەمەری . . . هتد ) و لە ڕۆژئاواش بە شێوازە تایبەتەکانی خۆیان. ئامانجی ئەم بابەتە ناساندنی ئەو کێش و سەروا و مەقامە غەمگینانەیە کە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا وەک میراتێکی کولتووری ماونەتەوە و لێکۆڵینەوە لەو ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە ئەم جۆرە گۆرانیانەیان خولقاندووە دەمانگەیەنێت بەوەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کـە کـورد میللەتێکـە لەگـەڵ خەمـدا گـەورە بـووە وەلـێ هەرگیـز ڕێگـەی نـەداوە کـە خـەم بێدەنگـی بـکات. شـینگێڕی لـە کوردسـتاندا زمانێکـی تایبەتـە ، زمانێـک کـە تێیـدا مۆسـیقا و شـیعر ئاوێتـەی یـەک دەبـن بـۆ ئـەوەی چیرۆکـی ژیـان و مـردن بگێڕنـەوە. لـەم بابەتـەدا تیشـک دەخەینـە سـەر تایبەتمەندییەکانـی شـێوازی خوێنـدن و ئـەو هـەواو شـێوازە خوێندنـە جیاوازانـەی کـە لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان بـۆ شـینگێڕی بـەکار دەهێـنرێ . لـە ڕەهەنـدی فەلسـەفیدا دەبـێ بڵێیـن فەلسـەفەی شـین گێـڕی شـینگێڕی لـە زێـدی کـوردان، تەنهـا گریانێکـی بەکـوڵ نیـە بـۆ لەدەسـتدانی جەسـتەیەک، بەڵکـو جۆرێکـە لـە بەرهەڵسـتی و مانـەوە. کاتێـک مرۆڤـی کـورد بـە ئـاوازی مـۆر یـان لاوژە خەمەکانـی دەچڕێـت ، لـە ڕاسـتیدا خەریکـی پاراسـتنی ئـەو یادەوەرییـە بەکۆمەڵەیـە کـە داگیرکـەران و کارەسـاتە سروشـتییەکان ویسـتوویانە بیسـڕنەوە. ئـەم شـێوازە خوێندنـە، پردێکـی دەنگییـە کـە نەوەکانـی ئێسـتا بـە ڕابردوویەکـی پـڕ لـە هـەوراز و نشـێوەوە گـرێ دەدات؛ تێیـدا تـەرزە غەمگینەکانـی دەنـگ دەبنـە ناسـنامەیەک کـە هیـچ سنوورێکی دەسـتکرد ناتوانێـت لەبەریـەک هەڵیـان بوەشـێنێت. لـەم سـۆنگەیەوە، شـینگێڕی نابێـت تەنهـا وەک دیاردەیەکـی ماتەمینـی سـادە تەماشـا بکرێـت، بەڵکـو دەبـێ وەک (ئەرشـیفێکی زینـدووی دەنگـی) لێـی بڕوانرێـت. کاتێـک دەنگـی زوڕنایەکـی غەمگیـن لـە دەۆڵێکـی شـێوازی (چەمـەری) دەدات، یـان کاتێـک گـەرووی بێژەرێکـی (هـۆرە) لـە نـاو تەمومـژی چیاکانـدا دەلەرزێـت، ئـەوا هەمـوو مێـژووی چەوسـانەوە و کۆڵنەدانـی نەتەوەیـەک ڕادەچڵەکێـت. ئـەم ئاوازانـە، تەنهـا گوزارشـت لـە کۆچـی تاکەکـەس ناکـەن، بەڵکـو کۆژانـی نەتەوەیـەک لەخـۆ دەگـرن کـە لـە فۆرمـی وشـە و مەقامـدا جێگیـر بـوون.

شـینگێڕی لـە کوردسـتاندا، هونـەری (گۆڕینـی فرمێسـکە بـۆ هێـز)؛ ئـەو شـوێنەیە کـە تێیـدا بێدەنگـی دەشـکێت و خـەم دەبێتـە پەیـام. لـەم توێژینەوەیـەدا، ئێمـە تەنهـا بـاس لـە چۆنیەتـی مـردن ناکەیـن، بەڵکـو بـاس لـەو (ژیانـە) دەکەیـن کـە لـە نـاو دڵـەی شـین و شـەپۆڕەکاندا، بـە ئاوازێکـی کوردییانـە پارێـزراوە و وەک مۆمێـک لـە نـاو تاریکتریـن سـاتەکانی مێـژوودا، ڕێگـەی نەوەکانـی داهاتـوو ڕوونـاک دەکاتـەوە.

## ئـەو کاریگەریانـەی کـە بونتـە هـۆکاری سروشـتی جێـوازی نـاو شـینگێڕی و هـەوا جیـاوازەکان چیـن ؟



ئەگەرچـی خـەم لـە هەمـوو شـوێنێک یەکـە، بـەڵام شـێوازی دەربڕینـی لـە کوردسـتاندا خـاوەن ڕەهەنـدی جیـاواز و فرەڕەنگـە. ئـەم فرەچەشـنییە لـە شـێوازەکانی شـینگێڕیدا، ڕێکـەوت نییـە؛ بەڵکـو ئەنجامـی کێشمەکێشـێکی مێژووییـە لەنێـوان جوگرافیـا، بیروبـاوەڕ و ناسـنامەدا. لـە ڕاسـتیدا هـەر ناوچەیەکـی کوردسـتان بەپێـی تایبەتمەندییـە زاراوەییەکانی، قووڵیـی بـاوەڕە ئایینییەکانـی و ئـەو وەرچەرخانـە سیاسـییانەی کـە بەسـەریدا هاتـوون، قوتابخانەیەکـی تایبەتـی بـۆ خـەم خوڵقانـدووە. لـەم بەشـەدا، تیشـک دەخەینـە سـەر ئـەو هـۆکار و کاریگەریانـەی کـە بوونەتـە هەوێنـی جیاوازیـی شـێوازەکانی خوێندن و شـینگێڕی لـە هـەر چـوار پارچـەی نیشـتماندا:

### ١.کاریگەریی ئایین و بیروباوەڕیەکانی یارسان و ئێزیدی و ئیسلام

ئاییـن ڕۆڵێکـی سـەرەکی هەبـووە لـە دارشـتنی شـێوازی شـینگێڕی: لـە ناوچـە یارسـان نشـینەکان (ڕۆژهـەڵات و باشوور):شـینگێڕی لێـرەدا پیرۆزییەکـی زۆری هەیـە. ئامێـری ( تەمـوور ) لـە کاتـی پرسـەی گەورەپیاوانـدا لـێ دەدرێـت و شـێوازەکانی وەک ( مـۆر ، پاوەمـوری) بەکاردێـن کـە تێکەڵەیەکـە لـە زیکـر و لاوانـەوە لـە جەمـی یارسـانی و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

جەمەکانـدا کلتـووری بەرچـاوە بەشـیک لـە فەرهەنگـی ئاینـی یـاری حەقـە ، لـە ناوچـە ئێزیدییـەکان (شـنگال و دەوروبـەری ) ، شـینگێڕی لای ئێزیدییـەکان مێژوویەکـی زۆر کـۆن و دێرینــی هەیــە. ( قــەوڵ و بەیتــەکان ، لاوەژی ) لــە کاتــی مردنــدا بــە شــێوازێکی زۆر غەمگیـن دەخوێندرێـن کـە ڕەگـی لـە مێـژووی دەنگـی دێرینـی میزۆپۆتامیایـت وەبـەر گـوێ دەکـەوێ .

## ٢. کاریگەریـی زار و دیالێکـت ( کرمانجـی، سـۆرانی، گۆرانی-لەکـی کەلهـوڕی ، لـوڕ ..هتـد )

زمان ئامرازی گواستنەوەی هەستەکەیە و شێوازی خوێندنەکە دەگۆڕێت:

کرمانجـی سـەروو: بەهـۆی کێـش و سـەروا و شـێوازی ئاخاوتنیـان، لاوانەوەکانیـان زیاتـر شـێوەی ( داسـتان ) وەردەگرێـت. بـۆ نموونـە باسـی ئازایەتـی و قارەمانییەتـی کەسـەکە دەکـەن بـە دەنگێکـی بـەرز و کێـشراو.

ناوچـەی گـۆران نشـینەکان : ئـەم ناوچانـە دەوڵەمەندترینـن لـە ڕووی شـینگێڕییەوە ( هـۆرە ، مـۆر) لوتکـەی دەربڕینـی خەمـن کـە تێیـدا دەنـگ لـە قوڕگـەوە دێـت و دەرزێکـی قـووڵ دەخاتـە دڵـەوە.

## ٣. ڕووداوە سیاسی و نەتەوەییەکان ( شین بۆ نیشتمان )

ئەمـە تایبەتمەندییەکـی زۆر دەگمەنـی شـینگێڕی کوردییـە؛ کـە شـین تەنهـا بـۆ کەسـێکی ئازیـز نییـە، بەڵکـو بـۆ نیشتمانیشـە:

ئەنفـال و کیمیابـاران و کـۆچ : لـە باشـووری کوردسـتان، شـێوازی شـینگێڕی لـە دوای سـاڵانی هەشـتاکانەوە گـۆڕا بـۆ شـێوازێکی حەماسـی - غەمگیـن. لێـرەدا ( دایـک ) تەنها بـۆ کوڕەکـەی ناگـری، بەڵکـو بـۆ گونـدە سووتاوەکەشـی دەگـری.

باکـوور و ڕۆژئـاوا : بەهـۆی ململانـێ سیاسـییەکانەوە، گۆرانییەکانـی شـینگێڕی زۆرجـار دەبنـە ( سروودی نەتەوەیـی ) ئەمـە جگـە لـەوەی کـە بەیـت و لاوکـی تایبـەت سـەبارەت بـە کەسـە نـاودار و بـە ناحـەق لـە دەست چـووەکان ، هـواکات مـن لـە ڕووی فەرهەنگـەوە باکـور و ڕۆژئـاوا زۆر نزیـک لەیـەک دەیـان بیننـم ، لـەوێ جیاوازییەکـی کـەم دەبینرێـت لەنێـوان گۆرانییـەک بـۆ شـەهیدێکی نیشـتمان و لاوانەوەیـەک بـۆ مەرگـی گەنجێـک.

**٤. جیاوازی ئەو ئامێرانەی کە لە کۆڕە شین گێڕەکاندا بەکار بێن .**

لە ناوچەکانی لوڕستان و کرماشان و هەندێک ناوچەی باشوور، شینگێڕی تەنها دەنگ نییە، بەڵکو نمایشێکی بەکۆمەڵە (وەک ڕێوڕەسمی چەمەری).لێرەدا دەهۆڵ و زوڕنا (بە ئاوازی غەمگین) و جووڵەی بەکۆمەڵ تێکەڵ دەبن، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە خەمەکە تەنها هی خێزانێک نییە، بەڵکو هی هەموو خێڵ و نەتەوەکەیە.

**٥- کاریگەری ئەفسانە و داستان و ڕووداوە تراژیدییەکان .**

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە هەرچوار پارچەی وڵاتدا هەریەکە و داستانی جۆراو جۆر و گێرانەوەی شێوە ئەفسانە و تراژیدییای ڕاستەقینەی تێدا ڕووی داوە ، بەمەش هەندێک لە « شێوازە خوێندن » و چڕین هاتۆتە کایەوە کە زیاتر لە چوار چێوەی فۆرمی کوردی و ئەو مەیانە ڕەسەنانەی کە دەکرێت لە ئێستادا بە هەرهۆکارێك بێت ئەکادیمیا نەتوانێت بە وردی و ڕێک و پێکی دیاریان بکات چین، ڕەنگە بە هۆی نەبوونی تەکنەلۆجیایەکی زیرەک کە بۆ ئێمە لەبەردەستدا نەبێت تاوەکو بتوانین هەوا ڕەسەنکانمانی پێ پیوەر بدەین. دەکرێت بەشێک لە هەواکان لە چوار چێوە « بەیت » دا بن ، هێندێکیان داستانن و هەندێکیشیان زادەی ناو ڕووداو یان جینۆسایدێکی حەقیقی بێت لەوانە ( ئەنفال ، جینۆسایدی یەزیدیەکان ، کیمیا بارانی هەڵەبجە ، کیمیا بارانی سەردەشت...هتد) یانیش هەر ڕوداوێکی کۆنی دەماودەم کە لەنێو نەتەوەکەدا ڕووی داوە و نەتەوە بە نەوە ئەو گێڕانەوەیە کاریگەری وەهای دروست کردووە کە ببێتە شێوازە خوێدن .

ئەم گێڕانەوە و داستانانە تەنها چیرۆک نین، بەڵکو (نەخشەی ڕێگای دەروونی) نەتەوەیەکون. کاتێک کارەساتە گەورەکانی وەک ئەنفال، جینۆسایدی ئێزیدییەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و سەردەشت ڕوو دەدەن، زمان لە ئاست قەبارەی ئازارەکەدا دەستەوەستان دەبێت، لێرەدایە (شێوازە خوێندن) و (هەوا) ڕەسەنەکان وەک هاوارێکی مێژوویی لەدایک دەبن. ئەم دەنگانە، لە ڕاستیدا ئەو مۆزەخانە زیندووانەن کە برینەکانی نەتەوەیان تێدا پارێزراوە.

هەرچەندە لە ئێستادا بەهۆی کەلێنی تەکنەلۆژی و نەبوونی ئامێری پێشکەوتووی ئەکادیمییەوە، نەتوانراوە کێش و سەروا و لەرەلەرە ڕەسەنەکانی ئەم دەنگانە بە وردی لە ناو فۆرمە مۆسیقاییە جیهانییەکاندا جێگیر بکرێن، بەڵام ئەمە لە ڕەسەنایەتییان کەم ناکاتەوە. ئەم (بەیت) و (هەوا)یانە، پێش ئەوەی ببنە مۆسیقا، بوونەتە ناسنامە. ئەوان پارێزەری ئەو ڕاستییە تاڵانەن کە ڕەنگە مێژوونووسان فەرامۆشیان کردبێت، بەڵام گەرووی بەیتبێژ و هۆرەچڕەکان بە شێوەیەکی ئەفسانەیی لە فەوتان ڕزگاریان کردوون و وەک میراتێکی پیرۆز، نەوە بە نەوە گواستویانەتەوە.

## دیارترین هەوا شێن گێڕییەکان لە کورد دا

## ١- سەیدەوان : داستان

**پۆلێنبەندی : بەیت**

**فۆرم : تیکەڵەیەک لە پێگە مەقامەکانی « بەیاد و قەتار و ڕاست «**



سەرەتا دەبێ بزانین کە « بەیت « شێوازە خوێندنێکە لە گێڕانەوەی چیرۆک و داستانەکاندا بەکار دێت ، لە نیو گێرانەوەکەدا « کارەکتەر» دیار و ئاشکرایە ، ئەنجام گیرە و کۆتایی و سەرەتایی هەیە ، لە شێوازی نوسینەکیەکەی دا زۆر دوور و درێژە و لە ڕابردوویشدا شێوازە خوێندنەکەی زۆر دوور و درێژ بووە ، بۆ نموونە لە شەوانی زستاندا لە دوای شام و خواردن خەڵکی ( دێ ، گوند ، ئاوایی ، ناوچەکە ) کۆ بونەتەوە جونتە ماڵی یەکێک لەو بەیت بێژانە ، بەتەواوی زستان وەکو زینجیرەی فیلمەکانی ئێستا هەر شەوە و بەشێکی خوێندراوە بەمەش بوەتە باس و خواسی دەوروبەر کە ئەم شەو گەیشووینەتە فلانی بەشی بەییتەکە ، وابەستبوون بە شێووازە خوێندنەکەوە و تەواوی زستان ئەو بۆ نموونە بە یەک بەیتدا گەیشتوون.

ئـەو بەیتانـەی کـە زۆر دیـارن بەیتەکانـی ( قـەڵای دمـم ، دڕکان ، مـەم و زیـن ، خـەج و سـیامەند ، گوڵـێ ، سـەیدەوان ...هتـد ) ، لـە نێویانـدا «بەیتـی سـەیدەوان» بەیتێکـە کـە پـڕە لـە تراژیدیـا و شـێنگێڕی کـە بـاس لـە تراژیندیایەکـی کۆنـی ناوچـەی موکریـان و « داسـن» یـان دەکات کـە « سـەید عەبدولعەزیـزی داسـنی» بـە شـەوێک سـێ دانـە کـوڕ « مەلەکوان و نەچیـروان و سـەیدەوان « لـێ دەمـرن بـەڵام لـە گێڕانـەوەی بەیتەکەیـدا چونکە «سـەیدەوان»ی کـوڕی بەهەڵـە بـە دەسـتی خـۆی دەکـوژرێ ئیـدی بەیتەکـە بـەوەوە ناودەنرێـت ، گێڕانەوەی جیـاواز جیـاواز کۆکراوەتـەوە بـەڵام دیارترینیـان دەخەمـە بـەر دیـدی خوێنـەر.

بەگشـتی چیرۆکەکـە بـەم شـێوازەیە و مامۆسـتا بـەڵام مامۆسـتا « عەزیـزی شـارۆغی « ئـەم شـێوازەی پـێ ڕەسـەنە :

سـەیدەوان و مەلکـەوان و نێچیـرەوان برابـوون باوکیـان نـاوی عەبدولعەزیـز بوو، داسـنی بوو چاوێکیشـی کوێـر بـوو. هەرچەنـدە کـورد بـوو بـەڵام کافـر و خودانەنـاس بـوو. سـێ بووکـی خواسـتبوون لـە حێلـی بادیـن ئاغـای. پرسـی بەموسـڵمانان کـرد گوتـی: کوڕینـە دەئاییـن و مەزهەبـی نگـۆدا چۆنـە؟ ئەمـن سـبەینێ لـە تـەواوی داسـنیانم گێڕاوەتـەوە، سـێ لەشـکران بـەڕێ دەکـەم، سـێ داوەتانیـش سـاز دەکـەم، بەیـەک ڕۆژ هەمـووی جێبەجـێ دەکـەم. گوتیـان وەڵڵاهـی ئـەوە غەرەییـە و گومراهیـە، دەئاییـن و مەزهەبـی مـەدا، ئـەوە پەسـەند نییـە. گوتـی ئەنگـۆ بـێ ئاقڵـن، جـا ئەمـن چ موحتاجیـم بەخودایـە، حەتمـەن هـەر دەیکـەم ئەگـەر خـودا توانـی جڵەوگیـری کاری منـی کـرد دەزانـم وایـە دەنـا خـودا چـکاری بەخەڵکـی داوە. ئـاوا غـەرە و گومـرا و خودانەنـاس بـوو. جـا بزانیـن لەسـەر ئـەو خودانەناسـیەی ڕا خـودا چۆنـی خـۆ پـێ دەناسـێنێ و چـی بەسـەردێ! .

وەختێکـی ئـەو لەشـکرانەی بـەڕێ کـرد بـۆ سـێ بـووکان و ئـەو داوەتانـەی سـازکرد، لەبـەر مەغـرووری خۆیـان هیچیـان ئاگایـان لەهیـچ نەبـوو، دوو کـوڕی چووبوونـەوە ڕاوێ سـەیدەوان و مەلکـەوان، نێچیرەوانیـش لـە ماڵـێ بـوو. بەڵـێ، جـا تفەنگـی هاویشـتە پیلـی، گوتـی هەتـا بـووک دێ دەچمـە شـاخی حەیوانێکیـش دەکـوژم و وەڕەزی خۆشـم بەسـەر دەبـەم.

ڕۆیـی گەیشـتە داوێنـی کێـوی، بووکـی نێچیرەوانـی گەیشـتە حەسـارێ، ئـەو کـوڕی دڵـی تۆقـی و مـرد. خەبەریـان دایـە وەرە بگەڕێـوە کـوڕی نێونجیـت پەردوگیـر بـوو لـە بـاڵ بووکـێ نەهاتـە دەرێ، گوتـی قەیـدێ نـاکا تـۆ خوداکـەی خزمینـە دەنگـێ مەکـەن بـا دەسـتی داوەتـێ بەرنەبـێ دڵـی کیـژ و کوڕانـم لـێ دەمێنـێ. جـا چـوو لـە شـاخی لـە بـازی حەیوانانی دەڕوانـی، کوڕەکانـی خـۆی بـوون وەیزانـی حەیوانـن هەرکـی کوشـتن. جـا بەسـەرهاتی تـەواوی بەیتـی سـەیدەوانی، عەبدولعەزیـز بـۆ خـۆی گوتوویەتـی.

جا دەڵێ:
ئەورۆکە سەرم دێشێ..
دڵی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی دەکا بێنە بێنێ
بەڵان ئەمن ئەوشۆم خەونێک دیوەو لە من وایە ئاخری بەهارێیە
دەگەڕام لە تیلەگی دە کوێستانان
قەت وەگیرم نەدەکەوت قولێک گیا بەشی باقەبێنێ
توخولاکەی ئەو کەسانەی ئەگەر خوداشوناسن
وەرن تەعبیری ئەو خەونەم بۆ لێدەنەوە
دەترسم خوداوەندی میری مەزن پادشایێ کەرەمێ
ئەگەر موسیبەتێکی گەورەم بە سەر بێنێ
ئەمن دەمگوت مەسڵەحەت وایە ئەگەر باب بە رۆژێکی
سێ بووکان لە بۆ کوڕانی بێنێ
نەمزانی تەقدیری خودای تەگبیری عەبدی بەتاڵ دەکات و
هێللانەی لە عەبدولعەزیزی ماڵوێران دەشێوێنێ

رۆڵە دەبەر قافڵەو بازرگانو مرم
ئەگەر بەڕێی دەکەن بۆ وڵاتی گەرمێنێ
ئەوە پارچەو ئەتڵەس و کیمخوای
لە بۆ جلی دەزگیرانی خۆی بێنێ
چ بکەم کەس دەربەند نییە ئەگەر داخولا
مەڕو ماڵو مێگەلو چادرو چیغی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی
لە کوێستانان بە بێ ساحەبی دەمێنێ

ئەمن وەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ
رووم دەکردەوە چیایێ مەغلووبێ داسنیان
زەینێکە خۆم دەداوە بازی دە کێویان
بانگیان دەکردم دەیانگوت عەبدولعەزیز وەرە بگەڕێوە
کوڕی نێونجیت پەردوگیر بوو لە باڵ بووکێ نەهاتە دەرێ
دەمگوت توخولاکەی خزمینە دەنگێ مەکەن
دەستی داوەتێ بەر مەدەن
دڵی کیژ و کوڕانم لێ دەمێنێ

ئەورۆکە بەهارێکم گەیوەتێ رۆڵە چ بەهارە
سەرم دێشی، دڵی عەبدلعەزیزی داسنی
چەندی لە ئێش و ژانە، چەندی لە غروورە
ئەمن زەینم دەداوە تیلەگی دە کوێستانێ
سوور دەبوون سوورەگوڵ و هەڵاڵ و بەیبوون
دەپشکووتن شەشپەڕ و شللێرە
ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ
رووم دەکردە چیاێ مەغلووبێ داسنیان
زەینێکە خۆم دەدا بازی دە کێویان
لفکەی سەیدەوانی لە پلەی بەردی با رایدەژێنێ
لە من وایە ڕدێنێ نێرێ بەلەکوورە
وەی چاوی جاسووسێت کوێر بێ
دەستی چەخماخێت شکێ
تەقە لە تفەنگێ دەهات و
سەیدەوان دە خوێنێ دا دەبۆوە سوورە

ئەورۆ بەهارێکم گەیوەتێ رۆڵە چ بەهارە
سەرم دێشێ دڵی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی
چەندی لە ئێشەو چەندی لە ژانە، ئەی خودا چەندی لە من دە هاڵۆزە
ئەمن زەینی خۆم دەداوە تیلەگی دە کوێستانان
سوور دەبوون سوورەگوڵ و هەڵاڵ و بەیبوون
دەپشکووتن گوڵە نەورۆزە
ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ و
رووم دەکردە چیاێ مەغلووبێ داسنیان
زەینێکە خۆم دەدا بازی دە کێویان
کاکۆڵی وەلکەوانی لە پلەی بەردی با رایدەژێنێ
لە من وایە ردێنی نێرێ بەلەبۆزە
وەی چاوی جاسووسێت کوێر بێ
دەستی چەخماخێت شکێ عەبدولعەزیز!
تەقە لە تفەنگێ دەهات و
کوڕ لەوێ دە خوێنێ دا دەگەوزا

ئەستێرێک هەڵدێ بەری بەیانی
وەی سەڵا لە عەبدولعەزیزە کۆرەکەی بابی سەیدەوانی
ئاوی کوێستانان دێنە خوار رۆڵە
بە توندی هەر بە تیژی
هەڵدەڕژێنە بن سوورە گوڵی لە سەر بە گژنیژی
توخوڵاکەی خزمینە وەرن رەجمم کەن
کێ دیویە لە دەورەتی دە زەمانان
لە سەر سێ کوڕان ڕا
بووک بچنەوە ماڵی دە باوان
بە تارای سوور و هەر بە کیژی

ئەی رۆڵە رۆ لە سەر ڕۆیە
ئەمن لە دەروونم دێتە دەرێ بڵێسەو بۆسۆیە
نازانم نە بەدبەختێ منە.. سەیدەوان! نە نەدامەتێ تۆیە

شەرت بێ لە پاش سەیدەوان و نێچیرەوان و وەلکەوانان
لە خۆم حەرام کەمەوە راوی دە تفەنگێ
دەگەڵ ئی نێرییێ دە بەلەبۆزە
چیدیکە دەگەڵ قەومی داسنیان دانەنیشم و
دەگەڵیان نەکەم جێژنە پیرۆزە !

بەڵام مامۆستا « سوارەی ئیلخانی زادە » لە کتێبی تاپۆ و بۆمەتێل دا ئاوهای نوسیوەتەوە:

رەبـی خودایـە ئەتـۆ هـەوری رەحمەتـی بێنـی لـە لای قیبلـەی موبـارەک. لـە داوێنـی فەرەنگییـان. لەسـەر قەبـری پیـر خـدری هەڵبڕێـژی.

کێ دیویەتی لەسەر سێ کوڕان ڕا بووک بچنەوە ماڵی بابیان بە کیژی؟

عەبدولعەزیـزی داسـنی، سـێ کـوڕی ئەبـێ بـە نـاوی سـەیدەوان و نێچیـروان و مەلکـەوان. سـێ کـوڕی گەنـج کـە کاتـی ژن هێنانیانـەو سـێ بووکیـان بـە ڕۆژێک بـۆ دێنن. عەشـیرەتی داسـنی هەمـوو لـە شـایی و زەماوەنـدا بەشـدارن، مەلکـەوان شـەوی هـەوەڵ پەردووگیـر ئەبـێ و ئەمـرێ خەفەتێکـی گـەورە ئەخاتـە سـەر دڵـی باوکـی، بـەڵام عەبدولعەزیـز کـوردە، سـەرۆکی خێڵـی داسـنی یانـە، چـۆن ڕووی هەیـە بـە عەشـیرەتەکەی بڵـێ:

دەستی دیلان بەردەن و بڵاوی کەن!

ڕاستە کە کوڕ مردن پشت شکێن و بڕست بڕە، بەڵام ئەی سەرۆکی چی؟ ئەی پیاوەتی و میوان خۆشەویستی چی لێ بکا؟عەبدولعەزیز دەنگ ناکا و هەڵپەڕکێ و زەماوەند هەر دەمێنێ. تا شەوی دووهەم دەشتەوانان هەڵی دەدەنێ کە نێچیروان لە ڕەوەز، تووش و چرە هەڵدێراوە و مردووە. دیسانەوە باوکی کۆس کەوتوو برینی ئەکولێتەوەو خەم و بەهەموو گرانییەکەوە ئەکەوێتە سەر دڵی و بیر ئەکاتەوە دوو کوڕی جوانەمەرگ بوون، ئەم زەماوەندە شوومە، ئەم بەهارە بێ فەڕە، بێ فەڕە دزێوە، چی بکا؟

ئایا لەگەڵ ئەوەشا کە تەرمی دوو کوڕی لەبەر دەستییەتی، زەماوەند هەر بمێنێ؟ ئەگەر بە داسنییان بڵێ: من زەماوەند ناگێڕم و ئێوە هەڵپەڕکێ بوەستێنن، چی پێ ئەڵێن؟!

ئاخۆ ناڵێن: عەبدولعەزیز، پیرە، خەرفاوە و پیاوێکی ئاخر شەڕە؟

ئەمانە ژێردەستی خۆی؛ بێ جیاوازی کوڕە داسنی کوڕی ئەون و هەموو ئەوڕۆ لە شادی ئەوا بەشدارن. میوانن گەری هەڵپەڕکێ گەرمە، کیژ و کوڕی داسنی خەریکی ڕۆینە و سوێچکەیی و چۆپی و سێ جارەن. ئاخۆ بچێتە ناویان و بەپرمەی گریانەوە بڵێ: ئەی کوڕ و کیژی داسنی دیلانەکەتان بەردەن، لە باتی شایی، شین بگێڕن، مەلکەوان و نێچیروان مردن و ئێوە بۆ دوو زاوای نەماو شایی ئەکەن!؟ بەڵام نا، عەبدولعەزیز کوردە، ئەوانەش میوانن. ڕەوا نییە زەماوەنەکەیان بشێوێ. ئەی دڵی پەژارەداری چی لێ بکا؟ ئەم هەموو خەم و دەردە بۆ کوێ بەرێ؟

وا باشە لە ئاوایی دەرکەوێ، پەنا بەرێتە بەر داوێنی چیا، خەفەتی بدا بە دەم شەماڵی سەرشێتی شیو و دۆڵا. با لە هەرای هەڵپەڕکێ ڕزگار بێ، ئاگری بەجۆشی دەروون ئەیبا، ئەیبا تا ئەو جێگایە وا ڕێبازی مەڕو بزنە کێوییە. لە ژێر بەردێکا ئارام ئەگرێ، بەڵام دڵی وەک ئاوی سەر ئاگری بەتین ئەجۆشێ و هەڵئەچێ. فرمێسکی گەرمی بەسەر گۆنای پڕ چینیا دێتە خوارەوە!

دەوروبەری بەهارە، بەڵام چ بەهارێک، بەهارێکی ڕەش و ناحەز، ناحەزتر لە هەموو زستانێک.

چاوی تیژی وەک هەڵۆی پیری چیا ئەڕوانێتە ئەو بەری دۆڵەکە؛ بەهانەی لە ماڵ دەرکەوتن و کوڕی زەماوەند جێهێشتنی ئەمەیە، کە دەچێ گۆشتی راوێک بێنێتەوە. لێرەدایە کە تراژێدی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، دەستێکی بەهێز لە کاردایە بۆ پەروەراندنی دڵتەزێنترین بەسەرهات.

دەوروبەر بەهارە، گیا شینە لاسکی ناسکی گوڵی کێوی بە دەم بای نەرم و نیانەوە ئەلەرێتەوە. دڵی باوکێک پڕ لە مەینەت، پەردووی زاوای دوو کوڕی گەنج بە تاڵە، دوو بووک چاوەڕوانە، داسنی لە شایی و خۆشییا نوقم بوون. «عەبدولعەزیز» گاهێ بە دڵیا دێ: دووانم مردن، سەیدەوانم ماوە! ژیان شاییيە یا شینە؟!

دەنگی گۆرانی بێژ و دەهۆڵ و زوڕنای ناو دێ کە زۆر دوور لە دەرەوە دێتە بەر گوێ، ئەو جارانە وا شەماڵ ئەیهێنێ، ئەڵێ: ژیان شاییيە! دوای مردن، هەموو دەمرن، چونکە لە هەوەڵەوە نەبوون، هاتن و پاشان ڕۆیشتن، کە وەهایە ژیان قۆناخێکی کەم خایەن و کورتە لە نێوان دوو نەبوونی درێژ و بێ بەستێنا. هەرا و بگرتنێکە لە بەینی دوو بێدەنگی و هەدادان، کە وەهایە ژیان شاییيە و بۆ نەمانی بێدەنگی ماوە زۆرە، بەڵام دۆڵی کپ و خامۆش کە ئەڵێی گریانێکی بە کوڵی پیاوانەی لە گەرووڎا بەستراوەتەوە، ئەڵێ: نا، نا، ژیان ماتەمە، ژیان کۆس کەوتنە، ژیان لە گۆ کەوتنی دوو لێوی پڕ بزەیە!

با، لەوبەری دۆڵەکەوە یاری بە مووی زەردی ریشی بزنە کێوییەک ئەکا و لێکی ئەدا و ئەیهۆنێتەوەو «عەبدولعەزیزی» بە چاوێکەوە کە فرمێسکی مەینەتی تێزاوە، ئەڕوانێتە ئەو مووە زەردانە کە ئەڵێی پرچی «گوڵە بەڕۆژە» یا قژی «گەنمەکابە»یە و با ئەیشەکێنێ. وا ئەزانێ بەڕاستی مووی ریشی بزنە کێوییە. تەقەی تفەنگ هەڵدەستێ، وەک پڕمەی گریانێکی بە کوڵ ئەچێ، نا ئەڵێی قاقای پڕ لە تەوسی ئینسانە بەژیان! شتێکی زیندوو لە پشت بەردێکەوە ئەکەوێتە خوارەوە، وا دیارە پێکراوە. «عەبدولعەزیز» دەگاتە سەری، ئەبینێ «سەیدەوان»ە، مووی زەرد و خوێنی سوور دەم و چاوی سپی لە سەرگیای سەوز تێکەڵ بوون؛ هەناسە لە سینگی چیادا قەتیس ماوە، کەو لە قاسپە کەوتووە، ڕۆژ خۆی لە ژێر هەورێکی چڵکنا شاردۆتەوە!

«عەبدولعەزیز» چی بۆ ماوەتەوە؟! دانیشێ، چونکە ئەژنۆی هێزی نییە؟ لە بێدەنگی ئەترسی و ناشتوانێ بگری، چونکە پەشۆکاوە، هەموو دنیا لەبەر چاوی دەبێتە یەک پرسیار: ژیان شینە یا شاییيە؟! خەم لەوە گەورەترە کە لە دڵی پیر و ناسکی «عەبدولعزیز»ا جێگای ببێتەوە، ئەپڕێتەوە، لەبەر خوا ئەپڕێتەوە:

«ڕەبی خودایە بای ڕەحمەتێ بێنێ لە لای قیبلەی مومبارەک
لە داوێنی فەڕەنگیان. بیدەی لە خەمی «عەبدولعەزیز»ی و
لەبەحری خوێیەی تێپەڕێنی!»

چەند خەمێکی گەورەیە، خەمی «عەبدولعەزیز»ی داسنی کە دوو کوڕی ئەمرن و یەکێکی بە دەستی خۆی ئەکوژێ؛ لە کاتێکا بەهارە و کاتی بووژانەوە و ژیانە. بەیت بێژ چ تراژیدییەکی بەرزی پێکهێناوە، گیانی نەمری شادبێ.

بەڵام مامۆستا « سامان ئەهوورا « ئەم گێڕانەوەیەی پێ ڕاستە و ئاوهامان پێ دەڵێت

عەبدولعەزیز خان لە راو هاتەوە و کەیفی ساز بوو فیکەی سمێڵی دەهات و لە بن خۆوە گۆرانی دەکوت. لەبەر هەیوانی ماڵێ هەرای کرد، خاوەر ئەوساڵ بەهارەکەی زۆر خۆشە و نێچیر زۆرن. لە رێگای هاتنەوە بیرم لەوە دەکردەوە زەماوەندێک بو ملکەوان ساز بکەم و حەوت شەو و رۆژ کوران و کچان رەشبەڵەک بگرن، قاقایەکی کێشاو خوی بە ژوورێدا کرد بانگی ملکەوانی کرد. .

نۆکەرەکانی هەر یەک بۆ لای سەروک خێلێک ناردو و خەڵکێکی زۆری بانگێشتی زەماوەند کرد.

بە نێچروان و سەیدوانی کوت لە پاش قۆڵ بۆ ئێوەش هەڵدەکەم و کام کچ جوانە بۆتان دەخوازم.

شەو خەونێکی ناخۆشم دی لە خەونم دا لە رووناکی رۆژێکی بەهاریدا هەورێکی رەش ئاسمانی داگرت و گەڵا و گیای ئەو دەڤەرەی لە ناکاو زەرد هەڵگەرا، تەزوویەک بە گیانم دا هات بەڵام خۆ نەموێرا لای عەبدولعەزیز باسی بکەم، کەس نەیدەتوانی لە بریارەکەی ساردی کاتەوە، هەر بۆیە بێدەنگیم لێ هێنا.

زەماوەند دەستی پێکرد و خەڵک هەر کام لە لایەک بەرەو ماڵێیان دەهاتن، ملکەوانم زۆر بە کزی دەدی، نێچیروان و سەیدوانیش بەخێر هاتنی سەرۆک عەشیرەکانیان دەکردو و نوکرەکانییان بۆ کار و بار رادەسپارد.

دەنگی تەپڵ و زورنا و گورانی چاوەشەکان، حیلەی ئەسپی خان و بەگ دڵی چیای بەرزی داسنی دەهاروژاند.

لە دوای یەکەم رۆژ ملکەوانم بینی کە لە تەنیشت باخچەی نێو حەسار دانیشت و سەری لە سەر دەستی دانا و ئیتر جووڵەم لێ نەدی. سەیرم دەکرد و زۆرم پێ سەیر بوو چوومە لای و دەستم لەسەر شانی دانا کەچی جەستەی بێ گیانی کەوتە باوشم، زمانم شکا بە هەڵاتن خۆم گەیاندە لای عەبدولعەزیز و بە ئیشارەیەک بانگی دەرێم کرد و تا لای ملکەوان بە دووی خۆم رامکێشا، عەبدولعەزیز باوەشی بە تەرمی

ملکـەوان دا کـرد و کوتـی کـەس نابـێ ئـاگادار بێـت و زەماوەنـد بشـێوێ.

عەبدولعەزیـز دواتـر کوتـی کـە گـەڕی زەماوەنـد و هەڵپەڕکـێ دەبـێ هـەر ببـێ و بووکەکـە بـو نێچیـرەوان دادەبەزێنیـن.

نێچیـرەوان کـە شـەیدای چیـا بـوو هەمـوو روژ بـە غـاری ئەسپەرەشـەکەی بـەرەو چیـا دەرویشـت و پـاش ماوەیـەک دەگـەڕاوە بـەلام قەتـم لەبیـر ناچـی ئـەو رۆژەی ئەسـپی زیـن کـرد و بـەرەو چیـا وەک خالێکـی رەش لـە بەرچـاوان بـزر بـوو، عەبدولعەزیـز خانـم ئـاگادار کـردەوە کـە نێچیـرەوان لـە مێـژە رۆیشـتووە بـەروە چیـاو نەهاتۆتـەوە، عەبدولعەزیـز ئەسـپی زیـن کـردو بـە غـار بـە شـوێنیدا رۆیشـت، سـەر لـە ئێـوارە نزیـک خۆرئـاوا عەبدولعەزیـز هاتـەوە، سـەرو سـیمای تێـک چوبـوو بـەڵام بـە سـەر خـۆی نەدەهێنـا. دەسـتی گرتـم و لـە گۆشـەی بەرهەیـوان کوتـی نێچیـروان مـردووە و کـەس نابـی ئـاگادار بێتـەوە، دونیـام لەبـەر چـاو رەش بـوو، چۆکـم شـکا دڵـم ئـاوری گـرت، دوو جگەرگۆشـەکەم لـەدەس چـوون،

دوایـی کـە بەخەبـەر هاتمـەوە لـە دیـوی خـۆم دوو کـەس لـە کڵفەتەکانـم لـە تەنیشـت بـوون، دەنگـی دەهـۆڵ و زورنـا هـەر دەهـات، کوتـم عەبدولعەزیـزم بـۆ بانـگ کـەن.

بـە هاتنـی هـاوارم کـرد، بەسـە شـایی و زەماوەنـد بەسـە، خەونـم دیـوە، دووم لـەدەس چـوو، کورێکـم مـاوە بـا ئەویشـم لـە دەسـت نەچـی، عەبدولعەزیـز کوتـی; خـاوەر وسـت بـە بەخەونـی تـۆ گـەڕی زەماوەنـدم تیـک نـادەم و سـەیدوانم دەکـەم بـە زاوا.

سـەیدەوان شـەو هاتـە لام و کوتـی دایـە مەرگـی دوو براکـەم هێـزی لـێ بڕیـوم نازانـم روو لـە کـوێ کـەم باوکیشـم لەسـەر قسـەی خـۆی سـوورە و گـەڕی زەماوەنـدی تێـک نـادا.

دوارۆژ عەبدولعەزیـز خـان و چەنـد خانـی تـر چـەک لـە شـان دەکـەن و بـۆ ڕاو بـەرەو چیـا دەرۆن، سـەیدوانیش دوابـەدوای ئـەوان رێدەکـەوێ. دڵـی پـڕ لـە خوێنـی سـەیدوان لـە تـاو مردنـی دوو براکـەی و زەلیلـی مـن و لـوت بـەرزی عەبدولعەزیـز خـان وا دەکات لـە دەرفەتێـک دا سـەیدەوان دوور لـە چاوی هەمـوان فیشـەکێک بـە باوکیـەوە دەنێـت و مـن و خـۆی لـە هەمـوو نەهاتییـەک رزگار دەکات.

ئەگـەر چـاو لێکـەن هەمـوو شـێوازە گێڕانەوەکانـی سـەیدەوان زۆر زۆر نزیکـن لەیەکـەوە ، بـەڵام هەموویـان لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـە عەبدوولعەزیـزی داسـنی بەدەسـتی خـۆی ئـەو کـوڕەی خـۆی دەکوژێـت.

شـێوازی خوێندنـی « بەیتـی سـەیدەوان دەتوانیـن ئاوهـای بنووسـینەوە لەسـەر نۆتـەی مۆسـیقا

ئەگەر لە سەر دەست بەستەی ( لا ) بینوسینەوە بەم شێوازەیە :

فا - سۆڵ – ( لا ) – سی کار بیمۆڵ – دو بیمۆڵ – ڕێ

## ٢- شێوازە خوێندنی ڕەحمە ڕۆ:



ئـەم شـیوازە خوێندنـە لـە ڕابـردوودا تەنهـا ژنـەکان خوێندوویانـە وەکـو شـیوەنێک بـۆ ڕۆشـتنی بـرا و بـاوک و کەسـە نزیکەکانیـان ، دەگێڕنـەوە سـەرەتا کەسـێک بەنـاوی « ڕەحمە « خوێندوویەتـی ، هەندێـک دەڵێـن ئـەم شـێوازە خوێندنـە بـۆ « ڕەحمـە « خوێنـدراوە . ئەگـەر دیقەتـی بدەیـن لـە شـیوازە ژەنینی مەقامـی « پاتـەرز» ەوە زۆر نزیکـە و هـاوکات بەتەواوەتی لقێکـی سـەر مەقـام و شـێوازە خوێندنـی « خاوکـەرە « بـەڵام ئیـتر کـە جیابوەتـەوە تەنهـا لـە تەعزیـەدا خوێنـدراوە ، شـێعری دە بڕگەیـی کێشـی کـوری بـۆ بـەکار هاتـووە و لـە کۆتایـی هەمـوو جـووت دێڕێکـی دە بڕگەییـدا وتـراوە « ڕحمـە ڕۆ ڕۆ ڕۆ ڕۆیـی « بەمـەش بـووە بـە فۆرمێکـی سـەربەخۆی خوێنـدن، لەبـەر هـەر هۆکارێـک بێـت ئـەم کلتـوورە خوێندنـە لـە نـاو تازیەکانـدا کـەم بوویـەوە بـەڵام دیسـانەوە کەوتـە دەسـتی پیـاوەکان و مامۆسـتایانمان «



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سـەلاح داودە ، شـكور خەيـات « زۆر بەباشـی دەیخوێنـن. زۆرتریـن جـار شـیعری شـاعیرانی ماچـۆ زوان یاخـود گـۆران بـەکار هاتـووە ، وەکـو شـاعیران «مەولـەوی ، بێسـارانی ، فەقـێ قـادر ، مـەلای جەبـاری . . .هتـد «

شـێوازێ نوسـینەوەی زانسـتی نۆتەکـەی بەتـەواوی حیجازێکـە کـە تۆنـی دووهەمـی کەمێـک بـەرز کراوەتـەوە

بۆ نموونە لەسەر لا بنوسرێتەوە حیجاز بەم شێوزەیە :

حیجاز : لا – سی بیمۆڵ – دۆ دێز – ڕێ

بەڵام لە ڕەحمەڕۆ دا ئاوهای لێ دێ : لا – سی کار بیمۆڵ – دۆ دێز – ڕێ

وە بـە تـەواوی لـە لقێكـی جیـا بـووەوە خاوكـەر دەژمێردرێـت کـە شـێوازە خوێندنێكـی گەرمیانیـە و زۆر جـار لەگـەڵ قەتـاردا دەخوێنرێـت و هەندێـک جاریـش بـە سـەربەخۆ

## ٣- مۆر و پاوە مۆری ، پامووێرە :



بـە گشـتی لـە نـاو ناوچـەی کەڵهـوڕ و لـوڕ و داڵەهـۆ و گـۆران نشـینەکاندا بەهـۆی ڕەوتـی فەرهەنگـی و ئاینیـەوە جۆرێـک لـە ڕەزمـی شـینگێڕی دروسـت بـووە ، دەبـێ بیرمـان نەچـێ لـە سـەرەتایا «پامـورە یـان پاوەمـوری» جۆرێكـی هـۆرە بـووە و دواتـر وەکـو یەکێـک لـە

شـیوازە خوێندنەکانـی یارسـان جێـگای گـرت ، ئەگـەر چـی بەشـێک لـە یارسـان ئێسـتاش بـە بەیەکێـک لـە ٧٢ ئاوازەکـەی یارسـانی نازانـن بـەڵام یەکێکـە لـە شـێوازە خوێندنـە ڕەسـەنەکان ، ئێمـە ناتوانیـن دەنگەکانـی هـۆرە بنوسـینەوە لـە سـەر پەیژەیـەژی مۆسـیقایی جیهانـی ، کێشـە لـە هۆرەکـەی ئێمـەدا نیـە ، بەڵکـو کێشـەکە لـە داڕشـتەی و کەرەسـتەی جیهانـی زانسـتی مۆسـیقادایە کـە لـە ( جوگرافیایەکـی تـر و دوورە دەسـت لـە مۆسـیقای کـوردی نوسراوەتـەوە و بەمـەش هیـچ بایەخێـک لـەو دەنگـە ڕەقانـەی نێـو مۆسـیقای جیهانـدە بەبـەراورد بـە مۆسـیقای کـوردی کـە تـەواو دەنگـی سرووشـتە ) لێـرەدا بـەرەو ئـەوێ دەچیـن کـە مۆسـیقای کـوردی کاتێـک هەوێنەکـەی دەنگـی کـەو و شـاخ و ئـاو و بولبـول و دەیـان دەنگـی سرووشـتیە کـە لـە ڕاسـتیدا ئێمـە ناتوانیـن لـە ڕێگـەی زانسـتی مۆسـیقاوە بیپێویـن . بـەڵام زیاتـر بەرچـاو ڕوونـی هەوڵێکـی سـەرەتایی دەدەیـن بـۆ بـە سـکێڵ کردنێکـی زۆر سـەرەتایی نـاو ئـەو شـێوازە خوێندنانـەی کـە لـە دەکەونـەوە نێـو « پـاوە موریـەکان » ەوە .



## * هۆرەی پاوە موری :



لـە دوو دەنـگ پێـک دێـت لـە چینـە دەنگـی یەکەمـەوە دەسـت پێـدەکات و لـە دەوەمـەدا وەسـتاوە و لـەرە و چەهچەهـە بـە دوو چینـە دەنگـی سـەرووی خۆیـەوە دەکات بـۆ نموونـە :

دۆ - ڕێ + « لـەرە و چەهچەهـە بـە چینـە دەنگـی « فـا « دەکرێـت.

## * پاوه موری یەک « پاوه مووری گەوره « :



بەشێکی تریش لە یارسانیان پێیان وایە کە پاوه موری بە دوو ئاواز دەکەنە ناو ٧٢ ئاوزەکەی یارسان و « پاوه مووری بچووک « لە ڕێزبەندی ٦٧ هەمین ئاواز دێت لە ڕێزبەندی ٧٢ ئاوازەکەی یارسان ، مامۆستا « سەید عەلی ئەکبەری مورادی « هەردوو شێوزەکەی تۆمار رکردوە بە ژەنین ، هاوکات مامۆستا « سەید طایری یار وەیسی «یش بەهەمان شێوه هەردوو شیوازەکەی پشت ڕاست کردوەتەوه ، مامۆستا سەید عەلی ئەکبەری موردای زیاتر بەرەو لای مقامی هێناوه و نزیکی کردوەتەوه لە سکێڵ بەمەش زیاتر لە پێگەی « مەقامی بەیاد «یَکی (شکاو) هەندێک جار لە پێگەی « مقامی کورد « نزیک دەبێتەوه ، وەلێ لە خوێندنەکەی مامۆستا « طایری یاروەیسی» دا زیاتر بەرەو دەنگی سروشتی دەڕۆین ، هاوکات ژەنینی ئاوازەکە جیاوزی هەیە لە گەڵ خوێندنەکەدا ! ئەمەش بەرەو جێگایەکی تر ڕامان دەکێشێت کە « بەڵێ ئاساییە « ژەنین و خوێندن دوو شتی جیاوز بن لە نێو بەشێک لە قوتابخانەکانی یارسانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بەوەشەوه هەیە کە ئامێری « تەمووه « نیو پەرده نیو پەرده ڕێزبەند کراوه بەمەش ناتوانین لەڕووی ڕیز بەندیەوه بەتەواوی سکێڵ بە دوای یەکدا ڕێزبکەین بۆ دروستکردنی ڕەگەزێکی تەواو لە پێگە یاخود پایە «مەقام». پاوه موری بچووک سەربە مقامە « حەقانیەکانە « وەبۆ خوێندنی « کەلام» بەکار دێت بەڵام چونکە لە پێشتردا وەکو هۆرەکەی شیوەن کردن بەکار هاتووه هەمان کلتوریشی لەگەڵ خۆیدا هێناوه هەر بۆیە زۆربەی ئەو کەلامانەی لەسەر ئاوازی پاوەمۆری دەوترێن، باس لە

«دڵتەنگـی بـۆ پیـر» یـان «عەشـق و فەنابـوون لـە حـەق»دا دەکـەن.

ئەگـەر بمانـەوێ بینوسـینەوە بـە ڕێبەنـدی زانسـتی مۆسـیقا شـێوازە ژەنینەکـەی لـە سـەر دەسـت بەسـتەی چینـە دەنگـی ( لا A) بـەم شـێوازەیە: فـا - سـۆڵ - لا – سـی بـی مـۆڵ

بەڵام لە شێوازی خوێندندا بەم شێوازیە :

سۆڵ – لا - سی بیمۆڵ – دۆ کار

ئەگـەر سـەرنج بدەیـن شـێوزی ژەنینەکـەی دەنگـەکان لەکاتـی دابەزینـدا تاوەکـو چینـە دەنگـی « فـا » دەڕوات ، بـەڵام لـە شـێوزی خوێندنـدا چینـە دەنگـی « فـا » تێـدا نیە و ڕاسـتەو خـۆ لـە سـەر چێنـە دەنگـی « سـۆڵ » دواتـر ڕاسـتەو خـۆ دەستبەسـتە دەگـرێ لەسـەر چینـە دەنگـی « لا » لەکاتـی چڕینـی کەڵامەکـە دا جوڵـە و یـاری دەکات لـە نێـوان چینـە دەنگەکانی « لا – سـی بیمـۆڵ » دەکات و لـەرە و چەهچەهـەی دەخاتـە نـاو چینەدەنگـی « ڕێ »

## * پاوەمووری بچوک « پاوەموری دوو » :



یەکێکـە لـە دێرینتریـن و قووڵتریـن پارچـە مۆسـیقییەکانی نـاو کلتـووری یارسـان و مۆسـیقای تەمبـوور، کـە مێژووەکـەی بـۆ سـەردەمی دەرکەوتنـی سـوڵتانی سـەهاک لـە سـەدەکانی حـەوت و هەشـتی کۆچـی دەگەڕێتـەوە و لـە ناوچەکانـی هەورامـان و گۆرانـەوە


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سـەرچاوەی گرتـووە. ئـەم ئـاوازە وەک لقێکـی سـەربەخۆ و کورتکـراوە لـە مەقامـە حەقانییـەکان دارێژراوەتـەوە تـا لـە کاتـی زیکـر و جەمـە عیرفانییەکانـدا بەکاردێـت، و یەکەمجـار لـە لایـەن کەلامبێـژە سـەرەتاییەکانی یارسـانەوە بـە شـێوەی سـینە بـە سـینە پارێـزراوە و دواتریـش لـە لایـەن بنەماڵـە مەقامزانەکانـی وەک ئەفزەلـی و تەیمـوری و هونەرمەنـدی کۆچکـردوو سـەید خەلیـل عالینـەژاد ڕێکخسـتنەوەی زانسـتی بـۆ کـراوە. پێکهاتـەی ئـەم مەقامـە لەسـەر جینسـی « بەیـاد « بنیـاد نـراوە و جەختـی سـەرەکی لەسـەر نۆتەکانـی یەکـەم و دووەمـە (کـە نۆتـەی کاربیمۆڵـە)، بـە شـێوەیەک کـە خوێندنەوەکـە لـە نۆتـە نزمەکانـەوە دەسـت پـێ دەکات و بـە جووڵەیەکـی کـورت دەگاتـە نۆتـەی چـوارەم و خێـرا دەگەڕێتـەوە بـۆ بنکـەی مەقامەکـە. پاوەمـۆری بچـووک بـەوە وەسـف دەکرێـت کـە «هەناسـەیەکی چڕی عیرفانییـە» و خەمێکـی پیـرۆزی تێدایـە، شـێوازی چڕینەکەشـی پشـت بـە لرزینـە کـورت و بڕاوەکانـی قـوورگ (مـۆر) دەبەسـتێت، و لەبـەر ئـەوەی مەودایەکـی دەنگـی کەمـتری هەیـە و کاتێکـی کورتـتری دەوێـت، نازنـاوی «بچـووک»ی پـێ دراوە و زۆرجـار وەک پێشـەکی یـان کۆتایـی بـۆ مەقامـە گـەورەکان وەک وێسـتگەیەکی پڕ لـە سـۆز بەکاردەهێنرێـت.

ئـەم مەقامـە بەهـۆی کـورت و پوختییەکەیـەوە، باشـترین قاڵبـە بـۆ چڕینـی ئـەو کەلامانـەی کـە بـاس لـە دڵتەنگیـی عاشـق بـۆ گەیشـتن بـە پیـر، یـان وەسـفی بێوەفایـی دنیـا و گەڕانەوە بـۆ لای حـەق دەکـەن. لـە ڕووی مانـاوە، ئـەم ئـاوازە وەک پردێکـە لـە نێـوان مـرۆڤ و جیهانـی مانـا. ئەگـەر بمانـەوێ ڕیزبەنـدی نۆتەکانـی بـۆ بکەیـن لەسـەر چینـە دەنگـی ( لا A) ژەنینەکـەی بـەم شـێوازە دەنوسرێتـەوە:

سۆڵ – لا - سی بیمۆڵ – دۆ کار

بەڵام لە شێوازی خوێندنەکەدا ئاوهای لێدێ :

لا - سی بیمۆڵ – دۆ کار - ڕێ

لیـرەدا دەبـێ ئـەوە بزانیـن دیسـانەوە جیـاوازی لـە ژەنیـن و لـە خوێندنـدا هەیـە ، شـێوازی خوێندنەکـەی لـە چینـە دەنگـی « لا « دەسـت پـێ دەکات و لـە سـەر « چینـی دەنگـی «سـی بیمـۆڵ « جیگیـر دەبێـت و «کەلامەکـەی لەسـەر دەخوێنرێـت و «چەهچەهـە « لەسـەر چینـە دەنگـی « ڕێ « دەکرێـت .ئێسـتا لیـرەدا دەمـەوێ بەهـۆی نزیکـی هـەردوو شـێوازە پیـاوە مووریەکانـەوە جیـاوزی و لـە وردەکاریەکانـدا بەخشـتەیەک ڕوونـتر بکەمـەوە :

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| مەقام | نۆتی شایەد (سەرەکی) | شێوازی ژەنین |
|---|---|---|
| پاوەمۆری گەورە<br>پاوەمووری یەک | جێگیرە لەسەر نۆتی یەکەم | هێواش و بە کێشێکی ئازاد |
| پاوەمۆری بچووک<br>پاوەمووری دوو | زۆر جەخت لەسەر نۆتی دووەم (کاریبیمۆڵ) دەکات | کەمێک ڕیتمیکتر و کورتترە |





## * دەهۆڵی چەمەر موورە :



جـۆرە لێدانێکـی دەهۆڵـە کـە لـە نێـوە شـێوازە « مـورە « کانـی ناوچـەی لوڕەکانـدا لـێ دەدەرێ و شـێنگێڕەکان لەگـەڵ چرینـی شـێوازە شـینەکەدا دەسـتیان ڕێکدەخەنـەوە و دەکێشـن بـە سـنگ و سـەری خۆیانـا « لەخـۆدان « بـۆ نێشـاندانی هاوخەمـی خۆیـان بـە « کۆچکـردن و کـەس و کاری کۆچکـردوو « جـۆری خێـراو خـاو و لەسـەر خۆشـی هەیـە گرنگتریـن خـاڵ بـۆ» شـینگێڕەکان « بریتیـە لـەوەی کـە شـێنگێڕ» لێـدان لـە خـۆی « لەگـەڵ لێدانـی دەنگـی « دم « خـۆی ڕێکباختـەوە.

## * ئاوازی چەمەرییەکان :



وەکو سەبکێکی سەربەخۆ بونیان نیە بەڵکو بەشێکی ناو « موور» ن ، هەروەها سەرەکی ترین ئاوازەکانی ناو چەمەری هیچ « چڕین « یّکی لەگەڵدا نیە بەڵکو زیاتر ژەنینە ، هەندێک لە ئاوازەکان ناوی تیابەتی بەخۆیان هەیە کە بە دەهۆڵ و زوڕا دەژەنرێت بۆنمونە «چەمەرانەی سێ سێ « ڕزمی ئاوازەکە (جۆرجینایە ) هاوکات سکێڵی زانستیەکەی دەکەوێتە سەر (قەتار ، بەیاد ، سەفەر ) کە هەموو ئەمانە لە سکێڵی مۆسیقا و پەیژەی ڕۆژهەڵاتدا لەسەر پێگەی «مەقامی بەیات « ناسێنراوە لێرەیا دەبێت ئاماژەیەک بە بە پێگەی بەیات بدەم کە پەیژەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیدا بە زۆری لەسەر چینە دەنگی ( ڕێ D) دەنوسرێتەوە بە بۆنەی ئەوەی دەست بەستەی لەسەر پەیژەی ڕاست وەکو چینە دەنگی ( دۆC ( ناسێنراوە کە بەدوایا پەیژەکانی (بەیات یاخوود یەک گاهـ ، سێگاهـ ، چوار گاهـ . . .هتد ) بەڵام بەبۆنەی ئەوەی لە ناوچانەی کە « چەمەری سێ سێ « تێدا دەژەنرێت بەزۆری ئامیرەکان لەسەر چینە دەنگی (لا A) دابەستەکراوە ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگی نرکەو ناڵەی خەڵکەکەدا ببێتە یەک چینە دەنگی ، هەر بۆیە من (بەیاد یاخود یەک گاهـ ) لەسەر چینە دەنگی ( لا A) دەنوسیەوە و بەمشێوازە ڕین دەبن بەدوای یەکدا: لا - سی کار بیمۆڵ – دۆ - ڕێ

بـۆ زیاتـر تێگەیشـتن دەتوانیـن پشـت بـە شـێوازی نوسـینەوەی ژمارەیـی بیرکاریانـە ببەسـتین کـە لـە ڕابـردوودا بـە شـێوازی یۆنانـی نـاسراو بـووە مـەودای چینـە دەنگیـەکان بـەم شـێوازەیە :

| نۆتەکان | مەودای نێوانیان | تێبینی |
|---|---|---|
| لا بۆ سی کاربیمۆڵ | ٤/٣ | (سێ چارەکە) |
| سی کاربیمۆڵ بۆ دۆ | ٤/٣ | (سێ چارەکە) |
| دۆ بۆ ڕێ | ١ | (تۆنێکی تەواو) |

## ٤- پێگەی مەقامی موجیلە – موجیلا :



پێش هەمـوو شـتێک دەبـێ سـەرەتا ئەوەتـان پـێ بڵێم کـە خوێنـەری مقامەکـە کێیـە ، کەسـایەتیەکی مقـام خوێـن کەلـە شـاری کفـری لەدایـك بـووە و تـا ناوەڕاسـتەکانی تەمەنـی هـەر لـە شـاری کفـری ژیانـی کـردوە ، موجـی لەسـاڵێ ١٨٠٢ لـە شـاری کفـری لـە دایـک

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بـووە و لـە بنەماڵـەی داودییەکانـە کـە یەکێکـە لـە دیارتریـن بنەماڵەکانـی ناوچـەی گەرمیان کـە دەسـتێکی دیـار و ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـووە لـە پاراسـتن و زینـدوو هێشـتنەوەی هـەوا کوردیـی و ڕەسـەنەکان و پارێزەرێکـی زۆر باشـی پایـە و مقامـە گەرمیانیـەکان بـوون ، لەوانـە (پایـەی ئـای ئـای ، پایـەی غـەزەل ، پایـەی ئورفـە ، پایەکانـی سـێگا و چـوارگا و ڕاسـت پێنـج گا ، قەتـار و خاکـەر ، قەتـار و ئەلاوەیسـی ، قەتـاری خورشـیدی ، قەتـار و تـەرز و وتنـە دیارەکانـی نـاو ئاینـی یارسـان . . . . هتـد ) بەهـۆی ئـەوەی لـە بنەماڵەیەکـی ئاوهـا هونـەری هاتووەتـە بـوون هەربۆیـە هونـەر لای موجـی نامـۆ نەبـووە و ژینگـەی هونـەری چواردەورەکـەی وای کـردوە زۆر بەزوویـی ئاشـنای ئـەو هـەوا ڕەسـەنانە ببێـت کەلـە ناوچـەی گەرمیـان و دەوروبـەری دەخوێـنرا وە نزیکایەتیەکـی زۆر باشـی لەگـەڵ مامۆسـتا شـەڵتاغی گـەورە مامۆسـتای مقاماتـی عێـراق هەبـووە لـە ڕووی تەمەنیشـەوە موجی بەتەمـەن نـۆ سـاڵ بچووکـتر بـووە لەتەمەنـدا بـەراورد بـە تەمەنـی مامۆسـتا شـەڵتاغ ، موجـی یەکێـك بـووە لـە شـارەزایانی ئایـن و مقـام خوێـن و مدیحـە خەونەکانـی شـاری کفـری بەهـۆی ئـەم نزیکایەتیـەی لـە مقـام خوێـن و خەڵکـە هونـەر دۆسـتەکەوە زۆر زوو فێـری شـێوازەکانی خوێندنـی مقامـە عێراقیـەکان و تەجویـدی قورئـان بـووە کـە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لـە بـەرەو پێشـچوون و شـارەزایی مەقـام خوێـن موجـی.

دوای ئـەو هەمـوو پێشـکەوتنە هونەریـەی مقـام خوێـن موجـی ، قۆناغێکـی تـری هونـەری لـە ژیانیـدا دەسـت پێـدەکات کـە ئەویـش دەسـت بردنـە بـۆ داهێنـان و وردەکاری نێـو پایـە کوردیـەکان و ئـەو هەوایانـەی کـە فێـری بـووە ئـەو شـێوازە وتنـە باوانەی کـە هەبـووە وەکو قاڵبێکـی بنەچەیـی خوێندنـی دەقـە ئاینـی و شـیعرە کوردیـە کلاسـیەکان بەتایبەت شـیعری دە بڕگەیـی ماچـۆی یـان سـۆرانی کـە شـێوازێکی بـاوی سـەردەمەکە بـووە لـە بەیانکردنـی هـەم هـەوا کوردیـەکان هەمیـش نوسـینەکان ، دیارتریـن هۆنـراوەکان کە بـۆ شـێوازە گەرمیانیەکان بـەکار دەهێـنرا هۆنـراوەی فۆلکلـۆری ماچـۆو هۆنراوکانـی مامۆسـتا مەولـەوی بـووە کـە لـە تەمەنـدا چـوار سـاڵ مناڵـترە بـووە لـە مقـام خوێـن موجـی ، ڕاسـتیەکەی ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی شـێوازی ماچـۆ گۆیـی بـەکار دەهێـنرا لەسـەر ئـەو هەوایانـەی کـە بـە میراتـی ئاینـی لـە ئاینـی یارسـانەوە مابـووەوە بـۆ گەرمیانیـەکان، دواتریـش ئـەم ڕیشـە کلتورییـە ئاینـە ماچـۆ گۆییـە شـۆڕبوبوەوە بـۆ نـاو هونـەری ڕەسـەنی ناوچەکـە کـە هـاوکات بنەماڵـە و هـۆزە گەورەکانـی داودی و زەنگەنـە و باجـەڵان و شـێخانی و کاکەیـەکان بـە زمانـی ماچـۆ گفتوگـۆی ڕۆژانەیـان سـەودا دەکـرد هەربۆیـە گوتنـە ماچۆیـەکان بـۆ مقـام خوێـن موجـی نـەك نامـۆ نەبـوو بەڵکـوو هەرچیەکیشـی بخوێندبایـە بـەو شـێوازە زارە دەیخوێنـد ، وردە وردە مقـام خوێـن موجـی ئاسـتی هونـەری و خوێندنـی هـەواکان پێشـتر کەوتـوو تاگەیشـتە ئـەوەی کـە شـێوازە خوێندنێکـی پایـەی حیجـازی داهێنـا و چەنـد هۆنراوەیەکـی دە بڕگـەی

ماچۆی وەکو کراسێك کردە بەری سکێڵە مۆسیقیەکەو داهێنانێك و مقامێکی تری بۆ مقامە گەرمیانیەکان زیاد کرد بەناوی مقامی (موجیلە یان موجیلا) .

## ناوی موجیلا لە چیەوە هاتووە ؟

ئێستا پێویستە بزانین کە ناوی ( موجی ) لە ئەزەڵدا چیە و (موجیلا یاخود موجیلە) واتای چیە؟ لە زۆربەی فەرهەنگە کوردیەکاندا و بەپێی ئەو شێوازە ئاخاوتنەی کەلە گەرمیاندا هەیە پیتی (د) وەکو پێویست دانی پێدا نانرێت ئەگەر بکەوێتە ناوەراست و کۆتایی وشەیەکەوە ، بۆ نموونە (منداڵ : مناڵ ، بەغداد : بەغا ، دەربەندیخان : دەروەنی خان ، مەحمود : مەحموو ، مەجید : مەجی . . .هتد ) هەر لێرەوە دیارە کە ناوی (موجی یاخوود مەجی ) بە ئەزەڵ ناوی (مەجید)ە و وەکو نازناو بە موجی بانگکراوە ،بەڵام بابەتی (موجیلا یان موجیلە ) شتێکی ترە ، لە گەرمیاندا و لە زۆربەی فەرهەنگە کوردیەکاندا پاشگری (یلە) بۆ کەسێک یان شتێک بەکار دێت کە جوانتر بکرێت یاخوود لە باڵایا بچوک بێت یان مناڵ بێت یاخوود تایبەتمەندیەکی جوانی بدرێتە پاڵی نمونە (ورد : وردیلە ، بەرخ : بەرخیلە ، گەرد : گەردیلە ، نەشم : نەشمیلە ، خنج ، خنجیلە . . . .هتد ) هەروەها هەندێکجار پاشگری (لە) بۆ شتانێکیش بەکار دێت کە شتێک شتێکی لێ بێتەوە وەکو (گەردیلە لە گەرد بوەتەوە بەمەش گەردیلە بەشێکی بچووکی جیا بووەوەی گەرد)ە لیرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە ناوی (موجیلە یاخود موجیلا ) لە دوو بەش پێک هاتووە بەشی یەکەمی (موجی) کە ناوی مەجیدە وە بەشی (لە یاخود لا ) پاشگری جیابووەوەی شتێک لە کەسێک هەردوکی پێکەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت (مقامەکەی مەجید یاخودی مەجیدی هەروەکو چون خورشیدی واتا ئەو شتەی (خورشید ) یانی ئەگەر بمانەوێ بەرامبەر وشەیەک بۆ وشەی (موجیلە) بڵێین (مەجیدی)، لە هەندێک لە سەرچاوەکانیشدا ، هاتووە کە ئەم کەسە ناوی (موجیب)ە ، راستیەکەی ئەم رایە بەپێی هەموو کلێشەی گۆرانکاریەکانی ومۆرفۆلۆجیەکان کە هەمانە لەبەردەستدا کە بتوانین لێکی بدەینەوە دەبوایە ئەم ناوە پیتی (واو ) یاخود (و) بۆ زیاد کرابا وەک ئەوەی لە دوای نەمانی میرنشینی سۆرانەوە زۆربەی ئەو ناوانەی کە بە پیتی (ب) کۆتایان دێت دەبایە ببێتە (و) نمونە (دارەبەند : دارەوەن) یاخود (دەربەندیخان : دەروەنیخان) یاخود (شەبنم : شەونم) سەرنج بدەن پیتی (ب) لەو ناوانەدا بوونە بە (و) هەرچەنە ئەمە ریشەیەکی جیابونەوەی هەردوو زمانی فارس و کوردیشی پێوە دیارە بەتایبەت سەردەمی سەفەویەکان (ئاب) لە فارسیدا دەکاتە (ئاو) لە کوردی سۆرانیدا. وەلحاڵ درێژ نەکەم ئەم رایە ئەوتۆ بەڵگەیەکی مۆرفۆلۆجیشی لەسەر نیە ، بۆیە هەر وەکو ئەوەی لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا بەرچاومان دەکەوێت و مقامەکەش بە (مەجیدی) ناسێنراوە وەکو ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**ڕشتەی مقامەکە لە ڕووی زانستیەوە:**

لـە ڕووی زانسـتیەوە پایـەی موجیلـە بـەم شـێوەیەیە ، چـی بـاری سـەرکەوتن چ بـاری هاتنـە خـوارەوەی تـەواو تـەواو جیـاواز بـووە لـە شـێوازە وتنەکانـی ناوچـەی گەرمیـان هـاوکات مقـام خوێنەکەمـان بەتـەواوی جـێ پەنجـەی خـۆی لەنێـو مقامەکـەدا جـێ هێشـتبوو هەربۆیـە زۆر بـە زووی لەنـاو خەڵکـی ناوچەکـەدا دەنگـی دایـەوە و خەڵـك ئـەم شـێوازو خوێندنەیـان ڕەوانکـرد و دەووتـووە ، پایـەی شـێوازە وتنەکـە لـەڕووی زانسـتەوە زۆر نزیـك بـوو لـە حیجـاز دیوانـی ئەمـڕۆ کـە لقەکانـی بریتیـن لـە :

مسـنوی . مدمـی ، حوێـزاوی ، هەماوێـن ، قەتـەر ، حجـاز شـەیتان ، حجـاز ئاچـغ ، سـعیدی ، عریبـۆن عەجـەم

بـەڵام موجیـلا بەشـێك لـە پایـەی نەهاوەنـد وەکـو دەسـت پێـك وەردەگیرێـت لەکاتـی هاتنـە خـوارەوەدا حیجازەکـە لـە نیـوەی ڕێـگادا پێـش دەسـت بەسـت کۆتـای پـێ دەهێنێرێـت و لـە ڕووی کۆنسـێپتی مقامەکەشـەوە هەندێـك نزیکایەتـی بچـووک و هاوشـێوەیی لـە گـەڵ خاوکـەری پاتـەرزی تـەرزی قەتـاردا هەیـە کـە لـە ڕووی ژەنینـەوە زۆر زۆر نزیکـن لـە تەرزەکانـی سـەلمان و تـەرزی ڕۆسـتەمەوە تەنهـا لـە دوو چینـە دەنگـی جیـاوازدا دەژەنرێـن لـە ئاینـی یارسـاندا ، دەمـەوێ لێـرەدا شـتێک ڕوون بکەمـەوە ، ئەگـەر نەهانوەندەکەمـان بکەوێتـە سـەر چینـی دەنگـی (تۆنـی ڕێ) و حیجازەکەمـان بکەوێـت سـەر چینـە دەنگـی (لا) بـەم پێیـە بێـت هەمـوو پیـەژەی حجـاز پێویسـتە بـەم شـێوازە بنووسرێتـەوە بـەم شـێوەیە دەڵێیـن چینـە دەنگەکانـی ( لا ، سـی بیمـۆڵ ، دۆ دێـز ، ڕێ ، مـی ، فـا ، سـۆڵ ، لا ) ، وە بـەم شـێوازە لەسـەر پەیژەکـە دەینوسـینەوە.

ئێمـە دەزانیـن هـەر لـە پەیـژەی حیجـازدا لـە بـاری سـەرکەوتندا لـەدوای تێپەڕاندنـی چـوار چینـە دەنگـی یەکـەم و ڕەگـەزی یەکـەم کـە حیجـازە، ڕاسـتەو خـۆ پەیژەکـە تووشـی نەهاوەندێـک دەبێـت بـە لـکاوی ، وە ئەگـەر جیـا بکرێنـەوە تۆنـی مـی بکەیـن بـە دەسـت پێـک دەبێتـە مقامـی کـورد ، ئێمـە دێیـن بـە لـکاوی باسـی لێـوە دەکەیـن کـە پایـەی نەهاوەنـد دەکات لـە سـەر چینـە دەنگـی (تۆنـی ڕێ).


هەروەهـا بمانەوێـت نەهاوەندەکـە بنوسـینەوە هـەر وەکـو لـە پەیـژەی سـەرەوە دا نـوسراوە زۆر ئاسـانە چینـە دەنگیەکانـی (ڕێ ، مـی ، فـا ، سـۆڵ ) کـە ڕەگـەزی دووەمـی پەیژەکەیـە و بریتیـە لـە چـوار چیـن یـەک لـە دوای یـەک ، بـەڵام ئـەوەی موجیـلا جیادەکاتـەوە شـێوازی ڕێکخسـتنەوەیەتی کـە هـەردوو ڕەگەزیەکـەی زۆر بـە تونـدی بەیەکـەوە گـرێ داوە ، هەروەهـا شـێوازی موجیـلا بـەو جۆرەیـە کـە لـە دەسـت پێکـدا ڕەگـەزی دووەم وەردەگیرێـت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



سـەرەتا ، هەروەهـا دوو جـار وەسـتانمان لـەم شـێوازە وتنـەدا هەیـە ، جـاری یەکـەم لـە ڕەگـەزی نەهاوەندەکـەوە دەسـت پـێ دەکەیـن و نیـو تۆنێـک خـوار نەهاوەندەکـە دەوەسـتین کـە چینـە دەنگـی پێـش کۆتـای ڕەگـەزی مقامـی حیجازەکـە دەاکات وەک ئـەوەی لەسـەر پەیژەکـە ئاماژەی پێـدراوە ، واتـا لـە موجیـلادا ڕاسـتەو خۆ لـە نەهاوەندێکـەوە دەسـت پـێ دەکات کـە دەکەوێتـە سـەر چینـە دەنگـی ( تۆنـی ڕێ ) بـەڵام لـە کاتـی وەسـتانی یەکەمـدا لـە نیـو تۆنێـک دوای نەهاوەندەکـە دەوەسـتێت کـە چینـە دەنگـی ( دۆ دێـز)ە کـە هـاوکات تۆنـی سـێیەمی مقامـی حیجـاز دەکات وەک ئـەوەی لەسـەر پەیـژەی یەکـەم ئامـاژەی پێـدراوە هەروەهـا تۆنـی کۆتـای پەیژەکـە لـە بـاری سـەرکەوتندا وەناگریـن کـە چینـە دەنگـی (لا)یـە .

ئێسـتا ئەگـەر بمانـەوێ نەهاوەنـدی سـەر پایـەی موجیـلا بنووسـینەوە لە بـاری سـەرکەوتندا بـەم شـێوازە نوسـینە دەینوسـین ( ڕێ ، مـی ، فـا ، سـۆڵ) وەلـێ لەکاتـی هاتنـە خـوارەوەدا بـەم جـۆرەی لێدێـت (سـۆڵ ، فـا ، مـی ، ڕێ ، دۆ دێـز) وەک دەبینـن ئێمـە زۆر سـوود لـە چینـە دەنگـی تۆنـی (لا) نابینیـن و لـە شـیرینایەتی چێنـە دەنگـی (سـۆڵ)دا دەوەسـتین. ئیـتر لێـرەدا ڕاوەسـتانی یەکـەم تـەواو دەبێـت . ئێسـتا لـە ڕاوەسـتانی یەکـەم دا ئەگـەر بمانەوێـت شـێوازی نەهاوەندەکـەی موجیـلا لەسـەر پەیـژە بنووسـین لـە کاتـی سـەرکەوتن و هاتنـە خـوارەوە بـەم شـێوازە دەنوسرێتـەوە :





باری سەرکەوتن : ڕێ ،می ، فا ، سۆڵ

باری هاتنە خوارەوە : سۆڵ ، فا ، می ، ڕێ ، دوو دێز

لێـرەدا ئیـتر ڕاوەسـتانی یەکـەم تـەواو بـوو ، بڕگـەی دووەمـی شـێوازە خوێندنەکە دەست پێ دەکات کـە مقامـی حیجـازە لەسـەر چینـە دەنگـی (لا) کـە لـە پەیـژەی یەکەمـدا ئاماژەمـان بـە شـێوازی نوسـین و ڕیزبەنـدی مقامـی حیجـاز داوە بـەم شـێوازەیە (لا ، سـی بیمـۆڵ ، دۆ دێـز ، ڕێ) لـە کاتـی سـەرکەوتن و هاتنـە خوارەوەیـە بـەم شـێوازەیە ، بـەڵام شـێوازی بڕگـەی دووەمـی حیجـازی موجیـلا لـە چینـە دەنگـی دووەمـی حیجـاز دەسـت پێـدەکات کـە (سـی

بـی مـۆڵ) و هـەر لەوێشـدا كۆتـای دێـت ، وەلـێ مـن لێرەیـەدا بـۆ ئـەوەی دەسـت بەسـتە ون نەبێـت لـە بـاری سـەركەوتندا دەڵێـم (لا ، سـی بیمـۆڵ ، دۆ دێـز ،ڕێ ) ، هەروەهـا لـە بـاری هاتنـە خـوارەوەدا دەڵێـم (ڕێ ، دۆ سـێز ، سـی بیمـۆڵ ) وە ئیـتر دەسـت بەسـتەكەی بـۆ وەر ناگـرم و لـە كاتـی هاتنـە خـوارەوەدا لـە سـێ چێنـە دەنگیـدا كۆتـای پـێ دێنـم ، بـەم شـێوازە لەسـەر پەیژەكـەش دەینوسـمەوە :

حــیجاز




وەك دەبینـن كـە لـە بـاری سـەركەوتندا : چینـە دەنگـی لا وەكـو دەسـت بەسـت زیـادم كـردوە و وەكـو تـر بـەم شـیوازەیە : ( سـی بـی مـۆڵ ، دۆ دێـز ، ڕێ )

وە لـە بـاری هاتنـە خـوارەوەدا : ( ڕێ ، دۆ دێـز ، سـی بـی مـۆڵ ) ئیـتر پەیژەكـەم قفـڵ كـردوە ، هـەردوو چینـە دەنگیەكەمـان بـە جیـا جیـا نوسـیەوە و ناسـانمانن . ئێسـتا ئەگـەر هەمـوو موجیـلا لـە سـەر ڕێزبەندیـەك بنووسـم ئاوهـای لـێ دەكـەم :

( ڕێ ، می ، فا ، سۆڵ ، سۆڵ ، ڕێ ، دۆ دێز ، سی بی مۆڵ )

وە لێـرەوە بۆمـان دەردەكەوێـت و ڕوون دەبێتـەوە كـە ئـەم شـێوازە خوێندنـە (نـە لـە هیـچ شـێوازە خوێندنێكـی تـر دەچێـت وە نـە لەشـێوازە خوێندنـی نەتەوەكانـی تـر دەچێـت ) بەتـەواوی جیـاوازە لـەو دەسـتوورانەی كەلـە شـێوازە خوێندنەكانـدا بەرگوێـمان دەكەوێـت و بیسـتوومانە.

## موجیلا لە ناو پێگەی مقاماتی عێراقیدا و پەیژەی ڕۆژهەڵاتدا

ئـەوەی كـە ماوەتـەوە باسـی بكەیـن ئەوەیـە كـە ڕۆژگاری سـەختی و گوزەرانـی ژیانـی موجـی وای كـرد بچێتـە كەركـوك و لەوێشـەوە بچێتـە شـاری بەغـداد وە لەوێـوە موسـیك ژەن و ژەنیـارە پێشـكەوتووە كانـی شـاری بەغـدا بناسـێت و شـێوازەكەیان بـۆ بخوێنێـت ، وە ئـەم شـێوازەی موجییـان زۆر بـە جـوان دەزانـی و لێیـان وەرگـرد هەڵبەتـە تەمـەن مـەودای تۆمـار كردنـی پـێ نـەدا بـەڵام شـێوازە وتنەكـە هـەر مایـەوە تـا كاتێـك لەسـەردەمی مقـام خوێنـی عێراقـی یوسـف عمـر لەژێـر نـاوی (مدمـی) واتـا خوێنـاوی تۆمـار

کـرا وەکـو شـێوازێکی مقامـی عێراقـی و لەتەنیشـتیەوە وەکـو مێـژوو نـاوی مقـام خوێـن موجـی و هـاوکات نـاوی موجیـلای لـە تەنیشـتیا وەکـو پەراوێـز نوسرایـەوە هـاوکات مقـام خوێـن موجـی لـە سـاڵی ١٨٨١ لـە شـاری کەرکـوک کۆچـی دوای کـردووە لەهەندێـک لـە سـەرچاوەکاندا بـە موجـی کەرکوکلـی نـاوی هاتـووە بـە یەکێـک لـە مقـام خوێنـە کەرکوکیـەکان نـاو زەنـدە نـەک کفـری .

**بەشێکی تری شارەزایانیش بەم شێوازە لەسەر موجی و موجیلە دێنە زمان :**
ئـەم مقامـە لـە دوای ئـەوەی مقامخوێنـی گـەورە و دیـاری ناوچـەی گەرمیـان موجـی کـە لـە کفـری دەژیـا و باروپێگـەی پێچاوەتـەوە بـۆ بەغـدا بـە مەبەسـتی ژیانێکـی باشـتر ئـەم شـێوازە وتنـەی لەگـەڵ خۆیـدا بردبێـت بـۆ بەغـداو لـەوێ لەلایـەن مۆسـیقیەکانی ئەوکاتـەی بەغـدادەوە سـوودی لـێ بینرابێـت و دەستاودەسـت شـێوازە وتنەکـە کەوتبێتـە دەسـتی گـەورە مقـام خوێنـی عـەرەب یوسـف عمـر پـەرەی پێدابێـت و نـاوی لێنـاوە مەدمـی و کـراوە بـە لقێکـی سـەر بـە حیجـازی دیـوان ، وە زیاتـر لـە کاتـی ئازاری نەخۆشـی و سـەرە مـەرگ و دڵ دانـەوەی نەخـۆش لەلایـەن ئیشـککگەرەکەیەوە خوێنـدراوە نـاوی مقامەکـەش بـە خۆیەوەیەتـی (مدمـي) واتـا خوێنـاوی ، لەهەندێـک لـە سـەرچاوە عەرەبیەکانـدا باسـی ئـەوە دەکرێـت لەکاتـی خوێنبەربوونـی نەخـۆش ئـەم مقامـەی بـۆ وتـراوە تاوەکـو ئازارەکـەی کـەم بێتـەوە کـە ئەمـەش پشـت ڕاسـتکردنەوەی ئـەو بۆچونیـە کـە هونـەری مقـام زیاتـر بـۆ هاوخەمـی و هاوئـازاری کۆمەڵێکـە لـە دەوری یـەک ، لـە پەیـڕە عێراقیەکانـا پایـەی موجیـلا یاخـوود مەدمـی بـە هـۆکاری کاتـی سـەرەمەرگی نەخۆشـێك یـان کەسـێك کـە نزیکـی مـردن و سـەرەمەرگە ئـەم مقامـە خوێنـدراوە . مامۆسـتایان مامۆسـتا عەلـی مـەردان و مامۆسـتا شـکور خەیـات و مامۆسـتا سـەڵاح داودە هەریەکـەو بـە شـێوازێک بەشـێکی بچووکـی ئـەم مقامەیـان خوێنـدەوە بەجیـا جیـا و هەریەکـەو پەنجـە مۆرێکـی خۆیانیـان پێوە جـێ هێشـتووە کـە دەکرێـت مۆسـیقار و مقـام خوێنەکانمـان سـوود لـە هەمـوو خوێندنـەکان ببینێـت و دارشـتەیەکی جوانـتری لـێ پێـک بێنێـت و هەمـوو شـێوازەکان لـە چریکەیەکـدا بچڕدرێـت بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە پێشـەکیەکی مۆسـیقی و پارچـە مۆسـیقایەکی تـەواو گەرمیانیانـی گونجاویشـی هەبێـت وەکـو ئـەوەی زۆربەی مقـام و پایـە گەرمیانیەکان ئەمەیـان هەیـە ، ئـەم هـەوا کوردیـە گەرمیانیـە زیاتـر لـە ١٧٥ سـاڵ دوای موجـی بـە پـڕ پـڕ گوێـهان لـێ دەبـوو نەوترابـووەوە دوای ئـەو مـاوە درێـژە لـە کۆنسـێرتی شەشـەمی شـەوی یەڵـدا لـە گـەڵ گرووپـی مۆسـیقای قـەڵای شـێروانە ، پێشـەکی پارچـە مۆسـیقای پایەکـە لەلایـەن (عمـر سـاز)ەوە دانـراوە هەروەهـا لەلایـەن بەنـدە (محمـد باڵەبـان ) بڕیـاری خوێندنی ئـەو پایـە کوردیەمـان دا و لەگـەڵ هاوڕێیانـی گرووپەکەمانـدا بەیانـی ئـەو هەوایەمـان کـرد بـۆ هێشـتنەوەی ئـەو پایـە کوردیـە .

## سەرچاوەکان :

یەکەم: سەرچاوەکان سەبارەت بە مۆسیقای یارسان و مەقامەکانی تەمبوور

### ١. سەرچاوە کوردییەکان:

مەزهەر خالقی (٢٠٢١) مۆسیقای کوردی: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و شیکاریی. چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە.

وریا ئەحمەد (٢٠١٢) مەقامەکان لە مۆسیقای قەفتان، فواد (١٩٨٨). مۆسیقای کوردی. بەغداد: چاپخانەی الحوادث. (بۆ زانیاری گشتی لەسەر ڕیشەی مەقامەکان).

الدراسات المغني من العراق

الكتاب : مقامات العراقيه

الكتاب : مدينة الكفري

کەس و کاری مقام خوێن موجی

نوسینوەی پەیژەکان لەسەر کلیلی سۆڵ : عمر ساز

### ٢. سەرچاوە فارسییەکان مەرجەعی مەقامناسی:

سید خلیل عالی‌نژاد (١٣٧٦). تنبور از دیرباز تاکنون. تهران: انتشارات سروش. (گرنگترین سەرچاوە بۆ ڕیزبەندی ٧٢ مەقامەکە).

مقامهای تنبوور (سەید عەلی ئەکبەر مورادی )

نظافتی، ایرج (١٣٨٢). موسیقی یارسان: بررسی مقام‌های تنبور. کرمانشاه: انتشارات تاق بستان.

طاهری، بهروز (١٣٩٥). شناخت موسیقی مقامی تنبور. تهران: نشر ماهور. (بۆ وردکاری تەکنیکی مەقامەکانی پاوەمۆری).

### ٣. سەرچاوە بیانییەکان:

The Performing of the Kurdish (Kalam) in .(٢٠٠٤) Hooshmandrad, Partow the Yarsan Religious Tradition. PhD Dissertation, University of California, .Berkeley

The Modal System of Azerbaijani and Kurdish Music. .(١٩٨٩) During, Jean .Berlin: International Institute for Comparative Music Studies



# کەلار، شارێکی دڵگیرو باوانی هەموو پێکهاتە و ئاوارەیەك

## جەمال ئەکبەر کاکەیی

کــەلار ، یەکێکــە لــە قــەزا گــەورەکانی هەرێمــی کوردســتان و ناوچــەی گەرمیــان ، وە ناوەنــدی ناوچــەی گەرمیانــە ، دیــارە ئــەم شــارە وەکــو هــەر شــارێکی تــری کوردســتان مێــژووی ئاوەدانکردنــەوە و بنیادنــانی خــۆی هەیــە ، ئێســتاو مێــژووی دروســتبونی قــەزا یاخــود شــاری کــەلار هێنــدە دوور و درێــژ نییــە و مێژوویــەکی کۆنیشــی نییــە ، بەڵکــو مێژووەکــەی خــۆی لەســەدەیەك کەمــتر دەدات ، بــەڵام ئەمــەش ئــەوە ناگەیەنێــت کەئــەم ناوچەیــە شارســتانێتی تێــدا نەبووبێــت ، بــەڵام تەمــەنی دروســتبوونی قــەزای کــەلار بــە بــەروارد لەگــەڵ شــارەکانی وەکــو ( کفــری و خانەقیــن و ... هتــد) تەمەنێــکی کورتــە و مێژوویەکــی کەمــترە ، لەهەمانکاتــدا شارســتانێتی کۆنــی تێــدا بــووە و بەگوێــرەی ســەرچاوەکان ئــەوە دەردەکەوێــت کــە هــەر لەدێرزەمانــەوە ئــاوەدانی و ژیــانی تێــدا هەبــووە ، دیارتریــن شــوێنەوار کــە تائێســتا وەکــو خــۆی مابێتــەوە گــردی ( قــەڵای شــێروانە )و جۆگــەی ( گاوریەکــە ) کەپرۆژەیــەکی ئاودێــری ســەرداپۆشراوەو ئــاوی لەڕوبــاری ســیروانەوە هەڵگرتــووە بــۆ زەویــوزارە کشــتوکاڵییەکانی دەشــتی شــێروانەی ( کــەلار) ، تــا ئێســتا شــوێنەوارەکەی ماوەتــەوە ، ئەمــە جگــە لەچەندیــن شــوێنەواری دیکــە وەکــو ( قــەڵای پاشــا ، گــردی گردەگۆزینــە ، ئاشــە کۆنــەکان و .... هتــد ).



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەتوانین مێژووی دامەزراندنی شاری کەلار ببەستینەوە بەگوندی ( کەلاری کۆن) ەوە ، کەتاوەکو ئێستا یەکێکە لەگەڕەکە دێرینەکانی شارەکە ، کە ئەم گوندە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کەلارەوە کە بە بەردی بناغەی فراوانبوونی شارەکە دادەنرێت ، هەروەك دەڵێن لەهەندێ سەرچاوەدا ئاماژەکراوە کە ( کەلاری کۆن ) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلاوانەی کەپێش دروستبوونی شارەکە لەوشوێنەی ئێستادا هەبووە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان ، ئەمەو لەو سەردەمە مێژووییەدا لەبەر دڵگیری و گرنگی شوێنی کەلار ( بەگزادەکانی جاف)یش لەگوندنی گۆبانەوە هەواریان گواستۆتەوە بۆ گوندی کەلاری کۆن و چەندین خانوبەرەی گەورە و قەشەنگیان تێدا دروستکردووە و خەڵکێکی زۆر لەدەوریان کۆبوەتەوە و ئەوانیش بەپێی تواناو لێهاتووی خۆیان توانیویانە چەندین کاروپرۆژەی خزمەتگوزاری لەساڵانی سییەکان بۆ سەرەوە بۆ خەڵکی گوندەکە ئەنجام بدەن ، وەك ( کردنەوەی قوتابخانەو دروستکردنی پرۆژەی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن )و زۆر شتی دیکەیان جێبەجێکردووە ، ئینجا ڕۆژ لەدوای رۆژ گوندەکە فراوانتر بووە و چەندین بنەماڵەو بەرەباب ڕووی تێکردووە ، زۆربەی خەڵکەکەش سەرقاڵی کاروباری ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵ و ئاشەوانی و بازرگانی کردن بوونە.

## دوکانە کۆنەکان لەسەرەتادا لەبازاڕی کەلار

ئەو دەمەی خێزانە کاکەییەکان لەکۆتایی ساڵی (١٩٧٥)ەوە ڕوویان کردە قەزای کەلار ، لەو کاتەدا کەلار زۆر بچوك بوو ، کەتەنها ئەم دوکانانە هەبوون ، سەرەتا تەنها دوو دووکان لەتەنیشت مزگەوتی گەورەی ناو شاری کەلار هەبووە ، لەولاشەوە دوو دوکان لەوبەری جادەکە لەسەر مەشروعەکە هەبووەو چەند دوکانێکی دیکەش لەڕیزی پێشەوە بەرەو ڕووی جادەی گشتی بۆ سلێمانی تێدا بووە ، کەلەم دوایەدا دوکانی سۆندە فرۆشەکانیان پێدەوت ، کە دوکانی ( حاجی عوسمان ، حاجی بەکر ، حاجی حاتەم ) کەلەوێدا دوکانی بایەعیان هەبوو ، هەر لەو ڕیزەدا چەند دوکانێکی دیکەی ساردەمەنی فرۆشی تێدا بووە ، پاشان لەدوای ساڵێك لەڕیزی پێشەوەی سەر جادەی ناو بازاڕ دوکانەکانی خوا لێی خۆش بێت ( شێخ جەعفەر ) دروستکرا کە لەزۆربەی دوکانەکان ماست و شیرەمەنیان دەفرۆشت ، کەهەریەك لە( خاڵۆ کەریم ، حاجی حسێن عەباس ، حاجی حەمەی ئایش ، حاجی ئەحمەد جەیران، حاجی عەبدوڵڵای خاسە ، خاڵۆ مەحمود بچکۆل ، عەبدوڵڵا غەیدان ،...) هەبوون، دواتریش چەند دوکانێکی دیکە لەوبەری جادەکە کرایەوە لەتەنیشت ماڵی ( کاك کامەران محەمەد ساڵح ومامۆستا مەریوانی برای ).

پاشان ساڵ لەدوای ساڵ لەولاترەوە دوکانی هەمەچەشنە و پێڵاو فرۆش کرانەوە لەوانەش دوکانی (حاجی عەبدوڵلا ، عەباس کاکل ، حاجی مەولود ، حەمە کەرەم ، باوکی جەلال مەولود ، باوکی مامۆستا دڵشاد ، باوکی ڕزگار قادر سایەق) ، تەنانەت لەتەنیشت ئەم ڕیزە دوکانە چەند وێنەگرێکی شەمسی هەبوون.

دواتریش بەبەپێ تێپەڕبوونی ساڵ و مانگ لەلای خوارەوەی ماست فرۆش و مەشروعەکە دوکانی نانەواخانەیەك و چەند دوکانێکی دیکە کرانەوە ، لەوانەش دوکانی ( مامۆستا مەلا عەزیز محەمەد شاواز ، برایان ( ئەحمەد و تەهای مەحمود ئیبراهیم باجەڵان) ، حاجی محەمەد عەبدوڵلا باجەڵان ، فەوزی دەلۆ ، کاکەی میللەت، عەزیز درێژ کاکەیی، مستەفا حاجی قادر ، ئازاد ساڵح ، حەسەن حەلاق )و چەندین دوکانی تر کرایەوە. ئیتر بەو جۆرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناوەندی شاری کەلار و بازاڕەکەی بەتەواوەتی فراوان بوو و گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

## چەند دێڕێك لەبارەی پەیڕەوانی کاکەیی

پەیڕەوانی کاکەیی ، وەك پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کوردەواری لەهەموو ڕووییەکەوە تایبەتمەندی و دابونەریتی کوردەواری و ڕەسەنایەتی کوردبوون و مێژوویەکی پرشنگداری دوور و درێژیان هەیە، بەدرێژایی مێژوو لەسەر خاکی کوردستان ژیاون ، خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و گەورەی ئەدەبیات و زمانی کوردی و هونەرو فۆلکلۆر و کەلتوور و فەرهەنگن ، بەتایبەتی کاریگەریان لەسەر پێشخستنی بنەماکانی ئەدەبی کوردی هەبووە ، کە لەڕووی مێژوویی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە ڕۆڵی گرنگیان لەسەر بونیادنان و پاراستنی زمان و ئەدەب و بنەماکانی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەبووە.

پەیڕەوانی کاکەیی ، لەناوچە جیاجیاکاندا گەلێك پیاوی زانا و ڕۆشنبیر و سیاسی و کەسایەتی کۆمەڵایەتیان تێدا هەڵکەوتووە ، کەلەمێژووی کۆن و نوێدا توانیویانە بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و نەتەوەی کورد شوێن دەستی خۆیان بنەخشێنن.

## زوڵم و ستەمی بەعس لەسەر پەیڕەوانی کاکەیی

هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە بەهۆی هێرشە یەك لەدوای یەکەکان بۆ سەر کوردستان و زوڵموستەمی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر لەسەر خاك و ئاو و خەڵکی کوردستان ، پەیڕەوانی کاکەیی بەئیرادەیەکی گەورەوە بەرگریان لەخاکی کوردستان و ناسنامەی نەتەوەیی و مانەوەی ڕەسەنایەتی کوردبوونی خۆیان کردوە ، سەرەڕای ئەو

زوڵم و ستەمانەی دەرهەق بە میللەتی کورد کراوە کاکەییەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕێبازی کوردایەتی و خواپەرستی و تایبەتمەندی کوردبوونی خۆیان پاراستووە.

لەلایەکیترەوە پەیڕەوانی کاکەیی، لەهەموو شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستاندا بەشداربونەو هەمیشە لەسەنگەری خەباتی کوردایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی گەلەکەیاندا بەردەوام بەهەڵوێست بوونەو هیچ کاتێك درێغیان نەکردوە و لەو پێناوەشدا قوربانیەکی زۆریان داوە و چاوەڕوانی هیچ پاداشت و بەرژەوەندییەکیش نەبوونە. هەروەکو دەزانین لەدوای هاتنە سەر حوکمی ڕژێمی بەعسی فاشی ، گەلی کورد بەگشتی توشی نەهامەتی و ڕاگواستن و تەعریب و دەربەدەری هات ، لەسنووری پارێزگای دیالەو خانەقین زیاتر لە (٢٠) گوندی کاکەیی هەبووە کە ئاوەدان و ڕازاوە و پڕ بەرهەم بووە ، کە ڕۆژانە خەڵکەکەی سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵی و باخداری و ئاژەڵداری بوونەو بەو پەڕی خۆشگوزەرانییەوە ژیانیان بەڕێ دەکرد، دواتر لەسەرەتایی نسکۆی شۆڕشی کورد بەشێکی زۆری خەڵکی سنووری دێهاتەکانی ناوچەی خانەقین بەرەو وڵاتی ئێران کۆچیان کرد و لەئۆردوگاکاندا نیشتەجێبوون ، هەر بۆیە دواتر ڕژێمی بەعس بەمەبەستی (پاراستنی ئەمنی قەومی عێراق) پرۆسەی نەگریسی تەبعیس و تەعریب و ڕاگواستن و تەسفیرکردنی پەیڕەوکرد، کە سەرەتا لەشاری خانەقین و دێهاتەکانی ناوەندی قەزاکەوە دەستی بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە کردوە، پاشان زۆربەی دێهاتەکانی سنووری ناحیەکانی (مەیدان ، قۆرەتوو)ی ڕاگواست و هەموو دێهاتەکان بەر ئەو شاڵاوە نەگریسە کەوتن ، ئەمەو بەهۆی کوردبونەوە بەدڕندانەترین شێوە سیاسەتی چەپەڵی تەعریب و تەرحیل بەسەر گوندەکانی کاکەیی جێبەجێکرا، هەموو دێهاتەکانیان ڕوخێنران و لەزێدی باوباپیرانیان دەرکران و خەڵکەکەی بەرەو چارەنوسێکی نادیار ڕاپێچکران و ماڵ و موڵکیان داگیرکراو بەرهەمی کشتوکاڵییان سوتێنرا، بەو هۆیەشەوە تووشی چەندین نەهامەتی و دەربەدەری و ئاوارەیی بوونەوە و بەشێکیان بەرەو ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕەوانە کران و بەشێکیانیش بۆ وڵاتی ئێران کۆچیان کردو بەشێکی کەمیان بەئۆتۆمبیلی ئیڤای سەربازی بەرەو ناوچەی شارەزووری کوردستان ڕاگوێزران، کە عەرەبی هاوردە لەشوێنەکانیان نیشتەجێکران.

## لەساڵی (١٩٧٥)ەوە کاکەیی لەکەلار نیشتەجێن

ناوچـەی گەرمیـان ، ناوچەیەکـی پـان و بەریـن و بەرفراوانـە ، ئـەم ناوچەیـە هیـچ کاتێـك نامـۆ نەبـووە بـۆ کاکەیـی ، چونکـە ڕیشـەیەکی دێریـن و مێژوویـی هەیـە ، کـە گەلێك مەزارگـەو شـوێنی جیاجیـای دێریـن لـەم ناوچەیـەدا بوونـی هەیـە ، کـە تائێسـتاش شـوێنەواری چەندیـن مەزارگـەی کەسـایەتییەکانی کاکەیـی لـەم ناوچەیـەدا مـاوەو هـەر بەنـاوی خۆیانـەوە دەناسرێـن ، بۆ نمونـە ( شـێخ بـاوە ، بـاوە سـوور ، بـاوە نـوور ، بـاوە خۆشـێن ، بـاوە شاسـوار ، بـاوە خوبیـار ، بـاوە قەیتـاس و چەندیـن مـەزاری تـر هـەن...).

لـەدوای ڕاگواسـتنیان لەزێـدی باوباپیرانـی خۆیـان ، زۆربـەی پەیڕەوانـی کاکەیـی چ ئەوانـەی لەوڵاتـی ئێـران بـوون و ئەوانەشـی کەبـۆ خـواروو و ناوەڕاسـتی عێـراق ڕاگوێـزرا بـوون ، بەرگـەی زوڵـم و سـتەم و ئـاوارەی و دەربـەدەری و غەریبیـان نەگـرت ، بۆیـە وورده وورده بەچەنـد بـەش و قۆناغێـك هـەر لەسـاڵی (١٩٧٥)ەوە گەڕانـەوەو لەشـاری کـەلاری ئەوسـاکە نیشـتەجێ بـوون، کـە لەئێسـتادا پەیڕەوانـی کاکەیـی لەسـنووری قـەزای کـەلار و گەرمیـان نزیکـەی (٥٨٠) خێـزان نیشـتەجێن. کـە ئـەو خێزانانـەی هـەر لەسـەرەتادا هاتنـەوەو لەکـەلار نیشـتەجێبوون ، بەتایبەتـی لەکۆتایـی سـاڵی (١٩٧٥ )ەوە بـۆ یەکەمجـار ئـەم دوو خێزانـە هاتـن بـۆ کـەلار :

**١-خاڵۆ حەسەنی ٢-عەبدوڵلا حەسەنی.**

دواتـر لەکۆتایـی سـاڵی (١٩٧٦)ەوە ئـەم دوو خێزانـەش گەڕانـەوەو لەکـەلار نیشـتەجێبوون :

**١-خاڵۆ ناوخاس کاکەیی ٢-ئەکبەر ناوخاس کاکەیی.**

کەئـەم چـوار خێزانـە لـە( دێـی ئەحمـەد ئـاوا )ی کـۆن و دواتـر بـوو بەگەڕەکـی گازینـۆی ئێسـتا لەتەنیشـت ماڵـی خـوا لێیـان خۆشـبێت (حاجـی وەلـی و ئەحمـەد وەلـی ) نیشـتەجێبوون ، کـە گەڕەکـی گازینـۆی ئـەو کاتـە تەنهـا (٩) مـاڵ بـوون، چونکـە ئـەو دەمـە لەکـەلاردا تەنهـا ئـەم گونـدو گەڕەکانـە هەبـوون ( کـەلاری کـۆن ، حەمـەی کەریـم ، بنگـرد ، شـێروانە ، گازینـۆ ، عەلەومحـە ، گردەگۆزینـە )، کەدواتـر دەسـتکرا بەدروسـتکردنی گەڕەکەکانـی ( مەجموعـەی بەردەسـوور ، مەجموعـەی پێنجسـەد ماڵەکـە ، مەجموعـەی گازینـۆ ، مەجموعـەی حەمـەی کەریـم ).

دواتـر هـەر لەسـەرەتایی دانانـی بـەردی بناغـەی گەڕەکـی ( مەجموعـەی حەمـەی کەریـم ) کـە (گەڕەکـی سـەرکەوتن)ی ئێسـتایە لەکۆتایـی سـاڵی (١٩٧٧)ەوە هـەردوو خێـزان : ( خاڵـۆ ناوخـاس کاکەیـی ، ئەکبـەر ناوخـاس کاکەیـی ) ، وەك یەکـەم مـاڵ

لەگەڕەکی سەرکەوتنی ئێستا نیشتەجێبون و خۆیان خانوەکانیان دروستکرد، کەدواتر ئاوارەکانی دیکەی کورد گەڕانەوەو ئەو گەڕەکەیان ئاوەدان کردەوەو ژمارەی ماڵەکان گەیشتە (٦٢٨) خێزان.

ئەمەو پاشان بەشێکی دیکەی خێزانەکانی پەیڕەوانی کاکەیی لەدوای ساڵی (١٩٧٨)ەوە لەژیانی ئاوارەی لەوڵاتی ئێران و خوارووی ناوەڕاستی عێراقەوە گەڕانەوە بۆ کوردستان و لەشاری کەلار نیشتەجێبوون ، بەڵام لەدوای دەستپێکردنی شەڕی عێراق – ئێران زۆربەیان هاتنەوەو نیشتەجێی کەلار بوون و لەساڵانی هەشتاکان لەگەڕەکەکانی ( مەجموعەی حەمەی کەریم ، شێروانە ، بنگرد ، فەرمانبەران ، مەجموعەی بەردەسوور ، مەجموعەی پێنجسەد ماڵەکە ، لیواکە ، شۆڕش ) تاوەکو ئێستا لەو گەڕەکانەو گەڕەکی شەهیدان و گردەگۆزینەو حەمرین و کوڵەجۆییەکان و گەڕەکە نوێیەکانی تر نیشتەجێن.

## لەدوای ڕاپەڕین ئەنجومەنێك بۆ خزمەتکردن دامەزرا

لەڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)ەوە پەیڕەوانی کاکەیی لەشاری کەلار هەڵوێستی کوردایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان سەلماندوەو هەمیشە ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووەو چەندین تێکۆشەر و پێشمەرگەی دێرین و پارتیزانیان لەمەیداندا هەبووەو دواتریش چەندین شەهیدو قوربانیان بەخاك و نیشتمان بەخشیووە.

لەدوای ڕاپەڕینیش بەمەبەستی زیاتر برەودان بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ سەرجەم هۆزەکان و تیرەو عەشیرەت و دامودەزگا حکومی و حزبییەکانی ناوچەکەو ڕاپەڕاندنی ئەرکی کۆمەڵایەتی و خزمەتکردنی پەیڕەوانی کاکەیی ئەنجومەنێکیان بەناوی ( مەجلیسی کۆمەڵایەتی کاکەیی لەکەلار ) دامەزراند، کەپێکهاتەی ئەنجومەنەکە لەژمارەیەك کەسایەتی ئاینیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیر و تێکۆشەر پێکهاتبوون ، بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆربەی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لەژیاندا نەماون و ژیانئاواییان لەهەموان کردووەو بەرەو بارەگای یەزدانی مەزن کۆچییان کردوە ، کەبەشێکیانیش لەژیاندا ماون، داواکارین لەخوای گەورە تەمەن درێژو تەندروست باشیان بکات ، کەئەندامانی ( مەجلیسی کۆمەڵایەتی کاکەیی لەکەلار ) لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| ز | ناوی کەسایەتییەکان | ز | ناوی کەسایەتییەکان | ز | ناوی کەسایەتییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باوە ڕەشید باوە ئیسماعیل | ٢ | سەید عادل سەید حەسەن | ٣ | سەید هەیاس سەید عەباس |
| ٤ | ئەکبەر ناوخاس کاکەیی | ٥ | خاڵۆ عەزیز درێژ | ٦ | خاڵۆ حەمەخان حاتەم |
| ٧ | مام مەدحەت کاکەیی | ٨ | خاڵۆ شاواز کاکەیی | ٩ | خاڵۆ ئەلیاس بابا |
| ١٠ | عەلی مراد کاکەیی | ١١ | خاڵۆ عەلی بەگ | ١٢ | خاڵۆ شکور ئەلیاس |
| ١٣ | عەبدوڵا حەسەنی | ١٤ | نەریمان عەباس میرزا | ١٥ | مەنسوور خەلیفە مەحمود |
| ١٦ | ڕەحیم عەلی وەلی | | | | |

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەنجومەنە هەموویان بڕیاریانداو سندوقێکی داراییان دروستکرد، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا ئاوڕ لەکەسانی کەمدەست و لێقەوماوانی پەیڕەوانی کاکەیی بدەنەوەو بەشێکیشی بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك ئیشوکار و پێداویستی دیکەی هۆزی کاکەیی لەناوچەکەدا ، کە ئەم بەڕێزانە سەرپەرشتی ئەو سندوقەیان دەکردو ئەرکەکانیان بەڕێوەدەبرد:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستا باوە حەمید باوە ڕەشید | ٢ | ئیبراهیم حەسەن | ٣ | مەحمود کەریم دارا |

## دوا سەرنج و ئاوڕدانەوە :


ئەمەو هەر لەسەرەتایی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسەوە هەموو پەیڕەوانی کاکەیی لەدوای (٣٥) ساڵ لەژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان و بەیەکتر شادبونەوە، کەبەشێکیش لەو خەڵکە گەڕانەوەو هاتوون لەشاری کەلاردا نیشتەجێبوون.

پەیڕەوانی کاکەیی ، پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ هەموو هۆز و عەشیرەت و تیرە و تایەفەو کەسایەتییە بەڕێزەکانی ناوچەکە بەگشتی زۆر بەرفراوانە ، کەبەگیانی تەبایی و برایەتی و ڕاستگۆی و پێکەوە ژیان لەگەڵ هەمووانیدا ژیاون ، لەهەر بوارێکیشدا کاریان کردبێت بەپاکی و دڵسۆزانەو ڕاستگۆییانەو خۆنەویستانە خزمەتیان کردووەو بەبیروباوەڕی خاکیانە هەڵسوکەوتیان کردووە ، هەر بۆیە خەڵکی شارەکە شاهیدی بۆ ئەو ڕاستیانە دەدەن.

١-ڕەوانشاد ( سەرۆك مام جەلال )، پشتیوانی سەرەکی و دۆستێکی پایەبەرزو نزیکی کاکەیی بوو، کەچەندین کارو پرۆژەی جیاجیاو خزمەتی پێشکەش بە کاکەییەکانی کودستان بەگشتی و شاری کەلار و خانەقین بەتایبەتی کردوە،

لەوانـەش دروسـتکردنی هۆڵێـکی گـەورەی پرسـەو بۆنـەکان لەشـاری کـەلار و دوو هۆڵـی بۆنــەکان لەنــاو شــاری خانەقیــن و گونــدی مێخــاس.

٢-لەهەرێمــی کوردســتان و ناوچــە دابــڕاوەکان ، کاکەییــەکان ژمارەیــەك ڕێکخــراوی ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتیــان هەیــە، لەلایــەن حکومــەتی هەرێمــەوە مۆڵەتــی فەرمییــان پێــدراوە ، کــە بــۆ گەشــەپێدان و خزمەتکــردن و بوژاندنــەوەی مرۆیــی دەیانەوێــت لــەو ســۆنگەیەوە کار بکــەن لەپێنــاوی خزمەتکــردن و بەدیهێنانــی مافــی هەمــوو تاکێکــی کاکەیــی.



# گەشتێک لە خۆشەویستی دوێنێدا

**ئەحمەد محەمەد قادر**

چێشتەنگایەکی درەنگ، وەک زۆرجار و هەمیشە لە جوانترین دوکانی شار، کە چەندین ساڵە بۆ زۆرێکمان لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە، بووەتە جێی ڕاز و نیاز و گفتوگۆ و شەنوکەوی ڕووداوەکانی کۆن و ئێستا و ئایندە، لێرە زەمکردن کەم و ڕاشکاویی زۆر وتراون... ئەوەی لێرە وتراوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم گوێی لێگرتینایە و باشییەکانی بکردایەتە کارنامە، گومان هەڵناگرێت بارودۆخی ئەم هەرێمە و هەیبەتی پیاوانی دوێنێی کوردایەتی و کایە جیاوازەکانی نەتەوەییمان بە گشت سێکتەرە جیاوازەکانییەوە بەم دەردە نەدەچوون!

دوکان، پەراوگەی هاوڕێیانمان: کاک جەلال و کاک بەرزان حسێن عەباس، بەڕێزان: هەردوو پێشمەرگەی دێرین بە پلەی لیوای خانەنشینکراو، کاک ئەحمەد چاوشین و کاک عەلی حەمەساڵح زەماوەنگەیی و دکتۆر نەبەرد فوئادی سینەماکار و بەندە، بەدەم قاوەخواردنەوە، باسی ڕۆژانی کوردایەتی کرا، دکتۆر خۆزگەی خواست گەشتێکی یەک ڕۆژەی گوندەکانی گەرمیان بکەین؟ وەک ئەوەی ئەویش هەمان خولیای لە ئاوەزدا بووبێت، ڕێک و ڕاست کاک عەلی وتی: من لە خزمەتتاندام و سەیارەی پترۆڵیش حازرە، ئێوە بۆ سبەی ئامادەدەبن؟! ئێمە ڕەزامەندبووین و ئەویش هەڵی گرتە تەلەفۆنەکەی: (موشیر)* گیان بۆ سبەی پاترۆڵەکەت فوول بەنزین بکە، لەگەڵ چەند

* موشیر: موشیر مستەفا- زەماوەنگەیی، لەدایک بووی ١٩٧٦، شۆفێر و چاوساغی سەفەرەکەمان بوو.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هاوڕێیەکمدا، گەشتێکی یەک ڕۆژە بۆ گوندەکانی: بانی زەماوەنگە و سنووری داری خلە و سەرکەلەکان ئەکەین، لە گامەخەڵەوە دێنەوە بورجەکەی پشتی مێوەکە.

- بەسەرچاو خۆم و سەیارە هام لە خزمەتتاندا...

ئەو شەوە لە چەند پەیوەندییەکدا سەفەری سبەیمان ڕێکخست، ئەوەی گۆشت و چێشت بوو لە خۆمانمان حەرام کرد و پریازکەیەکمان لە: هێلکە و پەتاتەی کوڵاو و نان و سەوزە و شەکر و چا پێچایەوە... من و کاکە نەبەرد لە بەردەم مارکێتی دیوان-کەلار، لە چاوەڕوانیی ئەواندا بووین، کاک عەلی لەگەڵ شۆفێرێکی شیرین و ئاکار شیرینتر و چوست و چالاکدا، بە یەکتریی ناساندین، بەداخەوە هاوڕێمان کاک بەرزان باری تەندروستی هاوکاری نەبوو، بۆیە بۆ ئەو و کاک تارقیش دڵمەندە ماین و تا گەڕانەویشمان لە هەر وێنایەکی جوانی ئەو سروشتە دڵڕفێنە و دەنگی زەنگۆڵەی شوان و ڕەوتی سوێسکەدا ئاخمان بۆ غیابیان هەڵدەکێشا...! ئەڵێی خودا ڕۆژی بۆ ئێمە دابوو لەتەل.! ئاسمان پاک و بێگەرد، با هەناسەی نەدەبرد، کپ کپ وەک ڕۆژی گورگەزێ..!

بەڕێکەوتین، لە گوندی ڕەندی عەلی خانەوە لاتراسکەمان بەست و جادەی قیری کەلار –دەربەندیخانمان بە دەستە چەپدا جێهێشت، بەنێو دڵی ئەم گوندەدا کەمێک ڕوو لەبەرزیی ڕۆیشتین، لەدەمی هەرد و تەختاییەکدا و لە دەستە ڕاستمانەوە گوندی بێرەش دەرکەوت وگلاڵکەویش لە بەرامبەرمانەوە دیاربوو، باسی خوالێخۆشبوو، خالۆعەبدوڵلای بێرەش کە ئێسک گرەوەیەکی بەناوبانگی ناوچەکە و خزمەتگوزارێکی بێ وێنەبوو، بۆ تاوێک هاتە نێو باسمانەوە. دوای چەند خولەکێکی کەم، گەیشتینە سەر پشتی تەختییەک پێی ئەوترا: بانی ژاڵە، پێویست بوو لەوێ تاوێک بووەستین، چونکە حیکایەت خوانەکانی دوێنێ هێندەی هەزار و یەک شەوە بیرەوەری دوێنێ لە یادگەیاندا مابوون و پێویست بوو هەڵیانچنین، بە دیوی لای ڕاستی قیرەکەدا کوێل وبیرێک هەبوو لە تەنیشتیەوە ئەشکەوتێک، بەسەرهاتی ڕۆژانی ئەنفال و چیرۆکی دڵتەزێنی ئەو ئەشکەوتە خۆیان گێڕایەوە.! لە پێشمان و بەدەستی ڕاستدا لە بەرزییەکی گوێی جادەکەدا مزگەوتێک چێکرابوو، وەک دەڵێن: لەبەرامبەر خدری زیندە، هەڵبەت ئەم مزگەوتەیش چیرۆکی دڵتەزێنی خۆی هەیە.! ئێمە ئەڕۆین و جوانییەکان باوەشمان بۆ دەگرنەوە، گوندی ژاڵە لەلای چەپمانەوە خۆی دانیشانمان.! دوای تاوێک لە هەماندەستەوە گوندی سۆفی ڕەحیم کە پێنج بۆ شەش ماڵێک دەبوون، هەرلە دەستە ڕاستی ڕێگاکەدا گردێک هەبوو، ئەویش حیکایەتی شەهیدوونی شەهابە ڕەشی بۆ گێڕاینەوە.! دوای ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ مەترێک گەیشتینە دەشتێک لە ئەنفالدا و لە شەوی: ٨ لەسەر ٩-٤-١٩٨٨ سوپای عێراق بە نیازی ڕووخانی دێی سۆفی ڕەحیم خۆیان تیادا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



مۆڵدابـوو، هـەر ئەوشـەوە کەوتنـە بـەر پەلامـاری هێزێکـی ئـازا، زیـانی زۆریـان پێگەیاندن، بەداخـەوە لـەو پەلامـارەدا عەدنـان مدحـەت شـەهید دەبێـت و مامۆسـتا عومـەر سـپارتە و نەجـم مـام وەلی و چەنـد کەسـێکی دیکـە برینـدار دەبـن.! ئێـوارەی هەشـتی مانـگ پێـش خۆرنشـین، مەفرەزەیەکـی تیپـی ٥٣ی شـێروانە بۆسـەیەکی مەحکـەم لـە نێـوان هـەردوو گونـدی گڵاڵکـەوە و ژاڵـەی حاجـی قـادر لـە شـوێنێک کـە پێـی دەوترێـت پـەلی قـوڕ دادەنێـن، ئـەم شـوێنەیش ئەکەوێتـە نێـوان دڵـی ئـەو هێـزەی کـە لـە باوەنـوورەوە تـا گونـدی سـۆفی ڕەحیـم بڵاوەیـان پێکرابـوو، پێـش زەردەپـەڕ، ڕەوەجاشـێک دەسـتەویەخە ئەکەونـە بۆسـەی هێزەکـەوە، لـە ئەنجامـدا (١٦) چەکـدار دەکوژرێـن.. لەبەڵگەنامـەکانی مەنزومـەی شـیمالیدا هاتـووە کـە خەلیـل سـەرکانی لـە کتێبـی بیرەوەرییـەکانی خۆیـدا بڵاوکردوەتـەوە، دەڵـێ: بـە هـۆی ئـەو شـەڕەوە، عەمەلییـەی سـۆفی ڕەحیـم بـۆ مـاوەی (٣) ڕۆژ دواکـەوت..!

دوای چەنـد خولەکێـک چەنـد وردە خـڕ و ڕێـگای پێچـاو پێچـمان بـڕی، هـەردە و هەڵەتـەکان هێشـتا کورتـە بـاڵاو لـە سـنگی کیـژۆڵان دەچـوون.! ناوێـک هاتـە بەرگوێـم: گونـدی زەنگەکـە، بـە تاسـوقەوە وتـم: خۆزگـە ببینـم.؟! چونکـە بیسـتبووم کـە لەوێـدا ڕووبەڕووبوونـەوە لـە نێـوان جەیـش و جـاش و پێشـمەرگەدا ڕوویـداوە.! بـە چـاو دوور نەبـوو، ترۆپکـی چەنـد درەختێکـی پێـش ئەنفـال لە بـاوەشی چەنـد قوتـە و یاڵێکـدا دەبینران، بـۆی شـۆڕبووینەوە، کەمێـک ڕووبـەرەوژوور، لـە دامێنـی گونـد دا، دەسـتمان کـردە مـلی خـڕ و چەمێـک ، ئاوێـک لەسـەردا دەهـات، وەک ئـەوەی بـە پیریمانـەوە بێـت، حەیفـت دەهـات، پێـی تێرادەیـت و لێڵـی بکەیـت، وەک چـاوی قـرژاڵ ڕوون، تینـوو ئـارەزووی دەکـرد مـژی پێوەنێـت تـا چـۆڕی لێدەبڕێـت، لێـرە دا گەشـتە شـیعرییەکانی: هەورامـان و قەرەداغـی گۆرانـم هاتنـەوە یـاد.!

هەربەخـڕ و ئاوەکـەدا ڕۆیشـتین، تـا بەتـەواوی گونـد دەرکـەوت: یـەک لـە پیـاوەکانی دوێنـێ وتی: ئاااا..دەبینـن زەنگەکـە نەمـاوە، ئـەم بـاران و لافـاوە دایڕوخانـدووە.؟ بـە دەسـتە چەپـی دەروازەی گونـدی زەنگەکـەدا لاپاڵێکـی بـەرز و خشـۆک هەبـوو، هێشـتا تەڕەشـوعی لافـاوی پێـرێ و پەسـم پێرێـی تـا پشـتوێنە پێـوە دیاربـوو، ئاسـەواری داڕوخـانی مەعلـوم و ئەوەیـشی کەوتبـووە بەرپێـی لافـاوی ئەو چەمـە دایمالێبـوو و بردبـووی..! بەشـێکی گەورەی ئـەم قەدپاڵـە لـە کۆنـەوە درزێکـی گـەورەی تێـدا بـوو، پێدەچـێ نـاوی ئـەم گوندەیـش لـەو درزەوە ناوگیـر کرابێـت؟! لـە ئاسـت هـەرەسی درزەکـەدا بەدووریـی چەنـد مەترێـک لـە چـەم و ئاوەکـەدا وەسـتاین و هـەر لـە نێـو پاترۆڵەکـەوە کاک ئەحمـەد ویسـتی مێـژووی بەرەبەیانێکـی ئـەم گوندەمـان بـۆ بگێڕێتـەوە، لـە نێـو گونـدەوە، کەسـێک دەرکـەوت و بـە دیقەتـەوە تەفرنجـی لێدەدایـن، بەهـۆی خۆرەکـەوە و بـۆ ئـەوەی ڕوونـتر بمانبینێـت، بـە

پەنجەکانی سێبەری بۆ چاوەکانی کردبوو، هێندەی نەبرد بوون بە دووکەس ! ئەویش هەمان شێوە لێمانی دەڕووانی.! هاوڕێیەکمان وتی: مەوەستە بڕۆ ئەم ماڵە کەمێک کێشەی کۆنی دوژمنایەتیان هەیە، نەبا قەلەق بن.؟! ئەوە حەمەی حاجی حەسەنە و ئەویتریش ئامۆزاکەیەتی، بچۆرەلایان بوەستە. هەرکەدابەزین، ناسیمانیان و زۆر گەشانەوە، وەک جاری جاران بگرە زیاتریش هاتن بە دەمانەوە و کاک ئەحمەد وتی: ئەمانناسن.؟ وتی: بەڵێ..بەڵێ مەگەر تۆ کاک ئەحمەد چاوشین نیت و ئەویش کاک عەلی زەماوەنگەیی؟! خۆ کاک موشیریش هەمیشە دەبینین، تەنها بە خزمەتی ئەم دووبرایە نەگەیشتووین؟ ئێمەیشیان پێیان ناساند، ئیتر بوونە حێرک پێانەوە خوڵکێکی گەرم، ئەم دوو مەردە چاوەڕوانی یەکتریان نەدەکرد و دەیانووت: توخوا بەیادی جاران بچن کار و گەڕیانی خۆتان بکەن و بۆ نانی نیوەڕۆ هاینە خزمەتتانا...ئێمە بڕیاری مانەوەمان لە هیچ ماڵک نەدابوو.. بۆیە نەماینەوە.




کاک ئەحمەد وتی: لە ڕێکەوتی: ١٨-٨-١٩٨١، ئێوارەیەک لە سۆفی ڕەحیمەوە هاتینە گوندی زەنگەکە، نزیکەی (دە) پێشمەرگە بووین، تەوزیع بووین، دوای نیوەی شەو من بە قوتەی ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە حەرەس بووم، لە تاریک و لێڵیی دەمی بەیانیدا چەند چەکدارێک لە ڕۆژئاوای ناو گوندەکەوە ڕووە و من هەڵزنان، پێشمەرگەکانیش لە ماڵەکاندا خەوتبوون، من باوەڕم نەدەکرد ئەمانە جاشبن، چونکە لە ناو گوندەکەوە بۆ لای من دەهاتن، گەیشتنە پاژنەی قوتەکە، یەکێکیان وتی: ئەوە داڵێکە بەو قوتەوە، یەکێکی تر، وتی: نەخێر بەخوا پێشمەرگەیە.! لەم مڕومشتەدا بوون و منیش باوەڕم نەکرد جاش بن، سەلەیەکیان پیاما کرد، منیش کوتوپڕ لێیان هاتمە دەست، شەڕ درووست بوو، بڕا وە ئێوە بێژێت، ئەبینم چواردەوری ئاوایی گیراوە و لە هەموو لایەکەوە بووە قرمەژنەی گوولە بەڕووی مندا و بۆ ناودێکە..! زیانی ئەوانمان نەزانی، بەڵام لە ئێمە سێ کەس برینداربوو(عومەر سەنگەری، ئومێد شاکەلی، کەریم تایشەیی)شەڕەکە دەستەویەخەبوو، تەنها (٢٠)خولەکی خایاند، بە حاڵێکی خراپ لەبەری باکوری ڕۆژئاوای گوندەکەوە کەمینەکەمان شکاند و برینداره‌کانمان دەرکرد، دواجار دەرکەوت کە لە ئێوارەوە خەبەرمان لێدراوە. کاکە حەمەی حاجی حەسەنی خەڵکی گوند بە تاسوقەوە گوێی لە کاک ئەحمەد ئەگرت و وتیشی لەبیرمە پێنج شەش ساڵان ئەبووم، جاشەکان یەک دوو شەپازلەیشیان لەمن دا، کاک ئەحمەد نەبوایە ڕەنگە پێشمەرگەکان دەستگیر بکرانایە.! ئەمەی دەیگێڕمەوە نزیکەی چارەکە سەعاتێکی خایاند، هەر بە پێوە و لەبەری ماڵدابووین. گوند بۆنی

ئاوەدانیی و موحیبەتی لێدەهات، نزیکەی سێ ماڵ دەبوون، بەداخەوە دەنگی سروودی (ئەی ڕەقیب)ی، لێنەدەهات.! لە ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە و لە قەدپاڵی ئەو گردەی کە تەقە لە چاوشین کرا، پەچەی ئارامی مەڕوماڵات و ڕانەمەڕکی لێ مۆڵدرابوو.! منداڵێکی چوار پێنج ساڵان نەمزانی کوڕە یان کچە، لەسەرمادا هەردوو دەستی خستبووە بن هەنگڵییەوە و کڵاوی فانیلەکەی کردبووە سەری، هێشتا کوڵمەکانی ڕەنگی گوڵەباخی پەمەییان گرتبوو، زیتەڵ زیتەڵ تەماشای دەمی ئێمەی دەکرد، لە قەد دیوارێکی پشتیەوە بە خەتێکی خواروخێچی منداڵانە نووسرابوو: کۆژین، ئەژین، ئارام، دەروون، چنار، خولە گیان..لێمپرسی: ناوت چییە.؟ وتی: کەنار..!


کەنار، گوندی زەنگەکە.

بەدەم خولکی: توخوا مەڕۆن..دڵمان پێتان ئەکرێتەوە، نانێکمان لەگەڵدا بخۆن، خوا نەیبڕێ هەموو شتێک هەیە..بەشوێنی خۆماندا گوندمان بەجێهێشت. دوای چەند پێچاوپێچ و لە چەند خولەکێکدا، گەیشتینە ئەو خڕەی کە شەهید حەمیدی تیا شەهیدبوو، ئەو ڕۆژەی کە چووە هانای شەڕی زەنگەکەوە..بوونی گۆڕستان، نیشانەی ئاوەدانی لە پێشینەیە، جۆری گۆڕ، ڕووی گۆڕ، گەورەوبچوکیی، ، بوونی کێل لە قەبرغەی گۆڕدا، بوونی خشڵ و سامان لە گۆڕدا ئەمانە ئاماژەی جیاواز دەگەیەنن، لەم سەفەرەماندا و لە باکوری گوندی حەمەی قادر و دەستە چەپی ڕێگاکەوە شوێنەواری گۆڕستانێکی گەورەی تێکدراو دەرکەوت، لە کاک (عەلی) م پرسی، وتی: ناوی گۆڕستانی (گردی غەزنە)یە، هۆکاری شێواندن و هەڵدانەوەیم پرسی؟ ئەو وتی: لە کاتی گەمارۆی ئابووری و سەردەمی برسێتی و قات و قڕی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ خەڵکیی بە خاکەناس هەڵیاندانەوە و بۆ خشڵ و ئاسەواری کۆن دەگەڕان، ئەوەندەی من دەمبیست، بە بەهای دەیان دەفتەرە دۆلار خشڵ و سامانی گرانبەهایان تیادا دۆزیووەتەوە.! ئەوەی پێویستە بوترێت، ئەم کلتوورە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، هاوکات بوونی گۆڕستانێکی ئاوەها گەورە ئاماژەیە بۆ ئاوەدانیی و شارستانییەتێکی مێژوویی لەم ناوچەیەدا..! پێدەچێت ناوەکەیشی (غەزنە) لە خەزێنەوە هاتبێت کە ئاماژەیە بۆ بوونی ئەو سامانە لە گۆڕەکاندا.!

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



گوندی حەمەی قادر

پاشان چووینە کەمە بەرزییەک لە ڕووی خوارمانەوە گوندێک دەرکەوت، کاک عەلی وتی: ئەمە حەمەی قادرە و هاااا..لەوخوارەوە لە تەنیشت ئەو لۆدە و عەلاگە گەورە شینەوە ئاسەواری شوێن هەواری ماڵی ئێمەیە کە هێشتا ماوە.! داخی گرانم وانەی: دارا دوو داری دی..تێدا نەدەخوێندرا.! ئەوەندەی چوار مژی قوڵ بدەی لە جگەرەیەکی تەوەس، وەستاین و بەرەو تەنیا ماڵەکەی حەسەن عەمنە کەوتینە ڕێ، لەو حەنەوە لەخڕی زەماوەنگە کە سەرچاوگەی لە (داری خلە) و ڕۆسەی شامارەوە دێت پەڕینەوە، قەبرستانی ئیمامی عەلی ئەکەوتە لای ڕاستمانەوە، گڵکۆی ٢٨ پێشمەرگەی شەهیدی لە ئامێزگرتووە. تەنیا ماڵەکەمان بەرەو گوندی بنەبەراز بەجێهێشت، قوتابخانەیان نەبوو. لێرەوە سەختیی و پێچاوپێچ و ڕوو لەبەرزی و نشێو، تاقەت پڕوکێن بوو، ترسی دەخستە دڵی بێ دڵەوە.! ئەوەی لەم تەونی گەردوونە سەری دەردەچوو و تێدەپەڕاند، تەنها شارەزایی و سەلیقەی کاک موشیری شۆفێر و هێزی پاترۆڵەکەی بوو..! لەپڕ سەرمان لە گوندی بنەبەرازەوە دەرچوو، منیش یادگاری دوو ڕۆژ و شەوێکم لەم گوندەدا هەیە، کە لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ دایکم هاتینە سەردانیی ماڵی خاڵۆم، کاتێک بەهۆی برینداریی‌یەوە لەماڵەوە بوو، ئەمە حیکایەتێکی تایبەت بە خۆمە و بۆ کاتێکی دیکەی جێدەهێڵم.! بنەبەراز، گوندێک وەک پەرتووکی مێژوو، حیکایەتی خوالێخۆشبوو: میمکە پانێ و مەلاسەعیدی باشکی و دەنگی هۆرەی عومەری حەمەدێز و شوانە کەڕە وچەندین بەسەرهاتی دیکەی دەگێڕایەوە، لای ڕۆژ ئاوایەوە قوتابخانەیەکی پتووورکاو و چۆڵ و هۆڵ و بێ ئەلف بێ.! لە باکوورییەوە دۆڵێک سەری چووبووە بنی بەرزترین لوتکەی ئەو سەرزەمینە و پاینی ئاوڕێژەی ئەو وردە دۆڵانەبوو، تا دەیکرنە خڕی زەماوەنگە و لەوێوە بۆ ڕووباری سیروان، بە کورتی لە شیلانەیەک دەچوو لە بنی کانییەکی ڕووندا.! لە خۆرنشینییەوە دەرچەیەکی تەنگ دەستی گرتین تا گەیشتینە بەرزاییەکانی پشتی دێ، چەند جارێک شاهێدومانمان بە حەق هێنا، چوون

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



بە ملی یاڵەکاندا نشێو و ڕوولەبەرزییەکانی بەجۆرێک دەبڕی، چەندین جار بەری پێی خۆمانمان بۆ دەیان مەتر نەدەبینی، شۆفێر تەنها پشتی بە زانیارییەکانی دۆێنیی قایم بوو، بۆ ئێمەیش هەرجارەی جەڵتەیەک بوو..! بەترس و خۆشی و پێکەنینەوە..وتم: بۆ خاتری خوا کاک موشیر من وەعدم بە دایکم داوە بگەڕێمەوە لای، دکتۆر نەبەردیش بە ڕەنگی پەڕیەوە، وتی: بڕا ڕۆۆۆ...ئەوە منیش دەست لەم فلیمسازییە هەڵدەگرم و نایکەم..! کاک موشیر وتی: هیچ مەترسن ..وابزانن لە دیوەخانی خۆتاندا لە ماڵەوە دانیشتوون، لەڕاستیدا حەقیقەتی خۆشییەکان لە ڕێگای ڕاست و بێ هەوراز و نشێودا نیین، ئەوەی هەیە، ئەو چێژەیە کە لە لوتکەی بێ ئومێدییەوە مرۆڤ دێنێتەوە نێو ژیان..! بە هەرحاڵ کات بۆ دوازدەی نیوەڕۆ چەند خولەکێکی مابوو، خۆر هێندەی نەمابوو ئەستوونیی بێتەوە سەرمان، گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، بەرزترین لوتکەی ئەو جوگرافیایە، کەبەدووریی نزیکەی دوو کیلۆمەتر دەکەوتە پشت و خۆرئاوای دێیەکانی کەوە، هەرکە دابەزین وەک زیو چەندین ملوانکەی کانی تازە تەقیومان دەبینی کە وەک منداڵ بۆ تیشکی خۆر ورینجە و بریقەیان دەهات، ئا لێرەدا ئیلهامی شیعری گەشتی هەورامانی گۆرانم کەوتەوە یاد:

-جۆگەی ئاوەکان تیایدا قەتیس ماو
-هەرئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو..!




دەنگی زەنگۆڵەی ملی مەڕ، سەرنجی بۆ لای گوندی سەرکەل ڕاکێشام، ئەڕوانم، کوڕە لاوێک بە گاڵۆکێکەوە شانی داداوە و چاوی بڕیوەتە مەڕەکانی و لە تەنیشتییەوە گوێدرێژێک، لەولاتر دوو گەماڵ لمۆزیان خستووەتە نێوان هەردوو دەستیانەوە، کاک موشیر شوانەکەی ناسییەوە (ئەمیری کوڕی خەسرەوی عەزم)بوو، مانوونەبوونی لێکرد و ئەویش سەندییەوە و گورج و گۆڵانە هات بە دەمانەوە، گەماڵەکانیش لەگەڵیا هاتن و لە چەند هەنگاوێکی ئەولامانەوە کلکی دۆستایەتی و دوورە شەڕیان ئەلەقاند، ئیتر کەوتە خولک وخوا و ماریفەت هەردەبێت بێنەوە ماڵ و هاااا..ئەوەماڵە ئێستا تەلفۆن ئەکەم و ماڵ ئاوەدانە، ئەگەریش نایەن ئەوە بۆ ئێوارە وەعدم بدەنێ خۆیشم دێمەوە خزمەتتان، وەک وتم ئێمە بڕیارماندابوو نەبینە ئەرک بەسەر کەسەوە، ئەویش ئەیووت: باوکم بزانێت هاتوون و نەهاتوونەتە ماڵ مەحاسەبەی من ئەکات، ڕێکەن لەڕێی خوا دڵم مەشکێنن و باوکیشم لێ تووڕەمەکەن، بۆ ئەوەی کەمێک ئاسوودەبێت، کاک موشیر وتی: تەلەفۆن بکە با دۆڵکەیەک دۆمان بۆ بێنن، هەرئەوەندەی بەشی چاییەک بنەمارگیر و کەوەلەمان کۆکردەوە، دەنگی ماتۆڕێک وەک قاسید لە ئاواییەوە هات

و بەرەمەشکەی ئەو بەیانییە و سولاحیەکی دۆیی بۆمان هاورد، مژێکم لە دۆکە داو رووم کردە دکتۆر نەبەرد دەمزانی بۆ مرواری وشە و وێنای عەنتیکە، هەمیشە گوێ و چاوی هەڵخستووە..وتم: باوکم بەڕەحمەت بێت، هەرکاتێک قومی لە دۆیەکی ئاوەها بەتام بدایە دەستێکی ئەهینا بە سمێڵیدا و ئەیووت: ڕاستە دەڵێن دۆ شەرابی کوردە.! دکتۆر وەک هەمیشە بزەیەکی شیرینی کرد و وتی: وەڵڵا جوانە و یەکەم جارە ئەم دەربڕینە دەبیستم.!

ئاوەها ڕێکەوتی کردبوو من و کاک ئەحمەد دووربینی زۆرباشمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو، هەرچەندە ڕۆژەکەی زۆر خۆش و خۆرەتاو و ئاسمان و سروشت بێ ئەندازە پاک بوو، کە بەچاو زۆربەی شوێنەکان دەبینران، کاک موشیر کەوتە ئاگرکردنەوە و ئێمەیش دەستمان دایە دووربینەکانمان، شاخی شاهۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باڵای لە تارای بەفریندا وەک لەپی دەست دیاربوو، بەمۆ توێژاڵێک بەفری پێوە مابوو، زنجیرە چیای زەردە و شاخی ئاشداخ و سنووری ئاوەسپی تا دەگەیشتە باوەشاسوار و دەشتی شاکەل و مرواری و قەسری شیرین و شەواڵدڕە و کلکی زنجیرەی زاگرۆز(داڵەهۆ) دیاربوون..یەک بەیەکی گوندەکانمان دەژماردن و داری خلە و کێلی گۆڕی شەهیدانی گۆرستانی ئیمامی عەلی دەبینران، ئاوی چەم و خڕ و دۆڵەکان ڕێک لە چاوی دووربینەکانەوە لە زیوی ڕژاو دەچوون.! ئەوەی بووە جێ داخم و زۆریش شەرمهێن بوو: لەو هەموو ڕێگا و دەشت و هەردەدا، بە چاوی ئاسایی و دووربینەکانیشمانەوە جگە لە دوو پۆل سوێسکەی سرک و ترسێنراو و چەند قەلەڕەشێک، یەک ڕۆح لەبەری کێوییمان لە: ئاسک و کەروێشک و گورگ و چەقەڵ و بەراز و..هتد نەبینی.! لە کاتێکدا سەدان ساڵ پێش ئێستا لە دەشتی شێروانەوە کە بە دەیان کیلۆمەتر دەکەوێتە دووریی جوگرافیای ئەم شوێنەوە لە گۆرانی فۆلکلۆردا گۆرانبێژان وتویان:

-ئاسکی دەشتی شێروانە
-پۆڕی گوێچەم سیروانی..!

ئەوانەی مانا دەبەخشنە سەفەر بە کورتیی: هاوڕێی شارەزا و شۆفێری باش و بەرنامەی گونجاوە و تەباییە..پێخۆری نیوەڕۆمان: وەک دەستپێک، هەریەکەی کوپێک قاوە، هێلکە و پەتاتەی کوڵاو، سەوزە و پیاز و تەماتە، نانی ساجیی و تەنووریی، لەگەڵ کەرێ و دۆی سەرکەلی حەمەی مارف، چایی ئاگری شوان، ڕاخەرمان سەرزەمینی خودا(سەر زەوی).

دوای نزیکەی یەک سەعات، نان و چا خواردن، بەڕووی ئاوڕێژەی گوندی سەرکەلی بێ قوتابخانەدا و ئاوەسپیدا شۆڕبووینەوە، بەتەنیشت گوندی سەرکەلی مارفدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە سەرکەلی مەحموود عەزەم، ڕێک بە ناو دڵی گوندەکەدا تێپەڕین،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



هێندەی نەبرد گەیشتینە گوندی سەیبە خان، لە تەنیشت مزگەوتەکە پێویست بوو بۆ تاوێک دابەزین، گوندێکی خۆش و دڵگیر، لەپەڕی لای دەستە چەپیەوە مزگەوتێکی کۆنکریت و ئاوەدان، چەمێکی ئاوی سازگار و فرە، بە لای باشوور و بناری یاڵی دەوری دێدا خوورەی دەهاتە گوێمان، ئاوەدانی و سەوزایی و مورەشەی ژیاندبووە وە، چەند درەختێکی: توو و قەڵەم تۆزی پێش ئەنفال لە نێو گوند دا جارێکی دیکە شین بوونەوە، گوند سەرقاڵی ئاژەڵداریی بوون بەتایبەت مەڕ، چەندین زنج و بەهاربەنی و گەوڕی درێژی مەڕداری دەبینران، چەند پەچەیەکی دیار و شوورە بۆ کراو...لاوێک لەبەرهەیوانی باکوری ڕۆژئاوای گوندەکەوە، لەگەڵ دەست هەڵتەکاندا بەدەنگی بەرز فەرمووی لێدەکردین، ئێمەیش بەسوپاسەوە وەڵامان دایەوە کە کاتمان نییە و ئاوەدان بێت..سوودی نەبوو، بە مەترێک سۆندەی دەستیەوە لە جیاتی ( داردەست) بۆ لامان هاتە خوارەوە، لاوێکی سووروسپی، ڕیش و سمێڵێکی جوان و خزمەت کراو(حەمزە ئاغایی)، سیمایەکی پڕ لەماریفەت و بەرائەت، میوان دۆست و شیرین وێژ، خەمێک لە قوڵایی دییەیدا بەدی دەکرا..! دواتر کاک موشیر وتی: باوکی بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە لە زینداندایە.! ئەو لە خولکی خۆی نەدەکەوت و بە کاک موشیری وت: ئەی تۆ خۆت خاوەن ماڵی و لە جێی مامی، پیاوەتی بکەن مەڕۆن، خۆم چێشتتان بۆ لێدەنێم، تازە کۆلێژی ئەندازیاریی نەوتم تەواو کردووە، لە داخلی فێربووم.! ئەم بڕوانامەیە زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، کاکە نەبەردیش هەمان هەستی منی هەبوو ئەو پێی وت: با من و تۆ پێکەوە وێنەیەک بگرین و ناوتیشم پێ بڵێ؟ ئەو بەزوویی سۆندەکەی دەستی فڕێدا و خۆی بۆ وێنەکە ئامادەکرد، نەبەرد پێی وت: حەزدەکەم داردەستەکەت، بەدەستەوە بێت، من وێنەیەکم بۆ چرکاندن و لە کۆتاییدا وتی: ناوم شکارە کوڕی مامە کاوەم..ئیتر ئێمەیش چەند وێنەیەکمان لەم گوندە دڵگیرەدا گرت، هەرچەند گوێمان بۆ سروودی: (خوایە وەتەن ئاواکەی...)هەڵخست داخەکەم بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە ئەویش داخرابوو..! بە دڵتەنگییەوە گوندمان جێهێشت و بەرەو گوندی گڵاڵکەوەی ڕۆغزایی ڕێمان بڕی، پاشان لە هەوارە ڕەقە نزیک بووینەوە کە نزیکەیی پێنج ماڵ بوون، کاک موشیر وتی: هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بە ناوی مستەفا لەم گوندەدا هەیە، بە فەخری عالەم بمانبینێت نایەڵێت بڕۆین، واباشە بە ڕێگای پەڕی دێکەدا تێپەڕین. کورد لە خۆڕایی نەیوتووە: ئاو و ئاوەدانی، ئەگەر ساڵانی پێشوو بەشێکی زۆری ئەم گوندانە کانیاو و چەمەکانیان وشکیانکردبوو، لە ئێستادا گوندێکمان چاو پێنەکەوت کۆنەکانی و چاوگەکانیان بە زیادەوە نەتەقیبن، ئەمە بۆ ئێمەی ڕێبوار هێندە خۆش بوو، دەبێت بۆ گوند نشینانی خاوەن مەڕ و ماڵات چەند گرنک و پێویست بووبێت.؟! لە هەوارە ڕەقە دەرچوین و گەیشتینە بەرزییەک، کەمتر لە یەک کیلۆمەترمان مابوو بگەینە (قەڵا لووت)ی سنووری زەنگەنە و جاف. چەم و ئاوێک هاتە پێشمان، گوناهێکی گەورەبوو هەر ڕێبوارێک

بەلایدا چێ، تینوێتی خۆی لێنەشکێنێت، شوانێک مەتارەکەی، کچێک گۆزە و ژنێک کونەی لێپڕ نەکات، پیاوچاکێک دەستنوێژ هەڵنەگرێ و دەستی بۆ حەوا هەڵنەکا..کاکە نەبەرد وتی: ئەرێ بۆ ناوەستن مژێ بنێمە ئەو چەمە.؟ وەستاین و دابەزین ئەو پێش هەمووومان وەک جاری جارانی منالیی لێی ڕاکشا و هەردوو دەستی وەکوو شناو مژی ناوە جۆگەلەی ئاو.! پاش چەند خولەکێک گەیشتینە ملەی گامەخەڵ، شوێنەکە دڵگیر و بەرزبوو، تاوێک دابەزین و بە دووربین، جوانییەکانی ئەو دەشتەمان تەی دەکرد، کەش و هەوا هێندە پاک و کش و مات و دووره جەنجاڵیی و ژاوەژاوبوو، لە دووریی دوورەوە دەنگی: زەنگ و وڵتەی سوێسکە و جیکەی کڵاوکوڕەمان گوێ لێدەبوو.! بەڕاستی جوانییەکانی سروشت نە دەنووسرێن و نەیش لە ژماردن دێن، بەتایبەت بۆ ئەو مرۆڤانەی کە چاوی خەیاڵ و لێکدانەوە و ژینگە دۆستییان تیژە و نیشتیمانیان لا پیرۆز و خۆشەویستە.!

دیسان سەرکەوتینەوە و کەوتینەوە ڕێ، ڕێگاکە سەرتیکی ملەیەکی درێژ بوو، خاکەکەی بەردەڵان..بە کورتی شوێنی لێخوڕین بوو، خوا هەڵناگرێت کاک موشیر قسووریی نەبوو، بەجۆرێک دەڕۆیشت دەنگی پێی پاترۆڵەکە ئەو هەرد و دۆڵەی نابووەیەک، لە پڕ ڕێویەک دەرکەوت، ئەوەندەی تر پێی پیا نا، گوناهبار نەبم ڕەنگە ئێستایش ئەو ڕێویە داماوە لە ترسا هەر ڕابکات..! پاش چەند خولەکێک گەیشتینە سەرکەلی عەزیز و دواتر لە ڕاستمانەوە گوندی سەرناوە،هەردوو گوند( قوتابخانەیان نەبوو)، ئەنجا بەلای دەستە چەپدا شۆڕبووینەوە گەیشتینە چەم و دۆڵ و تەڕاییەک، لافاو ڕێگانی کۆێرکردبووەوە، بە قودرەتی قادر و گورج و گۆڵیی و لێزانینی کاکی شۆفێر ئەمجارەیش ڕزگارمان بوو، بەناو گوندی تەیمانەدا تێپەڕین، گەلەقازێکی پاک و جوان خۆیان لە ئاوی ئەو چەمە هەڵدەژەنی، چاوم بۆ قوتابخانە گێڕا چونکە زۆر مەبەستم بوو، کەچی لێرەیش وەک سەدان گوندی لانەکەی شۆڕش و قوربانی ئەسەف گوێمان لە وانە و دەنگی مامۆستایەک نەبوو.! لێرەدا بە کاک موشیرم وت: ڕەنگە ئەمناوە زۆر شارەزابیت و جگە لە سەیارەی پاترۆڵ ڕەفیقیی هیچی دیکەت نەکردبێت؟! بە پێکەنینەوە وتی: جاری واهەیە، دەچمە چەمچەماڵ و دێمەوە ناچمە سەر جادەی قیر، وتم: خزمێکمان هەیە ئەویش هیوایەتی پاترۆڵە و جارێک وتی: بەڕێی خۆڵدا لە چەمچەماڵەوە هاتمە کەلار و گەڕامەوە، وتی: ناوی چییە؟ وتم: ئەسوودە... پێکەنی وتی: زۆر هاوڕێمە، بێتە کەلار ناکرێت من نەبینێت.!

ئێمە بەردەوامین و دەڕۆین، گفتوگۆ و قسەی خۆش و نوکتە و ڕۆژگاری ڕەشی کوردەواری دەهاتنە نێو حیکایەتمانەوە، من و دکتۆر زیاتر پرسیارمان ئەکرد، چونکە ئەوان ئاشنای گوند بە گوند و یاڵ بە یاڵی ئەم گەرمیانە بوون، ڕۆژگارێک پارێزەر و گیان فیدای ئەم خاکە بوون.! گەیشتینە بەرزی و لاپاڵێک، بە لای چەپمانەوە گوندێکی گەورە و جوان دەرکەوت، کاکە نەبەرد وتی: ئەم گوندە چەند جوانە.!

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



بریا خانووەکانی گڵین بوونایە و ئەوەندە بلۆک و کەرەستەی شاریی تێدا نەبووایە.! ووتیان گوندی مەسرۆلکانە..دەمێک بوو لە دوورەوە لوتکەی بورجەکەمان دەبینی، بەڵام ئێستا تادێت، خەریکە بەژنی بەتەواوی دەردەکەوێت و هێندەی ماوە بگەینە سێبەری بەیانیمانی. بەرنامەمان بوو لە بورجەکە دۆینە و چاییەک بخۆین، کات عەسرێکی درەنگە، گەیشتینە بەرزترین دووندی ناوچەکە، نەبێتە درۆ گابەردێکت گلۆر بکردایەتەوە، ڕەنگە بگەیشتایەتە ناو گوندی مێوەکە. کە دەڵێی مێوەکە ناکرێت مام والیت نەیەتەوە خەیاڵ، جگە لە خەباتی ڕۆژە سەختەکان، هێشتا کوردی پۆش و سەربە جامانە و هۆرەچڕ و لادێ نشینە، لادێیەک تەڕ و ئاوەدان، تا ئاستێک داچێنراو بە درەختی بەردار..! کورد دەڵێ: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساو، ئێمە نە قەساو بووین و نە نانەوا، هێندەی پیرەمێردێک جگەرەیەکی قامیش بپێچێتەوە، کاک موشیر ئاگرێکی دەمکرد و چەند سەرکە دۆینەیەکی کردە ئاو، بەدەم عەسرە چاییەوە، ئەمجارە دۆینەیش لەپاڵی، ئێمە پرسیاری گوندەکانمان دەکرد و کاک ئەحمەد و کاک عەلیش بەحیکایەت و تایبەتمەندیی تیرە و عەشیرەت و چالاکی و ناوی شەهید و ڕووداوەکانی ئەنفالەوە ناوی گوندکانیان بۆ دەوتین، ئەوەی بەهەناسەی سارد و ئەوپەڕی دڵتەنگییەوە دەستیان بۆ درێژدەکرد و وەک ڕێی کاکێشان ئاماژەیان بۆ دەکرد، ڕێگای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە و ئەو خەڵکە بوولە گەرمیانەوە بەرەو داری خلە و سنووری سەنگاو و هەمەوەند لە ئەنفالدا پیداچوون.!

دوای نزیکەی نیو سەعات زیاتر کەوتینەوە ڕێ، بە نێوان هەردوو گوندی مێوەکەی بێ قوتابخانەدا شۆڕبووینەوە، گەیشتینە گوندی گەرمک، ئەوەی دیسان جێی داخی ئێمە بوو: بەشی هەرە زۆری ئەو پرد و کۆپریانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا درووستکرابوون، لافاو تێکی دابوون و بردبوونی، هەندێکیان بە جۆرێک تیرەی ئاوکێشی کەوتبووە دەر جێی پێکەنین و شەرمەزاریی بوو، چونکە تیرەی کۆپرییەکان لە چاو پانتایی دابارینی بارانەدا، وەک ئەوەبوو گا بە کونی دەرزیدا ڕەدبکەیت..! ئەوەیشی جێی دەستخۆشی و وتنە، گشت ئەم گوندانەی کە ناوزەدمانکردوون، کارەبای نیشتیمانیان بۆ ڕۆیشتبوو..! دوای تاوێک ڕۆیشتن گەیشتینە، بەرزاییەکانی خاڵبەگ، هێندەمان نەمابوو بگەینە حەنای گوندەکە و لە دەستەچەپی ڕێگاکەوە شوێنێک هەبوو بەناوی (پەینەکە بڕیا و مشکاوی*) کە پارچە زەوییەکی کشتوکاڵیی ماڵی حاجی عەولقادر بوو، لە ساڵی ١٩٧٩ لە داستانێکی کەم وێنەدا، لە نێوان هێزی پێشمەرگە و جەیش و جاشدا، فەرماندەیەکی ئازا بە ناوی سەرکەوت گیانی خۆی تێدا دەکاتە قوربانیی.! هاوکات هەر لەم سنوورە چەند ڕۆژێک پێش ئەم ڕێکەوتەی سەفەرمان، بە هۆی کێشەی زەوی و زارەوە چوار کەس کوژران، کە سیانیان برابوون و چەند بریندارێک بوونە قووربانیی هیچ.! هەر بەم هۆیەوە، خاڵەبەگیش بەگوێی چەمی زەماوەنگە و بە خوێنی سەرکەوتەوە، لە ئێستادا، بێناز و چۆڵ و هۆڵە..! تەنها ماڵەیەکیش لە

خورئـاوای ماڵـی محەمـەدی عـەلی شاوەیسـەوە کـە ئەویـش بەهـۆی هەمـان حیکایەتـەوە چرایـەک لـە بەرهەیوانیانـدا تووڕینگـەی نایـە..! لـە سنووری هەمـان گونـددا و بەدووریـی دوو کیلۆمەتـر پاینـی خاڵەبـەگ و بەدەسـتە ڕاسـتی ڕێگاکـەدا لـە ڕێکـەوتی ئەمـڕۆی ساڵی ١٩٨٢ دا لـە هـەردە و دۆڵێکـدا قاسـمی فەقـێ عـەلی ڕۆحـی خـۆی دەکاتـە قووربانیـی خـاک و نیشـتیمان.!

ئەگەرچـی لـەم سـەفەرە یـەک ڕۆژیـەدا و لـە زاری هـاوڕێ چاوەرەکانمانـەوە کاک: ئەحمـەد و کاک عەلـی، چەنـد حیکایـەت و نەبەردییەکـی ڕۆژە سـەختەکانی شۆڕشـمان بـە کـورتی بـۆ یاداشـتکردوون ، بـەو مانایـە نییـە ئـەم پانتایـی و گـرد و دۆڵ و گونـد و گوێچەمـە تەنها ئـەم بەرخۆدانـەی لـە مێـژووی ناوەچەکـەدا بەخـۆوە بینیبێـت، بـە ڵکـو سـەر زەمینێکـە، دوور نییـە شـاعیری گـەورەی کـورد عەبدوڵـلا پەشـێو شـیعری (سـەربازی ون)ی بـۆ ئێـرە نەنووسـیبێت کـە دەڵـێ:

کە وە وەفدێ دەچێتە شوێنێ
بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،
تاجە گوڵینەیەک دێنێ..

تا دەڵێ:
لەسەر هەر بستە زەمینێ
لە ژێر هەر گزە ئاسمانێ
مەترسە، کەمێک سەرت داخەو
تاجە گوڵینەکەت دانێ..!

ئێمـە بـەرەو کۆتایـی سـەفەرەکەمان دەچیـن و خۆریـش بـەرەو زەردەپـەڕ، لای دەستەڕاستمانەوە گونـدی چەمەبسـمیلامان لـە دوورەوە تێپەڕانـد( سـوپاس بـۆ خـوا لـەم گونـدە نوزەیەکـی خوێنـدن هەیـە..)، گەیشـتینە چەمـی دۆڵەدرێـژی زەماوەنگـە، دوای چەنـد دەقیقەیـەک گەیشـتینە سـەر خـڕی مچەشـەل، لـە باشـووری ڕۆژهـەڵاتی گونـدی ژاڵـەی سـەفەرەوە، چوینـە نـاو چـەم و خڕێکـەوە، چەنـد مەترێـک بـە خڕەکـەدا بـەرەو ژاڵـە بووینـە، تـا ژاڵـە خـۆی دانیشـانمان..لێرە دابەزیـن، کاک ئەحمـەد چاوشـین وتی:

-زۆر نەبـوو محمـوود گەرمیـانی هاتبـووە گەرمیـان، بـە هـۆی پلەکەیـەوە سـەیارەیەکی کۆنیـان پێدابـوو، لەسـەرداوای شـەهید محمـوود لـە ڕێکـەوتی: ٢-١٢-١٩٨٥،چەنـد پێشـمەرگەیەک بـۆ پێداویسـتییەک چوینـە گونـدەکانی: زەماوەنگـە، ژاڵـەی سـەفەر،

*پەینکـە بڕیـاو و مشـکاوی، پارچـە زەوییەکـی کشـتووکاڵییە، کـە شـەهید سـەرکەوتی تێدا شەهیدبووە، ناوەکەی لەوەوە لێنراوە گوایە ئەوەندە مشکی زۆر بووە، تەنانەت پەت و حەبل و گوریسی ڕەشـدەواری کۆچەرییانـی پـەت و بڕکـردووە..

حەسەن مەحە، بەرلووت، هەر ئەوشەوە بە هەمان ڕێدا گەڕاینەوە، گەیشتینە ئێرە( نزیکەی یەک کیلۆمەتر کەمتر باشووری خۆرهەڵاتی گوندی ژاڵە)، حەوت پێشمەرگە لە جێبێکدا بووین، هەموومان سەرکەوتبووین، لە دوو گردی دەستە ڕاستمانەوە کە نێوانیان ١٠ بۆ١٢ مەتر دەبوو، ژمارەیەک جاش خۆیان مەڵاس دابوو! ئێمەیش بە خرەکەدا و بە دامێنی ئەم دوو گردەدا بەنیازی ژاڵەبووین، هەرکە گەیشتینە ئاستیان کە دووریی نێوانمان ٢٠ بۆ ٣٠مەتر کەمتردەبوو، درایینە بەر دەسترێژی گولە، هەرلەوێ محمموود گەرمیانی پێکرا، منیش چەندین گولە بەری جامانە و بانقات و شەرواڵم کەوت، بە پەلە خۆم هەڵدایە، ئاودڕێکەوە، کەنیوەی جەستەمی نەدەشاردەوە، منیش لێیان هاتمە دەست ، لە چەند خولەکێکی کەمدا بە هەزاران گولەیان پێوەناین، هەرخودا نەیکوشتین، ئەوان وایاندانابوو کە کەسمان دەرنەچووییین، گوێم لێبوو یەکێکیان وتی: بەسە... ڕاکەن! یەکێکیان بە برینداری ماوە لێمان ئەکوژێت.؟! ئیتر ئەوان چوون. منیش گوێم لە دەنگی شەهید محموود بوو، چوومە لایەوە بینیم بریندارە، داوای کرد بەجێی نەهێڵم، وتم وەعد بێت جێت نەهێڵم، بەس ئەوەندە مۆڵەتم بدە تەنهام دەچمە ژاڵە سەیارەیەک دێنم بۆ ئەوەی بتگوێزمەوە دێ، سێ جار تا نیوەی ڕێگا چووم بانگی دەکردم: ئەحمەد وەرە بمکوژە ئەوجا جێمبهێڵە.! چەند وردە وەسێتێکی بۆ کردم، چوومە ژاڵە، ئەڕوانم تەنها خوالێخۆشبوو: شێخ وەهابی تێداماوە، تەنها هەردووکمان بە بەتانی و تەرکتۆرێکەوە گەڕاینەوە لای شەهید مەحموود، هێشتا مابوو، هەرچۆنێک بێت خستمانە تەرەکتۆرەکەوە و گەیاندمانە ژاڵەی سەفەر، دواجار گەیاندیانە گوندی وریلە، ئەگەر دکتۆری فریادڕەس هەبووایە مەحموود شەهید نەدەبوو.!

لێرەدا کاک عەلی چیرۆکی شەهید مەحموود ئەگێڕێتەوە:

-شەوبوو، من گەیشتمە چەمەبسمیللا، بینیم بە تراکتۆرەکەی ماڵی حاجی شێخ وەهاب کە سایەقەکەی (عەلی ساڵح گوڵخە)بوو، شەهید محموودیان گەیاندە ئەوێ،


عەلی حەمە ساڵح، زەماوەندگە

ئامینی خوشکی سەی مستەفای برای نامیقی حەمەی مارف، شینێکی زۆر گەرم و کاریگەری بۆ کرد.! تەنانەت شەهید محموود بەدەم گیان کێشانەوە وتی: ئەوە کێیە وا دەگری.؟! چونکە مەکینە تاسەی زۆر دەکرد، بۆیە دامانگرت و خستمانە ناو پیکابەکەی (حەمەی حاجی ئەحمەد) ەوە، لەگەڵ پیکابەکەی فایەق حەسەن مەحەیی ڕۆیشتین بۆ وریلە و بردمانە ماڵی خوالێخۆشبوو: سەڵاحی کوێخا، لەوێ دکتۆر شەهاب هاتە سەری، بەدەست ڕیخۆڵەکانی کردەوە ناوسکی و دەستیدایە دوورینەوەی برینەکەی، پاش چارەک سەعاتێک گیانی سپارد، ئەمجا

تەرمەکەیان بردەوە بۆ ماڵی خۆیان لە قەڵاتەپزان، گەردەی ژنی و کوردستانی کچی هاتنە سەر تەرمەکەی بە جۆرێک ئەگریان بەردیان دەکرد بە ئاو پێم وانییە کەسێک هەبوووبێت بۆ ئەو مەشهەدە بانگ و سەڵای نەکردبێت و بۆ ئازایەتی شەهید مەحموود نەیدابێت بە سەردا.! لەبیرمە ژنەکەی (٧٥)دیناری هێنا و خستیە سەر تەرمی شەهید محموود و وتی: ئەوە هەموو سەروەتی مەحموود بوو.!بۆ سبەی بردمان لە گۆڕستانی ئیمامی عەلی لە خوار ڕۆسەی شامارەوە ناشتمان، تەنانەت ئەوەی لەسەر گۆڕەکەی قسەی کرد شێخ نەجم تاڵەبانی بوو، کە تازە هاتبووە دەرەوە..!

-دیسانەوە کاک ئەحمەد وتی: هەر ئەو شەوە لەبەرخاتری ناوبانگیی هێزی پێشمەرگە، گەڕامەوە گوندی چەمەبسمیللا لەگەڵ هاووڵاتی ساڵەح حاجی حەسەن، مەکینەیەکمان هاورد و جێبەکەمان تا گوندی کێژۆک پێڕاکێشا.. چوون دەمانزانی لەگەڵ ڕۆژهەڵهاتندا جەیش و جاش دێنە شوێنەکە..هەروایش دەرچوو.!

لێرەوە بەرەو گوندی حەسەن مەحە خۆمان دا بەخرِدا، هیچ ڕێگایەک نەبوو، چەم و خرِ هاژەی ئاوی دەهات، تا گەیشتینە گوندی حەسەن مەحە ئەگەر ڤیدیۆ بکرایە، دڵنیام بۆ فیلمی سینەمایی وڵاتان کەڵکی دەگرت.! کاک موشیر قسەی خۆی هێنایە دی لە گەڵ بانگی ئێوارەدا، بەسەلامەتی لە حەسەن مەحەوە چوینە سەرجادەی قیر و لە گوندی (تازەدێ)وە، چووینە سەرجادەی گشتی کەلار- دەربەندیخان.





# پرۆسەی ئەنفالی سێی گەرمیان و دەرهاویشتەکانی لەسەر کەلار

## سوارە حەسەن باجەڵان

پەلامـاری ئەنفـال یـان ڕاسـتر بڵێـن تاوانـی ئەنفـال یەکێـك بـوو لـە گەورەتریـن تـاوان و کارەسـاتی قڕکـردن و جینۆسـایدکردنی نەتـەوەی کـورد لـە مێـژووی خۆیـدا ، کەلایـەن ڕژێمـی عەفلەقـی بەعسـەوە ئەنجامـدرا بـۆ لەناوبـردن و سـڕینەوەی مۆرکـی نەتەوایەتـی گەلـی کـورد و سـڕینەوەی گشـت شـوێنەوارێکی کلتـووری و ناسـنامەی نەتەوەیـی ئـەم میللەتـە .هەروەکـو ئاشـکرایە لـەم پرۆسـە نەگریسـەدا ( ١٨٢٠٠٠ ) مرۆڤـی بێتـاوان و سـیفیلی کـورد بەبـێ جیـاوازی ( ڕەگـەز و تەمـەن ) کۆمەڵکـوژ و بێسـەر و شـوێن کـران، ئەمـەش وەك نوێتریـن هەوڵـی ڕەگەزپەرسـتانەی حکومەتـی عێـراق بەرامبـەر گەلـی کـورد بـۆ لەناوبردنـی نەتەوەیـەك لەسـەر خـاك و زێـدی ڕەسـەنی خـۆی، کەبـە درێژایـی مێـژووی مرۆڤایەتـی دانیشـتووی ئـەم خاکـە بـووە، ئـەم تاوانـەش بەشـێکی لادێ نیشـینەکانی کوردسـتانی گرتـەوە .

هـاوکات ئەنفـال بەرهـەم و زادەی بیرکردنـەوەی شـۆڤینانەی بەعـس بـوو بـۆ یەکجـاری لەناوبردنـی گەلـی کـورد لەباشـووری کوردسـتان یـان دەتوانیـن بڵێیـن هەوڵدانێکـی سـتراتیژی ڕژێمـی بەعـس بـوو بـۆ شـێواندنی سـەرجەم ڕەهەندەکانـی ژیانـی مرۆڤایەتـی گەلـی کوردسـتان و بزافـە ڕزگاریخوازیەکـەی بەتایبەتـی هەربۆیـە ڕژێمـی بەعـس بەبەشـداری سـەدان هـەزار سـەرباز و دەیـان هـەزار جـاش و بەبەکارهێنانـی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشــکەوتووترین چەکــی کۆمەڵکــوژی قەدەغەکــراوی نێودەوڵەتــی و بەنەخشــە و پلانێکــی پێشــوەخت بــۆ کێــشراو کەوتــە پراکتیزەکــردن و ســەرەنجام زۆرتریــن زیانــی گیانــی و مــادی لێکەوتــەوە، جگەلــە لەناوبردنــی دەیــان هــەزار مــرۆڤ و نزیکــەی چــوار هــەزار پێنــج ســەد گونــدی کوردســتان لەگــەڵ زەوی تەختکــران ســەدان هــەزار خێزانــی کــورد لــە شــوێنی ڕەســەنی خۆیــان ڕاگوێــزران و لــە ئــۆردوگا زۆرە ملێکانــدا نیشــتەجێ کــران و هەروەهــا بەشــێکی زۆری ژینگــەو سروشــت و کلتــوور و جوگرافیــای باشــووری کوردســتان تێکــڕا خاپــوور کــران. ئــەم پەلامــارە ســەربازییەی لەژێــر نــاوی ( ئەنفــال ) دا و لەهەشــت قۆناغــدا و لــە (١٩٨٨/٢/٢٣) دەســتی پێکــرد تــا( ١٩٨٨/٩/٦)ی خایانــد و کەهەمــوو قۆناغەکانیــش پلانــی تــەواوی بــۆ دانرابــوو، هــەر پەلامارێکیــش کەبــە ناوچەکــە دەگەیشــت زیانێکــی زۆری لەســەر هەمــوو ئاســتەکاندا بــەدوای خۆیــدا دەهێنــا ، ئەمــەو لەنێــو ئــەو هەمــوو قۆناغەشــدا ( قۆناغــی ئەنفالــی ســێ ) کــە گەرمیانــی گرتــەوە لەهەمــوو قۆناغەکانــی تــر زەرەرمەندتــر بــوو لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە ، وەزۆرتریــن ژمــارەی مرۆڤــی کــورد تێــدا ئەنفــال و بــێ سەروشــوێن کــرا و لەهەمــان کاتتــدا کاریگــەری و ئاســەواری نیگەتیڤــی لەســەر کــۆی ژیانــی کۆمەڵایەتــی گەرمیانیــەکان دروســتکرد، ئەنفالــی ســێ بــۆ ســە ر ناوچەکانــی چەمچەمــاڵ وســەنگاو و قــادر کــەرەم دووز و کفــری وکــەلار و پێبــاز و تیلەکــۆ ئــەم ناوچانــە ســەر بــە هــەر ســێ پاریــزگای کەرکــوك سلێمانی و دیالــە بــوون و بەرفراوانتریــن هێــرشی ئەنفــال بــوو کــە نزیکــەی (٥٠٠) گونــدی گرتــەوە و تەختکردنــی چــوار ناحیــە (٢٨) و بــە پیــی هەنــدی ســەرچاوە بــاس لــە ســوتاندنی وێرانکردنــی (٧٨١) گونــد دەکــە ن لــە ســنووری کەرکــوك داو تەخــت کردنــی (٦) ناحیــە و بــێ ســەرو شــوێنکردنی (٤٥٧٧٧) خێــزان (٢٩). خاکەکەیــان و بەتاڵانبردنــی ســەروەت و ســامانی ناوچەکەیــان و ئەنفالکردنــی خەڵکەکــەی و نیشــتەجێکردنی پاشــماوەی ئەنفالکراوەکانــی لــە ئــۆردوگای زۆرە ملــێ(ڕزگاری) داو وایلێکــردن کــە دووچــاری چەندیــن حاڵەتــی ســایککۆلۆژی و گرفتــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و نەهامەتــی و کارەســات و مەرگباریــەوە بناڵێنــن.

ئــەم بابەتــە بەمەبەســتی خســتنەڕووی پرۆســەی ئەنفالــی ســێ و دەرهاوویشــتە و کاریگــەری لەســەر شــاری کــەلار و ئاســتی ڕەنگدانــەوەی ئــەو پرۆســەیە لەســەر خەڵکــی ناوچەکــە ئامادەمــان کــردووە ، بابەتەکــە بــاس لــە چەنــد لایەنێکــی پرۆســەکە دەکات وەك چەمــك و زاراوەی ئەنفــال و مانــای زمانەوانــی و زاراوەی ئەنفــال ڕونکراوەتــەوە وە هەروەهــا پرۆســەی ئەنفــال وەکــو پرۆســەیەکی ســەربازی و قڕکــردن ناســێنراوە، هــاوکات ئەنفــال و کاریگەریەکانــی لەســەر شــاری کــەلار و دەوروبــەری باســکراوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## مانای زمانەوانی و زاراوەی ئەنفال :-

ئەنفال زاراوەیەکی عەرەبییە ، بۆ دەرخستن و تێگەیشتن لە چەمك و مانای ئەنفال پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو فەرهەنگانەی کە تایبەتن بە زمانی عەرەبی ، ووشەی ئەنفال لەزمانی عەرەبیدا کۆی وشەی (نفل)ە، کەبەواتای دەستکەوت (غنیمة) یان بەخشین واتا (هبة) دێت. هەندێکی تر دەڵێن ئەنفال کۆی وشەی (نفل) ە، (نفل) یش واتە (الغنیمة ) و بەکوردی پێی دەڵێن دەستکەوت کەمەبەستیش لەمە (زیادە) یە وەك دەوترێت ( النفل : أی الزیادة علی واجب) ، لێرەدا ئەوەی وەکو ئەرك ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت ( واجب ) ، ئەوەش ئارەزوو مەندانەو خۆبەخشانە ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت ( نافلة ). واتا زیاد لە ئەندازەی پێویستی هەرشتێك ، هەربۆیە عەرەبەکان بە ( نەوە ) و شەرع ناسەکانیش بە نوێژە سونەتەکان دەڵێن ( نافلە ). هەندێك پێیان وایە ئەنفال لە ڕووەوە بەواتای ( غنیمة ) دێت ، چونکە لە پێش هاتنی ئیسلامدا عەرەبەکان وشەی ( ئەنفال ) یان بەواتای تالان و بڕۆی جەنگ بەکارهێناوە، مەبەست لێی تالانی و دەستکەوتی جەنگ بووە ، مەبەستیش لە جەنگ و شەڕکردن و شکاندنی دوژمنەو گرتنی دیل و وەدەستخستنی ماڵ و سامان بووە. هەرلەم ڕووەوە چەند سەرچاوەیەکی تریش بەهەمان شێوە دەڵێن ئەنفال مانای زیادە دەستکەوت دەگەیەنێت ئەویش ئەو ماڵ و سامانەیە کە بەشەڕ لە موشریك و کافران دەسێنرێت ، زانایانی ئیسلام سەبارەت بەواتایی و چەمکی ئەنفال بۆچوونیان وایە کە ( الانفال هو الغنیمة أی کل نیل ناله المسلمون من اموال اهل الحرب ) واتە بریتیە لەو ماڵەی کەدەستی موسڵمانان دەکەوێت لە خەڵکی شەڕکەر ، کەواتە ئەنفال لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەو دەستکەوتوو ماڵ و سامانەیە کە موسڵمانەکان بەزەبری هێز لە موشریك و بت پەرستان و بێ باوەڕان

شەڕکەر سەندوویانە. واتا ئەنفال لەڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە سەیردەکرێت ، لەڕووی زاراوەییەوە ( ئەنفال ) وشەیەکی عەرەبی کۆی ( نفل ) ە بەواتای ( زیادە دەستکەوت ) دێت ، لەڕووی زمانەوانیشەوە لە قورئان و کتێبە ئیسلامیەکاندا بەو دەسکەوتانە دەوترێت کەدەستی سوپای ئیسلام دەکەوێت لەدوای پێکداچوونیان لەگەڵ نەیارانیاندا ( بێ باوەڕان ) هەروەکو ئاماژەمان پێکرد ( نفل ) مانای زیادە دێت واتە ئەو کارانەی کەلەدوای نوێژە فەرزەکانەوە ئەنجام دەدرێت بە ئارەزوو مەندانە ، ئەوەتا خوای گەورە نوێژە سونەتەکانی دواى نوێژە فەرزەکان بە ( نفل ) ناو دەبات وەك لە ئایەتی (٧٩) ی سورەتی ( الاسراء ) دەفەرمویێتچچ چ چ چ ڍ ڍ ڎ ڏ ڈ ڈ ڎ چ، هاوکات ئەنفال کە هەشتەم سورەتی قورئانی پیرۆز و هۆی دابەزینی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی شەڕی بەدر ی نێوان موسڵمانان و بێ باوەڕان کەلەساڵی (٦٢٣ ) ی زایینیدا ڕوویداوە، کە تێیدا موسڵمانان بەسەربێ باوەڕان سەرکەوتن کاتێك پێغەمبەر (د.خ) بینی کە هاوەڵانی ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانەوە لەسەر ئەو کەل و پەل و شمەکانەی کەلە سوپای بێ باوەڕان بە جێماوەو لەسەرەتای سورەتەکەدا هاتووە چٱ ٻ ٻ ڀ ڀ ٺ ٿ ٿ ٹ ٹ ٺ ٺ ٿ ٿ ٽ ٽ ٹ ٹ ٽ چ. لەبنەڕەتتدا مانای ئایەتەکە ئەوەیە ( پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ئەنفال ) ؟ چونکە لە ئەنفال و حوکمی ئەنفالیان پرسیووە ، بۆیە خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاندووە حوکمی ئەنفالی داوەتە دەست پێغەمبەر ( د.خ ).

کەواتە ئەنفال ئەو زێدەیەیە کە ڕێبەر بە ئارەزووی خۆی دەیداتە بەشێك لە جەنگاوەرانی سوپاکەی یان هەموویان، جا ئەمەیان وەك پشکێك لەبەشی خۆیان یان لەو دەستکەوتانەی پێیان گەیشتووە بۆ ئەوەی سوپاکەی هان بدات لەنێوان خۆیاندا چالاك ببنەوە و موسڵمانان لە ئاشتی و چاکەکاریدا بن یان ئاشتکردنەوەی یەکێك لەلایەنەکان و هەروەها ئەوەش دەگەڕێتەوە کە سوپا بەزۆر بەسەریدا زاڵدەبێت. بۆیە هەندێك پێیان وایە ئەنفال بەو مانایەی زیادە ئەرکێکە مرۆڤ پێی هەڵدەسێت بۆئەو کەل و پەلانەی وەردەگیرێن لە کافران ئەوانەی دژی ئایین ڕادەوەستن و ئەو ماڵەیان لێ وەردەگیرێت لە ڕێگای شەڕ. بەڵام لە سەرووی ئەوانەوە توێژەری بواری ڕاڤەکردنی قورئان ( ناسری سوبحانی ) پێی وایە ئەنفال نەغەنیمەیە و نە فیئەیە بەڵکو بەو کەرەستەو شتومەکانە دەوترێت کەبەبێ جەنگ دەستدەکەون ، واتە شتە خۆڕسکەکان کە موڵکێتی هەڵناگرن وەك مەعادن و کانەکان و سەرچاوەی سروشتی دەگرێتەوە کە کەس ڕەنج و زەحمەتی بۆ نەکێشاوە، هەروەها نەوت و ئاسن و هەموو سەرچاوەیەکی تری سروشتی وەك ( قیر و جیوە و خەڵوزی بەردی و دارستان و ئاو و لەوەڕگا ...... هتد ) کە موڵکی گشتی و بەشی تاکێکی دیاریکراویان نیە و بۆ بۆدجەی گشتی وڵات دەگەڕێتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## ناساندنی ئەنفال وەك پرۆسە

لەباشترین و کورتترین پێناسەدا بۆ ئەنفال دەکریت بڵێین کە ئەنفال ئەو پرۆسە سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسیەی ڕژێمی بەعس بوو کەلەساڵی ( ١٩٨٨ ) دا و بە هەشت قۆناغی یەك لەدوای یەك و لەماوەی چەند مانگێکدا دژی گەلی کورد ئەنجامیدا. پرۆسەی ئەنفال شەرم هێنەرترین پرۆسەی دژ بە مرۆڤایەتی بوو لە فیکر و سیاسەتی بەعسدا کە گەیشتە لوتکە بەسەر گەلی کورددا لەباشووری کوردستان بەرجەستەکرا بەچەندین قۆناغی جیاجیا کە تەواوکەری یەکتری بوون.

یاخوود ئەنفال وەحشیەت گەراترین کردەوەی سەربازی بوو کەلە دواچارەکی سەدەی بیستەمدا ڕژێمی فەرمانڕەوای عێراق بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ( سەدام حسێن ) و بەسەرپەرشتی ( عەلی حەسەن ئەلمجید ) کە پۆستی سکرتێری گشتی باکووری حیزبی فەرمانڕەوایی پێدابوو لە ( ٢٣ ) ی شوبات تا ( ٦ ) ی ئەیلولی ١٩٨٨ بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامیدا. ئەنفال قوڵترین زامی جەستەی مرۆڤی کوردە و هەتا دونیا هەبێ و کورد مابێت و ژیان بەردەوام بێت نابێت لەبیری بکات. یاخود زادەی بیرکردنەوەی شۆڤینانەی بەعس بوو بۆ بە یەکجاری لەناوبردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و شۆڕش و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی بەتایبەتی ، هەربۆیە ڕژێمی بەعس بە بەشداری سەدان هەزار سەرباز و دەیان هەزار جاش و بە نەخشەو پلانێکی پێش وەخت بۆکێشراو کەوتە پراکتیزەکردنی سەرەنجام گەورەترین زیانی گیانی و ماڵی لێکەوتەوە.

ئەمــەش دڕندەتریــن کــرداری ڕژێمــی بەعســیزم بــوو بەرامبــەر مرۆڤایەتــی ، ئــەو پرۆســەیە بــە تاوانێکــی گــەورەی ڕژێــم دەژمێردرێــت کــە برینەکــەی لەســەر جەســتەی کــورد گیرسایەوە. کاتێــك لــە بەرامبــەر تاوانێکــی گــەورەی وەك ئەنفال ڕادەوەســتین نابێت تەنهــا لــە گۆشــە نیگایەکــەوە تەماشــای بکەیــن بەڵکــو دەبێــت هەمــوو ڕەهەندەکانــی ئــەو تاوانــە ببینیــن . لێــرەوە ئەنفــال هێرشــێکی ڕاســتەوخۆ سیســتماتیزە کــراوی هەمەلایەنەیــە بــۆ ســەرکۆی ژیانــی کۆمەڵگەیــەك وەك گشــتێکی دابەشــنەکراو بــۆ ســەربوونی مــاددی و مەعنــەوی خەڵکانێــك تاپلــەی فەناکردنــی یەکجارەکیــان. ئەنفــال لۆجیکــی دڕندایەتیــەك بــوو کــە بــە ئــاگاداری هەمــوو حکومەتەکانــی ڕۆژئــاوا و ڕووناکبیرانــی عــەرەب بەدرێژایــی چەندیــن ســاڵ لــە عێراقــدا پیــادە دەکــرا یەکەمیــان ســتەمکاری پڕچــەك کــردوو دووەمیشــیان پشــتگیری سیاســی لێدەکــرد ئێســتاش وەحشــیەتگەری هەمــوو کەســێکی گرتــەوە، هــاوکات ئەنفــال بەهەمــوو پێــوەر و لێکدانەوەیــەك و خوێندنــەوەو ڕاڤەکردنێــك نامرۆڤانەتریــن و ترســناکترین و دڕندەتریــن و گەورەتریــن ئۆپراســیۆنی میلیتــاری و پــڕ لــە فۆبیــای بەعــس بــوو کــە دژبــە گەلــی کــورد پراکتیــزە کــرا. کەواتــە ئەنفــال بەوپێیــەی کەهەمــوو هەنــگاو و کردەوەکانــی جینۆســایدی تێدایــە ، بەهەمــوو پێوانەیــەك دەچێتــە خانــەی جینۆســایدەوە. کەوابــوو ئەتوانیــن بڵێیــن ئەنفــال ناوێکــی دیکــەی جینۆسایدو و قڕکــردن بــوو ، ڕژێــم ئــەوەی لــە نێــوان ١٩٨٧ تــا ١٩٨٩ ئەنجامــی دا نــاوی نــا ئەنفــال ، ئەنفــال بریتــی یــە لــەو هەشــت پەلامــارە ســەربازییە پــلان بــۆ داڕێــژراوەی کەلــە نێــوان مانگــی شــوبات و مانگــی ئەیلولــی ســاڵی ١٩٨٨ کرایەســەر ئــەو بەشــە تایبەتــەی کۆمەڵــگای کــوردی کــە دەکرێــت پێــی بڵێیــن کەرتــی لادێ یــان گوندەکانــی کوردســتان، کەوابــوو ئەنفــال تراژیدیایەکــی هێنــدە گــەورەو نامــۆ بــوو کەبووبویەکێــك لــە گەورەتریــن تراژیدیاکانــی ســەدەی بیســت و دەکرێــت تێڕامــان و خوێندنــەوەی جیامــان بــۆ ئــەو کــردەوە نەگریســە هەبێــت ، بــە هەمــوو پێوانەیــەك چ لــەڕووی شــێوازی نەخشــە بۆکێشــان و دەســت نیشــانکردنی ئــەو کەســانەی بــەر شــاڵاوەکە کەوتــوون و چ لــەڕووی بەربــڵاوی پرۆســەکە و ژمــارەی قوربانیــەکان و زیانــە مــادی و مرۆییەکانــەوە دەچنــە خانــەی جینۆســایدەوە .

## ئەنفالی ( سێ ) کەلار و دەورووبەری

هــەروەك پێشــتر ئاماژەمــان پێکــرد پرۆســەی ئەنفــال بــە گشــتی کردەیەکــی ســەربازی یاخــوود زنجیــرە ئۆپراســیۆنێکی میلیتــاری ڕژێمــی بەعســیزم بــوو کەبەهەشــت قۆناغــی ســەربازی یــەك لــەدوای یــەك و تەواوکــەری یەکــتری بــوون لــە ( ٢٣ ی شــوباتی ١٩٨٨) ی تاوەکــو ( ٦ی ئەیلولــی ١٩٨٨)ی خایانــد دژبــە گەلێــك لەســەر ئــاو و خاکــی ڕەســەنی خــۆی بەئەنجــام گەیشــت ، کەهەمــوو مەبەســتێك لێــی قڕکــردن و لەناوبردنــی گەلێکــی

خاوەن کەلتوور و مێژوویەکی ڕەسەنی مرۆیانە بوو تیایدا دەیان هەزار پیر و لاوی گەلەکەمان سەرنقوم کران .ئەوەی کەلە نێو ئەو هەشت قۆناغەی ئەنفالدا مەبەستی ئێمەیە ئەنفالی(سێ) ی دەڤەری گەرمیان و کەلارە کە دەمانەوێت تیشك بخەینەسەر ئەو پرۆسەو لەباسی دواتریشدا کاریگەری ئەو پرۆسەیە بخەینەڕوو. لێرەدا دەمانەوێت بە بابەتێکی سەرنج ڕاکێش و جێگەی تێڕامان دەست پێبکەین ئەویش هەردوو بروسکەی ئیستیخباراتی کەلارە، کە یەکەمیان : بە ژمارە : ١٠٦٨٦ بۆ ئیستخباراتی ناوچەی ڕۆژهەڵات لە ( ١٣ ) ی نیسانی ( ١٩٨٨ ) دا . وە دووەمیان بروسکەی فەیلەقی دوو ژمارە ١١٣٨٦ بۆ سەرکردایەتی نوسینگەی باکوور لە (٢١) ی نیسانی ( ١٩٨٨ ) دا ، هەروەها بروسکەی ژمارە : ١٩٤٤٢ ( ٢٠ ی ئابی ١٩٨٨ ی ئەمنی کەلار (( نهێنی و بەپەلە)) فەرمانی (( دابڕینی ناوچە قەدەغەکراوەکان لە زەوی کێڵان و چاندن و سووتاندنیان )) کەوا بە ڕاگەیاندنی مەکتەبی باکووری ژمارە ( ٣٨٢١ ) لە ( ٣ ی تەمووزی ١٩٨٨ ) دا دەرکراوە کەمەرام و نیازیان ئەوە بووە کە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەو دەڤەرەدا بسڕنەوە هەروەکو ئەوشیانکرد. لەبەرەبەیانی ڕۆژی ( ٧ ی نیسانی ١٩٨٨ ) دا بەسەرپەرشتی یەکێك لە ئەفسەرەکانی سوپای عێراق کە عەمیدی هێزی تایبەتی بوو بەناوی ( بارق عبداللە حونتة ) بەهاوبەسی هەموو هێزە تایبەتەکانی لیوای ( ٦٥ ) و دەیان فەوجی جاش و دەیان مەفرەزەی تایبەت و بە پاڵپشتی دەیان فڕۆکەی جەنگی و بەهەموو جۆرە چەکێکی قورس و سووك لەیەك کاتتدا لەچەندین قۆڵی جیاجیاوە هێرشەکانی ئەم قۆناغەی ئەنفالیان دەستپێکرد بەم جۆرە .


قۆڵی یەکەم : لە کەلارەوە بەرەو ناوچەی شاتری .

قۆڵی دووەم : لە باوەنوورەوە بە دوو ئاراستەدا دەرچوون :

- بەرەو بەرزاییەکانی چوارملان _ شێخ تەویل .
- بەرەو گوندەکانی سۆفی ڕەحیم و زەنگەنە.


وەقۆڵی چوارەمیش تایبەت بوو بەکەلار ، لە تیلەکۆ وە بە دوو لادا :

- بەرەو ناوچەی ڕۆغزایی .
- بەرەو گوندی زەڕین.




وەرگیراوە لە ڕ رابعە حمە صالح اسماعیل: ڕەهەندە دیموگرافیاکانی ئەنفال ،گۆڤاری کەرکوک،ژمارە (٣٣) هاوینی ٢٠٠٧.

ئەوەبوو لە ( ٩ ی نیسانی ١٩٨٨) لە کەلارەوە هێرش کرایە سەر هەردوو گوندی تیلەکۆی سەر و خوار وو لە (١١) ی هەمان مانگدا گوندەکانی ئەم ناوچەیە خیرا ڕووخێنران و خاپوور کران، خەڵکی ناوچەکەش بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی سوپا دانیشتوانەکەی بەمەبەستی خۆرزگارکردن هەڵهاتن بەرەو گوندەکانی ( ملە سوورە و کوڵەجۆی حاجی حمەخان ) چونکە ئەم گوندانە نزیك بوون لە قەزای کەلار و ناحیەی ڕزگاری یەوە ، خەڵکەکەش دەیەوست خۆی بگەیەنێتە شارەکان ، لە لایەکی ترەوە تاکە ڕێگەش بوو لەبەردەم خەڵکیدا، ئەو خەڵکەش ڕووی کردە ملە سوورە زۆربەیان بەشێك لە ماڵ و موڵکەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو ، لەو باوەڕەدا بوون کەجارێکی تر نەتوانن بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان.



ANATOMY OF A CAMPAIGN Third Anfal (South): 7 April - 20 April 1988

هـاوکات ڕەتڵەکانـی تـری سـوپای بەعسـیزم سـەر لـە بەیانـی ( ٩ ) ی نیسـان لـە پێگەکانیانـەوە لـە ( کـەلار و پێبـاز و پروتکڵـەوە ) کەوتنـە پێشـڕەوی ، سـتراتیژیەتی سەرەکیشـیان هەمـان ئـەوەی پێشـتری باکـووری گەرمیـان بـوو کـە بریتـی بـوو لـە پرۆسـەی ئابڵوقەنەدانێکـی گـەورەو فـراوان لەچەندیـن لاوە لەیـەك کاتتـدا و بـە ڕەشـبگیری تـەواوی ئـەو خەڵکـە کـە زۆرینەیـان سـڤیل و مەدەنـی و بـێ چـەك بـوون ، گەمارۆیـان داون و ڕووخاندنـی گوندەکانیـان و کۆزەکردنیـان بـۆ شـوێنە پێشـتر دیاریکراوەکانیـان. کەوابـوو دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم قۆناغـە هەمـوو ناوچەکانـی پێدەشتی گەرمیانـی گرتـەوە کـە بریتـی بـوو لـە سـنووری قـەزای کـەلار و ناحیەکانـی ( تیلەکـۆ و پێبـاز ) و سـەرجەم گوندەکانیـان بەگشـتی ، شـایانی وتنـە شـاری کـەلار لـە پێگەیەکـی فراوانـی پێدەشـتی گەرمیاندایـە. لـەڕوژی ١٥ی نیسـان دا کـە ڕۆژیکـی بـاران و لێزمـە بـوو هیزەکانـی قولـی کـەلار گەیشـتنە شـفر پیـری ناوچـەی دیاریکراویـان و گونـدی قولیجانـی نزیـك نـاوە سـپی یـان وێرانکـرد، خەڵکـی ناوچـە کـە دوو ڕۆژ لـە ناوچـەی مالـە سـورە وە گەرمـارودرا بـوون پـاش سـی ڕۆژ فرمانـی را پیـچ کردنیـان بـۆ نێـو نیفـا سـەربازیەکان دەرچـوون ڕەوانـەی قـەلای قـورە تـوری بـارەگای فیرقـدی پیـادەی (٢١) ی کـران و خرانـە ژیـر چاودیـری نیسـتخباراتییەوە ،

هیزیکـی دیکـەی رەتلـە کانـی کفـری و کـەلار لـە ١٨ و ١٩ ی نیسـاندا بـە مـاوەی دە ڕۆژ تمرکەکانـی خۆیـان لـە قوناغـی سـێیەمدا کۆتایـی پـێ هێنـاو سـەرجەم گوندەکانـی نێـوان ڕێـگای کفـری کـەلار ویرانکـران هیـزە هاوبەشـەکە بـە فەرماندەیـی محمـد ناظـم حسـن توانـی هـەردوو گونـدی (سـوفی رحیـم و عەلـی وەسـمان پـاش دوو ڕۆژ لـە بەرگـری هێـزی پیشـمەرگە و تـران بـکات، هـەروە هـا هیزیکـی دیکـە بـەرەو گونـدی (پونگەلـە) پێشـڕەوی کـرد سـەرەڕای بەرگـری ناوچەکـە بـەلام بـە یارمەتـی فرۆکـە و تانـگ و هەلیکوپتـەر و موشـەك و تـوپ ناچـار گونـدی شـیخ تەویـل خـوی بـە د مسـتمرە دار هیـزی پیشـمەرگەش لـە ڕۆژی ١٣ی نیسـاندا پاشەکشـە ی کـرد و چەنـدان گونـدی ناوچەکـە وێرانکـرا دوایـن بەرگـری هیزەکانـی پیشـمەرگە لـە گونـدی زەردەلیـکاو) تیشـکان و خەلکەکەشـی لـە لایـەن سـوپای ڕژ ێمـەوە دسـتگیرکران و بـە نیفـا ردوانـە کـران و سـوپا بەشـدار بـووە کـە کوتایـی بـە کارەکانـی خـۆی هێنـا،

بـە پیـی خـە ملاندانـی مـە یدانـی CD AVR) پوپـدی هێرشـی ئەنفـال لـە ڕۆژی (١٩٨٨/١٤/٤) دا بـووە، کـە تەنهـا لـەو ڕۆژەدا پـتر لـە بیسـت هـەزار ژن و پیاو و پیـرو منداڵ لـە گونـدی (کولـە جـوی حاجـی حەمەحـان) و (ملەسـور) دا کـۆ کراونەتـە وە و ڕەوانـەی قـەڵای قورەتـوو کـراون، تاکـو ئێسـتەش شـوینەواری پاشـماوەی ئـەو بێسەروشـوتن

كراوانــه لــه جلوبــەرگ و ٢٦٧ پێــلا و.. هتــد لــەو شــوێنەدا ماونەتــەوە. لەڕاســتیدا قۆناغــی ســێی ئەنفــال کــە کــەلار و دوروبــەری گرتــەوە لەهەمــوو ڕوویەکــەوە گەورەتریــن و سامناکترین و پڕکارەسـاتترین قۆناغـی ئەنفـال بـوو کـە ناوچەیەکـی زۆری بەرفراوانـی گەرمیـان و کـەلاری خاپوورکـرد و خاکـی ئـەم دەڤـەرەی بەنەواوەتـی دووچـاری ڕووخـان کـردەوەو دەیـان هـەزار ژن و منـداڵ و پیـاو لـەو پەلاماردانـە گیـران و بـێ سەروشـوێن کـران ، سـەدان و بگـرە هەزارانـی تریشـی هـەر لـە شـوێنی گرتنەکانیانـدا گوللـە بـاران کـران.





## دەرهاویشتە و کاریگەرییەکانی ئەنفالی سێ لەسەر کەلار

کاتێ ڕژێمی بەعس هەستی بە مەترسی تێکشانەکانی خۆی دەکرد لەشەڕی کوردستاندا ئەو کاتانەش شەڕی گەرمی بەرەکانی جەنگی عێراق و ئێران کە ماوەی هەشت ساڵ ( ١٩٨٠ _ ١٩٨٨ ) بەردەوام بوو وە گەیشتبووە دوا قۆناغی هەربۆیە حکومەتی بەعسی عێراق ناچاربوو پەنا بەرێتە بەر نەخشەی پاکتاوکردنی شۆڕشی کورد ، ئیتر لەو کاتەدا سەرکردایەتی سەربازی جەنگی ڕژێمی عێراق بڕیاری پرۆسەی ئەنفالی دا بەسەر کورد دا ، ئەم هەنگاوە جەنگیە جیاوازبوو لەهەموو جۆرەکانی تر سیاسەتی لەناوبردنی گەلی کوردستان لەلایەن ڕژێمەکانی تری عێراقەوە ، هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا هەزاران گوند و دەیان شارەدێی سەربەشارۆچکەی کەلار خاپوور کران و هەموو سیماکانی ئاوەدانی تیایدا سڕانەوە. پاشان لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال هەموو خەڵکی و دێهاتەکانی سنووری ناحیەکانی ( پێباز و تیلەکۆ) بەشێکی زۆریان بەر شاڵاوی لەناوبردن کەوتن و بەرەو خوارووی عێراق و تونی مەرگ ڕاپێچکران ئەوەی ڕزگاری بوو خرایە ئۆردوگای زۆرە ملێی (ڕزگاری) کەپێشتر ئامادەکرابوو بۆ خەڵکە ڕاگوێزراوەکانی ناوچەی زەنگابات، واتە ساڵەکانی نێوان (١٩٨٧_١٩٨٨) کاتی ڕاگواستنی زۆرە ملێ گوندەکانی دەوروبەری کەلار و کۆکردنەوەیان لەو ئۆردوگایەدا.

هاوکات دوای کۆتایی هاتنی شەڕی هێزی پێشمەرگە و حکومەتی عێراق لەساڵی ( ١٩٨٨ ) دا ، هێزی پێشمەرگە بڕیاری کشانەوەیان دا ، هەروەها دێهاتەکان لە خەڵك چۆڵ بوون حکومەتی عێراق ئەم هەلەی قۆستەوە ئەوەبوو لەناوەڕاستی مانگی چواری ساڵی ١٩٨٨ دا سەرجەم گوندە ئازادکراوەکانی بناری ( گل و داودە و بناری جاف ) لەلایەن سوپای ڕژێمەوە ڕوخێنران و ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لێ ئەنفالکراو پاشماوەکەیان فڕێدرایە ئۆردوگای زۆرە ملێی ( ڕزگاری _ ڕزگاری ) بەبێ بوونی هیچ خزمەتگوزارییەك.

شایانی وتنە یەکەم کۆمەڵە خەڵکێك کە کەوتە دەستی ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغدا خەڵکی گوندی ( شێخ تەویل ) ی سنووری قەزای کەلار بوو کەلە زیندانەکانی کەلاردا لەنێو تەلبەندێکدا دانران پاشان لەگەڵ خەڵکەکەی تردا ڕاگوێزران ئیتر هەواڵێکیان لەبارەوە نەزانرا ، ئەوشیان کەڕزگاری بوو ڕاپێچی ئۆردوگای زۆرە ملێ (ڕزگاری_ڕزگاری) کران هەر لەو ماوەیەدا لە شاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق هێرشێکی بەرفراوانیان کردەسەر ئەو ناوچانەی دەوروبەری کەلار لەگەڵ ناوچەکانی کفری و دووزخورماتوو و چەمچەماڵ و

دەربەندیخـــان، کــە لــە ژێــر دەســەڵاتی هێــزی پێشــمەرگەدا بــوو، ژمارەیەکــی زۆری ئــەو گونــد نیشــینانە بــێ سەروشــوێن کــران ئەوانــەش کــە مانــەوە ڕزگاریــان بــوو لــە ئــۆردوگای زۆرە ملێــی ( ڕزگاری ) دا نیشــتەجێکران، هەربۆیــە ئێمــە لێــرەدا دەگەینــە ئــەوەی کەوەکــو ئامادەکاریــەك بــۆ پرۆســەی ئەنفــال و دروســتکردنی ئــۆردوگای زۆرە ملێــی ( ڕزگاری) حکومەتــی بەعســی عێــراق پلانەکانــی خــۆی لــە دوو قۆناغــی ســەرەکیدا چەکەرەکردبــوو قۆناغــی یەکــەم : ڕووخاندنــی گوندەکانــی کــەلار نزیــك جادە و دەشــتەکانی کــەلار لەســاڵی ( ١٩٨٧ ) دا ڕاگواســتنی دانیشــتوانەکەی بــۆ شــاری کــەلار و دابەشــکردنی زەوی بەســەریاندا لــە ئــۆردوگای زۆرە ملێــی ڕزگاری دا .



قۆناغــی دووەم : لەســاڵی ١٩٨٨ لەشــاڵاوی بەدنــاوی ئەنفالــدا کەبەچــڕی کرایــە ســەر ناوچەکانــی کــەلار و ئەوانــەش کەلەژێــر دەســتی هێــزی پێشــمەرگەدا بــوون بەشــێکی زۆریــان بەرشــاڵاوی ئەنفــال کەوتــن و کەزۆریــان بێسەروشــوێن کــران ئەوانەشــیان لــە ژێــر چنگــی بەعســیەکان دوای بــە دەیــان گرفــت و لەمپــەر ڕزگاریــان بــوو لــە ئــۆردوگای زۆرە ملێــی ( ڕزگاری ) دا نیشــتەجێکران. ئــۆردوگای زۆرە ملێــی ( ڕزگاری ) زۆربــەی دانیشــتوانی گوندەکانــی کــەلار و دواتریــش زەنگابــاد و هەروەهــا گوندەکانــی ســنووری گەرمیانیــش وەکــو کفــری ( ناحیەکانــی ســەرقەڵا و قەرەتەپــە و جەبــارە ) شــی گرتەخــۆ ، هەربۆیــە تاڕادەیــەك جیــاوازی پێوەدیاربــوو لــە دووبــەش پێکهاتبــوو : ئــەوەی ناوەنــدی کــەلار و گوندەکانــی ( حکــم زاتــی ) یــان ( زاتــی ) یــان پــێ دەووت ، بەشــەکەی تریــش ( شــاکەل ) یــان پــێ دەووت کــە ئــەو پیــرو بــە ســاڵاچوانەی ئەنفــال ڕزگاریــان بــوو بــوو وەلــە زیندانەکانــی حکومەتــی بەعــس گەڕانــەوە لێــرە نیشــتەجێ بــوون ، هەربۆیــە ژمــارەو دانیشــتوانی ( ڕزگاری ) تادەهــات زیــادی دەکــرد و دواتریــش بــە بڕیارێــك لــە (

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



١٦ / ٣ / ١٩٨٨ ) دا کرایـە ناحیـە ، هـاوکات کاریگـەری هەبـوو لـە زیادکردنـی ژمـارەی دانیشـتوانی کـەلار. تەنانـەت ئـۆردوگای ڕزگاری لـە ٨٥٪ ی ڕزگاربووانـی ئەنفالـی پێـك دەهێنـا. لەڕاسـتیدا خەڵکـی ئەنفالکـراو بەگشـتی و پاشـماوەی ئەنفالکـراوەکان لـە ئـۆردوگای ڕزگاری دا زۆر سـەخت و دژواربـوو چونکـە هیـچ دەرفەتێکـی بـۆ ژیـان و ئـازادی نەبـوو هەمـوو لایەکـی تەنرابـوو بـە هێـز و ڕەبیەکانـی ڕژێـم و لەوناوەشـدا سـیخوڕەکانی هەمـوو جموجۆڵێکیـان تەنـی بـوو کـەس نەیدەوێـرا لـە پێسـتی خۆیـدا بجوڵێتـەوە ، چونکـە هـەر جوڵانەوەیـەك و هەوڵێـك مـەرگ چاوەڕوانـی دەکـرد ، ڕژێمـی بەعـس ئـەو جـۆرە ژیانـەی بـۆ هەڵبژاردبـوون تـا لەنزیکـەوە بتوانێـت دەسـتی بگرێـت بەسـەر هەمـوو جموجـۆڵ و هەڵسـوکەوتێکدا بەتایبەتـی ئـەو دێهاتانـەی کەلـە ئۆردوگاکـەدا ڕزگاری کۆکردبوونـەوە کەسـەرچاوەی تـرس و نائارامـی بـوون بـۆ ڕژێـم ، چونکـە لـە زۆربـەی دێهـات وماڵەکانیـدا شـۆڕش دەژیـاو پێشـمەرگە دەحەسـایەوە، بگـرە خۆشـیان لەزۆربـاردا بەشـێك بـوون لەهـۆی بەرگـری و هێـزی بەرپەرچدانـەوەی ڕژێـم دابـوو وەنەیـان دەتوانـی بەرنامەکانیـان جێبەجـێ بکـەن.

لەڕاسـتیدا بـۆ جەختکردنـەوەی زیاتـر و ڕوونکردنـەوەی زیاتـر لەسـەر کاریگەرییەکانـی ئەنفـال و دروسـتکردنی ئـۆردوگای زۆرەملێـی ڕزگاری و ئۆردوگاکانـی تریـش پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەیـن کەدروسـتکردنی ئـۆردوگای زۆرە ملێـکان نەخشـەو پلانێکـی تـری ڕژێمـی بەعسـی بـوو دژ بەگەلـی کوردبەتایبەتیـش گونـد نیشـینەکان ، ڕاسـتە دروسـتکردنی ئـۆردوگاکان پەیوەندییەکـی ڕیشـەیی بـە شـاڵاوەکانی ئەنفالـەوە هەبـوو بـەڵام مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ پێشـووتر یـان بەدیاریکـراوی سـاڵی ( ١٩٨٧ ). هەروەکـو دیـارە لـە دانوسـتانی نێـوان یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و حزبـی بەعـس لەسـاڵی ( ١٩٨٣ ) دا بەوەفـدی یەکێتـی ووتبـو ئەگـەر هاوکارمـان بـن لەجەنگـی دژی ئێـران ئـەوا چاکەیەکـی گەورەمـان لەگـەڵ دەکـەن و هەرگیـز لەبیـری ناکەیـن ، بـەڵام شـەڕ درێـژە پێبـدەن لەگەڵمان ئـەوە دوای برانـەوەی جەنگـی عێـراق ـ ئێـران یـەك گونـدی کوردسـتان بـە پێـوە ناهێڵـم. لەڕاسـتیدا ئـەم هەڕەشـانە بەقسـەی شـێوە زارەکـی نەمایـەوە بەڵکـو کارکـرا پراکتیزەکردنـی و جێبەجێکردنـی ئەوەبـوو بـە بڕیـاری ژمـارە ( ٦٠ ) ی ڕۆژی ( ٢٩ / ٣ / ١٩٨٧ ) ی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش ( مجلس قيادة الثورة ) و بـە ئیمـزای ڕەسـمی ( صـدام حسـين ) دەسـەڵاتی ڕەهـای پیبەخـشرا لەناوچەکانـی باکـووردا ، هەربۆیـە دوای وەرگرتنـی پۆسـتی باکـوور کۆبوویـەوە لەگـەڵ ئەندامانـی حزبـدا جەختـی کـردەوە لـەوەی کـە پەیوەسـتن بـەم بڕیـارەوە لەسـەر هەمـوو دەزگا مەدەنـی و سـەربازی و ئەمنیەکانـی دەوڵەتـە بەتایبـەت ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بەکاروبـاری باکـوورەوە وەئەرکەکانیـان جیبەجـێ دەکـەن هەروەکـو لـە بڕیارەکـەدا هاتـووە. هـەر لەبەرنامـە

و میانـەی پـلان و بەرنامـەی بەعسـیزمدا ( عەلـی حەسـەن مەجیـد ) دوای وەرگرتنـی پۆسـتی باکـووری حیزبـی بەعـس لەگـەڵ ئەندامـان و لایەنگرانـی پارتەکەیـدا باسـی چۆنێتـی ئەنجامدانـی بەرنامـەو نەخشـەبۆ کێشراوەکـەی دەکات کـە سـووتاندنی خاکـی کوردسـتان و لەناوبردنـی خەڵکـی ناوچـە ئازادکـراوەکان دەڵێـت نابێـت خانـوو بـە پێـوە بمێنێـت خـۆم سەرپەرشـتی و چاودێـری دەکـەم.

هـەر زوو ( عەلـی حەسـەن مەجیـد ) هەڵسـا بەجێبەجێکردنـی ئـەو قسـانەو هەڕەشـانەی پێشـتر لـە کۆبوونەوەکانـی لەگـەڵ بەرپرسـانی پایـەداری حیزبـدا ووتبـووی بـۆ ڕێگـە خۆشـکردنی تەواوەتـی بـۆ پرۆسـەی ئەنفـال ، ڕژێـم لـە ( نیسـانی ١٩٨٧ ) دا دەسـتی پێکـرد بـە پیادەکردنـی بەرنامەیـەك بەمەبەسـتی دروسـتکردنی ناوچەیەکـی دابـڕاو لـە نێـوان ڕژێـم و ئـەو ناوچانـەی پێشـمەرگەی لێبـوو ، پاشـان بەمەبەسـتی تێکدانـی گونـدەکان و ڕاگواسـتنی دانیشـتوانەکانی بـۆ ئـۆردوگای زۆرە ملێـکان.

ئەوەبـوو بەپێـی دەقـی تـەواوی بڕیـاری س.ف ٢٠٠٨ / ٢٠ ی حوزەیرانـی ( ١٩٨٧ ) وتبـووی لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو ڕاسـتیە کـە دوامۆڵەتـی ڕەسـمی ڕاگواسـتنی ئـەم گوندانـە لـە ( ٢١ ی حوزەیرانـی ١٩٨٧) دا کۆتایـی دێـت بڕیارمانـدا ئـەم خاڵانـەی لای خـوارەوە لـە ( ٢٢ ی حوزەیرانــی ١٩٨٧ ) ەوە جێبەجێبکەیــن :

١. هەمــوو ئــەو گوندانــەی کــە تێــك دەدران _ بەکرێگیراوانــی ئێــران و خیانەتکــران لــەو چەشــنە دەحــەق بــە عیراقیــان تیدابێــت لەبــەر هــۆکاری ئەمنــی بــە قەدەغەکــراو دادەنرێــت .

٢. ئـەم شـوێنانە بەناوچـەی عەمەلیـات دادەنرێـت و بوونـی مـرۆڤ و ئـاژەڵ تیایانـدا بـە تەواوەتـی قەدەغـە دەکرێـت .

٣. هاتووچۆکـردن بـۆ ئـەم ناوچانـە ، هەروەهـا هـەر چالاکیەکـی ئاژەڵـداری و کشـتوکاڵی و پیشەسـازی قەدەغـە دەبێـت و بەچاکـی لەلایـەن دەزگا تایبەتمەندەکانـەوە چاودێـری دەکرێـت. لەڕاسـتیدا ئـەو بەڵگەنامانـەی و ئـەو ڕووداوانـەی کەباسـکران دەرخـەری خۆئامادەکردنێکـی تـەواوی ڕژێـم پیشـان دەدات بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆسـەیەکی گـەورەی لەناوبـردن و لێکدانـی گوندێکـی زۆر و دروسـتکردنی چەندیـن کۆمەڵگـەی زۆرە ملـێ و نیشـتەجێکردنی خەڵکـی پاشـماوەی ئەنفـال لـە ئـۆردوگا زۆرەملێیانـەدا . وەکـو ئـۆردوگاکان (دارەتـوو ، بنەسـڵاوە ، کـەور گوسـك ، شـۆڕش ـ ڕزگاری ) کـە ژمـارەی دانیشـتوانیان لـە ڕادەبەدەربـوو.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە ئۆردوگای زۆرەملێی ( ڕزگاری )ە ، کە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد ٨٥٪ ی ڕزگاربووانی ئەنفال پێك دەهێنن ، چونکە لە لایەك دوابەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال و وێرانکردنی سەرجەم دێهاتەکانی کوردستان بەتایبەت دێهاتەکانی سنووری گەرمیان لە ( ٦ / ٩ / ١٩٨٨ ) بڕیاری لێبووردنی ڕژێم هەموو ئەم خەڵکەی کە دەستگیرکرابوون لە زیندانەکانی( نوگرە سەلمان و دبس ) بوون و ئەوەی خەڵکی گەمیان و کەلار بوو دوای ڕزگاربوونی لەوێ بەرەو زیندانێکی ترو فراوانتر گوێزرانەوە کە ئەویش ئۆردوگای زۆرەملێی ( ڕزگاری ) بوو، لە لایەکی تریشەوە ئەو خەڵکەی کەلە دێهاتەکانەوە هاتبوون بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتبوون بەهەمان شێوە لە سنووری کەلار داهاتن و لە ئۆردوگای زۆرە ملێی ( ڕزگاری ) گیرسانەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون ، دیارە مەبەستی ڕژێم لە دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێی ( ڕزگاری ) گواستنەوەی گوند نیشینەکانی کەلار و دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی بوو، ڕژێم کە کەوتە وێرانکردنی گوندەکانی سنووری کەلار و دەوروبەری ئامانجی دابڕینیان بوو لە دابونەریت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەروەها تێکدانی شیرازەی خێزان و تێکشکاندنی دەروونی تاکی گەرمیان و کەلار کە ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی دروستکرد لەسەرکۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خراپی دروستکرد کە دانیشتوانی کەلار و دەورووبەری لە ترۆپکی سەرلێشێواوی و ناهەمواریدا دەژیان و ڕەشترین و تاریکترین سەردەمەکانی خۆیان بەچاوی خۆیان بینی جگە لەوە لەڕاستیدا دروستکردن و قوتکردنەوەی ئۆردوگای زۆرە ملێی ( ڕزگاری ) لە سنووری کەلاردا کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕینی ئاراستەی کۆچکردن بەرەو شاری کەلار و ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیەی ( ڕزگاری ) ، چونکە لەدوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفالیشەوە خەڵك هەر ڕووی لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیە دەکرد وەکو پەناگەیەك بۆ ژیان ،چونکە شوێنێکیان بۆ نەمابوویەوە کە تێیدا ئارام بگرن و ژیان بگوزەرێنن ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هەرزانی زەوی لەو ئۆردوگایەدا خەڵك هەر لەدوای ڕاپەڕین و نەمانی بەعسیشەوە هەردەهات بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی ( ڕزگاری ) نیشتەجێ دەبوون ئەمەش کاری کردە سەر هەموو لایەنەکانی کەلار و تەنانەت خوودی ئەو ئۆردوگایەش، ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال (١٩٨٧-١٩٨٨) یەکێک بوو لە تاوانە پڕمەترسی و هەرەگەورەکانی جینۆسایدو پاکتاوکردنی نەژادی ونەتەوەیی کە ڕژێمی بەعسی عێراق لە دژی گەلی کورد ئەنجامی داو، ئەم ئۆپەراسیۆنانە بە شێوەیەکی سیستماتیک ناوچە کوردستانییەکانیانی کردە ئامانج، بەتایبەتی دەڤەری گەرمیان، کە شاری کەلار ناوەندی سەرەکی ئەم دەڤەرەیە، ئەم ئۆپەراسیۆنانە تەنیا لە بواری سەربازیدا قەتیس نەکرابوون،بەڵکو پڕۆژەیەکی سیاسی و ئەمنیی و هەڵگری مۆرکێکی جینۆسایدیی و

قەتڵ وعامكردنی خەڵكی ناوچەكەی پێكهێنا بوو كە ئامانجی لێی بێسەروشوێنكردن و سڕینەوەی خەڵكی ناوچەكە و چۆڵكردنی ئەو ناوچانە بوو لەدانیشتوانە ڕەسەنەكەی وو لەناوبردنی هەیكەلی كۆمەڵایەتی و ئابووری و كولتووری كۆمەڵگەی كوردی بوو. ئەم بابەتە ئامانجی شیكردنەوەی كاریگەرییە هەرە بەرچاوەكانی هەڵمەتی ئەنفال و ئەو جینۆسایدەی دژ بە شاری كەلار ئەنجامدراوە لە ڕوانگەی دیمۆگرافی وئابووری و كۆمەڵایەتی ودەروونی و سیاسی وكولتووری .



ئەم وێنەیە وەرگیراوە لە گۆڤاری ئەنفال ژمارە (٢) ساڵی دووەم، سلێمانی ٢٠٠١

هەربۆیە هەڵمەتی ئەنفال (١٩٨٧-١٩٨٩) كاریگەری قووڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر شاری كەلار و قەزاكەی هەبوو، بەو پێیەی یەكێك بوو لەو ناوچانەی گەرمیان كە بە قورسی هەڵمەتەكە كرایە ئامانج شاری كەلار بەو پێیەی یەكێكە لە شارە گرنگەكانی ناوچەی گەرمیان كە لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە ئەنفالییەكانی ڕژێمی بەعس لە عێراق دووچاری چەندین لێكەوتەی وێرانكەر بوو. ئەو هەڵمەتە تەواوی ناوچە گوندنشینەكانی دەوروبەری وەک بەشێک لە هەیكەلی كۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی كوردی كردە ئامانج كە ڕژێمی عێراق بە سیاسەتی جینۆساید و ئاوارەبوونی زۆرەملێ هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدا. دەكرێت لێرەدا كاریگەری ئۆپەراسیۆنەكانی ئەنفال لەسەر شاری كەلار بەم چەشنە بخەینە ڕوو:

## یەكەم: كاریگەرییە مرۆیی ودیمۆگرافییەكان.

جینۆسایدكردن و قەتلوعام وئیبادەكردنی دانیشتووان بەهەزاران هاوڵاتی دانیشتووی كەلار و گوندەكانی دەوروبەری گرتەوە ،ئەوەبوو بەكۆمەڵ دەستگیركران، بەتایبەتی پیاوان و گەنجان، كە دەبرانە كەمپەكانی دەستبەسەركردن و دواتر لە بیابانەكانی باشوور زیندەبەچاڵ دەكران ،ئەم قڕكردن و ئاوارەبوونەی دانیشتووانی گوندەكانی

سەر بە کەلار لەلایەکەوە گەورەترین کارەساتی مرۆیی خولقاند چونکە بەشێکی زۆری گەنج ولاوو ژن و منداڵ وخەڵکی بەساڵاچووی ناوچەکە بێبەشکران لە مافی ژیان وڕاپێچی تونی مەرگ کران ،لەلایەکی دی ئەو قڕکردن و دەربەدەربووکردنەی خەڵکی دەڤەرە کە وایکرد پاشماوەی ئرو کارەساتە مەرگبارە ڕوو لە ناوەندی کەلارو کەمپەکانی دەوروبەری بکەن ئەم سیاسەتانە بووە هۆی ناهاوسەنگییەکی ڕوون لە پێکهاتەی دیمۆگرافیداو بە تەواوی پێکهاتەی دانیشتوان و هەیکەلی ئیداری ناوچەکەی شێواند،چونکە کەلار بووە ناوەندێک بۆ وەرگرتنی ئاوارەکان لە گوندە وێران بووەکانی گەرمیان وئەمەش بووە هۆی زیادبوونی چڕی دانیشتوان و فشارێکی بێئەندازەی خستە سەر سەرچاوە خزمەتگوزارییەکان.

## دووەم: کاریگەرییە شارستانی و ئابوورییەکان.

وێرانکردنی سەدان گوندی دەوروبەری کەلار گورزێکی وێرانکەری لە ئابووری ناوخۆیی دا، بەو پێیەی ئەو گوندانە سەرچاوەی سەرەکی کشتوکاڵی و ژێر خانی ئابووری و دابینکردنی بژێوی ژیانی خەڵکی شارەکەبوون. ئەمەش بووە هۆی داڕمانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەربڵاوی بێکاری و هەژاری و دابەزینی چالاکییە بازرگانییەکانیش لە شاردا، وێڕاە ئەوەش کەلار دووچاری پشتگوێخستنی بە ئەنقەست کرایەوە لە پرۆژەکانی گەشەپێدان و خزمەتگوزارییەکانیبەش بەو هۆیەوەو وەک بەشێک لە سیاسەتی سزادان کە ناوچەکەی کردە ئامانج بە بیانووی پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و شۆڕشی کورد، بەمەش کەلارو دەوروبەری لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی گەشەسەندووەوە گۆڕدرا بۆ ناوچەیەک کە بەدەست هەژاری و وابەستەیی بە یارمەتییەوە بناڵێنێت وهەژاری و دابەزینی ئابووری بووە هۆی نەبوونی هەلی کار، دانیشتووان پشتیان بە یارمەتییە سنوورداەکان یان ئابووریی ناسک لەناو شوێنە نیشتەجێبوونی زۆرەملێدا دەبەست.

## سێیەم: کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان.

ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال زەبرێکی دەروونی بەکۆمەڵ لەنێو دانیشتوانی کەلاردا بەجێهێشت، کە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە دەروونییە درێژخایەنەکانی وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی کە لەدوای کارەساتەکە بەڕوونی دەرکەوت، بەتایبەتی لەنێو ڕزگاربووانی ئەو پرۆسەیەدا،هەروەها ئەنفال بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی خێزان و سەرهەڵدانی نەخشە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لەسەر بنەمای دروستکردنی خانەوادەی بێ بژێوی ژیان، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕۆڵی ژنان و منداڵان لەناو کۆمەڵگادا هەبوو وگەلێک ئاڵەنگاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بەردەوامی سەپاند،چونکە سەدان خێزان لە کەلار هێشتا بەدەست لەدەستدانی ئازیزانیان

(بێسەروشوێن/شـەهیدانی ئەنفـال) دەناڵێنـن، ئەمانـەش بوونـە مایـەی هەڵوەشـاندنەوەی پێکهاتەکانـی خێـزان وڕێژەیەکـی زۆر لـە خێزانـەکان بـێ بژێـوی ژیـان مانـەوەو چەندیـن ژن بێـوەژن و چەندیـن منـداڵ بـێ بـاوک یاخـود بـێ دایـک وەتیـو مانـەوە و،ئەمـەش کاریگـەری دەروونـی قـووڵ و درێژخایەنـی بـە جێهێشـت، بەتایبەتـی لەسـەر ئـەو ژن و منداڵانـەی کـە لـە ژیانـدا ماون،کاریگەرییەکانـی ئـەو زەبـر و زەنگـە لـە یادەوەریـی بەکۆمەڵـی خەڵکـی کـەلاردا دیـارە.

## چوارەم:کاریگەرییە کولتووری و یادەوەرییەکان.

لـە ڕووی فەرهەنگییـەوە ڕژیمـی بەعـس لـە ڕێگـەی سیاسـەتی قڕکـردن وکوشـتنی بەکۆمـەڵ وسـەپاندنی هەلومەرجـی تونـدی ئەمنـی بـۆ فەوتاندنـی بنەچـەی گەلـی کـورد بـر گشـتی وخەڵکـی ئـەم دەڤـەرە بەتایبەتـی ویسـتی سـنووردارکردنی بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی و کولتـوورو دابونەریتـی ڕەسـەن وڕوخسـاری کـوردەواری نێوچەکـەی بـوو، بـە ئامانجـی هەڵوەشـاند نـەوەی هەیکەلـی فەرهەنگـی و کۆمەڵایەتـی کۆمەڵـگای ناوخۆیـی هەوڵـی سـڕینەوەی ناسـنامەی کـورد لـە ناوچەکـەدا بـوو. بـە ڵام بـە شـێوەیەکی چاوەڕوان نەکـراو ئـە م سیاسـە تانـە بوونـە هـۆی بـە هێزکردنـی پێبـە سـتبوون بـە ناسـنامە ی نـە تـە وە یـی بەهێزبوونـی هەسـتی نەتەوایەتـی لای تاکـی ئـەم دەڤـەرە، هـەر بۆیـە هەڵمەتـی ئەنفـال بـوو بـە بەشـێکی دانەبـڕاو لـە یادەوەریـی بەکۆمەڵـی دانیشـتوانی کـەلار، کە لە شـایەتحاڵی زارەکـی و ڕێوڕەسـمی یادکردنـەوە وکارو چالاکـی بەرهـەم کتێـب وبووسراوەکانی نووسـەرو شـاعیر هونەرمەنـدان ڕێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکان و ڕێکخـراو کانـی مافـی مرۆڤدا بەرجەسـتە بـوو. وێرانکردنـی گونـدەکان بـووە هـۆی پچڕانـی میراتـی گوندنشـینەکان و لەدەسـتدانی چەندیـن نەریـت و شـێوازی ژیانـی گوندنشـین کـە بەشـێک لـە ناسـنامەی کولتـووری ناوچەکەیـان پێکهێنابوو،ئـەم میراتـە تراژیدییـە بەشـداری کـرد لـە سـەرهەڵدانی گوتارێکـی کولتووری-مێژوویـی ناوخۆیـی کـە سـەرنجی لەسـەر بەڵگەنامەسـازی و داوای دانپێدانـان و بـەدوای دادپەروەریـدا بـوو.

ئـەم بابەتـە ئـەوە دەردەخـات کـە ئۆپەراسـیۆنەکانی ئەنفـال تەنیـا هەڵمەتێکـی سـەربازی نەبـووە، بەڵکـو پرۆژەیەکـی کۆمەڵکوژیـی گشـتگیر بـووە کـە شـاری کـەلاری لـە ئاسـتی دیمۆگرافـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و دەروونـی و سیاسـیدا سـەرلەنوێ داڕشـتووە، کاریگەرییەکانـی ئـەم تاوانـە تـا ئەمـڕۆش لـە هەیکەلـی شـارەکە و هۆشـیاری دانیشـتوانەکەیدا ماوەتـەوە و لێکۆڵینـەوە لـە هەڵمەتـی ئەنفـال لـە چوارچێـوەی کـەلاردا دەکاتـە پێویسـتییەکی ئەکادیمـی و ئەخلاقـی بـۆ تێگەیشـتن لـە مێـژووی توندوتیـژی سیاسـی لـە عێراقـی هاوچەرخدا،هەوڵـدان بـۆ سـڕینەوەی ناسـنامەی کـوردو بـە ئامانجگرتنی زمـان و داب و نەریـت و بوونـی کـوردی لـە دەڤـەری گەرمیـان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## پێنجەم: کاریگەرییە سیاسی و یاساییەکان.

هەڵمەتی ئەنفال ڕۆڵی سەرەکی بینی لە قوڵکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی دانیشتوانی کەلار. ئەم تاوانە خاڵی وەرچەرخان بوو لە بیروڕای گشتیدا بەرامبەر بە ڕژێمی بووە ناوەندێکی گرنگی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەو شۆڕشی کوردی. دوابەدوای ڕاپەڕینی ساڵی( ١٩٩١)یش ، شارەکە بوو بە ناوەندێکی دیار ورۆڵێکی کارای هەبوو لە داواکردنی مافە نەتەوەییەکان و جێبە جێکردنی دادپەروەری سزادانی تاوانبارانی ئەو پرسە

هەروەها پرسی ئەنفال بوو بە بەشێکی جەوهەری لە گوتاری مافی مرۆڤ لە کەلار، خێزانی قوربانییەکان بەشدارییان کرد لە بەڵگەنامەکردنی تاوانەکان و داوای ناساندنی فەرمی ئەنفالیان کرد وەک جینۆساید، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. دەکرێت بوترێت ئۆپەراسیۆنی ئەنفال تەنیا هەڵمەتێکی سەربازی تێپەڕین نەبوو دژی شاری کەلار، بەڵکو کارەساتێکی هەمەلایەنە بوو کە شوێنەوارو کاریگەری دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و کولتووری بەجێهێشت کە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. ئە م ئە زموونە بە ئازارە بە شداری، دەکرێت بوترێت کە ئەنفال پرۆسەیەکی نەخشە بۆکێشراو و خۆبۆ ئامادەکراوی هەمەلایەنە بوو بەمەبەستی سڕینەوە و لەناوبردنی مۆرکی نەتەوایەتی میللەتی کورد . دابڕینی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کورد، ئەنفال تراژیدیایەکی هێندە گەورەو نامۆ بوو کە کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی دەڤەری گەرمیان بە جێهێشتووە کەتا هەنووکەش بەدەستیەوە دەناڵێنن.

قۆناغی سێیەمی ئەنفال لەهەموو ڕوویەکەوە گەورەترین و سامناکترین و پڕگکارەساتبارترین قۆناغی ئەنفال بوو کەناوچەیەکی زۆر بەرفراوانی گەرمیان و کەلاری خاپوورکرد و خاکی ئەم دەڤەرەی دووچاری لەناوبردن کردەوە. لەڕاستیدا دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێی ( ڕزگاری ) بۆ لەناوبردن و فەوتاندنی خەڵکی کەلار و گەرمیان دروستکرا چونکە ژیواری خەڵکی ئەنفالکراو و پاشماوەی ئەنفالکراوەکان لە ئۆردوگای زۆرەملێی ( ڕزگاری ) دا زۆرسەخت ز دژوار و نالەبار بوو ، لەبەر ئەوەی هیچ مەرجێکی بۆ ژیان و گوزەران لەو ئۆردوگایەدا بەدی نەدەکرا ، هەموو لایەکی تەنرابوو بەهێز و ڕەبیەکانی ڕژێم .

مەبەستی ڕژێم لەئەنفالی سێی گەرمیان و ئۆردوگای زۆرەملێی ( ڕزگاری ) دروستکردنی واقعێکی نالەباری دەروونی و تێکدانی شیرازەی خێزان و دروستکردنی دۆخێکی نێگەتیڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە وایکرد دانیشتووانی کەلار و دەورووبەری لە ترۆپکی سەرلێشێواوی و ناهەمواریدا بژین و یەکێك لەتاریکترین سەردەمەکانی ژیانی خۆیان بەچاوی خۆیان ببینن، هاوکات شاڵاوەکانی ئەنفال لە ناوچەکانی گەرمیان و کەلاردا شالاوەکانی ئەنفال لە ناوچەکانی گەرمیاندا چەند سیمایەکی دیاری هەیە و جیای دەکاتەوە ناوچەکانی دیکە ٢٩٨ بەم شێوە، لە بێسەروشوین کردنی خەڵکی ناوچەکەدا جیاوازیەك نەکراوە لە نێوان ژن و پیاو و منداڵ و گەورە دا، کە دەکوڵۆن لە شالاوەکانی نە م ناوچەیەدا (جاش) فەوجە سوکەکان شانبەشانی سوپای سەربازی بەشداربوون، لە هێرش و پەلامارەکاندا چەکی کیمیاری بەکارهاتووە بۆ نمونە لە گوندی (تازە شار)، لە ئەنجامی شالاوەکانی خەڵکانێکی زۆر کەم لە چاو ناوچەکانی دیکە دا ڕزگاربوون، خەڵکە بێسەروشوێن کراوەکانی گەرمیان لە تۆبزارەی باشوری خۆرئاوای کەرکوك و، قورەتو و دوزخورماتو کە کرانەوە و پاشان ڕەوانەی باشورو ناوەڕاستی عێراق کراون و بێسەرو شوێن کراون، زیاتر لە (٧٠-٨٠) هەزار پیاو بێسەروشوێن کران کە زۆربەیان خاوەن ژن و منداڵ بوون و بە پێی زانیاریەکانی. نزیکەی (١٠) هەزار شوێن بزرکراون.

## بۆ نووسنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.


١) القرآن الكريم سورة الإسراء الاية (٧٩)

٢) القرآن الكريم سورة الأنفال الآية (١)

٣) محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر الرازي : مختار الصحاح، دار الكتب العربي، ١٩٨١.

٤) ابراهيم مصطفى و أخرون : معجم الوسيط ، الجزء الاول و الثاني ، منشورات دارالدعوه ، طبعة الثانية ، استانبول،١٩٨٩ .

٥) كنعان مكية: القسوة والصمت، لەبڵاوکراوەکانی (الجمل)، چاپی یەکەم، کۆڵۆنیا، ئەڵمانیا، ٢٠٠٥ .

٦) محمد ڕەئوف عەزیز :ئەنفال وڕەەندە سۆسیۆجیەکان ،چاپخانەی تیشک ،چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

٧) د. مەهدی فاتح عومەر :ئەنفال و داهێنان، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٢١.تەها سلێمان : لە پەراوێزی ئەنفالدا ، چاپخانەی ئاسا ، ١٩٩٩ ، بەرگی یەکەم .

٨) یوسف دزەیی : ئەنفال کارەستات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠١ .

٩) عـارف قوربانـی: شـایەتحاڵەکانی ئەنفـال، چاپخانـەی ئاسـا، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی، ٢٠٠٢، بەرگـی یەکـەم.
١٠) شۆڕشـی حاجـی ڕەسـوڵ: ئەنفـال - کـورد و دەوڵەتـی عێـراق، چاپخانـەی شـڤان، چاپـی دووەم ، سـلێملنی ٢٠٠٣ .
١١) عەدالـەت عومـەر سـاڵح : ئەنفـال و ئافرەتـی کـورد ، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە ، چاپـی یەکـەم ، هەولێـر ٢٠٠٣ .
١٢) زیـاد عەبدولرەحـمان : تونـی بـەرگ ، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی کوردسـتان ، چاپـی دووەم ، سـلێمانی ٢٠٠٤ .
١٣) هێمـن باقروبەرهـەم عومەر:ئەنفالـی سـێ و کاریگەرییەکۆمەڵایەتیەکانـی لەسـەر ژنـی پاشـماوەی ئەنفـال ،چاپـی یەکـەم ، سـلێمانی٢٠٠٤.
١٤) میـدڵ ئێسـت دۆچ : جینۆسـاید لـە عێـراق و پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد ، و : محەمـەد حەمەسـاڵح توفیـق ، چاپخانـەی تیشـك ، بەبـێ نـۆرەی چـاپ ، سـلێمانی ٢٠٠٤ .
١٥) خەلیـل سـەرکانی : ئەنفـال لـە یـادەوەری پێشـمەرگەیەکدا ، چاپـی یەکـەم ، چاپخانـەی گەنـج ، سـلێمانی ٢٠٠٩ .
١٦) دلێـر کەریـم : خوێندنەوەیەکـی تـر بـۆ ئەنفـال ، چاپخانـەی هێـڵ ، چاپـی یەکـەم ، سـلێمانی ٢٠١٠.
١٧) عومـەر محەمـەد :ئەنفالـی گەرمیـان سیاسـەتێك و دوو ئامانـج ، چاپخانـەی ڕەهێـڵ ، بەبـێ نـۆرەی چـاپ ، سـلێمانی ٢٠١٠ .
١٨) دەربـاز محمـد : کـەلار لـە لادێـوە بـۆ شـار، چاپخانـەی چوارچـرا، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی ٢٠١٠.
١٩) داود محمـد حسـین : گەرمیـان لـە شـاڵاوەکانی ئەنفالـدا ، چاپـی یەکـەم ، چاپخانـەی یـاد ، بەبـێ نـۆرەی چـاپ ، ٢٠١١ .
٢٠) چنـار نامـق : جینۆسـاید و ئەنفالـی کـورد ، چاپخانـەی کارۆ ، چاپـی یەکـەم ، کەرکـوك ٢٠١٣ .
٢١) د . مەهـدی فاتـح عومـەر : ئەنفـال و داهێنـان، چاپخانـەی سـەردەم، چاپـی یەکـەم ، سـلێمانی ٢٠٢١.
٢٢) ڕزگار حاجـی حمیـد : کـەلار مێژوویەکـی دێریـن و جوگرافیـای شـارێکی زینـدوو ، چاپخانـەی یـاد ، چاپـی یەکـەم ، بەبـێ شـوێنی چـاپ.
٢٣) مەریـوان وریـا قانـع : ئەنفـال و مۆدێرنـە ڕووداوێـك لـە دوامانـەوە یـان ئەگەرێـك لـە پێشـمانەوە ، گۆڤـاری ڕەهەنـد ، ژمـارە٧ ، ١٩٩٩.
٢٤) حەسـەن جـاف: ئەنفـال تاوانێکـە نابـێ لەبیربکـرێ، گۆڤـاری ئەنفـال ژمـارە ٢، سـاڵی دووەم، سـلێمانی ٢٠٠١ .



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٢٥) ئەیـاد کـمال : تاوانـی ئەنفـال و پاشـماوەی ئەنفـال لەنێـوان ژیـان و سـۆراغێك بـۆ ئاینـدەی گۆڤـاری ئەنفـال ، ژمـارە ٢ سـاڵی دووەم ، سـلێمانی ، ٢٠٠١ .
٢٦) عەبدولرەحـمان صدیـق : ئەنفـال لـە ڕوانگـەی ئیسـلامەوە ، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی ، ژمـارە ٢٤ ، هەولێـر ، ٢٠٠٢ .
٢٧) ژمارەیـەك مامۆسـتا:حەقیقەتی ئەنفـال لـە ئیسـلامدا، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی، ژمارە٢٤، ٢٠٠٢.
٢٨) دکتـۆر صبـاح برزنجـی : چەمکـی ئەنفـال لەفەرهەنـگ و مێـژووی ئیسـلامدا ، گۆڤـاری ڕووناکبیـری ، ژمـارە ٧ ، ئایـاری ٢٠٠٣ .
٢٩) عەلـی بەنـدی : ئەنفـال لەڕوانگـەی ئیسـلامدا ، گۆڤـاری ئەنفـال ، ژمـارە ٤ ، سـلێمانی ٢٠٠٣ .
٣٠) هێمـن کامـل ڕەشـید : ئەنفالـی چـوار و کاریگەرییـە کۆمەڵایەتیەکانـی لەسـەر گەنجـی کـەس و کاری ئەنفـال ، گۆڤـاری هەشـتاو هەشـت ، ژمـارە ١١ ، سـاڵی سـێ یـەم ، ٢٠٠٩ .
٣١) ئـازاد شـێخانی : ئەنفـال لەنـاو چوارچێـوەی قۆناغەکانـی دروسـتکردنی ئـۆردوگا زۆرەملێکانـدا ، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی ، ژمـارە٢٤ ، هەولێـر .
٣٢) رابعـە حمـە صالـح اسماعیل : ڕەهەنـدە دیموگرافیاکانـی ئەنفـال ،گۆڤـاری کەرکـوک ،ژمـارە (٣٣) هاوینـی ٢٠٠٧.
٣٣) ئـاری جـەلال سـاڵح : ئەنفـال هەوڵێـک بـۆ جینۆسـایدکردنی کـورد، گۆڤـاری کەرکـوک ،ژمـارە (١٩).
٣٤) مەجیـد سـاڵح و فایـەق ڕەحیـم : کـەلار لـە گونـدەوە بـۆ شـار ، ڕۆژنامـەی ئـاڵای ئـازادی ، ژمـارە ٤٣١ ، دووشـەممە ( ١٠ / ٩ / ٢٠٠١ ).
٣٥) بروسـکە ی ئیسـتخباراتی کـە لار بـو نیسـتخباراتی ناوچـە ی روژهـە لات ، ژمـارە ١٠٢١٢ و ١٠٢٢٨ لـە (٩ ی نیسـانی ١٩٨٨ ) وەرگیـراو لـە میـدڵ ئیسـت وۆچ: جینۆسـاید لـە عێـراق و پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد،
٣٦) بریـاری ژمـارە ١٦٠ ، نـە نجومـە نـی سـە رکردایـە تـی شـورش لـە ( ٢٩ / ٢ / ١٩٨٧ ) بـە نـاوی گـە ل، وەرگیـراو لـە میـدڵ ئیسـت وۆچ: جینۆسـاید لـە عێـراق و پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد.
٣٧) بـرداری س ف ١٠٠٤ : (٢٠ ی حـوز میرانـی ١٩٨٧ ) ، لـە فـە رمانـدە ی مـە کتـە بـی باکـووره وە بـو فـە رمانـدە ی فـە یلـە فـی یـە ک و فـە رمانـدە ی فـە یلـە قـی دوو فەرماندەی فەیلەقـی پێنج،وەرگیـراو لـە میـدڵ ئیسـت وۆچ: جینۆسـاید لـە عێـراق و پەلامـاری ئەنفـال بـۆ سـەر کـورد.



# نەخۆشییە دەروونییەکان، نەخۆشی خەمۆکی بەنموونە


فـەرەیدون ئیسماعیل زەنـگـەنـە

ماستەر لە نەخۆشییە دەروونییەکان


تەندروسـتی دەروونـی بریتیـە لەتوانـای جێبەجێکـردنی کاری ڕۆژانـە، بەشـێوەیەک کـە توانـای ئەنجامدانـی چالاکـی سـەربەخۆ و گونجـاو و خۆگونجاندنـی هەبێـت لەگـەڵ کۆمەڵگـە و دەورووبـەردا، هەروەهـا تەندروسـت بێـت لـەڕووی سـۆز و بیرکردنـەوە و هەڵسـوکەوتدا.

نەخۆشـی دەروونـی (یـان تێکچوونـی دەروونـی) حاڵەتێکـی تەندروسـتییە، کـە کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر بیرکردنـەوە و بـاری دەروونـی، ڕەفتـار و توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی ژیانـی ڕۆژانـەی کەسـەکە دەبێـت و دەبێتـە هـۆی ناڕەحەتـی یـان کێشـە لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا و پیشـە و کاری ڕۆژانـە.

نەخۆشـی خەمۆکـی نەخۆشـییەکی دەروونـی بـاو و ئاسـاییە. خەمۆکـی بریتییـە لـە لەدەسـتدانی چێـژو ئـارەزوو وە هەسـتکردن بـە دڵتەنگـی و دورکەوتنـەوە لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و چالاکـی و ئەنجامدانـی کاری رۆژانـە بـۆ ماوەیەکـی زۆرکەمتر نەبـێ لـە دوو هەفتـە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خەمۆکیی جیاوازە لە گۆڕانی ئاسایی باری دەروونی و هەستکردن بە ژیانی ڕۆژانە. خەمۆکی دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەبێت، لەوانەش پەیوەندی لەگەڵ خێزان و هاوڕێ و کۆمەڵگە. دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت لە قوتابخانە و شوێنی کارو هەر فەرمانگەو ناوەندێک کەکەسی توشبوو کاری تێدابکات..

خەمۆکی توشی هەموو کەسێک دەبێت بەڕێژەیی جیاواز، بەڵام ئەو کەسانەی کە ئازیزێکیان لەدەست دەدەن یان بەڕووداوی ئاڵۆزداتردا تێپەڕیون، ئەگەری تووشبوونیان بە خەمۆکی زیاترە. وەهەروەها لەڕووی ڕەگەزیەوە ژنان زیاتر تووشی خەمۆکی دەبن لە چاو پیاوان .

ڕێژەی توشبوون لە ئاستی جیهانیدا، نزیکەی ٤٪ی دانیشتووان تووشی خەمۆکی دەبن، کە نزیکەی ٣٣٢ ملیۆن کەسە ، ژنان نزیکەی ١,٥ هێندە زیاتر تووشی خەمۆکی دەبن لە چاو پیاوان، و ڕێژەکە لە منالاندا نزیکەی٣٪ یە و هەردوو ڕەگەز بەهەمان ڕێژە توش دەبن,بەڵام لەتەمەنی نەوجوانیدا(هەرزەکاریدا) ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ٨٪ لە نێرینەدا و لە ١٤٪ لە مێینەدا, هەرچەندە هەموو مرۆڤێک بەدرێژایی تەمەنی توشی خەمۆکی دەبێت بە ڕێژەی جیاواز,هیچ مرۆڤێک لەژیاندا ئەگەر تەنانەت بۆ جاریکیش بێت هەست بەدڵ تەنگی و نائارامی دەروون دەکات.

بڵاوبونەوەی خەمۆکی لە عێراقدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزە، بەهۆی دەیان ساڵەی ململانێیەوە، توێژینەوەکانی ئەم دواییە ڕێژەی بەرزیان نیشانداوە. ڕێژەیی نەخۆشی خەمۆکی هەرچەندە لە عێراقی فیدراڵ لەئاستێکی بەرزدایە بەپێی توێژینەوە پزیشکیەکان بەڵام لەپاش کۆرۆنا و شەڕی تیرۆرستان ئەم ڕێژەیە زیاتر بەرزبونەوەی بەخۆوە بینیوە.

بڵاوبونەوەی خەمۆکی لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی ئەو دانیشتووانە تایبەتانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە (بۆ نموونە دانیشتوانی گشتی، پەنابەران، خوێندکاران) و میتۆدۆلۆژیای بەکارهێنراو، جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. توێژینەوەکانی ئەم دواییە، ئاماژە بە بارگرانییەکی زۆری نیشانەکانی خەمۆکی دەکەن بەراورد بەنەخۆشییە دەروونیەکانی تر، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی دەیان ساڵە ، ناسەقامگیری سیاسی و سەختی ئابووری کۆمەڵایەتی و تەنانەت کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

نەخۆشی خەمۆکی لەئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان، بەپێی ئاماری ساڵانەی سەنتەری ڕاهێنان و چارەسەری دەروونیی لە کەلار، پشکی شێری بەرکەوتوە بەبەراورد لەگەڵ

نەخۆشـییەکانی دیکـەی دەروونیـي, سـەنتەری دەروونیـی لەسـاڵی ٢٠١٤دامـەزراوە، ئامـاری نەخۆشـییە دەروونییـەکان لـە سـەنتەرە بـۆ نمونـە سـاڵی ٢٠٢٥ نزیـک ٢٠٠٠ نەخۆشـی دەروونـی کـە دۆسـیەیی هەمیشـیان هەیـە لەسـەنتەری ناوبـراو و دەرمـان و ڕێنمایـی دەروونـی وەردەگـرن، جگـە لـەو نەوجەوانانـەی کـە لـەدادگا و بنکەکانی پۆلیسـەوە ئاراسـتەی سـەنتەری ناوبـراو دەکرێـن بـۆ هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی دەروونیـان، سـەرەڕایی ئەونەخۆشـانەش کـە ڕوولەشـارەکانی دیکـە دەکـەن بـۆ چارەسـەر وەک( سـلێمانی، هەولێر، کەرکـووک).

## هۆکارەکانی توشبوون بە نەخۆشی خەمۆکی:

ململانـێ و زەبـر: دەیـان سـاڵە شـەڕ و ئاوارەبـوون و ناسـەقامگیریی بزوێنـەری سـەرەکین، وەپرسـە ئابووریـیـە کۆمەڵایەتییـەکان: خراپـی بـاری دارایـی و نەبوونـی پشـتیوانی کۆمەڵایەتـی کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر نەخۆشـیەکە هەیـە، هەروەهـا بوونـی هەمـان نەخۆشـی لەخێزانـدا، لەدەسـتدانی بـاوان و جیابونـەوە و تەڵاقـدان، بوونـی کێشـە بـە بەردەوامیـی لەنێـو خێـزان، خـراپ هەڵسـوکەوت کـردن لەگـەڵ منداڵـدا، سـەرنەکەوتن لـە بـوارە جیاوازەکانـی ژیـان، وەک( دارایـی، سـۆزداری، خوێنـدن، هتد....)ئەمانـە گەلێـک هـۆکارن سـەرەڕای هـۆکارە بایالۆجییـەکان.

## نیشانەکانی نەخۆشی خەمۆکی:

**لە گەورەدا(پێگەیشتوان)**

نیشـانەکانی خەمۆکـی لـە کەسـانی پێگەیشـتوودا بریتیـن لـە: دڵتەنگـی بـەردەوام، نەمانـی ئـارەزووی ئەنجامدانـی چالاکیـی، ماندوێتـی ، گۆڕانـی خـەو و ئـارەزوی خـواردن، سـەختی تەرکیزکـردن، هەسـتکردن بـە بێ بەهایـی، بیرکردنـەوە لـە مـردن یـان خۆکوشـتن، زۆرجـار ئـازاری جەسـتەیی و تورەیـی لەگەڵدایـە.

**لەمنداڵاندا:**

کـەم خەویـی، زیادنەبوونـی کێـش، دڵەڕاوکـێ، جیابونـەوە، تورەبـوون، وڕکگرتـن، فرەجەڵەیـی، ڕەفتـاری پێشـینە واتـە گەڕانـەوە بـۆ تەمەنێکـی پێشـتر کەهەنـدێ ڕەفتـار دەکات پێشـتر کردویەتـی، بەهۆیـەوە سـەرنجی دایـک وبـاوک و دەوروبـەری ڕاکێشـاوە وەک( خۆتەڕکـردن، خۆپیـس کـردن).

**لەمێرد منداڵاندا:**

نیشـانەی جەسـتەیی(ئازار)، نەچـوون بـۆ قوتابخانە،لاوازیـی ئاسـتی خویندن،گرفـت لـە خـەودا.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**لەنەوجەواناندا:**

ڕێزنەگرتنی خود، بەکارهێنانی کحول و هەندێجار مادە هۆشبەرەکان، ڕەفتاری خۆکوژیی، نەچوون بۆخوێندنگە و ڕەفتاری توندوتیژیی چ لەنێوخێزان چ لەکۆمەڵگەدا.

## چارەسەرکردنی نەخۆشی خەمۆکی:

خۆیی لە تێکەڵەیەک لە چارەسەرە تەندروستیەکانی وەک چارەسەری دەروونی (چارەسەری قسەکردن) و دەرمانەکان (دژە خەمۆکی)، شانبەشانی ستراتیژییە گرنگەکانی چاودێریکردنی خود، وەک وەرزشکردنی بەردەوام، خواردنی تەندروست، خەوی بەردەوام و ڕێک، کە لەشەش کاتژمێر کەمتر نەبێت وە پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان .

چارەسەری دەروونی: چارەسەرەکانی وەک چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی (CBT) و چارەسەری نێوان کەسەکان (IPT) یارمەتی گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە و باشترکردنی پەیوەندییەکان دەدەن.

دەرمان: دەرمانی دژە خەمۆکی وەک SNRI) یان (SSRI دەتوانێت هاوسەنگیی لە نێوان مادده کیمیاییەکانی مێشکدا دروست بکات بەڵام ڕەنگە چەند هەفتەیەک بخایەنێت تا کاربکات، ئەمەش لە نەخۆشییەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

تەزووی کارەبا: بڕاردەی چارەسەری تەزووی کارەبایی بریتیە لەدروستکردنی فێیەکی کۆنترۆڵ کراو، لەرێی بەکارهێنانی بڕێکی دیاریکراوی تەزووی کارەبا بۆکاتێکی کەم، وە بۆ هەموو نەخۆشێکی خەمۆکی بەکارناهێنرێت، لەسەرەتادا جگە لەو نەخۆشانەی کە حاڵەتی تایبەتییان هەیە وەک( دووگیانیی)، یان ئەونەخۆشانەی کە بەهیچ شێوەیەک دەرمان ناخۆن، وە لەحاڵەتە توندەکانی نەخۆشی دەروونی بەکاردەهێنرێت وەک(خەمۆکی توند،شیزۆفرینیا)، دەتوانرێت چەندین جار ئەم چارەسەرە بەکاربهێنرێت و زۆربەی نەخۆشەکان یەک کۆرسیان بۆدەکرێت، واتە(٦بۆ٨)جار ئەمەش پێیدەگوترێت ( Typical)وەهەندێک نەخۆش پێویست دەکات هەفتانە یان مانگانە ئەم چارەسەرەی بۆ بەکاربهێنرێت بۆ ماوەی شەش مانگ، پێی دەگوترێت ( continuous)

چالاکیی جەستەیی: وەرزشکردنی بەردەوام، تەنانەت پیاسەکردنی کورت.

خووی تەندروست: پابەندبوون بە خشتەی خەوتنی ڕێکوپێک و خۆراکی تەندروست.

پشتگیری کۆمەڵایەتی: پاراستن و بەردەوامبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ هاوڕێ و خێزان وکۆمەڵگە، دوور کەوتنەوە لە گۆشەگیریی و تەنهایی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## *ئایا نەخۆشییەدەروونیەکان بۆنمونە خەمۆکی پەیوەندی بەلاوازی ئیمانەوە هەیە؟

ئەم بیروبۆچونە هەندێک لەڕاستی و ڕێژەیەکی بەرچاو هەڵە لەخۆدەگریت، چونکە نەخۆشییە دەروونییەکان لەدووبەش پیکدێن: بەشێکیان زوهان(سایکۆسس) ە، لەم بەشەدا نەخۆش هەست بەنەخۆشییەکەی ناکات، تەنانەت سەردانی ناوەندە تەندروستییەکانیش دەکات بەبیانووی جیاواز، بۆیە لە باوەڕدار و بێباوەڕدا وەک یەک ڕوودەدن، هیچ ئامارێک یان توێژینەوەیەکی پزیشکی دەرنەکەوتووە لەو وڵاتانەی زۆرینە موسوڵمانن، ڕێژەیی خەمۆکی کەمتر بێت لەچاو ناوچەکانی دیکەدا.ئەگەر ڕێژەیەکی زۆرکەم توێژینەوەش ئاماژە بەبوونی باوەڕ بکات ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هۆشیاریی دەروونی، چونکە لەهەندێک وڵات و ناوچە، ئاستی هۆشیاریی لاوازە، خێزان پەنا دەباتە بەر کەسانی ئاینی لەبری پزیشک و نەخۆشخانە.

جۆری دووەم:حاڵەتی نیورۆسسە(ئەعساب) لەم جۆرە نەخۆشدا هەست بەحاڵەتەکەی دەکات، زیاتر لە حاڵەتی خەمۆکی سوک، فشاری دەروونی، دڵەڕاوکی دەگرێتەوە.لەم حاڵەتەدا خەڵک لای نەنگییە سەردانی پزیشکی دەروونی بکات، یان بەهۆی ڕێژەیی کەمیی پزیشکی بوارەکە، هەندێجار کەسوکاری نەخۆش و نەخۆش بۆ چارەسەر سەردانی پسپۆری دیکە دەکەن وە هەوڵدەدەن حاڵەتی تەنگەژە دەروونییەکەیان بە نەخۆشی جەستەیی ڕاڤە بکەن، ئەگەر پزیشک بینێرێتە لای پزیشکی دەروونی ڕاستەوخۆ دەڵێن خۆ نەخۆشەکەمان شێت نییە؟!

لێرەدا جێگای خۆیەتی بڵێین: هەندێ نیشانەی تەنگەژە دەروونییەکان لەکەسانی ئیماندار و پابەند بە ئاین کەمترە وەک لەکەسانی بێ باوەڕ وەک خۆکوشتن.

## *ئایا نەخۆشی دەروونی چاکبونەوەی نییە؟

بۆچونی هەڵە لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە,کەبێ ئومێدیەک بەرامبەر چاکبونەوەی نەخۆشی دەروونی هەیە, بێ گومان ئەم بۆچونانە زۆر دورن لەڕاستیەوە, زۆربەی زۆری نەخۆشییە دەروونییەکان چاک دەبنەوە, ڕەنگە هەریەک لەئێمە گەواهیدەری چەندین کەس بیین بۆ جارێک یان چەند جار توشی تەنگەژەی دەروونی بووە پاش سەردانیی پزیشکی و چارەسازی دەروونی، ئیتر پیویستی بە سەردان و وەرگرتنی چارەسەر نەبوە، ئەوانەی حاڵەتی خەمۆکی و وەسواسیی و دڵەڕاوکێیان هەیە زۆربەیان چاک دەبنەوە.

## *ئایا نەخۆشیە دەروونیەکان بۆ ماوەیین؟

بێگومـان زۆر کات لەژێـر چەتـری ئـەم دەربڕینـە سـتەمێکی گـەورە بەرامبـەر تـاک و خێزانیـش دەکرێت,هەندێـک جاریـش سـنووری خێزانیـش تێدەپەڕێنێـت!

گومانلـەوەدا نییـە کـە لـە زۆربـەی نەخۆشـییە دەروونییەکانـدا، بۆمـاوە کاریگەریـی هەیـە، بـەڵام بەوشـێوەیە نییـە کـە لەنێـو کۆمەڵگـەدا بڵاوبوەتـەوە، کـە هەرکەسـێک دایـک یـان باوکـی گرفتـاری نەخۆشـییە دەروونییـەکان هاتبێـت، مناڵەکانیشـیان تـوش دەبـن، ئاریشـەدەروونییەکان دووهۆکاریـان هەیـە: ژینگـە و بۆماوەیی.لـەم ڕۆژگارەدا ژینگـە دەورێکـی بـاڵای هەیـە، چونکـە پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و فـراوان بـوون و زۆربوونـی بەکارهێنەرانـی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان و نـا جێگیریـی بـاری دارایـی و سیاسـی ڕۆڵـی بەرچـاو دەگێـڕن.

## *ئایـا پێویسـتە دەرمانـە دەروونییـەکان بـۆ هەتاهەتایـی بە کا ر بهێنر ێـت ؟

بێگومـان چارەسـەری نەخۆشـییە دەروونییـەکان لەنەخۆشـێک بـۆ یەکێکـی دیکـە جیـاوازە, ئەمـەش پاڵپشـت بـە هۆشـیاری تـاک، پانەندبـوون بـە چارەسـەر و پاڵپشـتیی خێـزان، هەندێ حاڵەتـی نەخۆشـییە دەروونییـەکان پێویسـتییان بـە دەرمـان نییـە ,تەنهـا لەڕێگـەی وەرگرتنی ڕێنمایـی دەروونییـەوە چاکدەبنـەوە، هەندێکـی دیکـە بەوەرگرتنـی ڕێنمایـی دەروونـی و دەرمـان پیکـەوە بەکاردەهێنرێـت بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ یـان برێـک زیاتـر، هەندێکـی کـە تەنهـا دەرمـان بەکاردەهێنـن بـۆ کەمـتر لەسـاڵێک، لەهەندێـک حاڵەتـدا دووسـاڵ, وەلەهەنـدێ بـاردا وا دەخوازێـت کـە تـەزووی کارەبـای بـۆ بەکاربهێنرێـت هاوشـان لەگـەڵ دەرمـان و ڕێنمایـی دەروونیشـدا.

## ئایا دەرمانە دەروونییەکان دەبنە هۆی ئالوودەبوون؟

برێکـی زۆری دەرمانـە دەروونییـەکان وەک دژە سایکۆسـس(بۆ چارەسـەری شـادی، شـیزۆفرینیا) بەکاردەهێنرێـت یـان دژە خەمۆکییـەکان کە بۆ چارەسـەری خەمۆکی و وەسواسـی و ترسـی کۆمەڵایەتـی بـەکار دەهێنرێـت وە دەرمانەکانـی جێگیـری مـەزاج کـە بـۆ چارەسـەری پەرکـەم بـەکار دەهێنرێـت، ئەمانـە بەشـی هـەرەزۆری دەرمانـە دەروونییەکانـن و نابنـە هـۆی ئالودەبـوون, پـاش مـاوەی پێویسـت لەبەکارهینـان نەخـۆش دەتوانێـت وازی لێبهێنێـت.

ئـەو دەرمانانـەی ئالودەبـوون دروسـت دەکـەن، تەنهـا دەرمانـی دژە حاڵەتـی دڵەراوکێیـە یـان ئـەو دەرمانانـەی کـە بـۆ خەواندنـی نەخـۆش بەکاردەهێنرێـن , پێویسـتە لەحاڵەتـی پێویسـت و ماوەیەکـی کورتـدا بەکاربهێنرێـت کـە لەچەنـد هەفتەیـەک تێپەرنەکات,چونکـە ئەگـەر مەودا درێـژ بێـت حالەتـی ئالودەبـوون دروسـت دەکات.

## کاریگـەری سۆشـیال میدیـا لەسـەر زیادبوونـی نەخۆشـییە دەروونییـەکان بـۆ نمونـە خەمۆکـی؟

بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا پەیوەنـدی بـە زیادبوونـی خەمۆکییـەوە هەیـە، بەتایبەتـی لـە هەرزەکارانـدا، زۆرجـار بەهـۆی بـەراوردکاری کۆمەڵایەتـی، تـرس لـە ونبـوون، تێکچوونـی خـەو، هەرچەنـدە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان ئاڵۆزە تـر دەکات، لەگەڵ هەندێـک لێکۆڵینەوە پێشـنیاری ئـەوە دەکـەن کـە بەکارهێنانـی چالاکـی ڕەنگـە یارمەتیـدەر بێـت. بـەڵام دۆزینەوەی هاوسـەنگیی لەگـەڵ چالاکییەکانـی ئۆفلایـن، دانانـی سـنوورەکان و داوای چارەسـەرکردن یـان پشـتگیری دەتوانێـت مەترسـییەکان کـەم بکاتـەوە.

ئایـا نەخۆشـیەدەروونیەکان تاکـو ئێسـتاش لـەلای هاوڵاتیانـی گەرمیـان تـا ڕادەیـەک بەشـێوەی سـتیگما (عەیـب) سـەیردەکرێن؟ ئایـا تـاچ ڕادەیـەک هاوڵاتیـان پەنـا دەبەنـە بـەر شـیخ و مـەلا بـۆ چارەسـەری دەروون و جنۆکـە بەهـۆکار دەزانـن؟

لەڕاسـتیدا لەگـەڵ بەرەوپێـش چـوون و گۆڕانـکاری لەجیهاندا,گۆڕانـکاری لەبیروهـزری کۆمەڵگـەش ڕوویـداوە، نەخۆشـییە دەروونییەکانیـش بەدەرنیـن لـەم گۆڕانکاریانـە، بـەراورد بەسـاڵانی ڕابـردوو و نـەوەی پێشـوو, ئێسـتا تـا ڕادەیـەک سـتیگما کـەم بوەتـەوە, وە هاوڵاتـی ئەگـەر هەسـت بەهەرحاڵەتێکـی نائاسـایی لەجەسـتە و دەروون بـکات پەنـا دەباتـە بـەر پزیشـکی پسـپۆری بوارەکە,هەوێنـی ئـەم گۆڕانـی هزروبیـرە تەکنەلۆژیـا و ئاشـنابوونی هاوڵاتیانـە بـە بـوارە جیاوازەکانـی ژیـان لەلایـەک, لەلایەکـی دیکـەدا، بوونـی سـەنتەری دەروونـی و پزیشـک وپسـپۆرانی بوارەکەیـە لەناوچەکەدا,خۆشـبەختانە ڕۆژ بـەڕۆژ ڕێژەیـی سـتیگما لـە ناوچەکـە ڕوولـە کەمبونەوەیـە.

لێـرەدا لـە زاراوەی شـێخ یـان مـەلا مەبەسـت لـە مامۆسـتایان و زانایانـی ئاینـی نییـە کـە لەمزگەوتەکانـدا پێـش نوێـژ و وتارخوێنن,مەبەسـت لـەو کەسـانەیە کەبەنـاوی ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلامەوە بازرگانـی دەکـەن , ئەمـەش نەخـۆش بـەرەو ئاقارێکـی نادیـار و سـەختبوونی نیشـانە و نەخۆشـییەکەی دەبات,چەندیـن نەخـۆش لەژێرپاسـاو و قسـەی نـاڕەوا فریـوودەدەن ئەمـەش هەندێـک جـار دەبێتـە هـۆی توندیـی نیشـانەی نەخۆشـیەکە، چونکـە لەکاتـی خۆیـدا دەرمـان و ڕێنمایـی دەروونـی وەرناگرێـت.

خۆشـبەختانە ئامـاری ئـەم ڕێگایـەش ڕووی لەکەمبونـەوە کـردوە بەبـەراورد بەڕابـردوو، هەرچەنـدە هـەر بوونـی مـاوە لەنێـو کۆمەڵگـە.





# ڕوەکی سروشتی

سەلاح شاکەلی

ئـەو ڕوەکـە خۆڕسـکانەن کـە لـە ژینگەیـە دیاریکـراودا، لـە ئەنجـام کارلێکـی هـۆکار ژینگەیـی ( ئاووهـەواو خاکـو بەرزونزمـی زەوی ) وەبـێ دەسـوەردان مـرۆڤ سـەوز ئەونـو گەشـە ئەکـەن. ڕۆڵـێ کاریگەریشـیان هەیـە لـە پاراسـتن هاوکێشـەی ژینگەییـو دابینکـردن خۆراکـو شـوێنو ئۆکسـجین بـۆ گیانـداران ( ئینتەرنیـت ).

ناوچـەی گەرمیـان سـەدان جـۆر ڕوەک سروشـتی هەیـە، چ لـە دەشـتەکان وەک مارگیـر، سـێپەڕە یـان لـە قەراخـو نـاو خـڕەکان وەک تـەروو، حوشـترخوار، یـان لەنـاو دۆڵـو لاپـاڵ جەوەڵـەکان وەک کەوەلـە، توێـڵ تەقێنـە، یـان لەسـەر تەپـەکان وەک قنگـر، مرەکـوژە.

ڕوەک هاوینـە زۆرتـر لـە گـوێ چـەم سیروانو قـەراخ کانیـاوو گۆمـاوو خـڕەکان هەیـەو زۆرە وەک زەلـو قامیشـو تورکـو ژاڵـەو گەز...هتـد شـۆردنگەی قومـو زیخـی سـەر سیروان  کاری خـراوی لـە ڕوەک سروشـتی کـرد، بـەڵام ئـەوەی باشـە لـەم دواییـە هەنـدێ ژینگـە پارێـز، توانیویانـە گوشـار لـە حوکمەتـو لـەو شـۆردنگەیەلە بکەنـو سـنورێ دابنـەن بـۆ دەسـکاریو تێکـدان سروشـت.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕووەک زمسانەش لە دەشتو دۆڵو سەر بەرزاییەکانیش هەیە، لەمەیان چاوداخستن حوکمەت کاریّ زۆر خراوی لە بری ( ڕەنگە لە ژمارەیش ) ڕووەک سروشتی کردوە. کاکی جوتیار ( ڕەنگە هەر جوتیاریش نەویّ، فەرمانبەرەو دانیشتوی شارەو لە بنەڕەتدا خەڵک ئەو ئاواییەیەو سنور ئاواییەکەی وەماف خۆی ئەزانی ) کویّی بویّ وەسیّگاواسنە ئەیبڕیتە وەردو ئیتر ئەویّتە زەوی خۆی، ساڵ لە دوای ئەیکیّڵیّ. جا ئیتر ئەو زەویە لەوەڕگە ویّ یان زەوی بەردین، نە کیّشەی ئەوەو نەش هین حوکمەت. هەر بۆ زانین، لە قانون عیراقیو گشت جیهاندا کیّڵانو کڕینو فرۆشتنی لەوەڕگەو زەوی بەردین پاوانەو وەمۆڵەت تایبەت نەویّ، کەس بۆی نیە وەکاری بیّنیّ.

شەش حەوت ساڵیّکە لە ڕووەک سروشتی ورد ئەومۆو ویّنەی ئەگرمو لە ناوە باوەکەی ئەپرسم، نەک لە ڕوی زانستیوە ناوی چیەو وەکەڵک چی دیّ. بۆ ئەو مەبەستەش وەئاواییەکاندا گەڕاومو لە شوانو پیرەپیاوەکان پرسیوە، لە کوردە میرۆ تا مەندەلی ویّنەم گرتوە. ناو نزیکەی ١٥٠ ڕووەکیّکم تۆمار کردووەو هیّندەی تریشم ویّنە گرتووە کە تا ئیسە کەسم نەدۆزیّتۆ ناوەکانی بزانیّ.

تیّبینیە سەرپیّیی کە لەم کورتە خستنەڕووەدا شویّنی بویّتۆ، ئەمەیە: زۆر ڕووەک هەیە ئیّمە وائەزانین گەرمیانیەو تایبەتە وەناوچەی گەرم، واتە تا بەرەو باشور برۆین ئاساییە بیبینی، بەڵام لە ناوچەی شاخاویو سارد ناڕویّن، لە ڕاسیشدا ئەو وتەیە کە باوەڕ ناکەم زانستی ویّ، ڕاس نیەو تەنیا بیرۆکەیە ڕوکەشانەیە. بۆ نمونە خڕنوک کە لە گەرمیان زۆرەو وا ئەزانین تایبەتە وەناوچەی گەرم، لە شەقڵاوە نەک هەر هەیە، بەڵکو زۆریشە، تەرووم لە هاوینەهەوار بیّخاڵ بینیوە، حوشترخوار کە گیایە دڕکاویەو حوشتر وەک ( کەباب ) ئەیخوا، لای کەپرە گەشتیاریّکان دوکان بینیمە، شەکرۆک لە شاخ هەڵگورد هەیە.

نەچومە وەلای پۆلینکردنە زانستیّکان، تەنیا وەگویّرەی وەرز دەرکەوتنیان هەڕەمەکیانە ١٧ ڕووەک هاوینەو ١٧ەش زمسانەم هەڵبژاردوە کە ئەمانەن:

## ١- ڕووەکە هاوینەکان.


پیزڵک، دوو جۆر پەژمینە، پەڵپینە، حوشترخوار، خڕنوک، دڕکە ئاسنینە، زوڕناگوڵ، زەنگڵە بنجگ، ژاڵە، گژاڵک ( کاڵەکە مارانە )، مارگیر، مرە ( مەڕە ) کوژە، نوسەنەک، هەڕازەڵە، شەکرۆک، ( پیّیشی ئەوتریّ سەرکە تەشی لەم زەمانەشدا

وەهەڵـە کراوەتـە کەرتەشـی )، شـەکرۆکە: جـۆرە مێشـێک لـە بەهـاردا گـەرا لـە شـێوەی ( دەمـە جاجکـێ ) لەسـەر ڕوەک شـەکرۆک دائەنـاو درێـژای هاویـن ئەوێتـە کرمـو بـاڵ دەرەکاو تـا لـە پایـزدا ئەوێتـە مێشـێ تـەواوو کونـێ لـە خانۆکـە ئەکاتـو دەرەچـێ، ئـەو شـێوە دەمـە جاجکـە تامـی شـێرینەو منـداڵ ئاوایـی ئەیخـوا، نـاو ڕوەکەکـەش لـەم مێشـەوە وەرگیـراوە، واتـە شـەکرۆکە ڕوەکـێ جیـاواز نیـەو هـەر بـۆ ڕونکردنـۆ وەجیـا دامنـاوە.

## ڕوەکە هاوینەکان.



پیزڵک



پەژمینە - باریک



پەژمینە - پان



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



پەڵپینە



حوشترخوار



خرنوک



دڕکە ئاسنینە



زورناگوڵ



زەنگڵە بنجگ



ژاڵە



شەکرۆک

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



شەكرۆكە



گژاڵك - كاڵەكە مارانە



مارگیر



مرەكوژە - مەڕەكوژە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



نوسەنەک



هەڕازەڵە

## ٢- ڕووەکە زمسانەکان.

پەیکوڵ، دوو جۆر تاڵیشکە، ترشکە، توێڵ تەقێنە ( گوڵەکەی وەک پفیلکێ بچوکە بیدەی لە شت ڕەق ئەتەقێ، منداڵ ئەیدا لە توێڵ خۆی )، جقجقە ( گەڵای نیە، تەنیا ساقو گوڵە، کە بیسوتێنی دەنگ تەقوتوقێکی لێوە دێ )، دڕکەکەوە، دەرزیلە، زەنگڵەگیا ( گیا لەرزانە )، شەوبۆ، قردێلە، قەلاس، گونەبەرەن

### ڕووەکە زمسانەکان.



پەیکوڵ



تاڵیشکە ١



تاڵیشکە ٢



ترشکە



تویڵ تەقێنە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



جقجقە



دڕکە کەوە



دەرزیلە



زەنگڵەگیا، گیالەرزانە



شەوبۆ



گژاڵک - کاڵەکە مارانە



قەلاس



گونەبەرەن



گوێ بەرخیلە



گوێ کەروێشک



گیائاسکیلە



لوتەوانە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


مارينا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# Human resources of agricultural products in Kalar district

## توانستە مرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە قەزای کەلار

پ.د. جەزا توفیق تالیب
ز.سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

سنور علی محمود
ز. سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

This research entitled (Humanism capabilities of agricultural harvests in Kalar district).The target of this research is to indicate the mankind capabilities side by side with natural capabilities that play effective role in the development of the agricultural sector and agricultural harvests in Kalar district. Also indicating the ability of population's labor force , the number of farmers , technology development , transportation factors , and the irrigation quality of agricultural lands, Likewise, paying attention to the progress of this capacity for the present and future, to reach the target of the research, In the beginning the data collection has been done by the organizations and the formal sources, after that indicating the conclusions, as well as receiving the data and indicating them in diagram and map terms by Geographic Information System(GIS), finally, the research reached a group of conclusions though the number of the population between the village and the city in Kalar district is overbalanced which has influence on the quality of those products that will be implanted, along with bringing the light on several suggestions among them the attempt of creating a strategically plan for taking more concentration on the progress of this sector, besides, setting a limit against that growth of the city's population and the reduction of the villagers.

The key words: Agriculture, Population, Labor force.

# پێشەکی

جوگرافیای کشتوکاڵ لقێکی گرنگی جوگرافیایی ئابووریە، چونکە کشتوکاڵ بەیەکێك لەگرنگترین کەرتی بەرهەمهێنان وزیادبوونی داهاتی نەتەوەیی دادەنرێت، هەروەها بنچینەیەکی سەرەکییە کە بنچینەکانی تری ئابووری پشتی پێدەبەستن وەك پیشەسازیە خۆراکیەکان کە کەرەستەی خاو بۆ کەرتی پیشەسازی دابین دەکات، لەئەنجامدا ئەم هۆکارانە بۆ بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤ و داهاتی رۆژانەیانە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ دەرخستنی توانستە مرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە قەزای کەلار، بەو واتایەی شارەزایی مرۆڤ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاردەکاتە سەردانیشتوان و هێزی کار وهۆکارەکانی گواستنەوە وبازاڕو جۆری ئاودێری وخولی کشتوکاڵ وئامێری کشتوکاڵی وپەین وسیاسەتی حکومەت، بەمەبەستی دروستکردنی چەندین پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و پێشخستنیان لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی جوتیاران و گوندنشینانی ناوچەکە و پێشخستنی پێشنیارە ستراتیجیەکان لە پێناو پێشکەوتن و گرنگی دان بەم کەرتە.

گرنگی توێژینەوە:

شێوەیەکی ئەکادیمی باس لە توانستەمرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ دەکات، کەلە ڕێگەیەوە گەیشتوین بەچەندین دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەکی زانستی بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

گرنگیدان بە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و توانستە مرۆییەکان هۆکارێکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو لایەنی ئابووری.

ئامانجی توێژینەوەکە:

- دەرخستنی توانستە مرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵە لە قەزای کەلار.
- بەدەرخستنی توانی حکومەت وگرنگی پێدانیان بەدانیشتوان وجوتیاران وگوندنشینانی ناوچەکە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## کێشەی توێژینەوەکە:

گرفت وکێشەی لێکۆڵینەوەکە گرنگی نەدانی لایەنی پەیوەندی دارە بە گوند وگوندنیشینان بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان و کەمی گوندنیشینان کە کاری کردووەتە سەر کەمی دەستی کاری کشتوکاڵ لە ناوچەی لیکۆڵینەوە.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

- زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە قەزای کەلار هۆکارێکە بۆزیاتر خواست لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکان و گرنگی پێدانیان.
- پێشکەتنی تەکنەلۆجیاو ئامێرەکشتوکاڵیەکان هۆکارێکی ترە بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی لەناوچەکەدا.
- کەمتەرخەمی حکومەت ولایەنی پەیوەندیدار وای کردووە کەمتر دەستی کاری کشتوکاڵی هەبێت بەبەراوورد بەو ژمارەی زۆرەی دانیشتوان لە ناوچەکەدا.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

گومان لەوەدا نیە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدێك یاخود چەندمیتۆدێکی لێکۆڵینەوەیی هەیە، تاکوببێتە ڕەوتیکی زانستی بۆتەواوی هەنگاوەکانی ناولێکۆڵینەوەکە. لەگرنگترین میتۆدە بەکارهاتووەکانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بریتین لە:

- میتۆدی ئسولّی، بۆ دەرخستن و کاریگەری توانستە مرۆییەکانە کەکاردەکاتە سەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.
- میتۆدی دووەم میتۆدی تاقیکاری، کەبەچەند قۆناغێك جێ بەجێ دەکرێت، سەرەتا کۆکردنەوەی داتاو لەڕێگەی سەرچاوەی فەرمی دەرخستنی ئەنجامەکان بەشێوەی خشتەو شێوەی جۆراوجۆر، هەروەها وەرگرتنی داتای شوێنەکان دووبارە ڕێکخستنی داتاکان بە شێوەی نەخشە لەڕێگەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS).

## پلانی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و دووتەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم تایبەتکراوە بەناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، تەوەری دووەم توانستە مرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵە لەقەزای کەلار کەلە چەند بنەمایەك پێکهاتووە ( دانیشتوان وهێزی کار، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ڕێگاوبان وهۆکارەکانی گواستنەوە، سیاسەتی حکومی و کشتوکاڵ کردن، ئاودێری، بازار) وە دەرخستنی هەریەك لەم تەوەرانە لەپاشان بەچەند دەرئەنجام و پێشنیارێك کۆتایی پێهاتووە.


## تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

شوێن وپێگە بایەخی زۆری لەتوێژینەوە جوگرافیەکاندا هەیە، جوگرافیناسان هەوڵیانداوە جیاوازی لە نێوان هەریەکە لە شوێنی جوگرافی شار (الموقع الجغرافي) (Location) و پێگەکەیدا بکەن (الموضع) (Site)، مەبەست لە پێگە (Site) ئەو پارچە زەوییەیە کە شاری لەسەر دادەمەزرێت لەوێوە فراوان دەبێت و بەرەوپیش دەچێت، کە ڕووی زەوی بەرزونزمیەکانی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و چەندین خەسڵەتی تر دەگرێتەوە، گرنگی پێگە لەوەدایە، کە کاریگەریەکانی لەسەر بناغەی دروست بوونی شار و تۆڕەکانی هاتوچۆ دەردەکەوێت کە ئەوەش کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر جوڵەی مرۆڤ وشێوازی ژیان لە ناو شاردا، (الهيتي و حسن، ١٩٨٦، ص١٠)، بەڵام شوێن (Location) دیاریکردنی سەنتەری شار و پەیوەندی بە ناوچە یان هەرێمەکانی دەوروووبەری، کە گرنگی تایبەتی هەیە لە دیاریکردنی ڕۆڵی شار و ئەو ئاستەی کە لە ئاییندەدا پێدەگات. (حسين، ١٩٧٧ ص٣٦).

شوێنی جوگرافی بەگرنگترین دیاردە جوگرافیەکان دادەنرێت کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیستەمی ئابووریەوە هەیە (محمد،٢٠١١، ل٣٢). قەزای کەلار هەروەك لە نەخشەی (١) دەردەکەوێت لە ڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ( "٠ '٤٠ °٣٤ - "٠ '١٠ °٣٥)ی باکوور وهێڵی درێژی ("٠ '١٠ °٤٥ - "٠ '٣٠ °٤٥) ی ڕۆژهەڵات. قەزای کەلار لە ڕووی جوگرافیەوە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاوی، دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیدارەی گەرمیان، باشووری پارێزگای سلێمانی وهەرێمی کوردستانەوە، ڕووباری سیروان بەدرێژای (٦٩کم) سنوری ڕۆژهەڵات پێك دەهێنێت (کەریم، ٢٠١٣، ل٣٧).

هەروەک لەنەخشەی (٢) دەردەکەوێت، ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە سەرهێڵی گوستنەوەی پارێزگاکانی (سلێمانی-دیالە- بەغداد) هاوکات لەڕێگەی هێڵی کفریەوە دەبەسترێتەوە بە پارێزگای کەرکوکەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە (٣٥کم) لەخاڵی سنووری پەروێز خانەوە دوورە، کە لە ڕێگەیەوە قەزای کەلار بە شاری (قەسری شرین) لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەبەسترێتەوە. لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە کە نزیکترین دووری هەیە لەگەڵ شاری بەغداد و بەشەکانی تری ناوەڕاستی عێراقدا. بەهۆی شوێنی جوگرافیاکەیەوە قەزای کەلار بوەتە یەکێک لە قەزا گرنگ و ستراتیجیەکان، کە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، هەروەها شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە رۆڵی گرنگی لە قەبارە و ڕووبەری شارەکە هەیە لە ڕووی خێرا فراوان بوون وگەشەسەندنەوە وچالاکیە ئابووریەکانیەوە، (عەلی،٢٠١٨، ل٥٥). بەهۆی کۆچکردنی ناوچەکانی دەوروبەری قەزای کەلار جا بەهەر هۆکارێك بێت بۆ ناوەوەی قەزاکە بووەتە هۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی خواست لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکان.

نەخشەی ژمارە (١) شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای کەلار





سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map ١٠,٨,١).





ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەخشەی ژمارە(٢) شوێنی قەزای کەلار بەگوێرەی ئیدارەی گەرمیان وهەرێمی کوردستان و عێراق




کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

١ -هاشم صالح محمد ئەمین ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق جیهان، چاپی یەکەم، کۆمپانیای تێنووس، هەولێر،٢٠٠٩، ل٣٩.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی Gis، ٢٠١٢.

٣- بەرنامەی.١٠,٨,١ Arc Map.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## تەوەری دووەم: توانستە مرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ لەقەزای کەلار

### ١- ژمارەی دانیشتوان و هێزی کار:

دانیشتوان یەکێکە لەگرنگترین توانستە مرۆییەکانە بۆگەشەکردن و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ وبەروبوومە کشتوکاڵیەکان بەزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان هێزی کارزیاددەکات بەپێچەوانەشەوە بە کەمبوونەوەی دانیشتوان هێزی کار کەمدەبێتەوە، دانیشتوان ڕۆڵی گرنگی هەیەلەچالاکی ئابووریدا، (سعید،٢٠١٦،ص١٢٥)، هێزی کاری کشتوکاڵ بەشێکی هێزی کارکەرن لەوڵات لەکەرتی کشتوکاڵی کاردەکەن، مەبەست لە دەستی کاری کشتوکاڵی جوتیارو ئەوکەسانەن کەپیشەوکاریان وبژێوی ژیانیان لەسەرکشتوکاڵ وزەوی ناوچە کشتوکاڵیەکانە، (براخاس، ٢٠١٠، ص٧٧)، کەواتە دانیشتوان بەسەرچاوەیەکی گرنگی هێزی کار دادەنرێت بۆکشتوکاڵ، لەخشتەی ژمارە (١) دەردەکەوێت، ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەنێوان ئەو چەند ساڵەدا جیاوازییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە:-

١-ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەلار بەگشتی لەساڵی (١٩٥٧) کەم بووە، بە جۆرێك ناوەندی ناحیەی شێروانە کە ناوەندی قەزای ئێستا و ناحیەی ڕزگاری دەگرێتەوە ژمارەیان (٢٣٣٧١) کەس بووە، ناحیەی پێباز ئەوکات لەگەڵ ناحیەی شێخ تەویلدا بووە جیانەبووەتەوە وە ژمارەی شارنشین گەیشتۆتە (٢٣٨٦)کەس، واتەبەڕێژەی (١٠,٢%)، ژمارەی گوندنشین (٢٠٩٨٥)کەس بووە واتە بەڕێژەی (٨٩,٨%)، لەشێوەی ژمارە (١) دەبینرێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە گوندەکاندا ژیاون ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە دانیشتوانەکەی خەریکی کاری کشتوکاڵکردن وئاژەڵداری بوونە وبژێوی ژیانیان لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان بووە لە ناوچەکەدا.

خشتەی ژمارە (١) دابەشبوونی دانیشتوانی قەزای کەلار لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ژ. دانیشتوان | گەشەی دانیشتوان | ژ.شارنشین | % | ژ.گوندنشین | % | گەشەی شارنشین% | گەشەی گوندنشین% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٢٣٣٧١ | - | ٢٣٨٦ | ١٠,٢ | ٢٠٩٨٥ | ٨٩,٨ | - | - |
| ١٩٨٧ | ٨٩١١١ | % ٤,٦ | ٦٦١٢٦ | ٧٤,٢ | ٢٢٩٨٥ | ٢٥,٨ | ١١,٧ | ٠,٣ |
| ٢٠٢٠ | ٢٢٨٦٤٤ | % ٣,٧١ | ٢١٥١٩٧ | ٩٤,١ | ١٣٤٤٦ | ٥,٩ | ٣,٦ | -١,٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەی بە پشت بەستن بە :

١- وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام (١٩٥٧)، لوائي السليمانية وكركوك، مطبعة العاني، بغداد، ص١٦٠.


٢- وزارة تخطيط، الجهاز المركز للأحصاء، هيئه للتعداد العام ودراسات السكانيه، نتائج ترقيم المباني حصر السكان للمحافظة السليمانية، لسنة (١٩٨٧)، ص١٢-١٤.

٣-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار، داتایی بڵاونەکراوە، (٢٠٢٠).

٢- هەروەها لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەگشتی گەیشتۆتە (٨٩١١١) کەس، ژمارەی شارنشین (٦٦١٢١) کەس، واتە بەڕێژەیی (٧٤,٢%)، وە ژمارەی گوندنشین گەیشتۆتە (٢٢٩٨٥) کەس، واتە بەڕێژەیی (٢٥,٨%)، هەروەها گەشەی دانیشتوانی شارنشین لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) بەڕێژەی (١١,٧%) بووە، بەڵام گەشەی گوندنشین لەهەمان ساڵدا گەیشتۆتە (٠,٣%)، ئەم ژمارەیە بەگشتی زیادی کردووە بەتایبەتی دانیشتوانی شارنشین بەپێچەوانەوە گوندنشین کەمی کردووە وەك لەسەرژمێری پێشوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆڕاگواستنی گوندنشینان بۆ ناوەندی شارەکان.

٣- لەسەرژمێری ساڵی (٢٠٢٠) ژمارەی دانیشتوان بەگشتی بەرزبووەتەوە بۆ(٢٢٨٦٤٤) کەس، کە شارنشین (٢١٥١٩٧) کەس بووە واتە بەڕێژەیی (٩٤,١%)، گوندنشین (١٣٤٤٦) کەس بووە، واتە بەڕێژەیی (٥,٩%)، گەشەی دانیشتوانی شارنشین لەنێوان ساڵانی (٢٠٢٠-١٩٨٧) گەیشتۆتە (٣,٦%)، گەشەی گوندنشین لە هەمان ساڵدا گەیشتۆتە (-١,٦%) واتە کەمی کردووە.

شێوەی (١) ژمارەی گوندنشین و شارنشین لە قەزای کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠)




کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (١).

سەبارەت بە گەشەی دانیشتوان لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) ئەم ڕێژەیە گەیشتۆتە (٤,٦%) کەس، هەروەها گەشەی دانیشتوانی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٣,٧١%) کەس. هەروەها ژمارەیەکی زۆری گوندنشینان کۆچیان کردووە بو ناوچە شارنشینەکان یاخود بۆ ناوەندی قەزاکە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆهۆکاری سیاسی وخراپی باری ئابووری گوندنشینان لە ئەنجامدا بووەتە هۆکارێك بۆئەوەی ڕوو لە مەڵبەندی شارەکان بکەن، چونکە سەنتەری قەزاو سەنتەری ناحیەکانی ناوچەی لیکۆڵینەوە پشکی شێریان بەرکەوتووە لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بە پێچەوانەی گوندەکانەوە، ئەمەش بووەتە هۆکار بۆکەمی دەستی کاری کشتوکاڵکردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

هەروەها ژمارەی دانیشتوانی جیاوازی هەیە لەگەڵ چڕی گوندنشین وچڕی کشتوکاڵکردن لەنێوان یەکەکارگێڕیەکان لەساڵی (٢٠١٢و٢٠٢٠)، بڕوانەخشتەی ژمارە (٢)، ژمارەی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی (٢٠١٢)ە، (٢٠٢) گوندبووە، ژمارەی گوندنشینان (١٠٦١٥) گوندنشین بووە، ڕووبەری شیاوی کشتوکاڵ لەساڵانی (٢٠١٢و٢٠٢٠) لەناوچەکەدا (٢١١٩٢٤)دۆنمە، هەروەها چڕی گوندنشین لەوساڵانەدا (٦٠,٤)ە، لەم خشتەیەدا ئەو ڕاستیە دەبینین کە جیاوازی زۆرلەنێوان دەستی کاری کشتوکاڵی (ژمارەی جوتیار) و چڕی کشتوکاڵ هەیە بەتایبەتی لەساڵی (٢٠١٢) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆگرنگیدانی حکومەت ولایەنی پەیوەندی داربۆخزمەتی کەرتی کشتوکاڵ لەناوچەکەدا.

لەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت:

١- ژمارەی گوندنشینان سەربەناوەندی قەزا لەساڵی (٢٠١٢)ە (٤١٨٢)کەسە بووە، بەڵام ئەم ژمارەیە زیادی کردووە لەساڵی (٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٥٢٩٧) کەس، هەروەها ژمارەی جوتیاران لەناوەندی قەزا لەساڵی (٢٠١٢) (٤٦٠) جوتیاربووە بەجیاوازی لەگەڵ ساڵی (٢٠٢٠) ئەم ژمارەیە کەمیکردووە بۆ(٤١٠)جوتیار لەهەمان کاتیشدا ڕووبەری چێنراوله (٣٧٠٠٠)دۆنم کەمی کردووە بۆ (٣٥٤٩٠) دۆنم، هەروەها چڕی کشتوکاڵ لەساڵی (٢٠١٢) گەیشتۆتە (٤,٩٧)، لەساڵی (٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٤,٦) بۆ هەر جوتیارێك.

٢- هەروەها ناحیەی ڕزگاری ژمارەی گوندنیشینانی لەساڵی (٢٠١٢) (٢٣٣١) گوندنشین بووە، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) ئەم ڕێژەیە زیادی کردووە بووەتە (٢٩٥٣)کەس، بەپێچەوانەی ئەم زیادبوونە ڕووبەری زەوی چێنراو کەمی کردووە بەجۆرێك لەساڵی (٢٠١٢) (٣١٠٠٠)دۆنمە، ئەم ڕووبەرەکەمی کردووە بۆ(٢٨٥٥٠) دۆنم هەروەها چڕی کشتوکاڵی لەساڵی (٢٠١٢) گەیشتۆتە (٥,٤)کم[٢]، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) کەمی کردووە گەیشتۆتە (٤,٤)کم[٢].

٣- لەناحیەی پێبازوشێخ تەویل ژمارەی گوندنشینان لەساڵی (٢٠١٢) (٤١٠٢)کەس ئەم ژمارەیە زیادی کردووە بەهەمان شێوەی ناحیەکانی دیکەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆساڵی (٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٥١٩٧) گوندنشین، ڕووبەری چێنراوی کشتوکاڵ لەساڵی (٢٠١٢) (٤٥٠٠٠)دۆنم، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٤١٠١٠)دۆنم، هەروەها چڕی کشتوکاڵ لە (٢٠١٢) (٥,٩٥) بەڵام لە (٢٠٢٠) گەیشتۆتە (٥,١) بۆ هەرجوتیارێك.

## ٢- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا:

تەکنەلۆژییا هەموو ئەوئامێرو ئامرازوکەلوپەل وشارەزایی جوتیاران دەگرێتەوە، واتە هەمووئەوشێوازە نوێیانە دەگرێتەخۆ کەلەکشتوکاڵ کردندا بەکاردەهێنرێت وکاری جوتیاران ئاسان دەکات وماندووبونیان کەمتر دەکاتەوە.

تەکنەلۆژیا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لەگەشەی کشتوکاڵیدا کاردەکاتە سەرهۆکارەکانی بەرهەمهێنان، بەڵام لەسەردەمی ئێستا پێشکەوتنی تەکنیکی یەکێکە لەتوخمە بنەڕەتی وگرنگەکان لەبواری خێراکردنی گەشەی ئابووریدا، بۆیە بریتییە لە ئاشکراکردنی هاوبەشی پرۆسەکانی گەشەپێدانی ئابووری بەشێوەیەکی سەرەکی وگەشەسەندنی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی تایبەت، چونکە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری دەکات لەئامانجی پەرەپێدان

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

خشتەی ژمارە(٢) چڕی گوندنشین وچڕی کشتوکاڵ لەیەکەکارگێڕیەکانی قەزای کەلارلە ساڵانی(٢٠١٢-٢٠٢٠)

| یەکەکارگێڕیەکان | ژ. گوند | ژ. گوندنشین | ڕووبەری شیاو | | چڕی گوندنشین | ژ. جوتیاران | ڕووبەری چێنراو | | چڕی کشتوکاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دۆنم | کم٢ | | | دۆنم | کم٢ | |
| ٢٠١٢ | | | | | | | | | |
| ناوەند | ٢٥ | ٤١٨٢ | ٧٦٠٩٨ | ١٩٠,٢ | ٢١,٩ | ٤٦٠ | ٣٧٠٠٠ | ٩٢,٥ | ٤,٩٧ |
| ڕزگاری | ٧٢ | ٢٣٣١ | ٧١٨٢٦ | ١٧٩,٥ | ١٢,٩ | ٤٢٥ | ٣١٠٠٠ | ٧٧,٥ | ٥,٤ |
| پێباز+ شێخ تەویل | ١٠٥ | ٤١٠٢ | ٦٤٠٠٠ | ١٦٠ | ٢٥,٦ | ٦٧٠ | ٤٥٠٠٠ | ١١٢,٥ | ٥,٩٥ |
| قەزا | ٢٠٢ | ١٠٦١٥ | ٢١١٩٢٤ | ٥٢٩,٧ | ٦٠,٤ | ١٥٥٥ | ١١٣٠٠٠ | ٢٨٢,٥ | ١٦,٣٢ |
| ٢٠٢٠ | | | | | | | | | |
| ناوەند | ٢٥ | ٥٢٩٧ | ٧٦٠٩٨ | ١٩٠,٢ | ٢١,٩ | ٤١٠ | ٣٥٤٩٠ | ٨٨,٧ | ٤,٦ |
| ڕزگاری | ٧٢ | ٢٩٥٣ | ٧١٨٢٦ | ١٧٩,٥ | ١٢,٩ | ٣٢٠ | ٢٨٥٥٠ | ٧١,٤ | ٤,٤ |
| پێباز+ شێخ تەویل | ١٠٥ | ٥١٩٧ | ٦٤٠٠٠ | ١٦٠ | ٢٥,٦ | ٥٢٠ | ٤١٠١٠ | ١٠٢,٥ | ٥,١ |
| قەزا | ٢٠٢ | ١٣٤٤٧ | ٢١١٩٢٤ | ٥٢٩,٧ | ٦٠,٤ | ١٢٥٠ | ١٠٥٠٥٠ | ٢٦٢,٦٣ | ١٤,١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی کشتوکاڵی ڕزگاری، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی کشتوکاڵی پێباز، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

* چڕی گوندنشین= ژمارەی گوندنشین ÷ زەوی شیاو(کم$^2$).

* چڕی کشتوکاڵ= ژمارەی جوتیار ÷ ڕووبەری چێنراو(کم$^2$).

* بۆدەرهێنانی چڕی گوندنشین وچڕی کشتوکاڵ هەستاوین بەگۆڕینی زەوی لەدۆنمی عێراقی بۆ کم$^2$ کەوا (١کم$^2$) = بە (٤٠٠دۆنم).

وکەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان، جگەلە کەمکردنەوەی کات، (الحرداني،٢٠١١، ص٦٩).

ناوچەی توێژینەوە وەك ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەدەرنەبووە لەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا کەرۆڵی گرنگی بینیوە بۆخزمەتی جوتیاران وکارئاسانیان لەهەمان کاتدا یارمەتیدەر بووە بۆ باشترکردنی ڕووبەری زەوی چێنراوی بەرووبومە کشتوکاڵیەکان، لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین ئەو پێشکەوتنانە دراوە:

**٢-١- پەین کردن:** پەین یەکێکە لەپرۆسە سەرەکییەکانی پاراستنی بەپیتی خاك وئاماژە بەئامرازێکی کاریگەر دەکات بۆبەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کەلەبواری جێبەجێکردندایە، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی بەروبومە جۆربەجۆرەکان لەڕووی چەندایەتی وکوالێتییەوە، (مصطفى،٢٠١٢، ص١١٠)، توانستی بەرهەمهێنان بە پێی جۆری خاکی ناوچەکە دەگۆڕێت، کەواتە خاك لەڕووی دابینکردنی پێداویستە خۆراکیەکانی وەك ویەك نین، لەبەرئەوەی ئەو خاکانەی کەوا توانستیان لاوازە بۆبەرهەمهێنانی بەرووبومە کشتوکاڵیەکان جوتیاران پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی پەین جا جۆری پەینەکە کیمیای بێت یان ئەندامی، لەگەڵ ئەوەشدا پەین کردن هۆکاری زیادکردنی بەپیتی خاکە بەمەرجێك بەشێوازێکی زانستیانە بەکاربهێنرێت، (عبدالرحمن، ٢٠١٩، لا٦٣)، لێکۆڵینەوەکان ئاماژەبەوەدەکەن کە بەکارهێنانی پەینی کیمیایی بەڕێژەی (٤٥%) هەروەها هەر دۆنمێك زەوی لەگەنم پێویستی بە (٣٣ کگم) پەینی (N.P.D)، (٢٠-٣٣ کگم) پەینی یۆریا هەیە بڕوانە خشتەی ژمارە (٣)، سەبارەت بە پەین کردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی بارودۆخی دارایی و سیاسی حکومەت و ناوچەکە لەدوای ساڵی (٢٠١٤)، هیچ بڕە پەینێك دابەشنەکراوە بەسەر جوتیارانی قەزاکەدا، بەدەرلەوەی جوتیارەکان خۆیان لەبازاری ناوخۆیدا دەیکڕن و بەکاری دەهێنن بۆ زەویەکانیان لە پێناو باشترکردنی بەرهەم و زیادبوونی و زوو پێگەیشتنی بەروبومەکانیان بەتایبەتی بەروبومی دانەوێڵە (گەنم وجۆ)، (شەریف، ٢٠٢٢)،

خشتەی ژمارە (٣) پێویستی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بە پەینی کیمیاوی (کگم/دۆنم).

| بەرهەم | N.P.K | D.A.P | یۆریا | پەینی ئاژەڵی | پەینی پەلەوەر |
|---|---|---|---|---|---|
| گەنم | ٣٣ | ٢٠-٥٥ | ٢٠-٣٣ | - | - |

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



| جۆ | ٢٠ | ٢٠-٤٠ | ٢٠-٥١ | - | - |
|---|---|---|---|---|---|
| سەوزەواتی هاوینە | ٢٠-١٦٥ | ٢٢-١٠٠ | ٢٢-٤٥ | ٦٠٠-١٠٠٠ | ٤٠٠-٥٠٠ |
| سەوزەواتی زستانە | ٤٥-٧٥ | ٧٥ | ٤٥ | ٦٠٠-١٠٠٠ | ٣٠٠-٤٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : ١- چیمەن عمر عبدالرحمن، جیاوازی شوێنی بەکارهێنانی زەوی لەناحیەی قوشتەپە، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٢١، ل٦٤.
٢- ئەڤین علی رحمان، نواندنی کارتۆگرافی گۆڕانکاری بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە قەزای سۆران لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٢)، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئاداب، ٢٠١٥، ل٣٣.




جوتیاران بۆ بەروبوومەکانیان بەتایبەتی بەروبوومی سەوزەوات پشت بەپەینی ئەندامی دەبەستن کە شێوازیکی زۆرباشی پەینەو دەبێتە هۆی زۆربوون و زووپێگەیشتنی بەروومەکانیان ولەهەمان کاتیشدا کوالێتیەکی باشیشی هەیە بەزۆری ئەم جۆرە پەینە لەپاشماوەی ئاژەڵ سودوەردەگرن (علی، ٢٠٢٢).

بەڵام ئەوجۆرە پەینەکیمیاویە لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی (٢٠١٣) دابەشکراوە لەدوای ئەو ساڵە هیچ جۆرە پەینیك دابەش نەکراوە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٤)، خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی بڕی پێویستی پەین و بڕی بەرهەم و پێویستی بەروبوومی چێنراو بەپەین جیاوازە ئەوجۆری پەینانەش کە دابەشکراوە لەلایەن حکومەتەوە بەشی هەمووگوندەکانی ناوچەکە ناکات وبڕێکی کەمی پێداویستی جوتیاران پڕدەکاتەوە ئەوەی دەمێنێتەوە جوتیاران خۆیان دەیکرن، (حسین، ٢٠٢٢)، هەروەها ئەوجۆرە پەینەی لەساڵی (٢٠١٣) دابەشکراوە لە قەزاکەدا لەجۆری (پەینی یۆریا، پەینیD.A.P) بڕی (٣٠٠)تەن، لەپەینی یۆریا دابەشکراوە بەسەر(٣٦)گوند و(٨٨٢) جوتیار لەناوچەکەدا، هەروەها بڕی (١٢٧,٢٠٠) تەن لەجۆری پەینی (D.A.P)، دابەشکراوە بەسەر (٥٤)گوند و(٥٥٩) جوتیاری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی ژمارە (٤) بڕی پەینی کیمیایی دابەشکراو لە قەزای کەلارلە ساڵی (٢٠١٣).

| دابەشکراوو سودمەند | پەینی یۆریا | پەینی(D.A.P) |
|---|---|---|
| دابەشکراو/ تەن | ٣٠٠ | ١٢٧,٢٠٠ |
| جوتیار (سودمەند) | ٨٨٢ | ٥٥٩ |
| گوند (سودمەند) | ٣٦ | ٥٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی خزمەتگوزاری، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣.

## ٢-٢- ئامێرە کشتوکاڵیەکان:

مەبەست لەئامێرە کشتوکاڵیەکان هەموو ئەوئامێرە کشتوکاڵیانە دەگرێتەوە کە لەبواری کشتوکاڵکردن بەکاردەهێنرێت وەك (تراکتۆر، دەڕاسە، ئامرازەکانی ئاودێری کردن....)، بەکارهێنانی ئامێریش چەندین تایبەتمەندی هەیە وەك، کەمکردنەوەی کات وئەوهەوڵانەی کەجوتیاران دەیدەن بەمەبەستی کرداری کشتوکاڵکردن بۆبەدەستهێنانی بەرهەم، سەرەڕای ئەوەی دەبێتەهۆی کەمبونەوەی تێچوون وخێرایی لەئەنجامدانی پرۆسە کشتوکاڵیەکان گەر ئامێری کێڵانی میکانیکی لە کێڵگەکان بەکاربهێنرێت ئەوا بڕی بەرهەم لەیەك دۆنم بەڕێژەی (٣٠-٥٥%) بەرزدەبێتەوە، بەمەرجێك هۆکارەکانی دیکەی بەرهەمهێنانی گونجاو بێت لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی کاریگەر دەبێت بەچەندین هۆکار لەوانە (لێژی ڕووی زەوی، ڕێگای گواستنەوە، چەندیەتی ڕووبەری کشتوکاڵیەکان)،(عوسمان،٢٠١٣،لا٧٨).
دەتوانین بڵێین ئامێرەکشتوکاڵیەکان بەردی بناغەی پەرەپێدانی کشتوکاڵ وبەدەستهێنانی ڕێژەی گەشەکردنەبۆسەرچاوە کشتوکاڵیەکان(خضیر،٢٠١٧، ص٩٣)، لەخشتەی ژمارە (٥) وشێوەی ژمارە(٢) دەردەکەوێت، ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی (٢٠٢٠) ژمارەیەکی بەرچاوی تراکتۆرو دەڕاسە (ئامێری دروێنە) تیادایە، کە بەشێوەیەکی یەکسان دابەشنەبووە، لەناوەندی قەزا (٣٣١) تراکتۆرو (٥٤) دەڕاسەی تێدایە، ناحیەی ڕزگاری (٩٦) تراکتۆر و (١٠) دەڕاسەی تێدایە کەدانیشتوانی ناوچەکە بەکاری دەهێنن لەوەرزی دروێنەکردندا، هەروەها لە ناحیەی پێباز (١١٧) تراکتۆرو (١٠) دەڕاسەی تێدایە، لەناحیەی شێخ تەویل (٩٢) تراکتۆرو(٢)


دەڕاسەی تێدایە، واتەکۆی ژمارەی تراکتۆر لەسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە (٦٣٦) تراکتۆر و(٧٦) دەڕاسەیە، هەروەها تراکتۆرەکان بەو ڕادەیە بەهێزنین بەڵکو زۆرێك لەتراکتۆرەکان مۆدێلیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، ئەمە سەرەڕای بەرزی نرخی سوتەمەنی کەکاریگەری هەیە لەسەر نرخی کێڵان(صالح، ٢٠٢٢).

خشتەی ژمارە (٥) ژمارەی وڕێژەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لە قەزای کەلار لە ساڵی (٢٠٢٠)

| یەکەکارگێڕیەکان | ژمارەی تراکتۆر | % | ژمارەی دەڕاسە (دروێنە) | % |
|---|---|---|---|---|
| ناوەند | ٣٣١ | ٥٢ | ٥٤ | ٧١ |
| ڕزگاری | ٩٦ | ١٥,١ | ١٠ | ١٣,٢ |
| پێباز | ١١٧ | ١٨,٤ | ١٠ | ١٣,٢ |
| شێخ تەویل | ٩٢ | ١٤,٥ | ٢ | ٢,٦ |
| قەزا | ٦٣٦ | ١٠٠ | ٧٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، هۆبەی ئامێرەکشتوکاڵیەکان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

شێوەی ژمارە (٢) ڕێژەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لە قەزای کەلار لەساڵی (٢٠٢٠).




کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٥)

## ٢-٣- بەكارهێنانی دەرمانی قەڵاچۆكردنی مێروو نەخۆشییە كشتوكاڵییەكان:

مەبەست لەنەخۆشی كشتوكاڵی بریتییە لەهەرلادانێك لەباری سروشتی یاخود گۆڕانكاریەكی زیانبەخش لەڕووكاری دەرەكی یان لەفەرمانەكانی ڕووەك لەدۆخی سروشتی ڕووەك هاوشێوەی خۆی جیاوازبێت، دەبێتەهۆی لاوازی گەشەكردن وبەرهەمی گەڵاوبەروبوومەكەی، ئەمەش مەترسی گەورە لەسەربڕوجۆری بەرهەمەكەی دروست دەكات(محمد،٢٠١١، ل١٢٣)، هەروەهاهەندێك لەونەخۆشیە كشتوكاڵیانە كاریگەریان هەیە لەسەر بڕی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ دەبنە هۆی زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنان بۆیە پێویستە ئەو ناوچانەی كەبەروبوومی كشتوكاڵیان تیادا چێنراوە توشی دەردە كشتوكاڵیەكان هاتوون دەرمانی قەڵاچۆكردنیان بۆبەكاربهێنرێت(الراهری،١٩٦٩،ص١٢٦). پشت گوێخستنی زۆرێك لەدەرمان ونەخۆشیە كشتوكاڵیەكان زیان بەكشتوكاڵ وپەرەپێدانی بەروبوومە كشتوكاڵیەكان دەگەیەنێت، دەبێتە هۆی لەدەستدانی زیاتر لە (٣٠%) بەرهەمەكەی (العبیدی،٢٠١٣، ص١٩٠). ناوچەی لێكۆڵینەوە بەدەرنیە لە نەخۆشیەكشتوكاڵیەكان، بەپێی جۆری بەروبوومەكان نەخۆشیەكانیش دەگۆڕێن لەگرنگترین ئەو نەخۆشیانەی دووچاری بەروبوومی ناوچەكە دەبێتەوە بریتین لە(كیسەڵە، ژەنگ، كەڕووی قەد سمەی گەنم وجۆ، مێرووی هالوك)، هەروەها ئەو مێروو كرمانەی توشی میوە و سەوزە دەبن زیان دەگەیەنێتە بەرهەمەكانیان (مجید، ٢٠٢٢). لە خشەی ژمارە (٦) دەبینرێت لەساڵی (٢٠٢٠) حكومەت دووجۆر دەرمانی دابەشكردووە بەسەر جوتیارانی ناوچەكە، جۆری دەرمانی (فلاش) كە سودی هەیە بۆ لەناوبردنی ئەومێرووە زیان بەخشانەی توشی بەروبوومەكان هاتوون، بڕی دەرمانەكەش (٣٨٥)لتر، هەروەها دەرمانی (ماتریكس بلەس) بڕی (١٩٢،٢٥٠)لتر بەهەمان شێوەی دەرمانی فلاش سودی هەیە بۆ لەناوبردنی مێروو كەتوشی داری میوەو گەڵای ڕووەكەكان دەبێت، بەڵام دابەشكردنی دەرمان لەلایەن حكومەتەوە بەپێی پێویست نیە، بەهۆی گرانی نرخیان لەبازاردا جوتیارەكان توانای كڕینیان نیە.

خشتەی ژمارە (٦) بڕو جۆرو نرخی دەرمانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لە قەزای کەلار لەساڵی (٢٠٢٠).

| جۆری دەرمان | بڕی دەرمان/ لتر | نرخ لای حکومەت | نرخ لەبازاڕی ئازاد |
|---|---|---|---|
| فلاش | ٣٨٥ | ٤٠٠٠ | ١٧٠٠٠ |
| ماتریکس بلەس | ١٩٢,٢٥٠ | ٦٠٠٠ | ٢٤٠٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەحکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، بەشی پاراستنی ڕووەك، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

هەروەهائەوجۆرە دەرمانانەی لەبازاڕداهەیە لەخشتەی (٧) دەبینرێت، جوتیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەکاریدەهێنن بۆ بەروبوومەکانیان بریتین لەم جۆرانەی لای خوارەوە:

خشتەی ژمارە (٧) بڕوجۆرونرخی دەرمانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لە قەزای کەلار.

| جۆری دەرمان | بڕی دەرمان/ لتر | نرخ لە بازاڕی ئازاد | جۆری بەروبووم |
|---|---|---|---|
| کلۆرینا فوپ پروپاژڵ | ٤٠٠ | ١٥٠٠٠ | گەنم |
| گرانستار | ٤٠٠ | ٦٠٠٠ | گەنم |
| گلاینۆسین | ٦٠ | ٧٠٠٠ | باخ |
| هالوکس | ١٢٠ | ١٠٠٠٠ | سەوزەوات |
| پاراگوان | ٨٠ | ٨٠٠٠ | باخ |

سەرچاوە: چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کامیار یحیا محمد سعید، ئەندازیاری کشتوکاڵ، لە بەرواری (١٥-٣-٢٠٢٢).

## ٢-٤-خانووی پلاستیکی:

خانووی پلاستیکی یەکێکە لەهۆکارە مرۆییە گرنگەکان، ئەم خانوانە بەشێوەیەکی تایبەت دروست دەکرێن، بەگشتی بریتیە لەهەیکەلێکی دروستکراو لەداریان ئەلەمەنیوم، ئەم هەیکەلە دادەپۆشرێت بە پلاستیك یان ماددەیەکی تر بەپێی جۆرو بڕی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان (عبدالرحمن، ٢٠١٩، لا٦٨)، مەبەست لەدروستکردنی ئەم خانووە پلاستیکانە بۆپاراستن وکۆنترۆڵکردنی کەشوهەوایە لەڕووی گەرمی وساردی بەپێی پێویستی ڕووەکەکە، خودی ئەم خانوانە توانای ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیەیان نیە کەبۆ پێگەیشتنی بەروبومەکان پێویستە، ئەگەرئەو ئامێروئامرازە کشتوکاڵیانە نەبێت کە لەساركردن

وگەرمکردنی ناوەوەی خانوەکان بەکاردێت لە پێناو بەدەست هێنانی بەروبوومێکی شیاو ئەوا ئەم خانوانە توانای ئەوەیان نیە بەتەنها ڕوەکەکان بپارێزن (الزيادي وجابر، ٢٠١٣، ص١٣٢).

لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا ژمارەیەك خانووی پلاستیکی هەیە بەروبوومی زستانەوهاوینە تیادا دەچێنرێت، بەڵام ئەم خانوانە تەنهامولْکی جوتیاران وخەلْکی ناوچەکەن بەئەرك وماندوبوونی خۆیان ولەسەر بودجەی خۆیان دروستیان کردوە، ئەم خانووە پلاستیکیانە پێویستی بەچاودێری وردی جوتیارهەیە بۆ پاراستنی بەروبوومەکانی لەقڕکەرە کشتوکاڵیەکان، چونکە هەرخانوویەك لەوخانووانە بەیەکەیەکی کشتوکاڵی سەربەخۆ ئەژماردەکرێت پێویستە جوتیار بیپارێزێت لەنەخۆشیە کشتوکاڵیەکان (علي،٢٠٢٢). لەخشتەی ژمارە(٨)دەبینرێت کەچەند جۆربەربووم لەم خانووانە دەچێنرێت کەبریتین لە (خەیار، تەماتە، باینجان، پیاز، لۆبیا، کاهو، سەوزە).

خشتەی ژمارە (٨)ژمارەی خانووی پلاستیکی وبڕو جۆری بەرهەمی چێنراو لە قەزای کەلار(*) لەساڵی (٢٠٢٠).

| ژمارەی خانوو | | جۆرو بڕو ڕووبەری بەروبوومەکان/ تەن | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چێنراو | نەچێنراو | ڕووبەر/ م٢ | ڕووبەری گشتی/م٢ | خەیار | تەماتە | باینجان | لۆبیا | کاهو | پیاز | سەوزە |
| ١٨٠ | ٢٩ | ٤٦٣,٥ | ٩٦٨٧١,٥ | ٨٢٦,٣٥٠ | ٤٤ | ٢١,٧ | ٨ | ١ | ٤ | ١١٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی سەوزەوات و خانووی پلاستیکی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

(*) بەپێی ئەو داتایانەی دەستمان کەوتووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، لەناحیەکانی ڕزگاری وشێخ تەویل بەهیچ شێوازێك خانووی پلاستیکی تیادا نیە، واتە داتاکانی خشتەکە لەسەر سەنتەری قەزاو ناحیەی پێبازە بەتەنها.

ژمارەی خانووە پلاستیکیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٠٩) خانووە، لەکۆی ئەو ژمارەیە تەنها (٢٩) خانووی بەروبوومی تیا نەچێنراوە، ڕووبەری هەریەکێك لەوخانووانە (٤٦٣,٥)م٢، ڕووبەری گشتی خانووەکان (٩٦٨٧١,٥)م٢، زۆرترینیان بەمەبەستی چاندنی (خەیار) بەکاردێت لەساڵی (٢٠٢٠) بەرهەمی خەیار (٨٢٦,٣٥٠) تەن بووە، بەڵام بەرهەمی تەماتە

(٤٤)تەن، بەرهەمی باینجان (٢١,٧)تەن، بەرهەمی لۆبیا (٨) تەن، بەرهەمی کاهو (١)، بەرهەمی پیاز (٤)تەن، بڕی بەرهەمی سەوزەواتی بەرهەم هاتوو(١١٥)تەن، هەروەك ئاماژەمان پێدا ئەم خانووانە موڵکی جوتیارانی ناوچەکەن حکومەت هیچ هاوکاریەکی نەکردون.

## ٢-٣- ڕێگاوبان وهۆکارەکانی گواستنەوە:

ڕێگاکانی گواستنەوە بەجۆرە جیاوازەکانی یەکێکە لە هۆکارە مرۆیە گرنگەکانی کشتوکاڵ و چالاکیە کشتوکاڵیەکان لەهەرناوچەیەکدابێت کەلە کۆنەوە بەشداری کردووە ودەوری گرنگی بینیوە لەپەرەپێدانی کشتوکاڵ وبەرەوپێشبردنی (زملاؤة، ٢٠١١، ص١٠٨).

سەبارەت بە ڕێگاوبانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك لەخشتەی ژمارە (٩) ونەخشەی ژمارە (٣)دەبینرێت، قەزای کەلار چەند ڕێگایەکی سەرەکی گرنگی تیادایە، ڕۆڵی گرنگی بینیوە بۆجوتیاران لەگواستنەوەی شمەك و بەروبوومە کشتوکاڵیەکان هەروەها قیرتاوی ڕێگاوبانەکان ئاسانکاری کردوە بۆگەیشتنی بەروبوومەکان لە ناوچەی بەرهەمهێنانەوە بۆناوچەی بەکارهێنان، کۆی ڕێگای قیرتاو لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (١١١,٩)کم، هەروەها کۆی ڕێگای خۆڵ لەناوچەکەدا دەگاتە (٤٢٨,٢)کم، هەروەها درێژی ڕێگای ناوەندی قەزا واتە ڕێگای قیرتاو وخۆڵە (١٠١,٨)کم دەبێت، بەهەمان شێوە کۆی درێژی ڕێگای ناحیەی ڕزگاری (١٩٣,٦)کم دەبێت، هەروەها کۆی درێژی ڕێگای ناحیەی پێباز دەگاتە (٨٤,٦)کم، وە کۆی درێژی ڕێگای ناحیەی شێخ تەویل دەگاتە (١٦٠,١)کم، واتە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتۆڕێکی باشی ڕێگای قیرتاو وخۆڵ سەنتەری یەکە کارگێڕیەکانی پێکەوە بەستووە.


خشتەی ژمارە(٩) درێژی ڕێگا سەرەکیەکانی یەکەکارگێڕیەکانی قەزای کەلار

| یەکەکارگێڕییەکان | درێژی ڕێگا/ کم | | |
|---|---|---|---|
| | قیرتاو | خۆڵ | کۆ |
| ناوەند | ٤٤ | ٥٧,٨ | ١٠١,٨ |
| ڕزگاری | ٢١,٨ | ١٧١,٨ | ١٩٣,٦ |
| پێباز | ٢٢,٨ | ٦١,٨ | ٨٤,٦ |
| شێخ تەویل | ٢٣,٣ | ١٣٦,٨ | ١٦٠,١ |
| قەزا | ١١١,٩ | ٤٢٨,٢ | ٥٤٠,١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی گەرمیان، بەشی تەکنیکی وزانیاری، ، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

بەهۆی هەڵکەوتەی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوەوە دەبینین ڕۆژانە لەبەشی (عەلوەی کەلار) کەشوێنی بەکارهێنانی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکانە لە ناوەوەو دەرەوەی قەزاکە ژمارەیەکی زۆر بەکاربەر ڕووی تێدەکات وبەرهەمەکشتوکاڵیەکانی تیادا دەفرۆشرێت(عزیز،٢٠٢٢)، کەواتە ڕێگاوبان ڕۆڵی گرنگی هەیە لەچالاکی کشتوکاڵ وپەرەپێدانی کشتوکاڵ لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

نەخشەی ژمارە (٣) تۆڕی ڕێگا سەرەکی ولاوەکیەکانی قەزای کەلار




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی بەرنامەی (**Arc Map ١٠،٨،١**)، فایلی مۆدیلی بەرزونزمی (**Dem- ٣٠m**).

## ٢-٤- سیاسەتی حکومی و کشتوکاڵ کردن:

سیاسەتی کشتوکاڵ یەکێکی ترە لەهۆکارە مرۆییەکان کەکاریگەری ڕاستەوخۆی وناڕاستەوخۆی لەسەر چالاکیەکشتوکاڵیەکان هەیە لەناوچەجیاجیاکانی جیهاندا، بەئامانجی بەدیهێنانی مەبەستەکانی لەم کەرتەدا، دەکرێت وەسفی سیاسەتی کشتوکاڵی بکەین بەوەی کۆمەڵێك پلان و ڕێوشوێنی زانستیە کە پێوستە حکومەت بیگرێتە بەر بەمەبەستی باشترکردن وبەرەو پێشچوون و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لەناوچەکەدا واتە گرنگی دان بەم لایەنە دەبێتەهۆی فراوان کردنی توانای بەرهەمهێنان لەڕێگای زیادکردنی هاوڵاتیان لەپێناو زیادکردنی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی(گەردی، ٢٠٠٨، ل٩٥). سیاسەتی کشتوکاڵی ئەوگۆرانکاریەیە کە حکومەت دەیکات لە کەرتی کشتوکاڵدا، لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو (زیادکردنی بەرهەم، هاوسەنگی نرخ لەلای بەرهەمهێن وبەکاربەر، گەشەپێدانی ئابووری وڵات...)( اسماعیل، ١٩٨١، ص٤٨).

ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدەرنەبووە لەوسیاسەتە چەوتەی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بەکەرتی کشتوکاڵ و پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەناوچەکەدا ورۆڵی هەبووە لەکەمبوونەوەی بڕوجۆری بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، لەخوارەوە تیشك دەخەینە سەربەشێك لەوپلانە سیاسیە کشتوکاڵیانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لە قەزای کەلاردا:

### ٢-٤-١- خولی کشتوکاڵ:

خولی کشتوکاڵ بەیەکێك لەهۆکارە مرۆییەکان دادەنرێت کەجوتیار پەیڕەوی دەکات و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی ڕووبەر وبڕی بەرهەم، ئەم خولە جوتیار پێی هەڵدەستێت ئامانجی بەپیت کردنی خاکە بۆبەرگیریکردن سودی هەیە، چونکە خاکەکە بۆماوەیەکی دیاریکراو جێدەهێڵرێت وبەروبوومی جۆراوجۆری تیادا دەچێنرێت یان زەویەکەی دابەش دەکرێت بەپێی سیستەمی کشتوکاڵی دیاریکراو. هەروەها سودی ئەم خولە ئەوەیە کەجوتیار شارەزای زیاتری هەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی وبەپیت کردنی خاك، لەناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی زانستیەوە ئەم خولە پەیڕەوناکرێت، بەڵکو شێوازێکی دیکەی باوهەیە لەناوچەکەدا پێی دەوترێت سیستەمی بەیار (وەرد)، ساڵێك زەویەکە دەچێنرێت وساڵێکی دیکە بەجێ دەهێڵرێت وازی لێدەهێنن بۆئەوەی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

زەویەکەی بەپیت بێت، زۆرجار زەویەکە بەجێ دەهێڵرێت یان پەینی ئاژەڵی بۆبەکاردەهێنرێت لەماوەی ئەوساڵەدا (غفور، ٢٠٢٢).

## ٢-٤-٢- خاوەندارێتی زەوی:

خاوەندارێتی زەوی یەکێکە لەهۆکارە کاریگەرە گرنگەکانی چالاکی کشتوکاڵی ویاساکانی پەیوەست بەسیستەمی چاك کردنی کشتوکاڵ لەعێراقدا، ئاماژە بەبەکارهێنانی زەوی دەکات وەك کارلێکێك لە نێوان مرۆڤ وزەوی وپاراستنی تەواوی پێداویستیەکانی مرۆڤە کە مەبەستی گرنگی دانی دەوڵەتە بەپەیوەندی ئابووری ورامیاری وکۆمەڵایەتی (العربي والفتلاوي،٢٠١٨،ص٢)، خاوەنداریتی زەوی واتە بوونی کۆمەڵێك مافە لەلایەن دەوڵەتەوە پەیڕەودەکرێت، ئەومافاناش مافی فرۆشتن وڕەهن کردن بۆخاوەنەکەی دەگێڕێتەوە، وەمافی زەویەکەو بەکارهێنانی زەوی بۆخاوەن زەویەکە دەبێت(ئەڤین،٢٠١٥، ل٢٧)، خاوەندارێتی زەوی دووجۆرە: یەکێکیان زەوی موڵکی حکومەتە دەیدات بەکرێ بەجوتیار لەڕێگەی گرێبەستی کشتوکاڵیەوە (عقد زراعي)، ئەوی ترموڵکی جوتیار خۆیەتی تایبەتە واتە (زەوی تاپۆیە لەسەر جوتیارەکان)، ئێستا خاوەن موڵکەکان لەگوندەکان ناژین ونیشتەجێی شارۆچکەکانن بەکرێ زەویەکانیان داوە بە جوتیارەکان، لەناوچەی لێکۆڵینەوە هەردووجۆری خاوەندارێتی تیادا بەدی دەکرێت ڕووبەری ئەوزەویانەی کە حکومەت خاوەندارێتیان دەکات دەگاتە (١٥٧٠)کم٢، واتە بەڕێژەی (٩٢,٦%)، هەروەها ڕووبەری ئەوزەویانەی کەموڵکی جوتیارانی ناوچەکەیە (١٢٥)کم٢، واتە بەڕێژەی (٧,٤%)، کەواتە زۆری ڕووبەری ئەوزەویانە موڵکی حکومەتە و کەمی ڕووبەری موڵکی تایبەتە لەناوچەکەدا، هەروەها حکومەت لەهەوڵی ئەوەدایە خۆی زەوی بدات بە جوتیاران ئەمەش وادەکات جوتیار لە خەمی پەرەپێدان و بەرهەمی زیاتردابێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku







### ٢-٤-٣- قەرزی کشتوکاڵی :

لەناوچەی توێژینەوە جوتیاران سەرجەمی تێچوونی بەرهەمهێنان لەسەرەتای کێڵان تا قۆناغی کۆتایی بەرهەم و بەبازاڕ کردنیش لەئەستۆی جوتیارانە، سەرەڕای ئەوەش هەندێك لە جوتیاران کرێی زەوییەکانیش دەدەن، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەرکشتوکاڵکردن وپەرەپێدانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان دەبێت. حکومەتی هەرێم خزمەتگوزاری بانکی گشتی کشتوکاڵی بۆپارێزگاکانی هەرێم لەساڵی (٢٠٠٤) گەڕاندەوە پێش ئەوە لە ساڵی (١٩٩١) ڕاگیرابوو بەهۆی ڕووداوە ڕامیاریەکان وکشانەوەی حکومەتی بەغداد وچەسپاندنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وئابلۆقەی ئابووری حکومەتی ناوەند لەسەر هەرێم، ئەمانە هەمووی کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەرحکومەت ونەیدەتوانی هیچ جۆرە بودجەیەك یان قەرزی کشتوکاڵی بۆ جوتیاران دابین بکات، ناوچەی لێکۆڵینەوە لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٠) بەدواوە بانکی گشتی کشتوکاڵی تیادا کراوەتەوە بۆ خزمەتکردن وپەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە قەزاکەداو گرنگیدان بە جوتیارانی ناوچەکە(محمد، ٢٠٢٢)، وەك لەخشتەی ژمارە (١٠) ئاماژەی پێدراوە، ناوچەی لێکۆڵینەوە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٢٠-٢٠١٢)، ژمارەیەك پرۆژە بۆجوتیارانی ناوچەکە خراوەتە بواری جێبەجی کردن ژمارەیان (٣١٠) پرۆژەیە بڕی پارەی تەرخانکراو (شەش ملیارو هەشت سەدوهەشتاو دووملیۆن و چوارسەدو چل ودوو هەزار) دینار، هەروەها زۆرترین بڕی پارەی تەرخانکراو بۆپرۆژەی (بیری قوڵ- ئیرتیوازی) بووە لەناوچەکەدا کە (٧٦) پرۆژە سودمەندبووە وبڕی پارەکەشی (نۆسەدو شەست وحەوت ملێۆن وهەشت سەدو سێ هەزار) دیناربووە، شایەنی باسە کەمترین بڕی پارەی خەرجکراو بۆ پرۆژەی (نەمامگە) بووە، کەبڕی (سی ملیۆن وحەوت سەد هەزار ) دینارە کە (١) پرۆژەیە. هەروەها لە پێدانی قەرزی کشتوکاڵی بە جوتیاران وا لەجوتیار دەکات بەردەوام لەهەوڵی گرنگی دان بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان بن جگەلەمەش ئەبێتە هۆی پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەوناوچەیەدا، هەروەها ناوچەی گەرمیان زیاتر پێویستە داهاتی زیاتری بۆ دابینبکرێت بەوپێیەی کەم بارانە وزیاتر مەترسی ووشکە ساڵی دەیگرێتەوە.

خشتەی ژمارە (١٠)ژمارەی پرۆژە سودمەندەکان وبڕی پارەی تەرخان کراوە (دینار) لە قەزای کەلار لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢٠).

| ژمارە | جۆری پرۆژە | ژمارەی پرۆژە | بڕی پارەی خەرجکراو بە (ملیۆن) دینار |
|---|---|---|---|
| ١ | بیری قوڵ(ئیرتیوازی) | ٧٦ | ٩٦٧ ٨٠٣ ٠٠٠ |
| ٢ | تراکتۆر | ٧٤ | ٨٤٥ ٨٩١ ٠٠٠ |
| ٣ | ئاوپرژاندن | ٢٧ | ٤١٣ ٢٠٠ ٠٠٠ |
| ٤ | پەلەوەر | ٥٢ | ٢ ٢٠٤ ٨٣٥ ٠٠٠ |
| ٥ | باخداری | ٢٦ | ٤١٨ ٥٦٩ ٠٠٠ |
| ٦ | خانووی پلاستیکی | ٧ | ١٧٧ ٥٣٥ ٠٠٠ |
| ٧ | کارەبا | ٣٣ | ٤٥٠ ١٥٩ ٠٠٠ |
| ٨ | ماسی | ٧ | ٣٠٠ ٨٥٠ ٠٠٠ |
| ٩ | هەنگەڵان | ٢ | ٩٧ ٩٠٠ ٠٠٠ |
| ١٠ | ساردخانە | ٢ | ٧٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| ١١ | نەمامگە | ١ | ٣٠ ٧٠٠ ٠٠٠ |
| ١٢ | ئالیك | ٢ | ١٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| ١٣ | ئاژەڵی شیردەر | ١ | ٧٥ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | ٣١٠ | ٦ ٨٨٢ ٤٤٢ ٠٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی وئابووری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆریەکان، بەشی بانکی کشتوکاڵی گەرمیان، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

## ٢-٥- ئاودێری:

ئاو بەدەرامەتێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بەردەوام بوونی پرۆسەی کشتوکاڵی وپێشکەوتنی، واتە سەرچاوەی سەرەکی هەموو چالاکیە کشتوکاڵیەکانە، بەیەکێك لەهۆکارە سەرەکیە مرۆییەکان دادەنرێت، چونکە کشتوکاڵ کردن لەو چالاکیەگرنگانەیە کە پێویستی زۆری بەئاو هەیە هەروەها گرنگە بۆزانینی بڕوجۆری بەرهەمەکشتوکاڵیەکان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



لەهەرناوچەیەکدا کە چالاکیە کشتوکاڵیەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کشتوکاڵ لە هەردووجۆری دێمی و بەراوە، کشتوکاڵی دێم پشت بەئاوی باران دەبەستیت داباریِن، لەوەرزی هاوین کەووشکە پشت بەئاودێریکردن دەبەستیت. جێگایی باسە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدەر نیە لەوجۆرە ئاودێریکردنانە کە لەڕۆژگاری ئەمرۆدا کشتوکاڵ پشتی پێ دەبەستێت، بەتایبەتی بەهۆی گەرمی وکەم بارانی و ووشکە ساڵی لەم چەند ساڵانەی دوایی ڕوویداوە سەرچاوەیەك بۆ ئاودانی زەویەکشتوکاڵیەکان لە ناوچەکەدا، لەخوارەوە ئاماژە بۆ چەند شێوازیکی ئاودێری کردن دەکەین و تیشکی خراوەتە سەر:

**٢-٥-١- ئاودێری ئاسایی (ئاودێری سەرخاك):** ئاودێری کردنی سەرخاك یەکێکە لەئاسانترین ڕێگاکانی ئاودێری چونکە تێچونی کەمەو بەئاسانی دەتوانرێت ئاوبگەیەنرێتە زەویە کشتوکاڵیەکان، ئاو لە کانی وکانیاو ڕووبارەکان لەڕێگەی جۆگەلە ئاویەکانەوە دەگەیەنرێتە زەویە کشتوکاڵیەکان، ئەم جۆرە ئاودێریە زیاتر لەو ناوچانەدا دەکرێت سەرچاوەی ئاوی نزیك هەیە بتوانرێت سودی لێ ببینرێت چونکە لەبەرڕۆیشتنی ئاولە ڕووبارەکان هۆکارێکی یارمەتی دەرە بۆئەوەی بتوانرێت سودی هەبێت بۆ زەویە کشتوکاڵیەکان(براخاس، ٢٠١٠، ص١٠٦-١٠٥)، لەناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم جۆرە ئاودێرییە تیادا دەکرێت، وەك لە خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت، بەڵام لە هەمووزەویە کشتوکاڵیەکانی قەزاکە ناتوانرێت جێ بەجێ بکرێت، واتە تاڕادەیەك کەمە بەبەراود بەجۆرەکانی تر، چونکە تەنها گوندەکانی (قولەبەرز، قولەسوتاو، عیسایی، ڕەندعالی خان، تازەدێ، بەرلووت، بەردەسور، سەید محموود، لەواوان، ئاوەخوڕی، چاڵەڕەش، قەترە) سودی لێ دەبینن دەکەونە بەشی ڕۆژهەلاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدرێژای ڕووباری سیروان، هەروەها ئەم جۆرە ئاودێریە لەهەموو جۆرەکانی دیکە زیاتر پشتی پێ بەستراوە بۆ ئاودێریکرنی زەویە کشتوکاڵیەکانیان بەجۆرێك بڕی (١٦٤٢)دۆنم، زەوی سودی لێ دەبینێت، لەوەرزی هاویندا ئاستی ئاوەکە کەم دەبێتەوە بۆیە پەنا دەبەنە بەربەکارهێنانی ترۆمپا بۆ ئاودانی زەویە کشتوکاڵیەکان.

خشتەی ژمارە (١١) ناوی گوندو جۆری ئاودێری لە قەزای کەلار

| ناوی گوند | جۆری ئاودێری/ دۆنم | | |
| --- | --- | --- | --- |
| | سەرخاک | ڕشاندن(پرژاندن) | دڵۆپاندن |
| بەردەسور | - | ٣ | - |
| تازەدێ | ٥٠ | - | - |
| بەرلووت | ١٥٠٠ | ٥٠٠ | - |
| قولەسوتاو | - | ١٥٠ | ٥٠ |
| عیسایی | - | ٥٥ | ٤٥ |
| قولەبەرز | ٧ | ٢ | ١٥ |
| سەیدمەحموود | ١٠ | ٨ | ٧ |
| لەواوان | ٢ | - | - |
| ئاوەخوڕی | - | ٥ | ٥ |
| چاڵەڕەش | ١٥ | - | - |
| قەترە | ٨ | - | - |
| ڕەندعالی خان | ٥٠ | ٤٨ | ٥٣ |
| کۆی گشتی/ دۆنم | ١٦٤٢ | ٧٧١ | ١٧٥ |

سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەبەرواری ١-٤-٢٠٢٢.

### ٢-٥-٢- ئاودێری بە ئامێری ڕشاندن (پرژاندن):

ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا بەربڵاوەکانی ئاودێری شێوازیکی نوێیەو لەسەر شێوازی باران بارین دروستکراوە دەتوانین بڵێن بارانی دەستکرد، بەهۆی هێزی ئامێری ترۆمپای کارەبایەوە ئاوەکە پاڵدەنرێت بۆلولەی سەرەکی و پاشان پاڵدەنرێت بۆ لوولەی لاوەکیەکان گرنگی ئەم جۆرە ئاودێریە ئەوەیە: ئاوێکی کەم بەفیڕۆ دەڕوات لەکاتێکدا زەویەکە بەباشی تەڕدەبێت و شێداری بەتەواوی دەگاتە ڕەگی ڕووەکەکان، هەروەها بە باشترین جۆری ئاودێری دادەنرێت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



کە ڕەگی ڕووەکەکان دەپارێزیت لە خوێی ئاو، چونکەشێوازی ئاودانەکەی بەشێوازی بارانی دەستکردە(الساعدي،٢٠١٧،ص٣٩٦)، ئەم جۆرە ئاودێریە بەشێوەیەکی بەربڵاوبەکاردەهێنیت لەناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەو زەویانەی سود لەم جۆرە ئاودێریە وەردەگرن نزیکەی (٧٧١) دۆنم زەوی بەراوە، کە بۆ بەروبوومەکانی وەك (گەنم، گەنمەشامی، پەتاتە) بەکاردەهێنرێت، ئامێری ڕشاندنی ئاویش بەچەند شێوازێك دەبێت، یەکێك لەوشێوازانە ئامێری (المرشة المحورية) یان (عەملاقی) پێدەوترێت کەتوانای ئاودانی (١٠٠)دۆنم زەوی هەیە، لەهەمان کاتدا ڕێگایەکی تریش بەکاردەهێنرێت ئەویش مرەشەی (کێشکەیی)، کەتوانای ئاودانی (٥٠-٤٠) دۆنم زەوی هەیە، هەروەها ئارەزووی جوتیارکاریگەری هەیە لەسەرشێوازی ئاودێری ئەگەرلەسەرپلەی (٧٠-٨٠) دابنرێت لەشێوازی بارانی دەستکردە.

## ٢-٥-٣- ئاودێری بە ئامێری دڵۆپاندن:

ئاودێری کردن بەئامێری دڵۆپاندن، ڕێگایەکی هاوچەرخ وئابوورریانەیە لەئاودێریکردنی کێڵگەکاندا، بەشێوەیەکی دڵۆپ دڵۆپ ئاوبە ڕووەکەکە دەگەیەنێت، لە خەسڵەتە باشەکانی ئەم جۆرە ئاودێرییە ئەوەیە کەئاوێکی کەم بەفیڕۆدەدات، واتە دەتوانرێت کۆنترۆڵی ئەوبڕە ئاوە بکرێت کەڕووەك پێویستی پێدەبێت، سودی لێ دەبینێت بێ ئەوەی بەفیڕۆچوونی ئاوهەبێت لەڕێگەی بەهەڵمبوون یان دڵۆپاندن بۆناخی زەوی(السلماني، ٢٠١٥،ص١٢٧)، ئەم ڕێگایەڕێگایەکی نوێ وئابوورریانەیە لەناوچەی لیکۆڵینەوە پەیڕەودەکرێت، ئەوزەویە کشتوکاڵیانەی سود لەم جۆرە ئاودێریە دەبینێت ڕووبەریان دەگاتە (١٧٥)دۆنم زەوی بەراو، بۆبەروبوومەکانی وەك (تەماتە، خەیار، بامێ، شوتی، کاڵەك...) بەکاردەهێنرێت، لەم ڕێگەیەوە جوتیاران دەتوانن بەروبوومە جیاوازەکانیان بچێنن، هەروەها سوودی ئەم جۆرە ئاودێریەبە فیرۆنەدانی ئاوی زۆرە، ئاوبۆ بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بەباشی دابین دەکات وبەپیتی خاکەکەش دەپارێزێت (نجم، ٢٠٢٢).

## ٢-٦- بەبازاڕکردن:

بازاڕ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەرپرۆسەکانی بەرهەمهێنانی بەروبوومەکان، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر تەواوی بەرهەمهێنان، چونکە نوێنەرایەتی بەرهەمهێنان دەکات و لایەنی گرنگی بەرهەمەکە دەخاتەڕوو، کەواتە دەتوانین بڵێین بازار: شوێنی ساخ کردنەوەی بەروبوومەکانە جا چ ئاژەڵی بێت یان ڕووەکی(العيساوي، ٢٠١٧، ص٨٥).

ناوچەی لێکۆڵینەوە یەکێکە لەوناوچانەی بڕێکی زۆری جۆراوجۆری بەرهەمی کشتوکاڵی لێ بەرهەم دەهێنرێت، هەر بۆیە پێویستی بە شوێنیك هەیە بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومەکانی، هەموو ئەم بەرهەمانەش لەبازاڕی (عەلوەی کەلار) دەکەوێتە سەنتەری ناوچەی لیکۆڵینەوە کەشوێنی فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانە وەك (سەوزەو میوە)، هەروەها بەهۆی زۆری بەروبوومەکان دەنێریت بۆناوچەکانی دەوروبەری قەزاکە، هەروەها سەبارەت بە ساغکردنەوەی بەروبوومەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە هیچ جۆری گومرکێکی تایبەت بەناوچەکەو هیچ کۆگایەکی ساردکەرەوەی تیادا نیە بۆیە هەمووبەروبوومەکانیان لە بازارەکانی ناوەندی قەزا وبەشێکیشی هەناردەی دەرەوەی ناوچەی لێکۆلینەوە دەکەن، بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومی گەنم وجۆ لەناوچەکەدا بەهۆی نەبوونی سایلۆی پێویست واتە تەنها یەك سایلۆی گەنم وجۆی تێدایە کەتوانای کۆگاکردنی (٤٠٠٠٠) چل هەزار تەن لەگەنم وجۆهەیە، بەشی پێویستی ناوچەکە ناکات بۆیە بەناچاری جوتیاران بۆساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان پەنا دەبەنەبەر سایلۆکانی (دوز و کەرکوك) هەرچەندە هەندێك لە جوتیاران بە ئارەزووی خۆیان بەرهەمەکانیان دەبەن چونکە لەماوەیەکی کەمدا بڕە پارەی داهاتی گەنم وجۆکەیان وەردەگرنەوە(نجم، ٢٠٢٢).

## دەرئەنجام

دەکرێت گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە کۆبکرێتەوە:

١- کشتوکاڵ بەسەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری وڵات دادەنرێت، دەبێتە هۆکارێك بۆ بووژانەوەی باری دارایی هەرناچەیەك یان هەرشوێنێك، کەواتە توانستە مرۆییەکانی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان ڕۆڵی بایەخداریان هەیە لەپێشکەوتن وپەرەپێدانی هێزی کار وزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ودابینکردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە فراوان بوونی زەوی کشتوکاڵی و زیادبوون بەرهەمە کشتوکاڵیەکان هۆکارێکی دیکەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچونی ئەم توانستەیە.

٢- هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی قەزای کەلاریەکێک لە قەزا گرنگ وستراتیجیەکان، کە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، هەروەها شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە رۆڵی گرنگی لە قەبارە و ڕووبەری شارەکە هەیە لە ڕووی خێرا فراوان بوون و گەشەسەندنەوە و چالاکیە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ئابووریەکانیەوە،ئەمەش بوەتە هۆکاریك بۆزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە قەزاکەدا، ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە جیاوازی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی لەساڵی (١٩٥٧) زۆربەی دانیشتوانەکەی گوندنشین بووە بەپێچەوانەوە لەساڵی (٢٠٢٠) ژمارەی گوندنشینان زۆرکەمی کردووەو دانیشتوانەکەی ڕووی لە ناوەندی شارەکان کردووە بەتایبەتی ناوەندی قەزا، بەهۆکاری سیاسی و ئابووری لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کۆچکردنی دانیشتوان وڕاگواستنیان لە دەوروبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ناوەوەی ناوچەکە، ئەمەش ببوەتە هۆکار بۆ زیادبوونی خواست لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکان و توانی خێرا ساغکردنەوەی بەرهەمەکان وزیادبوونی هەلی کاری کشتوکاڵ شانبەشانی کەرتەکانی دیکە.

٣- گرنگی نەدانی حکومەت بونی قەیرانی دارایی لەناوچەی لێکۆڵینەوە وای لە دانیشتوانی ناوچەکە کردووە کەمتر لەم کەرتەدا کاربکەن گوێ بەچاندنی زەویە کشتوکاڵیەکانیان نەدەن، هەروەها لەڕێگەی دابین کردنی بڕێکی کەمی پەینی کیمیایی و دەرمانی قەلاچۆکردنی زۆرجار بەهۆی کەمی بڕەکەیەوە نیە بەڵکو هەر دابەش ناکرێت بەسەر جوتیاران دا، دەبێتە هۆی خراپ بوونی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و بێ هیوای جوتیاران.

٤- گرنگی نەدان بەدابینکردنی ئامێری کشتوکاڵی پێشکەوتوو بۆچاندن ودروێنەکردنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەو ئامێرانەش بوونی هەیە وەك تراکتۆرو دەڕاسە(دروێنە) مۆدیلیان کۆنە و ژمارەیان کەمە.

٥- نەبوونی هیچ کۆگایەکی ساردکەرەوە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ پاراستنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان وای کردووە بەرهەمەکان زووتر تێك بچن، وەك سەوزە ومیوە، چونکە بەرگەی زۆرمانەوەیان نیەو زوو خراپ دەبن.

٦- هەرچەندە لە قەزای کەلار هەرسێ جۆری ئاودێری کردن بەکاردەهێنن وەك (ئاودێری سەرخاك، دڵۆپاندن، پرژاندن) بەڵام وەك دەرکەوتووە تەنها لەو گوندانەی پەیڕەو دەکرێت کە کەوتووەتە سەر ڕووباری سیروان بەڵام لە گوندەکانی دیکەدا پەیرەوناکرێت.

## پێشنیار

١- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پلانێکی ستراتیجی وگرنگ بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لەڕێگەی گرنگی دان بەبەرهەمی ناوخۆیی و کەمتر هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی دانیشتوانی بەردەوام لە زیادبووندایە هەلی کاریش زۆرە.

٢- گرنگیدان بە بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی پێشکەوتوو لەلایەن حکومەت و کەرتی تایبەتەوە وا لەجوتیار دەکات کاتی زیاتری بۆ بمێنێتەوە کەمتر هەست بەماندووبوون بکات و زیاتر گرنگی بە جۆرو بڕی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی بدات.

٣- خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەزۆری خاکێکی دێمە کەم بارانە پێشنیاردەکرێت لەڕێگەی ڕاکێشانی ئاوی ڕووباری سیروانەوە دەتوانرێت ئاو بگەیەنرێتە زەویە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ناحیەی ڕزگاری و ناحیەی پیباز چونکە نزیکترن لە ڕووباری سیروانەوە هەروەها بە ترۆمپای تایبەت دەتوانرێت گرنگی پێبدرێت.

٤- دابەشکردنی دەرمانی قەڵاچۆکردنی مێروو ساڵانە و وەرزانە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار بۆ زیاتر پەرەپێدان بەبەروبوومە کشتوکاڵیەکان لە ناوچەکەدا، هەروەها پێدانی قەرزی کشتوکاڵ بۆ زیاتر بایەخدانی جوتیاران بە زەویە کشتوکاڵیەکانیان.

٥- دروستکردنی کۆگای ساردکەرەوەو بۆ پارێزگاریکردن لە بەروبوومە کشتوکالیەکان دەبێتە هۆی مانەوەی زیاتری بەرهەمەکان ناردنی بۆ ناوچە دوورەکان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## سەرچاوەکان

یەکەم: نامەو تێزە کوردیەکان:

١- عوسمان، بەهرە رضا، جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە پارێزگایی هەولێر لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای پەرەپێدان، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،٢٠١٣.

٢- براخاس، خليل محمد، التباين المكانى للمحاصيل الزراعية الغذائية الصيفية في محافظة السليمانية، رسالة ماجستير(غير منشور)، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٠.

٣- عبدالرحمن، چیمەن عمر، جیاوازی شوێنی بەکارهێنانی زەوی(ڕووەکی) لەناحیەی قوشتەپە، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٢٠.

٤- رحمان، ئەڤین علی، نواندنی کارتۆگرافی گۆڕانکاری بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە قەزای سۆران لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠١٢)، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئاداب، ٢٠١٥.

٥- گەردی، ساکارمحمد حسن، ڕۆڵی دانەوێڵەلەزامنکردنی ئاسایشی خۆراك لەهەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای سیاسی، ماستەرنامە (بڵاوکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، ٢٠٠٨.

٦- محمد، ساکار کمال، توانستەجوگرافیەکانی پەرەپێدانی چالاکی کشتوکاڵ لە قەزای ئاکرێ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١١.

### کتێبە کوردیەکان:

١- اسماعیل و صادق، ئەحمەد جلیل ومحەمەد زاهیرکوێخا ، جوگرافیایی کشتوکاڵ، چاپی یەکەم، کۆیە، ٢٠٢٠.

سەرچاوەوبڵاوکراوە حکومیەکان:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٢- حكومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی کشتوکاڵی ڕزگاری، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٥-حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی کشتوکاڵی پێباز، داتایی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٦- وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام (١٩٥٧)، لوائي السليمانية وكركوك، مطبعة العاني، بغداد.

٧- وزارة تخطيط، الجهاز المركز للأحصاء، هيئه للتعداد العام ودراسات السكانيه، نتائج ترقيم المباني حصر السكان للمحافظة السليمانية، لسنة (١٩٨٧).

٨-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار، داتایی بڵاونەکراوە، (٢٠٢٠).

٩- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبانی گەرمیان، بەشی تەکنیکی وزانیاری، ، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

١٠-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی خزمەتگوزاری، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٣.

## چاوپێکەوتن:

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مام علی، جوتیار لەگوندی ئەحمدقادر سەربەناحیەی پێباز لەقەزای کەلار، لە بەرواری (٢٢-٢-٢٠٢٢).

٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، کامەران غفار غفور، بەڕێوەبەری بەشی کشتوکاڵی ڕزگاری، لە بەرواری (٥-٢-٢٠٢٢).

٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عادل عبدالله شريف، لێپرساوی هۆبەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لەبەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، لەبەرواری (٢١-٢-٢٠٢٢).

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز علی حسین لەبەشی خزمەتگوزاری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، لەبەرواری (٢٦-٢-٢٠٢٢).

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز محمود محمد صالح، جوتیار لەگوندی قولەبەرز سەربە ناحیەی پێباز لە قەزای کەلار، لە بەرواری (١-٣-٢٠٢٢).

٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز نوری مجید، لێبرسراوەی بەشی پاراستنی ڕووەك لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار، لە بەرواری ٥-٣-٢٠٢٢.

٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کامیار یحیا محمد سعید، ئەندازیاری کشتوکاڵ، لە بەرواری (١٥-٣-٢٠٢٢).

٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، مەنصور حسیب علی، ئەندازیاری کشتوکاڵ لێپرسراوی بەشی سەوزەوات وخانووی پلاستیکی لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، لە ڕێکەوتی ٢٦-٣-٢٠٢٢.

٩-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سامان عزیز، میوەفرۆش لە عەلوەی کەلار لە ڕێکەوتی ١٥-٣-٢٠٢٢.

١٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، کامەران غفورغفار، بەرێوەبەری کشتوکاڵی ڕزگاری، لە بەرواری ١٧-٣-٢٠٢٢

١١- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، اسماعیل محمد نجم، لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاری لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، لەبەرواری ١-٤-٢٠٢٢.

## دووەم: نامەوتیزە عەرەبیەکان:


١- سعيد، نادية طلعت، الأمكانات الجغرافية للتنمية (السياحة- الزراعة) في حوض نهررواندز، اطروحة دكتوراه(غير منشورة)، ، جامعة صلاح الدين، كلية الأداب، ٢٠١٦.

٢- مصطفى، مهابات محمد جميل، دور العوامل الجغرافية في الانتاج الزراعي في قضاء چمچمال وسبل تنميتة، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل، ٢٠١٢.

٣- خضير، مصطفى خضير على، التنمية الزراعية فى محافظة الوادى الجديد، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة سوهاج، كلية الأداب، ٢٠١٧.





ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٤-السعدون، زينب صافي ثامرصقر، الأمكانات الجغرافية للاستثمار الزراعي لتربةغرب منخفض الصليبات باستخدام تقنيات نظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة ذي قار، كلية الأداب، ٢٠٢١.
٥- العبيدى، اسراء عبدالرحمن، دور الأطراف الفاعلة في التنمية المستدامة واثرها على الزراعة في محافظة ديالى، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الأنسانية، ٢٠١٣.
٦- الخفاجى، سماح صباح علوان، التمثيل الخرائطي لاستعمالات الارض الزراعية في قضاء المحمودية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة بغداد، كلية التربية للبنات، ٢٠٠٣.
٧- الساعدي، ضياءالدين حسين عسكر جدوع، نظم الحيازة الزراعية وتأثيرها باستعمالات الأرض الزراعية في محافظة ديالى، اطروحة دكتوراه(غير منشورة)، جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الأنسانية،٢٠١٧.
٨- السلماني، احمد هلال حمود علي، النشاط الزراعية وأثره في تنمية المنطقة الصحراوية في قضاء الهيت، اطروحة دكتوراه(غير منشورة)، جامعة الأنبار، ككلية التربية للعلوم الأنسانية، ٢٠١٥.
٩- العيساوي، رياض جاسم محمد مزعل، جغرافية التنمية الزراعية في ناحية العامرية بمحافظة الأنبار-العراق، رسالة ماجستير(غير منشورة)، جامعة الأسكندرية، كلية الأداب، ٢٠١٧.

کتێبە عەرەبیەکان:

١- الراهرى، عبدالوهاب مطر، الأقتصاد الزراعي، الاطبعة الاولى، مطبعة العانى، بغداد، ١٩٦٩.
٢- زملاؤة، محمد ازهر سعيد أسماك و، جغرافية النقل بين المنهجية والتطبيق، دار اليازوري العلمية للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.
٣- اسماعيل، عزيز شاهو، سياسة التنمية الزراعية، دارالكتب للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨١.
٤- سعد و الشمري، كاظم شنتة وأياد عبدعلي سلمان، قطاع الزراعة في العراق دراسة جغرافية للمقومات والمشاكل والحلول، الطبعة الاولى، مطبعة الساقي للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠١٧.
٥- الهيتي، صبري و صالح فليح حسن، جغرافية المدن، مديرية دار كتب لطباعة و النشر، الوصل، ١٩٨٦.
٦-حسين، عبدالرزاق، عباس جغرافية المدن، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٧.

گۆڤاره عەرەبیەکان:

١- الزيادي و جابر، حسين عليوي ناصر وماجد عبدالله، التحليل المكاني للزراعة المحمية في محافظة ذي قار، جامعة ذي قار، مجلة البحوث الجغرافية، العدد ١٧.

٢- العربي و الفتلاوي، عايد سلوم زيد كميل جواد، التباين المكاني لحجم الحيازة الزراعية وعلاقتها باستعمالات الأرض الزراعية في قضاء الحلة، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية، المجلد ٢٥، العدد الثاني، ٢٠١٨.

* ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە دەردەچێت:

$$R = (T\sqrt{\frac{P1}{P0}} - ١) \times ١٠٠$$

R= ڕێژەئ گەشەی ساڵانە.

T= ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێری.

P١= ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێریدا.

P٠= ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم.

سەرچاوە: طة حمادي الحديثي، جغرافية السكان، دار الكتاب للطبعة و النشر، جامیعة الموصل، ص٣٩١.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (توانستە مرۆییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە قەزای کەلار)دا، ئامانج لێی دەرخستنی توانستە مرۆییەکانە کەشانبەشانی توانستە سروشتیەکان ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لەسەر پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ وبەروبوومی کشتوکاڵیەکان لەقەزای کەلار، هەروەها دەرخستنی توانای هێزی کاری دانیشتوان وژمارەی جوتیاروپێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وهۆکارەکانی گواستنەوەو جۆری ئاودێری کردنی زەویە کشتوکاڵەکانە هەروەها گرنگیدانە بە پێشکەوتنی ئەم توانستە لە ئێستاو داهاتوودا. بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە، لەسەرەتا کۆکردنەوەی داتالەڕێگەی سەرچاوەفەرمی ورێکخراوەکان ئەنجامدراوە، پاشان دەرخستنی ئەنجامەکان، هەروەها وەرگرتنی داتاکان ودەرخستنیان بەشێوەی خشتەو نەخشە لەڕێگەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS)،



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەکۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتووە بە کۆمەڵێك دەرئەنجام هەرچەند ژمارەی دانیشتوان لەقەزای کەلار لەنێوان گوند و شاردا بە شێوەیەکی زۆر ناهاوسەنگ دابەشبووەنە ئەمەش کاریگەریان لەسەر جۆری ئەوبەرهەمانە هەیە کە دەچێنرێن، لەگەڵ خستنەڕووی چەندین پێشنیار لەوانە هەوڵدان بۆ دەرخستنی توانا مرۆییەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی پلانێکی ستراتیجی بۆ زیاتر گرنگی دان بە پێشکەوتنی ئەم کەرتە، هەروەها سنورێك دابنرێت لەبەرامبەر ئەوزیادکرنەی دانیشتوانی شارو کەم بوونەوەی گوندنشینان.

کلیلی ووشەکان: کشتوکاڵ، دانیشتوان، دەستی کار.

الملخص

يهذف هذا البحث الذي يحمل عنوان (دور الموارد البشرية في تطوير المنتجات الزراعية في قضاء كلار) إلى إظهار أن الموارد البشرية تلعب دورا فاعلا في تطوير قطاع الزراعة، وتحسين الانتاجية الزراعية في المنطقة جنبا إلى جنب مع الموارد الطبيعية ، كما ويهدف إلى إظهارمدى كفاءة القوى العاملة للسكان، وعدد المزراعين، والتقدم التكنولوجي، ووسائل النقل، وطريقة ري الأراضي الزراعية، كما ويسعى إلى الاهتمام بالموارد البشرية في الحاضر والمستقبل. ولتحقيق أهداف البحث، تم جمع البيانات أولا من المصادر والمؤسسات الرسمية، ثم عرض النتائج، وكذلك أخذ البيانات وعرضها في شكل جداول وخرائط من خلال نظام المعلومات الجغرافية (GIS). وفي الخاتمة خلصت الدراسة إلى عدد من النتائج ، منها إن انعدام التوازان السكاني بين المدينة والقرية لها أثر كبير على قطاع الزراعة، ولاسيما نوعية المنتجات المزروعة، وقدم البحث العديد من المقترحات، بما في ذلك إظهار كفاءة الموارد البشرية، وإنشاء خطة استراتيجية لإيلاء المزيد من الاهتمام لتنمية قطاع الزراعة، والحد من زيادة عدد سكان الحضر ، وانخفاض عدد سكان الريف.

الكلمات المفتاحية: الزراعة ، الإسكان ، العمليات.



# با هەمووان پێکەوە فریای شانۆی گەرمیان بکەوین

عومەر تینو

پێش گشت شتێك پێویستە بزانین، کە شانۆ چیە و بۆچی بۆ کۆمەڵگە گرنگە؟ بۆ وەڵامی ئەمەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم هونەرە زیندووە.

شانۆ، کە بە باوکی هونەرەکان دادەنرێت و سەرەتایەکەی بۆ سەردەمی یۆنانیەکان و ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک کە شانۆ تاکە هۆکار بووە بۆ دەربڕینی هونەری لە دوای زۆرانبازی و پێشبڕکێکان. کەواتە لانکەی ژیار و شارستانیەتی شانۆ یونان بووە و پاشتریش ڕۆی ئیتاڵیا و پاشان لە کۆتاییدا بە هەموو دنیادا بڵاو بوویەوە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەیان ڕۆشنبیرو ئەدیب و نووسەر و سیاسەتمەداری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەستەمبول بوون و لەوی شانۆی ئیتالیایان دیوە و گوێیان لە ناوی ئەو هونەرە بووە و لە گەڕانەوەیان دا هیناویانە بوو کوردستان.

بەشێکی تر لە ڕۆشنبیران پێیان وایە شاعیری نوێخواز(عەبدوڵڵا گۆران) لەوانەیە یەکەم نووسەری کورد بێت، کە زاراوەی شانۆی لە ساڵی (١٩٥٠) لەجیاتی (تمسیل)ی عەرەبی و تیاتری ئینگلیزی بەکار هیناوە. هەرچۆنێك بێت ئەوە ڕوونە، کە هونەرەکە، هونەرێکی کوردی نییە و لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەم لاوە لە ڕێگای ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە کەوتۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە و خۆی لە خۆیدا



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ژانرێکی نوێیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا و بەم چەشنە لە کوردستاندا گرنگی پێدراوە و شانۆکاران کاریان بۆی کردووە. هەرچەند لەم نووسینەدا نەمگەرەکە بچمە سەرمێژوو و سەرهەڵدانی شانۆ بە درێژی تەنها بەم پێشەکیە کورتە کۆتایی دەهێنم.

وەك ئاشکرایە، کە شانۆ ئاوێنەی کۆمەڵگەیە و هەڵگری چەندین پەیامی کاریگەرە بۆ هەموو میللەتانی سەر زەوی. یەکێك لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی شانۆ، ڕۆشنبیرکردنی خۆشەویست و لایەنگرەکانیەتی چونکە ناچاریان بیربکەنەوە و زیاتر لە پەیامەکان قووڵبینەوە و ئەمەش وا دەکات بچن بە شوێن پەرتووک و بابەتی زۆردا بگەڕێن و بخوێنیتەوە، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی زیاتری بینەران لایەنگرانی ئەم جۆرەی هونەر.

ئەگەر بێینە سەر باسی شانۆی گەرمیان، دەبێت بێژین، ئەمیش بەشێکە لە کلتوور و ناسنامەی دەڤەرەکە لە کوردستاندا، چونکە گەرمیان ناوچەیەکی دێرین و پڕ لە مێژووە و شانۆکەشی بە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی توانیویەتی خۆی بۆ کوردستان و دەرەوەش بسەلمێنێت. هەرچەند گەرمیان بەهۆی ئەوەی بەر گەورەترین شاڵاوی تاوانی ئەنفال کەوتووە و ئەمیش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی چەندین چیرۆکی کاریگەر لە هەناوی ئەم دەڤەرە سوتماکەوە لە دایك ببێت و ببێتە هەوێنی چەندین بەرهەمی شانۆیی کاریگەر، کە لە ماوەکانی ڕابردوودا نمایش کراون. شانۆی گەرمیان پێشتر بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەوری ئاهەنگ و بۆنە فەرهەنگی و کلتوورییەکانی وەکو نەورۆز و بۆنە تایبەتەکان دەخولایەوە هەروەها بە زمانی کوردی و زۆرجار بە زاری شیرینی گەرمیانی شانۆکان نمایش دەکران و ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی پاراستنی زمانی کوردی و فەرهەنگیی ناوچەکە و شێوەزارە دڵنشینەکەی.

لە لایەکی تریشەوە شانۆی گەرمیان ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشخستنی هونەر، چاند، فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی و ناساندنی بە کوردستان و بگرە دەرەوەش هەیە و هەبووە. لە ماوەکانی ڕابردوودا شانۆکارانی گەرمیان بێ وچانانە خزمەتی ئەم هونەرەیان کردووە و نەیانهێشتووە ڕەوتی شانۆی ئەم دەڤەرە کەنارکەوتووە بوەستێ و بە نوێخوازی و داهێنانەوە کاریان بۆ پێشخستنی شانۆی کوردی کردووە و لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، فەرهنگی، پەروەردەیی و منداڵاندا شانۆیان نمایش کردووە و نەیانهێشتووە بینەران لەم هونەرە دابڕێن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە مێژووی شانۆی گەرمیان بدوێین ئەوا پێویستە بێژین: بە تەواوی دیار نییە و توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بەردەست نییە بە وردی مێژووە شانۆی گەرمیان دیاری بکات، بەڵام بەپێی هەندێک سەرچاوە، شانۆی گەرمیان لە ساڵانی هەشتاکان بۆ نەوەدەکان دەستپێدەکات و ئەوەشی دەوترێت لە لایەن خودی هەندێک لە شانۆکارانی گەرمیانەوە ئەوەیە، کە هونەری شانۆ لە سەرەتادا لە شێوەی شانۆی فۆلکلۆری و نمایشەکانی نەورۆز بووە و پاشتریش شانۆی قوتابخانەکان وەکو سەرەتاکانی ئەم هونەرە باسیلێوە دەکرێت و وردەوردە بەردەوام بووە و ناوە ناوە شانۆ نمایش کراوە. جێیی بایەخە ئاماژە بەوە بدرێت، کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شانۆی گەرمیان لەسەر دەستی ئەو کەسانەوە بووە، کە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان نەبوون، بەڵکو وەك حەز و خولیای کەسی خۆیان توانیویانە کار بکەن و ئەسپی خۆیان لەو مەیدانەدا تاو بدەن، هەر لەبەر ئەوەشە پێویستە هەموان دەستی ماندووبوونیان بگوشین و پێزانینمان بۆ کارەکانیان هەبێ، کە بوونەتە بەردی بناغەی دروستبوونی شانۆی گەرمیان. پاشتریش ئەو هونەرمەندانەی زانکۆ و پەیمانگای هونەرەجوانەکانیان تەواو کردبوو هاتوونەتە ناو بوارەکەوە و ئەزموونی خۆیان خستووەتە خزمەتی شانۆی گەرمیان و توانیوایانە چەندین کاری شانۆی نمایش بکەن.ئیدی وردە وردە تیپ و گروپ دروست بوون و هەردوو ئەزموونەکەیان لەخزمەت شانۆی گەرمیاندا ئامێتە کردووە.



لـە لایەکـی تریشـەوە پێویسـتە لەبیرمـان بێـ، کـە لـە سـاڵانی (٢٠٠٠)ەکانـدا، شـانۆ لـە گەرمیانـدا بـە زۆری گەشـەی کـرد و شـانۆکارانی نـوێ و بەتوانـا دەرکەوتـن. هەندێـک لـە شـانۆکارانی گەرمیـان، کـە لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـداد، هەولێـر و سـلێمانی و پاشـتریش کفـری خوێندوویانـە و بەشـداریان لـە فێسـتیڤاڵ و بۆنـە هونەرییەکانـدا کـردووە توانیویانـە قۆناغێکـی بـاش ئـەم هونـەرە بەرنـە پێشـەوە و چەنـد کارێکـی شـانۆیی نمایـش بکـەن، هەتـا ئەمـڕۆش شـانۆی گەرمیـان بـەردەوام لـە گەشـەکردندایە و کاری لەسـەر دەکرێـت، بـەلام پـاش ماوەیـەك ئیـتر وردە وردە زۆرێـك لـە شـانۆکاران بـەدوای بژێـوی ژیانیـان شـاریان جێهیشـت و ڕوویـان لـە شـارەکانی تـری کوردسـتان کـرد و ئەمـەش شـانۆی بـەرەو کـزی و لاوازی بـرد، بـەلام هـەر نـاو بـە نـاو لـە بۆنـە و فێسـتیڤاڵەکاندا گەرمیـان بەشـداری کارای هەبـووە لـە شـانۆدا چ لـە گەرمیـان و چ لـەدەرەوەی گەرمیانیـش.

ئـەوەی پێویسـتە ئامـاژەی پێبـدرێ ئەوەیـە، کـە لـەم دەیـەی دواییـدا، هونەرمەندانـی شـانۆکاری گەرمیـان، کـە ژمارەیەکـی کەمـن و توانیویانـە لەسـەر بەرپرسـیارێتی خۆیـان بەردەومـای بـەم هونـەرە بـدەن و سـاڵانە دوو تـا تـا سـێ شـانۆ نمایـش بکـەن، بـەڵام ئەمـە نەیتوانیـوە بینـەری شـانۆ تێـر بـکات، چونکـە بینەرانـی شـانۆی ئـەم دەڤـەرە هەمیشـە چاوەڕێـی بەرهەمـی شـانۆیی بـە پێـز و جوانـن، کـە بتوانـێ پەیامـی دروسـتی شـانۆ بگەیەنـێ و مەینەتییەکانـی کۆمەڵگـە وێنـا بـکات و ڕێگـە چـارە بخاتـە بـەردەم خەڵکـی.



هەڵبـەت نابـێ ئەوەشـمان لەبیـر بچێـت، کـە چەندیـن تیـپ و گروپـی شـانۆیی لـە گەرمیانـدا لـە کۆنـەوە تاکـو ئێسـتا هەبـوون، بـەڵام وردە وردە ئـەو گـروپ و تیپانـە بـەرە و نـا کارایـی ڕۆیشـتوون، کـە دیـارە تووشـی چەندیـن ئاڵنـگاری و کۆسـپ بـوون، کـە لێـرەدا ئامـاژە بەچەنـد ئاڵنگارییـەك دەکەیـن لەوانـە:

١- کەمی یان نەبوونی هۆڵی تایبەت بە شـانۆ بە هەموو پێداویسـتیەکانیەوە
٢- نەبوون یان کەمی بودجە یاخو پشـتیوانی دارایی بۆ بەرهەمی شـانۆیی.
٣- کەمی بینەری شـانۆ و سـاردبوونەی خەڵکی لە چوونیان بۆ بینینی نمایشەکان.
٤- کەمی هونەرمەندی شـانۆکار و خۆ تەرخانکردنیان بۆ کاری شـانۆیی.
٥- نەبوونی سـمینار و ۆرکشۆپی تایبەت بە بواری شانۆ.
٦- بوونی چەندین کێشـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی شانۆدا

ئەمانـە و چەندیـن بەربەسـتی تـر، کـە بونەتـە هـۆی ئـەوەی ئـەم هونـەر زینـدووە کاریگـەرە لـە کوردسـتان بەگشـتی و لەگەرمیـان بـە تایبەتـی کاڵ ببێتـەوە و بـەرەو کزبـوون بچـێ. بـە بـڕوای ئێمـە ئـەم ئاڵنگاریيانـە هـۆکاری هەڵوەشـاندنەوەی بەشـێك لـە گـروپ و تیپەکانـی گەرمیانـن و تازەتریـن نمونـەش بـۆ وتەکانـی ئێمە(تیپـی شـانۆی متاڵانـی کـەلار)ە، کـە پـاش تەمەنێـك خزمەتکـردن بـە شـانۆ و منداڵانـی شـارەکە بـە ناچـاری بڕیاریانـداوە خۆیـان هەڵبوەشـێننەوە. لەلایەکـی تریشـەوە بەشـداری نەکردنـی کچـان لـە شـانۆدا ئەمیـش کاریگـەری نەرێنـی دروسـتکردووە و چەندیـن شـانۆ لەبـەر بەشـدارینەکردی کچـان و ژنـان هەڵوەشـاوەتەوە و ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ چەنـد هۆکارێـك لەوانـە:




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١- خێـزان و کۆمەڵگـە، کـە هەندێـک خێـزان باوەڕیـان وایـە، کـە کچـان و ژنـان نابێـت بەشـداری شـانۆ و نوانـدن بکـەن، چونکەدەبێـ هـۆی ڕوشـاندنی نـاو و ناوبانگـی خۆیـان و خێزانەکانیـان و ئەمـەش بـە هەڕەشـە لەسـەر ژیانـی داهاتوویـان دەزانـن.

٢- عەقـڵ و مێنتڵتـی کۆمەڵگـە، کـە بەشـێکیان باوەڕیـان وایـە، کـە هونـەری شـانۆ بـۆ کچـان و ژنـان گونجـا نییـە؟

٣- لایەنـی فەرهەنگـی و ئایینـی، کـە هەندێـك لـەو بـاوەڕەدان هونـەر بەگشـتی پێچەوانـەی ئاییـن وفەرهەنـگ و کلتـووری کۆمەڵگـەی کوردییـە.

٤- نەبوونـی دەرەفـەت و هەلـی پێویسـت بـۆ کچـان و ژنـان بـۆ ئـەوەی بتوانـن خۆیـان لـەم بـوارەدا بدۆزنـەوە.

٥- قسـە و قسـەڵۆکی و خەڵکـی و تـرس لـە نەفرەتـی کۆمەڵکـە، کـە بەشـێك لـە کچـان و ژنـان نایانەوێـت بـەر ئـەو شـەپۆلەی قسـە و توانجانـەی کۆمەڵگـە بکـەون.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، چەندیـن کـچ و ژنـی شـانۆکار توانیویانـە بەوپـەڕی بوێرییـەوە بەشـداری لـە شـانۆکاندا بکـەن و سـەرکەوتنی گەورەشـیان بۆخۆیـان تۆمـار کـردووە، کـە دەکـرێ هۆکارەکـەی پشـتگیری خێـزان و هۆشـیاری خێـزان بوبێـت. ئەمانـەش جێگـەی دڵخۆشـین.

لەمـاوەی ئـەم دە ساڵەی دواییـدا شـانۆکارانی گەرمیـان توانیویانـە بەبـێ پاڵپشـتی مـاددی و مەعنـەوی لایەنـی پەیوەندیـدار چەندیـن کاری شـانۆیی جـوان و پڕبایـەخ نمایـش بکـەن و بەمـەش مۆمـی داگیرسـاوی هونـەری شـانۆ بـە ڕووناکـی بمێنێتـەوە، بـەڵام بـۆ دەڤەرێکـی گـەورەی وەکـو گەرمیـان، کـە زۆرتریـن هونەرمەنـد و شـانۆکاری تێدایـە، ئەمـە کەمـە جێگـەی دڵخـوازی خەڵکـی و بینەرانـی شـانۆ و شـانۆکارانیش نییـە.

جێـی خۆیەتـی لێـرەوە داوا لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و بەڕێوەبەرایەتـی ڕۆشـنبیریی و هونەریـی گەرمیـان بکەیـن، بەجـدی بێتـە سـەر هێـڵ و ئـاوڕی جـددی لـەم بـوارە بداتـەوە و هۆڵـی تایبـەت و بودجـەی تایبـەت و کەرەسـتەی پێویسـت بـۆ شـانۆ و شـانۆکاران دابیـن بکـەن و نەهێڵـن ئـەم کاروانـە پـڕ سـەروەرییە لـە ڕۆشـتن بوەسـتێ و هەولێـش بـدرێ ڕێـز لـە شـانۆکارانی کـۆن و نوێـش بگیـرێ ئـەوەش لـە پـای ماندووبوونیـان بـەم هونـەرەوە، کـە بۆمـاوەی چەندیـن سـاڵ توانییـان خزمەتـی و شـانۆ و گەرمیـان بکـەن و کێشـە و کێماسـی و ئاریشـەکانی کۆمەڵگـە بخەنـە سـەر

تەختەی شانۆ و بە نمایشکردنی شانۆی (بەزمەسات و مەرگەسات) بەشێك بوون لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە. بە ڕای ئێمە ئەمانەی باس کران، بەشێکن لە مێژووی شانۆی گەرمیان و نکۆڵی لێ ناکرێت، بۆیە پێویست دەکات هەمووان بە یەك دەنگ و بە یەك ڕەنگ دەست بخەینە ناودەستی یەکتر و هونەری شانۆ قۆناغێکی تر ببەینە پێشەوە و نەهێڵین کاروانەکە بوەستی. هەربۆیە وەکو ئەرکێکی پیشەیی و ئاکاری پێویستە فریای شانۆی گەرمیان بکەوین و لەم متبوون و ناکاراییە ڕزگاری بکەین.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





ئامادەکردنی:

ئەحمەد محەمەد قادر و مستەفا سەعید عەلی

# گوندی قولەبەرز

## گوندی قولەبەرز...

بەو بەرنامەیەی هەمانە لە بڵاوکراوەی یادی کەلاردا کە هەموو ساڵێک لە سەر گوندێکی قەزاکە بنووسین، ئەمساڵ باروبنەمان بردە گوندی قولەبەرز و لەبەرواری ١٢/١٢/٢٠٢٥ سەردانی ماڵی کاک عومەری سۆفی عەبدولقادرمان کرد بە مەبەستی نووسینەوەی مێژووی گوندی قولەبەز، وەبە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەزا و خوێندەواری گوندەکە دوای گفتووگۆیەکی تێر و تەسەل ئەم بابەتەی لێ هاتەبەرهەم

## - ناوی قولەبەرز لە چییەوە هاتووە و کێ ناوی ناوە؟

- عومەر سۆفی عەبدولقادر وتی: لەسەردەمی عوسمانییەکاندا ژمارەیەک قولە لەسەر ڕێگای کەلار_مەیدان دروستکراون بۆ دیدەوانی سەربازیی، پێدەچێت ئەوقولانە ئیلهام بەخشی ناوی ئەم گوندەبووبن. باوکم وتی: لەساڵی چلەکان جێبێک هاتە گوندەکەمان، سێ گەنجی تێدابوو، پیاوی دەوڵەت بوون، بۆ سەرژمێریی خەڵکی ئاوایی هاتبوون، پێدەچێت سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ بووبێت، ڕێکەوتی باوکم دەکەن کە بە بێڵێکەوە لە زەرعاتەوە دێتەوە، لێیان پرسیووە: خاڵۆ ئەم گوندە ناوی چییە؟ ئەویش وەستاوە و خۆی داوە بەسەر بێڵەکەیدا و وتوویەتی: ناوی نییە، جا لە ڕاستیدا تا ئەو کاتە ناوی نەبووە، ئەوانیش ئەرکیان بووە ناوێک لە گوندەکە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بنرێت و سەرژمێریی بکەن، بۆیە پێشنیازیان کردووە کە باوکم ناوێکی لێبنێت، دیارە ئەویش لە بیرکردنەوەدا چاوی گێڕاوە و قولەکانی هاتووەتە بەرچاو و وتوویەتی: ناوی بنێن قولەبەرز؟

## - کاک عومەر پێش هاتنتان بۆ ئێرە،ماڵتان لە کوێ بووە؟

- پێش هاتنمان لە گوندی بێرەش بووینە، ئیتر باوکم چاوی لەسەر ئەم شوێنە بووە، بەڵام کە وەعدی پێدراوە و جێبەجێیان نەکردووە، ئیتر باوکم دڵگران بووە و باری کردووە بۆ گوندی قەڵاتەپە، مام حاجی محەمەد شاتری باوکی حاجی برایمی شاتری، بەم کارە نیگەران بووە، کاتێک باوکم چووەتە دەرەوەی سنووری جاف، بۆیە سێ کەس دەنێرێت بە شوێنیدا، پەیمانی پێدەدات بەس بگەڕێتەوە ناویان هەرچی بوویێت بۆی جێبەجێ بکات، ئیتر دڵی باوکم دێننەوە جێی خۆی و لە دامێنی ئەم گردە دا ئەم گوندە ئاوەدان دەکاتەوە و خوشکەکانیشی دێنێتەوە تەنیشتی خۆی...

- کاک عومەر دەکرێت بە کورتی، گرنگیی ڕووباری سیروانمان بۆ باس بکەیت، لە کۆن و نوێدا؟

-بەڵێ، کورد وتوویەتی: ئاو و ئاوەدانی، سیروان هۆکاری یەکەمی دڵنشینی و پەسەندیی باوانمان بووە، سروشتێکی دڵڕفێنی بەخشیوەتە قولەبەرز، دەتوانم بڵێم سەوزایی و کەشێکی فێنکتری بەخشیوە لە چاو گوندەکانی دیکەدا، ئەگەرچی ئاستی سیروان نزمە و کەمترین بەراومان بۆ دەکات، لە ئێستادا بە هۆی ماتۆڕ و موزەخەوە سودی باشی هەیە، لە کۆنیشدا ڕێڕەوی بەشێک لە بازرگانی نێوان عێراق و ئێران بووە، ئەویش لە ڕێی(کەرەشی)یەوە، شمەکی ئێرانی بە کەڵەک پەڕێنراوەتە ئەم بەر و هی عێراقیش بە هەمان شێوە بۆ ئەوەبەری سنووری گۆڕەشەلە و سەنگەرەکان، لەوێوە بۆ قۆرەتوو و قەسری شیرین و زەهاو، یەکێک لە باشترین و شارەزاترین کەڵەکەوانەکانی ئەم سنوورە (مام حەمە عەلی عەلی محەمەد)بووە، کە دەکاتە زاوای باوکم.

کەرەشی سەرچاوەیەکی باشی ئابووری بوو بۆ خەڵکەکەمان، چونکە شمەکە هاوردە و نێرراوەکان بەهۆی گوێدرێژی ئاواییەوە دەگوازرانەوە بۆ گوێچەمی سیروان و لەبەرامبەردا خەرجییەکی باش وەردەگیرا. جگە لەمانە گوندنشینان سەرچاوەی سەرەکییان ئاژەڵداری بووە، ئاژەڵیش بەبێ سەرچاوەی ئاوی پاک سەرکەوتوو نابێت و پوشوو و پاوەنیش دیسان سەرچاوەی سەرەکی ئاژەڵە و ئاویش بە کورتی و لە سەردێری باسەکەمدا وتم: ئاو و ئاوەدانی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## شوێنی قولەبەرز:

ئـەم گونـدە دەکەوێتـە سـنووری ئیـداری ناحیـەی باوەنـوور و پێدەشـتی گەرمیانـەوە، لـە ڕۆژهەڵاتییـەوە ڕووبـاری سـیروان و لـە ڕۆژئاوایشـییەوە جادەی جـووت ئاراسـتەی دەربەندیخـان- کـەلارە، لەباکوورییـەوە گونـدی سـەید مەحمـودە، ئێسـتایش ئـەم گونـدە لەسـەر کـەرتی ٣ی کشـتوکاڵیی بێرەشـە، گونـدی ڕەنـد عـەلی خانیـش ئەکەوێتـە باشـوورییەوە، ئـەم گونـدە بـە هـۆی سروشـتی جـوان و گوێچەمـی سـیروان و گـردوو تەپۆڵکەیـەوە دیمەنێکـی دڵرفێنـی هەیـە.

بژێـوی ژیانیـان زیاتـر بـە ئاژەڵـداری و کشـتوکاڵەوە سـەرقاڵ و کاری ئازادیـش دەکـەن، وەک زۆربـەی هـەرەزۆری دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان بەشێکیشـیان لـە فەرمانگـە و دامـودەزگاکانی حکومەتـدا فەرمانبـەر و کاربەدەسـتن، لـە ئێسـتادا ٢٠٢٦ نزیکـەی ٤٣ ماڵـی تێدایـە، ژمـارەی دانیشـتوانیشی نزیکـەی ١٧٥ کـەس و زیاتـر لـە دوو هێندەیـش خەڵکـی ڕەسـەنی ئـەم گونـدە لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان و دەرەوەی وڵاتـدا دەژیـن، ئەنجوومـەنی گوندەکەمـان نـاوی( سـاڵەح حسـێن مەعـرووف)ە، کـە پەیوەنـدی نێـوان فەرمانگـەکانی حکومـەت و خەڵکـی قوولەبـەرز ڕایـی دەکات، دانیشـتوانی ئـەم گونـدە لـە تیـرە و عەشـیرەتەکانی: وردە شـاتری و ڕۆغزایـی و کـەرۆی پێـک هاتـوون.

## مێژووی قوولەبەرز:

مێـژووی دروسـتبوونی ئـەم گونـدە دەکاتـە سـاڵی ١٩٤١، ئـەو کات بـە دووریـی(١) کـم ، لـە خۆرئـاوای ئێسـتای ئاوایـەوە کـە پێـی دەڵێیـن: قەڵـوەزەی کـەلاوەکان، هەریـەک لـە حاجـی حسـێن ئەحمـەد محەمـەد و عەبدولقـادر ئەحمـەد محەمـەد، هەڵسـاون بـە بونیـادی ئـەم گونـدە و بـۆ نزیکـەی سـاڵێک لـەو گوێچەمـە بـە ئاژەڵـداری و کشـتوکاڵەوە سـەرقاڵ بـوون، دواتـر بـە هـۆی سرووشـتی سـیروان و گـەڕان بـۆ شـوێنێکی گونجاوتـر و هەروەهـا بـە هـۆی زیادبـوون و هاتنـی هەندێـک لـە خـزم و دۆسـتان لـە گونـدەکانی دەوروبـەر و بگـرە دوورتریـش بـۆ ئـەم شـوێنە، بەباشـیان زانیـووە لـەم جێگایـە بگوێزنـەوە ئـەم مەنزڵـەی ئێسـتامان( قولەبـەرز).

بـۆ ئـەوەی کارەکەمـان درووسـتتر بێـت و مـافی ئـەوانی دیـش بدەیـن، بەشـێک لـەو کەسـایەتی و خەڵکـەی کـە ڕۆڵیـان لـە بونیـادی ئـەم گونـدەدا هەبـووە و لـە کاروپیشـەدا دەسـت ڕەنگیـن بـوون، دەخەینـە ڕوو:

١-سۆفی عەوڵقادری قولەبەرز
٢-حاجی حسێن قولەبەرزی
٣-حاجی حەمە غەریب
٤-حەمە ساڵح عەلی محەمەد
٥-حەمە عەلی عەلی محەمەد
٦-حەمە ساڵح سۆفی عەلی
٧-حسێن مارف سەیدە
٨- سۆفی ڕەشید ئەحمەد محەمەد


٩-تەلیعە ئەحمەد محەمەد: بە قسەی خەڵکی گوند، ئەم ژنە کەسێکی دونیادیدە و خاوەن ئەزموون بووە، بەتایبەت بۆ کاری مامانی و مردووشۆری لە گوندەکانی دەوروبەریەوە دەهاتنە دوایدا، هەموو ئەمانەی لەبەر ڕەزامەندیی خودا دەکرد، لە شەوانی درێژی زستان و پایزدا مناڵانی گەڕەکی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە و حیکایەتی گوێی ئاگردان و چیرۆکی کورت و درێژی بۆ دەگێڕانەوە، بە جۆرێک کاریگەری لەسەر مناڵ و مێرد منالان دروستکردبوو، خواخوایان بوو کەی خۆر ئاوابێت و لە دەوری دادە تەلیعە کۆببنەوە و گوێی گێڕانەوەی شیرینی بۆ هەڵخەن، ئەوان وتیان چیرۆکی ئاوەهای هەبوو بە ١٠ شەو کۆتایی هاتووە، تەنها ئەوەندەی دەوت: ڕۆڵەکانم سبەی شەو بیرم بخەنەوە کە گەیشتوینەتە کوێ؟

١٠-مامۆستا مەلا محەمەد سەعید
١١-محەمەد حاجی حسێن
١٢-نەجم حەمە غەریب
١٣-عەلی سۆفی عەبدولقادر
١٤-ئدریس محەمەد عەلی
١٥-محەمەد حەمە ساڵح

١٦-خەلیفە ڕەحیم، ئەم پیاوە کەسێکی شارەزا و ژیر و بە سەلیقە بووە، ئەوەی کە پێی دەوترێت دەست ڕەنگینی، ئەم پیاوە خواناسە لە بواری ئاسنگەری و کاری دروستکردنی داس و چەقۆ و گاسن و باڵتە و هتد دا هەیبوو، لە گوندەکانی سنوورەکەوە دەهاتنە خاکوپایی و بە سوپاسەوە داوایان لێدەکرد، فڵانە ئامێریان بۆ درووست بکات، ئەوانەی کە لە کورەدا دەکران. ئەوەی هەبوو لە گەڵ هەر چەکوشێکدا دەیوت: اللە...

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku












## شوێن و شوێنەوارە دیارەکانی قولەبەرز:

١-قولەبەرز: قولەیەکی گەورەیە بەسەر تەپەی پشتی قولەبەرزەوە ڕوو لە باوەنوور، ئەم قولەیە یەکێکە لەو سیلسیلە قولانەی کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دروستکراون، ئەم قولانە لە پێوازەوە تا کەلار بە کەناری سیروانەوە بوونیان هەیە، لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەم قولەیە لە گەڵ گوندەکەدا ڕوخێنران، بەرزیی ئەم قولەیە ٧٠٠بۆ٨٠٠م دەبێت و لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان تۆمارکراوە.

٢-دۆڵی کانی: ئەم دۆڵە هەندێک لە دەرەوەی گوندی قولەبەرزە، لە کۆندا کە بیری ئاو نەبووە، ژنان و کچانی دێ بە مەنجەڵ و کونە ئاویان بۆ پێداویستییەکانیان هێناوە، تەنانەت زۆر جار خەڵکی خۆیشیان لێ شووشتووە، بۆیە بە حەمامی ئاواییش ناوی براوە.

٣-هەوارە قووڵە: شوێن و سروشتێکی تایبەت و جوانە، ئەشکەوتێکی تێدایە، جگە لەوەی خەڵک و میوانی ئەم گوندە دەچوونە تەماشای، زۆرجاران لە پاش ئەنفال پەناگەی پێشمەرگە پارتیزانەکان بووە.

٤-قولەبەرز زۆر بەنزیکی لە نێوان ڕووباری سیروان و شەقامی جووت ئاراستەی دەربەندیخان- کەلار دا بۆ خۆی گرنگییەکی تایبەتی بەخشیوەتە گوند.

## مزگەوت و یەکەم مەلای مزگەوت:

کاک عومەر سۆفی عەبدولقادر: ئیمەی کورد لە گەڵ ئاوەدانکردنەوەی هەر شوێنێکدا بە زوویی مزگەوتمان بۆ خواپەرستی درووستکردووە، لە ساڵی پەنجاکان لەسەر داوای باوکم مەلایەکمان بۆ هات ناوی مەلا محەمەد بوو، خەڵکی مەریوان



بـوو، ئەوکاتانـە مـەلا و بگـرە خوێنـدەوار کـەم بـوون، بۆیـە ماوەیـەک لـە دروسـت بوونیـەوە ئـەم گونـدە مـەلای نەبـووە. دوای ڕۆیشـتنی مـەلا کەریـم، خاڵـۆ شـێخ محەمـەد هـات، شـێخ محەمـەدی قەیتولییـان پێـدەوت، هـاوڕێ و دۆسـتی باوکـم بـوو، پاشـتر مـەلا سـابیر هـات، لـە حەفتـاکان مامۆسـتا مـەلا محەمـەد هـات خەڵکـی جەلـەولا بـوو، کـورد بـوو، هـەر لێـرە ژنخوازیـی کـرد و مایـەوە، تـا سـاڵی هەشـتاکان کۆچـی دوایـی کـرد، دواتـر مەلایەکـی دیکەمـان بـۆ هـات نـاوی مـەلا محەمـەدی مەلکـی بـوو، لـە سـاڵی ١٩٨٥ کۆچـی دوایـی کـرد و لەسـەر ڕاسـپاردەی خـۆی لـە ئەحمەدبرنـە ناشـتمان، چونکـە مامۆسـتاکانی لـەوێ بـوون.

لـە پرۆسـەی ئەنفالـدا مزگـەوت و مـاڵ و حاڵـمان تەختـی زەوی کـران، سـوپاس بـۆ خـوا لـە پـاش ڕاپەڕیـن وەک نۆماڵـە هاتینـەوە و جارێکـی دیکـە لـە خاڵـی هیچـەوە ئـەم بونیادەمـان نایـەوە کـە جەنابتـان دەیبینـن و تەشریفتـان بـۆ هێنـاوە.

## مێژووی قوتابخانە لەم گوندەدا:

سـاڵی ١٩٧٨ قوتابخانـە هاتووەتـە گوندەکەمـان، سـەرەتا لـە خانوویەکـی گڵینـدا منداڵەکانمـان نرانـە بـەر خوێنـدن، ئـەوەی لەبیرمـان بێـت یەکـەم مامۆسـتامان: مامۆسـتا ئەنـوەر محەمـەد مـوراد بـوو، خەڵکـی جەلـەولا بـوو، دواتـر مامۆسـتا نـازم بیجـان بـووە، دوای ئـەو مامۆسـتا عەبدولڕەحـمان سەرسـپی هاتـووە، پاشـتر مامۆسـتا حەمـە سـەعید و دوای ئەمـان مامۆسـتا محەمـەد فـەرەج حەمەئەمیـن بـووە، پـاش ڕاپەڕیـن مامۆسـتا محـی الدیـن احمـد بـووە بەڕێوەبـەری قوتابخانەکەمـان، ڕۆڵـی بەرچـاوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨١ حکومەتی عێراق بینای بۆ قوتابخانەکەمان دروستکرد، لە ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوێکی فەرەنسی (فرانس لیبرتی) قوتابخانەی بۆ کردین.

ئەوەی شایانی باس بێت، مامۆستا محەمەد فەرەج، لە پرۆسەی ئەنفالدا هەموو کەرەستە ئیدارییەکانی گوندی قولەبەرزی لە سوتان ڕزگار کردووە و بردویەتییە ماڵی خۆیان و لە کاتی ئاسایی بوونەوەدا ڕادەستی پەروەردەی گەرمیانی کردوەتەوە.

کاک عومەر لەبارەی ئایین و سۆفیگەرییەوە، وتی:

-خەڵکی ئەم گوندە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ مەلا و مزگەوت و فەقێ و خانەقاکانی نەقشبەندی و قادری و شێخانی ئەحمەدبرنە و شاکەلدا ئاوێزانی یەکتربوون و دۆستایەتی و خواناسی وایکردبوو، کە خۆشەویستی و هامووشۆی گەرم لە نێوانیاندا درووست بێت.

بۆ چەکەرەکردنی سۆفیگەری و هێنانی بۆ ئەم دێیە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەروبەندی پەیوەندی سۆفی ڕەشید ئەحمەد قولەبەرزی و سۆفی عەزیزی گوندی کوێرەک، لەبناری بەمۆ، ئەویش بەهۆی ئاشنایەتیانەوە لە کاری سەربازی و پەیوەندییەکەیش بۆ ساڵی ١٩٧٥ ئەگەڕێتەوە، هەر ئەم پەیوەندییە بووە مایەیی ئەوەی لە کاتە جیاوازەکاندا هەریەک لەم زاتانە بۆ سەردانیی و پتەوکردنی ئەم تەریقەتە تەشریف بهێننە گوندی قولەبەرز: شێخ عوسمانی نەقشبەندی، شێخ ڕەئووف نێرگزەجاڕیی، شێخانی شاکەل بە چاوساغی شێخ ئەحمەدی شاکەلی، هاتنی ساڵانەی قادرییەکان بۆ ماڵی حاجی حەمەغەریب، سەرەڕای پێشکەوتنەکانی دونیا و ئاڵوگۆڕەکانی هێشتا ئەم پەیوەنییانە تا ئاستێکی باش گەرم و گوڕییان ماوە...

## قولەبەرز و ئامێزێک بۆ لێقەوماوان:

لە سەرەتای دروستبوونی ئەم گوندەوە سەرۆکی عەشیرەتی گەڵواخی لە خاکی ئێراندا ڕووداوێکیان لەدەست دەقەومێت، لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەی ئێرانەوە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت بۆیە پەنا بۆ کەسایەتییەکانی ئەم گوندە دەهێنێت و ئەمانیش بە دڵی فراوانەوە داڵدەی دەدەن و هاوکات لە لایەنی خەڵکی دیکەوە هەوڵی چارەسەری گرفتەکەی لە ڕووی ئێرانەوە بۆ دەدەن، تا ئەوکاتەی کێشەکەی لە ئێراند بۆ مەیسەر دەکەن ئەم پیاوە بە ماڵ و خێزانەوە بەوپەڕی ڕێز و مەحبەتی دەرهەق دەنوێنرێت، دواتر بەوپەڕی سوپاس و پێزانینەوە ئێرە جێدێڵێت و کەسایەتییەکانی ئەم گوندە تا سنوور بەڕێی دەکەن.

ساڵی ١٩٧٤ و چۆڵکردنی گوندەکانی سنووری قەزای خانەقی، خەڵکی ئەم گوندە چوون بە هانایانەوە و باوەشی مرۆڤدۆستیان بۆ کردوونەتەوە، لە گوندی مەحموودقەجەر تا گوندەکانی بناری بەمۆ و سەرتەک نزیکەی ١٥ - ٢٠ ماڵیان هاتوونەتە ئەم گوندە و شوێن و لانە و بانەیان لە نێو ماڵی خۆیاندە بۆ کردوون، دواتر هەندێکیان خانوویان بۆ خۆیان دروستکردووە و تا ماوەیەکی دوور و درێژ وەک برا پێکەوە ژیاون و زۆریشیان تا ئێستا ئەو پەیوەندییەیان کاڵنەکردووەتەوە، ئەگەرچی بەرەزامەندی خۆیان پاش ئاسایی بوونەوەی بارودۆخ بۆ جێگای دڵخوازی خۆیان باریان کردبێت.

لە شاڵاوی ئەنفالدا، گوندەکانی: سۆفی ڕەحیم، گڵاڵکەوە، ژاڵەی حاجی قادر، پێش ئێمە ڕوخێنران و ئێمەیش بە شەو دەچووین بە هانایانەوە، بەوجۆرە توانیمان زیاتر لە ٤٠ ماڵی ئەو گوندانە بە خێزان و مەڕوماڵاتیانەوە لە چنگی بەعس و شاڵاوی ئەنفال ڕزگار بکەین و لە نێو ماڵ و خێزانی خۆماندا جێگایان بۆ دابین بکەین، دواتر لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٨ ئێمەیش بەر شاڵاوی بەدناو کەوتین، ئەوجا هەمووومان پێکەوە و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئۆردوگای سموودی ئەوکات و قەزای ئێستای ڕزگاری کراین.

کاتێک هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەر چەکی کیمیایی درا، لە ساڵی ١٩٨٨ کەسایەتی و پیاوماقوڵانی ئەم گوندە بەڕاوێژ ڕێککەوتن و چوون بە هانایانەوە زیاتر لە ١٠ بۆ ١٥خێزانیان هێنایە گوندی قولەبەرز و ماوەیەکی زۆر لەم گوندە مانەوە، ئەوانەیش لە وارسی عومەری خاوەر بوون\.

لە ساڵی ١٩٧٥ کۆمەڵێک ماڵ لە ئێرانەوە گەڕانەوە و هاتنە گوندی قولەبەرز، بیرم دێ خزمانی عەشیرەتی وەرمزیار بوون، بۆماوەیەکی زۆر پێکەوە وەک برا دەژیاین، ئێستایش ئەو پەیوەندییە هەر ماوە و بەردەوامیی هەیە.

کەسایەتی دیاری ئەم گوندە( سۆفی عەبدولقادر) جێگەی دوو کەسی بێلانە و بانەی لە ماڵی خۆیان کردووبووەوە: مام حسێن کە بە حسێنە گورگە ناوبانگی ڕۆیشتبوو، ئەوکات تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، ١٠بۆ١٥ ساڵ لای نیشتە جێبووە، دەگێڕنەوە هارکاتەی چێشتێکی خۆشیان بووایە سۆفی لەگەڵ مام حسێن نانی دەخوارد!

ئەوی دیکەیان: مام قادر، کە کەسێکی بێکەس و بێماڵ و حاڵ و کەمێکیش(ساعەقڵ) بووە، خەڵکی گوند بە هەرەوەزیی خانوویەکی بۆ درووست دەکەن و هەر ژەمێکی



لـە ماڵێکـەوە بـۆ دەڕۆیشـت، تـا کۆچی دواییـان ئـەم دوو بێلانەیـە لـەم گوندەدا داڵـدەدران و هـەر لێـرەش کۆتایـی بـە بێلانەییـان هـات و لـە ڕیـزی کۆچکـردووانی خۆیانـدا بـە حورمەتـەوە بـە خاکیـان سـپاردوون!

## قولەبەرز و کوردایەتی:


خەڵکـی ئـەم گونـدە وەک ژیـانی کوردەواریـی لـە کۆنـدا بەتایبـەت بـۆ کوردایـەتی درێغیـان نەکـردووە بۆیـە ئەسـتەمە ماڵێـک، خێزانێـک لـە کوردەواریـدا هەبـن بـە دەسـتی دووژمنـەکانی کـوردەوە زیـانی گیـانی و ماڵـی و ئاوارەییـان بەرنەکەوتبێـت.

لەسـاڵی ١٩٦٣ و دەسـتپێکی دەست بەکاربوونی(بەعـس)ەوە، بـە هـۆی هاریـکاری هێـزی پێشـمەرگەوە ئـەم گونـدە بـەر پەلامـاردان دەکەوێـت، بـەو هـۆکارەوە زۆربـەی هـەرزۆری خەڵکـی گونـد و بەتایبـەت گەنـج و لاوەکان ڕووە و گونـدەکانی گەرمیـان و دۆڵ و چـەم و یاڵـەکان دەشـت دەدەن لەبـەر، بەشـێکیان دەچنـە شـوێنێک بەنـاوی(وارە قووڵـە) خۆیـان حەشـار دەدەن، لەوێـش جێیـان پێلەقدەکرێـت، بۆیـە خەڵکـی گونـدی چەمەبیسـمیللا، مەردانـە دێـن بەهانایانـەوە و پەنایـان دەدەن، هـەر لەوپەلامـارە دا گونـدی قولەبـەرز دەسـوتێنرێت، ئاشـکرایە کاتێـک گوندێـک بەرپەلامـاری داگیرکەرێـک دەکەوێـت و دەسـوتێنرێت پێویسـتیی بـە کاتـە تاوەکـو سـەرلەونوێ ئـاوەدان بکرێتـەوە و ناوماڵـەی نـوێ بەیەکـەوە بنێنـەوە، بەهـەر حـاڵ هەناسـەیەکی نـوێ و ئاوەدانیـی دەکرێتـەوە بـە بەری ئاواییـدا، وەک دەڵێـن بەدرێژایـی مێـژوو شـۆڕش لـە کوردسـتان نەبـڕاوە، بۆیـە جارێکـی دیکـە و لـە سـاڵی ١٩٧٥ شـۆرشی نـوێ هەڵدەگیرسـێتەوە، دیسـان پێشـمەرگە هامووشـۆی ئـەم گونـدە دەکـەن، لاوێ بـە نـاوی( حەمـە قیـادە) دەبێتـە پێشـمەرگە و بەداخـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٢ شـەهید دەبێـت، ئـەم بـارە زیاتـر جـۆشی کوردایـەتی و پەیوەنـدی لاوەکان بەشۆڕشـەوە گـوڕ پێـدەدات، دەرئەنجـام کۆمەڵێـک لـە گەنجـانی ئـەم گونـدە پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی هێـزی پێشـمەرگەوە دەکـەن و هەنێکیشـیان ئاشـکرا دەبـن و لەلایـەن بەعسـەوە دەسـتگیر دەکرێـن، بەشـێک لەوانـە: سـاڵح خەلیفـە ڕەحیـم، عەبدوڵـلا

محەمـەد فەتـاح، سـتار، ئیبراهیـم محەمـەد عەلی...ئەمانـە دەبوونـە هـۆکاری ئـەوەی کـە ڕژێمـی بەعـس چەندیـن جـار پەلامـاری ئـەم گونـدە بـدات، جگـە لـەم گوشـارانە، بەعـس لـە گردێکـی نزیـک لـەم گونـدەوە و لـە گوێـی جادەکـەدا ڕەبیەیەکـی سـەربازیی دانـا بـۆ ئـەوەی چاودێـری وردی جمووجوڵـی خەڵکـی گونـد و پێشـمەرگەکانی ئـەم گونـدە بـکات، تـا کار گەیشـتە ئـەوەی شـەوێک ئـەم ڕەبیـە دەکەوتـە بـەر پەلامـاری هێـزی پێشـمەرگە، ئـەوەی تێدابـووە بـە دیـل دەگیرێـن و دوو سەربازیشـیان لێکوژرێـن، لەگـەڵ تاریـک و لێڵـی بەیانیـدا هێزێـک لـە باوەنـوورەوە دێـن و دەورەی ئـاوای دەتەنـن، بـەڵام گەنجـان و لاوانی ئـەم گونـدە پێشـوەختە گوندیـان بـە جێهێشـتبوو، بەشـێکیان بـە چـووپ خۆیـان بـەرەوە گونـدی چاڵـەڕەش دابـوو بـە دەم ڕووبـاری سـیروانەوە، ئەوکاتـە سـۆفی عەبدولقـادری قولەبـەرزی موختـاری دێ دەبێـت، خـۆی و کوڕەکـەی لەلایـەن هێزەکـەوە دەستبەسـەر دەکرێـن و چەکـدارەکان سـوکایەتی بـە سـۆفی دەکـەن، کوڕەکەیـشی ئەمـەی پـێ قبـووڵ نابێـت و لـە گەڵ(جاش)ێـک چنگاوشی یەکـتر دەبـن و کـوڕی مـام سـۆفی شـەقێک لـە چەکدارەکـە هەڵـدەدا، بـەو هۆیـەوە کوڕەکـەی دەبرێـت و دوای هـەوڵ و تەقەلایەکـی زۆر لـە لایـەن چەکدارێکـی دەستڕۆیشـتووی ناوچەکـەوە ئـازاد دەکرێـت، مـام سـۆفی بـە بەرپرسـی فەوجـە سـەبازییەکەی وتبـوو، خـوا شـاهیدە عومـەر و عـەلی کـوڕم بکوژرایـەن هـەر هێنـدەی ئـەو دووسـەربازە نیگـەران دەبـووم، ئـەم دەربڕینـەی مـام سـۆفی کاریگەریـی ئەرێنـی لەسـەر هێورکردنـەوەی بارودۆخەکـە هەبـووە..

لـە دوای ئەنفـال پارتیزانـەکان لـە گەرمیـان دەمێننـەوە، یەکێـک لـە حەشـارگەکانیان نـاوی(وارە قووڵـە) بـووە، حسـێن مـارف سـەیدە بەنـاوی شـوانکارییەوە هەمیشـە نـان و پێداویسـتی ئـەو گروپـە پێشـمەرگانەی دابیـن دەکـرد، کـە بەزۆریـی ئـەو دەسـتەیە بـوون کـە کاک کـوردۆ قاسـم بەرپرسـیان بـوو..

خەڵکی ئەم گوندە قوربانیان لە پێشـمەرگایەتی و ڕاپەڕین و ئەنفالیشـدا داوە...



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





# بیبلۆگرافیای ژمارەکانی یادی کەلار
# لە ژمارە (١ – ١٠)

ئامادەکرنی : نەبەز حەمید عەلی

## ژمارە (١)



| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| .ناوی کەلار لە چییەوە هاتووە | مستەفا سەعید | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٣ - ٤ |
| مێژووی کۆنی کەلار لەڕووی بەڵگە شوێنەوارییەکانەوە | محەمەد عەلی کەریم | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٥ - ٧ |
| قەڵای شێروانە وەک ناوەندی شانشینێکی دێرین | خالد محمود کەریم | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٨ - ١١ |
| مێژووی پەروەردە و فێربوون لە کەلار | سەباح عەلی جاف | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ١٢ - ١٦ |
| شاری کەلار.. بزوتنەوەی ژنان و بەشێک لە دەستکەوتەکانیان | تابان گەرمیانی | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ١٧ - ١٩ |
| کۆمەڵی مەدەنی لە کەلاردا | بێستون ژاڵەیی | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٢٠ - ٢٣ |
| شانۆی کەلار | محەمەد سابیر کەمەر | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٢٤ - ٢٦ |
| هۆرە و ژیان و دەوروبەر | م. عەبدوڵا حەسەن قادر | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٢٧ - ٣١ |
| وەرزش لە کەلار | کامەران یارویس | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٣٢ - ٣٣ |
| زانکۆی گەرمیان و گەشەکردنی پێوانەیی | پ.ی.د. دارا حەمید محەمەد | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٣٤ - ٣٥ |
| کەلار و خەنەبەندانی ١٩٨٤ | دیار ڕەشید | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٣٦ - ٣٧ |
| گۆڕستانی منداڵانی کەلار مێژووەکەی بۆ ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە | دلێر عبدولڕەحمان | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٣٨ - ٣٩ |
| جۆگەی گاور | ساڵح هەلاج | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٤٠ - ٤١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قوتابخانەی ئەڵومن و حیكایەتی حەشاردانی دوو پێشمەرگە | دیار ڕەشید | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٤٣- ٤٢ |
| قایمقامەكانی قەزای كەلار ١٩٧٠ - ٢٠١٧ | مستەفا سەعید | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٤٦ - ٤٤ |
| شیكردنەوە و كاریگەرییە سروشتیەكان لەسەر دانیشتوانی شاری كەلار | ڕزگار حاجی حەمید | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٥٠ - ٤٧ |
| گردەگۆزینە | ئەحمەد محمد قادر | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٥٤ - ٥١ |
| وتاری یەكەمین فیسیڤاڵی ٤٦هەمین ساڵیادی بەقەزابوونی كەلار | لیژنەی ئامادەكاری فیستیڤاڵ | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٥٧ - ٥٥ |
| چالاكییەكانی یەكەمین فیسیڤاڵی ٤٦هەمین ساڵیادی بەقەزابوونی كەلار | دلێر عبدولڕەحمان | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٥٩ - ٥٨ |
| فۆتۆستۆری یەكەمین فیسیڤاڵی ٤٦هەمین ساڵیادی بەقەزابوونی كەلار | دلێر عبدولڕەحمان | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٦١ - ٥٩ |
| فۆتۆستۆری كەلار لە چاوی وێنەكانەوە | دیار ڕەشید | ١ / ٢٠١٧ | ٤٧ | ٦٣ - ٦٢ |

• ستافی ئامادەكاری ژمارە ١ ی شوباتی ٢٠١٧ ی بڵاوكراوەی یادی كەلار: شەهاب ئەحمەد، ساڵح هەلاج، پ.ی.د دارا حەمید،
مستەفا سەعید، بێستون ژاڵەیی، ئەحمەد محەمەد قادر، دیار ڕەشید، دلێر عەبدوالڕەحمان، مەریوان حەسەن، پشكۆ محەمەد.

• دیزاین : ئامانج عەلی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## ژمارە (٢)



| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| جێگەی شاری کەلار و سەرەتای ئاوەدان بوونی لە ئایاری ١٩٥٤ | عبدالرقیب یوسف | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٢ - ١٣ |
| ڕادیۆی دەنگی گەرمیان .. وەک یەکەم ڕادیۆی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ی خەڵکی کوردستان | ئەحمەد محەمەد قادر | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٤ - ٢٧ |
| مێژووی شوێنەوارەکانی کەلار و دەوروبەری | محەمەد عەلی کەریم | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٢٨ - ٣٦ |
| پێکهاتەی زمان لە کەلار | پ.ی.د دارا حەمید محەمەد | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٣٧ - ٣٩ |
| مێژووی گەڕەکی سەرکەوتن | مستەفا سەعید | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٤٠ - ٤٩ |
| کەلار پێشەنگە | ئیبراهیم باجەڵان | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٥٠ - ٥٤ |
| دەربارەی کشتوکاڵ لە قەزای کەلار و دەوروبەری | ڕەحیم حەمید عەبدولکەریم | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٥٥ - ٦٣ |
| کەلاری باشوری کوردستان و کەلاردەشتی ئێران لە بەراوردێکدا ! | بورهان محەمەد فەرەج | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٦٤ - ٧١ |
| دوو پەرلەمانتاری کەلاری | سەباح عەلی جاف | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٧٢ - ٧٣ |
| جەوهەر نامیق سالم یەکەمین سەرۆک پەرلەمانی کوردستان ١٩٤٦-٢٠١١ | - | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٧٤ - ٧٥ |
| جەلال بیلال یەکەم قائیمقامی کەلار | سەباح عەلی جاف | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٧٦ - ٧٧ |
| بەشێک لە شاعیر و کەسە دیارییەکانی دەشتی شێروانە | ساڵح هەلاج | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٧٨ - ٨٦ |
| مانگرتووان فۆرمێکی تری خەباتی مەدەنی | باوکی ژیوار | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٨٧ - ٩٠ |
| هۆرە | عەبدوڵڵا حەسەن قادر | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٩١ - ٩٤ |
| چیرۆکی هاتنە دنیای "بارین" یەکەم ڕۆژنامەی ژنانەی لە کەلار و گەرمیان | سوعاد حاتەم | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٩٥ - ٩٨ |
| مێژووی تیپی شێروانە | خۆسرەو جاف | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ٩٩ - ١٠٢ |
| چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی بیرەوەرییەکانم | هیدایەت ئەحمەد کەریم | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٠٣ - ١٠٦ |
| هۆکارەکانی دروست بوون و فراوانبونی شاری کەلار | مشیر عارف عەلی | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٠٧ - ١١٠ |
| شێروانە و تیلەکۆ .. مێژووی کارگێڕییان سڕایەوە | ڕزگار حاجی حەمید | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١١١ - ١١٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ... دادگای کەلار | گۆران حسێن ئەحمەد | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١١٥ - ١٢٩ |
| هێما .. گۆڤاری هێما دواین گۆڤار کە لە شاری کەلار بڵاوبووەتەوە | لاوان ئەحمەد | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٣٠ |
| پۆستەری هەردوو فیستیڤاڵی (٤٧ و ٤٨)ەمین ساڵەی بەقەزابونی کەلار | - | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٣١ - ١٣٢ |
| چالاکییەکانی فیستیڤاڵی ٤٧ هەمین ساڵیادی بەقەزابوونی کەلار | دلێر عەبدولڕەحمان | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٣٣ - ١٣٤ |
| فۆتۆستۆری یادی ٤٧ ساڵەی بەقەزابوونی کەلار | دلێر عەبدولڕەحمان | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٣٥ — ١٣٩ |
| وێنە و مێژوو | دیار ڕەشید | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٤٠ — ١٤٢ |
| بیرۆکەی یادی بەقەزابوونی کەلار | شەهاب حاجی ئەحمەد | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٤٣ — ١٤٤ |
| وێنەی ڕوخانی بەشی سەرەوەی "قەڵای شێروانە" بەهۆی بومەلەرزەوە | دلێر عەبدولڕەحمان | ٢ / ٢٠١٨ | ٤٨ | ١٤٥ |
| | | | | |

• یادی کەلار «بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بەقەزابوونی کەلار ، ژمارە (٢) ٢٨/ ٢/ ٢٠١٨ لە فیستیڤاڵی ٤٨ هەمین ساڵیادی بەقەزابوونی کەلاردا بڵاوکراوەتەوە کە لیژنەی ئامادەکاری فیستیڤاڵەکە پێکهاتون لە: شەهاب حاجی ئەحمەد – سەرۆکی لیژنە ، ئەندامانی لیژنە ( ساڵح هەلاج ، نەجم باجەلان ، ڕزگار حاجی حەمید ، پ.ی.د دارا حەمید محەمەد، ئەحمەد محەمەد قادر، مستەفا سەعید عەلی ، بێستون ژاڵەیی ، پشکۆ محەمەد ڕۆستەم ، سەباح عەلی جاف ، لاوان ئەحمەد ، محەمەد سابیر کەمەر ، دلێر عەبدولڕەحمان ، دیار ڕەشید کەریم ، مەریوان حەسەن ، محەمەد عەلی عەزیز )

• سەرپەرشتیارانی بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٢ ی شوباتی ٢٠١٨ : مستەفا سەعید عەلی ، ئەحمەد محەمەد قادر
دیزاینی بەرگ و تێکست : لاوان ئەحمەد

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## ژمارە (٣)



| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| یادی ڕۆژی کەلارمان چۆن و لە کوێدا بەخاڵدا هات ؟ | شەهاب حاجی ئەحمەد | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٥ - ٧ |
| کەلار و دەروبەری لەڕۆشنایی سەرچاوە (مێژوییەکاندا(١٨٠٠-١٩٠٠ ز | پ.ی. خالد محمود کەریم | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٨ - ٣٧ |
| چۆن پەژاری شاعیرم ناسی | پ.ی.د. دارا حەمید محەمەد | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٣٨ - ٤١ |
| گرنگی دانانی ماستەرپلان بۆ شاری کەلار | میقداد شاکەلی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٤٢ - ٤٦ |
| لە ئەسپەناغەوە بۆ شار | زاگرۆس ئەحمەد | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٤٧ - ٥١ |
| کەشکۆڵی شاکەلی و بیرەوەرییەک | ساڵح هەلاج | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٥٢ - ٥٤ |
| ڕۆڵی زانستی سروشت لە ناسنامەی شار ( شاری کەلار بۆ نمونە) | پ.ی.د. خالد فائق پالانی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٥٥ - ٥٨ |
| کەلار لەژێر سێبەری دوکەڵدا | مشیر عارف عەلی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٥٩ - ٦٢ |
| ئەم یاریە فۆلکلۆریانە لەم ناوچەیەدا باو بوون | ئەحمەد محەمەد قادر | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٦٣ - ٦٧ |
| چەند پێشنیازێک بۆ سوودوەرگرتن لە ڕووباری "سیروان" بۆ گەشەپێدان بە شاری کەلار | ڕەحیم حەمید عەبدولکەریم | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٦٨ - ٧٠ |
| بیرۆکەی کردنەوەی قوتابخانەی وەلی دێوانەی سەرتایی شەوانە | محەمەد پیروەلی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٧١ - ٧٢ |
| دامەزراندنی (مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان) لەکەلار، وەک چوارەمین مۆزەخانەی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان | محەمەد عەلی کەریم | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٧٣ - ٧٧ |
| مێژووی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و کار و چالاکییەکانی | شکر محمد حیدر | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٧٨ - ٨٤ |
| دەکرا پێگەی کەلار لە ئێستا باشتربوایە | محەمەد عەلی وەلی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٨٥ - ٨٦ |
| دەروازەکانی هاتنەناوەوەی خەڵکی گوندنشینەکان بۆ شاری کەلار لە پرۆسەی ئەنفالدا | فەتاح تەنیا | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٨٧ - ٨٩ |
| شاری کەلار / ناوەندی گەرمیان .. لە گەڕەکێکەوە بۆ شارێک | ئیبراهیم کوێخا زەند | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٩٠ - ٩٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| !کەلار کەی دەبێتە شار ؟ | بێستون ژاڵەیی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٩٥ - ٩٨ |
| کەلار، وەک شاری ئاوەوکو چەقی بوژانەوە سەرەقەڵەم بۆ ماستەرپلانێکی فرەبوار | ڕەحمان خانی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ٩٩ - ١٠٣ |
| پەلاماری موجاهیدینی خەڵق لە ئازاری ١٩٩١ دا | رزگار حاجی حەمید | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٠٤ - ١١٣ |
| لە یادی بەقەزاکردنی کەلاردا | د. نزار کاکەم | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١١٤ - ١١٦ |
| کەشکۆڵی حەمەشاسواری پوقە لە گەرمیان ١٩٣٧ - ٢٠٠٤ | پ.ی. ئەحمەد باوەڕ | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١١٧ - ١٢٥ |
| لە بیرەوەرییەکانی شارەوە | سەعید سەلیم | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٢٦ - ١٢٧ |
| کەلار و کەلاری .. یا کەلار شاری ناو یادەوەریەکانمان | نمە ژاڵەیی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٢٨ - ١٣٢ |
| دۆخی ڕۆشنبیری گەرمیان لە حەفتاکان تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو | سۆراخ سالح هەلاج | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٣٣ - ١٤٢ |
| ( بەتایبەت کردن ) الخصخصە | ڕاڤیار ئەحمەد محەمەد | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٤٣ - ١٤٨ |
| مزگەوتی کەلار لە بەڵگەنامەیەکی ساڵی ١٩٤٧ دا | مستەفا سەعید | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٤٩ - ١٥٣ |
| چالاکییەکانی فێستیڤاڵی ٤٨هەمین ساڵیادی ڕۆژی کەلار | دلێر عەبدولڕەحمان | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٥٤ - ١٥٥ |
| کۆنوێ .. ئەلبومی یادەوەرێکانی شاری کەلار | دیار ڕەشید<br>نیعمەت مەلۆ | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٥٦ - ١٦٢ |

- لـەم ژمارەیـەدا پەڕەیەکـی سـەرەتای بڵاکراوەکـە تایبەتـە بەلیژنـەکانی ئامـادەکاری فیســتیڤاڵی ڕۆژی کــەلار.
- لیژنەی سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٣ ی شوباتی ٢٠١٩ : مستەفا سەعید عەلی ، ئەحمەد محەمەد قادر، ساڵح هەلاج .
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە : محەمەد زاری

# ژمارە ( ٤ )


| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| سەروتار | شەهاب حاجی ئەحمەد | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٧ – ٨ |
| خەسرەوی ڕوزبە و کوردەکانی ڕۆهەڵاتی کوردستان لە گەرمیان | پ.ی.ئەحمەد باوەڕ | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٩ - ٤٦ |
| جوگرافیای مێژوویی کەلار و دەوروپشتی بەپێی بەڵگە نوسراوە کۆنەکان | د. ڕافیدە عبدالله | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٤٧ - ٥٢ |
| دانیشتوانی شاری کەلار و ئیمارەتی گۆران | نیعمەت زەحمەتکێش | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٥٣ - ٥٨ |
| گەشتی دێیەک بۆ شار | م. برهان محمد فرج | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٥٩ - ٦٤ |
| فەرهەنگی شوانکارەیی بنزاری گەرمیان، خورجێکی لەهەزار لاوە دراو | بەمۆ ئیبراهیم سەمین | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٦٥ - ٧٤ |
| چەمکی سمارت سیتی و گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەک | ئەلی شێرخان - مانچستەر | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٧٥ - ٨٢ |
| دە ساڵ لە تەمەنی زانکۆی گەرمیان | پ.ی.د. دارا حەمید محەمەد | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٨٣ - ٩٢ |
| جێگۆڕکێ و ئەرکگۆڕکێ و فۆرمگۆڕکێی جێناوە لکاوەکان لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا ( بە کەرستەی شێوەزاری گەرمیان) | پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزو | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٩٣ - ١٠٦ |
| سیتی مارکی شاری کەلار وەکو پێویستییەکی هەنوکەیی | د. خالد پاڵانی | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٠٧ - ١١٢ |
| قولەکانی سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری | محەمەد کەریم عەلی | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١١٣- ١٢١ |
| پرۆژەی ئاودێری کەلار و چەند نهێنییەکی شارستانی کۆنی ناوچەکە | ساڵح هەلاج | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٢٣ - ١٢٦ |
| کەلار لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی عوسمانییدا لە ساڵی ١٥٢٨ز | سەباح عەلی جاف | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٢٧ - ١٣٠ |
| زمانی شیعریی شاعیرانی گەرمیان | کۆسار عومەر ئەحمەد | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٣١ - ١٣٦ |
| ڕۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، لە پێشخستنی کایە جیاوازەکانی ناوچەکەدا | سەردار نۆڕی | ٣ / ٢٠١٩ | ٤٩ | ١٣٧ - ١٤٦ |
| ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان و نوسەرانی کەلار، چۆن دروست بوو؟ | ئەحمەد محەمەد قادر | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٤٧ - ١٥٦ |
| هێنانی یەکەم بەدالە بۆ شاری کەلار لە ساڵی ١٩٥٣ | مستەفا سەعید عەلی | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٥٧ - ١٦٠ |
| گەشەی شارنشینی لە کەلار بەپێی تیۆری دانێل لێرنەر | مەجید ساڵح | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٦١ - ١٦٨ |


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کەلار شارێکی بێئەرشیفخانە | کاروان عوسمان خەیات | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٦٩ - ١٧٤ |
| (گەڕەکە حەمەی کەریم (سیروان | ( ڕێبین ) | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٧٥ - ١٨٢ |
| کاری ڕێکخراوەیی لە کەلار: بینێک لە ناوەوە | بێستون ژاڵەیی | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٨٣ - ١٩٠ |
| هۆکارەکانی تەڵاق و لێکجیابوونەوە | گۆران حسێن | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ١٩١ - ٢٠٠ |
| تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکانی | اسماعیل محمد قادر | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٠١ - ٢٠٦ |
| ئەو دەقەی سەنجی ڕاکێشام | کامەران گەردی | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٠٧ - ٢١٢ |
| کەلار، گرانترینی جیهان:- (خانوبەرە ) بە نمونە ... | مشیر عارف عەلی | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢١٣ - ٢١٨ |
| چۆن دکتۆر ( محمد سۆیرەکی)م ناسی؟ | د. شوان فرج سعید | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢١٩ - ٢٢٢ |
| کورتەیەک لەسەر مێژووی وەرزش لە کەلار | یاسین محەمەد ئەحمەد | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٢٣ - ٢٢٦ |
| هونەری لێبووردن | بەیان مەجید سەعید | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٢٧ - ٢٣٠ |
| قەرەچەکان بە کەلاردا گوزەریان کرد | فەتاح تەنیا | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٣١ - ٢٣٤ |
| ڕادیۆیەکی ئازاد بۆ خزمەتی ئازادی | ئازاد عوسمان | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٣٥ - ٢٣٦ |
| شوێنەوارەکانی سنوری قەزای کەلار | نەوزاد عبدأللطيف عبدالکریم | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٣٧ - ٢٤٦ |
| شارۆچکەی کەلار شاری وەفا و میهرەبانی | د. تارا عبدالله سعید | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٤٧ - ٢٤٨ |
| کەلار، هەناسەی تاسەی گەرمیان | موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٤٩ - ٢٥٤ |
| کەلار و ئەزمونی یەکەمین گۆڤاری پەروەردەیی لەسەر ئاستی کوردستان | ساڵح حسین میروویس | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٥٥ - ٢٥٦ |
| سەرژمێری دانیشتوان لە باشوری (کوردستاندا (قەزای کەلار بەنمونە | ڕزگار حاجی حەمید | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٥٧ - ٢٦٠ |
| ڕێکخراوی ژینگەپارێزیی گەرمیان | برایم زەریف | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٦١ - ٢٦٢ |
| چەردەیەک لە وێنە دەگمەن و پڕیادەوەرییەکانی کەلار | مستەفا سەعید ئەحمەد محەمەد | ٤ / ٢٠٢٠ | ٥٠ | ٢٦٣ - ٢٦٧ |

- لەم ژمارەیەدا پەڕەیەکی سەرەتای بڵاوکراوەکە تایبەتە بەلیژنەکانی ئامادەکاری فیستیڤاڵی ڕۆژی کەلار.
- سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٤ ی شوباتی ٢٠٢٠ :

مستەفا سەعید عەلی

ئەحمەد محەمەد قادر

- کاروباری هونەری : زاری

# ژمارە (٥)



| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەرە |
|---|---|---|---|---|
| سەروتار .. ڕۆژی کەلار بۆ؟ | شەهاب حاجی ئەحمەد | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٥ - ١٠ |
| ڕەزابەگی جاف و ڕۆڵی ڕەزابەگی جاف لە بواری ئەدەبیات و ڕووناکبیری کوردی دا ١٨٨٦ – ١٩٤٢ | پ.ی. ئەحمەد باوەڕ | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١١ - ٣٤ |
| نوکەقەڵەمێک لەسەر گوندی قولە سوتاو، کۆڕەوەکەی ١٩٧٤ و قەزا قورینە، ناوە ناشیرینەکەی جارانی کەلار | دادوەر/ حسێن محێدین تەهماس | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٣٥ - ٤٢ |
| شێروانە (ناوە دێرینەکەی کەلار) و دەوروبەری لە گەشتنامەکەی ڕیچ دا (١٨٢٠ز) | خالد محمود کەریم | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٤٣ - ٤٨ |
| توێژینەوەیەک لەسەر دوو گۆڕەکەی بەرلووت و پاشماوەکانیان | محەمەد عەلی شوێنەوار | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٤٩ - ٦٤ |
| ساڵێک لە تەمەن و بەرهەمی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان و نوسەرانی کەلار | پ.ی.د. دارا حەمید | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٦٥ - ٨٦ |
| ! لافاوەکەی کەلار و شوناسی سوپایەک | لوقمان خەیاڵی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٨٧ - ٨٨ |
| مێژووی ئاوەدان بوونەوەی ناوچەی پێباز و باوەنوور | نامدار محەمەد عەلی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٨٩ - ١٠٦ |
| کەلار: کۆنە شارە یان تازە شار؟ | حەسەن عەلی سەلیم | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١٠٧ - ١١٢ |
| کاری خۆبەخشی و خێرخوازی لە کەلار و چیرۆکی بونیادنانی نەخۆشخانەی قەڵا لە سەردەمی کۆرۆنادا | بێستون ژاڵەیی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١١٣ - ١٢٢ |
| لە قەڵای شێروانەوە تا حەمەی کەریم! کەلار_نوێبونەوە و سەرنجی تر | ڕەحمان خانی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١٢٣ - ١٢٦ |
| شار و مێژوو؛ شاری مێژوویی | بێستون عەبدولکەریم | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١٢٧ - ١٣٢ |
| (مەملەکەتی سەوزە ( گردەگۆزینە | ئەحمەد محەمەد قادر | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١٣٣ - ١٥٢ |
| فەرهەنگی هەولێری – کەلاری | مەلا جاسم کەلاری | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١٥٣ - ١٥٨ |
| گفتوگۆیەک لەگەڵ عوسمان محەممەد ڕەشید لە ٢٢ی ٤ی ٢٠١٨ | مستەفا سەعید عەلی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١٥٩ - ١٧٢ |
| ئەدەبیاتی شیعری لە نێوان هەورامان و گەرمیاندا لە سەدەی حەڤدەوە هەتا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم | کۆسار عومەر | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ١٧٣ - ٢٠٨ |





ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کەلارییەکان ئەزانن باس چی ئەکەم | نەبەرد فوئاد | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٠٩ – ٢١١ |
| مێژووی پەروەردە و خوێندن لە کەلاردا لە دیدارێکی مامۆستا حسێن کەلاریدا | سەباح عەلی جاف | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢١٣ – ٢٢٤ |
| قوتابخانەی کەلار و یادەوەری منداڵێکی لادێی .. | مشیر عارف عەلی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٢٥ – ٢٣٢ |
| پێگەی کەلار لە مێژووی کۆن و نوێدا بە کورتی | ساڵح هەلاج | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٣٣ – ٢٤٠ |
| دایرانی ڕۆشنبیری لە کەلاردا | پەوێز هوما | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٤١ – ٢٤٨ |
| نوسینگەی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ گەرمیان | عومەر عەبدولکەریم (تینو) | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٤٩ – ٢٥٤ |
| ژینگە – سروشت لە نێوان گرنگیپێدان و فەرامۆشکردندا، گەرمیان – کەلار بە نمونە | هونەر عومەر ئەحمەد | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٥٥ - ٢٥٩ |
| ( تیپی شانۆیی سیروان ) | کامەران عەبدولڕەحمان | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٦١ - ٢٧٢ |
| بایەخ و گرنگی پلاندانان بۆ شار | میقداد شاکەلی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٧٣ - ٢٧٨ |
| | کاروان عوسمان خەیات | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٧٩ - ٢٨٢ |
| کتێبخانەی گشتی شاری کەلار – دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیریی شانبەشانی گەشەسەندنی شاری کەلار لە پێشکەوتندا بووە | سوارە شاکەلی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٨٣ - ٢٨٦ |
| شانۆی منداڵان و تیپی شانۆی منداڵانی گەرمیان بە نمونە | محەمەد سابیر کەمەر | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٨٧ - ٢٩٨ |
| چەند خەسڵەتێکی سروشتی جوگرافیای قەزای کەلار | ئەحمەد تەها عەلی | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٢٩٩ - ٣٠٦ |
| کەلار پێویستی بە میدیایەکی پرۆفیشناڵ و سەربەخۆیە | سەردەشت محەمەد | ٥ / ٢٠٢١ | ٥١ | ٣٠٧ - ٣١٤ |

• سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٥ ی شوباتی ٢٠٢٠ :
مستەفا سەعید عەلی
ئەحمەد محەمەد قادر
• کاروباری هونەری : زاری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## ژمارە (٦)

| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | |
|---|---|---|---|---|
| سەروتار .. کەلار دوای ٥٢ ساڵ لە بەشاربوون | شەهاب حاجی ئەحمەد | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٥ - ٨ |
| قەزای کەلار.. ڕابردو و ئاینده | شێخ محەمەد شاکەلی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٩ - ٢٣ |
| خوێندنی باڵا لە کەلار | پ.ی.د. دارا حەمید محەمەد | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٢٥ — ٤١ |
| مەلا ئەحمەدی هۆرینی و چالاکی بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی ناوچەی شێروانە ١٩٠٠ — ١٩٧٠ | پ.ی. ئەحمەد باوەڕ | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٤٣ — ٧٢ |
| گۆڕانی زمان و دروستبوونی شێوەزاری گەرمیان | ئاریا یاسین عەبدوڵا | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٧٣ — ٩٠ |
| یادگەی پڕە لە یادەوەرییەکانی شارەکەم | خالد محمود کەریم | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٩١ — ٩٦ |
| ! لە لیواکە دابەزین هەیە ئەزموونی مامۆستایەک، کە یەکەم ( دامەزراندنی لەکەلار بووە ) | کامیل محەمەد قەرەداغی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٩٧ — ١٢٢ |
| کەلار وەک ئەوەی دێتەوە بیرم | شێخ ئەحمەد شاکەلی قەڵاتۆبزانی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ١٢٣ — ١٢٨ |
| سەرەتایەک لە بارەی دروستبوون و گەشەکردنی زانکۆی گەرمیان | د. یادگار عەلی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ١٢٩ — ١٤٤ |
| قوتابخانەی ئاینیی کەلار | جاسم کەلاری | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ١٤٥ — ١٥٥ |
| شاری کەلار وەکو قەزایەک ، وەک پایتەختی تیرەکانی هۆزی جاف | مامۆستا سەلام عەزیز | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ١٥٧ — ١٦١ |
| کۆشکی محمود پاشای جاف | محەمەد عەلی شوێنەوار | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ١٦٣ — ١٨١ |
| بەشێک لە کارە هونەرییەکانم ، لە گەرمیان | د.بەیان مانی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ١٨٣ — ٢٠٠ |
| کتێب، سەرچاوەی ژیانێکی شایستە | بەیان مەجید | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٢٠١ — ٢٠٦ |
| هەژدە ساڵ لە کەلار | یادگار فایەق | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٢٠٧ — ٢١٥ |
| پرۆسەی خوێندن لە کەلاردا | ڕزگار حاجی حەمید | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٢١٧ — ٢٣٥ |
| کەلار لە سێبەری شاردا | سامان بەهمەن | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٢٣٧ — ٢٥٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥ / ٣ / ١٩٩١ ڕۆژێکی خوێناوی لە مێژووی شاری کەلاردا | مستەفا سەعید | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٢٥٩ — ٢٦٨ |
| چەپێکیک وشەی گەرمیانی | ساڵەح هەلاج | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٢٦٩ — ٣٠١ |
| کەلار شاری ڕیز و پێکەوە ژیان | مەلا ئیدریس ژاڵەیی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٣٠٣ — ٣١٢ |
| بڕیارم دا بەرگری لە حکومەت بکەم چیرۆکی یەکەم شۆفێری تەکسی ناوشاری کەلار | هیدایەت محەمەد | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٣١٣ — ٣٢٤ |
| دەفتەری قیاسەکەی عوسمان خەیاتی بەرلووتی | کاروان عوسمان خەیات | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٣٢٥ — ٣٣٢ |
| کەلار : پایتەختی میهرەبانی | بێستون ژاڵەیی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٣٣٣ — ٣٣٦ |
| ... ئامادەیی پیشەیی کەلار و گوزەرێک | ئەحمەد محەمەد قادر | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٣٣٧ — ٣٨١ |
| یادی کەلار و چەند سەرەقەڵەمێک | مەلا تەحسین گەرمیانی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٣٨٣ — ٤٠٥ |
| تیپی شانۆی باوەنور مێژوویەکی لەبیرنەکراو، شانازییەک بۆ هەمیشە | نامدار محەمەد عەلی | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٤٠٧ — ٤٢٢ |
| حكايات محامي | حاكم برهان احمد | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٤٢٥ — ٤٣٤ |
| ذكرياتي مع سيارة الجيب الروسي | صادق احمد محمود | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | ٤٣٥ — ٤٤٤ |

- سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٦ ی شوباتی ٢٠٢٢ :

مستەفا سەعید عەلی

ئەحمەد محەمەد قادر

- کاروباری هونەری : زاری
- وێنەکانی ناوەوە و سەر بەرگ : کۆسار عومەر

# ژمارە (٧)

| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| سەروتار .. کەلار دوای ٥٢ ساڵ لە بەشاربوون | شەهاب حاجی ئەحمەد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٥ - ٨ |
| قەزای کەلار.. ڕابردو و ئایندە | پ.د. فەرهاد قادر کەریم<br>اکرم عباس خورشید | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٩ - ٤٢ |
| دەرکەوتنی یەکەمین تەکیە و خانەقاکان لە گەرمیاندا | پ.ی. خالد مەحمود کەریم | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤٣ - ٤٨ |
| چیرۆک و بەسەرهاتەکانی کەلار و دەوروبەری لە (ڕشتەی مرواری) عەلائەددین سەجادیدا | پ.د. دارا حەمید محەمەد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤٩ - ٦٤ |
| کەلار لە دیدی کۆچبەرێکەوە | پێگاە صیدی | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٦٥ - ٧٤ |
| کەلار قەزا قورینەکەی دوێنێ و ناوەندی کارگێری ئەمڕۆی گەرمیان | هۆمەر محەمەد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٧٥ - ١٤٤ |
| وێنەی هەستیی و ژیریی لە شیعری ( مینە جاف) دا | د. مەریوان حەمەکەریم ئەحمەد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ١٤٥ - ١٧٠ |
| ئایا کەلار شارە ؟ | میقداد شاکەلی | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ١٧١ - ١٨٤ |
| بایەخی پلانسازی بۆ گەشانەوەی کەلار | ئاریان ڕەئوف | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ١٨٥ - ١٩٠ |
| بایەخی پلانسازی بۆ گەشانەوەی کەلار | گۆران حسێن | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ١٩١ - ٢٥٤ |
| تاکەی قەزاکانی ( چەمچەماڵ ، کەلار ، کفری و خورماتوو) ناگەڕێنەوەی بۆ کەرکوک ؟ | ڕزگار حاجی حەمید | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٢٥٥ - ٢٦٤ |
| (یەکەمەکانی کەلار بەشی یەکەم | مستەفا سەعید عەلی | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٢٦٥ - ٣٢٦ |
| .فاکتەرەکانی دەوڵەتداری | ئەحمەد محەمەد قادر | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٣٢٧ - ٣٦٠ |
| کەلار لە سێبەری شاردا | سامان بەهمەن | ٦ / ٢٠٢٢ | ٥٢ | بووژانەوەی لادێ ( نشاة الريفية) |
| کەلار ... لانکەی شیعری هایکو | ملکۆ ئەحمەد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٣٦١ - ٣٨٨ |
| ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کەڵەکەوانی لە کەلاردا | هیدایەت ئەحمەد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٣٨٩ - ٤٠٦ |
| کەلار، لە یادەوەریمدا | دلێر کەریم | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤٠٧ - ٤١٦ |
| هەنگەوانی لە گەرمیاندا | د. مریوان موسى محمد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤١٧ - ٤٣٤ |



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مێژووی هەنگەوانی لە گەرمیان | صالح محمد امين | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤٣٥ - ٤٤٤ |
| پەرەسەندنە سیاسییەکان لە کەلار لە ساڵانی ( ١٩٥٨ – ١٩٦١) دا | سەباح عەلی جاف | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤٤٥ - ٤٨٢ |
| سابیر و فجیلە، چل ساڵ عیشق و دابڕان | مەلا ئیدریس ژاڵەیی | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤٨٣ - ٤٨٦ |
| خوێندنی کچان لە لادێوە تا دوا قۆناغی گەشەی شار لە کەلار | بەیان حەمە طاهر فقێ محمد | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٤٨٧ - ٥٠٠ |
| بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان | عبدالرحمن زەهاوی | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٥٠١ - ٥١٠ |
| ئەو "بیانوانەی" خەڵکی کەلار بۆ پێکەوەبوون بەکاری دەهێنن | ژیوار حسين علي | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٥١١ - ٥٣٤ |
| مێژوو و جوگرافیای گوندی تازەدێ | گۆران محەمەد سالەح | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٥٣٥ - ٥٧٠ |
| بیرەوەرییە وەرزشییەکانی ژیانم | کاوە احمد شريف | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٥٧١ - ٥٨٠ |
| من و کاری میدیایی | بڕیار جاف | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٥٨١ – ٥٨٨ |
| (هەر جارە و وێنەیەک ) جۆگەی گاوری | ئەحمەد محەمەد قادر | ٧ / ٢٠٢٣ | ٥٣ | ٥٨٩ |

• سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٧ ی شوباتی ٢٠٢٣ :
مستەفا سەعید عەلی
ئەحمەد محەمەد قادر
• کاروباری هونەری : زاری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ژمارە (٨)

| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| سەروتار... کەلار، شارێکی زیندوو و بەرەو گەشەکردنێکی خێرا | شەهاب حاجی ئەحمەد | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٥ - ٨ |
| کاریگەری بنەما جوگرافییەکان لەسەر پرسی جێندەر لە شاری کەلار | پ.د. ئیبراهیم قاسم پالانی<br>بەیان عەبدوڵڵا عەزیز | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٩ - ٤٣ |
| هەڵسەنگاندنی گەشەی منداڵان لە باخچەکان لە دیدی بەخێوەکەرانیانەوە — ناوەندی قەزای کەلار بەنمونە | د. کەریم ئەحمەد عەزیز | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤٥ - ٧٥ |
| ڕەگ و ریشەی مێژووی ناوی گەرمیان و دەروازە و رێگا بازرگانییەکانی | ڕێبوار سەرتیپ زەندی | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٧٧ - ٨٤ |
| ڕەنگدانەوەی پرسەکانی کۆمەڵگە لە ڕۆژنامەی (گەرمیانی ئەمرۆ) دا | پ.ی.د یادگار عەلی | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٨٥ - ١٢٧ |
| هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە رۆشنبیری و وەرزشییەکان بۆ چالاکییە خۆشگوزەرانیەکان لە شاری کەلاردا | پ.ی.د شێروان عومەر ڕەشید | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ١٢٩ - ١٥٦ |
| بەزۆر ڕاگواستنی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان و رۆڵیان لە گەشەی دانیشتوانی ناوەندی قەزای کەلار دا | ڕەحیم حەمید عەبدولکەریم | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ١٥٧ - ١٦٤ |
| بارودۆخی ڕۆشنبیری کەلار و گەرمیان ورۆڵی نوسەر و ئەدیبانی ناوچەکە لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا ( ١٩٢١ — ١٩٧٥) | ڕەحیم حەمید عەبدولکەریم | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ١٦٥ - ١٨٠ |
| پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان هاوڵاتییان هۆکاری سەرەکی گەشەکردن و بەرەوپێشچونە | سەباح عەلی جاف | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ١٨١ - ١٩٢ |
| کەلار چۆن بوو بە زێد و ماوای دووەمم | مەلا ئیدریس ژاڵەیی | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ١٩٣ - ٢٠٦ |
| کورتە بیرەوەری | ئەیوب کوێخا ڕۆستەم | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٠٧ - ٢١٠ |
| بۆ یادی ٥٤ ساڵەی بەقەزابوونی کەلار گوڵبژێرێک لە ڕووداو و یادەوەرییەکانی (١٥ ساڵ) ی ژیانم لە پایتەختی گەرمیان | خوسرەو جاف | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢١١ - ٢٢٤ |
| کەلارییات | حامد محەمەد عەلی | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٢٥ - ٢٣٠ |
| یادەوەرییەکی کورت لەسەر مزگەوتی کەلاری کۆن | تەها سلێمان | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٣١ — ٢٣٢ |
| گەشتی مناڵیم بۆ نیشمانی دایک | لالە فایەقی کەماڵەیی | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٣٣ - ٢٣٦ |
| یەکەم ناوەندی کەلار لە کەلاری کۆن ساڵە خوێندنی ١٩٧٠ - ١٩٧١ | بورهان محەمەد فەرەج | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٣٧ - ٢٣٩ |
| ئەزمونی پارێزەرایەتی دادوەر د. فەرهاد حاتەم و هەوڵەکانی لەپێناو پەرەپێدانی دەزگای داواکاری گشتی | دادوەر. بورهان ئەحمەد مەحمود | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٦٥ - ٢٧٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کاریگەرییەکانی تاوانی ئەنفال لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لە باشوری کوردستان | گوڵاڵەی گەرمیان | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٧٥ - ٢٨١ |
| ڕەهەندە یاساییەکانی تاوانی ئەنفال | د. ڕێبوار محەمەد صالح | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٨٤ - ٢٨٨ |
| سەنتەری جینۆسایدی زانکۆی گەرمیان و هەنگاونان بەرەو خزمەتێکی نەتەوەی و نیشتمانی بە پرسی تاوانی کۆمەڵکوژیی کورد | پ.د. ئومێد بەرزان برزو | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٨٩ - ٢٩٨ |
| گردی بانتەپە و ژیان لە قۆناغێکی مێژوویی لە چەقی کەلار | محەمەد عەلی شوێنەوار | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٩٩ - ٣١١ |
| هەنگاوەکانی کردنەوەی زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان | پ.ی.د. چیا محەمەد حەسەن | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٣١٣ - ٣٣٠ |
| کەلاری کۆن | کیسرا جاف | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٣٣١ - ٣٤٠ |
| ژاڵەی حاجی قادر؛ ئەو ئاواییەی حاجی قادری شاتری ناسنامەی بۆ دەرهێنا | بێستون ژاڵەیی | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٣٤١ - ٣٥٢ |
| یەکەمین فیستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیان لە ساڵی ١٩٩٨ | مامۆستا جەمال سەعید | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٣٥٣ - ٣٧٤ |
| باخداری لە گەرمیان؛ کێشە و ئاستەنگییەکانی | یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٧٥ - ٤٠٥ |
| کەلا، پایەتەختی ئابووری هەرێم | ڕێبوار ڕەئوف ساڵح | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤٠٧ - ٤١٢ |
| کەلار لەنێو گۆڕانکارییە کارگێڕییەکاندا | رزگار حاجی حەمید | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢١٣ - ٢١٨ |
| ڕووداوە ئەدەبییەکان شارێی پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی شار | کۆسار عومەر | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤١٩ - ٢٤٥ |
| دیدگایەک بۆ گەشەی کەلار لە (١٠) ساڵی داهاتوودا | سامان عەزیز | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤٢٧ - ٤٣٠ |
| کێشە تەندروستی ژینگەییەکانی گەرمیان .. کەلار بەنموونە | د. هیوا ڕەشید | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤٣١ - ٤٣٨ |
| دامەزراندنی نەخۆشخانەی ڤێتێرنەری و سەنتەری پاراستنی رووەک لە کەلار | ئەنوەر عەبدولعەزیز سەمین | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤٣٩ - ٤٤٢ |
| کەلار لە نیوسەدەی پڕ لە ( ڕووداو و ململانێ و گۆڕانکاری )دا | دلێر کەریم | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٢٤٣ - ٤٥٦ |
| کتێبی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شارۆچکەی رزگاری | سیروان سلێمان | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤٥٧ - ٤٦٤ |
| گوزەرێک بەنێو یادگارییەکانی شاری کەلاردا | دلێر عەبدولڕەحمان | ٨ / ٢٠٢٤ | ٥٤ | ٤٦٧ - ٤٧٤ |

کەلار) و کورتەیەک لە ژیانی قائیمقامەکانی کەلار لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ دانراوە.

• سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٨ ی شوباتی ٢٠٢٤: مستەفا سەعید عەلی ، ئەحمەد محەمەد قادر

• کاروباری هونەری : زاری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ژمارە ( ٩ )



| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| سەروتار | عارف عادل جاسم قائمقامی قەزای کەلار | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٥ - ٨ |
| بە براندکردنی شاری کەلار | میقداد شاکەلی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٩ - ١٩ |
| ڕەهەندەکانی ناونان لە بڵاوکراوەکانی کەلاردا- بڵاوکراوەکانی (١٩٦٣ – ٢٠٠٣) بەنمونە | پ.ی.د. دارا حەمید محەمەد | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢١ - ٣٥ |
| لە سەروبەندی یادکردنەوەکەدا. ئەنجومەنی شار | ابراهیم عەلی مراد | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٣٧ - ٤٥ |
| گەرمیان سەنگەری بەرگری! یان پرسگەی دۆزەخ ؟ | لوقمان خەیاڵی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٤٧ - ٥٨ |
| کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا لە گەرمیان | محەمەد کەمال وەلی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٥٩ - ٨٥ |
| هەڵمەتی ئەنفال و جینۆسایدی کورد | د. ئارمزو عادل جاسم | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٨٧ - ٩٩ |
| گۆڕستانی مێژوویی سەید خەلیل و دەوروبەرەکەی | محەمەد عەلی شوێنەوار | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١٠١ - ١١٥ |
| دروستبوونی ئەلۆوناتی و ڕیشەیلە هەناوی کوردی گۆڕانەوە | محەمەد گەرمیانی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١١٧ - ١٣٠ |
| پوختەیەک لە مێژووی دروستبوونی دادگا و فەرمانگەکانی داد لە کەلار | عەدنان مەلا ساڵح | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١٣١ – ١٤٧ |
| کاریگەری گەشەی دانیشتوان لەسەر فراوان بوونی ڕووبەری شاری کەلار لە نێوان ساڵانی ( ١٩٧٠ – ٢٠٢٠ ) | نامدار محەمەد عەلی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١٤٩ - ١٦٢ |
| ڕێکخستنی یاسای تایبەت بە تاوانەکانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان | پشتیوان حمید فرج | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١٦٣ - ١٦٨ |
| جووت و جوتیاری لە گەرمیاندا | عبدالله حسن قادر | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١٦٩ - ١٧٦ |
| وشەی سیروان و شێروانە یان شیروان لە ناو دەقە ئەدەبیە کوردییەکاندا | کاروان عوسمان خەیات | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١٧٧ - ١٩٤ |
| یەکەم خوێندنگە لە کەلار | سەباح عەلی جاف | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ١٩٥ - ٢٠٨ |
| پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە کەلار | بێستون ژاڵەیی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢٠٩ - ٢١٤ |
| دیلەکانی شەڕی (٨) ساڵەی عێراق - ئێران | ئەحمەد محەمەد قادر | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢١٥ - ٢٤٦ |
| کەلار، شارێک لە تەمەنی لاوێتیدا | سەردەشت محەمەد حسین | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢٤٧ - ٢٥٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کەلار، شارێک لە تەمەنی لاوێتیدا | فەتاح مەحمود ڕۆستم | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢٥٥ - ٢٨٢ |
| گوندی قەبری مەلا لە ناحیەی ڕزگاری لە قەزای کەلار | ( فەتاح تەنیا) | | گوندی قەبری مەلا لە ناحیەی ڕزگاری لە قەزای کەلار | ٢٥٥ - ٢٨٢ |
| گوندی زەماوەنگە | مشير عارف علی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٢٨٣ - ٣٠٨ |
| ڕۆڵی ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیانی بازنەی کۆتایی | ژیان علی محمود<br>پ.ی.د. کەریم ئەحمەد عەزیز | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٣٠٩ - ٣٣٨ |
| کەلار لە ساڵی ١٩٦٢ لە بیرەوەرییەکانی ڕەفیق پشدەریدا | زاگرۆس ئەحمەد | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٣٣٩ — ٣٤٦ |
| هەندێک تایبەتمەندیی شێوەزاری جافی | عومەر ئەحمەد عەزیز | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٣٤٧ — ٣٥٤ |
| پلاندانان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گشتەکانی گەرمیان | مەریوان عبدالله قادر | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٣٥٥ — ٣٦٦ |
| حیکایەتەکانی گرانیەکەی ساڵانی ( ١٩٩٠ — ١٩٩٦ ) | مستەفا سەعید عەلی | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٣٦٧ — ٣٩٣ |
| کێودۆستان | نیعمەت مەلۆ | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٣٩٥ — ٤١٤ |
| گرووپی میوزیکی سۆزی گەرمیان | بابان ئیبراهیم کەریم | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٤١٥ — ٤١٩ |
| کورتەیەکی مێژووی ئامادەییەکانی ( پەروەردەی کەلار) | دلێر کەریم | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٤٢١ — ٤٣٥ |
| بوژاندنەوەی ناوەندی گەرمیان کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک | سیروان سلێمان | ٩ / ٢٠٢٥ | ٥٥ | ٤٣٧ — ٤٤٥ |

• سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەی «یادی کەلار» ژمارەی ٩ ی شوباتی ٢٠٢٥ :
ئەحمەد محەمەد قادر
مستەفا سەعید عەلی
• کاروباری هونەری : زاری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ژمارە ( ١٠ )



| بابەت | ناوی نوسەر | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| | | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | |
| مێژووی قوتابخانەی مەحمود قەجەر | مستەفا سیعید عەلی | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٩ |
| بایۆگرافیای ئەدیبان و نووسەرانی گەرمیان | پ.د. دارا حەمید محەمەد | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٢٥ |
| بنەما ژینگەیی و سروشتییەکانی شاری کەلار | رزگار حاجی حەمید | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٤٩ |
| چەسپاندنی نامەرکەزی کارگێڕی خۆجێی فراوان لە هەرێمی کوردستان | د. ئیسماعیل نەجمەدین زەنگەنە | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٨٩ |
| لەنێوان دوو ئابلۆقەدا؛ بەشێك لە یاداشتەکانم لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو | پ.ی. خالد مەحمود کریم | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ١٠٥ |
| ناوچەی کفری و کەلار لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییدا | سەباح عەلی جاف | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ١٢١ |
| ڕۆڵی شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەمرۆی پەروەردە | هەژار نەجمەدین زەنگەنە | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ١٦١ |
| سبروان لە شیعری شاعیرانی کورددا | د. کاروان عوسمان خەیات | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ١٦٩ |
| چەند دۆزینەوەیەکی دیکەی چاخەکانی پێش مێژوو لە گەرمیان | محەمەد عەلی شوێنەوار | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ١٨٥ |
| ئاواز و ژەنین و چڕینە تایبەتەکان بە شینگێڕی لە نەتەوەی کورددا | محەمەد گەرمیانی | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ١٩١ |
| گەشتێك لە خۆشەویستی دوێنێدا | ئەحمەد محەمەد قادر | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٢٢٩ |
| پرۆسەی سێی ئەنفالی گەرمیان و دەرهاویشتەکانی لەسەر کەلار | سوارە حەسەن باجەڵان | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٢٤٣ |
| نەخۆشییە دەروونیەکان و نەخۆشی خەمۆکی بەنموونە | فەرەیدون ئیسماعیل زەنگەنە | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٢٦٥ |
| ڕووەکی سروشتی | سەلاح شاکەلی | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | ٢٧٣ |
| با هەمووان پێکەوە فریای شانۆی گەرمیان بکەوین | عومەر تینو | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | |
| بیبلۆگرافیای ژمارەکانی " یادی کەلار " | نەبەز خەمید عەلی | ١٠/ ٢٠٢٦ | ٥٦ | |
| | | | | |


ARAN

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# گۆشەی، هەرجارە و بابەتێک (2)






## یەکەم تەنکی ئاو لە کەلار

ئامادەکردنی: ئەحمەد محەمەد قادر

هێشتا کەلار تەمەنی سێ بۆ دووساڵی بە قەزابوونی خۆی تێپەڕاندبوو، واتە، ( ١٩٧٢-١٩٧٣)، ئێمە پۆلی یەک بۆ دووی سەرەتایی بووین، لە گردەگۆزینەوە بۆ خوێندن دەهاتین بۆ کەلار، یەکەم تەنکی کە ئاوی دەدایە ماڵانی نزیکی خۆی، ئەم تەنکییە بوو کە لەوێنەکەدا دیارە، ئەوکات نەک ئەم تەنکییە، بەڵکو شتەکان لە چاوی ئێمەی منداڵدا زۆر بەرزبوون و شوێنەکان زۆر دووربوون، ئەم تەنکییە دەکەوێتە بەری ئەم ماڵانەی ئەوکاتەوە: ئەمین حاجی، حاجی جەبار، قادر سایەق، شێخ ئەنوەر و حەمە سەعید) ڕۆحیان شادبێت، ماڵی هەریەکەیان بە نزیکی چەند مەترێک لێوەی دووربوون.

کاک عەبدوڵـڵای شـێخ ئەنـوەر لەدایـک بـووی ١٩٥٤، وتی: ئێمـە لـە شەسـتەکان هاتوینەتـە ئـەم گەڕەکـە( بنگـرد) چەنـد ماڵێکـی کـەم بوویـن، دەوروبـەری ٢٠ مـاڵ دەبوویـن ، حکومـەت بیرێکـی ئیرتیـوازی بـۆ لێدایـن، پەمـپ (ترۆمپا)یەکیـان لەسـەر دانابـوو، خەڵکـی گـەڕەک بـە دەسـت و پەمپلێـدان ئاویـان لێهەڵدەگـۆزی و قاپوقاچاغیـان لێپڕدەکـرد، درەنگانێـک ماتۆڕیـان لەسـەردانا و بـە مەولـدەی گاز کارەیـان پێدەکـرد، لـە سـاڵی ١٩٧٠ کـە بـە مەرسـومێکی کۆمـاری، کـەلار کرایـە قـەزا، ئـەم تەنکییەیـان بـۆ دانایـن و لێـوەی ئاویـان دەدایـە مـاڵانی دەوروبـەر، تەنانـەت مـاڵانی ئەوبـەری جادەیـش سـوودیان لێدەبینـی.

بـۆ زانیـاری زیاتـر و تۆمارکـردنی نـاوی ئـەو ماڵانـەی کـە ئـەم گەرەکەیـان ئاوەدانکردووەتـەوە تـا سـاڵانی ١٩٦٥ پەیوەندیـم بـە کاک جەمـاڵ محەمـەد عەزیـز ئەحمـەد، لەدایـک بـووی ١٩٥٧-گەڕەکـی بنگـرد، ڕیزبەنـدی نـاوەکانی پێـدام و وتی: مـن نـاوەکان وەک خۆیـان دەڵێـم، چونکـە نـاوی سـیانیان نازانـم، هەیانـە نازنـاوی هەیـە و هەیشـیانە بـە نـاوی دایکیانـەوە ئەناسرێنـەوە، هەروەهـا وتی: مـن مێردمنـاڵ بـووم بـە دیـاری مەقاولەکـەوە وەسـتابووم، کـە تەنکییەکـەی دادەبەسـت، پێـش سـاڵی حەفتـا بـوو، کابرایەکـی عـەرەب بـوو زۆر قەلەوبـوو نەیدەتـوانی بـە پێـوە بووەسـتێت بۆیـە لەسـەر کـورسی دانیشـتبوو و ڕێنمایـی کرێـکارەکانی دەکـرد، ئـەوکات ئێمـە و چەنـد ماڵێکـی دیکـە بیـری ئاومـان هەبـوو، بـە دەسـت و حەبـل و سـەتڵ ئاومـان لـێ هەڵدەگـۆزی، ئـەو بیرەشـمان تـا ئێسـتا مـاوە بانیـمان سـەبکردووە لـە کـۆڵانی قەسـاوەکان.

-محەمەد عەزیز

-عەبدوڵڵا تۆفیق

-شێخ تاهیر

-ئەحمەد ڕەحمان- گلاڵی

-عەلی هەلاج

-شاواز

-عزیز رۆستم

-شێخ ئەنوەر

-خەلیفە جەبار

-عەلی جەبار

-ئەمین حاجی

-ڕۆستم حاجی

-مەحموود فەتاح

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


-عەبدولکەریم سۆفی

-قادر سایەق

-حەمە سەعید

-قادر مزگەر

-حەمەی کاکل

-عەلی بارام (زاوای جەبار جواد-گردەگۆزینە)

-شێخ ئیسماعیل

-عەلی ئەمین(عەلی عەمک)

-حەمەی گوڵە(خاڵۆی ڕزگار قادر سایەق)

-حەمەی ئیساف

-حەمەی مامەلی...

بۆ هەمان مەبەست کاک کەماڵ قادر سایەق وتی: من لە قەرەبڵاغی حەمەی براحەمە لەدایک بووم، پێش شەستەکان ماڵی عەزیز خەسرەو(ماڵی دادام- دادە گوڵە- دایکی دایکم )هاتونەتە ئەم حەوشەی ئێمە ئەوکات زۆر گەورەبوو، ئێمەیش لە سەرەتای شەستکان هاتووین و لە گۆشەیەکی هەمان حەوش خانوومان لێداوە، لەبیرمە کاک ڕەشید لەسەر بیرەکەبوو(موشەغل بوو) هەروەها لە بیرمە ماتۆڕێکی گازی دووپستمان بۆ بیرەکە دانابوو، من دەمخستەئیش، هالەبیرم وەک زکریان: ڕۆژێک میم نەعیمەی ژن ئەمین حاجی کراسەکەی بووە تۆی گاردنی مەکینەکەوە عەزیەتیدا،

مامۆستا مستەفا سەعید لە زاری هاوولاتی: ڕەشید ئەحمەد محەمەد، لە دایک بووی ١٩٥٠ لە بڵاوکراوەی ژمارە(٥٣:٢٩٩) کەلارەوە نوسیویەتی، کە لە ساڵی ١٩٧٣ فەرمانی دامەزراندنی بۆ کارکردن لەسەر ئەم مەکینەیە بۆ دەرچووە، ناوبراو دەگێڕێتەوە، کە ڕۆژێک لە کاتی ئاوهەڵکێشاندا پەمپی ئاوهەڵکێش بە دەستی( ڕەعنا محەمەد سەی حسێن) دوە، دەکەوێتە بیرەکەوە، ئیتر بەو هۆیەوە بیرەکە لەکاردەکەوێت، تا لە ساڵی ١٩٧٣ چاکدەکرێتەوە و ئەنجا بە ماتۆری گاز کارپێدەکرێت.

ئەم تەنکییە تا ئێستایش بە پێوە ماوە، ئەو هەربالای ئەوکاتەی هەیە، کە بەرزترین پرۆژەی خزمەتگوزاری گەڕەک بوو، لە ئێستادا لە پشتی ڕیزە دوکانێکی یەک نهۆمییەوە بەدیار ناکەوێت، بەرزیی گشتی ئەم تەنکییە نزیکەی حەوت مەترونیووە، بەنزیکی دوومەتر و نیو بەرزی و هێندەیش پانیی تەنکییەکەیە، بە دووری نزیکەی ١٠٠مەتر کەمتر دەکەوێتە باشووری تەلاری خوالێخۆشبوو شێخ جەعفەرەوە.